# کوردبوون و ناسیۆنالیزم

خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی بوونی نەتەوەیی کورد،
لە نێوان فەلسەفە و سۆسیۆپۆلەتیکدا
د. عرفان مستەفا

هەڵۆ بەرزنجەیی

٢٠٢١

# کوردبوون و ناسیۆنالیزم

## خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی بوونی نەتەوەیی کورد،
## لە نێوان فەلسەفە و سۆسیۆپۆلەتیکدا- د. عرفان مستەفا


نووسەر: هەڵۆ بەرزنجەیی

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

بەرگ: ئارام عەلی

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم: ۲۰۲۱

تیراژ: ٥۰۰ دانە

نرخ: ٦۰۰۰ دینار

چاپ: چاپخانەی تاران


---


**ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی کاک**

**«ئومێد عەباس» لەچاپ دراوە**


---




# کوردبوون و ناسیۆنالیزم

## خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی بوونی نەتەوەیی کورد، لە نێوان فەلسەفە و سۆسیۆپۆلەتیکدا
## د. عرفان مستەفا

هەڵۆ بەرزنجەیی

٢٠٢١

## دوو وشەی پێویست

ئەم بەرهەمە پێش چوار ساڵ ئامادەکراوە، بەداخەوە دەرفەتی چاوهەڵهێنانیی زۆر دواکەوت. وا ئێستا بە هیمەت و مەردایەتی برای بەڕێز کاک «ئومێد عەباس» لە ناخی دڵەوە سوپاسی دەکەم هەلێکی بۆ ڕەخسا، بکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

دوای چاوخشانەوەیەکی خێرا بە بەرهەمەکەدا، بڕیارم دا، بێ دەستکاری و گۆڕانکاریی وەک خۆی ڕەوانەی چاپخانەی بکەم. بەهیوام توانیبێتم خزمەتێکی بچووک بە کتێبخانەی کوردی بکەم.

**هەڵۆ بەرزنجەیی/ بەرلین**

**سەرەتای ساڵی ٢٧٢١ کوردی ٢٠٢١زاینی.**

# پێڕست


پێشەکییەکی خەست وخۆڵ.......................................................................٧

**بەشی یەکەم:** بیرۆکەی نەتەوە لە نێوان عەقڵ و واقیعدا..................................٤١

**بەشی دووەم:** تیورەکانی پەیدابوونی نەتەوە........................................................٧٧

**بەشی سێیەم:** تیۆرەکانی نەتەوەخوازی و دروستکردنی نەتەوی...................١٥٩

**بەشی چوارەم:** تیۆرەکانی نەتەوەخوازی و وێناکردنی کورد............................١٨٧

**بەشی پێنجەم:** بوونی نەتەوەیی کورد لە نێوان کوردبوون و نەتەوەخوازیدا........٢٢١

**پاشکۆ:** هەڤپەیڤینێکی کراوە لەتەک د. عرفان مستەفادا.......................................٣٣٣

# پێشەکی پێویست

دوای دەیـان سـاڵ و سـەدە، هەتـا ئێسـتا لە ناوەنـدەکانی ڕۆشنبیریی و ئەکادیمی ناوچەیی و جیهانی دا، مشتومڕ لەسەر **چەمکی نەتەوە** نەبڕاوەتەوە و بە دوا قۆناخ و فۆڕمی چەسپاوی خـۆی نەگەشـتووە. لە ڕاسـتی دا هەر سـێ چەمکـی (**نەتەوە، نەتەوەخـوازی و دەوڵەت**) بە هەمـوو پەراوێزەکانیـانەوە مشـتومڕی زۆریـان لەسـەرە و کـاری فـرە ڕەهەنـدیان لەسـەر ئەنجـام دراوە. بەتـایبەت نەتەوە چیـیە؟ و بە کـێ دەووترێـت نەتەوە؟ و نەتەوە لە چی پێکهاتووە؟، داخۆ نەتەوە گەرەکە کامە بنەمـا و خەسـڵەتی هەبێت؟. لەکاتێکدا چەنـدین پێناسـە و ڕاڤەی جۆراوجـۆر بـۆ نەتەوە کـراوە وەک: کۆمەڵگـایەکی خـوازراو، کۆمەڵگایەکی ڕامانکراو، کۆمەڵگایەکی هەرەوەزیی، کۆمەڵگەیەکی تێکەڵـی مێژوویـی و کـۆمەڵەیەکی بنەڕەتـی پەیوەسـتدار و بیروبۆچـوونی دەسـتەوتاقمێکی مێژوویـی کـۆی تێگەیشـتنی کومەڵگـا و خوڵقـاو و ئافەریـدەیەکی خـودایی، دەرکەوتەیەکـی مـۆدێرنە، لە ڕێگـای بیرەوەیـی و لەبیرچـونەوە دروسـت دەبێت، بەهۆی بڕیاری ویست/ ئیرادەوە دروست دەبێت... تادوایی.

ئەم کێشـەیە هەر بەوەوە نەوەسـتاوە و پرسـێکی ئـاڵۆزی تریشـی بەدوای خۆیـدا هێنـاوەتە ئـاراوە. زۆرجـاران نەتەوە بەمانـای گەل و دەوڵەتـیش بەکـار هـاتووە و گەلێـک پێیـان وایە هەر گرووپێک لە چوارچێوەی سنوورێکی سیاسی(دەوڵەت) بێت، ئەوە نەتەوەیە. لە کاتێکدا بـۆ نمـوونە لە سـەرەتاییترین ئامـاردا، دیـارخراوە، دەوڵەتـی بەریتانیـا زیـاتر لە ١٠ ملیـۆن کەسـی نەتەوەی تـری وەک سـکۆتی و وێڵـزی و ئیرلەنـدی تێـدایە کە

ڕێژەی % ١٧ ئەو دەوڵەتە پێک دێنن. یاخود ئیسپانیا نزیکەی ١٣ ملیۆنی ئیسپانی نین بەڵکو کاتالانینی و باسکی و گالیزی و تادوایی، کە ١٩% دانیشتوانەکە پێک دێنن. تورکیا زۆر زیاتر لە ١٨ ملیۆن لە نەتەوەکانی تری تێدایە، کە دەکاتە % ٣٠، دانیشتوانەکەی کە کورد و ئەرمەنی لاز و چەرکەسن. لیتوانیا نزیکەی یەک ملیۆن و نیو خەڵکی تری تێدایە، کە دەکاتە ٤٨% دانیشتوانەکە. کەواتە سنووری سیاسی فەرمی ئاماژە و بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی، ئەو کۆمەڵگایەی دەکەوێتە دامێنی سنوورەکەیەوە، بە یەک نەتەوە ناوزەد بکرێ. بۆیە ناتوانین باسی نەتەوەی بەریتانی وەک ئەوەی لە سنووری دەوڵەتی بەریتانیایە بکەین. یاخود ئیسپانی ..هتد.

لە ئەوروپا ٣٣ دەوڵەت هەیە، ٦ یان بچووک و ٨ یان ئیتنۆنەتەوەیی، هەمئاهەنگHomogen.

ئەڵمانیا، دانیمارک، ئایسلاند، کۆماری ئیرلەندە، پورتوگال. لە ئاسیا ٤١ دەوڵەت هەیە، ٦ یان وەک قەتەر و عومان و هەردوو یەمەن و هەردوو کۆریا و یابان، هەمئاهەنگن. لە ئەفریکا، ٤ لە ٥٥ هەماهەنگن و لە باکووری ئەمەریکا دەوڵەتی نەتەوەیی نییە. ئەمەریکا و کەنەدا بە وڵاتی کۆچبەران هەژمارد دەکرێن. لە باشووری ئەمەریکاش لە ١٤ دەوڵەت ٢ کۆلۆنی و تەنها ٢ یان وەک ئۆرۆگوا و فالکلاند، مۆنۆناسیونالیستن. دەنا وەکی تر هەموو دەوڵەتی فرەگەلانن. هاوکات دەکرێ بڵێین دەوڵەتی ئەردەن هەیە، بەڵام نەتەوەی ئەردەن نییە، بەڵکو نەتەوەی عەرەب هەیە.

لە هەموو ئەمانەش ئاڵۆزتر و پێکەڵپێک کراو، ئەوەیە داخۆ **ناسیۆنالیزم**، نەتەوە دروست دەکات؟، یانژی بۆخۆی لە هەناوی

پرۆسەیەکدا سەرهەڵدەدات؟. یاخود نەتەوە بوویەکی سروشتییە و بەرهەمی پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەکانە و بــوونێکی ئەقڵــی هەیە و بە پرۆســـەیەکی سروشـــتی خـــۆی بەرجەستە دەکات؟ بەم شێوەیە پێناسەیەکی گردەبڕی هاوکۆیی بۆ چەمکی نەتەوە، هەتا هەنووکە دید و بۆچوونی هەمە جۆری لەسەرە.

هەمـــان کـــات خـــوێنەر ڕووبەڕووی چەنـــدان چەمـــک و دەستەواژەی تری وەک: **دەوڵەت نەتەوە،، کە لەسـەر بنچینەی ویستی هـاوڵاتی هەڵسـاوە،** وەک ئەو دوو نموونەیەی هەردوو دەوڵەتـی ئینگلیـز و فەرەنسـای لەسـەر دروسـت بـووە، بەوە ناسراون کە نەتەوەکەیان لە ڕێگای شۆڕشـەوە لەناو دەوڵەتدا، سـاڵی ١٦٨٨ لە ئینگلیزسـتان و ١٧٨٩ لە فەرەنسـا، توانیویـانە نەتەوە دروست بکەن، بە پرۆسـەیەکی شـۆڕش لە خوارەوە بۆ ســـــەرەوە. یـــــاخود **نەتەوە دەوڵەت** و **نەتەوە کولتـــــور،** نەتەوەکولتـوور، بیروبۆچـونێکی نەتەوەیـی بەردەوامە، پێناسـەی زمـان و ژیـنگەی کولتووری(زمـان و دابونەریـت) ی گەلێـک دەکات.کەواتە نەتەوە بەهۆی مێژووەوە وەک یەک یەکەی زمانی و کولتووریی و دابونەریت پارێزراوە. ڕێگە نادات بە سنووریی ناوچەیی پێناسەی بکەن، بەڵکو خۆی گریێ دەدات بەنموونە: بە شـــوێنەواریی نەتەوەیـــی، پـــاڵەوانی نەتەوەیـــی و ســـروودی نەتەوەیی و بە نمایشتێکی نەتەوەیی خۆی دەناسێنێ و بە گشتی بەهـۆی یەکێتییەکـی زمـانیی لە ڕێگـای ئەدەبەوە سـاز دەکرێت. وەک هەردوو دەوڵەتـی ئیتالیـا و ئەڵمانیـای لەسـەر هەڵسـاوە و بەوە دەناسرێ کەوا شۆڕشیان لەسەرەوە بۆ خوارەوە کردووە، واتە چینی و دەستە و تاقمە ڕابەرەکان بە شۆڕش هەڵساون.

تـايپێکی تـر، نەتەوەی ناسـراو بە **نەتەوەویسـت**، گـوایە نەتەوەی سـویسرا !، دەبێتە نمـوونەی ئەم جـۆرە لە نەتەوە و ئەو گەلانەی تێیـدایە بە شـێوەیەکی سـەرەکی ئەڵمـان و فەرەنسـی و ئیتـالی بە ویستی خۆیان نەتەوەیەکیان دروست کردووە، بەناوی نەتەوەی سویسـرا. هەردوو دەوڵەتـی ئەمەریکـا و کەنەداش کە بـوونەتە وڵاتـــی کـــۆچبەران گـــوایە نەتەوەی ئەمەریکـــی و کەنەدییـــان خوڵقاندووە! و دەبنە نموونەیەکی بەرچاوی ئەم بۆچوونە. دیارە بە لێکدانەوەی ئەوروپاییەکان، لەدوای شۆڕشی فەرەنسییەوە، تـا ئەمڕۆ تا بێت مانا و ناوەڕۆک و شێوە و فۆڕمی بەشـێکی زۆری ئەم چەمکانە بەرەو شێوەگیربوون و بەرجەستەبوون دەچن.

لە باســـگەلێکی تریشـــدا، نەتەوە و دەوڵەت یەک مانـــا و ئاماژەیـان وەرگرتـووە و بـوونەتە دوو دیـوی یەک مەدالیـا. واتە هەر نەتەوەیەک دەوڵەتی نەبوو، وا بە  نەتەوە هەژمـار ناکرێت. ئایـا دەوڵەت نەتەوە دروسـت دەکـات، یـاخود بە پـێچەوانەوە؟. هەڵبەت چەندین چەمک و زاراوەی تری وەک نەتەوەی بندەست و، دابەشـکراو و داگیرکـراو و هەڕەشـە لەسـەر و نکـۆڵی لێکـراو تەنانەت ناشکەونە ناو  پەڕاوێزی لێکۆڵینەوەی بەنـاو زانسـتی و ئەکادیمیی تیۆریستەکانەوە، هەر لەبەرئەوەی خاوەن تیۆرییەکـان بە بـڕەگە و سـەرنجێکیش ئاماژەیـان پێـنەداون. بەڕاسـت ئەم نەفرەتە رەزاقورس و گرانە چییە لە نەتەوە کراوە؟!. بێ ئەوەی نەتەوە ئاگـای لە خـۆی بێـت، سـەری بـڕاوە و پێسـتەکەی کەوڵ کـــراوە و کـــراوەتە قوربـــانی فەنتازیـــا و ئەندێشـــەی زانـــا و بیرمەندێ، یاخود پلیشاوەی  ژێر پێچکەی تیۆرییەک، لە کاتێکدا کە هەردوو بوار و کارەکە، لە کۆنتێکسی هەوڵ و تاقیکردنەوە و

گریمانەیەک بەولاوە هیچی تر نین و ناکرێ بکرێنە دەستوور و قاڵب و بسەپێندرێن بەسەر تەواوی نەتەوەکان دا.

لەم بەرهەمەدا باسوخواستی **نەتەوە** لەبەر ڕۆشنایی تیۆرییەکی عەقڵی دا پێناسە کراوە. **مۆدێرنیزمە** و ئامرازە تایبەتییەکەی خۆی، **ناسیۆنالیزم**، ـ ناسیۆنالیزمی مۆدێرنەی کۆمەڵگای پیشەسازی ـ بە وردی شیکراونەتەوە و فۆکۆس خراوەتە سەر ئامانجە شاراوەکانی ئەم ڕوانگەیە و لە ڕاستی دا قورسایی کتێبەکە پێک دێنێت. بە واتایەکی تر مۆدێرنیزمە چییە و مەرامەکانی لە هەناویدا هەڵی گرتووە کامانەن؟! ئەوانەی پێش پەردە و پاش پەردە کێن و چین؟ ناسیۆنالیزم وەک ئامرازێکی ترسناکی مۆدێرنە، چییە و چۆن کاردەکات و خراوەتە گەڕ؟.

K.Deutsch، وەک یەکێ لە بیرمەندانی ئەم بوارە، پێی وایە مۆدێرنە هەلومەرجی ڕامانکردنی نەتەوەی خەملاندووە.هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا، کە لەسەدەکانی کۆن و ناوەڕاست و نوێش دا، گەلێ نموونەی وابەستەبوون بە نیشتمان و خۆشەویستی و هەستی پێوەنداریتی دەبینرێت، لەتەک ئەم هەموو ڕاستییانەش دا، مەحاڵە بتوانرێت لەم قۆناغانەدا باس لە ناسیونالیزم بکرێ، بەڵکو لەسەدەی ١٨ بەدواوە، هاوشانی سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی دەکرێ بڵێن ناسیۆنالیزم پەیدا بووە.

لەمەش گرنگتر و سەنگینتر، پێگە و بەها و ڕۆڵی **کوردبوون** چییە و چۆنە؟ لەم میانە و پانتاییەدا و شرۆڤەکردنی ئەو یاسا و ڕێسا و میکانیزمەیە، کە کوردبوونی لەسەر هەڵساوە و کاری پێ دەکات و پێی گەیشتووە. دیسانەوە ئەم بەرهەمە تاقانەیە، هەر بەراوردکردنێکی سەرپێی بنەماکانی کوردبوون و پرنسیپەکانی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنە نییە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی

به دیقەتـی ئەم دیـاردانەیە و هەڵســەنگاندنێکی لۆژیکانەیـانە لە زەمینەیەکـی کـۆمەڵایەتی و کولتـووریی و مێژوویـی و ئەقڵـی و سیاسـی دا. دواتـر لەم کـلاورۆژنەیەوە خوێنـدنەوە و شـرۆڤە و ئاکـامگیرییەک بـۆ ڕۆڵـی بـزووتنەوە کوردییەکـان و پـێگەی کوردبـوون کراوە و بە کـۆمەڵێ تێـز و بۆچـوونی نـوێ، کـایەی ئەم باس و خواستانە دەورووژێندرێت.

لێـرەدا نەبـا تێکەڵیـیەک سـەرهەڵبدات، دەبێـت ئامـاژەیەکیش بـدەین بە ناسـیۆنالیزم، لەدەرەوەی تێـڕوانینە مـۆدێرنیزمەکەوە. لەڕاسـتیدا ئەم چەمـکە ئـالۆز و گرێیـاوییە و لە شـوێن و کـاتی جیـاوازدا، مانـاگەلی جیـاواز وەردەگـرێ. هەروەهـا، چـۆنییەتی بەکارهێنان و ئامانجی لەبەرچـاوگیراویش وا دەکەن، لێکدانەوەی جۆراوجـۆر بـۆ ناسـیۆنالیزم بێـتە کـایەوە. دیـارە مشـتومڕی زۆریـش لەسـەر ئەم دیـاردەیە، لەنێـو هەمـان کـایەی مێـژوو و کـۆمەڵایەتی و ئەکـادیمی و زانسـتی دا هەیە. دەکـرێ دان بەو ڕاسـتییەدا بنـرێ، کە تـاوەکو هەنـووکە، تێـز و دەقێکـی کـورت و پـوختە نیـیە، پێناسـەی ناسـیۆنالیزم بـدات بەدەسـتەوە. هۆکارەکـانیش لەم ڕووەوە گەلـێ زۆرن، بەتـایبەت کـاتێ ناسیۆنالیزم سـەر بە مێژوو و کۆمەڵایەتی مـرۆڤ و بزاوت و چـالاکییە نەتەوەکـانە. پێبەپێـی هەڵکشـانی مـرۆڤ و بـزاوت و چـالاکی نەتەوەش لە گەشـەکردن و بەرەوپێشـچوون دا، گۆڕانکـاری بەسـەر ویسـت و ئاواتەکـانی دێـت و بـۆ ڕووبەڕووبـوونەی ژیـان و سروشـت پێویسـتە، خـۆی ئامـادە و تەیـار و گونجـاو بکـات. ئیـدی ئەم **پرۆسـەی پەلەی ژیـانە**، وا دەخـوازێ مـرۆڤ و نەتەوەکـان لە واقیـع و هەڵـکەوتە

مێژوویەکەیانــدا، بمێنــنەوە و ئەو دەســتوورە ســاز بــدەن، کە خۆشگوزەرانی و ئایندەیەکی ئاسۆ ڕوون چاوەڕوانی لێ دەکات. Christian Jansen & Henning Borggräfe، لە کتێبەکەیان دا، ناسیۆنالیزم دابەش دەکەن بۆ سێ دیاردە:

**١. ناسیۆنالیزم، وەک ئایدیایەکی سیاسی تێکەڵ لە هەست و سیمبۆل.**

لێرەشدا ٣ ئاستی جیاواز دیاری دەکەن:

**ـ ئاسـتی ئایـدۆلۆژی**: کـێ هەر یەک لە نەتەوەکـان پێناســە دەکات؟چ جۆرە بنەمـایەکی Inklusions- und Exkluusion دەبێــت. واتە کـــێ و لەســـەر چ بنچیــنەیەک ئەو کەس و لایەنە وەردەگیـرێ و کـێش دوور دەخـرێتەوە؟ گەرەکە نەتەوە ئێتنیکـی بێت یاخود هەمئاهەنگێکی ڕەگەزی بێت؟ داخۆ دەبێت ئەندامانی نەتەوە چ سـیفەتێکیان هەبێـت و کـامە ئەرک و پەیامێـک بەتێکـڕا دەکەوێتە سەرشانیان لەهەمبەر نەتەوە؟.

**ـ ئاســتی ســیمبۆلی**: نــاوی نەتەوە، گێــڕانەوە و حیکــایەتە ئەفســانەییەکان، دەربــارەی مێــژووی خۆیــان و زانینــی خۆیــان بەتـــایبەتی ئەفســـانە بنەڕەتییەکـــان، گـــۆرانی و ســـروودەکان، نیشـانەکانی دەرەوەی جەسـتە(تایبەتمەندییەکان)، هەتـا جلوبەرگ و پۆشــاک، دابونەریــت، هەروەهــا پــاش دامەزرانــدنی دەوڵەتــی نەتەوەیی:

**ـ لەسـەر ئاسـتی نیشـانەکانی پێناسـەی دەوڵەتی**: وەک ئاڵا، ســروودی نەتەوەیــی، دراو و یونیفــۆرم / جلــوبەرگی فەرمــی، پایتەختەکـــان، جەژنە نەتەوەییەکـــان، دیکـــۆمێنتی نەتەوەیـــی، هەڵبـــژاردە نەتەوەییەکـــانی وەک وەزش و هـــونەر، هەروەهـــا خۆناساندن و خۆنمایشتکردن لە ڕووی کولتوورییەوە و ناونان

لە پێشانگا هونەرییەکان و لە شوێنەوارە مێژووییەکان لەلایەن دەوڵەتی نەتەوەییەوە پشتیوانیان لێ دەکرێ و کارە کولتوورییە نایابەکان، لە ستایشی نەتەوەیی بۆ نووسەران و هونەرمەندان و زانستکاران.

**٢. ناسیۆنالیزم، وەک بزاڤێکی سیاسی.**

لەسەر بنەمایەکی کولتووریی دەست پێ دەکات و پشت بە ڕووداوە مێژووییەکان و کولتوور و زمان و فۆلکلۆر و دابونەریتی تایبەتی میللەتێک دەبەستێ. سەرەتا کار بۆ کۆکردنەوەی چیرۆک و حیکایەتەکان، گۆرانی و ترادیسیۆن و شوێنەوارەکانی نیشتمان دەکات. بەکورتی ئەوەی لە مێژووەوە ماوە و دەگێڕنەوە. ئەمەش لەڕێگەی لێکچەر و نووسین و کتێبە میللی و بڵاوکراوە میللییەکانەوە، لە ڕێگەی مۆزەخانە و قوتابخانە و زانکۆکانەوە، کە دەستە ناسیۆنالیستەکان تێیدا گەشە دەکەن. کار دەکەن بۆ زمانی نەتەوەیی لە ڕێگای فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدی و نمایشتی شانۆ و خوێندن و نووسین ناسیۆنالە ڕۆشنبیرەکان ئەم دیاردەیە لای خەڵک بەرجەستە دەکەن.

Miroslav Hroch، ناسیۆنالیزم لەئەوروپای رۆژهەڵاتدا، وەک قۆناغێکی وریابوونەوەی "نەتەوە بچووکەکان" بەسەر ٣ قۆناغدا دابەش دەکات:

١. قۆناغی ئارەزووی فێربوون و پێش خۆشەویستی هەندێک لە تاکەتاکەی کەسەکان بۆ نەتەوە، شتێک بەمانای تینیۆتی بۆ ڕۆشنگەریی و زانین و زانیاری نوێ. ئەمەش دەکاتە:

ســـەردەمی گەشەســـەندنی ئەدەبـــی و کولتـــووریی بیـــرۆکەی نەتەوەیی.

٢ ـ لەم قۆنـاغەدا بەگشـتی کـار بـۆ هەڵسـانی کەمینەیەکـی هۆشـــیار بـــۆ بڵاوکـــردنەوەی هۆشـــیاریی نەتەوەیـــی. واتە: وروژانـــــدنی سیســـــتەماتیکی لەلایەن ناسیۆنالیســــتەکانەوە، بەئامانجی ئەوەی بزاڤێکی جەماوەریی هۆشیار بکەنەوە.

٣ ـ ئەمانە دەستنیشـان دەکرێن لە ڕێگای دەرکەوتنی بزاڤی نەتەوەیـی جەمـاوەرییەوە. واتە ئاکـامی سـەرکەوتووانەی خـاڵی پێشتر.

نـاوبراو ئامـاژەیەکی گرنـگ دەدات، بە ٣ خـاڵی تر، کە بنەمـای بەشـدارییەکی چالاکـانەی ئەم بـزاڤە نەتەوەیـیەن: پێوەنـدارێتی / ئینتیمای کۆمەڵایەتی. بنەچە و ئەسڵی جڤاتی و ڕێگای خوێندن و فێربـوون. کـاریگەرێتی دەورووبەر/ شـوێنی کـارکردن زێـدی لەدایک بوون.

**٣. ناسیۆنالیزم، وەک دیاردەیەکی مۆدێرنیزم.**

Karl.Deutsch هەمـوو ئەو مەرجـانە دەخـاتە ڕوو کە بـۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنە هەیە. ئەو پێی وایە مـۆدێرنە زەمینەســـازکەری کۆمۆنیکاســـیۆنە، وەک مەرجێکـــی ســـەرەکی بیـرۆکەی نەتەوە، وەک کۆمەڵگـایەکی ڕامـانکراو ببینـی. دیـارە بە بـێ چـاپەمەنی و کتێـب و ڕۆژنـامە و بڵاوکـراوەی ئەدەبـی، ئەم دیـــاردەیە مەحـــاڵ بـــوو ســـەرهەڵ بـــدات.بێگومان کاپیتـــالیزمی ســـەرەتاکان، لانکـــی ئەم ناســـیۆنالیزمەیە و مەرجـــی گرنگـــی ئەم هاوکێشـــــەیەیە. پێکهێنـــــانی زمـــــانێکی یەکگرتـــــوو، لەلایەن ناسیۆنالیستەکانەوە، بۆ ئەو کۆمەڵگا/گەلەی ناونیان نا **نەتەوە**.

نەهێشتنی نەخوێندەواریی لە کۆمەڵگادا، بەشدارییەکی چالاک بـــوو بـــۆ فێربـــوونی زمـــانی یەکگرتـــوو و ڕێزمـــانەکەی و ئاسانکارییەکیش بوو بۆ بازدان بەسەر کۆمۆنیکاسیۆنی لۆکالی و نـــاوچەیی دا، لەڕێگـــای ئـــاڵوگۆڕی پۆســـتە و بەســـتنەوەی ناوچەکـان بەهـۆی تـۆڕی هـاتووچۆوە و ئامرازەکـانییەوە. ئەم دەستکەوتانە پۆست و تۆڕی هاتووچۆ، بە دوو توخمی شۆڕشی فێربوون دادەنرێن.

دۆیـــچ پێـــی وایە گەلـــێ هۆکـــاری وابەســـتەیی بە خـــاک و نیشتیمانەوە پێش مۆدێرنە، واتە سەدەی ١٨ هەبووە و خەڵک پێوەندارێتی بۆ خۆشەویستی وڵاتی هەبووە، لێ دیسان کارێکی بێ مانایە، گەر بێت و بەر لە مۆدێرنە قسە لەسەر ناسیۆنالیزم بکەیـن. هەروەهـا نـاوبراو دەڵـێ: لە جیهـانبینی نەتەوەییـانەدا، جیهـان بەســـەر نەتەوە جیاجیاکـــان دا دابەش بـــووە، بەپێـــی کاراکتەر یاخود کاراکتەری نەتەوەیی و ڕۆحی میللی، ناسنامەی نەتەوەیـــی و مێـــژوو ڕۆڵیـــان لەبەرجەســـتەکردنی پەیـــامەکەدا گێڕاوە.

Rolf-Ulrich Kunze لە بەرهەمەکەیدا، لە بەشی کێشەی تـــوێژینەوەی مێـــژووی ناســـیۆنالیزم دا، ڕوویەکـــی تـــری ئەم دیاردەیەمان دەخاتە بەردەست:

**١. تایپۆلۆگی ناسیۆنالیزم و بەکارهێنانی مێژووییان.**

A ـ نەتەوەکولتوور و نەتەوەدەوڵەت

B ـ ناســـیۆنالیزم لە ڕۆژئـــاوا، ناوەڕاســـت و ڕۆژهەڵاتـــی ئەورووپا

C ـ ناسیۆنالیزم و نەتەوەسازی"نەتەوە بچووکەکان".

D ـ پێش مۆدێرنە و پاش مۆدێرنە.

E ـ ناسیۆنالیزمی پێشکەوتووانە و ناپێشکەوتووانە.

F ـ ئەوروپاـ ئەتڵەنتی گواستنەوەی ناسیۆنالیزم/ ترانس ناسیۆنالیزم.

G ـ ناسیۆنالیزم لە بەراوردێکی مێژووی گەردوونی/ یونیفێرساڵی دا

H ـ پۆست نەتەوەیی ناسنامەی ئەڵمانی، ١٩٤٥ـ١٩٩٠، دەوڵەتی نەتەوەیی ئەڵمانی لە ١٩٩٠ وەوە.

**٢. تیۆرییەکانی ناسیۆنالیزم و بەکارهێنانی مێژووییان.**

A ـ ڕێبازی سۆسیال پسایکۆلۆژی: پسایکۆلۆژی و سیاسەتی پەروەردەیی.

B ـ ڕێبازی تیۆری کۆمۆنیکاسیۆن.

C ـ ڕێبازی ئۆرگانی: ـ بیرکدنەوەی نەتەوەیی ـ گەلی

D ـ ڕێبازی مێژووگەرایی سیکۆلاری: ناسیۆنالیزم وەک ئاین.

E ـ ڕێبازی مێژوویی ئایدۆلۆژی: ناسیۆنالیزم وەک ئایدۆلۆژی.

F ـ ڕێبازی ئەنترۆپۆلۆژی: Ernst Gellner، کولتوور و دەسەڵات.

G ـ ڕێبازی دروستکاریی: imagined communities

H ـ ڕێبازی مێژوویی کۆمەڵایەتی ـ دروستکاریی/ بونیاتی: بەشداری و زەبروزەنگ، ناسنامەی کۆمەڵگای گرووپەکان.

I ـ وابەستەیی ڕاڕەو: سەقامگیریی دامەزراوەیی و گۆڕانکاریی پەیکەریی.

**٣ ـ مۆدێرنیزمەکردن، نەتەوەسازی و ناسیۆنالیزم**

A ـ نموونەی هۆڵەندە

B ـ ناسیۆنالیزم و گۆڕانی کۆمەڵایەتی

**٤ ـ ناسیۆنالیزمی تەواوکەر.**

**٥ ـ ناسیۆنالیزم و ئاین.**

Peter Alter لە نێوان ناسیۆنالیزمی Risorgimento & integralem Nationalismus دا جیاوازی دەکات و دەڵێ: ناسیۆنالیزم: ئامانجی سیاسی ئەوەیە، گرووپە جیاکان لەژێر سایەی دامەزراندنی دەوڵەتێک دا، کۆبکاتەوە . لە شێوەی بزاڤی نەتەوەیی ئیتالیای سەدی ١٩ دا، بەواتای ئەوەی ئەم ناسیۆنالیزمە دەیەوێ خۆی لە چەوسانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی رزگار بکات. کەواتە تۆخم و ڕەگەزی ئایدۆلۆژییەکی ئۆپۆزیسیۆنی لیبەڕاڵی هەیە. هەروەها ئازادیی نەتەوەیی و تاکگەراییش لەم بزاڤەدا هاوبوونن، کە لە بنەڕەتدا دان دەنێ بە ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکانی دیکە و مافی چارەنووسیان. Johann Gottfried Herder هێردەر لە ئەڵمانیا و Giuseppe Mazzini ماتزینی لە ئیتالیا ڕابەر و سیمبۆلی ئەم ڕێبازەن. بەم ناسیونالیزمە دەوترێ، ریسۆرگیمەنتۆ/ Risorgimento ناسیۆنالیزمی بزاڤی یەکگرتنەوە. ئەڵمانیاش دەکەوێتە ئەم خانەیەوە.

ئینتەگرالەم ناسیۆنالیزم.... وەک نموونەکانی چیک و هەنگاریا.

بزاڤی ناسیۆنالیستی درەنگوەخت، دواکەوتووانە ڕەفتارکەر، وەک سلۆڤینیا، لیتاون.

ناسـیونالیزمی هەڵسـانەوە وەک سـەرب و گریـک/ یۆنـانی و ئیرلەندی.

بزاڤی ناسیۆنالیسـتی ڕەهـا، کە پـێش سـەردەمی پیشەسـازی لە خەبـات دا بـوون، وەک کاتـالۆنی، فلامـی، ویڵـزی، باسـکی و سکۆتی جیاخوازیی / دیسئینتراگراسیۆن .

هەروەها دەڵێ: ناسـیۆنالیزم پرنسـیپێکی دینـامیکی بەرجەسـتە دەکات، بە هیوای ورووژاندنی هەست و سۆز و هەڵسـوکەوت و ڕەفتارەکـــان و ئـــامرازێکی هاوکـــاریی و هەرەوەرزیـــی و چالاککەری خەڵکە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش.

Theodor Schieder، دەڵـێ: ناسـیۆنالیزم ئایـدۆلۆژیی ئینتەگراسـیۆنی تـایبەتە، کە هەمیشـە بەمانـایەک لە ماناکـان نەتەوەی لەبەرچـاوە، نەک تەنهـا تـاکە گرووپێکـی کـۆمەڵایەتی یـاخود ئـایینی. هاوکـات قۆنـاغی ناسـیونالیزم دەگێـڕێتەوە بـۆ سالانی نێوان ١٨٤٨ ـ١٩٢٠، و ناوی ناوە:

ــ سـەردەمی دەوڵەتـی نەتەوەیـی، قۆنـاغی دروسـتکردنی دەوڵەت لە ڕێگـای شۆڕشـی نـاوخۆییەوە، وەک نموونەکـانی ئینگلیز و فەرنسی .

ـ پرینسـیپی نەتەوایەتـی، یەکگـرتنەوەی زمـان و کولتـووری دابەشـکراو، بەڕابەرایەتـی دوو سـیبۆڵە دیـارەکە هێـردەر لە ئەڵمانیا و ماتزینی لە ئیتالیا.

ــ مـافی چارەنووسـی گەلان، سـەردەمی جیـابوونەوە لە ئیمپڕاتۆرییەکانی وەک هابسبۆرگ و عوسمانی.

ئیـدی لێـرەدا دەوەسـتێ و بەم فـۆڕم نەخشـە جیهـانییە داڕێـژراوەی هەیە کۆتـایی بە باسـەکەی دێنـێ. دوور نیـیە ئەم بۆچوونەش بەرهەمی ئەو بیرکردنەوەیە بێت، کە پێی وایە ئیدی

نەتەوەکــانی دیــکە   ـ ئەوانەی نەبــوونە دەوڵەت   ـ گەرەکە دەستبەرداری قۆناغەکان ببن، چونکە سـەردەمتان بەسـەر چوو. ڕوانگەیەکی تریش بۆ ناسیۆنالیزم ئەوەیە، وەک بزوتنەوەیەکی سیاسـی بێـتە، بزاڤـی ڕزگـاریخوازیی، کە کرۆکـی ئامـانجەکەی ڕزگارییە لە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و بوونە دەوڵەتە یاخود دامەزرانــدنی دەوڵەتە. لە لایەکــی تــرەوە لەڕووی ئــابوورییەوە، سەرفرازکردنی نەتەوەیە لە سیاسەتی ئابووریی و دروستکردنی بــازاڕێکی نەتەوەیــیە. لە خــاڵێکی تــردا لە ڕووی کولتــووریی و سـازدانی یەکێتـی زمـان و بیـرەوەری هـاوبەش و نەتەوەسـازیدا کار دەکات.

ناســـییۆنالیزم، هەیە ئایــدۆلۆژی فەرمـــی دەوڵەتە، وەک لە تورکیـا و ئێـران و عێـراق و سـووریا و زۆر شـوێنی دیـکەی جیهـان دا بەرقەرارە. ئەم جۆرە لە ناسیۆنالیزم، وەک ئـامڕاز و دەزگـای داپلۆسـێنەری خوێنـاوی دەسـتی نەتەوەی زاڵە و دژی نەتەوە و ئێتنــیکە بندەســتەکان وەگەڕ خــراوە. ناســیۆنالیزمیش هەیە وەک بـزووتنەوەی سـەربەخۆخوازی / جیـاخوازی لە نـاو ئەو دەوڵەتـانەدا. نمـوونە لە جیهـانی ئەمـڕۆی سـەدەی بیسـت و یەکیش گەلێ زۆرە، کورد لەوانە. بۆیەکا لێرەدا دەگەڕێنەوە سـەر ئەو تێزانەی ناسیۆنالیزم بە باش و بە خراپ دەناسێن. Dieter Langewische، پێی وایە لە شۆڕشی ئەمەریکا و فەرەنساوە، بیرۆکەی دیموکراسی و ناسیۆنالیزم پێکەوە بەستراون.

ناسیۆنالیزم، وەک بـاوەڕ و وزە و قەنـاعەت، بە بەهێزترین و کـاریگەرترین هێزی سیاسـی ـ مێژوویی دادەنرێت. هـیچ گومـان لەوەدا نییە، لە سـەرتاپای گۆڕانەکـانی سیاسـی و کۆمەڵایەتی و مێژوویـی دا بەدرێژایـی و پانتـاییەکی قـووڵ و فـراوان ئامـادەگی

هەبـــووە و دەبێـــت. هەنـــدێ لە تـــوێژەران بۆچوونەکـــانی ناســـیۆنالیزمی ســـەدەی ٢٠، لەســـەردەمی ســـەرهەڵدانی ناسـیۆنالیزمی سـاڵی ١٩١٤، سـەردەمی جەنگـی جیهـانی جیـا دەکەنەوە. دوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، کار بە دوو جۆر ناسـیونالیزم کـرا، واتە لە دوو فـۆڕمی جیـاوازدا، ناسـیۆنالیزم وەگەڕ خراوە و سەری هەڵداوە.

ـ ناسیۆنالیزمێک وەک سیاسەتی فەرمی دەوڵەتی نەتەوەیی دامەزراو و یـاخود بـۆ دامەزراو، وەک نموونەکـانی دەوڵەتـانی داگیرکەریـــی کوردســـتان و وەک بزاڤێکـــی رزگـــاریخوازی سەربەخۆییخوازی/ جیاخوازی لە نێو ئەم دەوڵەتە نەتەوەییانەدا، دیسان بزاڤی نەتەوەیی کورد وەک نموونە.

ـ بزاڤی ناسیۆنالیستە نوێیەکان، سەخت بوو بۆیان، دژی ئەم دەوڵەتە بەهێـزە و دامەزراوەکـان و ناوەنـدی (کـۆمەڵەی گەلان) ڕەوایەتـی بزاڤەکەیـان بە دەسـت بهێنن. حاشـاهەڵنەگرە، کە هـیچ کـام لەو بزاڤـانە پـاش ١٩١٨، وێڵـز، سـکۆتی، باسـکی، بریتـۆنی، کۆرسی، کاتالانی، فلامی و ... هتد نەیان توانی دەوڵەتی خۆیـان بەتەواوی بەدەست بهێنن. هەڵبەت بەشێکی هەرە زۆری ئەمـانە ئێســتاش دەســتبەرداری ئەم ویســت و خواســتە نەبــوون، لــێ ئەوپەڕی دژایەتـی دەکـرێن. بە نمـوونە سـکۆتی و کاتـالانی و هەوڵەکـــانی بـــوونە دەوڵەتیـــان لە ڕێگـــای ڕیفەڕانـــدۆمەوە، کە دیـاترین میتـۆد و ئامڕازی دیموکراسییە، کەچـی لەنـاو جەرگەی کیشـــوەریی ئەوروپـــای دیموکراســـیدا، بەوپەڕی تونـــدییە و داواکانیـان ڕەت کـرایەوە و دژیـان وەسـتانەوە. کەواتە نەتەوە زاڵەکـان نایـانەوێ چـی دیـکە هـیچ نەتەوەیەک بەو ئامـانج و فۆڕمەی دەسەڵات بگات، وەک خۆیان پێی گەشتوون.

ڕەنگە نموونەی ئاشتیانەی جیابوونەوەی بەلژیکا لە هۆڵەند بە پێی کۆنگرەی ڤییەنای ساڵی ١٨١٥ و نەرویج لە سوید ساڵی ١٩٠٥ و جیابوونەوەی سلۆڤاکیا لە چیک لە ساڵی ١٩٩٣ لێ دەرچێ، هەموو نموونەکانی تر، زەبروزەنگ و کێشەی لێکەوتۆتەوە، بەتایبەتی لەسەر سەرزەمین یاخود نیشتمان زۆرینەی شەڕەکان کراوە. جەنگ بۆخۆی لە سەدەکانی کۆن و نوێشدا، ڕەگەزێکی سەرەکی سازدانی نەتەوە یاخود دروستکردنی دەوڵەتە. هەر بەتەنیا ڕقبوونەوە لە بێگانە و کلێشەی بیروباوەڕی نەتەوەیی، کار لەسەر دروستکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی ناکات، بەڵکو جەنگ هەمیشە بۆ خۆی هۆکار و دەستاوێژێکی خولقاندنی نەتەوەیە. هەربۆیە گوتتراوە، جەنگ باوک و دایکی شتەکانە.

ناسیۆنالیزمی فەرەنسی بەهۆی ئەو ڕەگوڕیشە شۆڕشگێڕییەوەی هەیەتی، ناسیۆنالیزمێکی سیاسییە. دەوڵەت نەتەوەی فەرەنسی، لەسەر زەمینی دەوڵەتێک، لە ڕێگای شۆڕشەوە و لەسەر بنچینەی ڕەوایەتی و پرۆسەیەکی درێژخایەن لە دەسەڵاتی میر و پاشاکانەوە بوو بە دەوڵەتێکی نەتەوە. کەواتە شۆڕش فەرەنسای کرد بە نەتەوە. ڕۆسۆ ـ بە بنەچە خەڵکی سویسرایە ـ و ڤۆڵتێر و سیەس و مۆنتیسکۆ و چەندانێکی تر مەشخەڵ بەدەستانی شۆڕشەکە بوون. ناسیۆنالیزمی ئینگلیزی و پورتوگالیش بەهەمان شێوە کاریان کردووە. زمانی یەکگرتوو، کولتوور، ئاین، واتە هاوڵاتیان لەسەر ترادیسیۆنێکی کولتوریی چەسپاو جۆش داوە، بەماوەیەکی دوورودرێژ متمانەیان پێداوە و پەیدا کردووە. لەبەر ئەمەیە

ناسیۆنالیزم له تایپی رۆژئاوا، ڕۆڵێکی تری هەیە و وەک هی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا نییە.

Hans Kohn، مێژوونووس و لێکۆڵەری بەناوبانگ لە کتێبەکەیدا The Idea of Nationalism، دەڵێ دوو جۆری ناسیۆنالیزم هەبووە: لە ئەوروپای ڕۆژئاوا، وەک بزاڤێکی ناسیۆنالیستی لیبەڕاڵی سەرکەوتوو. لە ڕۆژهەڵاتیش وەک بزاڤێکی نا عەقلانی دژە تاکگەرایی.

وەک Hans Kohn دەڵێ: ناسیونالیزم، هەندێ لەو بنەما و خەسڵەتانەی کە خۆی لەسەر بونیاد دەنێ، دەگەڕێنەوە بۆ کۆنترین و بنچینەییترین هەستی مرۆڤ، هەستێک کە مرۆ لە هەموو شوێنێکی مێژوودا، وەک بەهێزترین و گرنگترین فاکتەر لە سازدانی گرووپە جڤاتییەکان دا دەتوانێ دیاری بکات و بۆی دەرکەوێت. خۆشەویستی بۆ زێدی لەدایکبوون، خۆشەویستی و حەز بۆ زمانی دایک و دەورووبەر و دابونەریت و خواردنی خۆماڵی و موزیک و سەما و دیلان و فەرهەنگی گشتی و هونەر، کە هەموویان نزیکن لە ڕۆحی مرۆڤ خۆیەوە.

Karl. W.Deutsch، ناسیۆنالیزم دەستوورێکی ئەقڵی یاخود ئەقڵێتێکە، کە پێگەیەکی بەرزتر دەدات بە هەواڵە نەتەوەیی و بیرەوەریی و ڕامانەکان، لە کۆمۆنیکاسیۆنی کۆمەڵایەتییەکان دا و سەنگێکی بەهێزتریان هەیە لە بڕیادان دا.

Eugen Lemberg دەڵێ: ناسیۆنالیزم سیستەمێکە لە ڕامان و بەهامەندی و پێوەری وێنەیی کۆمەڵگا و جیهانێک، کە ئەم کۆمەڵگا کۆمەڵایەتییە گەورانە هۆشیار دەکات، بە پێوەندارێتیان و هاوکاری یەکتر بکەن. ئەم پێوەندارییەیان بەهایەکی تایبەتی پێ دەدەن، بەواتایەکی تر ئەم کۆمەڵگا

گەورانە لە نــاو خۆیــان دا ئینتگراســیۆن دەکەن و خۆیــان لە دەوروبەریــان جیــادەکەنەوە / ســنووردار دەکەن. هەوێنــی ئەم هەســـتی هاوپێوەنـــداریێتییەش بـــریتییە لە زمـــان، ڕەچەڵەک و دابونەریـــت، کولتـــوور یـــاخود ملکەچکـــردنە بـــۆ دەســـەڵاتی دەوڵەتێکی هاوبەش.

ئەوەی تـــا ئێســـــتا خســـــتمانە ڕوو لە بیروبۆچـــــوون و تیۆرییەکــانی بیرمەنــدان و تــوێژەدان، ســەرجەمیان باســیان لە نەتەوە و ناسیونالیزمی ئەوروپا کردووە.

Dietmar Rothermund مێژوونـووس خـاوەنی ١٢ تێزی تــایبەتە لەمەڕ ناســیۆنالیزمی جیهــانی ســێیەمەوە. کە ســیمای ناســیۆنالیزم لێــرە خەبــاتە دژی دەســەڵاتی بێگــانە. ئەمە چەنــد تێزێکێتی.

- چینـی هەڵگری ناسیۆنالیزم لە جیهانی سێیەم دا، بەگشـتی ئەو چینە خزمەتگوازەرەیە کە لەژێر باری حوکمی کۆلۆنیالیست دا دروست بووە.

ـــــ دەوڵەت و ســــــنوورەکەی و دۆزە نەتەوەیـــــیەکەی، دەسەڵاتدارانی کۆلۆنیالی پێشوو بڕیاری لەسەر دەدەن.

ــ ناســیۆنالیزم زۆر ڕادیکــال و نابەخشــندەیە، بەرامــبەر بە جیــاخوازیی نــاوچەیی و ناســنامەی لۆکــالی. مەیلــی هەر بــۆ ناوەندە و دژی فیدرالییە.

ــ بــۆ ناســیۆنالیزم، هێــزی ســەربازی مانــایەکی گەوهەری هەیەوە"قوتابخــانەی نەتەوە". کــێ بزانــێ ئەفســەرێک واتە بــاڵێکی ســەربازی لە پشــتێتی، وا دەســەڵاتی هەیە و دەســەڵات دەگرێتە دەست.

"ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژییەکە، هەوڵ دەدات  هەموو ئەندامانی نەتەوەیەک دیـــاری بکـــات و هەرەوەرزی نێوانیـــان دەدات و لەدواجاردا حەزدەکات ئەمە ببەستێتەوە بە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییەوە". ئەمەش ڕوویەکی تری پێناسەی ناسیۆنالیزمە. ناسیۆنالیزم پەیوەست نییە بە سیستەمێکی دیاریکراوەوە.سەرەتا لەلایەن ناسیۆنالیستە ڕۆشنگەرەکانەوە، دواتر لە سیستەمی پادشایەتی و پۆست کۆلۆنیالیزم، ڕیاڵ سۆسیالیستی و فاشیزم و ناسیۆنالی نازی دا هەروەها لە لایەن دیموکراتەکان  ئامانجی ناسیۆنالیستی بە ئامانج دەگیرێ.  لە دنیای هاوچەرخدا، گەلێ جـــار گوێمـــان لە کەس و ڕژێـــم و سیســـتەمی چەپـــی ناسیۆنالیستیش دەبێت. Eugen Lemberger، ناسیۆنالیزم بە "هێزی پەیوەستکردن" دادەنێ، واتە گرێدانی تاکەکانی نەتەوەیەک بە پرۆسەی ئینتەگراسیۆن، پێکەوە و خۆجیاکردنەوە لەوانی دیکە.Otto Dann، ناسیۆنالیزم بە خۆپەرستی نەتەوایەتی دادەنێت. نووسەرێکی تر ناسیۆنالیزم " دەستوورێکی ڕۆحییە"، دەتـــوانێ ببێـــتە پرنســـیپێک ڕێکخســـتن بەرەو بەرژەوەنـــدی نەتەوەیی.لەلایەک نەتەوە جێگەی شیاوی هەیە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دا و لەلایەکی دیکە، ڕەوایەتی و شوێنی ئاڕاستەی سیاسی بۆخۆی لەم کۆمەڵگایەدا لەسەر بونیاد دەنرێ.

ناسیۆنالیزم سەرەتا لە ڕێگەی بزاڤێکەوە هەڵدەگیرێ و پاشان لە ڕێگەی ڕژێمێکەوە. مێژوونووسەکان ئاماژە بە شەڕی سەربەخۆیی ئەمەریکا و شۆڕشی فەرەنسا دەدەن، وەک سەرەتایەکی ناسیۆنالیزم  لەسەدەی ١٩ دا لە ئەورووپا، کە پاشان دەوڵەتی نەتەوەییان بەدوای خۆیاندا هێنا. دەوڵەتی فەرەنسا بووە سەرمەشق و گەلێ نەتەوە و دەوڵەتی تر

دروست بوون وەک ئەڵمان و ئەڵمانیا. لەدەرەوەی ئەورووپاش، کۆمەڵێ نەتەوە لە ڕێگای خەباتی دژە کۆلۆنیالیزم سەربەخۆییان بەدەستهێنا و دواتر مافی چارەنووسی گەلان لەسەدەی ٢٠ دا چەسپا. کەواتە سەدان ساڵە ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژییەکی هیمۆگێنییە، لەسەر ئاستی جیهان. نووسەرێکی تریش پێی وایە، دەبێت ئەم جۆرانە لە ناسیۆنالیزم جیاوازی لەنێوانیان دا بێتە کردن.

Emanzipation Nationalismu,Integratio N, Konfrontion & Hegemonial N

ڕەنگە ئەم بەرهەمەی بەردەستمان، هەتا ئێستا بە زمانی کوردی تاکە سەرچاوەیەک بێت، بە ووردی و قووڵی لە دیدی **فەلسەفی و سۆسیۆلۆژی و سیاسییەوە**، خوێندنەوەی بۆ چەمکی نەتەوە تێدا بەرجەستە بوو بێت. لەبەر ڕۆشنایی چەمکی "تیۆریی عەقڵی " فەیلەسووفانی ئەڵمان باس لە نەتەوەبوون دەکات.کارێکە بەرهەمی ئەقڵی نووسەرێکی کوردە و ڕەنجی فەرهادی لەگەڵدا دراوە. لەبەر گرنگی باسەکە و ئاڵۆزی و سەختی ماناکەیی و فراوانی ڕووبەری کارکردنەکەی، وام بە باش زانی، لەبەرەوە، پێ بە پێی باس و ناونیشانەکانی کتێبەکە، قسە لەسەر برگە و تێزە هەستیار و گرنگەکانی بکەم و هەوڵ بدەم لەم کەناڵەوە و بە زمانێکی برەک سادەتر و کراوەتر، لە ڕێگەی خوێندنەوە و دەربڕینی تێبینییەکانمەوە و تێهەڵکێشکردنی باسگەلێکی تری هزریی و مێژوویی و سیاسییەوە، گەوهەرەکەی بە خوێنەر بناسێنم.

هاوکات باسەکانی بەشی چوارەم و پێنجەم، کە ڕاستەوخۆ گرێدراون بە پرسی کوردبوونەوە، بابەتەکانی گرنگ و هەستیار

و گەلێ جارانیش ناڕوون و سەختن، چونکە بە خوێندنەوەکەی د. عرفان بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی کوردیی، کۆمەڵێ تێزی نوێی بۆ یەکەمجار دەکەوێتە بەردەست خوێنەران و ناو کایەی ڕۆشنبیریی کوردییەوە، بۆیەکا پێویستیان بە لەسەر وەستانی زیاتر هەیە. بەندە لەتەک خوێندنەوەیەکی خێرای باسەکان دا، لەسەر ئەم لایەنە، کۆمەڵی پرسیارم ئاڕاستەی د. عرفان کردووە، ئەویش بە وەلامیدانەوەیان، تیشکی ڕووناککردنەوەی خستۆتە سەر لایەنە دژوارەکان. ئەم کارەش بۆ ئاسانکاریی و باشتر تێگەیشتنی بابەتەکان، وەک پاشکۆیەک دەیخەینە بەرچاوی خوێنەر.

هاوکێشەی میللەتی بندەست و کۆیلە، لە خەباتیدا بۆ سەردەستی و سەرداریێتی، بریتییە لە وێنەیەکی دروستی واقعی کوردی، کە بەدرێژایی مێژوویەکی دوورودرێژ، ئامادەگی نەبووە و هێشتا لەم دۆخەش رزگاری نەبووە. ئاخر گەر مێژوو یاسای پەرەسەندنی شتەکان بێت، چما لای کورد، وا وەرنەچەرخاوە و گرفت و هۆکارەکانی چین و کورد چ ڕۆڵێکی تێدا گێڕاوە؟. کاتێ کورد لە نێو لیتاوی ڕووداوەکاندا، دەچەقێ و هەرخەریکی ئەم پێو ئەو پێکردنێکی بێهودە دەبێت، یاسای ناوبراو نایگرێتەوە. بەواتایەکی تر، کورد نە خۆی پێ رزگارکراوە و نە توانیویەتی بگاتە پلەی سەردار و جڵەوی دەسەلات بەدەست بگرێ. ناچار کاری وەک پیشەکەی سیزیف، هەر خەریکی سەرخستنەوەی بەردی خلۆربووەوەیە و هەتا هەنووکەش نەیتوانیوە بگاتە ئامانجی خۆی.

ئەم هەوڵەش دوای چەندبارە بوونەوە، هیچ گۆڕانێکی تێدا ڕوونادات و لە ئاکامدا، بۆ کورد وێناو و پێناسەیەکی تاقانە و

بێـوێنەی ڕیـزپەڕ، لە یاسـا و ڕێسـا و تیـۆرییە بەرفراوانەکـان دەنەخشـێنێ. جیاواز لەچاو هەمـوو ئەوانـی دیـکەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست و ڕەنگە لە تەواوی جیهانیش دا. کورد کاراکتەرێکی کلـۆڵ و جەسـتە هەلاهەلابـووی پانتـایی مێژوویەکـی نێـوان "**هەوڵدان** و **شکستخواردنە**" . دەقگرتن بەم دۆخەوە، لە مێژوودا، تـا ڕادەی ونبـوون و نادیـاری و نائامـادەگی گەیانـدووە. کەواتە کـــورد نەدەکەوێـــتە خـــانەی ئەو نەتەوە بندەســـتانەوە، کە ژێرچەپـۆکی بـۆتە قەدەریـان و ئـالای خۆبەدەستەوەدانیان بڵنـد کردۆتەوە، نە لە نێو ڕیزی نەتەوە سەردارەکاندا دەبینرێتەوە، کە بە سـەربەخۆیی گەشـتبێ و خـاوەنی قەوارەی خـۆی دەوڵەت بێـت. ئەم سـیفەت و دۆخەی کـورد، ئـا لەوێـدا ئـالۆز و گرفـت دروســتکەرە، کە لێکــۆڵەرەوەیەک دێــت و دەیەوێ بە دەقــی تیۆرییە مۆدێرنەکان، یاخود هەمـوو ئەو تیۆرییانەی دیکەی، کە لە دەرەوەی واقیعی کۆمەڵگای کورد بـۆ پێکهاتە و بارودۆخێکی تر داڕێژراون، شیکار و ڕاڤە لە بوویەکی نادیار و بزر بکات و بـــالای پێناســـە هەڵنەگـــری کـــورد، ببـــڕێ بە قـــاڵبی تیـــۆرییە دروستکراوەکەی/ داهێنراوەکەی خۆی دا.

**" ئەو حاڵەتەی کە کوردی تێدایە نە حاڵەتی کۆیلەکانی ئەو جیهانەیە و نەحاڵەتی سەردارەکانییەتی، بۆیە هەر هەوڵدانێک بۆ تێگەیشـتن لەم حـاڵەتە لە ڕێـگەی ئەو میتـۆد و تیـۆرانەوە کە مۆدێرنیزم بەرهەمی هێناون، تووشی جۆرێک لە گومڕابوونمان دەکـــات و نامـــانگەیێنێ بە ناســـینێکی راســـتەقینەی ئەم بوونەوەرە".(١١)**

لەم ڕۆژگـارەدا، مـۆدێرنیزم و میتۆدەکـانی، کـراوەتە تـاکە دەستاوێژ و ئامێر و ڕوانگە و پێوانە و ئاینزایەک، بۆ خوێندنەوە

و کـــارکردن ناســـین و باوەڕهێنـــان و دان پێـــدانانیان لەســـەر دیاردەکـــان. لە کاتێکـــدا تەمەنـــی مـــۆدێنزم هـــی ئەوە نیـــیە، مێژوویەکـــی چەنـــد هەزار ســـاڵەی وەک هـــی کـــوردی پـــێ بخوێندرێتەوە و هاوکات، بیریارانی ئەم ڕوانینە، هێندە ناواقعین هەرچـــی لەدەرەوەی تیـــۆریەکەی خۆیانـــدا بێـــت و بە گەز و پێـوانەی ئەوان هەڵسـوکەوت نەکـات، هەژمـاری بـۆ نـاکەن و بە لادەر و دەرچـــوو لە ئـــاینی دادەنـــێن. بە خێرایـــی دەیـــخەنە بەر لێشاوی نەفرەتی خۆیان.

مۆدێرنیزم چ قسەیەکی جددی لەسەر حاڵەتی کورد نییە و لە قازانجیشـی نییە، خوێندنەوەی بـۆ بکـات، چـونکە حـاڵەتی کـورد وەک نمـــوونەیەکی تـــایبەت، لە دەرەوەی دەقـــی تیۆرییەکانـــدایە. بەدڵنییـــاییەوە، هەر خوێنـــدنەوەیەک لەســـــەر کـــورد، دەکـــاتە هەڵوەشاندنەوەی تەقەڵەکانی تیۆرە دەستکردەکانیان. بـۆ نمـوونە مـــۆدێرنیزم، دەوڵەتە داگیرکەرەکـــانی کوردســـتانی پـــێ دەوڵەتـــی مـــــۆدێرنن و داکۆکییـــــان لـــــێ دەکـــــات و ڕازی نیـــــیە هەڵبوەشێندرێنەوە، جا با لەسەر خوێن و ئێسکی کورد و گەلانی تـریش هەڵچنرا بن. تەماشـاکەن ئەتـاتورک چ پێگەیەکـی گەورەی لای مۆدێرنەکـان هەیە و چەنـد بە نمـوونەیەکی سـەرکەوتوو و پێشکەتوو نرخاندوویانە.

**"لێکـدانەوەی بـوونی کـورد لەنـاو مێـژوودا بە پێـی ئەو لـۆژیکەی کە مـۆدێرنیزم بـۆ لێکدانەوەی بوونەوەرەکـانی نـاو جیهانە مۆدێرنەکە هەیەتی، نامانگەیێنێ بە هـیچ، چـونکە کـورد لەناو ئەو چوار دەوڵەتە مۆدێرنەی کە بەسەریاندا دابەشکراوە بە پێی یاساکانی ئەو یارییەی کە دۆڕاوەکان دەکات بە کۆیلە و براوەکان دەکاتە سەردار یاریی نەکردووە". (١٢)**

کورد، گەر لەناو مێژووشدا نەبێت، وا هەر بوونەوەرێکی ناو کـایەی سروشـتە و بە خۆڕسـکی ڕسـاکاوە و هـاتۆتە جیهـانە بەریـنەکەی مرۆڤـایەتییەوە. بە حـوکمی پرۆسـە سروشـتییەکە ڕەوت دەکـات، نەک بە ویسـت و هێـز و پاڵنـانی تیـۆری دروسـتکراو، کە بـریتیە لە مـۆدێرنیزمە. کەواتە بەدەر لە بنەماکانی مـۆدێرنەش، کـورد بە قورسـایی خـۆیەوە، بە زمـان و کولتوور و مێژووەکەیی و کۆمەڵی سیفەتی دیکەوە، هەر هەیە و مـاوە و دەشـمێنێت و بـێ هیـوا نیـیە لە گەیشـتن بە هەواری ئامانجەکانی.

**" کێشـەی کـورد لەگەڵ جیهـانە مـۆدێرنەکەدا ئەوەیە کە مۆدێرنیزم کوردی وەک دڕندەیەکی سروشتی بۆ ئەو جیهانە وێناکردووە و بە هۆی ئەمەشەوە بواری بۆ کورد نەهێشتووە کە بوونی خۆی ئاشکرا بکات و بەڵگەکاری بۆ ئەو سیستەمە بکات کە بڕوای پێیەتی". (١٦)**

ئـاخر سـاتێ مـۆدێرنە، دەڕوانێـتە بـوونی کـورد و دەزانـێ، سـەرباری هەمـوو یاسـای تیۆرەکـانی و قسـەی کتێـبە دەق نەشکاوەکان هەیە و ڕەگی بە بوونی خۆیی و زمان و کولتور و مێـژوودا ڕۆچـووە، وەک دێـوزمە و لێـی دەڕوانـێ و پێناسـەی دەکات. ئاخر مۆدێرنیزمە لەو شوێنەدا شیاوی پەسـەنکردن نییە، کە بیریـاران و لایەنگـران و لاسـاییکەرانی، دەیـکەنە خواوەنـدی دروسـتکەر و داهێـنەری بـوونەوەر و دیاردەکـان. بەتـایبەتی ئەو شـتگەلەی بـوون و پێکهـاتەی سروشـتییان هەیە، وەک مـرۆڤ و نەتەوە، بە هەموو ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانیانەوە.

**" کــورد وەک ئەو ســیزیفە وایە کە لە دووپـاتکردنەوەی سەرخسـتنی بەردەکەدا سـەرقاڵ نیـیە بەوەوە بەردەکە سـەر**

**بخاتە سەر لوتکەی شاخەکە، بەڵکوو سەرقاڵە بە دروستکردنی بوارێکەوە بۆ ئاشکراکردنی ئەو سیستەمەی کە تەنە قورسەکانی لە زەوییەوە پێ بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاسمان ئەو خلۆربوونەوەی بەردەکە بۆ قوڵاییەکانی دۆزەخەکەی نائومێدی ناکات، چوونکە ئەو پێویستی بەو خلۆربوونەوەیە تا باشتر پەی بەو سیستەمە بەرێت کە لەناو بوونی خۆیدا بۆ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ خۆیدا و خۆی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا هەیەتی ".(٢١)**

زۆرن ئەوانەی بێ پێشخانێکی زانین و زانیاری، لە پشت چاویلکەی ڕەشەوە، تەماشای کۆمەڵگای کوردەواری دەکەن، دەستی تۆمەتی بۆ کورد درێژ دەکەن و بزووتنەوەکانی بە خێڵەکی و ناتەواو و ئیفلیج بوو دەزانن. پێیان وایە کورد، لە دۆخێکی بێ سەروبەردایە و چ پێناسەیەک وەرناگرێ. ئەم قسانە زۆر لە نووسەرە کوردەکانیش تووتی ئاسایی دەیکووتنەوە. بەڵێ کاتێ مۆدێرنیزم دەکرێتە دروستکەر و خوڵقێنەری هەموو شت و دیاردە و بوونەوەرەکان، ئیدی جێی هەناسەدان بۆ مرۆڤ و نەتەوە و بوونەوەرە سروشتی و هەبووە خۆڕسک و مێژووییەکان نامێنێتەوە، یاخود بوار زۆر تەسک دەبێتەوە. ئاخر گەر نەتەوەیەکی وەک کورد، بڕوا بەو بانگاشەی مۆدێرنیزمە بهێنێ کە فەتوای بۆ دراوە، وا دەبێت دەستبەرداری هەموو بەهای سروشتیی و کولتوریی بوونەکەی بێت، و خۆی نابووت بکات. ئەی ئەوە نییە تیۆری مۆدێرنە، کوردی تووڕ داوەتە دەرەوەی جیهانەکەی خۆیەوە و ئافەرین و دەستخۆشی لە تورک و فارس و عەرەب و ناسیونالیزمەکەیان دەکات و وەک ئایدیایەکی بەرز و براوە تەماشایان دەکەن، هەر

لەبەرئەوەی، ئەوان دەوڵەتیان دروست کردووە و کورد بەم ئەرکە هەڵنەساوە و دۆڕاوە.

**"مەرجی یەکەمی ژیان لەناو ئەم جیهانە مۆدێرنەدا ئیمان هێنانە بەوەی کە مۆدێرنیزم دەتوانێت لە ڕێگەی زانست و تەکنەلۆجیاوە هەموو کێشەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە چارەسەر بکات و ژیانی بۆ بکات بە بەهەشت"(١٩).**

بەڵێ ڕاستە تەکنەلۆژیا و زانست، بەشدارییەکی بێهاوتایان لە ئاسانکردنی ژیانی مرۆڤدا کردووە، لێ نەیانتوانیوە و هەرگیزیش نەکارن مرۆڤ دروست بکەن، ـ ڕۆبۆت هەرگیز جێی مرۆڤ ناگرێتەوە، تەنیا لە ئیشکردندا نەبێت ـ و هەروەها بە سەدان کێشە و گرفتی دیکە هەن، ئەم دەستکەوتانە خوڵقێنەری ڕۆبۆت و مرۆڤی ئامێرین، بەس هەرگیز شتگەلێکی سروشتیان پێ نایەتە گۆڕێ، بە تایبەت بوونەوەرێکی وەک مرۆڤ. بۆیە تەکنەلۆژیا و زانستیی ناوبراو دەرکەوتەی نەرێتیشیان هەیە و نەیانتوانیوە، بە قازانجیان هەڵسوڕێ. هەروەک دەبینین کورد، کەموزۆر بێ بەشە لە دەستکەوتەکانی زانست و تەکنەلۆژیا و بگرە ئەم دوو دیاردەیە لەگەڵێ حاڵەتدا، بە زیانی شکاوەتەوە. بۆ نموونە داگیرکەرانی وڵاتەکەی فرۆکە و تانک و تۆپیان هەیە و نیشتمانی کوردی پێ سوتماک دەکەن و ڕۆڵەکانی پێ دەکوژن. زۆربەی زانکۆکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، دەرەتانی پێویست بۆ خوێندکاری کورد نارەخسێنن، تا بەهرەمەند بن لە خوێندن هیچ پرۆژەیەکی پیشەسازی گەورە لە کوردستاندا ئەنجام نادرێ و بشدرێ، ڕێژەی بەشداریی نییە یاخود زۆر نزمە.بەنموونە پرۆژەی گاپ لە تورکیا. د. عرفان بەم جۆرە کورد دەبەستێتەوە بە هاوکێشەکەوە.

**"گەورەترین کێشەی کوردیش لەناو جیهانە مۆدێرنەکەدا ئەوەیە نەیتوانیوە بڕوا بەو خواوەندە بهێنێ کە ئەم جیهانەی دروستکردووە، ئەمەش وایکردووە وەک کافرێکی ناو سەردەمە مۆدێرنەکە وێنابکرێت و بەرەو دۆزەخەکانی ناو ئەم جیهانە پەلکێش بکرێت و بخرێتە بەردەستی جەلادەکانی".(١٩)**

با، بە نموونە باس لە دەوڵەتی تورکیا، لە دیدی مۆدێرنیزمەوە بکەین. بزانە چۆن کورد، بە کافر و تیرۆریست و چەتە و شاخاوی پێناسە کراوە، هەر لەبەر ئەوەی کورد، ملکەچی یاسا و رێسای ئەو دەوڵەتە نەبووە و تەسلیمی حوکمەکانی نابێت، کە مۆدێرنە مۆری ڕەزامەندیی خۆی لێداوە و پشتیوانی لێ دەکات و دەیپارێزێو دەیەوێت بەرقەرار بێت.

ئاخر کورد هەر ئامادە نەبووە، دەستبەرداری ناسنامەی کوردبوون بێت. تا سەردەمانێکی پێش ئێستا، گەلێ لە ئەوروپاییەکانیش، لەژێر کاریگەریتی پروپاگەندەی دەزگا بێشومارەکانی تورکیادا، تێڕوانینی نەرێنییان لەسەر کورد هەبوو، پێی وایە کورد بۆ هەمیشە کاری تێکدان و ئاژاوەگێڕی دەکەن و ناتوانن بە ئارامی لەگەڵ تورکدا بژین. لە کاتێکدا تورک و دەوڵەتەکەیان، گەورەترین بەربەست و هەڕەشەی سەر کوردبوونن. بوونی ٣٠ ملیۆن کورد بە دەستوور، نکۆڵی لێکراوە. زوڵم و ناحەقی لەمە گەورەتر، ڕەنگە لە هیچ دەڤەرێکی جیهاندا بەرچاو نەکەوێت. لەکاتێکدا وڵات هەیە دانی بە بوونی چەند سەد کەسێکدا وەک ئیتنک و گەلی جیاواز لەوڵاتەکەیدا ناوە. سوید و دانیمارک بە نموونە.

**- "ماهیەتی مۆدێرنیزم بڕواهێنانە بەوەی کە مرۆڤ بەوە دەگاتە خۆشبەختی کە بوونەوەرەکانی ناو جیهانی سروشت بکاتەوە بە مادەی سەرەتایی و دوای ئەمەش لەم مادە سەرەتاییە بەو شێوەیەی کە خۆی حەزی پێدەکات جیهانێکی نوێ و کۆمەڵە بوونەوەرێکی نوێ دروست بکات و ببێت بە خاوەندی ناو ئەو جیهانە نوێیە.ماهیەتی مۆدێرنیزم دروستکردنە".(٢٠)**

وەک ئاماژەمان پێدا لە جیهانی ئەمڕۆدا، مۆدێرنیزم دەکرێتە کارخانەی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی بوونەوەرەکان. مرۆڤیش بە خۆیی و مێژووەکەیی و خەسڵەتە سروشتییەکانییەوە، دەبێ ملکەچی مۆدێرنیزمە بێت و لە ژێر فەرمانیدا هەڵسوکەوت بکات و بیر بکاتەوە و بڕیار بدات، دەنا بەر نەفرەت دەکەوێ و فڕێ دەدرێتە دەرەوەی کایەی ژیانەوە. کەواتە مرۆڤیش بەو شێوە سروشتییەی ئافەریدە بووە، دەبێت وا لەخۆی ڕامێنێ و لە مرۆڤەکانی تریش، کەوا بە تێکڕا هەموو کەرەسەی خاون بۆ دروستکردنی شتگەلێک بەدەستی خالقێک بە ناوی مۆدێرنزم. ساتەوەختێ مرۆڤ بەو هەموو پەنهان و نهێنیی و شتە سەرسوڕهێنەرەکانی هەیەتی، دەستبەداری ئەو هەموو خەسڵەتە سروشتی و وزە گەورە و نهێنییە شاراوەکانی توانا و لێوەشاوەیی و داهێنانی خۆی دەبێت، خۆی وەک مادەیەکی سارد و ڕەق و تەقی ئامادە بۆ بەکارهێنان دەبینێتەوە. بەڕاستی ئەمە هیچ نییە، جگە لەوەی بوونەوەرێکی وەک مرۆڤ لە مرۆڤ بوون دەخرێت و دەیخەنە خانەی ماددەوە، هەر لەبەر ئەوەی تیۆرییەکەی ئەوان، وای داناوە و تەڕدەماغی

نووسەرەکەی وای پێ خۆش بووە. زوڵمی وا قورس و گەورە و گران لە هیچ کایەیەکدا لە مرۆڤ ناکرێ، وەک ئەوەی بە ناوی تیۆرییەکانی مادی و مۆدێرنیزمەوە لە مرۆڤ دەکرێت. ئەمە بە کۆیلەکردنی مرۆڤە بۆ ئاستە هەرە نزمەکەی و هەرکەسێ ئەمە پەسەند بکات، وا لە مولکایەتی و تایبەتمەندێتی خۆیدا دەستبەرداری بەها و مەزنایەتییەکی گەورە دەبێت. ئالێرەوەیە نووسەر د. عرفان، دەچێتە ناو باسگەلی دروستکردنی نەتەوەکانەوە، بە پێی ڕوانین و سیستەمی بیرکردنەوە و کارکردنی مۆدێرنیزم. چونکە گەر نەتەوە لە کۆی چەندین مرۆڤ پێکهاتبێ. وا ئەویش مەحکومە بە یاسای کەرەسەی خاو و ماددە، بۆ دروستکردنی شتگەلێکی نوێ، بەدەستی وەستاکانی مۆدێرنیزم. ئەمەش چەقی ئەو باسانەیە، کە دەبنە کرۆکی ئەم بەرهەمە و لە لاپەڕەکانی داهاتوودا تاوتۆیان دەکەین.

مۆدێرنیزم بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی خۆی، بەو دەسەڵاتە ماددیی و مۆراڵییانەی ها لە پشتییەوە، وا دەیەوێ هەموو بووە سروشتییەکان، سەرلەنوێ وەک کەرەسە و مادە (هیولا) یەکی خاو، تێهەڵشێلێتەوە و بە پێی ئارەزوو و مەرام و قاڵبەکانی خۆی، لە فۆرمی نوێدا دایانڕێژێتەوە و شێوەگیریان بکات. بە کورتی (ماهیەتی مۆدێرنیزم) کارخانەی دروستکردنە، دروستکردنێک کە هاوئامانجی ڕەوتەکەی خۆی بێت. بە واتایەکی تر، ئەرک و بایەخی مۆدێرنیزم بریتییە لە: داماڵینی خەسڵەت و تایبەتمەندییە سروشتییەکان، لە مرۆڤ و نەتەوەکان و بووە خۆڕسکەکان و کردنیانە، بە کەرەسەی پێداویستی سازدان و داڕشتنی ئایدیای نوێ!. ئەمەش گەورەترین هەڕەشە

و ســووکایەتییە لەســەر چارەنووســی مــرۆڤ. مرۆڤــی کــورد بەتایبەت، کە خاوەنی هیچ شتێکی خۆی نییە. یان هەیە و لێی زەوت کراوە و لێی دزراوە و لێی شێوێندراوە.

**" هەر مرۆڤێک یان هەر میللەتێک خۆی بە مادەیەکی رەق و تەق نەزانێ و قبووڵی ئەوە نەکات ئەم خواوەندە بوونی پێ ببەخشێت و وا بیربکاتەوە کە سیستەمی بوون پەرەسەندنەکەی لەناو خۆیدایە، ئەوە هەتاهەتایە لە دۆزەخی مادە و رەقوتەقەکان بۆ خۆی دەمێنێتەوە و نابێت بە هیچ".(٢٢)**

هەروەک نووسەریش ئاماژەی پێداوە، مارکسیزم قۆناخەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگای بە: دەرەبەگایەتی، سەرمادایەری و دوا قۆنــاخ کــۆمەنیزم، دەستنیشــان و نــاوزەد کــردووە. هاوســات مۆدێرنیزمیش بۆ قۆناخی: ڕاووشکار، کشتوکاڵی و دوا قۆناخ پیشەسازی دابەشی دەکات. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، نەتەوە وەک بـــوویەکی ئەقڵـــی و سروشـــتی، لەم دوو تیـــۆریی و قوتابخانەیەدا، کە هاومەبەستن و کەموزۆر لە یەک سەرچاوە ئاو دەخۆنەوە، دیاردەیەکی نەگریس و هەڵتۆقیوی سەردەمێکی نەهامەتییە. لای یەکەم، زادەی قۆناخی دەرەبەگی و لای دووەم بووەیەکی ناو کۆمەڵگای پیشەسازییە. ئەم دیاردە کاتییە، لە قۆناخی کۆمەنیزم و لە پیشەسازیدا، دروست دەکرێ. لە کاتێکدا گەر بێت و لە وڵاتێکی وەک شورەوی جاران بڕوانین، دەبین ئەو دەسەڵاتدارێتییە، گەیشت بە دوا قۆناخی پەرەسەندنی خۆی و کەچی نەتەوەکانی بندەستی، هەرگیز دەستبەرداری بوون و هەبوون و تایبەتمەندییەکانی خۆیان نەبوون. لە چرکەساتی کــرانەوەی ناســراو، بە پێرۆســترۆیکا و گلاسنۆســدا، هەمــوو

ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بڵندکردەوە و سنووری دەوڵەتیان کێشا و دیاری کرد.

هەروەها ئەوە دوو سەدەیە، ئەوروپا بە قۆناخی پیشەسازی و دواپیشەسازیشدا تێدەپەڕی و ڕەنگە بەجێیشی هێشتبێت، کەچی تازە بە تازە، گوێمان لە هاوار وناڵەی نەتەوەکان دەبێت، بۆ تایبەتمەندیی بوونی نەتەوەیی و قەوارەی سەربەخۆ. بەنموونە، کاتالانی، سکۆتلەندی، باسک و ئیرلەندییەکان... هتد. لەتەک هەموو هەوڵەکانی ئەم هەژموونەی مۆدێرنیزمدا، بۆ کەوی و ماڵیکردنی خەسڵەت و بووە سروشتییەکان، هێشتا نەیتوانیوە مرۆڤ و نەتەوەکان لەقاڵب بدا و چوارچێوەبەند بکات، بەو شێوەیەی تیۆرە مۆدێرنیزمەکە مەبەستێتی و کاری بۆ دەکات. چونکە ئەوەی ئەو دوو تیۆرە گەرەکیانە ئامانجێکی گڵاوی سیاسییە، زلهێزەکانی دنیا لە سەری کڕ کەوتوون و لە بەرەکەی دەخۆن و لە سایەیدا حەساونەتەوە. کەواتە مرۆڤ و نەتەوەکان، بوویەکی زۆر ڕەسەنترن، لەو چوار خەت و خاڵەی بیریارێک کێشاوێتی و گەرەکێتی خوێندنەوە بۆ مێژوویان بکات، لێ لە پشت پەردەی ڕەش و بەدەم ژەهری ئایدۆلۆژیا و مەبەست و گومانی ناپەسەندەوە خواست و ئامانجی دیکە خراوەتە بەرنامەوە.

مەسعوود محەمەد دەڵێ:

"**بیریاری مادی تەقلیدی لە مەسەلەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بێ ئەوەی پێوەی دیار بێ، کە هەست بەخۆی دەکا دوو جاران دژی دوو ڕاستی هەرە گەورە هەڵەدەچەقێ:**

**جارێکیان: کە دێ لەگەڵ دان هێنان بە گۆڕان و بەرەوپێش چوونی مرۆڤدا داوامان لێ دەکا بسەلمێنین گۆیا دەستوورەکانی ئەو دۆزیویەتەوە بۆ بەرەوپێش چوون دەستووری ئەبەدین و شەقامە ڕێی ئەوپەڕی گۆڕانن، ئەمەش خۆی لە خۆی دا دژی گۆڕان و بەرەوپێش چوونی بەردەوامە چونکە کۆمەڵایەتیمان لێ دەکاتەوە بە کیمیا و فیزیا کە دەستوورەکانیان ئەبەدین، دژی ڕاگەیاندنەکانی خۆشیەتی لەوەدا کە گۆڕان بە شتێکی ئەزەلی و ئەبەدی دادەنێ بەڵام دەستووره قاڵب بەستوەکانی خۆیشی ئەزەلی و ئەبەدی دادەنێ بەڵام دەستووره قاڵب بەستووەکانی خۆیشی بە ئەبەدی لە قەڵەم دەدا، ئینجا خۆیشی دەکاتە مامۆستای زانا و فەیلەسووف و رابەری دوارۆژ بە هۆی ئەبەدی بوونی نەزەریەکەیەوە کە ئیتر هەموو مامۆستایەکی دوارۆژ هەر قوتابی دەبێ و هەموو بلیمەت و زانا و هونەرکارێکیش کاوێژکەرەوەی بەرماوەی فکری ئەو. عەجایب! هەر لە ئێستاکەوە خەڵق ڕازی نییە بە مامۆستایی ئەو کەچی هەر خۆی خۆی تەعین کردووە بە مامۆستای قالوبەڵا...**

**جاری دوەمیشیان، لەوەدا کە دێ بەشێکی گرنگی خاسیەتە بەردەوامەکانی مرۆڤ دەباتەوە بۆ عامیلە نابەردەوامەکەی جۆری گوزەران وەک ئەوەی مرۆڤ بەتەواوی ئاوێنەیەکی بێ ئیرادە و بێ خواییشتی دەروونی و بێ ڕق بوونەوە و بێ خۆش ویستن و ترس و تەما و ئومێدی تایبەتی ....و... و...بێ کە هەر دەبێ تیشکی ئەو هاندەرە مادییە یەکسەرانە بداتەوە کە دەوریان لە لەشی داوە".**

د. عرفان بە وردیی و بە دیقەتەوە تاوتوێی ئەم پرسگەلە دەکات و پشوودرێژانە، لەسەر باسەکەی دەڕوات و دەنووسێ:

**"نەتەوە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵە مرۆڤێک، مرۆڤیش بە ئەسڵ بوونەوەرێکی سروشتییە و بوونەوەرێکی دروستکراوی دەستی ئەم خواوەندە نوێیە نییە، هەر شتێک لە بەشدا سروشتی و زیندوو بێت، لە گشتیشدا سروشتی و زیندووە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەتەوەش بوونەوەرێکی زیندوو و سروشتییە، چونکە پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە مرۆڤێکی زیندوو و سروشتی، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە ئایدیاڵی نەتەوە و سیستەمی بوون و پەرەسەندنەکەی هەر دەبێت لە بوون و پەرەسەندنی ئەو کۆمەڵگایە رامێنین کە بووە بە نەتەوە".(٢٢ ـ٢٣)**

ئیدی لەم میانەدا، دوای هەست پێکردن و ناسین و دیاریکردنی نەتەوەی دروستکراو و زیندوو و سروشتی، دەگەین بە دووجۆر تیۆری جیاواز و پێچەوانەی یەکتر{{تیۆری مۆدێرنیزم و تیۆری فەلەسوفانی ئەڵمانی}}.

نووسەر، کتێبەکەی بە هەوڵێک بۆ تێکشکاندنی "مۆدێرنیزم"دادەنێ. شکاندن بە مانای هەڵوەشاندنەوەی ئەو رێسا و یاسایانەی، مۆدێرنیزم کردوویەتە پێوەر و نۆرم، بۆ کار پێکردن و ناونانی، دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی مەیدانی نەتەوە و دەرکەوتەکانی دیکە. ڕووخاندنی مۆدێرنیزم بە شێوەی دارمانی کۆشکی خەیاڵی ئەوانەی بە شەوارەی کەوتوون. هەڵوەشانەوە و هەڵتەکاندنی ئەو دیوارانەی لە بەردەم ئاسۆی بیرکردنەوەمان دا بە ناسروشتی و بڕەک بە زۆرداری هەڵچنراون. ڕامالێنێکی ئەو تەمومژەی ڕێی لە دید و بینینمان گرتووە. بنبەستکردنی ئەو لاڤاوی نەزانییەی بۆ لوولدانی هەموو بەها سروشتییەکان، هەڵی کردووە.نووسەر لەم کارەشدا پشت دەبەستێ، بە میتۆدە

زانستییەکانی مێژوو و سروشت، فەلسەفە و واقعی بوون و کۆمەڵایەتی، کە لە واقیعی سروشت و ژیان دا هەن و وەک تەن و بوونێکی سروشتی نەمر  و نەگۆڕ بەرجەستەبوون.

بەهای ئەم ڕەنجە گەورەیە، لە هەڵتەکاندنی مۆدێرنیزم، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەسەر زەمینەیەکی سروشتی و واقیعی دەرگا و پەنجەرەیەکی دیکە والا دەکات بە ڕووی ئاسۆی تێڕوانین، لەمەڕ پرسی کوردەوە و دەرفەتێکی ساز کردووە، بۆ سەرلەنویٚ قوڵتر بیرکردنەوە و بەدیقەت ڕوانین، لە پرسی خود و کوردناسی. بۆ دەستپێکێکی نوێی بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە بنەما و ڕیشە و ڕەهەندەکانی (**کوردبوون**).

# بەشی یەکەم:
# بیرۆکەی نەتەوە لە نێوان عەقڵ و واقیعدا

لە نامیلکەی (نەتەوە و نەتەوایەتی)دا هاتووە: نەتەوە کۆمەڵە مرۆڤێکن بە پرۆسەیەکی مێژوویی خۆڕسک پەیدا دەبێ و حاڵەتێکی دەروونی و ویژدانی نێزیکی و خۆشەویستی لەسەر کۆمەڵی بنەما و زەمینەی هاوبەشی پێداویستییەکانی ژیان و مانەوەی پەلەی ژیانی نێو دەروونی مرۆڤ وای کردووە بۆ پتر خۆقامکردن و خۆپاراستن لەناهەمواری و سەختی سروست و ژیان لەیەکدی نزیک ببنەوە.

Herder هێردەر جیهانی وەک : باخچەیەکی گەورە دەبینی، کە نەتەوەکان تێیدا وەک ڕووەکەکان بە پێی یاسا و دەستوورێکی تایبەتی و نهێنی خودایی خۆیان گەشە دەکەن، هیچ نەتەوەیەک پێش ئەوی تر نەکەوتووە، بەڵام هەر یەکێکیان تەواو جیازە لەوی تریان.

هەر بۆیە نەتەوەی پورتوگال و بەرازیل هەردوو بە فەرمی بە زمانی پورتوگالی قسە دەکەن، کەچی یەک نەتەوە نین و هەر یەکەیان خاوەن تایبەتمەندێتی خۆیەتی.

Otto Dann ئۆتۆ دان دەڵێ: نەتەوە کۆمەڵگایەکە، لەسەر بنچینەی مێژوویەکی ڕەسەنی هاوبەش، ویستی سیاسی ساز دەدات. نەتەوە وەک کۆمەڵگەیەکی هاوکار تەماشای خۆی دەکات و باوەڕی بە مافی وەک یەکی ئەندامەکانی هەیە. پشتی بە لەهەڤهاتنێکی بنگەیی لە کولتووورە سیاسییەکەی بەستووە.نەتەوەکان هەمیشە خۆیان ئاڕاستەی سەرزەمینێکی

دیاریکراو دەکەن، بۆ زێد و نیشتمانی دروستبوونیان. ئامانجی هەرە گرنگی خۆیان بەرپرسی دارشتنی پەیوەندی ژیانی خۆیان، بەرپرسی سیاسی خۆیان(سەروەریی و سەربەخۆیی)ناو سەرزەمین / وڵاتی خۆیان .دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان بن . نەتەوە، وەک چەمکێکی ئایدۆلۆژی ئینتگراسۆسۆنیش دەبینرێ، کاتێ بە میکانیزمێک کار دەکات: بە ئاراستەی ناوەکی ئینتگراسیۆن و بە ئاراستەی دەرەکی، دیاری کردنی سنوور، یاخود خۆجیاکردنەوە لەوانی دیکە.

ئەمانەش یەکێکن لەو پێناسە زۆروزەبەندە سەرەتاییەی نەتەوە.  ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەشی بەناوی زانستەوە کراون، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، نەتەوە زیاتر لەو کاتەدا دەردەکەوێت، کە وڵاتێک لەناوەندێکی ئابووری دا دروست بکرێ و ئاوەدان بکرێتەوە و  بەهۆی تۆری رێگاوبان و ئاڵوگۆری پەیوەندی و هاتووچۆوە پێکەوە ببەسترێنەوە. زمانێکی ستاندارد لە دیالێکتە جیاوازەکان دروست بکەن. گرووپێک ئەم زمانە بچەسپێنێ. هەستی کۆمەڵگا لەسەر بنچینەی کۆمەڵایەتی و کۆمۆنیکاسیۆن فراوان بکرێ و ئەم بنەمایانە ببنە دەستوورێک بۆ گەل و پاشان ئینتگراسیۆنی یەکە ئیدارییەکان لە دەوڵەت دا بکرێت.

بەم شێوەیە کۆمەڵگا بەرەو ژیانێکی ئارامبەخشتر هەنگاو دەنێ و کۆچی خەڵکی رووەو ناوەندەکان زیاد دەکات و شار دەگەشێتەوە و پتر پەرە دەسێنێ.دەوڵەت دەتوانێ لەرێگەی بەرنامەی خۆیەوە سیمبۆلە نەتەوەییەکان بچەسپێنێ و هۆشیاری تاکیان بەرامبەر پتەو بکات.

ئەم دیاردەیەش لە گەلێ شوێن جیاواز دەرکەوتووە. K.W.Deutsch، زانستکار و بیرمەندی ئەم بوارە لە

توێژینەوەیەکیـــدا دەڵـــێ: نەتەوە گەلێکـــی ســـازدراوی / مـۆبیلیزەکراوی سیاسـییە. هەروەهـا دەڵـێ: نەتەوە لە ئەوروپـای ڕۆژئاوا، پرۆسـەیەکی مۆدێرن، پێشوەخت و لەسەر خۆ دەرکەت. Integrativ. لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا درەنگ وەخت دەرکەوتـوو و لەسـەرخۆ بـوو Sezessionitisch. لە جیهـانی سێیەمیشـدا، درەنگ وەختتر و خێراتر هاتە پێشەوە.

لە تـــوێژینەوەیەکی تـــردا لەمەڕ نەتەوەســـازی یـــاخود دەوڵەتسازی، ئەم تایپگەلە هاتووە:

ـ Revolutionary، واتە گـۆڕینی دەوڵەتێـک بە دەوڵەتێکـی نەتەوە، وەک فەرەنســـا. هاوکـــات نەتەوە وەک بیرۆکەیەکـــی سیاسەتی خودیی ناسراوە.

-Unifying، یەکگرتنـی کـۆمەڵە هەرێـم و دەوڵەتـۆکە، وەک ئیتالیا و ئەڵمانیا.ئەمیش وەک سیاسەتی بابەتی ناسراوە

-Sezessionist، جیـــــــــــــــابوونەی نەتەوە/ دەوڵەت لەدەسەڵاتێکی گەورە وەک هابسبۆرگ و عوسمانی و شـوورەیی و یوگســـلاڤیا. گەلـێ لە تـوێژەران کـۆکن لەســـەر ئەوەی دوو تایپۆلۆگی نەتەوە هەیە:

١ـ **ئارەزوومەندانە/ دڵخوازانەی سیاسی** : وەک لە ڕۆژئاوای ئەوروپا

٢ـ **ئێتنیکی ـ کولتووریی:** لە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا.

Giuseppe Mazzini، دەڵــێ: نەتەوە کــۆمەڵێکی گەورە یـاخود بچـووکن لە خەڵـک، کە یەکەیەکـی ئۆرگـانی دەنـوێنن، لەبەرئەوەی زەمینەی هاوبەشیان لە زۆر شـوێن هەیە.هەروەهـا دەڵـێ : نەتەوەکـان لەلایەن خواوەنـدەوەن، ڕژێـمە خراپەکـان، پێشێلی ئەم ویستە یەزدانییە دەکەن.

وتـاره بەناوبـانگەکەی زانـای تیۆلـۆگی فەرەنسـا Erst Renan: Qu,est-ce que C,es tune nation?، "نەتەوە چیـیە" سـەرچاوەی ورووژانـدنی چەمکـی نەتەوەیە. بە پـوختی دەڵێ " نەتەوە ڕۆح و گیانە، دوو شت لە ڕاستیدا یەک شتن، ئەم ڕۆحە دەکەنە ئەم پرنسیپە ئەقڵییە". بەهەر حاڵ گەشتی لێدوان و نمـوونە هێنـانەوە و باسـکردنی نەتەوە و ناسـیۆنالیزم، وا بە سانایی کۆتایی نایەت. ئێمە لێرەدا دەچینە نێو باس و تێزەکانی د. عرفانەوە لەمەڕ نەتەوە.

نووسەر، لەم بەشەدا پێناسەیەکی گشتی نەتەوە لە بۆچوونی بـاوی مـارکس و فەلسـەفەوە، بە تـایبەت فەلسـەفەی ئەڵمـانی دەکات . لەم دەروازەیەوە دەچێتە نێو باسەکانەوە قسە لەسـەر کۆمەڵگـا و ژیـان و تـا دەگـاتە ئەوەی بـاس لە چـۆنییەتی سـەرهەڵدانی نەتەوەیە دەکـات . لێرەشـدا دوو ڕێگـا دەخـاتە بەرچاو:

**یەکەم**: ڕێـگە بـاو و بەرفراوانکـراوەکە، کە لە ناواخنـدا مەبەستی مۆدێرنیزمە!.

**دووەم**: ڕێگای فەیلەسووفانی سەدەی ١٩ی ئەڵمانیا.

کرۆکی باس ئەوە نییە مریشک لە هێلکەیە یاخود هێلکە لە مریشـک بێـت، بەڵکـو هەوڵ و کـار سەراسـۆییە بەدوای ئەو ڕاستییەدا، کە ئایا نەتەوە بووەیەکی دەستکردە و وەک ئامێر و شتگەلەکانی دیکە، بەرهەمی دەستی مرۆڤە و مرۆڤ لە ڕێگەی ئەو بیروبـاوەڕ و ئایـدۆلۆژیایەی بـاوەڕی پێیەتـی و ئەو سیسـتەمەی دروسـتی کـردووە، نەتەوەی هێنـاوەتە کـایەوە؟. دەورووبەری مـادیش کەرەسـە و لانـک و هۆکـاری دروسـتبوونەکەیە؟. بەواتـای فـاکتی ژێرخـان، داخـۆ هۆیەکـانی

بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەهەرمهێنان سەرخانی کۆمەڵگە دیاری دەکەن و بڕیار لە چارەنووسەکەی دەدەن؟. گەر ئەم حاڵەتە ڕاستی و دروستی هەبێت، حوکمێکی قورس و گران، بەسەر مرۆڤ دا، وەک بوونەوەرێکی سروشتی دەدرێ و نەتەوەش هاوکات دەبێتە دروستکراوەیەکی ئامانجێکی دیاریکراوی سیاسی. ئەمەش بیروڕا و ڕوانگەی دەستەی یەکەمە مۆدێرنیزمەکان، و هەڵگرانی بیری مارکسیش، هاوڕان لەسەر ئەم بۆچوونە.

دەستەی دووەم، نەتەوە بە بوویەکی عەقڵی دەبینین، کە پێشوەخت لە عەقڵدا، بە سروشتی ئامادەیی هەیە، یاخود لەناو بیردا هەیە، پاشان بە ڕەوتێکی سروشتی خۆی نمایشت دەکات. لەم ڕوانگەیەوە بووە سروشتییەکان لە عەقڵدا هەن و دوایی خۆیان شێوەگیر دەکەن. گەر ئەقڵ و هۆش و بیر نەبێ، کە هەر هەموویان لە مرۆڤدا بەرجەستەبوون و هەن، وا سەرلەبەری دنیا مادییەکە ناتوانێ بووەیەکی بە سروشت بووی وەک مرۆڤ/ نەتەوە، دروست بکات. بەدەر لەمانەش پێش مۆدێرنە نەتەوە هەبووە و لە ئەدەبیاتی سەدەکانی ١٥ و ١٦ دا باسکراوە و بەردەوامیش هەر دەمێنێ و لە هیچ قۆناغێکیشدا نافەوتێ.

مەسعوود محەمەد، ئاوا پەسنی گرنگی و کاریگەری مرۆڤ دەکات و دەڵێ:

**" مـن کە دێـم باسـی مـرۆڤ دەکەم بە هەمـوو عەیـب و عاریەوە لە پێشەوە سەلماندوومە و لە خۆم کردووە بە ئایین کە مرۆڤ هەرچەند لە پلەی زێدە کز و بەرەژێری تێگەیشتن و بە خۆنازین و ڕەفزی بەندەییدا بێت دیسانەوە هەر خۆی تاکە کاریگەری مێژوو و کۆمەڵایەتییە و بێ ئەو ڕووت و ڕەجاڵەی کە جارێکیان دەبێتە میری سەربڕ و جارێکیشیان پێڵاوی ئاغا و**

**شێخ و ڕابەری سیاسی ماچ دەکات و لە لایەکی دیکەشەوە چرای زانست و داد و شەرافەت هەڵدەگرێت، بێ ئەو مەخلووقە هەرچی سروشت هەیە گیانی شانازی و نرخی بەرز و ئیبداع و دۆزینەوە و داهێنان دەدۆڕێنێت و دەبێتە قەپیلکێکی حەتاڵ و بەتاڵ، بێئاگا و بێنیاز..مرۆ ئیعجازی هەرە هەرە هەرە گەورەی چەرخوفەلەکی نۆ نهۆمی کۆنینە و فەزای بێسنوور و بڕانەوەی سەردەمی زانست و تەکنیکە.(هەتا دەمی ئەم نووسینە قسەکەم بەڕاستی موتلەق دەزانم، ئەوجا ئەگەر لە دوارۆژدا ئیعجازی گەورەتر پەیدا بوو، واتە دۆزرایەوە، ئەوسا قسەکە دەگۆڕێت بە هێنانە خواری پلەی مرۆڤ لە ژمارە یەکەوە بۆ ژمارە دوو".**

ئیدی ململانێ و دیالێکتیکی یەکەمایەتی نێوان مرۆڤ و دەورووبەر، و ڕۆڵ و کاریگەرێتییان، لە بەردەممان دا خۆی قووت دەکاتەوە. فەیلەسووفانی ئەڵمان ڕۆڵی سەروەریی و گرنگیی و یەکەمایەتی دەگێڕنەوە بۆ مرۆڤ و عەقڵەکەی. نووسەر بە وردی و بە دیقەتەوە لە دووتوێ ٦١٥ لاپەرەدا، بە تانووپۆی ئەم باسگەلەدا دێتەخوارێ، تا وێنە جوان و دروستەکەی مرۆڤ/نەتەوەمان بۆ دەکێشێ و پێشکەش دەکات.

**کۆمەڵگای پیشەسازی وەك زەمینەی سەرهەڵانی بیرۆکەی نەتەوە**

کۆمەڵگای پیشەسازی، وەک زەمینەی سەرهەڵدانی بیرۆکەی نەتەوەیە. مۆدێرنیزمەکان لێرەدا کەموزۆر دەیانەوێ بڵێن، ئەو نەتەوانەی بەم قۆناغەدا تێنەپەڕیون، نەتەوە نین و ناتوانن ببنە نەتەوە، چونکە هەموو دەزانین مەڵبەندی سەرهەڵدان و گەشەکردنی شۆڕشی پیشەسازی ئەوروپای ڕۆژئاوایە. ئەمەش ئەرگومێنتە بەدەست ڕۆژئاواوە، کەوا ئەم دیاردەیە، زادەی

هەناوی خۆیانە. خاوەنی ئەم بیرۆکەیە، ئیلی قەدووری Elie Kedourie، مێژوونووس و پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ئیکۆنۆمی لەندەن، کاتێ ساڵی ١٩٦٠، کتێبەکەی بەناویNationalismus/ نەتەوەخوازییەوە بڵاودەکاتەوە، دەنووسێ:

**"نەتەوەکان بوونێکی سروشتییان نییە و بوونێکی دروستکراویان هەیە و مێژووی دروستکردنەکەشیان لە دوو سەدە تێناپەڕێت، واتە بەر لە سەرهەڵدانی مۆدێرنە و کۆمەڵگای پیشەسازی بوونیان نەبووە".(٣١ ).**

دوای ئەویش دیارترین کەسانێک، کە هەمان ڕێچکە دەگرنەبەر (ئێرنست گێلنەرErnst Gellner و ئێریک هۆبزباومErich Hobsbawm، ئەنتۆنی سمیس Anthony Smithو بێنەدیک ئەندرسۆنBenedict Anderson)، ئەمانە لەژێر کاریگەریتی مارکسیزمدا، تێڕوانینی خۆیان لەمەڕ نەتەوە دارشتووە.

ئەگەرچی لەم بەرهەمەدا ناویان نەهاتووە، لێ کارە زەبەلاحەکانی دوو بیرمەندی ئەم بوارە Deutsch & Karl.W. Miroslav Hroch دەکەونە هەمان بازنەوە. هرۆش، خاوەنی کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی دیارە، لەم مەیدانەدا و لە دنیای ئیمرۆی کارە ئەکادیمییەکاندا، لە ڕیزی پێشەوە دادەنرێ.

دۆیچیش یەکێکە لەو زانستکارانەی لە دنیای ئیمرۆدا، بایەخێکی زۆر بۆ کارەکانی دادەنرێت. قورسایی کارەکانی لەسەر نەتەوە بە کۆمۆنیکاسیۆنی ئاڵوگۆڕی پێوەندی کۆمەڵایەتییەوە گرێ دراوە. ئەمەش لە ڕێگای قۆناخەکانی سازدانی جڤاتی، توانەوەی کولتوری و خۆگونجاندنی/

ئینتەگراسیۆنی سیاسییەوە دێتە دی. باوەڕی وایە نەتەوە گەلێکە، کە خاوەنی دەوڵەت بێت. سەرەتا دەستە و گرووپی هەڵبژاردە، شاعیر و نووسەران و مێژوونووسان، سەرمەشقی مەسەلەی تێکەڵبوونە کولتوورییەکەن و پاشان ڕێکخراوە بچووکەکان دێنە مەیدانەوە و درێژە بە پرۆسەی نەتەوەسازی دەدەن. هاوشانی ئەمانە، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی سیمبۆڵ و هێما نەتەوەییەکانەوە، وەک سروودەکان، پەرە بە کارەکان دەدرێ و دواتر جەماوەر و منداڵان لە ڕێگای گرووپ و ماسمیدیاوە، دەخرێنە گەڕ.لەم کەناڵەوە شتەکان بە هەموو کەس دەگات و بەم پێیە نەتەوەسازی بە ئەنجام و کامڵ بوون دەڕەسێ.

بە گوێرەی تیۆری گێلنەر، نەتەوە لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا دروست دەبێت. واتە بیرۆکەی نەتەوە تەنیا لەناو هوشیاری کۆمەڵگا پیشەسازییەکان دا سەرهەڵدەدات. دیارە پەرەسەندنی پیشەسازیش بەرهەمی ڕۆژئاوایە، لەمەوە لە کرۆکی بۆچوونەکە تێدەگەین، بۆ هەوڵی قۆرخکردنی ئەم دیاردەیە بەردەوام لە لایەن بیرمەندانی ئەورووپا و ڕۆژئاواوە دەدرێ. جا گەر وابێت، کۆمەڵگا کشتوکاڵی سەرەتاییەکان و ئەوانەی بە قۆناغی پیشەسازی نەگەیشتوون بەسانانی لەم هاوکێشەیە دەکرێنە دەرەوە. بۆنموونە سەردەمانێ **ئەحمەدی خانی** باسی نەتەوەی کردووە، کۆمەڵگەی کوردی لە قۆناغی پیشەسازیدا نەبووە. دەی گێلنەر و هاوشێوەکانی چ وەڵامێکیان بۆ ئەم دیاردە و ڕاستییە مێژوویە هەیە؟!.

لای ئەندەرسۆن، کۆمەڵگایەکی فەنتازیاکراوە و ڕامان دەکرێت. نەتەوە تەنها وەک خەیاڵ لە مێشکدا بوونی هەیە،

سەرەڕای ئەوەی ئەندامەکانی هێشتا یەکتر ناناسن و نەیانتوانیوە یەکتر بناسن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕامانەیان بۆ کۆمەڵگا هەیە. ئەندەرسۆن پێی وایە، سیستەمی کولتوریی کە لەسەر ڕەگوڕیشەی کولتووریی ساز دەبن، لە ئاکامی هۆشیارییەکی نەتەوەیی دەخوڵقێت. ئەمەش لە ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگای ئایینی و بنەماڵەییەوە، بەتایبەت ئایینە گەورەکان لە سەدەی ناوەڕاست دا، ململانیی لەسەر ئینجیل و قورئان یاخود زمانی لاتینی و عەرەبی بووە.

نەتەوە هەر بە تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی فۆڕمە کۆمەڵایەتییە کۆنەکە"بنەماڵە و ئایین" دروست نابێ، پێویستە دەستاوێژی تر بێتە ئاراوە، بۆ بڵاوکردنەوەی نەتەوەی وێناکراو، لە ڕێگای ڕۆژنامە و ڕۆمان نووسین و بە گشتی چاپەمەنییەوە. کاپیتالیزمیش زەمینەی چارەنووسسازی نەتەوەیە و فاکتی گرنگی نەتەوەخوازییە. ئەندەرسۆن ئاماژەیەکی گرنک دەکات و پێی وایە ناسیونالیزمی ئەمریکایی ئایدیال و سەرمەشقی ناسیونالیزمی ئاسیایە. لە ئەوروپاش دەرئەنجامی شەڕ و داگیرکاری ناپلیۆن و فەرەنسا، نەتەوەخوازی سەری هەڵدا. لە ئەمریکا، لە ئەنجامی شەڕەکانی سەدەی ١٧ و ١٨، نەتەوەکان لەسەر بنچینەی زمان و کولتور لە یەکتر جودابوونەوە و سنووریان بۆ خۆیان کێشا.لەم کیشوەرە، چینی ناوەندی هەڵگری نەتەوەخوازی نەبوون، بەڵکو دەستەبژێرێک ڕابەربوون. لەسەدەی ١٨ دا، نێزیک بە ٢٠٠٠، هەزار ڕۆژنامە، کە ٥٠٠ سەدیان لەوکاتەدا تەمەنیان ١٠ ساڵ زێتر دەبوو، ڕۆڵی سەرەکیان لەم پرۆسەیەدا گێڕاوە. لای سمیسش بەردەوامێتی ئێتنیک و کاریگەرێتی ڕەواجدارە.

د. عرفان بیروباوەڕەکانی گێلنەر، وەک دیارترین کەسانی ئەم گرووپە هەڵدەبژێرێ و دەیکاتە نوێنەری، هەموو ئەوانی دیکە و بە چڕیی و خەستی لێیان دەدوێ. لە ڕاستیشدا ئەم باسگەلە و بیروڕاکانی گێلنەر تا دوا لاپەڕەکانی ئەم بەرهەمە، هاوشانی باسەکان، ئامادەیی هەیە و، نووسەر هەڵیان دەسەنگێنێ و لەسەر تێزەکانی ڕادەوەستێ. گێلنەریش وەک مارکس، قۆناخەکانی گۆڕانی کۆمەڵگای ڕیزبەند کردووە. قۆناخی پیشەسازی، دوا وێستگەی گۆڕانە و لێرەدا هەلومەرجی پێویست بۆ دروستکردنی بیرۆکەی نەتەوە دەخەملێ، لە ڕێگای خستنەکاری نەتەوەخوازییەوە.وەک ئامراز و بگرە ماکینەی دروستکردنی نەتەوە.

بە پێی هیپۆتێزەکانی ئەم خاوەن تیۆرییە، ناسیۆنالیزم دەستاوێژ و هۆکاری دروستکردنی نەتەوەیە. لەمەشدا چاوپۆشی لە بوونی عەقڵی و سروشتی و واقیعی نەتەوە دەکات و ئەو مێژووەش لەبەرچاو ناگرێ، کە زۆر پێش سەردەمی پیشەسازیش، نەتەوە هەر بە سروشتی هەبووە.

مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێ:

**" بەهەمەحاڵ دابڕینی فکر لە واقیع کەڵک لە فکرەکە دەبڕێ و وای لێ دەکات بچێتە ریزی دامە و شەترەنج کە زانین و نەزانین لە سنووری خۆیدا دەمێنێتەوە و هیچ شتان بە ئیسپات ناگەئەنێت و هیچ روون ناکاتەوە و هیچ درۆیان لە کەس سپی ناکاتەوە، هەر هیچ ناکات".**

**" کۆمەڵگا پیشەسازییەکان کە کۆمەڵگای نەتەوەیین، بەرهەمی تەقلیدکردنەوەی واقیعێکی داهێنراو و نوێن، ئەو واقیعە**

**داهێنراوە نوێیەش بەهۆی ئەو ئامێرە نوێیانەوە هاتووەتە ئاراوە، کە کۆمەڵە کەسێک دایانهێناون و کەسانێکی تر پەرەیان پێداون و کردوویـانن بە کـۆمەڵە ئـامێرێکی نـاو بـۆ بەرهەمهێنـانی پێداویستییە مادییەکان"(٤٠)**

لە کۆمەڵگـای پیشەسـازیدا، کـۆمەڵێ گـرووپ هەن، نووسـەر بەم جۆرە دابەشیان دەکات:

- **ئامێرخوڵقێنەرەکان**... ئەوانەی لە ڕێگای مەعریفە و ئەقڵەوە بۆ یەکەمجار ئامێرەکانیان داهێناوە.

- **ئـامێر سـازەکان**...ئەوانەی بە لاسـاییکردنەوەی گرووپـی یەکەم، دەتوانن تەنیا ئامێرەکان دروست بکەن.

- **ئـامێر بەکارهێنەرەکـان**.. ئەوانەی نـاتوانن داهێنـان و ئـامێر سازکردن بکەن، لێ بەس دەزانن بەکاری بهێنن.

لای کۆمەڵگـا ئیسـلامییە تەقلیـدییەکان، ئاکـار جێـی ئـامێر دەگـرێتەوە و هەمـان کـار ئەنجـام دەدات. واتە داهێنـان و سـازکردن و بەکارهێنـان، لە ئاکـاردا پێـڕەو دەکـرێ.. ئاکـار خوڵقێنەرەکان، ئەو کەسانەن لەسەردەمی موحەمەددا ئاکارێکی نوێیـان خوڵقانـدووە، کە پێشـتر نەبووە.ئەمـانە هەر خـوڵقێنەر نەبـوون، شـێوەگیرکەر و سـازکەری ئەو ئاکـارەبوون لە ژیـانی ڕۆژانەدا. ئاکارسـازەکان: ئەوانەن یاسـا خولقاوەکـان بە پرۆسـەیەکدا دەبەن شـیاوی لاسـایکردنەوە و کـۆپیکردن بێـت. ئاکـار جێبەجـێکەر، لەشـکری جێبەجـێکەر و پێـڕەوکەری یاسـا خولقاوەکانن. جیاوازی ئەم دوو کۆمەڵگایەش ئەوەیە:

یەکەم، کۆمەڵگـای پیشـەیی یە. دووەم، کۆمەڵگـایەکی ئاکـاری یە.

**بیرۆکەی نەتەوە لە نێوان کەلتوری پیشەیی و کەلتوری ئاکاریدا**

هەوڵی ئەم کۆمەڵە بیریارە، یاخود دیدی ئەم قوتابخانە هزرییە، کێشمان دەکاتەوە بۆ ناو ململانیی نێوان مادە و هۆش. ئەوان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، بوونی نەتەوە، لە واقیعدایە و چ پەیوەستیەکی بە فکرەوە نییە. یاخود دەوروبەر و واقیع و کەرەسە و ئامێرەکان ئاغان و ئەوان پێویستی هەر شتێکیان بە گرنگ زانی، بڕیاری دروستکردنی دەدەن. لەمەشدا هەڵکەوت و بەها و گرنگی مرۆڤ و هزر و هۆشی دەخەنە، خانەی فەرامۆشیی و ناکاراییەوە و چ هەژمارێکی لەسەر هەڵناچنن. مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێ:

**" دەمەوێ بزانین لە تەفاعولی مرۆڤ لەگەڵ سروشت کە بنەمای هەموو ژیان و بەرەوپێشچونێکە ئایا کاریگەری یەکەم مرۆڤەکەیە یا مادەکە؟ ئایا مرۆڤ کە دێت و دەچێت و ڕاو دەکات و دەچێنێت و نەوت دەردەهێنێت و فڕۆکە بەرەو بڵندایی دەبات و بۆ بنی دەریا قوڵ دەبێتەوە و فابریقان دادەنێت و هەنگوین لە هەنگ دەستێنێت و هێزی ئاو و با و کارەبا و ئاتۆم بەکار دەهێنێت و مرۆڤی دیکە دەکوژێت و دەیگرێت و دەیفرۆشێت و(دەشی لاوێنێتەوە)و ملیۆنەها شتی چاک و خراپ و نەچاک نەخراپ دەکات خۆی کارتێکەر و کاریگەر و ئیرادەتمەندە یاخود بووکەشوشەیەکی کۆک کراوە بەدەست ئەو شتانە و ئەوان کارتێکەر و کاریگەرن مرۆڤیش کارتێکراو و بێ ئیرادەیە؟".**

دوای ئەم خاڵە، نووسەر بەدوای بیرۆکەی نەتەوە لە نێوان کەلتوری پیشەیی و ئاکاریدا دەچێ.

**" کەلتـوریی پیشــەیی ئەو کولتـورەیە کە هەریەک لە ئـێمە پێویستە فێری بێت  تا کارێکی  لەناو کۆمەڵگادا دەست کەوێت و لە ڕێگەیەوە بژێوی خۆی دابین بکات".٤٧**

لێرەشــدا درێــژە بە باســەکە دەدا تــا بیســەلمێنێ، نەتەوە بەرهەمــی کەلتــووری پیشــەییە، نەک ئاکــاری. هەمــوو هەوڵ و تەقەلایەک دەدرێ بــۆ ســـەلماندنی ئەم بۆچـــوونە. دیـــدی قوتابخــانەکەی گێلــنەر، ئەوەیە کۆمەڵگــا کشــتوکاڵییەکان، فــرە کەلتـوورین لە ڕێگـای بـوونی دەسـتەوتاقمی جیـاواز جیـاوازەوە، کە بەسـەرخۆیاندا داخـراون و جیاوازییەکـانی نێوانیـان زەقە. ئەم گرووپانەش بە سـانایی دەسـتبەرداری تایبەتمەنـدییەکانی خۆیـان نابن. لێ لە وێستگەی دواتـردا، قۆنـاخی پیشەسـازی، چ جیـاوازی و تایبەتمەنـدییەک، لای کەس و گرووپەکـان نـامێنێ و هەموویـان لە ســایەی، یەک کەلتــوور و جــۆری هەڵســوکەوت دا، کە بــاڵ بەسـەر تەواوی کۆمەڵگادا دەکێشێ دروست دەبن و دەبنە یەک.

کۆمەڵگای پیشەسازی واتە کـار و پیشـە. گـوایە ئەم سـیفەتانە دەبنە مامـانی کولتـوورێکی هێندە بـاڵا و کـاریگەر و تێروتەسـەل، دەتـوانن کۆمەڵگـایەک لە مـرۆڤ دروسـت بـکەن و نـاوی بنـێن نەتەوە یـاخود ئەوان چـۆن ئـارەزووی لـێ بـکەن، وای نـاوزەد دەکەن . لێرەدا ئەم فاکتە، خەڵکەکە پێکەوە گرێ دەدات و ئیدی دەرفەت بـۆ کەلتــووری ئاکــاری نــامێنێ، یــاخود کــز و لاواز و ڕووکەش خـۆی دەنـوێنێ و کەلتـوورە پیشـەییەکە  باڵادەسـت و هەراشتر دەبێت.

**" کەلتوری ئاکاریش ئەو کولتورەیە کە دەبێت مرۆڤ فێری ببێـت تـا بتوانێـت بکەوێـتە نـاو پەیوەنـدی لەگەڵ دەوروبەرە کۆمەلایەتییەکەی خۆیدا".٤٧**

بنــۆڕن چ نەخشــەیەکی ئەهریمەنــی دەکەوێــتە دامێنــی ئەم بۆچـوونەوە، پێمـوایە ڕەهەنـدە ترسـناکە دوور و نزیکەکـانی ئەم دیـد و زۆرەملێیـیە، لە دوو تـوێێی ئەم خوێنـدنەوە بەرچاوتـان دەکەوێ. ئــاخر بەنــاوی مــۆدێرنێتییەوە دەیــانەوێ، بە گەز و پێوانەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، سـەرەتا مرۆڤ لەقاڵب بدەن و بیخەنە نـاو بـۆتەی تـاکەکولتووریێکی دروسـتکراوی زاڵکـراوی بەزۆر سـەپاوەوە، کە بە کولتـووریی پیشـەیی دەیناسـێنن و ئەم کولتــووورە لەڕێــی کــاری نــاو کارخانەکــان و ئامێرەکــانی وەبەرهەمهــێن و دامەزراوەکـانی تـرەوە دەرخـواردی خەڵکـی دەدەن، بە مەبەســتی درێــژەدان بە تەمەنــی ئامــانجە دووورە گلاوەکانیان.

نووسـەر کارێکی باش دەکات بۆ نزیکردنەوەی تێڕامانمـان لە واقیعەکە، لەم ڕاڕەوەوە، دەمباتەوە بۆ دنیا سیاسـەت و نموونەی لە بەرنامە و نەخشەی سیاسـەتی دەوڵەتانی داگیرکەری تـورک و فـارس و عەرەب دێنێتەوە، کە چـۆن پێڕەوییـان لەم سیاسـەتە کردووە.سیاســــەتی ســــەراپاگیرکردنی یەک کەلتــــووری دروسـتکراوی نێـو کۆمەڵگـا پیشەسـازییەکان لە چوارچێـوەی دەوڵەتەکانیانـدا، چـونکە دیـارە کۆمەڵگـا کشـتوکاڵییەکان خۆیـان خـاوەنی کولتـووری خۆیـان و ئەم کولتـوورە نـامۆیە بە سـانایی لایـان جێـی خـۆی ناکـاتەوە و ڕێـگەش بە تەنـی نـامۆ نـادەن تێکەڵیان بێت.

بـۆ نمـوونە، کـورد هەمیشــە بـۆتە قوربـانی ئەم تێـڕوانینە گشتییە. بە واتایەکی دیکە، کەلتووری تـورکچێتی و فارسـچێتی و عەرەبچێتـی، ڕەنگڕێژی سیاسـەت و ئیـدیۆلۆژیی فەرمـی دەوڵەتە داگیرکەرەکـانە. کـورد چەوسـاوەی دەسـتی ئەم یاسـا و ڕێسـا و

کەلتـوورەی، دەوڵەتە داگیرکەرەکـانە و لەم پانتـاییە کولتـورییەدا، نەک هەر جێگە و پێگەی نییە و پێی نابەخشرێ، بەڵکو دەیانەوێ ئەوەیشـی کە هەیەتـی لێـی بسـەننەوە و بەتەوای بیسـڕنەوە. نموونەیەکی دیکە، گەر دەرفەت هەبێ، وا جارێکی دیکەش ئاماژە بە وڵاتێکـی وەک شـورەوی جـاران بـدەینەوە، کە کۆمەڵگـایەکی سۆسیالیسـتی، پیشەسـازی بـوو، بەدرێژایـی بـوونی خـۆی، لە سـنووری قەڵەمڕەوەکەیـدا هەوڵـی دا، پێـڕەوی لە سیاسـەتی کولتوورێکی سەرتاسەریی و یەک ڕەنگ، بەسەر تەواوی نەتەوە جیاجیاکـان دا جێبەجـێ بکـات. بـۆ نمـوونە سـاڵی ١٩٧٩ڕووس ١٣٧، ٤٠٠ ملیـــۆن کەس، واتە ٥٢% هەمـــوو دانیشـــتوانی شـــورەوەی، کە دەکـــاتە گەورەتـــرین نەتەوەی ئەوکـــاتەی ئەو دەسـەڵاتدارێتییە. لە ٩٢ ئەنـدامی کـۆمیتەی ناوەنـدی، لە نێـوان ١٩١٩ ـ١٩٦٣ دا ٦٨ یان یاخود ٧٤% یان ڕووس بوون. ساڵی ١٩٦٦ بـــووە بە ٥٧% و ١٩٨١ ٦٨%، جـــاوەرە نەتەوەیەکـــی بچـووک بتـوانێ بەرگەی ئەم هەژمـوونە گەورە لە بوارەکـانی سیاسی و ڕۆشنبیریی و سەربازیی و ئابووریی و...هتد بگرێ. دوای تەرخـانکردنی وزە و توانـایەکی ئـابووری و میـدیایی و ڕۆشـنبیریی و بەکارهێنـانی زەبروزەنـگ و تۆقانـدنی زۆر، لـێ بیرۆکەی سیاسەتەکە نەیتوانی، بۆ هەتاهەتایە چلوورە بەستوو بێت و، ئەوەی لەبەرچاوی گرتبوو، پێی بگات و بیهێنێتە دی. لە ئاکامـدا، دوای دارمـانی شـورەوی، سیاسـەتە کولتورەکەشـی شکستی خوارد و هەڵوەشاوەیەوە.

چونکە بەڵگەنەویستە، نە هیچ کەس و نە هیچ نەتەوەیەک لە شـــورەوی جـــاران دا، ئامـــادە نەبـــوو دەســـتبەرداری تایبەتمەنـدییەکانی خـۆی بێـت. ئەرمەنـی، لیتـوانی، کـازاخی و

گورجی، هەروەک خۆیان مانەوەو زیاتر لە جاران دەستیان بە بنەما نەتەوەییەکانی خۆیانەوە گرت. ساتێ دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوت، دەستبەجێ ماڵی خۆیان جیاکردەوە و شوناسی خۆیان هەڵگرتەوە. وڵاتی یوگسلافیا بەهەمان شێوە نەتەوەکانی ناو دەوڵەتەکانی عوسمانی و هابسبۆرگی جارانیش هەمان کاریان کرد.

د. عرفان، لێرەدا چەمکێکی جوان و گرنگ، باس دەکات، کە پڕ بە پێستی باسەکەمانە، گێلنەر و هاوڕاکانی، لەم قوتابخانەیەدا کردوویانەتە، دروشمی خۆیان. ئەویش چەمکی(**بیرۆکەی خەساندن**)ە. خەساندنی لایەنەکانی پێکهێنەری فرەکەلتووری، بە ئامانجی ئەوەی کەس و کولتووری تریان لێ نەکەوێتەوە و هاوسات سازدانی یەک کەلتووریی. واتە قوربانی دان بە بەش بۆ گشت، هەر وەک دروشمە زەقەکەی مارکسیزمیش جەخت لەسەر ئەم پرنسیپە دەکاتەوە و کاری جددی پێ دەکات. لە سەردەمی شورەوی دا، مەرج بوو لەسەر نەتەوەکانی ژێر چەپۆکی ڕووسیا، قوربانی بە بەرژەوەندی خۆیان بۆ مۆسکۆ بدەن.

لە کۆمەڵگای پیشەسازی دا کەلتوورەکەی، دەکەوێتە ژێر یاسا و ڕێساکانی چاودێری و هەرکەس ناتوانێ سەربەستانە بەو جیاوازییانەی هەیەتی هەڵسوکەوت بکات. کەواتە لێرەدا کێشەی ئازادی مرۆڤ دێتە پێشەوە و تێدەگەین ئەو بانگاشەیەی لەم بوارەدا دەکرێت، کەموو زۆر بە دیوێکدا دوورە لە ڕاستییەکانەوە، چونکە هەموو دەکرێنە کەسی کۆت و بەند لەدەستوپێی دەوڵەت و لێرەوە وەک بوونەوەرێکی ڕەشمە لەمل

هەڵسوکەوتی پێ دەکرێت و دوای خەسانەکە هەمیشە ملکەچ بێت.

کەواتە دەبێت لەم کۆمەڵگایەدا، کەلتوورەکە بە پێی یاسای ڕووەک پەروەردە بکرێ. کولتورێک وەک تۆ و دەیچێنن و چاوەڕێی دروێنەی جۆرێکی تایبەت لە بەروبووم و دانەوێڵەی لێ دەکەن. کاتێ تۆوی گەنمت چاند، خۆ ناتوانی جۆ بچنیتەوە. واتە هەموو دیاردەکان، لەم سیستەمەدا دەکەونە بەر حوکمی یاسای دروستکردن و لە ئاکامیشدا بەرهەمی دروستکراو دێتە بەرهەم.

دیارە ئێمە لێرەدا باسی کەرەسە و ئامێر و مەکینە و پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانە ناکەین، بەڵکو لە باسگەلێگ دەدوێن، کە لەڕاستی دا خۆڕسک و سروشتین و بە پڕۆسەی تایبەتی خۆیاندا تێدەپەڕن و کەموزۆر دەخالەتی بڕیاردەرانی دەرەکییان بەسەرەوە نییە، بووی کۆمەڵایەتین، بە سروشتی دەڕسکێن. واتە کارخانەیەک دەتوانێ ترومبێل دروست بکات، لێ نەکارێ کولتور و هەلسوکەوتی مرۆڤ و خەسڵەتی سروشتی نەتەوەکان، وەک کاڵا بخاتە قووتووەوە و لەبازاڕدا ساخیان بکاتەوە.

مامۆستا مەسعوود دەڵێ:

**" من بە حاڵ دەتوانم لە کولانەی بەراوردکردنی حەقیقەتی دەوری مرۆڤ و سروشتەوە تیشکێکی بیروڕای خۆم بهاوێژم بۆ ئەو ناتەواوییە فکرییەی کە دەوری فاعلیەت و خالقیەت لە مرۆڤ دەدزێتەوە بۆ دەورەوبەر کەچی بەشی هەرە زۆری دەوروبەرە کاریگەرەکە، دەستکردی مرۆڤەکە خۆیەتی".**

هەر بۆیە گێلنەر، ئەم هەوڵە بە کەلتووری باخچەیی باس دەکات، وەک ئەو گوڵ و ڕووەکەی لە باخچەکان دا لەژێر سەرپەرشتی باخەوان و جوتیاراندا گەشە دەکەن. گەرەکێتی کولتوری ژیانی قۆناخی پیشەسازیش بەو شێوە بەرهەم بهێنێ و لێ بکات. کەلتوورەکەش لەسایەی چاودێری و بەرنامەڕێژیی دەزگایەکی دەوڵەتییەوە، بەرهەم دەهێنرێ و ئیدی سروشتە کێوییەکەیان نامێنێ. وەک ئەوەی لە تورکیادا بە یاسای پارلەمانی تورکیا، زمانی کوردی ڕێبەندی لێ کراوە. کەس بۆی نییە، بە کوردی بئاخڤێ. سەدان دەزگای جیاواز، چاودێری ئەم فەرمانە فەرمییەی دەوڵەتی تورکیا دەکەن. بە کورتی و کرمانجی کەلتوورێکی دروستکراو و جێ بە کەلتوورێکی سروشتی چۆڵ دەکات و خۆی دێتە سەر تەخت و دەبێت بە جێگرەوە و، پێویستە لەسەر هەموو لایەک پێڕەوی لە یاساکانی بکەن. بەمەش دەبێت بندەست و لاوازەکان ببنە ملکەچی سەردەست و بەهێزەکان.

مۆدێرنیزمەکان، ئەم خاڵەیان کردووە بە پەیژە و لێوەی بەرەو لوتکەی دیدی خۆیان سەرکەوتوون، و نەتەوە بە بەرهەمی کۆمەڵگای پیشەسازی، لە قەڵەم دەدەن.بەم کارەش چاوپۆشی لەو کەلتوورە عەقڵییە دەکەن، کە مرۆڤ خاوەنێتی . سەبارەت بەم بۆچوونانە، بۆچونێکی تری مەسعوود محەمەد، دێنینەوە، کە دەڵێ:

**" ئێمە ئەگەر خەریک بین، مێژووی دەستکرد بخوێنینەوە، لە چارەسەرکردنیشدا، دەردی دەستکرد تیمار دەکەین، ئەوەی لەو ناوەشدا خەسارەتمەند دەبێ، میراتگری ئەو جەماوەرەیە، کە**

**بەزۆر لەسەر کاغەز بەگژ ئەسکەندەر و جەنگیزخانیان دا دەهێنین".**

د. عرفان لە درێژەی باسەکەی دا ئەم حاڵەتەی ناوناوە (**عەقڵی یاسادۆزی**) .

**"عەقڵی یاسادۆز، عەقڵی بەشە مرۆیەکەی مرۆڤە و مرۆڤ بەمە جیادەکاتەوە لە زیندەوەرەکانی تر.عەقڵی یاسادۆز ئەو عەقڵەیە کە لە ڕێگەی تێڕامانی مرۆڤەوە لە بوونی خۆی و بوونی جیهان لە خۆیدا دەتوانێت ئەو یاسایانە بدۆزێتەوە کە لە سروشتدا پەیڕەو دەکرێن لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە مرۆڤ لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ دەرەوەی خۆی دەبێت پەیڕەویان بکات".(٧١)**

مرۆڤ خاوەنی عەقڵ و هۆشی بەهێزە و لە ڕێگەی عەقڵەوە زیگنالی پێدەگات و هۆشیاری بە دیاردەکان پەیدا دەکات و بە پێی یاسا عەقڵییەکەی ناوەوەی بە شێوەیەکی شایستەیی هەڵسوکەوتی گونجاو و هاوسەنگیان لەتەکدا دەکات. ئا لێرەوەیە مرۆڤ دەکەوێتە سەر کەڵکەڵەی یاسادۆزی، بۆ زاڵبوون بەسەر دەوروبەر و بەڕێوەبردنی مەرامەکانی لە ژیان و جیهاندا. ئەمەش لێوەشاوەیی و مەزنی و گرنگی نهێنی گەورەیی مرۆڤە، کە خاوەنی تایبەتمەندێتی هۆشە و دەتوانێ بیر بکاتەوە و داهێنان بخوڵقێنێ، بەڵام ئامێر و ماددەکان، لەم خەسڵەتە بزوێنەرە بێبەشن. مامۆستا مەسعوود دەڵێ:

**" شەرەفی مادە لەوەدایە خزمەتی فکر بکا چونکە فکر چرای مرۆڤایەتییە، لە چرا بەولاوە چاویەتی، لە چاویش بەولاوە ناوەڕۆکیەتی(..) گاسنێ نەتوانێ لە لای خۆیەوە بەرەو پێشتر**

**بێتەوە، چۆن دەبێتە مامۆستای ئەرەستۆ و شافیعی و نالی؟ خەڕەک و ئەبوونواس؟تەپکە و فیساغۆرس؟ تەشی و سەلاحەدین؟ ئاش و لۆغارتیم؟ ئەوەندەی سەر دەهێنم و دەبەم، بە خەیاڵ و بە وڕێنەش خۆم پێ ئیقناع ناکرێ زانست و ئەدەب و هونەر مارەبڕاوی پێستە ڕیوی و مزەی ئاش و لەوەڕگەی مەڕ و مازووچنین بکەم".**

بەڵێ ئەمە هێڵە گشتییەکانی جیاوازی و کاریگەریێتی نێوان فکر و ماددەیە. نووسەر لەسەر باسەکەی بەردەوامە و دەنووسێ:

**" مرۆڤ وەک ئامێرێک دابەش دەبێت بۆ دوو توخم: جەستەی ئامێر و یاساکانی بەکارهێنانی ئامێر.لەم قۆناغەشدا یاساکانی بەکارهێنانی ئامێر لەناو مرۆڤدا دەمێنێتەوە و تەنها جەستەی ئامێر دەکەوێتە دەرەوەی مرۆڤ".(٧٥)**

مەودای فراوانی جموجوڵی مرۆڤ و دیاریکردنی جۆری پێوەندییەکان، مرۆڤی بە درێژایی ململانێی نێوان کۆیلە و سەردار و کۆمەڵێ گرفتی دیکەدا بردووە، وەک بایەخی ئامێرە پیشەسازییەکان لە پرۆسەی گەشەی مێژوودا، بوونە مایەی ئەوەی سەرهەڵدانی تێڕوانینی نوێ، لای زانا و فەیلەسووفانی ئەوروپا دەرکەوێ. ئەوروپا کیشوەر و چەقی، خاڵی دەرچوونی ئەم تێڕوانینە نوێیە و لانکی سەرەکی لە دایک بوونێتی.

**"عەقڵی یاسادۆز لەناو مرۆڤی ئەوروپاییدا چالاک دەبێت و دەست دەکات بە دۆزینەوەی ئەو یاسا سروشتی و ئاکاریانەی کە لەناو عەقڵی مرۆڤدا بوونێکی پێشینەیان هەیە و ئەمەش لە کارەکانی دیکارت و لایبێنتزدا بە روونی دەردەکەوێت".(٧٧)**

بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکە، واباشە بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر، نموونەیەکی دیکە بخەینە بەرچاو، مەسعوود محەمەد دەڵێ:

**" تۆ سەیری، هەر پێش کەوتنێک و گۆڕانێکی بەرەو چاکتریەوە لەو ئامێرە خوێڕوانەدا کرا بێ مێشکێکی غەیری مێشکی فەللاح و شەوان و گا بە دەلەوان کردووەیەتی! هەرگیزاو هەرگیز داهێنەری تراکتۆر و ئاشی ئاگر و فرۆک فەلاح و ئاشەوان و کاروانچی نەبوون..خەرەک لە بلیمەتی خەرەک ڕێسەوە نەبوو بە فابریقەی قوماش..کابانی ماڵ مەنجەڵە ڕەشی نەگۆڕی بە مەنجەڵی کارەبا، ئاگردانیشی نەگێڕا بە تەباخی غاز و کارەبا:هەمیشە فکری بەرەژوورتر لە ڕێکاری جووت و ئاش و ئاگردان و خەرەک تەپکە و چەکوچ زەفەری بردووە بە داهێنان و گۆڕین و بەرەوپێش چوون".**

بە کورتی کەلتووری پیشەسازی، کەلتوورێکی ئامێرییە و ئامانجی نەهێشتن و سڕینەوەی، جیاوازییە کەلتوورییە سروشتییەکانی گرووپە جیاوازەکانە، بەرەو ستانداردکردنی زۆربەی لێک نەچووەکان و کەمکردنەوەی ڕێژەی جیاوازییەکان. هەر وەک کارخانەی کۆکاکۆلا، دەیانەوێ مرۆڤ و نەتەوە و خاسێت و کولتورەکەیان، بەیەک شێوە و بارستایی و قەبارە و ڕەنگ دروست بکەن. ئەمەش لەبەرئەوەی کەلتورەکە، بۆ یەک شوناس تێدەکۆشێ و تەقلید و دروستکراوە و ئامانج و مەبەستێکی ئیدیۆلۆژی سیاسی لە پشتەوەیە و مرۆڤ دەکاتە، بەشێک لە میکانیزمی ئیش پێکردنی ئامێرەکان و بورغوویەک لەو سیستەمە پێکدێنێ و کەوڵ دەکرێت، لە هەموو بەها رۆحی و سروشتییەکان. ئاخر چونکە کەلتوورێکی عەقڵی نییە.

شـــەڕی کەلتـــووری پیشـــەیی، بەرهەمـــی ئامێرەکـــانی نێـــو کۆمەڵگای پیشەسازییە، لەگەڵ کەلتووره جیاوازەکاندایە. ئامانج لێـــی لەنـــاوبردن و ســـڕینەوە و وەک یەک لێکردنـــی کەلتـــووره جیاوازەکانە، بەرامبەر بە کەلتووره دروستکراوە دەستکردەکان. ئەم کەلتـــووره دروســـتکراو و دەســـتکردانە، بـــۆ ئەو نەتەوە و قەوارە و چوارچێـوانە ســاز دەکرێـت، کە هاومانـا و هاوشـێوە خۆشـیان دەسـتکرد و دروسـتکراون و قـوتکراونەتەوە. لە گەلـێ باریشـدا، ڕەنگە خـاوەن کولتـوور و فەرهەنگێکی ڕەسـەن نەبـن، وەک تورک کە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بێ ڕەگوڕیشەیە.

ئەم دنیـای مـۆدێرنە خـاوەن مەبەسـتە، لەتەک هەژمـوون و باڵادەسـتیان و ئەو هەمـوو دامودەزگـا و خەرجیـیە زەبەلاحەی بۆی تەرخـان کراوە، دیسـان نەیتوانیوە ئامـانجی خـۆی بپێکێ و فرە کەلتوورەکان بۆ هەتا هەتایە سـەرەونگوم بکات. بۆ نمـوونە تورکیـا و عێـراق و ئێـران و ســوریا، کە خۆیـان دەســتکرد و دەســـتنێژی ئیمپریـــالیزم و بێگـــانەن، بەو هەمـــوو دامودەزگـــا تـۆقێنەرەی هەیـان بـووە و هەیـانە، نەیـان توانیـوە کەلتـووری ڕەسـەنی نەتەوەی کـورد، بە کەلتووره دروسـتکراوەکەی خۆیـان لەنـاو بەرن، کە یاسـا و فەرمـانی فەرمیشـی لە پشـتەوە بـووە. کەواتە مەحاڵە بە زۆردارەکی فرەکەلتوور لە دەوڵەتێکدا، بکرێتە کەلتوورێکی یەک رەنگ و یەک دەنگ و یەک قاڵبی داسـەپێنراو. لە مێژوودا گەلێ نمـوونەی تریش لەم رووەوە بەرچـاو دەکەون، وەک لە ئیسپانیا، شورەویی و یوگسلاڤیا و هتد.

**"کورد بەهێزترینی ئەو میللەتانەیە کە بەرگری لەم پرۆسەیە کـــردووە و لەگەڵ ئەو هەمـــوو ســـەرکوتکردنەش لەنـــاو بەرگریکردندا ماوەتەوە و تا ئێستاش لەژێر هەڕەشـەی چـوار**

**دەوڵەتی نەتەوەیی جیاوازدا دەستبەرداری بوونی خۆی نابێت و بەرگری لە بوون و جیاوازییەکانی خۆی دەکات"(.٨٥ ـ٨٦)**

لەم بـوارەدا رەنگبـێ مێژوویـی خوێنـاوی چەنـدین سـەدەی کـورد، لەسەرتاسـەری کوردسـتان دا، کە مێـژووی بەرگریـی و داکـۆکییە لە بـوون و هەبـوون و ناسـنامەی کـوردی، بەڵـگەی نەبەزیـن و جێـی سـەرسـوڕمانی جیهـان بێت.باشـترین دیکۆمێنـت بێت بۆ بۆچوونەکەی د. عرفان. سەدساڵە بە یاسا هەموو بوونی کـورد و فەرهەنگەکەی لە تورکیا قەدەغەیە، کەچـی هەر مـاوە و خۆڕاگری دەکات و پەرەدەسێنێ و گەش دەبێتەوە. پێش کۆتـایی هــاتن بەم سەرباســـە، نووســـەر بەم پەرەگــرافە، پــوختەیەکی قسەکانی، لەسەر بیرۆکەی نەتەوە دەخاتە بەردەست:

**"بیـرۆکەی نەتەوە ســەر بە کەلتــورێکە کە توانــای ئەوەی تیابێت ئەو یەکبوونەی کە ویستی مرۆڤ دەیخوازێت لەگەڵ جیاوازبوونەوەی کە سروشتی مرۆڤ دەیخوازێت پێکەوە کۆ بکاتەوە، واتە کەلتوورێک بێت لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرابێت کە یەکبوون لەناو جیاوازیدا بهێنێتە ئاراوە، ئەو کەلتوورەش کە ئامانجی کۆکردنەوەی جیاوازییەکانە لەناو یەکبووندا کەلتووری عەقڵی ئەوجۆرە لە کۆمەڵگایە کە فەیلەسوفە ئەڵمانەکان لە لایبێنتز(Gotthold Ephraim Leibniz(1646-1716ەوە تا هێگڵ -Georg Wilhelm Friedrich Hegel(1770 (1831وەک کۆمەڵگایەکی عەقڵی لە رووی تیۆرییەوە پەرەیان پێداوە و لە لایەن فیختە-Johann Gottlieb Fichte(1762 (1879 و هێردەر-Johann Gottfried Herder(1744 (1803 و هێگڵەوە بە نەتەوە ناوبراوە"( ٨٩)**

نەتەوە، لە نێو هەناوی کولتورێکدا، شیاوی هەبوونە، کە یەکبوونێکی بیەوێ، کە ویست و خواستی مرۆڤ بیخوازێ و هاوکات، ئەو جیاوازییانە بپارێزێ، کە سروشتی نەتەوە دەیخوازێ. تێگەیشتن لەم هاوکێشەیە و راگرتنی ئەم هاوسەنگییە، ئەرک و فەرمانێک.هەروا بە سانایی بێتە دی بە تایبەت، لە لایەن کولتوری پیشەییەوە. بیروبۆچوونی ئەم چەند فەیلەسوفە ئەڵمانییە، لە لاپەڕەکانی داهاتوودا، بەدووورودرێژی دەخرێتە بەرباس و نموونەگەلێکی زۆری بۆچوونەکانیان، شی دەکرێتەوە.

**بیرۆکەی نەتەوە لە نێوان ئایدۆلۆجیا و فەلسەفەدا**

جارێکی دیکە هۆش و دەوروبەر/ واقیع دەبێتە زەمینەی گفتوگۆکردن لە سەر بیرۆکەی نەتەوە و توخمە پێکهێنەرەکانی و ئایا بەر لە مۆدێرنە/ پێش سەدەی ١٨ یەم و سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی، بوونەوەرێک هەبووە ناوی نەتەوە بێت ؟!. قەدووری و گێلنەر و هۆبزباوم و ئەندەرسۆن و دۆیچ، کە بە باوکی ئەم قوتابخانەیە دادەنرێن، لەتەک ئەوەشدا کە هاوقوتابخانەن، لێ لە ووردەکارییەکاندا بیروڕای جیاوازیان هەیە. بەڵام سەرجەمیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، بزوتنەوە نەتەوەخوازەکان/ ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم، دروستکەری نەتەوەیە. واتە بێ ناسیونالیزم، نەتەوە لە زەمینەی واقعدا بوونی نابێت و پێش مۆدێرنەش ئەم فۆڕمە نەبووە.

هاوشانی ئەم بۆچوونە، قوتابخانەی ئەڵمانی و فەیلەسوفەکانی، بە پێچەوانەی ئەمە پێیان وایە، ئایدیای نەتەوە، وەک توخمێکی بەرهەست لە فکردا هەیە. کانت Immanuel

و لایبنیتز و هێردەر و فیختە و هێگل و Kant(1724-1804) چەندانی, دیکە رابەرایەتی ئەم قوتابخانەیە دەکەن. بەدرێژایی دوو سەدەی رابووردوو، مشتومڕی گەرم و جۆراوجۆر، لەسەر ئەم دوو ڕوانگەیە، سەری هەڵداوە. (**دەوڵەت نەتەوە**) یاخود( **نەتەوە کولتور**)، دوو چەمکی دیاری ئەم پرسگەلەن و پێشتر ئاماژەمان پێداوە. ئەگەرچی چەمکی نەتەوە، چەندین سەدە پێش مۆدێرنە، لە ئەدەبیاتی وڵاتە ئەوروپاییەکاندا بەکارهاتووە. دوای چەندین سەدە ئەوجا، قۆناخی پیشەسازی دێ و مۆدێرنە بەدوایدا سەرهەڵدەدات و چەمک و بیرۆکەی نەتەوە، دەکەوێتە بەرباس.

**"پرۆسەی بە ئایدۆلۆجیاکردنی بیر، پرۆسەی گۆڕینی ئەوەیە کە بە سروشت هەیە بۆ ئەوەی کە بەدروستکردن هەیە، مەبەستمان لەوەی کە بەسروشت هەیە هەر شتێکی زیندووە کە یەکجار دیتە بوون و هاتنەبوونی شیانی دووپات بوونەوەی نییە، ئەوەش بەم ڕێگایە دێتەبوون تاکە بوونەوەرێکە کە شایانی ئەوەیە بوونەکەی بە بوونێکی مێژوویی بزانرێت".(٩٨)**

مرۆڤ یەکجار لە دایک دەبێت، کە ماڵئاوایی کرد، جارێکی تر نایەتەوە نێو ژیانەوە. نەتەوەیەک کە مرد، یاخود فەوتێندرا، مەحاڵە دروست ببێتەوە. ئەوانەشی خۆیان لەناو دەبەن و دەسڕدڕێنەوە، هەڵسانەوەیان ئەستەم و دژوارە، چونکە هەردووکیان، بوویەکی سروشتیان هەیە. لە بونیاتنانی ئەمانەدا، کەس ڕۆڵی نەبووە و لە دروستبوونیشیاندا، هیچ تیۆری و ئایدۆلۆژییەک کاریگەرێتی نەبووە. ئیدی سروشت، یاخود خواوەند سازی دابن، هەن و بوونەکەیان، لەدەرەوەی ئیرادەی کەسەکانەوەیە و هاوکات بوونیان مەحکومی خەیاڵی خاوەن

تیۆرییەکان نین. مامۆستا **مەسعوود محەمەد،** بەم وتەیە باسەکەمان دەوڵەمەند دەکات:

**" ئەگەر بۆ جۆرێکی ئاسایی بەرژەوندیی گوزەران و خۆپاراستن و پەلەی ژیان هەرەمی کۆمەڵایەتی بە مل کۆمەڵدا نەهێنابایە، نە زەوی و گاڕەش و گەنم و جۆ، نە قولاب و تۆڕ و نە ئاش، نە ئێستر و بارگیر و گوێزانەوە، نە بزن و مەڕ و گامێش، نە مازووچنین و کەتیرەگرتنەوە و پووش و کزرەداکردن، نە هەرچی جۆری بەرهەم و هۆی بەرهەم هێنانە لە خۆیەوە بێ تێ خوێندنەوەی پێویست بوونی سەرۆک و ناوبژی کەر و ریز ڕێکخەر و تانووتدەر و ناتوانێ لەسەرەتاوە دوو لینکەی تاکێک بەسەرشان و ملی (١٠٠)کەس و (١٠٠٠)کەسدا بهێنیت".**

نووسەر ژیرانە و بەکاوەخۆ لەسەر مژارەکە دەڕوات و چەند دێڕێک دواتر دەڵێ:

**" ئەوەی بە سروشت هەیە و بوونی بوونێکی مێژوویییە، لەناو مێژوودا بە پرۆسەیەکی مێژووودا دەڕوات و لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا کە خۆی هیچ لە بارەیەوە نازانێت دێتەبوون و دوای ئەوەش هاتە بوون، لەناو مێژوودا پرۆسەی پەرەسەندنەکەی تەواو دەکات.بەڵام ئەوەی بە دروستکردن هەیە بوونێکی مێژوویی نییە، چوونکە دروستکەرەکەی هەر کاتێک بیەوێ دەتوانێت دروستی بکات و دروستکردنەکەشی دووپات بکاتەوە".(٩٩)**

د. عرفان بۆ زیاتر رۆشنکردنەوەی ئەم بۆچوونە، نموونەیەکی زیندوو دێنێتەوە بەرچاوی خوێنەر و باس لە کارەکەی داڤینشی و وێنەکەی مۆنالیزا، دەکات. ئەم وێنەیە،

بەرلەوەی بێتە ناو کارە هونەرییەکەوە، وەک ئایدیا و بیرۆکەکە سەرەتا لە هزری داڤینشیدا هەبووە، ئەوسا بەرجەستە بووە و لەوێدا پرۆسەی مێژووەکە تێدەپەڕێنێ. بتهۆڤنیش بەرلەوەی کارەکانی لە سەمفۆنیا ١ـ٩ بەرهەم بهێنێ، لە بیری خۆیدا تاووتوێی کردوون. بە کورتی سەرەتا بیر و هۆش و دوایی مادە و ئامێر و وێنە...هتد. با بنۆڕین و بزانین مامۆستا مەسعوود محەمەد، لەم ڕووەوە چی بۆ تۆمار کردووین:

**" بەلای باوەڕی منەوە تەنها ئاغاییک هەبێ لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەر مرۆڤە دەوجا بەهێز بێ یا بێهێز، سروشتیش لەو گۆڕانەدا عەبد و نۆکەرە ئەویش سەرکەش بێ یا هەموار. تاکە عامیلی ئیجابی لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا مرۆڤە، سروشت عاملی بێ تەرەفە، دەسەلاتی نییە خۆ بکا بە عاملی ئیجابی، مردووە و جوکەی لەبەرەوە نایێ تا بگوترێ بە شێوەیێکی ئیجابی دەستێوەردان دەکات لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی .مرۆڤ فاعل و سروشت منفعلە مرۆڤ کارتێکەرە و سروشت کارتێکراوە".**

**فەلسەفەی ئەڵمانی وەك نشینگەی راستەقینەی بیرۆکەی نەتەوە**

د. عرفان، وەک خوێنەر و توێژەرێکی خاوەن بەهرە و لێهاتوو، گەشتێکی ورد بەناو فەلسەفەی ئەڵمانی و تێزەکانی هێگڵ دا دەکاتەوە. هەروەک چۆن لای ڕوانگە مۆدێرنیزمەکە، گێلنەر نوێنەرایەتی بەرەکە دەکات، لێرەشدا هێگل، دەبێتە سەرتۆپی باسی فەیلەسوفانی ئەڵمانی. "**لای هێگل بیرۆکەکان وەک تۆوی هەر بوونەوەرێکی زیندوو بونێکی زیندوویان هەیە، زەمینەی دەرکەوتن و پەرەسەندنیان بیرە و بیریش بە هۆی**

**بیرکردنەوەی فەلسەفییەوە پەرەدەسێنێ و بوونی خۆی دیاری دەکات"(١٠٥)**

**لای هێگڵ هەر بیرۆکەیەک مێژوویەکی بۆ پەرەسەندن لەناو بیردا هەیە و پەرەسەندنی ئەو بیرۆکەیەش لەناو بیردا ڕێڕەوێکی تایبەتی خۆی هەیە.(١٠٧)**

بیر داینەمۆی هەڵسوڕێنەری ژیانە و بیرمەندانیش ئاڵابەدەستی بزواندنەکەن. مرۆڤ سەرەتا بیری لە کورتکردنەوەی ڕێگای نێوان ئەوروپا و ئەمریکا کردۆتەوە، پێداویستی ژیانی مرۆڤ بۆ زوو گەیشتن و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی، مرۆڤی ناچاری بیرکردنەوە کردووە، ئەویش لەوەدا، بە دوا ئاکامی بیرکردنەوە گەیشتووە، دروستکردنی فڕۆکەی داهێناوە. دیسان هێگڵ جەخت دەکاتەوە، کە بیرکردنەوە تەنها وەک هۆشیارییەکی تاکەکەسی بوونی نییە، بیرکردنەوە بەر لەمە، وەک ڕۆحێکی هەمەکی لە خۆیدا بوونی هەیە. ئەم خەسڵەتی بیر و هۆشە، تەنیا لای مرۆڤ شیاوی بوونە و کار لەسەر داهێنانی بەردەوام دەکات!.

**" بیرۆکە لەناو بیردا بوونەوەرێکی زیندووە و وەک هەر بونەوەرێکی زیندوو پێویستی بە زەمەنێکی دیاریکراوە، تا پەرەسەندنی خۆی تەواو بکات و بوونی لە بوونێکی هەمەکی و پەتییەوە ببێت بە بوونێکی دیاریکراو، هەر بیرۆکەیەکیش لە سەردەمێکی مێژوودا لەناو زەمەندا دەردەکەوێت، لە لایەن بیرکەرەوەکانی میللەتێکەوە پەرەدەسێنێ و سوڕی ژیانی خۆی تەواو دەکات و دواتر لە سەردەمێکی تردا سەرهەڵدەداتەوە و بەرەو پەرەسەندنێکی باڵاتر هەنگاو دەنێت".(١٠٩)**

سەرکەوتنەکانی سەرکردەیەکی وەک ناپلیۆن، کارە هونەرییەکانی پیکاسۆ، دەقە شانۆییەکانی شەکسپیر و شیعرەکانی نالی، سەرەتا بیرۆکە بوون و دواتر لە میانەی پرۆسەیەکی کردەیی سروشتیدا تەکانیان خواردووە، بەرەو بوون و بەرجەستەبوون. لە قاڵبی ئەو کارەی پێی ناسراون، لە تەکنیکی شەڕ و تابلۆی هونەریی و کاریی ئەدەبی. بۆ گەیشتنی ئەم بیرۆکەیە بە پەرەسەندنی تەواوی خۆی و خۆئامادەکردنی لەناو بیردا وەک بیرۆکەی شتێکی دیاریکراو و هەستەکی، واتە بۆ چەکەرەکردن و پەرەسەندنی بیرۆکەیەکی دیاریکراو لە هۆشی مرۆدا، هێگڵ سێ قۆناغی دیاری کردووەوە: قۆناغی بیر و بیرۆکەی سەراپاگیر و دەرکەوتنی بیرۆکەکە بە تەواوی، وەک ئەوەی تۆو بڕوێنی، سەرەتا نەزانی چییە، دەیخەیتە ناو زەمینەی پەرەسەندنی سروشتی خۆی .زەوی دەکێڵی و تۆوەکە شین دەبێت. ئەوسا دەزانی بەرەکەت گیایە، یان دانەوێڵە و دواتریش کە بەری گرت، دەزانی چ جۆرە گیا یان دانەوێڵەیەکە. دکتۆر عرفان بە وردی لەسەر ئەم نموونانە دەڕوات و بەرچاوی خوێنەر باش روون دەکاتەوە. چەند نموونەیەکی گونجاو و دروست بۆ زیاتر روونکردنەوەی مەبەستەکەی هێگڵ دێنێتەوە.

**پەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا**

لای لابنیتز مۆنادەکان و پاشان دەگەینە لای تاکە کەسی ئاکاری کانت و دواجار لای هێردەر و فیختە و هێگل، دەگەینە نەتەوە. بیرۆکەی هەمەکی لابنێتز، سەرەتا دیار نییە، چییە و بە چی دەگات، تا دوای ئەو کانت درێژە بە پرۆسێسەکە دەدات و

بیـــرۆکەکە لە ئاســـتە هەمەکیـــیەکەیەوە تێـــدەپەڕێنێ بـــۆ خۆدیـــاریکردن. پاشـــان هێـــردەر و فیخـــتە و هیگـــڵ بە دوا ویســـتگەی دەگەیەنـــن، کە نەتەوەیە. بیـــرۆکەکە لای لایبنێتـــز مۆنادەکـانە و تەواو کـۆنکرێتی نیـیە و سەروسـیمای چ جـۆرە کۆمەڵگایەکە. لای کانت نەتەوە خۆ دیاری دەکات، کە بە تاکە کەسی ئاکاری ناوی دەبات.

**"بیرۆکەکانی ناو بیر وەک تۆوە نەزانراوە بیرۆکەی هەمەکین و وەک ئەو بیرۆکەی پەتـی نین کە بە هـۆی دامـاڵینی ئەوەوە دەستمان دەکەوێت کە بیرۆکەی هەمەکی لە پەرەسەندنی خۆیدا دەستی خستووە".(١١٣)**

ڕووەک بیرۆکەیەکـی هەمەکـی نادیـارە، هەمـوو ڕووەکەکـان دەگـــرێتەوە. بـــوونی هەمەکـــی و پەتـــی، وەک دارســـێو و دار پرتەقـــاڵ، بـــوونی هەســـتەکین. کەواتە لەم ســـەرەتایەدا وەک د. عرفـان بـۆی چـووە و سـەرەتای بیـرۆکەکە دەگێـڕێتەوە بـۆ لای لابنیتیز لەم قۆناغەدا بیرۆکەی نەتەوە لە بیردا بووەیەکی هێندە دیـاری نیـیە، ئەوەی لابنیتیـز گوزارشـتی لێکـردووە : **ئەو یاسـا پەتیانەیە کە ماهییەتی نەتەوە پێکدێنن**. چونکە نەتەوە بوونێکی کـــۆنکرێتی و بەرجەســـتەبووی نیـــیە. لە بۆچـــونێکی نێزیکـــدا، مەسعوود محەمەد دەڵێ:

**" هەستی ژیوەری و کاریگەری غەریزە جانەوەری جـودا کـردەوە لە سروشـتی مـردوو، هەسـتی(هۆش)و سـەرلەبەری ســـیفەتەکانی ئـــادەمیزادیش بـــوون بە هـــۆی پێشـــکەوتن و گەشەکردنی لێهاتوویی و خالقیەتی، دەوروبەریش هەر ئەوەیە کە بـێ ئیـرادە خـۆی گـامەڵاس کـردووە بـۆ بەر ئیـرادەی گیانلەبەران، ئیتر غەریزە تەنها ئـامێری جانەوەرە و هـۆش و**

**غەریزەش ئامێری مرۆیە. هۆی بەرهەمهێنان لە مەڵبەندی "مرۆ" نەدەگۆڕا، ئەگەر "هۆش" نەیگۆڕیبایە وەک کە غەریزە نەیتوانی ڕیسیی جاڵجاڵۆکە و هێلانەی لەکلەک و لانی بەراز بگۆڕێت وەیا جۆری نێچیر گرتن بەدەم ڕۆژگارەوە فرە بابەت بکات و بابەتەکان تێک ببەستێت و فەندی نوێی پێ پەیدا بکات بۆ خۆژیاندن و حەسانەوە".**

خەریک بوونی نووسەر، بەم پرسە سەرەتایی و گرنگ و هەستیارانەوە، ئاماژەی قوڵی و سەنگینی کارەکە نیشان دەدات، تاوەکو تێڕوانینێکی گشتگر و ڕوون و قابیلی تێگەیشتنێکی زەلال، بخاتە بەردەستی خوێنەر، بە مەبەستی ئەوەی لە ئاڵۆزییەکانی ئەم پرس و خواستە ڕزگارمان بکات.لای لابنیتیز بیرۆکەی سیستەمێک دەردەکەوێت و لای کانت بە هەمان شێوە و ئەو سیستەمە دەردەکەوێت و هاوکات ئەوەش ئاشکرا دەبێت، کە مۆنادەکانی لابنیتیز مرۆڤەکانن بە سیستەمی پەیوەندی نێوانیانەوە. هەربۆیەکا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێ مانا، پێگەی نەتەوە لە تیۆرییەکانی پەیدابوونی نەتەوەدا جیاواز و شتێکی ترە لە تیۆرییەکانی نەتەوەخوازی، لەیەکەمدا سروشتی و سەر بە تیۆرییەکی ئەقڵییە و لە دووەم دا دروستکراو و ناسروشتییە.

**"نەتەوە لەناو فەلسەفەی ئاڵمانیدا بەپێی تیۆرەکانی نەتەوە تیۆریزەکراوە، نەک بە پێی تیۆرەکانی نەتەوەخوازی "(١١٨).**

واتە لای ئەڵمان، لەناو فەلسەفەکەیاندا هیچ باس لە ناسیونالیزم نەکراوە، هێندەی لە کایەی پرسی نەتەوەدا خەستبوونەتەوە . کاتێ خوێنەر، سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە دەبێت، باش تێدەگات، نووسەر چەند خۆی ماندووکردووە و تا چ ئەندازەیەک بەدوای دۆزینەوەی

سەرەداوی بیرۆکەی نەتەوە، لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا وێڵ بووە. دەستنیشان کردنی مۆنادەکانی لایبنێتز، کە نازانرێ بوونەوەری زیندوون یان مردوون، یان ئاقڵن، دواتر فەلسەفەی کانت ئاشکرای دەکات مۆنادەکان مرۆڤن و سیستەمی رێکخستنی پەیوەندی نێوانییان هی مرۆڤەکانە. پاشان کانیتیش دێتە سەر باسی تاکەکەسی ئاکاری، وەک تاکەکەسی نەتەوە لە کۆمەڵگاکەیدا. دەشێ گەڕانەوە بۆ لای لایبنیتز و تا ڕادەیەکیش کانت، کە بە فەیلەسوفێکی کۆسمۆپۆلەتیک ناسراوە، نیشانەی گرنگی دانی د. عرفانە، بۆ قوڵبوونەوە لە فەلسەفەدا، خاڵێکی سەرەکی و بەڵگەیەکی دیکەی حاشاهەڵنەگری بەهاداری کارەکەی د. عرفان بێت، بۆ دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی بیرۆکەی نەتەوە و رزگار کردنی خوێنەر لەو وێڵی و سەرلێشیواوی و کەم زانین و زانیارییەی لەم بوارەدا هەیەتی و بەخشینی مانا و ڕوانینێکی تر بێت بەم پرسە هەستیارە. هاوکات ئەمە ئاماژەیە بۆ ماندوو بوون و پەرۆش خواردنێکی بێ هاوتای نووسەر، تا خوێنەری کورد، لەو گرێ کوێرەیە قوتار بکات، کە زۆر نووسەر خۆیان لێ لاداوە و بە ڕواڵەت و سەرپێیانە، بەسەر ئەم پرسە گرنگەدا بازیان داوە. چونکە لە ڕێگەی تێگەیشتن لە ڕیشە و بنەمای ئەم چەمکەوە، دەکرێ داوە تیشکی ڕووناککەرەوە بخەینە سەر شەوەزەنگی دۆزی کورد. ئەمەش کرۆکی بنەڕەتی قورسایی کارەکەی نووسەرە.

**"نەتەوە لەناو ئەم فەلسەفەیەدا بوونەوەرێکی عەقڵییە و وەک بیرۆکەی عەقڵیی هەموو ئەو بوونەوەرانەی کە دوورن لەوەی مرۆڤ توانای دروستکردنیانی هەبێت و بە شێوەیەکی سروشتی هەن و بوونێکی خۆرسک و سروشتیان لەناو عەقڵی مرۆڤدا**

**هەیە و دەرکەوتنیان لەناو بیرکردنەوەی میللەتەکاندا لەدەستی بیرمەندانی ئەو میللەتەدا نییە و لە ڕێگەی ئەوانەوە ناگوازرێتەوە بۆ ناو تاکەکانی ئەو میللەتە. "(١١٩)**

لە لاپەڕەکـانی پـێش و پاشـی ئەم باسـەدا، ئەم بۆچـوونە عەقڵیـیە لەسـەر پرسـی نەتەوە و لای فەیلەسـوفەکانی ئەڵمـان ئاماژەمان پێدراوە و دەدەینەوە. ئەمەش تایبەتمەندییەکی دیار و گەورەی ئەڵمـانە. بە درێژایـی بـوونی خـۆی جـێ پەنـجەی لەم بـوارەدا دیـارە. لەسـەر ئاسـتی ئەوروپـا و جیهـانیش دا، ئەم راستییە حاشا هەڵنەگرە.

**"بیرۆکەی نەتەوە دەبێت خۆی بە شـێوەیەکی سروشـتی و لەناو رۆحی کۆیی میللەتدا سەر هەڵبدات و لەناو بیرکردنەوەی کەسە بیرمەندەکانی ئەو میللەتەدا پەرە بە بوونە عەقڵییەکەی بدات، یان لە شێوەی فەلسەفییەکەیدا دەرکەوێت یان لە شێوەی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا.ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەتەوە دەبێت و دروسـت نابێـت. رۆڵـی بیرمەنـدەکانی نەتەوەیەکـیش لە پەیـدابوونی نەتەوەدا ئەوەنـدەیە کە زەمینەخـۆش بـکەن بـۆ پەیـدابوونی، ئەوەی فیخـتە لە گوتارەکانیـدا بـۆ گەلـی ئەڵمـان ئەنجامی دەدات، دروستکردن و گواستنەوەی بیرۆکەی نەتەوە نییە بۆ گەلی ئەڵمان، بەڵکو بانگهێشـتکردنی گەلـی ئەڵمـانە بـۆ زەمینە خۆشکردن و بۆ پەیدابوونی نەتەوە، واتە بۆ پەیدابوونی ئەوەی کە فیختە پێی وایە لەناو رۆحی ئەو میللەتەدا ئامادەبووە بۆ لە دایکبوون".(١١٩)**

ئەم چەپکە بۆچوونە، ڕەنگە دەرفەت نەدا، قسەی زیاتر لەمەڕ ئەم باسـەوە بکەیـن، مەگەر بـڕەک لەسـەر هەڵکەوتنـی فیخـتە بدوێین. بەڵام دیسان جەخت لەوە دەکەینەوە، کە چەمکی نەتەوە

بەلای فەلسەفەی ئەڵمانییەوە، بوویەکی عەقڵییە و خۆڕسکانە ڕسکاوە و مرۆڤ، چ کاریگەریێتییەکی لە هاتنە بوونی ئەم دیاردەیەدا نییە، ئاخر لەبەرئەوەی بوویەکی سروشتییە. نەتەوە بەو پێناسەیەی هەیە، کە بوویەکی سروشتییە، وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی ژیان، مرۆڤ، سروشت، گەردوون و هەسارەکان، ئەمانە دروست ناکرێن، دروستیش بکرێن کار و فەرمانی ئەمانە بە سروشتی جێبەجێ ناکەن و تەنیا ئامێرێکی میکانیکی دەبن، بەڵکو ئەمانە خۆیان لە هەناوی پرۆسەیەکی سروشتیدا هاتونەتە گۆڕێ . دەرکەوتنی ئەم بووە سروشتییە، بە شێوازێکی دوور لەدەست تێوەردانی مرۆڤەوە خۆی لە ڕەوتی پێگەیشتنی خۆیدا، خۆی نمایشت دەکات. نە کەس دەتوانێ ڕێگری لێ بکات و، نە هیچ کەسێکیش پێی دەکرێ ڕەوتی بگۆڕێت.

کار و ئەرکی بیریاران و کەسە هۆشمەند و زاناکانی، هەر نەتەوەیەک زەمینەسازی و هەلومەرج رەخساندنە، بۆ سەرهەڵدانی نەتەوە لە قاڵبە سروشتییەکەی خۆیدا. هەر وەک ئەوەی **ئەحمەدی خانی و حاجی قادر**، باس لە نەتەوە و دەوڵەت دەکەن. ئەوان دروستکەر نین، لێ وەک زەمینەخۆشکەر و بانگەوازکەر و دەستگیرۆییکردن و چرابەدەستی نەتەوەی کورد، تا هەموو بەرچاویان ڕوون بێت و بەرەو ئەم ئاڕاستەیە ڕەوت بکەن. بەکورتی ڕۆڵی بەردەبازێک دەبینن، بۆ پەڕینەوە لە بوارێکدا.

" **واتە نەتەوە شتێک نییە بۆ بوون و پەرەسەندن، بەڵکو شتێکە بۆ دروستکردن و جێبەجێکردن".(١٢٠)**

نــاپلیۆن لە ١٨٠٦/١٠/٢٧ دا، بەخــۆی لەشــکرەکەیەوە دوای دوو شـەڕی گەورە، دێتە نـاو شـاری بەرلینـی پـایتەختی دەوڵەتە بەهێز و دیارەکەی پرووسیای ئەو رۆژگارەی ئەوروپاوە. فیختە کە بەڕاسپاردەی زانکۆی شاری ئێرلانگن، لە بەرلـین دەبێت، ئەم ڕووداوانە بەچـاوی خـۆی دەبینـێ. چەنـدجارێ داوا لەسـەرکردە سوپاییەکانی پروسیا دەکات، رێگەی بدەن، وەک وتـاربێژ، بچێتە بەرەکانی شـەڕەوە، قسە بۆ سـەربازەکان بکات. لە پێنـاوی ئەوەی ورەیـان بەرامـبەر بە داگیـرکەری فەرەنسـی بەرز بکـاتەوە. تـا باشتر خۆیان بناسن و لە بنەچەی ئەڵمـان بـوونی خۆیـان باشـتر بن  بە ئاگا بێنەوە. ڕێگەی پێ نادرێ.ناوبراو هاوکـات لە گرنگـی و بـایەخی پەروەردە و خوێنـدن بـاش تێـدەگات، بـۆیە هاوکـاری دروسـتکردنی زانکـۆی هومبۆڵـدی بەرلـین دەکـات و پاشــان لە پشـووی نێوەڕواندا، لە مـاوەی نێوان ١٨٧/١٢/١٣ تـا ١٨٠٨/٣/٢٠ دا ئەو زنجیرە وتارە، (**چەند وتارێ بۆ نەتەوەی ئەڵمـان**)، کە بە ١٤ جار لە ئەکادیمیای پروسـیا بـۆ زانسـت لە بەرلـین پێشکەشـی دەکــات. کــورت و کرمــانج، داگیرکــاریی فەرەنســی بیــرۆکەی پێشکەشـکردنی ئەو وتــارانەی بـۆ نەتەوەی ئەڵمــان لای فیخـتە ڕسـکان . بەشـێک لە کارەکـانی هیگڵـیش ڕەنگـدانەوەی هەمـان داگیرکـاریی فەرەنســی بــوو. هەربـۆیەش دەووتـرێ نـاپلیۆن و شـەڕەکانی، شـەیپووری هوشیارکردنەوەی ئەوروپان.

ئەڵمان تا ئەوکاتە، ئەم نەتەوەیەی ئیمرۆ نەبووە. ڕابەران و مەشــخەڵ بەدەســتدانی ئەڵمــان، نووســەر و مێژوونــووس و فەیلەســوف و ڕۆشــنبیرەکان بــوون، لایبنیتــز بە فەرەنســی نوسیویەتی و زۆر سیاسی و ڕۆشنبیری تـری ئەڵمـان سەرسـام

بوون بە ناپلیۆن و خۆشیان ویستووە. وەک بیتهۆڤن و کایزەر/ قەیسەر ڤیلهێمی دووەم.

**"ئەمە ئەوە دەگەیێنێ نەتەوە لەناو فەلسەفەی ئەڵمانیدا بوونێکی راستەقینەی هەیە و بیرۆکەی خوا، حەقیقەت، دادوەری..هتد چۆن لەناو ئەم فەلسەفەیەدا وەک بیرۆکەیەکی عەقڵی بوونێکی راستەقینەیان هەیە و لە رێگەی هەستەکانەوە لەدەرەوەی عەقڵەوە نەگوازراونەتەوە بۆ ناو عەقڵ، ئاوهاش بیرۆکەی نەتەوە بیرۆکەیەکی عەقڵی راستەقینەیە و بە شێوەیەکی پێشینە لەناو عەقڵی مرۆدا بوونی هەیە و وەک هەر بیرۆکەیەکی عەقڵیش توانای پەرەسەندن و خۆدیاریکردنی هەیە"(١٢١)**

شاراوە نییە، هەر کەسێک قسەیەکی لەسەر فەلسەفە بە گشتی و چەمکی نەتەوە بە تایبەت هەبێت، مەحاڵە بتوانێ، بێ گەڕانەوە بۆ لای بیر و هزر و تێڕوانینەکانی فەیلەسوف و بیریارانی ئەڵمانی، کارێکی سەرومڕ و تەواومان پێشکەش بکات. ئەم راستییەش مێژوویەکە، بە درێژایی مێژووی چەمکی نەتەوە ئامادەگی هەیە و لە ڕێگەی، ئەو ناوانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێداون، لەتەک دەیان شاعیر و نوسەری وەک ئارنێدت Arnedt و کلۆپشتۆک Klopstock ، کە هاوار دەکەن کوا نیشتمان؟، نەخش بووە. بەواتایەکی تر فەیلەسووفەکانیش لەتەک شاعیر و بیرمەندان دا بایەخیان داوە بەم پرسی نەتەوەیە و توانیویانە لە قاڵبی "تیۆرییەکی عەقڵی" لۆژیکداردا بەرجەستەی بکەن. ئالێرەوە بایەخی چەمکی "نەتەوە" لە مێژووی خۆیدا لە هەناوی فەلسەفەی ئەڵمانی دا بەدیار دەکەوێت و چلوورەبەست دەبێت.

# بەشی دووەم:
# تیۆرەکانی پەیدابوونی نەتەوە

جیاکردنەوەی تیۆری نەتەوە لە تیۆری نەتەوەخوازی. دەروازەیەکی سەرەتایی و سەرەکی چوونە نێو ئەم بابەتەیە. تەقەلا دەدەین، مەڵۆ بە مەڵۆ لە خەرمانی کارە تاقانەکەی د.عرفان مستەفاوە، پێشکەش بە ئێوەی بکەین.

نەتەوە، هەبوویەکی ئەقڵی سروشتییە. بوویەکی ڕاستەقینەیە، و خاوەنی کارەکتەر و قەوارە و مانا و ئاماژەیەکی سەربەخۆی خۆیەتی و چ پێوەندییەکی بە کاری دەستکردی کەس و مەکینە و تیۆریی و زانست و تەکنەلۆژیایەکەوە نییە. لێ نەتەوەخوازی جیهانبینییە مۆدێرنەکە، بووەیەکی ئەقڵی نییە و زێتر لە فۆڕمی ئایدۆلۆژیادا، خۆی دەردەخات و دەستێک/ هێزێک دروستکەر و بزوێنەریێتی و ئەو شتەی بەرهەمی دێنێ، دەچێتە خانەی دەستکردەوە، لە پێناوی گەیشتنە مەرامێکی دیاریکراو و پاراستنی بەرژەوەندییەکی گشتی، کە زیاتر زلهێز و بەهێزەکان وان.

ساڵی ١٩٦٠ و سەدەی بیستەم، کۆمەڵی بیرمەند لە ئەورووپادا، لە ڕوانگەیەکی ئایدۆلۆژییەوە، سەرنج لە نەتەوە دەدەن و دەیانەوێ خۆیان بکەنە خاوەنی ئەو هەموو گەشەکردنانەی تێیدا بەرپابووە. بە مانای ئەوەی دروستکەر و داهێنەری بۆ پەیدا بکەن، کە لە گەوهەردا دەکاتەوە خۆیان. واتە

نەتەوە داهێنانێکی ئەوروپاییەوە، دەیگێڕنەوە بۆ سەرهەڵدانی ئاکامەکانی، شۆڕشی پیشەسازی و قۆناخەکانی پاشتر.

سەدەی ١٩ سەدەی کامڵبوونی تیۆری نەتەوەیە، بەتایبەتی لەسەردەست و بەڕیبەڕێتی فەیلەسوفانی ئەڵمان. ئەم ڕاستییە بۆتە جێی بگرە و بەردەیەکی زۆر. لە کایەی زانستی و رۆشنبیریدا، لێ کەس ناتوانێ چاوپۆشی لە جێ پەنجەی بیرمەندانی ئەڵمان لەم بوارەدا بکات. بە تایبەت دوای ئەو پاشخانە دەوڵەمەندەی لە بواری هزر و فەلسەفەدا، دەبێتە زەمینەی دروست بوونی (نەتەوە کولتور)ی ئەڵمانی و ڕەنگڕێژ بوونی تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕێگایە(Nation Building)، کە دەکرێ بە قوتابخانەی ئەڵمانی دابنرێت.

Friedrich Meinecke، یەکەم مێژوونووسە، ئاماژە بە چەمکی **نەتەوە کولتوور**، دەکات و جیای دەکاتەوە لە دەستەواژەکانی دیکە.

## پۆلێنکردنی تیۆرەکانی نەتەوە

ڕەهەندی لێدوان لەسەر نەتەوە زۆر فراوانە بە جۆرێکە، دەرگای بۆ زۆر تیۆری و بۆچوونی جیاواز سازداوە. لە لاپەڕەکانی پێشوودا، هەندێ لایەنی ئەم باسەمان باس کرد. نەتەوە ئەگەرچی لە گەوهەر و عەقڵدا، هەڵگری یەک مانایە، ئاخر چونکە بوویەکی زیندووە، پێناسەی جیاجیای هەڵگرتووە و لە هەر کات و شوێنێکدا بە تایبەتمەندێتی خۆیەوە، خۆی نمایشت کردووە و دەکات.

بیروڕاکـانی سـمیس کە پێـی وایە" **بنەمـای بـوونی نەتەوە ویسـتی خەڵـک و ئەو مێـژووە هاوبەشـەیە کە ئەو خەڵـکە لەسـەردەمێکدا بەهـۆی پـێکەوە ژیـانەوە بۆیـان دروسـت بووە**"(١٢٦.) یەکێکە لەو باسانە. ئەم بۆچوونە کە دەچێتە ژێر ناونیشـانی ویسـتی ڤۆڵەنتەریسـت، واتە بە ویسـت و خواسـتی خەڵکی و ویسـتی ئـازاد، نەک ئۆرگانیسـتی، واتە ناچـارانە یە و، خەڵکەکە بە سروشت لە چارەیان نوسراوە پێکەوە بژین.

بنەمـای بـوونی نەتەوە ویسـتی پـێکەوە ژیـان و یـادەوەری هـاوبەش /مێـژووی هاوبەشـە. ئەمەش لە بنچینـەدا بۆچـوونێکی سیاسییە، چونکە لەم کۆمەڵگایەدا مەرج نییە هەموو سـەر بەیەک رەگەز و زمـان و کولتـووری ئیتنیکـی و ڕەچەڵەک بێـت.ئەم بۆچوونە ڤۆلەنتاریستییە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ ئارەزوویەکی هـاوبەش ئامـادەیی هەبێت . بەپـێچەوانەی ئەمەوە بۆچـوونەکەی تـر ئۆرگانیسـتی، پێـی وایە گـرووپە کـۆمەلاتییە جیاوازەکـان و ئەندامەکانیان قەدەریان وایە هەموو سەر بە نەتەوەیەک بن.

مێـژووی ئەم هەرایەش پێوەنـدی بە شـەڕ و هەلای نێـوان، بیرمەندانی فەرەنسی و ئەڵمانی، رینان Renan و هـانرێش ڤۆن ترایشـکەHeinrich von Treischke وە لەسـەر نـاوچەی ئێلزاس ـ لۆترینگەن Elsaß -Lothringen لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هـاتە کـایەوە. وتـارە بەناوبـانگەکەی رێنـان، بەرتەکـی گـوایە ئەم داگیرکـارییەی ئەڵمانیـایە بـۆ سـەر ئەو ناوچـانە. هەر لەو سـەروبەندەدا، سـیەس Sieyes ی فەرەنسـی، وتارێـک پێشکەش دەکات، بە ناوی "دۆخی/ هەڵوێستی سێیەم چییە؟ واتە خەڵکی ڕەشوڕووت و ئەوانەی سەر بە دووبەرەکەی تر نین. لە

١٧٨٩/٦/١٧. دوای ئەوەی دەستەکانی یەکەم، کەسە ئایینیەکان و دووەم بەگزادەکانن.

ئەم پرس لەسەر دەستەی دوای ئەمان دەکات و پرسی نەتەوە دەورووژێنێ. کاتێ خانەوادەکانی فەرەنسا و چینە باڵادەستەکان، خۆیان بە نەتەوە دەزانی، بەڵام ئەوانی دیکە، واتە دەستە و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگایان خستبووە، دەرەوەی بازنەی نەتەوەوە. خۆیان لەسایەی ئەوەی گوایە نەتەوەن، باجیان نەدەدا و گوشارێکی زۆریان بۆ چینەکانی تر دەهێنا باج بدەن، ئیدی سیەس ئەو وتارەی پێشکەش کرد. ئەمەش بۆ داکۆکی لە جوتیار و هاوڵاتی ئاسایی بوو، ناوبراو باوەڕی بە بنەماکانی یاسای سروشتی هەموو خەڵکەکە بوو، نەک گوایە تەنها ئەوانەی، دەوڵەتیان سازداوە. ئەم شەڕە بۆ دەوڵەتی یاسا و هاوڵاتی ئاسایی و ئازادی تاکەکان، خەڵکی هەژار و چەوساوە بوو. کەواتە مەبەست ئەوە بوو، چینی سێیەم هەموو ئەوانە بگرێتە خۆی، کەسەر بە نەتەوەن، نەک تەنیا نەجیبزادە و خانەدانەکان و کەسانی ئایینی. لەم وتارەدا باس لەوە کرا، نەتەوە کۆمەڵگایەکە کە لەسایەی یاسا و ڕێسایەکی هاوبەشدا بژین و لەلایەن هەمان یاسا دانەرانەوە نوێنەرایەتی بکرێن. دیارە وتارە بەناوبانگەکەی ڕێنان"**نەتەوە چییە**"، دەبێتە سەرتۆپی باسە گەرموگوڕەکان، لەسەر نەتەوە.

لەتەک ئەمانیشدا، کۆمەڵێ سیاسەتکار و کۆمەڵناس و مێژوونووس، بەشداری لە گفتوگۆی چڕوپڕی نەتەوەدا دەکەن. دەرئەنجام جۆرەها بۆچوون و ڕوانین دروست دەبن. هەروەک دەڵێن: بە ئەندازەی هەموو ئەو نووسەرانەی لەمەڕ نەتەوە نووسیویانە، هێندە بیروباوەڕی جیاواز لەسەر نەتەوە هەیە.

کەچی لای ئەڵمانەکان ڕایەڵەیەکی پتەو و چەسپاو لەسەر نەتەوە و دەوڵەت، بەدرێژایی سەرهەڵدانی ئەم باسگەلە، سیستەماتیکانە بەدوای یەکدا دێن و لە قوتابخانەیەکدا خەست دەبێتەوە و فۆرمەلە دەبێ. د.عرفان ئەم بۆچوونانە لە ۳ ناونیشاندا خڕدەکاتەوە.

**تیۆری عەقڵی**: نەتەوە کۆمەڵگایەکی ئاکارییە. نەتەوە نە کۆمەڵگایەکی سروشتییە و نە کۆمەڵگایەکی سیاسی، نەتەوە کۆمەڵگایەکی ئاکارییە و بە شێوەیەکی پێشینە بوونی لەناو عەقڵدا هەیە و لە قۆناغێکی مێژوویدا ئەو بوونە عەقڵییەی لەناو میللەتێکدا دەگۆڕێت بە بوونێکی مێژوویی و واقیعی و لە شێوە کۆمەڵگایەکی ئاکاریدا شێوەگیر دەبێت. بە پێشەنگی لایبنێتز و کانت و هێردەر و فیختە تا هیگڵ، پێشەنگی ئەم قوتابخانە هزرییەن.

**تیۆری سروشتی**: نەتەوە کۆمەڵگایەکی سروشتیە. ئەو بۆچوونە تیۆرییەیە کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوە سروشتخوازەکەی ڕۆسۆ Jean-Jacques Rousseau(1712-1778) و ئەو بیرمەند و سیاسیانە کە بنەمای بوونی نەتەوەکان دەگەڕێننەوە بۆ سروشتی میللەتەکان و ئەو کەلتوور و زمانەی کە بەشێوەیەکی سروشتی بوون بە خاوەنی. گۆستاف لۆبۆن نوێنەری ئەم ڕوانگەیەیە. گۆستاڤ لۆبۆن Gustave le Bon 1841-1931 یش، بە کتێبەکەی "**نهێنی پەرەسەندنی نەتەوەکان**" لەم خانەیەدایە. ڕۆسۆ بنەمای سروشتی و بنەمای مادی تێکەڵ کردووە بۆ پێناسەی نەتەوە.

**تیۆری دروستەیی**: نەتەوە کۆمەڵگایەکی سیاسییە.ئەو بۆچوونەیە کە لە لێکۆڵینەوە نوێکانی بواری نەتەوەخوازیدا بە

بۆچـــوونی ڤۆڵەنتەریســـتی نـــاوبراوە، ئەم بۆچـــوونە ڕیشـــە فکرییەکـانی دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەو بیرکـردنەوە ئەمپـریکییەی کە ئەزمـــوون و ویســـتی مرۆڤـــی دەکـــاتە بنەمـــای مەعـــریفەی مرۆیی...جۆن لۆک (John Locke(1632-1704 و داڤید هیوم (David Hume(1711-1776 نوێنەرایەتی ئەم دیدە دەکەن. رینـانیش پاشـان درێـژە بەم بۆچـوونە دەدات و دەڵـێ:" **کـۆمەڵە گروپێکـی کـۆمەڵایەتی بە ڕێـکەکەوت ڕووداوێکـی مێژوویـی کۆیـــان دەکـــاتەوە و دوای ئەوەی بۆیـــان دەردەکەوێـــت کۆبوونەوەیـــان لەنـــاو ئەو ڕووداوەدا لە بەرژەوەنـــدی هەموویاندایە، بە ویستی خۆیان بڕیار دەدەن کە کۆمەڵگایەک پێک بهێنن، ئەم کۆمەڵگایەش پێی دەوترێت نەتەوە".١٣٣**

**تیۆری عەقلی و سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوە**

نووســەر دیســان، بە وردتـر و قـوڵتر بەســەر بۆچوونەکـانی بیــرۆکەی نەتەوەدا، دەچێــتەوە و وەک بــوویەکی هەمەکــی لای لایبنێتـز و دواتـر لە دۆخـی پەرەسـەندنی سـەرەتایی خۆیـدا لای کانـت و ئەوجـا چـۆن لای فیخـتە و هیگـڵ دەگـات بەدوا فـۆڕمی پەرەســـەندوو و ڕەنگگرتـــووی خـــۆی، کە دەرئەنجـــام شـــۆڕ دەبیـــنەوە تـــا دەگەیـــن بەدوا پـــلەی چلوورەبەســـتن، کە پێـــی دەووترێ"تیۆری عەقڵی" و بە قوتابخانەیەکی سەربەخۆ و بە دید و تێڕوانینێکـی ڕۆشـنەوە لە بـوونی نەتەوە دەدوێ و دەڕوانـێ. لێـرەدا دیکـارت(Rene Descartes(1596-1650 پێناســە بەناوبـانگەکەی (**مـن) بیـردەکەمەوە کەواتە مـن هەم**، باســەکە دەوڵەمەنتر دەکات.

د.عرفــــان، بـــۆ یەکەمجــــار زۆر زیرەکــــانە و هۆشــــیارانە دەمــانگێڕێتەوە بـۆ نــاو فەلســـەفەی لایبنێــز و پێــی وایە ڕیشـــە فکرییەکانی نەتەوەی تێدا دەبینرێتەوە. ئەگەرچی ئەم فەیلەسـوفە، لە کارەکانیـدا بە چەمکـی ئەوکـات و ئیمـڕۆش نـاوی نەتەوەی نەهێناوە.

گەر بە نموونە، باس لە نەتەوەی ئەڵمان بکەین، کە سـەرەتا شـــتێ نەبـــوو بەنـــاوی ئەڵمـــان، وەک نەتەوەیەکـــی دەڵەمەی نایەکگرتوو بوون، نەک وەک نەتەوە ئەقڵییەکە، کە خۆیان دەڵێن دۆیـچ Deutsch، هەر هەمـووی هۆزەکـانی باڤاریـا و ئەلەمـان ساکسن و فرانک و تورنگەر، و ئەوانە بوون. تا لەسـەدەی ٨ و ٩ دا نـاوی دۆیچیـان لە خۆیـان نـا. کـاتێ ئینگلیـز و فەرەنسـی، دەبــنە خــاوەنی دەوڵەتــی خۆیــان، ئەڵمــان لەم پرۆســـەیە دوا دەکەوێ، چونکە ئەو پارچە پارچەییەی ئەڵمان بە بوونی سـەدان میــر و پاشــای نــاوچەیی، نەیــانتوانی لە ڕێگــای پادشــایەکەوە یەکگـرن و وەک نەتەوە خۆیـان نمـایش بـکەن. لە کۆبـوونەوەی ڕۆژی ١٨٤٨/٥/١٨. دا لە شاری فرانکفۆرت، نێزیک بە نوێنەرانی ٥٨٥، میر و گرووپ ئامـادە بـوون، تـاوەکوو لە ئاکامـدا، بە یەک دەنـگ، هەمـوو سـەرۆکایەتییان بـۆ بسـمارکی بەهێـز و خـاوەن دەسەڵاتی هەرێمی پروسیا سـەلماند و لەسـەر بنەمـای لیبەرالـی و دیموکراسی ڕێک کەوتن. لە ئەڵمانیادا ئـازادی هەمیشـە جیاواز بـووە، لە ئـازادیی سـەرزەمینی دەوڵەتـی. تـا سـاڵی ١٨٤٩، واتە ســـاڵێ دوای شــۆڕش و یەکگرتنەکەیـــان، چەمکـــی نەتەوە و دیموکراســی دروشــمێکی ناوەنـدی بـووە. و هەمیشــە پـێکەوە بڵنـــدکراونەتەوە. لەوە پاشــــەوە، ئەڵمــــان وازیــــان لە داوای

دیموکراسی هێنا، لە پێناوی ڕێگە خۆشکردن بۆ گەوهەری پرسە نەتەوەییەکەیان، کە "**یەکێتی نەتەوەیی**"بوو.

نەتەوەی ئەڵمـــان، بەم پرۆســـەدا تێپەڕیـــوون (دەســـەڵاتی بەگــزادەReichsadel، دەســـەڵاتی کڵێســـا Reichskirche، دەسەڵاتی شارەکان Reichsstädten و دواجار هەموویان لە ژێــر کەپــری پەرلەمــانی ئەڵمانیــدا Reichstag، رایختــاگ دا کۆبــوونەوە و یەکیــان گــرت. فــاکتی زمــان، یەکەم هۆکــاری یەکگرتنی ئەڵمانەکانە، هەر بۆیەشـە لە ڕووی بابەتییەوە ئەڵمان بە نەتەوەکولتور، ناو دەهێنرێت. هێردەر دەڵێ:" **هیچ نەتەوەیەک بێ زمانێکی نەتەوەیی ناتوانێ ببێ بە نەتەوە**". لە کاتێکدا بۆ فەرەنســـییەکان بە هــۆی ســـەرزەمینەوە کە بە نەتەوەدەوڵەت ناسراون و لە وتارەکە سیەسیشدا، ناوەڕۆکێکی سیاسی بەرچاو دەکەوێ، بە پــێچەوانەی مــۆرکە کولتــوورییەکەی هێــردەری ئەڵمــانیەوە، و بــۆ ئیتالییەکــان یەکگــرتنەوەی چەنــد هەرێــم و نــاوچەیەکە، رزگــارکردنێتی لەدەســتی داگیــرکەران، کە زیــاتر مێژوو و جوگرافیا ڕۆڵی تێدا گێڕاوە. دواتر بیرۆکەی نەتەوە، بە هێز و دینامیکییەوە لە مێژووی ئەڵمان دا سەرهەڵدەدات و ئەم ڕەوتە تا ئێستاش، سەرمەشقی لێ ڕوانین و لێوە فێربوونە. تاکە نەتەوەی دیــار و هەڵکەوتــوون، لە نێوخۆیانــدا، وەک نەتەوەی ئەڵمــان، پێــڕەوەی لە سیســتەمی فیــدڕاڵی دەکەن. لەتەک بــوونی هەنــدێ ســـەرنج و تێبینـــی بچـــووک دا، ئیمـــڕۆ لە جیهانـــدا سەرکەوتووترین و بەهێزترین، سیستەم بەڕێوە دەبەن.

ئێمە باسمان لە وردبینی و دیقەتەکانی، د. عرفان کرد، کە چۆن بە دوای سەرە داوی ئاڵۆزکاوی ئەم باسەدا ڕۆیشتووە، کە هێنـــدە بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە، یـــاخود بە قوڵاییـــدا

شـــۆڕبۆتەوە، تـــا گەشـــتۆتە لای لایبنیتـــز. لێـــرە ئامـــاژە هەرە ســـــەرەتاییەکان و کۆدەکـــــانی بیـــــرۆکەی نەتەوەی دەرک پـــــێ کردووە و دەستی بە کارەکەی کردووە. شـایانی ئاماژە پێدانە، بـۆ یەکەمجـارە، نـاوی لایبنیتـز و پرسـی نەتەوە، بەو شـێوازە بەرچاو بکەوێت.

**"بیـرۆکەی نەتەوە لەســـەرەتادا لە شـێوەی کۆمەڵگـایەکی عەقڵیدا دەردەکەوێت کە عەقڵ پەیوەندی نێوان ئەندامەکانی ڕێک دەخات".(١٣٥).**

لایبنێتز ئەم کۆمەڵگایە بە نەتەوە ناوناهێنێ. لێ لە واقیعدا بە پێـودانگی ئیمـڕۆ، باسـەکەی باسـی نەتەوەیە. دواتـر دەچێـتە لای کانـت و کۆمەڵگـا ئاکـارییەکەی، تـا دەگـاتە لای فیخـتە و کتێـبە بەناوبـــانگەکەی "**چەنـــد وتـــارێ بـــۆ نەتەوەی ئەڵمـــان**" و بە ســـەرپێیش هێـردەر، بەســـەر دەکـاتەوە. بە کـورتی بیـرۆکەی نەتەوە بەم قۆناخـــانەدا تێپەڕیـــوە: فەرامۆشـــکردنی هێـــردەری فەیلەســـــووف و شـــاعیر و چیرۆکنـــــووس و مێژوونـــــووس و هومانیســـت و ڕابەری یەکەمـــی چەمـــک و پرســـی نەتەوە لە ئەڵمانیا، لە لایەن نووسەرەوە، ناگەڕێتەوە بۆ بایەخ نەدان و بێ ئاگـایی د. عرفـان، بەم فەیلەسـوفە، کە بە مامۆسـتای فیخـتە و هیگـڵ و شـێلینگیش دادەنـرێ و زۆرجـاران ئەمـانە هانایـان بـۆ بەرهەمەکـانی بـردووە، بەڵکـو هـۆکە دەگەڕێـتەوە بـۆ نەبـوونی، یـاخود کەمـی بەرهەمە وەرگێڕداوەکـانی هێـردەر. جـگە لەوەش هێردەر لە نێو خوێنەرانی ئەڵمانیشـدا، بڕەک بزرە و بەوە نـاوی دەرکردوە، فەیلەسوفە گەورە، ونناوەکە، یاخود لە بیرکراوەکە.لە کاتێکـــدا نـــاوبراو لەســـەر ئاســـتی دنیـــا ناســـراوە و نەتەوە سلاڤییەکان بە باوکی رۆحی پرسی نەتەوایەتی خۆیانی دەزانن.

هێـردەر یەکەم  کەسـە، چەمکـی نەتەوەی بەکارهێنـاوە و  لە رووی کولتـوری زمـان و ئەدەبەوە باسـی دەکـات. لای هێـردەر، کولتـــور و زمـــان بەر لە دەوڵەت و دەســـتوورەوە دێـــت. کارەکانیشی زیاتر بەرجەستەکردنی بایەخی نەتەوەیی  زمان و کولتورە. بەلای هێردەوە زمانی مرۆیی، ئامرازێک و ئاوێنەیەکی پەرەسەندنی کولتوری مرۆییە. هەروەها دەڵێ: سروشت گەلان، لە ڕێگـای زمـان و داب و نەریـت و زەریـا و بیابـانەوە لێـک جیـاکردۆتەوە. بەلای هێـردەرەوە، جیهـان وەک بـاخچەیەکە، کە تێیدا نەتەوەکان وەک ڕووەکەکان، بە پێی یاسای خودایی پڕ لە پەنهانی و تـایبەتن. خۆیـان گەشـە دەکەن، هیـچ نەتەوەیەک پێش ئەوی تر ناکەوێتەوە، لێ هەر یەک جیاوازە، لەوی دیکە. نەتەوە :

لە فەلسەفەی لایبێنتزدا، وەک  مەملەکەتی خوا، خراوەتە روو.

لە فەلسـەفەی کانت دا، لە شـێوەی، مەملەکەتـی ئامـانج، نیشـان دراوە.

لە فەلسـەفەی هێـردەر و فیخـتە و هێگـڵ دا، لە دوا قۆنـاخ  و فۆڕمدا بە چەشنی نەتەوە، بەرجەستەبووە.

**"لای هیگـــڵ ئەو دەوڵەتەی کە نەتەوە شــــێوە مــــادی و هەستەکییەکەی خۆی تێیدا شێوەگیر دەکات دەوڵەتی عەقڵە و بەرجەســـتەکەری ئەو پەیوەنـــدییە عەقڵیـــانەیە کە لە نێـــوان ئەندامانی نەتەوەدا دێنە ئاراوە".(١٤٢)**

بنەمـــای ئەم بیـــرۆکەیە، وەک د. عرفـــان ئامـــاژەی پێـــداوە، سەرەتا لای لایبنیتز دەردەکەوێ، بێ ئەوەی ئەم فەیلەسوفە، ئەو کۆمەڵگـــایە، بە نەتەوە نـــاو بهێنێـــت. بەڵام وەک کۆمەڵگـــایەکی عەقڵی بە ناسـاندنی دەدات. دوای ئەم کانـت پەرە بەم بیـرۆکەیە دەدات و دواتر لای هێگل بیرۆکەکە بە تەواوی بەرجەستە دەبێت.

ئەم فەیلەسوفە ئەڵمانانە، هەموو بنەما عەقڵییەکەی بیرۆکەی نەتەوە، وەک خاڵی دەرچوون و بەردەبازی پەڕینەوە دیاری دەکەن. هەموو ئەو نەتەوانەی بوونەتە خاوەنی دەوڵەت و بوونەتە، بوویەکی واقعی، دەنا وەکوتر سەدەها نەتەوەی دیکە هەن، کە بەم ئامانجە نەگەیشتوون، و دەکرێت هێشتا وەک نەتەوەی خەوتوو تەماشا بکرێن.

گێلنەر لەبەراوردکردنێکی سەیروسەمەرەدا کورد بە نەتەوەیەکی خەوتوو و تورک بەنەتەوەیەکی بێدار دادەنێ، پێی وایە مادامێکی کورد نەیتوانی چارەنووسی خۆی دیاری بکات و دەوڵەتی دروست نەکردووە، وا ئیدی خۆی ڕادەستی نەتەوەی تورک کردووە و لەباوەشی گەرم و خۆشی تورک دا بۆ هەرگیزاو و هەرگیز ڕازاوە و بێدار نابێتەوە. دیارە واقیعی مێژووی کورد شتێکی تر دەڵێ و ئەم تیۆریبازەش بۆ ڕەواجدان بە دەقی تیۆرییەکانی لە ئاوازێکی تر دەخوێنێ.بەڵی کورد هەتا ئەم چرکەساتەش لە خەبات و تێکۆشان دایە و هەموو بوویەکی ماکی و مینۆکی داگیرکارانەی تورکی ڕەتدەکاتەوە.

خۆگێلکردنی هەموو ئەو تیۆریست و بیرمەندانە لە تیۆرییە ئەقڵییەکە، یاخود شێواندنی و تێکەڵکردنی بە تیۆرییە سروشتییەکە، نیشانەی خۆدزینەوە و خۆلادان و بەمەبەست فەرامۆشکردنی تیۆرییە بابەتی و زانستیی و لۆژیکییە ئەقڵییەکەیە. د. عرفان ئەم تیۆرییە دەکاتە چەقی قورسایی کارەکەیی و لە هەموو ڕەهەندەکانەوە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات و بە گەڕانەوە و پشت بەستن بە کاری فەیلەسوفانی ئەڵمان توێژینەوەکەی درێژە پێدەدات.

**مەملەکەتی خوا وەك بیرۆکەی هەمەکی نەتەوە**

**"مەملەکەتی خوا، تیۆرەکەی لایبنێتزە، مەملەکەتی ئەو مرۆڤە ئازادانەیە کە ئەوەی لەناو هەریەکەیاندا عەقڵییە، حوکمی هەر یەکەیان دەکات و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکدا رێکدەخات".١٤٤**

چینێکی دەسەڵاتدار، دەستەبژێر بێت یاخود هەڵگری هەر ئایدۆلۆژیایەک بێت، لەم بۆچوونەدا نابینرێت. هەر ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگایە بوونی هەیە و هیچ کەس حاکم نییە و عەقڵ ڕێکخەر و ڕابەری هەڵسوکەوتەکانیانە. ئەم مەملەکەتی خودایە و کۆمارەکەی ئەفلاتوون، دەکرێ وا بەراورد بکرێن، لە یەکەمدا: عەقڵ حاکم و رێ نیشاندەرە، و لە دووەمدا: فەیلەسوف و هۆشمەندەکان جڵەو بە دەستن.

**"مەملەکەتی خوا بە هەموو مانایەک مەملەکەتی عەقڵە، واتە مەملەکەتی ئەو کەسانەیە کە ئیرادەیان تەنها ملکەچە بۆ فرمانەکانی ئەو عەقڵەی کە لە ناویاندا حزوری پەیدا کردووە و پەیڕەوی لە هیچ فرمانێکیش ناکات کە لە دەرەوەی خۆیەوە بۆی بێت، گەرچی ئەو فرمانە فرمانی خواش بێت".١٤٥**

ئەم مەملەکەتی خوایە، دنیایەکە، بەس ئەقڵ تێیدا ڕابەر و ڕێ نیشاندەر و دایینەمۆی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانە.

**خوا لە مەملەکەتی خوادا**

کەم و زۆر پێناسەی خودا، لەنێو ئاینە کۆن و تەقلیدییەکاندا، ئاماژەیە بە هێزێکی خاوەن ویست و خواست/ ئیرادەی بالادەستی سەرووی هەموو بووەکانە. دەسەڵاتی بەسەر گەردوون و سەرزەمیندا بە سانایی دەشکێ. دەسەڵاتی خودا

لەو ئاستەدایە، ئەو بڕیار دەدات، ئایا مرۆڤ بچێتە دۆزەخ یان ڕێگەی بەهەشت بگرێتە بەر. یاسا و ڕێسای، یاسا داڕێژەرەکان، وێنای خودا بە شێوەیەک دەکەن، کە بوونەوەرێکە لەسەر بنەمای هێز و دەسەڵاتداریێتی کارەکانی، خۆی ئەنجام دەدات، نەک لەسەر بنەمای حەق و عەقڵ. مادامێکی خودا، خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهایە و توانای بەسەر گەردوون و ئادەمیزاد دا دەشکێ، وا مافی خۆیەتی چی دەوێ، وا بکات.

لایبنیتز، پێچەوانەی ئەم بۆچوونە، پێی وایە، خودا هەڕەمەکی و دوور لە پێوەر و یاسا، ڕەفتار ناکات. بەڵکو خودا لەسەر بنەمای چاکەخوازی، هەڵسوکەوت دەکات. بە واتایەکی دیکە، خوا ئەو خودایەیە، کە بە ئەقڵ کار بکات، نەک بە ئارەزوو و میزاج.**فەرهاد پاڵەوان دەنووسێ:**

**" زەردەشت، بە ئەقڵ و بیری خۆی و لەو ڕوانگەیەوە، خوای ناسیوە و بە خەڵکی ناساندووە، ئەو خوایەی کە زەردەشت ناسیوێتی، بریتییە لە :ڕاستی، پاکی، بیری خاس، دانایی، ژیری، میهرەبانی، دادگەری، توانایی، ئاوەدانی، و چاکی" .**

د. عرفان بەدواچوونی قوڵتر بۆ ئەم بابەتە دەکات و دەنووسێ:

**"خوا لە مەملەکەتی خوا و لە مەملەکەتی سروشتدا لەو کار و کردەوانەی کە دەیکات، نمایشتی بەهێزیی خۆی ناکات لە پێناو ئەوەدا لە ڕێگەی هێزەوە مرۆڤ ملکەچ بکات بۆ خۆی و ڕەوایەتی بدات بە کارەکانی، خوا لەم دوو مەملەکەتەدا لە کار و کردەوەکانیدا نمایشی دروستی و دانایی و توانایی و چاکی ئەو ئایدیاڵانە دەکات، کە بەر لە کردنی کارەکانی لەناو عەقڵدا**

**بوونیان هەبووە، ئەمەش لەپێناو ئەوەدا دەکات مرۆڤ فێری ئەوە بکات بەپێی توانا و هێزی خۆی لە کارو کردەوەکانیدا ئەوە شێوەگیر بکات کە لە عەقڵیدا وەک ئایدیاڵی دروستی و داد و دانایی بە شێوەیەکی پێشینە بوونی هەیە و هێز نەکاتە بنەما بۆ دروستی و ڕەوایەتیدان بە کارەکانی"(١٥٤)**

خوا هێزخواز نییە و گەرەکی نییە، لە ڕێگای گوشاری هێزەوە، بوونەوەرەکانی خۆی، مرۆڤ بەتایبەت ناچار بکات، بە زۆرەملێی ملکەچی ڕێنماییەکانی بن و سیستەمەکەی بەرن بەڕێوە. بەڵکو بە پێچەوانەوە خودا، وەک هێزێکی ژیر و میهرەبان، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە، لە ڕێگای ئادگارە هەرە جوان و بەرزەکانی دانایی و چاکەخوازی و توانایی و ڕەفتارە شیاو و گونجاوەکانەوە، خۆی نیشانی مرۆڤ بدات و داوایان لێ بکات، ئەو ڕێچکەیە بگرنە بەر، کە ئەو پێی باشە. میکانیزمی پەیوەندی نێوان خوا و مرۆڤ، لەسەر بنەمای بەکارهێنانی هێز و هەڕەشە و سزادان دانەمەزراوە. بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، خودا لە باشترین شێوەدا بەهانای مرۆڤەوە دێت و کار و فەرمانەکانی ئاڕاستە دەکات. نووسەر بە تێر و تەسەلی لەسەر ئەم بابەتە دەڕوات و بیروڕاکانی لایبنێتز دەخاتە ڕوو.

### سیستەمی مەملەکەتی خوا

ئەوەی لەم کۆمەڵگایەدا بەرچاو دەکەوێ، ئەوەیە لای هەر تاکێکی کۆمەڵگا هەیە و بەپێی ئەو عەقڵەی لەناوخۆی مرۆڤدایە هەڵسوکەوت دەکات. دەوروبەر چ کاریگەریتییەکیان نییە و عەقڵ حاکمە. مەملەکەتی خوا، مەملەکەتی مۆنادە عاقڵەکانە.

**" لەم مەمـلەکەتەدا ڕێکەوتنـی مرۆڤەکـان بەرهەمـی ئەو سیستەمە عەقڵییەیە کە بوونی لەناو عەقڵی هەموویاندا هەیە و سیسـتەمەکە بەری ئەو ڕێکەوتـنە نیـیە کە لە نێـوان ئەوانـدا هەیە.واتە لەوێ ڕێکەوتـن بنەمـای بـوونی سیسـتەم نیـیە و سیستەم بنەمای بوونی ڕێککەوتنە".( ١٦٧)**

بنەمای بوونی سیستەم لای دروستخوازەکان، هەڕەمەکییە و بـێ بـوونی هەڕەمەکیـیەت، سیسـتەم بـوونی نابێـت، بەڵام سیستەم لە مەملەکەتی خودادا عەقڵە. هەڵەی ئەم بەرەیە، ئەوەیە یاسـای بـوونی شـتێک جیـا نـاکەنەوە لە یاسـای کـارکردنی ئەو شـتە. مەملەکەتـی خـوا دەبێـت بە نەتەوە و مۆنادەکـانی نـاو مەمـلەکەتەکەش، دەبـن بە تـاکی نەتەوەیـی. ئەمە پـوختەی بۆچوونی نووسەرە لەسەر ئەم بابەتە. دیارە خۆی بە ورتر و بە چڕی، لەسـەر ئەم خـاڵە وەسـتاوە و بنەڕەتـی بیرۆکەکـان دەگەڕێنێـتەوە بـۆ لایبنیتـزی فەیلەسـوفی ئەڵمـانی.ئەمەش سەرەتایەکی نوێیە لە باسی نەتەوەدا.

**" لای دروسـتخوازەکان جیـاوازی وەسـیلەی یەکبـوونە، جیـاوازی گرنگییەکـی ئەوتـۆی نیـیە و ئەوەی گـرنگە یەکبوونە.چوونکە سیستەمێک لەسەر بنەمای هێز دامەزرابێت داوای یەکبوون دەکات، نەک داوای جیاوازی".(١٦٧)**

نووسـەر قسـە لەسـەر تیـۆرەکەی سۆسـۆر، وەک زانـایەکی زمـانەوانی دەکـات، کە سـەر بە بیـرۆکەی دروسـتخوازەکانە و یەکبوون ئامانجیانە. پێموایە بۆچوونەکە روون و ئاشکرایە و چ گووتەیەکی زیادە هەڵناگرێ.

د. عرفـان پەی بەوەش بـردووە کە لایبنێتیـز یەکەم فەیلەسووفی ئەوروپـایە دەرکـی بە بیـرۆکەی مەملەکەتـی خـوا

بـــردووه. لەڕێـــگەی کـــۆمەڵێ چەمکـــی پەتیـــیەوە دواتـــر لای فەیلەسـووفەکانی تـری ئەڵمـان ئەم بیـرۆکە پەتییە پەرەدەسـێنێ زمـــانی گوزاشـــتکردنیش لـــێ لە زمـــانێکی پەتـــی و عەقڵیـــیەوە دەگۆڕێ بۆ زمانێکی واقیعی و هەستەکی.بەتایبەت ئەم گۆڕانە لای هێگـــل دەگـــاتە دوا فـــۆڕم و چلوورەبەســـتبوون بەوەی مەملەکەتی خوا دەبێت بە نەتەوە، مۆنادەکانی ناو مەملەکەتەکە تاکی نەتەوەیین.

**"تاکەکەسی ناو مەملەکەتی خوا هەوڵدەدات ئەو توانایە لە ڕۆحیدا چالاک بکات کە تەنها لە مرۆڤدا بوونی هەیە، ئەو توانایەش ئەوەیە گەر زەمینەی بیرکردنەوەی لەهەر ئایدیالێک بۆ بسازێ، دەتوانێت لەناو عەقڵی خۆیدا پەی پێ بەرێت".(١٦٦)**

با بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی باسەکان، دوای بۆچوونەکانی دیکەی نووسەر بکەوین.

**" نەتەوەکـان گوزارشـتن لە بـوونی جیاوازییەکـان، نەتەوە ناتوانێـت بـوونی هەبێـت گەر لە بەرامـبەر نەتەوەکـانی تـردا جیاوازییەکانی خۆی نەخاتە ڕوو.بەڵام لای گێلنەر نەتەوەکان بوونێکی ڕاستەقینەیان نییە و ئەو جیاوازیانەش کە نەتەوەکان بوونیـــان لەســـەری هەیە، جیـــاوازی ڕاگـــووزەرن و هـــۆکەی دەگەڕێـــتەوە بـــۆ ئەوەی کە کۆمەڵگاکـــان لەیەک کاتـــدا لە کۆمەڵگـــایەکی کشـــتوکاڵییەوە نەگـــۆڕاون بـــۆ کۆمەڵگـــایەکی پیشەسازی، گەر هەموو کۆمەڵگاکان بە تەواوەتی  بگۆڕێن بۆ کۆمەڵگـــای پیشەســـازی، جیاوازییەکـــانی نێوانیـــان نـــامێنن و نەتەوەکانیش کە بوونیان بە هۆی ئەو ناهاوسەنگییەوە، لەگەڵ نەمانی ئەو ناهاوسەنگییەدا ئەوانیش نامێنن".(١٦٨)**

شـايانی ئامـاژە پێـدانە، لە هەنـاوی پرۆسـەی سـەرهەڵدانی نەتەوەدا، کۆمەڵێ سیفات و تایبەتمەندێتی دێنە کایە، کە دواتر دەبنە سیمبۆڵ و ئاماژە و بەشێکی گرنگی ناسنامەی نەتەوەیی، وەک جلوبەرگ و خواردن و خواردنەوە و مۆسیقا و گۆرانی و ئەدەب و بیناسـازیی و نـاوی کەسـەکان و شـەقام و گونـد و شـارەکان و ڕەنگی ئـاڵا و مۆزەخـانە و ...هتـد. بەنمـوونە: کێ هەیە لەم رۆژگـارەدا، وڵاتـی بەرازیـل و ئیتالیـا و زۆر وڵاتـی دیـکەش، لە ڕێـی ئاڵاکانیـانەوە نەناسـێتەوە؟.وەک دەزانـین داگیرکەرانـی کوردسـتانیش، شـەڕی ئەم بەهـا کولتـوریی و سیمبۆڵە نەتەوایەتییانەی کوردیان کردووە و بەوپەڕی دڕندەیی و نامرۆمانە دژی وەستاونەتەوە.

بە کـورتی مەبەسـت لێرەدا زیـاتر، بەو واتەیەیە، جیـاوازی لە پێنـاوی یەکگرتنـدا، لەسـایەی کۆمەڵگـای پیشەسـازیدا. کوشـتنی جیاوازییەکـان، بـۆ گەیشـتنە بە مەرامێکـی سیاسـی، کە دروستکردنی شتێکە با ناویشی نەتەوە بێت، بەڵام دەستکردە و هێـز و لایەنێـک، هـانی دەدا و دەسـتی لە پشـتێتی. - لێـرەدا مەبەست لە ئەوروپایە - ئەوروپاییەکان خۆیان لە پشتەوەی ئەم تێڕوانینە مەڵاس داوە و تیف تیفەی ئەم بۆچوونە دەدەن. بەهەر نرخێـک بێـت دەیـانەوێ بـیکەنە دیـاردە و و داهێنـانێکی خۆیان.دیـارە بە پێـودانگی مەرامە سیاسـییەکانی خۆیـان ڕەنگرێژی دەکەن و کردوویانە.

ڕەنـگە گەر بێتـوو لە دوورییەیەکـی تریشـەوە سـەرنج لەم بۆچـوونە بـدەین، ئەوە بەشـێکی باشـی نەتەوەکـانی ئەوروپـا بە تـایبەت بەهێزەکانیـان، گەیشـتوون بە ئـاواتی خۆیـان و بەرژەوەنـدییەکانیان، لە هەبـوونی دەوڵەت و دادۆشـین و

ڕووتاندنەوەی دنیادایە، بیانەوێ لەم ڕێگایەوە، هەوڵ دەدەن ڕێگری بکەن، لەو نەتەوانەی ماون، بگەنە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەت. وەک دەبینین بەو شێواز و میتۆدەی ئەوان لەسەر هەژماری نەتەوەکانی دیکە دەستکەوتەکانیان بەدەست هێناوە. ڕاستی ئەم بۆچوونە، وەک لەم دواییانەدا، لە پرسی سەربەخۆیی سکۆتلەندە، لە بەریتانیای مەزن بە ئاشکرا بەرچاومان کەوت، کە چۆن هەم بەریتانیای ئینگلیز و هەم وڵاتی ئیسپانیا، کە کێشەی کاتالۆنی و باسکی هەیە و، هەم یەکێتی ئەوروپا، دژایەتی توندی سەربەخۆییەکەیان کرد. ئاخر بۆ ئەوەی لە خۆیان تێک نەچێ. و ئەو ڕەنجەی داویانە بە ئاو نەڕوات. دەوڵەتە دەستکردەکانیان لەبەر یەک نەترازێن و هەڵنەوەشێتەوە. بۆ نموونە کاتێ سکۆتلەندا و کاتالانیا، ڕیفەڕاندۆمی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتیان کرد، یەکێتی ئەوروپا دژ وەستایەوە و وتی: ئێمە تەنیا بەریتانیا و ئیسپانیا دەناسین و کورسی / جێگایەکمان هەیە بۆ یەک ئەندام. کەچی ڕۆژانە هەوڵ دەدەن وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا کە نەژێرخان و نەسەرخانیان لەئاستی مەرجەکانی یەکێتی ناوبراودایە، وەرگرن.هۆکارەکەشی سیاسییە و مەبەست ڕووت و قوتکردنەوەی رووسیایە.ئەوەیە پێوەری گڵاو و

نووسەر تێڕوانینەکانی گێلنەر و هۆبسباوم و لایبنێتز، لەسەر جیهانبینی و جیاوازیەکان و یەکبوون دەخاتە ڕوو. دواتر بەم نموونە بەرجەستەیە، ڕوونکردنەوەیەکی دیکەشمان پێشکەش دەکات و دەڵێ:

" **لە یاری شەترەنجدا شێوەی داشەکان گرنگ نییە و لە کاتی یاریکردندا کاتێک ئەسپێک لە ئەسپەکان بز دەبێت، دەکرێت**

**بەردێـک لەبـری ئەسـپەکە دابنرێـت و یـارییەکە بەردەوامـی وەرگرێـــت، لە کاتێکـــدا بەردەکە نە مـــادەکەی وەک مـــادەی ئەسپەکەیە و نە شێوەکەی لە شێوەی ئەسپەکە دەچێت، ئەمەش هیچ کـاریگەرییەکی لەسـەر یارییەکە دانەنـاوە، چـونکە ئەوەی گرنگە مادەی دروسـتکردنەکە و فۆرمە جیاوازەکەی داشـەکە نیـیە، ئەوەی گـرنگە تەنهـا ئەوەیە ئەوەی لەبـری ئەسـپەکە داهێنرێت نیشانەیەکی پێوەبێت تا لەگەڵ داشەکانی تردا تێکەڵ نەبێت و بناسرێتەوە، بۆیە دەکرێت لەبری ئەسپەکە هەر شتێکی تر بهێنرێت کە خاوەنی نیشانەیەکی جیاکەرەوە بێت".(١٦٩)**

ئەوەی جێـــی باســـە لەم یـــاری و سیســـتەمەدا، نیشـــانە جیاکەرەوەکان نییە، بەڵکو توانـای ناسـینەوە هێزی بـراوەی نێو ململانـێکە گـرنگە. واتە جیـاوازی ئـامرازی یەکبـوونە، جیـاوازی گرنگییەکـی ئەوتـۆی نیـیە و ئەوەی گـرنگە یەکبـوونە، چـونکە سیسـتەمێک لەسـەر بنەمـای هێـز دامەزرا بێـت داوای یەکبـوون دەکات، نەک داوای جیاوازی.

یاســاکە بەم چەشــنە لە قاڵــب دەدرێ، دۆڕاوی مەیــدانەکە، دەبێتە پاشـکۆی بـراوەی گۆڕەپـانەکە. بـراوەش هەرگیـز ڕێگەی دۆڕاو نادات، هیچ کات جارێکی تر گەمەکە بباتەوە. لە سیستەمە دروســـتەییەکەدا ئامـــانجی بنجـــی و گردەبـــڕ نەهێشـــتنی جیاوازییەکـانە و لە مەملەکەتـی خـودا هێشـتنەوە و بەهێزکردنـی جیـاوازییە سروشـتییەکانی سروشـتی و ئۆنتۆلـۆجییە. ئەمـانە بەشێکی تری خوێندنەوە بەدیقەتەکەی د. عرفانن.

**" تاکەکەس لە مەملەکەتی خوادا وەک هونەرمەندێک وایە کە لە کارەکەیدا سەرقاڵی نواندنی ئەوەیە کە لە خۆیدا هەیە و لە کارەکەشـیدا جـگە لە نوانـدنی بـوونی خـۆی بۆخـۆی بیـر لە**

**دەرەوەی خۆی ناکاتەوە و دەرەوەی خۆی هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر ئەوەی کە لە کارەکەیدا دەینوێنێ.بەڵام تاکەکەس لە کۆمەڵگا باوەکاندا وەک یاریزانێکی ناو تۆپی پێ وایە و بەردەوام دەبێت بە پێی ئەوە هەڵسوکەوت بکات کە لەدەرەوەی خۆیەوە لە ڕێگەی هەستەوەرەکانییەوە بۆی دێت، گەر ساتێک لە دەرەوەی خۆی غافڵ ببێت دەدۆڕێت، ئەوەی ئەم یاریزانە لە یارییەکەیدا دەینوێنێ بوونی خۆی نییە و بوونی ئەو دەورووبەرەیە کە ئەوی تێدایە".(١٧٤)**

کاتێ سیستەم بەرەو کەماڵ و پێرفێکت بوون دەچێ، کە جیاوازی لە نێوان تاکەکانی مەملەکەتەکەیدا زیاتر پەرە بسێنێ و پارێزراو بێت. ئاخر بێ بوونی جیاوازی، بوونی دیاردەکانیش لە خاڵێکدا هاوبەش دەبنەوە و هەموو یەکسان دەبن بە یەک شێوە و ڕەنگ، کە دەکاتە سفر. بەڵام تیۆروانینە دروستەییەکە دەڵێ: تاکە کەس ئەو کاتە بەرجەستە دەبێ، کە کارەکتەری براوەیەکی نێو سیستەمەکە لەبەرخۆی بکات و دەستبەرداری هەبووە سروشتییەکانی خۆی بێت.

**"بۆ نموونە لای گێلنەر کۆمەڵگایەک ناتوانێت ببێت بە نەتەوە گەر قبووڵی ئەو کولتورە مۆدێرنە نەکات، کە کولتووری براوەکانە(...) هەر میللەتێک لە میللەتەکان بۆ ئەوەی ببێت، دەبێت واز لەو فۆرمە بێنێت کە بۆ نواندنی بوونی خۆی هەیەتی و جیاوازە لە هەموو ئەو فۆرمانەی کە میللەتانی تر بوونی خۆیان تیا دەنوێنن و لەو فۆرمەدا بوونی خۆی بنوێنێ کە براوەکان بوونی خۆیانی تیا دەنوێنن"١٧٥**

بەم پێیە تێدەگەین کە تیۆری دروستەیی داوامان لێ دەکات، بۆ ئەوەی هەبیت، دەبێت فۆڕمێکی دەرەوەی خۆت بنوێنی و

بوونی خۆت فەرامۆش بکەیت. ئەمەش لە بنەڕەتدا ناهەقییەکی گەورەیە بەرامبەر بە مرۆڤ و لە قەوارەیەکی گەورەتردا نەتەوە، کە وەک ئافەریدەیەکی سروشتی نا دەستکرد هەن، ناهەقانە ملکەچ دەکرێن بۆ ئەوەی نمایشتێکی درۆزنانەی دەرکەوتنی خودی خۆیان بکەن. بە پێویستی دەزانم لەسەر ئەم بابەتە دوا بۆچوونی د.عرفانتان بۆ راگوێزم، کە کۆتایی قسەکانی ئەم بەشەیە.

**" هەر میللەتێک لە میللەتەکان بۆ ئەوەی ببێت، دەبێت واز لەو فۆرمە بێنێت کە بۆ نواندنی بوونی خۆی لەو فۆرمەدا بوونی خۆی بنوێنێ کە براوەکان بوونی خۆیان تیا دەنوێنن".** (١٧٥)

واتە بۆ نموونە کورد لە تورکیادا، واز لە هەموو بنەماکانی بوون و هەبوون و سیمبۆڵ و بەهاکانی خۆی بهێنێ، مادامەکی تورک لەو شەڕەدا بردوویەتەوە و بۆتە خاوەنی دەوڵەت و کەلتوورێکی مۆدێرن، لە بەرامبەردا کورد دا، کە ژێر کەوتووە.

**پەیوەندی خوا بە کەسەکانی ناو مەملەکەتی خواوە**

**"تاکەس لە مەملەکەتی خوادا کاتێک بوونی دەبێت ئەوە بنوێنێ لەناو خۆیدا هەیە و ئەوە نەنوێنێ کە لە دەرەوەی خۆی بۆی دێت و بەشێوەیەکی سەلبی لەناویدا دەچێنرێت".**(١٧٦).

پێویستە ئەقڵی مرۆڤ خۆی، ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێ و نەکەوێتە ژێر باندۆڕی ژینگەی دەرەکی، هیچ کەس و هێزێک ڕێگەی نەبێت، دەست لە کار و بڕیارەکانی وەربدات. لە درێژەی ئەم باسەدا دەگەینە:

**"تاکەکەس لەناو مەملەکەتی خودا دەبێت وا بژی کە تەنها خۆی و خوا لەناو مەملەکەتەکەدا بوونیان هەیە.واتە تاکەکەس**

**لەم مەملەکەتەدا لەگەڵ تاکەکانی تری مەملەکەتەکەدا لەناو دایلۆگدا نییە، بەڵکو لەناو مەنەلۆگدایە لەگەڵ ئەو هێزەدا کە لەناو خۆیدا فرمان و چۆنایەتییەکانی ژیانی تایبەتی خۆی لەناو مەملەکەتەکەدا پێ دەبەخشێت(...) کەسانی ناو مەملەکەتی خوا وەک پارچە ونبوەکانی یەک وێنەن و ئەم وێنەیەش وەک ئایدیاڵ لەناو رۆحی کۆیی هەر یەکەیاندایە و هەر یەکەیان بەوە بەشداری لە شێوەگیرکردنی ئەو وێنەیەدا دەکەن، کە بێ گوێدانە پارچەکانی تری وێنەکە ئەو پارچەیەی لەناو خۆیاندا هەیە و بوونی ئەو لەناو کۆی وێنەکەدا دیاری دەکات، شێوەگیر بکات".(١٧٩-١٨٠)**

ئەمە بەو واتایەی، مرۆڤ تەنیا لە دەرەوەی ویستی خۆیدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریتی و باندۆڕی هێزێکی دەرەکیەوە، کە خودایە. هەر تاکێک بەشێکی بچووکی پێکهێنەری مەملەکەتەکەیە و بۆ کۆی گشتی تاکەکانی مەملەکەتە دروست دەبێت، هەروەک کۆی پارچەکان وێنەکە تەواو دەکات. پاش تۆزێ لێدوان و شیکردنەوە، ئەم بۆچوونەش، دەخاتە سەر قسەکانی و دەڵێ:

**"رۆحی کۆیی ناو تاکەکانی مەملەکەتی خوا لە ڕێگەی رۆحی تاکە کەسەکانەوە، هەر یەکەیان بەرەو ئامانجە تاکەکەسییەکەی خۆی ئاڕاستە دەکات و بەمە ئامانجە کۆییەکەی خۆی وەدی دەهێنێ"(١٨١)**

هەر تاکێ لە تاکەکانی مەملەکەتی خوا، هەموو مەملەکەتی خوا لەناویدا هەیە و هەر تاکێک لایەنێکی بوونی مەملەکەتی خوا ڕەنگ پێدەداتەوە. کەواتە هەر تاکێکی بەشێک لە ناسنامە گەورەکەی مەملەکەتی خوا، لە خۆیدا نوێنەرایەتی دەکات. بە کۆی گشتی هەموویان، مەملەکەتی خوا دەنەخشێنن.

## مەملەکەتی خوا و نەتەوە

درێــژەدان بەم باســـە، بە ئامــانجی زەمیــنە ســازکردنە بــۆ تێگەیشتن لە بنج و بناوانی بیرۆکەی نەتەوە لای ئەڵمان. چونکە هەر فەیلەسـوفێ، وەک دەڵـێن، کـوڕی سـەردەمەکەی خـۆیەتی، بەپێی کات و شوێنی خۆی، بەشدارییەکی کردووە، لە داڕشتنی چەمکی نەتەوەدا. فەلسـەفەی لایبنێتـزیش سـەرەتای دەرکەوتنـی ئەم باســـە، تـــا لە دوا وێســـتگەدا، لایبنێتـــز وەک فەیلەســـوفە ســـەرەتاییەکانی ئەڵمـــانی، لای ئەو ئەمە بیـــرۆکەی هەمەکـــی نەتەوەیە. لای لایبنێتـــز نەتەوە بـــوونێکی پەتـــی هەیە و پاشـــان بەرەو کامـڵ بـوون هەنگـاو دەنـێ، تـا لای هیگـڵ بیـرۆکەکە لە نەتەوەدا دەخەملێ. ئێستا زانیمان لای لایبنێتز تەنیا سیستەمێک هەیە و ئەویـش سیسـتەمی مۆنادەکـانە، کە دەکـاتە سیسـتەمی تاکەکانی نەتەوە. لێ هێشتا بیرۆکەی نەتەوە لێرەدا، بە تەواوی نەچەسپیوە و بە دوا قۆناخی پرۆسەی دەرکەوتنی نەگەیشتووە. دواتـر لای کانـت، لە مەملەکەتـی ئامانجەکانـدا، هەنگـاوێکی دیـکە بەرەو شـەقڵ بەسـتن دەڕوات و لە دوا مەنزڵگـادا، لای هێـردەر و فیخـتە و هێگـڵ، بە تەواوتـی دەخەملـێ و وەک نەتەوە بە دیـار دەکەوێ.

## دەرکەوتنی بیرۆکەی نەتەوە لە کۆمەڵگای ئاکاریدا

مۆنادەکـــانی مەملەکەتـــی خـــوای لایبنێتـــز بە سیســـتەمێک هەڵسوکەوت دەکەن، لەناخی خۆیان بوونی هەیە و لەدەرەوە هـیچ هێزێـک هەڵیـان ناسـووڕێنێ. خۆیـان هەمئـاهەنگی نێـوان خۆیـان سـازدەکەن و کاروبارەکانی خۆیان ئەنجـام دەدەن. بە

کورتی زیگنالّی هەڵسوکەوتکردنیان لە ناخی خۆیانەوە بۆ دێت، نەک لەدەرەوە. لای کانتیش لە مەملەکەتی ئامانجەکان دا، مرۆڤ هەر جوڵە و کردەیەک بکات، یاسا و ڕێساکەی لە ئەقڵی خۆیدا بوونی هەیە و ئەمیش مەحکوم نییە، بە هیچ یاسایەکی دەرەکی. بە دەربڕینێکی تر، ئەمانە خۆیان ئاغای خۆیانن و ملکەچ و یەخسیری چ بڕیار و کاریکەرێتیی بێگانەی دەرەکی نین و لە ڕێگای هێز و ئەقڵ و سیستەمێکی ناوەکییەوە دەبزوێن. لای لایبنێتیز مۆنادەکان جەوهەرە و بوونییان بەند نییە بە شتێکی دەرەکییەوە، تاکەکەسی ئاکاری کانیتیش ئامانجە و ئامراز نییە. کانت لە کتێبەکەیدا (**دامەزراندنی میتافیزیکای ئاکار**)دا شەنوکەوی ئەم باسەی کردووە.

**" تاکە کەس لای ئەو بە بوونی ئیرادەی چاک لەناو ئەو مەملەکەتەیدا بوون پەیدا دەکات، ئیرادەی چاکیش لای کانت، ئەو ئیرادەیەیە کە بۆ کارکردنی، دەستوور لە یاسا عەقڵییەکانی ئاکار وەردەگرێت و کاتێکیش دەتوانێت ئەمە بکات کە خۆی دامالّیبێ لە هەموو ئەوەی کە سەرەکیی و ئەزموونییە. ئیرادە بە گشتی خۆی لە نێوان دوو جۆر لە هێزدایە و لە ئیختیاری خۆیدایە بۆ خولّقاندنی کاروکردەوەکانی مرۆڤ دەستوور لەم جۆریان وەردەگریَ."(١٨٦)**

تاکە کەس بە بوونی ویستی چاک، بوون پەیدا دەکات. ویستی چاکیش، کە کار بە یاسا عەقڵییەکانی ئاکار دەکات، کاتێکیش دەتوانی ئەم ئەرکە ئەنجام بدات، کە کاریگەرێتی دەرەکی و ڕووداوە ئەزموونیەکانی لەسەر ئەنجام بدات. ویست و خواست لەبەردەم دوو ڕیانێکدایە، لە نێوان بنەما پێشینەکانی خۆیدا و هاندەرە پاشینانەی هەڵیدەنێن و ماددین.

**"ئیـرادە بـۆ شـێوەگیرکردنی کردەکـان بـۆی هەیە لە دوو سەرچاوەوە دەستوور وەرگرێت، سەرچاوەیەکیان: بنەما پێشینە وێنەییەکانن کە لەناو عەقڵی مرۆییدان و بە ئەزموون پەروەردە و فێرکردن لە زەینیدا جێگیرنەبوون و بەخۆیان لەناو عەقڵدا بەشێوەیەکی پێشینەیی هەن.سەرچاوەکەی تریان ئەو بنەمایانەن کە لەدەرەوەی مـــــرۆڤەوە و لەو ژیـــــنگە کولتـــــوری و پەروەردەیـیەوە کە تیایـدا دەژیـن، بەهـۆی ئەزمـوونکردن و فێربوون و پەروەردەی فەرمی میللییەوە دەگوازرێنەوە بۆیی و لە زەیندا بەشێوەیەکی  نائاگایانە کار بە ئیرادە دەکەن و  لە کـار و کردەوەکـانی مرۆڤدا شـێوەگیر دەبـن(...)  "کانـت بنەمـا وێنەییەکـانی عەقـڵ بە یاسـا نـاو دەبـات و بنەمـا ئەزمـوونییە مادییەکان بە رێسا ناو دەبات"١٨٧**

نووسەر، پێ بە پێی ئەم هاوکێشەیە لەگەڵ بابەتەکەدا هەنگاو هەڵدێنێ و پـوختەی بۆچـوونەکەی بەم شـێوەیەیە: **کانـت بنەمـا وێنەییەکانی عەقڵ بە یاسا و بنەما ئەزموونییە مادییەکـان بە ڕێسـا نـاو دەبـات.** یاسـای ئاکـاریش دەبێـت بە شـێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە عەقڵی مرۆڤدا، بە شێوەیەکی پێشینە هەبێت. کاتێ دواتـر ئەو بنەمایـانەی لە کولتـوری میللـی یـان فەرمیـدا هەن، نـاودەنێ ڕێسـاکانی هەڵسـوکەوتی کردەیـی و جیایـان دەکـاتەوە لەو بنەمایـــــانەی بە خۆڕســـــک لە عەقڵـــــدا هەن، کە یاســــا ئاکارییەکـانی ئاکـاری مـرۆڤن. لەبەرامبـەر کولتـووری دەرەکـی و بە میللی و فەرمییەوە، کولتورێکی تـر بـاس دەکـات، نـاوی دەنێت "**کولتـووری عەقـڵ**". تـاکە کەس بە ویسـت و خواسـتی/ ئیـرادەی چـاک و ئیـرادەی چـاک کـار بـۆ دەسـتوور و یاسـا عەقڵییەکـانی ئاکار وەردەگرێ.

**"کولتووری عەقڵ کولتورێکی وەرگیراو نییە لە کۆمەڵگا و دەرەوەی مرۆڤ، کولتورێکە بە خۆی لەناو عەقڵی مرۆییدا هەیە و مرۆڤ ئەوەندەی لەسەرە لەناو خۆیدا پەی پێببات".(١٨٧)**

کولتووری ناوەکی و دەرەکی لای مرۆڤ و کاریگەرێتی لەسەر مرۆڤ، قورسایی ئەم بەشە داگیر دەکات. نووسەر درێژە بەم باسانە دەدات، بۆ ئەوەی لە هەموو گۆشەکانەوە، سەرنج لە جیاوازی نێوان عەقڵی مرۆڤ و کاریگەرێتی دەرووبەرەکەی بدات.

**"بەم پێیە ئیرادەی مرۆڤ لەگەڵ بوونی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگادا، دەکەوێتە بەردەم دوو کولتوری جیاواز، کولتورێکی دەرەکی کە ئەو کولتورەیە لەناو کۆمەڵگاکەدا هەیە و حازرە و لەرێگەی ژیان لەناو کۆمەڵگادا وەریدەگرێت، بەمەش دەبێتە تاکێکی قبوڵکراوی ناو ئەو کۆمەڵگایە، لەگەڵ کولتورێکی ناوەکی کە لە مرۆڤ خۆیدا بەخۆی هەیە و ئەوەی لەسەر مرۆڤە تەنها دۆزینەوەیەتی ئەویش کولتوری عەقڵە".(١٨٨)**

کانت زۆر لەسەر کۆمەڵگاکەی دەڕوات و بە مەملەکەتی ئامانجەکان/ غایەتەکان، یان بە جیهانی مەعقول ناوی دەبات. کە تێیدا شێلگیری خۆی لەسەر ئەو ڕێسایانەی کولتوری دەرەکی دەیانخاتە بەردەستمان، بۆ هاندانی بەرەو یاساکانی ناو عەقڵ لە کردەوەکانماندا بەدی بهێنێ. واتە دەکرێ لەدەرەوە شتێ وەرگری لەناو عەقڵدا، عەقلانی رەنگی پێ بدەیتەوە، بەمەرجێ عەقڵە بووە ڕەسەنەکەی تێدا نەبێتە قوربانی .

**" گەر لایبێنتز هەماهەنگی کولتوریی ناو ئەو کۆمەڵگایە بگەڕێنێتەوە بۆ هەماهەنگی پێشینەی نێوان مۆنادەکان و هیگڵیش بیگەڕێنێتەوە بۆ پلانێکی پێشینە کە رۆحی جیهان دایناو، ئەوەی**

**کانتیش دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو یاسا ئاکاریانەی کە لەناو عەقڵی تاکەکەسی ئاکاریدا هەن و هەموو تاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایەش لە هەڵسوکەوت و کار و کردەوە جیاوازەکانیاندا ئیرادەیان دەستوور لەو یاسایانە وەردەگرێ".(١٨٩ ـ١٩٠).**

تاکەکەس ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکات، کە لەعەقڵی خۆیدا هەن. نووسەر کۆمەڵی نموونە، لە باسەکانی کانت، دەخاتە بەردەست خوێنەر. بەتایبەت ئەوەی ناوی دەنێ فرمانی ئاکاری و فرمانی تەکنیکی، سەرچاوە لە رێنماییە زانستییەکانەوە وەدەگرێ و ئاکاریش لە ئاکارەکەیە و فرمانی ئاکاری راستەقینەش سەرچاوە لە کولتووری عەقڵییەوە وەردەگرێ.هاوکات کانت ٣ جۆر لە فرمان جیادەکاتەوە: ١ـ فرمانی تەکنیکی، کە ڕێنمایی لە زانستەوە وەردەگرێ. ٢ ـ فرمانی کارەکی، سەرچاوە لە ڕێنماییە ئاکارییەکەی ژینگەی کۆمەڵایەتی وەردەگرن. ٣ـ فرمانی ئاکاری ڕاستەقینە، ئەو فرمانانەن کە لە کولتووری عەقڵەوە سەرچاوە دەگرن.

**"بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی عەقڵی و پێشینە لە نێوان کەسەکانی ناو مەملەکەتی غایەتەکان ـ کە هەر یەکەیان بۆخۆی غایەتێکە لە غایەتەکانی ئەو مەملەکەتە ـ بێتە ئاراوە، نابێت کەسەکانی ناو ئەو مەملەکەتە وەک وەسیلە سەیری یەکتر بکەن، واتە نابێت دۆخێکی وا دروست ببێت کە کەس تیایدا وەک وەسیلە دەرکەوت بکات. ئەمەش کاتێک دەبێت کە مرۆڤ ئیمکانی بە وەسیلەکردن و بەوەسیلەبوونی تیا نەمابێت، کاتێکیش مرۆڤ ئەو ئیمکانەی تیا نامێنێت کە ئیرادەی لەژێر رکێفی هەموو سوودخوازییەک دەرچوو بێت، با ئەو سوودخوازییەش سوودخوازییەکی گشتی بێت و خودی نەبێت".(١٩١)**

گەر مرۆڤەکـان  بە شـێوەیەکی دوور لە یەکتـر دادۆشـین و بەکارهێنـــانی ئەوەیتـــر، نەبـــنە  هۆکـــار و دەســـتاوێژی خۆشگوزەرانی لە نێوان خۆیاندا، وا مـاڵوێرانی بەسـەر خۆیانـدا دێنن. ئەم خەونی بەختەوەربوونەش ساتێ دێتە دی، مرۆڤەکان ئامـانجی چاکەخوازیـان بـاڵا دەسـت بێـت و بـۆ بەرژەوەنـدی و سـوودی کەسـی و خۆپەرسـتانە مـامەڵە لەتەک یەکتـردا نەکەن. هەمـوو مرۆڤەکـان لە مرۆڤبـوون دا یەکـن، لـێ بەهـرە و توانـا و لێهـــاتوویی سروشـــتی جیـــاوازی لە ( زیرەکـــی و تەمەڵـــی و ترســـــنۆکی و ئازایەتی...هتـــد)دا هەیە. کاتێـــک مەملەکەتـــی ئامانجەکـانیش بەردەوام دەبێـت، بـۆ ئەوەی هەر مرۆڤێـک ببێـتە هەڵگـری ئامـانجی هەمـوو ئەوانـی دیـکە. بـێ لە خۆبـووردوویی مرۆڤەکان پەیوەندی و هەماهەنگی تەنـانەت بەختـەوەریش نـایەتە ئاراوە.  کانت لە مرۆڤدا دوو شت جیا دەکاتەوە:

**یەکەم:** عەقڵ و ئایدیاڵە عەقڵییەکانی ناو مرۆڤە.

**دووەم:** ئەو ئیمکـــانیەتە سروشـــتییانەیە، کە لە سروشـــتی مرۆڤدا هەن.

بـوونی عەقڵـی مـرۆڤ وا لە مـرۆڤ دەکـات بەخـۆی غـایەت بێت. مرۆڤایەتی مرۆڤ لە بوونە عەقڵییەکەی مرۆڤدایە.

**"مرۆڤەکان بەهرە و توانای سروشـتی جیـا جیایـان هەیە و هەر ئەو توانـا و بەهـرە سروشـتییە جیـاوازانەیە کە جیـاوازی نێوان مرۆڤەکانی خوڵقاندووە، ئەوەی مرۆڤەکان تیایدا دەبنەوە بەیەک مرۆڤیەتی مرۆڤە، واتە بوونی عەقڵی مرۆڤە، بەڵام ئەوەی مرۆڤەکـــان وا لێـــدەکات یەک نەبـــن، بـــوونی سروشـــتیانەی مرۆڤەکـــانە.مرۆڤ لەنـــاو مەملەکەتـــی غایەتەکانـــدا بـــوونە**

**عەقڵییەکەی دەرکەوت دەکات و لەوێ وەک بوونەوەرێکی عەقڵی هەست بە بوونی خۆی دەکات نەک وەک بوونەوەرێکی سروشتی"(١٩٢).**

فەیلەسووف کانت باس لە ئۆتۆنۆمی تاکەکەس دەکات و بەڵام نەتەوەخوازەکان باسی ئۆتۆنۆمی نەتەوە دەکەن.

**" ئۆتۆنۆمی نەتەوە لای نەتەوەخوازەکان لەوەوە سەرچاوە ناگرێت کە ڕۆحی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەک بەخۆی ئامانجە و دەبێت ئەم نەتەوەیە وەک بونەوەرێکی عەقڵی مامەڵەی لەگەڵ نەتەوەکانی تردا بکات و نەتەوەکانی تریش وەک غایەتێک مامەڵەی لەگەڵ بکەن و هیچیان ئەوەی تریان نەکات بە وەسیلە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی"(١٩٤).**

لە ڕاستیدا نەتەوەخوازی پێچەوانەی ئەم دەستوور و هاوکێشەیە کار دەکات، چونکە ئەرکی سەرەکی نەتەوەخوازی، وەک پێشتریش ڕوونکرایەوە، ئەوەیە کۆمەڵگا و گرووپەکانی دیکەی ناو سنووری دەوڵەتەکەی، لەناو خۆیدا بتوێنێتەوە. چ چیاوازی و فرەییەک نەهێڵێ. ئەوانی دیکە بکاتە بەردەبازی پەڕینەوە و زیاتر چنگ لە دەسەڵات و دەوڵەت گیرکردن و ئامانجی تواندنەوەی ئەوانەی دەرەوەی خۆیەتی لەخۆی دا.

وەک ئەوەی نەتەوەخوازی تورکی لە تورکیا و، فارسی لە ئێران و عەرەبی لە عێراق و سووریا دا، دەرهەق بە کورد و ناتورک و نافارس و ناعەرەبەکانی دیکەی دەیکەن، ئیسپانی لە هەمبەر باسک و کاتالانی و..تاد. یاخود ئینگلیز لە بەرامبەر سکۆتی و وێلزی و ئیرلەندیدا لە فۆرمێکی تردا دەیکات.

**"بە پێی بنەمای نەتەوەخوازی لەناو دەوڵەتی نەتەوەیدا کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی جیاواز دەبێت ببن بە وەسیلە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی بوونی تاکە کۆمەڵگایەک بە نەتەوە جا نەتەوە دێتە ئاراوە، گەر کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناو سنووری سیاسی دەوڵەتێک هەر یەکەیان لە خۆیاندا ئامانج بن و بەرەو ئەوە بڕۆن ببن بە نەتەوە، نەتەوە دروست نابێت"(١٩٤)**

بە پێی ئەم سیستەمە ئاکارییەی کانت، لەناو دەوڵەت دا، کاتێ نەتەوە سەرهەڵ دەدات و بوون پەیدا دەکات، کە کۆمەڵگا جیاوازەکانی چوارچێوەی سنوورە سیاسییەکەی، وا مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن، هەر یەکەیان کار بۆ بوون و نەتەوەی خۆی بکات و چ کاریگەریێتیی نەرێتی لەسەر ئەوی دیکەیان دروست نەکات، یاخود یەکێ لەم لایەنانە، ئەوی تر نەکاتە پەیژەو بە هەر نرخێک بێت، بەسەریدا بۆ بوونە نەتەوەی زاڵ سەرکەوێ.

ئەمەش کتومت پێچەوانەی کرۆکی ئامانجی نەتەوەخوازییە. چونکە نەتەوەخوازی گەرەکێتی هەموو تەنێکی نامۆ، بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و بیتووێنێتەوە و بیکاتە پارچەیەکی هەمیشەیی لە جەستەی خودی خۆی.

**لە کۆمەڵگای ئاکارییەوە بۆ نەتەوە**

لە سیستەمی مۆنادەکانی لایبتنیزدا، دەگەینە سیستەمی تاکە کەسەکانی کانت، کە کۆمەڵگایەکی ئاکاریشی پێ دەڵێن، فیختە بەدوای ئەم دوانەدا دێ و بە پێی سەردەمەکەی خۆی، لەسەر بنچینەی دووبارەکردنەوەی بیرۆکەکانی ئەو دووانە، لێ

بەرگێکی تر لەبەر گوزارشتەکەی دەکات، کە نەتەوەیە. ئەویش لە کتێبە ناودارەکەیدا(چەند وتارێک بۆ نەتەوەی ئەڵمان). جا بڕوانە، لە سەردەمێکی کورتدا تەنیا لە نێو فەیلەسووفانی ئەڵماندا، چ قەڵەمبازێ لە پێناوی چەسپاندن و بەرجەستەکردنی بیرۆکەی نەتەوە لەسەر دەستی فیختە دراوە و چیمان بۆ ئامادە دەکات.

**"فیختە لەگەڵ ئەوەشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لایبنێتز و کانت لە بارەی تاکی سەر بەو سیستەمە دەیڵێن، بەڵام ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە هەمان ئەو سیستەمە دەبێت لە ئاستی کۆییشدا پەیڕەوی لێبکرێت. گەر لای کانت ئەو سیستەمە تەنها سیستەمی تاکەکان بێت، ئەوە لای فیختە سیستەمی میللەتەکانیشە و چۆن تاکەکان دەبێت پەیڕەوی لەوە بکەن کە لەناو عەقڵیاندا بە شێوەیەکی پێشینە و خۆڕسک هەیە، دەبێت میللەتەکانیش پەیڕەوی لەوە بکەن کە بە شێوەیەکی خۆڕسک لەناو عەقڵی کۆییاندا بوونی هەیە و پەیڕەوی لە هیچ شتێک نەکەن کە لە دەرەوەی خۆیانەوە بۆیان دێت. ئەو میللەتەی توانی تەنها پەیڕەوی لەوە بکات کە لەناو عەقڵی کۆیی خۆیدا هەیە ئەوە نەتەوەیە و ئەوەش نەیتوانی پەیڕەوی لێبکات و پەیڕەوی لەوە کرد کە لە دەرەوە هاتووەتە ناوییەوە ئەوە نەتەوە نییە. میللەتێک کاتێک دەبێت بە نەتەوە کە تاکەکانی تەنها پەیڕەوی لەوە نەکەن کە لەناو عەقڵی خۆیاندا وەک سیستەمێکی عەقڵی بوونی هەیە، واتە مەرجی بوونی میللەتێک بە نەتەوە ئەوەیە کە تاکەکانی پەیڕەوی لەو سیستەمە ئاکارییە بکەن کە لایبێنتز بە سیستەمی مەملەکەتی خوا ناوی دەبات و کانت ناوی دەنێت مەملەکەتی غایەتەکان"(١٩٦٠ـ ١٩٧)**

له شـوێنێکی پێشـووتردا باسـمان له  فیخـته و هەلـومەرجی پـێش پێشکەشـکردنی وتارەکـانی کـرد. .شـایانی ئامـاژە پێدانه کە فەیلەسووفی ناوبراو، بایەخێکی زۆری به  پەروەردە و فێرکـردن داوه و لەم ڕێگایەشـەوە ویسـتوویەتی  عیشـقی قوتـابی بجوڵێنی بـــۆ جیهـــانی ئەقڵـــی و گەران بەدوای خـــۆدا و ڕزگـــاربوون له نـامۆیی و خۆناسـینی ئەڵمانەکـان. ئامـاژەیەکی دیـکەش بـریتییە لەوەی بەو نەتەوەیە دەوترێــت، نەتەوە، ئەوەی، کە پێــڕەو لەوە بکــات، کە له عەقڵیــدا هەیە. واتە مەبەســت خــۆ خوێنــدنەوە و لەبەرچــاوگرتنی تایبەتمەنــدیی و بەرژەوەنــدی بــاڵای نەتەوە و ڕەهەنـدەکانی تـری کـۆمەڵایەتی فەرهەنگـی و سیاسیشـه. نەتەوە نابێــت به نەتەوە، گەر بێــت و له دەرەوەی خــۆیەوە، ســیگنالی بزواندن و فەرمانی کارکردن و نەخشەی جموجوڵەکانی بۆ بێت. گەرەکە نەتەوە لەسەرپێی خۆی هەڵسا بێت و ڕەفتار بکات، نەک داگیرکراو و پاشکۆ و ملکەچی، فەرمانی دەرەکی بێت.

شەڕ و داگیرکارییەکانی ناپلیۆن و فەرنسا بۆ سـەر ئەڵمـان و زۆربەی ئەوروپـــا، نەک هەر به ســــەرەتای وریـــابوونەوەی نەتەوەکـــانی ئەوروپـــا دادەنرێـــت، بەڵکـــو به وەرچەرخـــانێکی مێژوویـی هەسـتیار و گرنـگ، له مێـژووی جیهانیشـدا، دەدرێـتە قەڵەم.بە واتایەکی دیکە ئەگەر نـاپلیۆن نەبـوایە، ڕەنگە سـەرتاپای مێژووی ئەم دەڤەرە بەجۆرێکی تر بچەرخایە.

**"لای فیخته هۆکاری ئەو داگیرکردنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەڵمانەکان دەستبەرداری ژیانی عەقڵی خۆیان و تێرکردنـی غەریزە عەقڵییەکانیان بوو بوون و سـەرقاڵبووبوون به ژیـانی ماددی و تێرکردنی غەریزە سروشتییەکانیانەوە."(١٩٧)**

بنۆڕە، چۆن بەزەقی پەنجە لەسەر ئەو برینە دادەنیّ، کە بریتییە لە دوورکەوتنەوەی ئەڵمانەکان، لە کولتورە عەقڵییەکە. ئەم نامۆ بوونە، چۆن بەرەو بندەستی کێشیان دەکات و زەلیل خۆ دەنوێنن.

**"لای فیختە بۆ ئەوەی گەلێک لە کۆیلایەتی و ملکەچبوون رزگاری ببێت، دەبێت ئیرادەی کۆیی خۆی لە حەز و ئارەزوو و بەرژەوەندییە دنیاییەکان پاک بکاتەوە و بکەوێتە ژێر ڕکێفی یاسا عەقڵییەکانی ئەو جیهانە عەقڵییە.دابڕانی ئیرادەی نەتەوە لە جیهانی عەقڵیی وا دەکات ئەو نەتەوەیە(ئەوە بزر بکات کە شوناسەکەی و سەربەخۆییەکەی پێکدەهێنێت)"(١٩٧)**

جیهانێک بۆ بەرژەوەندییە شەخسییەکان، و تێرکردنی حەز و ئارەزووە ڕواڵەتیەکان بێت، سا مرۆڤیّ لە سایە و سێبەری ئاوها جیهانێکدا پەروەردە بێت، لاواز و شکست خواردووە و جڵەوی ئیرادەی بەدەست خۆیەوە نییە. بە پێچەوانەوە، گەر یەکیّ لە جیهانێکی پڕ عەقڵ دا پەروەردە بێت، پتەو و نەبەزیو دەردەچیّ. هەر بۆیە ئامانجەکانی فیختە، پەروردەکردن بووە بە ئیرادەی باش، کە هەمان ئیرادەی چاکەیە. تاکێکیش بەم بژێوییە تەیار بکریّ، گومانی تێدا نییە، لە نەتەوەدا و بۆ نەتەوە، خزمەتگووزار و بە سوود و گرنگ دەبێت.

**"پەروردە دەبێت بە چاندنی خۆشەویستی و مەیل بۆ جیهانی عەقڵی، رووی قوتابی لە بەرژەوەندییە دنیاییەکان وەرگێڕێت و بیخاتە سەر ڕێی دۆزینەوەی یاسا ئاکارییەکانی ناو خۆی و دامەزراندنی ئیرادەی چاک"(١٩٩)**

باشترین دەرمانی چارەسەریی بۆ نەتەوەیەکی بندەست، تا رزگاری بێت لە بندەستی، لە دیدی فیختەوە لە ڕێگای پەروەردە

و فێربــوونەوە بە ئەنجـام دەگـات. بۆیەکـا فیخـتە قسـەی جـددی خـۆی لەم کـایەدا، بە ڕوونـی دەکـات و مانـا و بەهـایەکی تـایبەتی پێ دەبەخشێ، تـا قوتابیـان و نەوەی نـوێ، بە ئـارەزووەوە بچـن بەرەو پیـری ئەو داوا و پێویسـتییە. هەروەک دەبینـین لە جیهـانی ئەمـڕۆدا، بەتـایبەت لە وڵاتە پێشـکەوتووەکان دا، ـ سـەرباری ئەوەی رزگاریشـیان بـووە و بـوونەتە دەوڵەتـیش ـ پەروەردە چ سەنگ و بایەخێکی هەیە.

**"دەبێت پەروەردە خۆشەویستی چاکە بەوەی کە چاکەیە، نەک وەسـیلەی گەیشـتنە بە خۆشـگوزەرانی، لەنـاو تاکـدا بچێنێت"(١٩٩)**

جیهـانی عەقڵـی لە بـوونە مـومکینەکەیەوە بەرەو بـوونێکی کردەیـی هەنگـاو دەنێـت. فیخـتە بە پەرۆشـەوە قسـە لەسـەر پاراستنی ڕەسەنایەتی ئەڵمان دەکات. لێرەشدا ئاماژە بە زمان و گرنگییەکـانی دەدات. چـاکە و چـاکە کـردنیش بـۆ نەتەوە و بـۆ مرۆڤ، گەوهەر و ستراتیژی چالاکییە مرۆڤدۆستییەکانە.

**" نەتەوەی ئەڵمان لەناو جەرمەنەکاندا تاکە نەتەوەیەکە کە بۆ هـیچ شـتێک و لە هـیچ بـارودۆخێکی سـەختدا دەسـتبەرداری سروشتی خۆی و ئەوە نەبووە کە عەقڵییە و بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە خـۆی سـاز بکـات تـا لە رێـگەیەوە بەدی بێـت و شێوەگیر ببێت".(٢٠٩)**

د. عرفـان ئامـاژە بە بۆچـوونێکی هێگـڵ لەسـەر ئەم حـاڵەتە تایبەتمەنـدییەی نەتەوەی ئەڵمـان دەدات و پێـی وایە، پرسـە فەلسـەفییەکان لەنـاو ئەڵمانـدا نەمـردوون، وەک ئەوەی لای نەتەوەکـانی تـری ئەوروپـا بـار و بنەیـان پێچـاوەتەوە. هێگـڵ تەنانەت پێی وایە، سروشـت ئەم ئەرکەی بە ئەڵمـان سـپاردووە،

کار لەسەر فەلسەفە بکات. فەلسەفەش بەو مانایەی ئەو دیاردەیەکی عەقڵییە و لە جیهانی عەقڵدا هەیە.

نووسەر دواتر دەڵێ:" نەتەوەخوازی نەتەوەی کردووە بە ئایدیاڵ و خەونی خۆی، نەک مەملەکەتی غایەتەکان". لای فیختە دەوڵەت دادوەری دەکات و ئاسایشی ناوخۆ دەپارێزێ. بە واتایەکی دیکە، دەوڵەت پێگە و مانایەکی هێندە جێی بایەخی لای فیختە نییە. فیختە دەوڵەت بە دیاردەیەکی دنیایی دادەنێ، لێ نەتەوەی لا بوونێکی عەقڵییە. ئەمەش لەوەوەیە، هەردەم سنووری سیاسی دەوڵەت هاوئاهەنگ و هارمۆنی نییە لەگەڵ بوونی نەتەوەدا. بۆ نموونە ئەڵمان لە دەوڵەتانی ئەڵمانیا و ئاوستریا/ نەمسا و سویسرا دا دەژین، لە نێو سنووری سیاسی ئەم دەوڵەتانەدا.بەس هیچ لایەک لەمانە لە ئەڵمانیبوونی خۆیان نەکەوتوون و ناکەون. ئەمەش دوا تێزی قسەکردنی فیختەیە لەسەر ئەم خاڵە:

**"فیختە لە رووی ئەنتۆلۆجییەوە نەتەوە جیادەکاتەوە لە دەوڵەت و باس لەوە دەکات کە نەتەوە بوونێکی عەقڵی هەیە و سەر بە جیهانی سەروو هەستەکی مرۆڤە، بەڵام دەوڵەت بوونێکی مادیی و هەستەکی هەیە و سەر بە جیهانە ماددی و هەستەکییەکەی مرۆڤە".(٢١١)**

کەواتە سنووری دەوڵەت چ مەرجێک لەسەر نەتەوەبوون دروست ناکات. کوردێکی باکووری کوردستان، خۆی بە هاوچارەنووسی کوردێکی باشوور و رۆژهەڵاتییەک بە هی رۆژئاواییەک دەزانێ، ئەگەرچی کورد لە ئێستادا لە نێو سنووری سیاسی چوار دەوڵەتی جیاوازدا بە داگیرکراوی دەژی. ئەم بۆچوون و قسەیەش بۆ عەرەب هەمان شتە، کە ئیمڕۆ لە

نێزیکی ٢٠ دەوڵەتی جیاوازدا دەژین. کەواتە هێڵێکی سوور، کە نەخشەی سیاسی دەوڵەتێک دیاری دەکات، ناتوانێ ببێتە ئاستەنگ و لەمپەر لەبەردەم جیهانە کولتوورییەکە و ناسنامەی نەتەوەیەکی خەملیودا. یاخود هەستی خۆ بە بەشێک دانان، کوردبوون، ئەڵمان بوون...هتد، بە سنووری سیاسی ڕێگری لێ ناکرێ.هەروەک فیختە دەڵێ"**شیاو نییە سنووره ڕۆحییەکەی نەتەوە بە سنووره هەستەکییەیەکەی دەوڵەت بنوێنرێت**"(٢١١)

## دەوڵەت وەك دوا پەرەسەندنی بیرۆکەی نەتەوە

شایانی ئاماژە پێدانە، کەوا دەوڵەت بەو مانا و پێناسەی هاوچەرخ، یەکەمجار ئینگلیز و فەرەنسییەکان دروستیان کردووە، لە ڕێگای شۆڕشی نێوخۆییەوە و لە بنەوە بۆ سەرەوە، هاوولاتی بڕیاری لەسەر دەوڵەت و بەها سیاسییەکان دا، بە چەمکی رۆسۆ(ئیرادەی گەل) بەرقەرار بوو، دەرئەنجام لە ئەوروپای ڕۆژئاوا نەتەوە وەک ویستی هاوبەش ساز بووە وەک **دەوڵەت نەتەوە**. لە ناوەڕاستی ئەوروپاش، بەرئەنجامی خەباتی نەتەوایەتی، بۆ یەکخستنەوەی نەتەوە و نیشتمانی پارچە پارچە بوو. وەک نموونەکەی ئیتالیا ساڵی ١٨٦١ وەک یەکگرتوویی /Risorgimento ئەڵمانیا ١٨٧١ وەک نەتەوەی درەنگکەوتوو/Late nation. لێرە نەتەوە پێش دەوڵەت هەبووە، لە ڕووی کولتوریی یاخود مێژووییەوە. هێردەر لە ئەڵمانیا و جوزیف ماتزینی Giuseppe Mazzini 1805-1872 لە ئیتالیا، ڕابەری ئەم بزاڤە بوون. لێرە شۆڕش لە بانەوە بۆ ژێرەوە بووە و **نەتەوەدەوڵەت** بەرهەم هێنراوە. هەندێ دەوڵەتی دیکەش بە دوای داڕمانی دەسەلاتە گەورەکان دا دروست بوون.

دەوڵەتـی فیدراسـیۆنیش بەرچـاو دەکەوێ وەک ئوسـترالیا و ئەمەریکـا و دەوڵەتـی بچـووکیش هەیە دەسـەڵاتی گەورە لە ڕێـگەی داگیرکـردنەوە وەک شـورەوی و عوسـمانی یـاخود گوشـاری ئـابووریەوە ڕایگرتـوون، وەک نموونەکـانی رووسـیا و گەلـی لە هاوپەیمانەکـانی. دەوڵەتـیش هەبـووە هـی دوو نەتەوە بـووە و بە شـێوازێکی زۆر ئاشـتییانە و شارسـتانیانە لەیەکـدی جیـابوونەتەوە و هەریەکەیـان دەوڵەتێکـی بـۆ خـۆی دروسـت کردووە، وەک نمـوونەی چیکوسلۆڤاکیا، کە گەشـترین نمـوونەی دەوڵەتـی سـەردەمن، ئێسـتا لە دەوڵەتـی چیـک و سـلۆڤاکیادا. دەوڵەت بەشـێوەیەکی دەوڵەتـی نەتەوەیـی، نەخـش بکێشـرێ، لەسەدەی ١٩دا ڕوون و ئاشکرا نەبوو .بەڵام پیاوانی دەوڵەت لە کـۆنگرەی ڤیيەنـا لەسـاڵی ١٨٥٦ دا بڕیـاری دارِشـتنەوەی ئەوروپایان دا و ئەندازیارەکانی بریتی بوون لە:

Fürsten Metternich، هۆڵەندی ١٧٧٣ ـ ١٨٥١

Zaren Alexender I، ڕووسی ١٧٧٧ ـ ١٨٢٥

Lord Castlereagh، بەریتانی ١٧٦٩ ـ ١٨٢٢

تیۆدۆر شیدەر، دەوڵەت بە دیاردەیەکی مێژوویی دادەنێ، ئەو تـایپۆلۆگییەی بـۆ مێـژووی دەوڵەت کـردووە. جێـی خـۆیەتی وتەیەکی ستیوارت میل، بکەینە دوا وتەمـان لەسـەر دەوڵەت، کە دەڵێ: ئەو خەڵکانەی کە خۆیـان مـافی حکومەتی خۆیان بەڕێوە نـابەن، بەڵکـو کەسـانێکی تـر، بەڕێـوەی دەبەن، ئەوانە لە ڕووی مـۆڕاڵی و عەقڵانێتیـیەوە، بەرەو لەنـاوچوون دەچـن. دەوڵەت بەرزتـرین دەرکەوتنـی گیـان و ئەقـڵە لە مێـژوودا و لە لـوتکەی پرۆسـەیەکی دوورودرێـژدا، کە لەسـەرەتای شارسـتانێتی مـرۆڤەوە دەسـتی پێکـردووە و بەردەوام، هەتـا دروسـتکردنی

دەوڵەتێکــی عەقلانــی بەرەو پێشــەوە هەنگــاو دەنــێ. بەلای هیگلیشــەوە دەوڵەت هەقیقەتێکــی کــۆنکرێتی/ عەینــی ئــازادییە. هێگلــیش پێــی وایە، ژیــانی نەتەوە بــێ دەوڵەت، واتە ژیــانی دەرەوەی مێژوو. هەر بۆیەکا بیریارێکی سویسرایی دەڵێ: هەر نەتەوەیەک دەوڵەتێ و هەر دەوڵەتێ بۆ نەتەوەیەک.

لەسەر گۆی زەوی نزیکەی ٢٠٠ دەوڵەت هەیە. ٢٥٠٠ ـ ٦٥٠٠ هەزار نەتەوە و کەمە نەتەوە و ئیتنیــــک هەیە، لە بچــــووکەوە ١٠٠٠٠هەزار رۆمـای/ Roma هینـدی لە نیکاراگوا و ٢٥ ملیـۆن ئۆرامـۆ/ Oramo لە لە ئیسـیوپیا تـا دەگـاتە گەورە ســەر و یەک ملیــــارد هــــان/ Han لە چــــین. لە ڕووی یاســــای نێودەوڵەتیشـەوە، بەپێی پەرەگرافی ١ و ٥٥ ی چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر میللەتێک مافی چارەنووسی خۆی هەیە.

لێرەدا، سەبارەت بەم ناونیشە هەر عەقڵ سەرچاوەی بڕیاری تاکەکـان دەبێـت و لەم پنـتەوە هەنگـاو هەڵهێـنن و مـامەڵە لەنـاو سیستەمدا بکەن. وەک وتمان بیرۆکەی نەتەوە پێشـخانەکەی لای لابنێتـز، وەک مەملەکەتـی خـودا، دەسـت پێـدەکات و هەڵدەکشـێ. لای کانـت شــەقاوێکی تـر دەهــاوێژێ و لە کۆمەڵگـای ئاکاریـدا خۆی نمـایش دەکـات و فیخـتە تەکـانێکی تری پێ دەدات و وەک نەتەوە دەیخـاتە روو، لـێ هێشـتا نەبـووە بە نەتەوەی تەواو، دوا وێسـتگە لای هیگڵ چوارچێوەبەنـد دەبێـت و بە ئاکـام دەگـات و دەچەســپێ و مــۆرکی خــۆی دەگــرێ ودەچێــتە قــاڵبی نەتەوەی تەواوەوە.هەردوو فەیلەسوف فیختە و هێگڵ جەخت لەسـەر ئەوە دەکەنەوە کاتێـک گەلێـک دەبێـت بە نەتەوە، گەربێتـوو تاکەکـانی پەیڕەوی لەوە بکەن کە لەنـاو عەقڵیانـدا بە شـێوەیەکی خۆڕسـک هەیە و پەیڕەوی لەوە نەکەن کە لەدەرەوە خۆیانەوە بۆیان دێت.

**"ئەوەی گوزارشتەکەی هیگڵ لە گوزارشتەکەی فیختە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە فیختە دەوڵەت لە نەتەوە دوور دەخاتەوە و بەوە وەسفی دەکات کە پەیوەندی بە نەتەوە نییە و نەتەوە سەرچاوە لەوە دەگرێت کە ئەقڵی و ناوەکییە و دەوڵەت سەرچاوە لەوە دەگرێت کە هەستەکی و دەرەکییە.**

**بەڵام هیگڵ دەوڵەت بە دوا شێوەگیربوونی بیرۆکەی نەتەوە دەزانێت و پێی وایە بیرۆکەی نەتەوە لەناو دەوڵەتدا دەگاتە ئەوپەڕی پەرەسەندن و دیاریکردنی خۆی و بەبێ دەوڵەت نەتەوە ناتوانێت بوونی خۆی تەواو عەینی بکاتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ نەتەوە بەبێ دەوڵەت بوونی نییە، گەر دەوڵەتیش نەبێت نەتەوە هەر بوونی هەیە، بەڵام نەتەوە بەبێ دەوڵەت وەک ئەوەی کە هەیە هەستەکی نابێتەوە و بوونی بەتەواوەتی لە بوونێکی عەقڵییەوە نابێت بە بوونێکی هەستەکی و ماددی.**

**ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ بوونی دەوڵەت پێش مەرجی بوونی نەتەوە نییە و بوونی نەتەوە پێش مەرجی بوونی ئەو دەوڵەتەیە کە دەبێت بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی.گەر نەتەوە قۆناغەکانی پەرەسەندنی خۆی نەبڕێت و نەگاتە دوا قۆناغی خۆی، دەوڵەتی نەتەوەیی بوونی نابێت.دەوڵەتی نەتەوەیی بوونێکی عەقڵی لەناو بیرۆکەی نەتەوەدا هەیە و دوا دەرکەوتن و دوا شێوەگیربوونی بیرۆکەی نەتەوەیە".(٢١٣)**

لە راستیدا قسەی فەیلەسووفان و بیرمەندان لەسەر دەوڵەت بەدوایی نایەت و ئێرەش مەیدانی خستنەڕووی هەموو بۆچوونەکان نییە. بەڵام گرنگ ئەو حاڵەتەیە لای هیگڵ، کە بێ دامودەزگا و ئەو چوارچێوە یاسایی و سیاسییە، ئەستەمە نەتەوە، لە ڕەوتی پەرەسەندنە سروشتییەکەی خۆیدا، بە

کـۆنکرێتی بەرجەســتە بێـت. هەر بـۆیە دەوڵەتـیش لای هیگـڵ ئەوەنـدە جێـی بـایەخە و دەڵـێ: دەوڵەت حەقیقەتـی بیـرۆکەی ڕەوشتییە. یاخود دەوڵەت حەقیقەتی کۆنکرێتی ئازادییە. هێردەر و کانــت و نیــتچە و زۆری تــریش، لە فەیلەســوفانی ئەڵمــان قسەیان لەسەر دەوڵەت هەیە.

پرسـی دەوڵەت لەنێو فەیلەسـوفانی ئەو سـەردەمەی ئەڵمانـدا، لەکاتێکدایە کە لە شوێنانی تر، سـەروەری گەل، بەرباسـتر بووە. بەڵام ئەڵمــان بە دوای رۆحــی ڕەهــادا دەگەڕان تــا لە قەوارەی دەوڵەتــدا دۆزییــانەوە. دەوڵەت تــا ئەم چرکەســاتە، گرنگتــرین دامودەزگـایە، وەک میکـانیزمێ بـۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکـانی و زامنکردنی بـوونی و خۆشـگوزەرانکردنی ژیـانی، کە مـرۆڤ وەک دەســتکەوت بەدەســتی هێنــاوە. دۆیچــیش دەزگــای دەوڵەت بە گرنگترین داهێنانی مرۆڤ دەزانێ لە مێژوودا.

دۆیــــچ لەگەڵ تێـــزە گرنگەکـــانی ســــەبارەت بەنەتەوە و ناســـیۆنالیزم، بۆچـــوونی وردیشــــی نەتەوەو دەوڵەتســــازی هــــاوچەرخ هەیە و دەوڵەت بە دەســــتکەوتێکی بەهــــاداری لە مێـژوودا دادەنـێ. چـونکە - وەک لەم ٦ خـاڵەدا دەستنیشـانی کردووە - دەوڵەت ئەو دەزگـا هەسـتیار و گـرنگەیە، کە دەتـوانێ ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکات:

١ ـ یاسا و ڕێسا دروست دەکات.٢ ـ دانیشـتوانەکەی بۆخـۆی زامــــن و رازی دەکـــــات لە ڕێگــــای بەدەنگەوەچــــوونی داخوازییەکانیــــانەوە و جێبەجێکردنـــــی کاروبارەکانیــــانەوە و هاوکـات فەرامەکردنـی، پێداویسـتییەکانیانەوە.٣ ـ ئاسـایش دابـین دەکات، بەهۆی ئامادەکردنی خزمەتگوزارییەکـانیەوە. ٤ ـ هـاوڵاتی دەپارێزێ لە هەڕەشـەی دەرەکی و داکۆکی لێ دەکات و ئامـادەی

بەرپەرچدانەوەی مەترسییەکانە. ٥ ـ دابینکار و مسۆگەرکاری ژیانی ستاندارد و بەرژەوەندیەکانی هاولاتییە.. ٦ ـ پشتیوانی لەهاتوچۆ و گواستنەوەی کۆمەلایەتی و پێشکەوتنی شاقوڵی دەکات و سەرچاوەی ڕەزامەندی دەروونی تاکە.

**"دەوڵەت یەکێکە لەو دەرکەوتانەی بیرۆکەی نەتەوە کە بیرۆکەی نەتەوە لە دوا قۆناغی دیاریکردنی خۆیدا خۆی پێ دیاری دەکات، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نەتەوە بە شێوەگیربوونی بوونی خۆی دەوڵەت دروست دەکات و دەوڵەت نەتەوە دروست ناکات، ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین جیاوازییەکانی نێوان تیۆرە عەقڵییەکەی نەتەوە لەگەڵ تیۆرەکانی نەتەوەخوازیدا"٢١٣**

د. عرفان پاشان دەرگا، بەڕووی باسێکی فراوانی تردا دەکاتەوە و لە خەرمانی بیر و فەلسەفەی هیگڵ ئەم چەند مەلۆیەمان بۆ ئامادە و پێشکەش دەکات.

**" لە روانگەی هیگڵەوە نەتەوە نە دروست دەکرێت و نە بەرهەمی ململانێ کۆمەلایەتییەکان و پێداویستییە کۆمەلایەتییەکانی مرۆڤە، نەتەوە پێش ئەوەی لە واقیعدا دەرکەوێ دەبێت وەک ئایدیالێکی عەقڵی لەناو عەقڵدا هەبوو بێت. دەرکەوتنی نەتەوە لە واقیعدا عەینی بوونی ئایدیالی نەتەوەیە لەناو واقیعدا.بۆ سەلماندنی ئەوەی کە نەتەوە پێش ئەوەی بوونێکی واقیعی هەبێت، دەبێت بوونێکی عەقڵی هەبێت، هیگڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێڕوانینەی کەوا سەیری جیهانی سروشتی و رووداوەکانی دەکات کە بە رێکەوت و لە خۆڕا روونادەن و عەقڵ لە پشت رووداینیانەوە هەیە، گەر عەقڵ لە پشت**

**رووداوەکانی سروشتەوە هەبێت، ئەوە رووداوە مرۆییەکانی ناو مێژووی مرۆڤایەتیش، لە خۆڕا روونادەن و عەقڵ جڵەوگیریان دەکات. ئەو بۆ ئەم مەبەستە گریمانەیەک پێشنیار دەکات و دواتریش هەوڵی سەلماندنی دەدات.گریمانەکە بەم شێوەیە( عەقڵ جڵەوگیری جیهان دەکات و پاشان مێژووی جیهان وەک رێڕەوێکی عەقڵانی لەبەردەمماندا خۆی دەخاتەروو، ئەم زانینە هەستە و ئەم باوەڕهێنانە تەنها گریمانەیەکە لە بواری مێژوودا بەوەی کە مێژووە). گەر مێژووی جیهان جڵەوەکەی لەدەستی عەقڵدا بێت و نەتەوەش دەرکەوتەیەکی ناو ئەو مێژووە بێت، دەبێت نەتەوە بوونێکی عەقڵی لە مێژوودا هەبێت و لە بارودۆخێکی مێژوویدا دەرکەوتی کرد بێت".٢١٤**

ئەم بڕگەیە لە بۆچوونی هیگڵ، پێویستی بە هیچ ڕوونکردنەوە و لێدوانیک نییە و نەبێت. چونکە ئەو باسگەلە، جەوهەر و ناوەڕۆکی ئەم کتێبە پێکدێنێ و هاوکات ئەم بۆچوونانە، ڕوانگەی تیۆرییە عەقڵییەکە لەسەر دروست بوونی نەتەوەیە. پێشتر باسمان لێوە کردووە و بە درێژایی ئەم نووسینە هاوشانمان دەبێت و هەر دووپاتی دەکەینەوە. لە لاپەڕەکانی دواتردا دەکەوین بەسەر چەند بۆچوونێکی تازە و هەستیاردا، کە بریتییە لە:" **عەقڵ جیهان ئاڕاستە دەکات...** و تا دەگاتە ئەوەی بنووسێ:" **عەقڵ حوکمی جیهان دەکات و پێشتریش حوکمی کردووە" (٢١٧)** ئەقڵ رابەر و سەروەرە، ئەقڵیش بوویەکە لە مرۆڤ دا، بەرجەستەبووە.کەواتە، مامۆستا مەسعوود محەمەد وتەنی: **هەر مرۆڤ فاکتە ئەرێنییەکە و ئاغای سەر زەوییە.**

**هەنگاوەکانی تێگەیشتن لە شێوەگیربوونی عەقڵ لە واقیعی مرۆییدا**

**" بوونی نەتەوە لە عەقڵدا شتێکە و بوونی لە واقیعدا وەک بوونێکی کردەیی و واقیعی و شتێکی ترە."٢١٨**

بیرۆکە و ئایدیاکان، سەرەتا لە ناو عەقڵدا چرۆ دەکەن و دواتر لە شێوەیەکدا، زەق دەبنەوە. کەواتە عەقڵ لانک و هێلانەی سەرەکی، لە دایکبوونی بیرۆکەکانە. بۆیە هەر بوونێکی تێدا بێت، جیاوازە لەو بوونانەی دیکە، کە لە شوێنانی تر دا هەن. هەڵبەتە عەقڵ بە فاکتی هۆشەوە، تەنیا خاسیێتی مرۆڤە و چ بوونەوەرێکی دیکە، بەم ئەقڵ و هۆش بەهرەمەند نییە. بەم پێیە رۆحی نەتەوە، بوونێکی عەقڵییە و هەر لەناو عەقڵدایە.

**" بۆ ئەوەی رۆح لە بوون بەهێزەوە هەنگاو بنێ بۆ بوون بە کردە، دەبێت بوارێک بۆ وەدیهاتن و خۆ ئاشکراکردنەکەی هەبێت، ئەو بوارەش هیگڵ بە مێژووی هەمەکی ناوی دەبات. رۆحی نەتەوە بۆ ئەوەی لە بوون بەهێزەوە لەناو مرۆڤگەلێکدا کردەیی ببێتەوە، دەبێت بکەوێتە سەر شانۆی مێژووی هەمەکی و لەوێ خۆی لە شێوەی نەتەوەدا ئاشکرا بکات. بەم پێیە بۆ دەرکەوتنی نەتەوە پێویستمان بە رۆحی نەتەوە واتە ئایدیاڵی نەتەوە دەبێت لەناو عەقڵدا و پاشان پێویستمان بە مرۆڤگەلێک دەبێت کە ببنە هیولای شێوەگیربوونی ئەو رۆحە. بۆ ئەو واقیعەش کە نەتەوە تیایدا دەردەکەوێت پێویستمان بە مێژووی هەمەکی دەبێت. مێژووی هەمەکی بواری دەرکەوتنی نەتەوەیە و ئەو ئامانجەش کە عەقڵ دەیەوێت پێی بگات، شێوەگیربوونی نەتەوەیە لەناو دەوڵەتدا، دەوڵەت عەینی بوونەوەیەکی کاملی رۆحە و ئامانجە رەهاکەی عەقڵە".٢١٩**

بەلای هیگڵەوە، قۆناخی یەکەمی دەرکەوتنی رۆح، بریتییە لە دڵنیاییەکی هەستەکی و دووەم، دەرپێکردن بە رۆح و لە سێیەم و دوا قۆناخدا، رۆح دەبێتە مایەی تێگەیشتن و هێز. رۆحی نەتەوە، کە لە پێشینەی عەقڵدا وەک بیرۆکەیەک هەواری هەڵخستووە. پێویستی بە مەیدان و گۆڕەپانێک هەیە، خۆی تێدا نمایش بکات، تاوەکو ببێتە هێزێکی کارا و دێفاکتۆی سەر زەوی و بەچاوان ببینرێ. کەواتە رۆحی نەتەوە، پێویستی بە کەرەسە و هیولایەکە، بۆ شێوەگیربوون و بەرجەستەبوونی خۆی. ئەو بوار و چرکەساتەی ئەم رۆحەی تێدا، دەردەکەوێ بە دەربڕینی هیگڵ، مێژووی هەمەکییە. ئەو وێستگەیەش کە رۆحی نەتەوە، دەیەوێ پێی بگات و بیکاتە مەنزڵگای خۆی، دەوڵەتە.

با هاوکێشەکە لەم قاڵبەدا داڕێژین: نەتەوە بۆ ڕۆحی نەتەوە بۆ ئایدیای نەتەوە هەمووی لەناو عەقڵدان. مرۆڤگەل بۆ ماوەی شێوەگیربوونی ڕۆحی نەتەوە بۆ واقیعی دەرکەوتنی نەتەوە بۆ مێژووی هەمەکی بۆ دەوڵەت بە کۆنکرێت / عەینیبوونی تەواوی ڕۆح، ئامانجە ڕەهاکەی عەقڵە. ئا بەم جۆرە، بوونە دەوڵەت، کۆنکرێت بوونی رۆحی نەتەوە و بەرجەستەبوون و چەسپاندنی ئامانجی ڕەهای عەقڵە.

### ئازادی وەك ماهیەتی رۆح

رۆح وەک چەمکێکی مینۆکی و بوویەکی سروشتی، ماهیەتی بریتییە لە ئازادی. ئەمە لە کاتێکدایە، گەر لە جیهانبینییە، مادییەکەوە تەماشای جیهان بکەین، وا قورسایی/ بارستایی، جەوهەری هەر مادەیەکە کە هەیە لە گەردوون دا. رۆحی نەتەوە وەک ئایدیالێک لەناو عەقڵدا، چییە و چۆن پەی پێ دەبرێت،

ئەمەش باسـێکی جیـاوازی نێـوان ڕۆح و مـادەیە. د. عرفـان لە ڕێگەی بیروڕاکانی هیگڵەوە، لەم بابەتە دەدوێ و دەنووسێ:

هیگڵ دەڵێ:" **دەکرێت لە سروشتی ڕۆح تێبگەین گەر لە دژە ڕاستەوخۆکەی واتە مـاددە بڕوانین. هەروەک چۆن مـاهیەتی ماددە قورسییە، لە لایەکی ترەوە دەکرێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە جەوهەر یان ماهیەتی ڕۆح ئازادییە".٢٢٠**

ئەوەی نابێت لە بیر بکرێ ئەوەیە، ئازادیش وەک گەوهەری ڕۆح دێـتە مەیـدانەوە و ئامـادەگی خـۆی نیشـان دەدات. هەمـوو بوون و بەهاکانی دیکە، بێ لە ئازادی، کە لێرەدا، ڕۆحـی تـاک و نەتەوە دەگـرێتەوە، نرخیـان دادەبەزێ و بـێ مانـا دەبـن. ئـازادی ترۆپکـــی ئەو بەهایـــانەیە، کە مـــرۆڤ بـــۆی تێکۆشـــاوە و بەردەوامیشە، لە هەوڵ و خەبات بۆ گەیشتن پێـی . ئـاخر چـونکە بێ ئازادی، کە وەک بەنرخترین بەهـا و سـەرمایە وایە، مرۆڤ چ سەنگ و ڕۆڵێکی نابێت و بێبەشـە لە هەسـتیارترین و گرنگـترین نرخ و بەهـا. ڕۆحـی برینـدار و دەسـتەمۆ و دیـل، لە هەر کەس و میللەتێکـدا بێـت، نیشـانەی کـوێرەوەریی نـاتەواوێتی ئەو تـاک و نەتەوەیەیە.

**" ئازادی وەک ماهیەتی ڕۆح جیاوازییەکی زۆری هەیە، لەو ئـــازادییەی کە مەبەســـت لێـــی ئـــازادبوونە دەرەکیـــیەکەیە و پەیوەســـتە بە حەز و ئـــارەزوو و پێداویســـییە جەســـتەیی و سایکۆلۆجییەکانی مرۆڤەوە.ئەم جۆرە لە ئازادی ڕێگرەکانی لە دەرەوەی مرۆڤدا نین و لەناو مرۆڤدان و پەیوەستن بە ویست و ئیختیاری مرۆڤەوە. ڕۆح لەناو مرۆڤدا حزور پەیدا ناکـات گەر مرۆڤ ڕێگـر بێت لە بەردەم ئەوەدا ڕۆح ئـازادی خـۆی وەک ماهیەتی خۆی دەرکەوت پێبکات".٢٢٠**

شایانی ئاماژەپێدانە، لێرەشدا هەر مرۆڤ خۆی بە ویست و خواستی ناوەکی خۆی بڕیار دەدات و دەرەوەی خۆی دەرەتانی، کاریگەریێتی لەسەر بڕیاری مرۆڤ نییە. ئایا رۆحی لە خۆیدا، بە دیلی قەتیس بمێنێتەوە؟ یاخود پانتاییەکی بۆ فەراهەم بکات، تا کرۆک و بوونی خۆی تێدا بخاتە ڕوو. ئازادی ڕۆحی پلەیەکی بەرزی دیکەی مانای ئازادییە. نووسەر ئەڵقەی باسەکەی، لێهاتووانە پێکەوە دەبەستێتەوە و دیوێکی تری گووتەی ئازادی ڕوون دەکاتەوە و دەنووسێ:

**"واتە ئازادی لێرەدا ئازادی ئەو بوونەوەرەیە کە بە خۆی لە خۆیدا هەیە.ماددە هەڵگری ئەم خاسێتە نییە، چونکە بەخۆی لە خۆیدا بوونی نییە و بەردەوام بۆ بوونی پێویستی بە غەیری خۆیەتی(ئازادی تاکە حەقیقتێکی رۆحە، ماددە خاوەنی قورسیە ـ کێشکردنgravity ـچونکە مەیلی بۆ خاڵێکی مەرکەزی هەیە، بەزەروورەت ئاوێتەیەکی تێرە لە کۆمەڵە بەشێک کە لە یەکتری دووردەکەونەوە، ماددە هەوڵ دەدات بەرەو یەکبوون بڕوات، هەر لەبەر ئەمەشە خۆی وێران دەکات و بەرەو نێو دژەکەی خۆی دەڕوات ـ واتە ئەو خاڵەی کە چیتر بەش نابێت ، گەر بیشیتوانیایە بگاتە ئەو خاڵە، نەدەبووەوە بە ماددە و لەناودەچوو. ماددە هەوڵی ئەوە دەدات بیرۆکەکەی خۆی وەدیبهێنێ، بوونی هزری ئەو لە یەکبووندایە، بەڵام رۆح دەکرێت وا پێناسە بکرێت کە چەقەکەی لەناو خۆیدایە، یەکبوونێکی لە دەرەوەی خۆی نییە، ئەو یەکبوونە کردەییانە لەناو خۆیدا هەیە، ئەو لە خۆیدا بە خۆی هەیە، لە کاتێکدا ماهیەتی ماددە دەکەوێتە دەرەوەی خۆی، بەڵام رۆح بوونێکە لە خۆیدا ئەمەش خودی ئازادییە)".٢٢١**

ئازادی لێرەدا توانای بوونە لە خۆدا و بەس بە خۆیشی، واتە کاتێ بوونەوەرێ ئازادە، کە هەر بە خودی خۆیەوە/ زاتی خۆیەوە گرێ درابێ و زیگنالەکانی فەرمانی لە خودی خۆیەوە بۆ بێت و خۆی سەربەستانە رەفتار بکات لە ناوەڕا لە ڕێی عەقڵەوە فەرمانی بۆ بێت و بکەوێتە جووڵە. مرۆڤیش کاتێ ئازاد دەبێت و ئازادە، کە چ کاریگەرێتی دەرەکی لەسەر نەبێ و کەس لە بری خودی خۆی، خۆیشی لێرەدا، واتە ئەقڵ حوکمی نەکات. واتە هەر خۆی ئاغای خۆی بێت و دوروبەر، بێ ئاگاداری هۆش و ئەقڵ نەیبزوێنێ. مامۆستا مەسعوود دەڵێ:

**" بێ مرۆڤ هەرچی سروشت هەیە گیانی شانازی و نرخی بەرز و داهێنان و دۆزینەوە دەدۆڕێنێت و دەبێتە قەپیلکی حەتاڵ و بەتاڵ، بێئاگا و بێنیاز".**

د. عرفان، مەڵۆیەکی دیکە دەخاتە سەر خەرمانی باسەکەیی و دەنووسێ:

**" بوونەوەرێکی کۆیی وەک نەتەوەش کاتێک لەناو خۆیدا بە خۆی هەیە، بوونەوەرێکی کۆیی ئازادە و رۆحی نەتەوە لە ناویدا حزوری هەیە، بەڵام کاتێک بۆ بوونی پشت بە هێزە دەرەکییەکان دەبەستێت و بەمە دەگۆڕێت بۆ غەیری خۆی رۆح تیایدا غائیب دەبێت و ئازادییەکەی لەدەست دەدات و دەبێتە بەشێک لە جەستەی غەیر، بەمەش شوناسی خۆی لەدەست دەدات.مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی تاکانە و نەتەوە وەک بوونەوەرێکی کۆیی بەبێ حزوری رۆح ئازادنین و ناتوانن لە خۆیاندا بە خۆیان هەبن".٢٢١ ـ٢٢٢**

ئەو پرۆسە سروشتییە، وەک پێشخانێ، دەبێتە زەمینەی ڕسکانی نەتەوە. ئیدی نەتەوە بەخۆی، لەناو خۆیدا، وەک

بوویەکی کۆیی ئازادە و وابەستە نییە، بەهیچ کاریگەریتییەکی دەرەکییەوە. ئالێرەدا رۆح ئامادەگی تەندروستی خۆی هەیە، لەناو نەتەوەدا. بەڵام کاتێ نەتەوە بوونی خۆی لە خۆیدا لەدەست دەدات و پشت بە هێزێکی دەرەکی دەبەستێ، ئیدی رۆحی ئازادی تێدا نامێنێ و لەم بەهایە، داماڵەخاس دەبێت.

بۆ نموونە نەتەوەیەک ئیرادەی ژیان لەدەست بدات و بە گوزەرانی ژێردەستی نەتەوەکی تر رازی بێت، و ئاڵای سپی خۆبەدەستەوەدان بڵند بکاتەوە، وا مانا و خەسڵەتی نەتەوەبوون لە خۆیدا دەکوژێ و ڕۆحی ئازادیشی تێدا نامێنێ. دەرئەنجام ملکەچ و زەلیلی فەرمانی بێگانە دەبێت، و لەدەرەوەی بازنەی ویستی خۆی هەڵدەسووڕێندرێت.ئەو دەمیش ئەو نەتەوە، کە پێناسە و شوناسی خۆی لەدەست دەدات، بەرەو پووکانەوەی خۆی مل دەنێ. چەرکەس وەک نموونە.

**ویست/ ئیرادە و رۆحی نەتەوە**

**"بۆ ئەوەی رۆحی نەتەوە وەک ئایدیاڵێکی عەقڵی ناو عەقڵی هەمەکی لە جیهاندا وەدی بێت و بکەوێتە سەر شانۆی مێژووی هەمەکی و بیرۆکەی ئازادیش وەک خاسیەتێکی کرۆکی رۆح لە واقیعی نەتەوەدا دەرکەوێت و ببێتە خاسیەتێکی کرۆکی نەتەوە، توخمێکی تری پێویستە. نەتەوە کاتێک پێویستی بەم توخمە دەبێت، ئەمە وای لێ ناکات لە خۆی دەرچێت و بۆ بوونی پێویستی بە غەیری خۆی هەبێت ".٢٢٢**

هەڵسوکەوت و ڕەفتارە مرۆییەکان، ئەو توخم و کەرەسانەن، رۆحی نەتەوە بۆ وەدیهێنانی بیرۆکەی خۆی کە ئازادییە، بەکاری دەهێنێ. ئەو شتەی بیرۆکەی ئازادی، واقعی و پراکتیکی

دەکات و دەیخاتە سەرباریێ، لە "**بوون لە خۆدا**" بەرەو "**بوون لە پێناو خۆدا**" شـەقاو بهـاوێ، کاروکردەکـانی خەڵکە. کـاتێ ئەم چالاکی و رەفتارانە، نابن و ئامادە نابن، رۆح بە تەنیا دەمێنێتەوە و هەر خـۆی بـۆ خـۆی ئاشـکرا دەکـات. ئەو سـاتەی مـرۆڤ، دەتوانێ لەم خۆئاشکراکردنە، بڕوانێ و ببینـێ، ئەو چرکەسـاتەیە، رۆح هەر لە مەملەکەتـــی عەقڵـــدا دەرفەتـــی خۆنـــوێنی هەیە و هاوکـات بـۆ ئەوەی رۆح لە غەیـری خۆیـدا خـۆی ئاشـکرا بکـات، دەبێت مرۆڤ کـار و کردەکـانی خـۆی بکـاتە پانتـایی و زەمینـەی خۆئاشکراکردنی رۆح لە واقیعدا.

دوای ئەوەی زانیمـــان رۆح دەبێـــتە بنەمـــای کـــاروکردە مرۆییەکـان، ئەوسـا تـوخمی دووەم قـووت دەبێـتەوە، دەبێـت رایکێشـینە نـاو هاوکێشـەکەوە، تـاوەکو دەرەتـانی ئەوەی هەبێت بەرەو بوونی کارەکی بڕوات. واتە تا ئەو شتەی وەک هێز هەیە، بیگۆڕێت بـۆ بـوون بە کـردە یـان بـۆ وەدیهـاتنی کردەیـی. هێـزە پـاڵنەرەکەی ئەو تـوخمی دووەمەش، ئیـرادەیە. ئەمە پـوختەی بیروڕاکانی نووسەرە لەسەر هاوکێشـەی نێوان ئیرادە و رۆحـی نەتەوە. کەواتە ئەو چرکەسـاتەی مـرۆڤ بچێـتە نـاو مەملەکەتـی عەقڵ، ئێرە هەواری خۆدەرخستنی رۆحە. بەڵام بـۆ ئەوەی رۆح، لە دەرەوەی خۆیـدا، خـۆی بنـوێنێ، دەبـێ مـرۆڤ رەفتـار و کردارەکـانی بکـاتە زەمینەی ئاشـکرابوون، تـا دەرکەوتنـی رۆح لە نێـو واقیعـدا دێـتە کـایەوە. هێـزی بـزوێنەر بەرەو ئەم ئامـانجی ئیـرادەیە، وەک تـوخمێکی پـاڵنەر دێـتە مەیـدانی ئەو ململانێیەوە. ئـــام بەم هەنگـــاوە وردانە، نوســـەر دەمـــانگەیەنێتە ئەم خـــاڵە بایەخدارە.

**"ئیرادە لێرەدا ئیرادەیە لە پێناوی خۆئاشکراکردنی رۆحی نەتەوە لەناو واقیعدا و لە پێناو خۆیدا، رۆح کە دێتە ناو کاروکردەوەکانی میللەتێکەوە، ئەو میللەتە لە ئاستی میللەتەوە بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستی نەتەوە، ئەمەش بەوە دەبێت کە جەستەی میللەت خۆی ساز بکات بۆ ئەوەی رۆحی نەتەوە خۆی لە کاروکردەوەکانیدا ئاشکرا بکات.نەتەوە بە خۆئاشکراکردنی رۆحی نەتەوە لە کاروکردەوەکانی میللەتەوە بە هۆی ئیرادەی کۆیی میللەتەوە دێتە ئاراوە".٢٢٣**

دوابەدوای تێگەیشتن لە رۆح و ئیرادەی نەتەوە، پێویستە ئاماژە بە توخمێکی دیکەش بدەین، کە بەشدارە لە وەدیهێنانی نەتەوەدا. ئەویش کار و کردەوەکانی میللەتە، کە ماهیەتی ئەوانیش ئیرادەیە. ئەوەی جێی سەرنجە، ئیرادە هەمیشە ئەوەی بەرهەمی دێنێ، لەسەرچاوەی رۆحەوە هەڵنەساوە، ڕەنگە لە دەرەوەی ڕۆحیشەوە، کارەکی بکاتەوە. هەربۆیە بە پارێزەوە قسە لە ئیرادە دەکرێ و گەلێ جاران، تێڕوانینی جیاواز لەسەر ئیرادە هەیە. وەک ئاماژەمان پێدا، بە درێژیی باس لە خۆنوێنی رۆحی نەتەوە کرا، ئێستا دەگەینە توخمی دووەم، کار و کردەوەکانی میللەتە، رۆڵ لە بەدیهاتنی نەتەوە، دەگێڕێ کە ماهییەتی چالاکی و خەباتەکە، ویست و خواست/ ئیرادەیە.

**"کاتێک بە خراپی سەیری ئیرادەی مرۆڤ دەکریت، ئەوە لەوێوە سەیر دەکرێت کە ئیرادە دێتە ژێر ڕکێفی ئەو پێداویستی و حەز و هەڵچوون و تەبیعەت و بەهرە تایبەتانەوە کە مرۆڤ هەیەتی و ناکەوێتە ژێر رکێفی رۆح".٢٢٣ ـ٢٢٤**

کـاتێ هەمـوو مانـا و ئامـاژە و پێناسـەکانی ئیـرادە، لێـرەدا تەواو نابێـت، نووسـەر دەسـت لە کـارەکەی بەرنـادات و بە دواچوونێکی ژیرانە دەکات و دەنووسێ:

**"ویست/ ئیرادە ئەو هێزە کارایەیە کە جەستەی مرۆڤ چالاک دەکات و دەیخاتە جووڵە تا بە کاروکردەوەکانی خۆی بیگەیێنێ بەو ئامـانجەی کە ئامـانجی یەکێـک لەو دوو سـەرچاوەیە کە رکێڤی ئیرادەیان کردووە".٢٢٤**

مەرج نییە هەمیشـە عەقڵ و لۆژیک زاڵ و بڕیاردەر بن بە سـەر کردەوەکـانی مرۆڤـدا، چـونکە هێـزەکەی تـریش< حەز و غەریزەکـان>، بەردەوام گوشـاری خۆیـان بـۆ سـەر مـرۆڤ لەکـاردایە. کەواتە مـرۆڤ لەنێـو دوو جەمسـەری پـێچەوانەی یەکتـردا گیـری خـواردووە. یەکـێ ئەقـڵ و ئەوی دیـکەی حەز و غەریزە بێسنوورەکان.

بـۆ زیـاتر روونکـردنەوەی مەبەسـت، د. عرفـان نمـوونەک لە مێـژووی کـورد دێنێـتەوە و بەراوردی بەم بۆچـوونە دەکـات و دەنووسێ:

**" حاڵەتی مەمی ئالان لە داستانی مەمی ئالاندا نموونەیەکی باشە بۆ روونکردنەوەی ئەو حاڵەتەی کە هەڵچوونەکان تیایدا پەیدا دەبن و وزە دەبەخشن بە ئیرادە بۆ وەدیهاتنی ئایدیاڵە عەقڵیـیە. مەم و زیـن لە داسـتانەکەدا هەر یەکەیـان لە مەملەکەتێکـی دوور لەویتـر دەژی، هەردووکیـان لە شـەوێکدا تووشی حاڵەتێکی خەوئامێز دێن و لەو حاڵەتە یەکتری دەبینن، لێرەدا مەم لە جیهانی عەقڵی خۆیدا زین وەک ئایدیاڵێکی عەقڵی ناو عەقڵی خۆی دەبینێ، ئەم بینینە بینینێکی هەستەکی و واقیعی**

**نیـیە، چـونکە بە هەسـتی بینـین و لەنـاو بینراوەکانـدا زەینـی نەبـووەتەوە لەنـاو خۆیـدا بینیویەتی.کاتێـک مەم، زیـن وەک ئایدیاڵێک لەناو جیهانی عەقڵدا دەبینێت، تووشی عەشق دەبێت و بینینەوەی ئەو ئایدیاڵە لە واقیعدا دەبێتە تـاکە ئامـانجی ئەو و ئەوەی کە پێش ئەم حاڵەتە لە لای ئەو خەون و ئامانج بووە، بەهـــۆی بینینـــی ئەم ئایـــدیاڵەوە فەرامـــۆش دەکرێـــت و بیـردەچێتەوە.**لاپەڕەیەک دواتـر باسـەکە لەم چەنـد دێـڕەدا چـڕ دەکاتەوە و دەنووسێ : **حاڵەتی عەشق ئەو حاڵەتەیە کە ئیرادە چـالاک دەکـات بـۆ ئەوەی جەسـتە ئاراسـتە بکـات بەرەو وەدیهێنانی ئایدیاڵێکی عەقڵی لەواقیعدا، ئەو تاکەکەسانەی وەک مەم  لە خۆیانـدا پەی بە ئامـانجە نـاوەکییە عەقڵیـیەکەی نـاو خۆیـان دەبەن لە ڕواڵەتـدا وا دەردەکەوێت ئەو ئامـانجەی کە هەیانە ئامانجێکی تاکەکەسییە و هیچ پەیوەندییەکی بە ئامانجی هەمەکی میللەتەوە نییە. بەڵام ئەحمەدی خـانی، زۆر بە وردی هۆشیارە بەوەی کە ئەوەی لە مەمدا وەک ئامانجێکی تاکەکەسی خۆی دەنوێنێ لە پشتییەوە ئامانجێکی کۆیی هەیە کە وەدیهاتنی ئایـدیاڵی نەتەوەیە لە عەقڵـی کـۆیی میللەتـدا لە هیولایەکـدا کە جەستەیەکی سیاسییە و پیی دەوترێت دەوڵەت".٢٢٨-٢٢٧**

نووسـەر پرسـیارێکی لـۆژیکی قـووت دەکـاتەوە و دەپرسـێ، چـــۆن لە ڕێگـــای ئامـــانجی تـــاکە کەســـێکی وەک مەم. لەم حیکـــایەتەدا، ئامـــانجی کـــۆیی وەک ئەو ئامـــانجە پەنهـــانە، کە ئەحـمەدی خـانی لە مەم و زینـدا دەیخـاتەڕوو، ئەنجـام دەدرێ؟. د.عرفان بە وتەیەکی هیگڵ، وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەداتەوە.

"لێرەدا هیگڵ ئەوە ڕووندەکاتەوە ئەوەی عەقڵی و وێنەییە، ئەوە توخمە کرۆکی و ڕاستەقینەکەیە و عەقڵ لەناو تاکەکاندا ئەو ئامانجە کۆییەی خۆی کە وەدیهاتنی ڕۆحی نەتەوەیی میللەتێکە لەناو دەوڵەتدا لە شێوەی ئامانجێکی تاکەکەسی و ڕاگوزەردا بۆ تاکەکانی ناو ئەو میللەتە دەینوێنێ و ئەوانیش وەک ئامانجێکی تاکەکەسی دەیبیننەوە و عەشقی وەدیهاتنی دەکەوێتە سەریان و بەرەو وەدیهێنانی ئاراستەیان دەکات"٢٢٨ ٢٢٩.

لە درێژەی هەمان بابەتدا، دەنووسێ:

" بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە دەکرێت نموونەی خوڵقانی دەوڵەتی عەقڵ بهێنینەوە، لەم جۆرە دەوڵەتەدا(دەوڵەت بە دامەزرانێکی تۆکمە دادەمەزرێت و لەرووی ناوەکییەوە بەهێز دەبێت، گەر بەرژەوەندی تایبەتی هاوڵاتیان لەگەڵ بەرژەوەندنی گشتی دەوڵەتدا ببنەوە بە یەک، بە شێوەیەک هەر یەک لەوان تێربوونی خۆیی و وەدیهاتنە کردەییەکەی لەویترياندا ببینێتەوە، ئەم مەسەلەیە لە خۆیدا گرنگییەکی زۆری دەبێت، بەڵام هەر دەبێت زۆرێک لە دامەزراوەی ناو دەوڵەت بکەونە سەرپێ، هەر دەبێت زۆرێک لە دامودەزگای سیاسی و هاوڕێ لەگەڵیاندا کۆمەڵە ڕێکخستنێکی سیاسی گونجاو دابمەزرێن. ئەمەش کۆمەڵە ململانێیەکی درێژخایەن لە عەقڵ دەخوازێت، تا ئەو ڕێکخستنە ساز و گونجاو و ڕاستەقینانە بدۆزرێنەوە، هەر وەک چۆن ئەوەش دەخوازێت کە جۆرەها ناکۆکی لەگەڵ بەرژەوەندی و هەڵچوونە بەشەکییەکان بووروووژێنێ، ئەمەی دواییان ڕەگداکوتانێکی زەحمەت و بەرەنجی دەوێت تا لە کۆتاییدا سازییە دامەزراوەکە وەدی بێت)".٢٢٩

ئەم دیــدە، وزە لە ســـەرچاوەکەی خــۆی وەردەگــرێ، کە ئایدیاڵە عەقڵییەکەیە، عەقڵ ڕەشمەی ئیرادەی بە دەستەوەیە و نـابێ ئیـرادە بچێـتە دەرەوەی کـۆنترۆلی عەقـڵەوە، دەنـا رەنـگە کارەسات بخولقێ. بە کورتی کار و کردەوەی مرۆڤ، ئیرادەی گەرەکە و ئیرادەش پێویستی بە سەرچاوەی وزە هەیە.

هیگڵ ئەم سەرچاوەیە بە هەڵچوونە ناوەکییەکان ناو دەبات. بـۆ نەخشـاندنی تـابلۆکە و چوارچێـوە بەنـدکردنی، بـاس لە ئەنجامدانی ئەو بزاڤ و چالاکییانەی نەتەوە و تاکەکانی دەکات، کە دەبـنە هاوکـار و یـارمەتی دەرێ بـۆ گەیشـتن بە ئامـانجە تایبەتییەکـان. هاوکـات کـار و کردەکـان، دەسـتاوێژ و ئـامراز و هۆکـارێکن بـۆ گەیشـتن بە ئامـانج و دەسـتکەوتی گەورەتـر. بەم شێوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، هەر ئەقڵ حوکمی جیهان دەکات و دواتریش حوکمی مێژووی جیهانیش دەکا. ئەقڵیش، لە مرۆڤدا بەرجەستە بـووە، واتە بە دیـوەکەی تـردا، هەر مـرۆڤ پـاڵەوانی سەر شانۆی جیهـانە. جـارێکی تـر، بـۆ روونکردنەوەی مەبەست، نووسەر لای خانی دەمێنێتەوە و دەنووسێ:

**" مەم لە داسـتانی (مەمـی ئـالان)دا، تـاکە کەسـێکە شـوێنی وەدیهـاتن و بینیـنەوەی ئەوە دەکەوێـت کە ئایـدیاڵییە و وەک ئامـانجێکی تاکەکەســی لە خۆیـدا پەی پـێ بـردووە.لە (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانیدا، مەم نموونەی تاکە کەسی میللەتێکە کە وەدیهێنانی رۆحی نەتەوەیی خۆی کردووە بە ئامانج.خانی لەو ئامانجە دەدوێت کە عەقڵ یان رۆحـی جیهـان وەک ئامـانجێکی کۆیی و وەک رۆحی نەتەوەیی نەتەوەیەک لەناو تاکەکانی ئەو میللەتەدا بە رەنگ و شێوەی جۆراو جۆر بەشەکی دەکاتەوە و ئامانجەکەی خۆی لەوان دەشارێتەوە.ئەوان لە پێناو وەدیهێنانی**

**ئامانجە باڵاکەی خۆیدا بەرەو ئامانجە بەشەکی و کەسییەکەی خۆیان ئاڕاستە دەکات...رۆحی نەتەوەیی کورد عەقڵ وەک ئامانجێکی خۆی لەناو تاکەکانی میللەتێکدا بەشەکی دەکاتەوە، کە مەم نموونەیەکە لەو تاکە کەسانە. خانی لە ڕێگەی مەمەوە ئەو رازە کۆییە ئاشکرا دەکات، کە رازی وەدیهاتنی رۆحی نەتەوەیی میللەتێکی لەو جۆرەیە لەناو دەوڵەتدا.**

لە میانەی درێژەدان بەم بۆچوونە گرنگ و هەستیارانەدا دەڵێ:

**رۆحی نەتەوەیی کورد بۆ وەدیهاتنی پێویستی بە توخمی دووەمە، کە کاروکردەوەی کۆمەڵە تاکێکە کە ئایدیاڵێکی عەقڵی وەک ئەو ئایدیاڵەی کە مەم لە داستانی (مەمی ئالان)دا پەی پێدەبات، وەدی بهێنن و شێوەگیری بکەن.رۆحی نەتەوە لە ڕێگەی ئەو عیشقەوە خۆی لەو کاروکردەوانەدا شێوەگیر دەکات، کە هی ئەو کەسەن عاشقی ئایدیاڵێکی لەو جۆرەیە. ئایدیاڵ و عیشق و ئیرادەی ناو ئەو تاکەنەی میللەت، هۆکاری وەدیهاتنی شێوەگیربوونی رۆحی نەتەوەیە لەناو دەوڵەتدا" ٢٣٠**

دەتوانین، بە پوختی هاوکێشەکە بەم جۆرە دابڕێژین: کاروکردەی مرۆڤ، پێویستی بەویست و خواست/ ئیرادەیە، ئیرادەش سەرچاوەی وزە دەخوازێ. بە کورتی و کرمانجی قسە لێرەدا لەسەر چالاکی زیندووانەی میللەت و تاکە کەسەکانێتی، لێرە و لەوێ، دەرکەوت دەکەن. بابەتەکەش لە جەوهەردا بریتییە لەوەی ئەو بیروباوەڕە، کە عەقڵ حوکمی جیهان دەکات و دواتریش حوکمی مێژووی جیهانیش دەکات. ئەمە ناوەڕۆکی بۆچوونەکەی نووسەرە، لەسەر ئەم خاڵە.

نووسەر. ئاماژە بەوە دەدات، کەوا نەتەوە ئایدیالێکی عەقڵییە و گواستنەوەی ئەم ئایدیالە لە عەقڵەوە بۆ واقیع، کار و کردەکانی تاکە کەسەکانی ناو میللەت خۆیەتی. ئەو ئامرازەی دەبێتە هۆی کارای ئەو گواستنەوەیە، ئیرادەیە. بەم شێوەیە گوزارشت لە هەنگاوەکانی بەر لە ئێستا دەکات و دەڵێ:

**"نەتەوە پێش هەموو شتێ ئایدیاڵێکی عەقڵییە و ئەو ئایدیاڵە توخمی یەکەمە و پێویستی بە توخمێکی ترە تا لە عەقڵەوە بیگوازێتەوە بۆ واقیع، ئەوەشمان روونکردەوە کە توخمی دووەم کاروکردەوە خودییەکانی تاکەکەسەکانی ناو میللەتە و ئەوەش کارای ئەو گواستنەوەیەیە، ئیرادەی تاکەکەسەکانە کە عەقڵ بەبێ ئاگایی ئەوان ئاڕاستەی پێدەدات بۆ وەدیهێنانی ئەو ئایدیاڵە لە هیولایەکدا.لەوەش دواین کە ئەو هیولایە جەستەی کۆیی میللەتە"٢٣١**

هیگڵ پێی وایە، هوشیاری خودی سەربەخۆ و دوور لە وابەستەیی بە دەرەوەی خود، هوشیاری خودی ماهیەتی شتەکانە/ دیاردەکانە. ماهیەتی عەقڵیش ئازادییە. رۆح تەنیا لە دەوڵەتدا بە پلەی باڵا و رەها دەگات، کە ئازادییە. دواتریش لەم کورتەدا، پاشماوەی بیرۆکەکەی خۆی ئاڕاستە دەکات و دەنووسێ: هەرتاکێک لە تاکەکانی میللەت، خاوەنی ئایدیالێکی خودی و کەسییە، ئەم ئایدیالەش، ساز و هەموارە، لەتەک توانا و ئیرادەدا. دیارە هەر تاکێ دەبێت پەی بەرێت بەو ئایدیالە عەقڵییەی ناو خودی خۆی و کاری بۆ بکات و بیکاتە ئامانج و هەوڵ بدات، وەدیهێنانی لە زەمینەی گشتی میللەتەکەیدا بەدەست

بهێنێ و جێبەجێ بکات. ئەو عیشقەی بۆ ئەو ئایدیالە، لەو کەسەدا پەیدا دەبێت، ئەو وزەیەیەی لەناویدا متبووە و شاراوەیە، لە دۆخی شاراوەیی و متبوون دەردەچێ و تین دەداتە خۆی، تا دەگاتە پلەی ئیرادە، لای ئەو کەسە و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکە دەیخاتە گەڕەوە.

کەواتە عەشقەکە بۆ ئایدیالەکەیە، دواتر ئیرادەش کارایی ئەو عەشقەی لەسەر شتەکان پیادەی بکات و جەستەی تاکە کەسەکەش، کەرەسە و هیولایە، ئایدیاکە لە جولە و کارکردنیدا، شێوەگیری دەکات. ئەو ئامانجەیشی کە وەدی دێت، ئەو کەسێتییەیە، کە تاکە کەس خۆی تێدا دەبینێتەوە و دلی پێی ڕازی دەبێت.

**" لەو ئامانجە بدوێین کە دەیەوێت ڕۆحی نەتەوە پێی بگات، لای هێگل ئەو ئامانجە ئەو جۆرە لە دەوڵەتە کە ئایدیاڵەکەی ڕۆحی نەتەوەیە. بۆ ئەوەی دەوڵەتی عەقل پەیدا بێت و لە واقیعدا دەرکەوێت، دەبێت، دوو ئایدیال و دوو مادە و دوو ئامانج و دوو کارامان هەبن، تاکەکان ئایدیاڵ و مادە و ئامانج و کارای خۆیان هەیە کە هەموویان خودی و کەسین، عەقڵیش ئایدیاڵ و مادە و ئامانج و کارای خۆی هەیە کە کۆیین و خودی نین. دەوڵەت کۆبوونەوە و یەکبوونی ئەوەیە کە خودییە لەگەڵ ئەوەی کە عەقڵییە" (٢٣١)**

دواتر نووسەر دەڵێ:

**" هەر تاکێک لە تاکەکانی ناو میللەت کە دواتر دەبنە تاکی پێکهێنەری دەوڵەتی عەقڵ، دەبێت لەناو خۆیاندا پەی بە بوونی خۆیان وەک ئایدیاڵێک ببەن و پاشان ژیانی خۆیان هەموو**

**لەپێناو ئەوەدا بەرنە سەر، بتوانن بەرەو ئەوە بڕۆن ببن بەوەی کە لە خۆیاندا بینیویانەتەوە"(٢٣٢) .**

بـۆ راڤەکردنـی تەواوی ئەم بۆچوونـانە  و بـاس لە ئایـدیالی عەقڵـی کە رۆحـی نەتەوەیە، لەگەڵ ئیـرادەی کـۆیی و هیـولای کۆیی و ئامانجی کۆیی، جارێکی دیکە نووسەر، هەوار و بنە لای لایبنیتـز و هیگـڵ هەڵـدەداتەوە و لەسـەر باسـەکەی دەڕوات، تـا قەناعەتێکی دروست بە خوێنەر دەبەخشێ.

**"ڕۆحـی نەتەوە  کاتێـک  لە دەوڵەتـدا شـێوەگیر دەبێـت و واقیعی دەبێتەوە، کە تاکەکانی میللەت هەر یەکە ڕێگای خـۆی دۆزیبێـتەوە و بە ڕێگـای خۆیـدا ڕۆشـتبێ و هۆشـیاری بەو سیستەمە عەقڵییە پەیدا کرد بێت کە پەیوەندی هەر یەکەیان بەویتریانەوە ڕێکدەخات و دەیانکات بە زەمینە بۆ وەدیهاتنی بوونیان، بەمەش هەر یەکەیان لەتاکی ناو میللەتەوە دەبنە تاکی نەتەوە و ڕۆحی نەتەوە کەسیەتەکەی خۆی وەک کەسیەتییەکی کۆیی لە ڕێگەی کەسیەتی ئەوانەوە وەدی دێنێ و دەرکەوتەکانی خۆی دەخاتەڕوو".(٢٣٦)**

کەواتە ئەرکـی تـاک لەم پرۆسـەیەدا گـرنگە و هەر بەلادا ڕۆیشـتن و خـۆدزینەوە و کەمتەرخەمیـیەک بە رامـبەر بە ئەرکەکـانی، تەرازووی هاوکێشـەکە لاسـەنگ دەکـات و تـاک نـاتوانێ بپەڕێتەوە بۆ قۆنـاغی تـاکی نێو نەتەوە، لەم میانەشـەوە ڕۆحـی نەتەوە، نـاتوانێ بمەێـت و بکەوێـتە بەرهەسـت و واقیع.هەڵبەت هەر تـاکێکیش تەنیا بە بەدەستهێنان و پەیداکردنی هۆشـیاری بە سیسـتەمی عەقڵـی دەتـوانێ ڕۆڵـی ڕاسـتەقینە و ئەرێنی خۆی بلێزێ.

**رۆحی نەتەوە و دەرکەوتەکانی**

**"رۆحی نەتەوە کە ئایدیاڵی ناو عەقڵی کۆیی میللەتێکە، کاتێک لە دەوڵەتدا شێوەگیر دەبێت کە خۆی لە کۆمەڵە دەرکەوتەیەکدا ئاشکرا کرد بێت، کۆی ئەو دەرکەوتانە کولتوری نەتەوە پێکدێنن، کولتوری نەتەوە بەوە کولتوری نەتەوەیە کە رۆحی نەتەوە ئایدیاڵەکەی بێت و لە رێگەیەوە لە خۆشێوەگیرکردن نەوەستێت و حزورێکی بەردەوامی لەناو هیولای ئەو کولتوورەدا هەبێت"(٢٣٦).**

کولتوری نەتەوە، بە مانا فراوانەکەی نا، بەڵکو کولتوری نەتەوە ئەوەیە کە لە ساتی شێوەگیربوونی رۆحی نەتەوەدا لە زەمەنی ئێستادا دێتە ئاراوە. دەوڵەت ڕووبەر و زەمینەی راستەقینەی ئازادی تاکەکانە.وەک ئاماژەمان پێ دا، دەوڵەت دەزگایەکی گرنکە و بە شێوەیەکی گشتی کاری ئاسانکاری و خۆشگوزەرانکردنی ژیانی تاکە کەسەکانی ناو سنوورەکەی لە ئەستۆ دەگرێ و ڕۆڵ لە ڕێکخستن و ئاڕاستەکردنی خەڵک و تەنانەت پەروەردە و فێرکردنیشیاندا دەگێڕێ. ئەو بۆتەیەی، ئەم ئاوێتەبوون و یەکبوونە ئەنجام دەدات، دەوڵەتە.

**" گەر رۆحی نەتەوە خۆی لە کارە هونەرییەکان و یاسا و ئاکار و ئاین و چالاکییەکانی تری میللەتدا ئاشکرا بکات و دەوڵەتیش ئەو جەستەیە بێت کە ئەو دەرکەوتانەی تیا عەینی دەبێتەوە، ئەوە رۆحی نەتەوە حزوری بەردەوامی لە کۆی جەستەی دەوڵەتدا هەیە و لە شێوەی کەسایەتییەکی تایبەتدا لێیەوە خۆی دەخاتە ڕوو، بەمەش دەرکەوتە هەمەجۆرەکان هەموویان یەک بنەمایان دەبێت و هەموویان رۆح نوێنن و رۆحیش لەناو ئەواندا شوناس و هەر خۆیەتییەکەی خۆی**

**پاراستووە.هەر ئەو چۆنایەتییەی دەرکەوتکردنی رۆحیشە لە دەرکەوتەکانـدا وا دەکـات ئەدەبیـات و هـونەر و ئـاین و دەستووری نەتەوەیەک جیاواز بێت لە هی نەتەوەیەکی تر"(٢٣٨)**

کـۆی دەرکەوتەکـانی وەدیهـاتنی رۆحـی نەتەوە، وەک ئایدیالێکی کۆیی، عەقڵ شێوەگیر دەکەن. ئەمەش پێکهاتەیەکی هەمەکی لێ دروست دەبێت، کە کەسێتی نەتەوە، لەجەستەی دەوڵەتدا دەخاتەروو. رۆحی میللەت ئەوەیە کە ژیان دەخاتە ناو دەوڵەتی راستەقینە و هەموو کاروبارە بەشەکییەکانی: شەڕەکان و دامەزراوەکان. ئەوەی لێرەدا گرنگ و پێویستە، گەرەکە مرۆڤ هۆشیاری بەو رۆحەی خۆی و بە سروشتە جەوهەرییەکەیی و شوناسە رەسەنەکەی پەیدا بکات. بەلای هێگڵەوە تیشکۆی ئەو هۆشیارییە یاخود مەعریفەیە، ئاینە.

هێگـڵ لەمە زیـاتر دەڕوات و پێـی وایە ئـاین تەنهـا بە دەرکەوتەیەک لە دەرکەوتەکـانی رۆحـی نەتەوە لە جەسـتەی دەوڵەتـدا نـازانێ، بەڵکـو بەلایەوە ئـاین خاسـێتێکی جەوهەری دەوڵەتە. هەروەک چـۆن دیکـارت خاسـیەتی (مـن) و کشـان بە خاسیەتی جەوهەری ماددە دەزانێ. دیسـان بەلای هێگڵەوە ئاین، خاسـیەتێکی جەوهەری رۆحـی نەتەوە، جەوهەر و مـاهیەتی دەوڵەتە. دەوڵەت لەسـەر ئاین دادەمەزرێ و ڕەگەکانی بە قوڵی بەناویـدا ڕۆچـوون، واتە لە بنچیـنەوە دەوڵەت لە ئـاین کەوتـووەتەوە، ئەو گەردانکـردنەش تـا ئێسـتا بەردەوامە و لە داهاتووشـدا بەردەوام دەبێـت و ناوەسـتێت. واتە بنەماکـانی دەوڵەت پێویستە وا سـەیریان بکرێت، لە خۆیاندا و بۆ خۆیان دروستن. ئەمە پوختەیەک بوو لە تێڕوانی هێگڵ لەسەر ڕۆحی نەتەوە و دەوڵەت و بڕەکیش ئاین و د. عرفان دەڵێ:

**"لای هێگڵ شێوەی ئاین شێوەی دەوڵەت دیاری دەکات، بەڵام ئاین لای ئەو، ئەو زەمینە رۆحییەیە کە ئایدیاڵ بەهۆیەوە لە واقیعی مرۆیی مرۆڤدا شێوەگیر دەبێت و دەردەکەوێت، گەر لەم روانگەیەوە سەیری حاڵەتی مەم لە داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا بکەین، ئەوە عاشق بوونی بەو ئایدیاڵەی کە لەناویدا لە شێوەی زیندا خۆی نواندووە و گرتنەبەری رێگای ئاینە، بوون لەناو ئایندا لەو قۆناغەدایە کە مەم لە عیشقی ئەوەی کە لە (زین) دا دەیبینێتەوە بەرەو عیشقی هەمان شت دەڕوات لە دەرەوەی زین دا، لێرەوەیە مەم دەبێت بە کەسێکی خواپەرست"(٢٣٩)**

ئەو ئاینەی لێرەدا باس کراوە وەک بوون، جیاوازە لە ئاین وەک دابونەریتێکی فەرمی کە لەمنداڵییەوە دەخرێتە مێشکمانەوە. ئاین ئەوە نییە، کە کۆمەلگا لەناوماندا دەیچێنێت، ئەوەیە کە لە پەی بردن بە ئایدیاڵەکەی لەناو خۆمان و تووشبوونمان بە عیشقی تێی دەکەوین. نووسەر نرخاندنێکی ورد بۆ بۆچوونەکانی هێگڵ لەم بوارەدا دەکات، لە گشت لایەکەوە تیشکی روونکەرەوە دەخاتە سەر ئەم پرسە و دەنووسێ:

**"رۆحی هەر نەتەوەیەک کە لەناو دەرکەوتەکانی دەوڵەتەکەیدا دەرکەوت دەکات، مۆرکێکی تایبەت دەبەخشێت بە دەرکەوتەکان و بەو مۆرکەش دەرکەوتەکان و کەسیەتی نەتەوەیەک، لە کەسیەتی نەتەوەکانی تر جیا دەکرێتەوە، ئەو مۆرکەی کە دەرکەوتەکان هەڵیانگرتووە، ئەو بنەمایەیە کە هەموو دەرکەوتەکان تیایدا دەبنەوە بە یەک(ئەو بنەمایە لە مێژوودا خاسیەتی رۆحە، بلیمەتییەکی نەتەوەیی تایبەتە بە نەتەوەیەک لە نەتەوەکان و لەناو سنووری ئەو خاسیەتەدا رۆحی نەتەوە لە**

**درەوشانەوە عەینییەکەی خۆیدا گوزارشت لە هەموو لایەنێک لە لایەنەکانی هۆشیاری نەتەوە  ئیرادەی دەکات.واتە لەسەر ئاستی تەواوی وەدیهــاتنە کــارەکییەکەی، ئــاینەکەی، سیســتەمە سیاسـییەکەی، ئاکـارەکەی، یاسـاکارییەکەی، تەنـانەت کـارە هونەرەییەکەیی ئەو خاسیەتە بەشەکییە تایبەتانە لە خاسیەتە گشـتییە هاوبەشـەکەیدا پەنهـانە، واتە ئەو بنەماتـاییبەتە کە بە سیماکانی خۆی گەلێک سیمادار دەکات.هەر بە هەمان شێوە دەکرێت لە لایەکی ترەوە ئەو بنەما گشتییە جیاکەرەوە لەم رووداو و راســتیانەدا بــدۆزرێتەوە کە مێــژوو بەدرێــژی دەیانخاتەڕوو"".٢٤٠ ـ٢٤١**

ترایشـکە/Treischke دەڵـێ: سروشـت خێـزان دروسـت و پەروەردە دەکـات، دەوڵەتـی رەسـەنیش هەروەهـا گەلـێکە، کە خـاوەنی کـاراکتەری خـۆیەتی. دوای ئەوەی قۆنـاخ بە قۆنـاخ، شوێن پێی فەلسـەفەی ئەڵمانی، ناوبراو بە تیۆرە عەقڵییەکەمان، لەسەر بیرۆکەی نەتەوە هەڵگرت، ئێستا لەم رێگەیەوە، وێنەیەکی دروسـت و تەواوی ئەو دیاردەیەمـان. لە رێـگەی تێگەیشـتنێکی عەقڵـی زانسـتییەوە، چنـگ کەوت. ئەمەش نیشـانەی بـایەخی گەورەی فەیلەسوفانی ئەڵمـانە، بە درێژایـی دوو سـەدەی تەواو، کە زۆر ژیربێـژانە بە دەوری ئەم مـژارەدا مۆڵیـان خـواردووە و بیـر و ئایـدیای خۆیـان تێدا خەسـت کـردۆتەوە و بەشـدارییەکی جددیان لە نەخشـاندنیا کردووە. نووسـەر، بەر لە کۆتـایی هـاتنی ئەم بەشـە، دەمانخاتە بەردەم بۆچوونێکی هەستیار و دەنووسێ:

**" ئەوەی لەم ســەردەمەدا نــاونراوە نەتەوە، تاکەکــانی تاکەکەسـی ئاکـاری نـین و پەیـڕەوی لەوە نـاکەن کە لەنـاو عەقڵیاندا بە شێوەیەکی خۆڕسک بوونی هەیە و بە شێوەیەکی**

**زۆر ریزپەڕ پەیڕەوی لەوە دەکەن کە لە دەرەوەی خۆیانەوە بۆیان هاتووە و لە ناویاندا وەک کولتورێک چێنراوە"(٢٤١)**

پێڕەونەکردنی ئەوەی لە عەقڵدا هەیە، دیاردەی نامۆ دەنوێنێ و تاکەکانی نەتەوەش لەم سەردەمەدا، بە تاکە کەسی ئاکاری لە قەڵەم نادرێن، چونکە پێڕەوی لە عەقڵی خۆیان ناکەن. لەسەر ئاستە کۆییەکەش وەک نەتەوە، پێڕەوی لەوە دەکەن، لە غەیری خۆیاندا هەیە و لە دەرەوە وەری دەگرن و بە نامۆیی بۆیان دێت. لەبارێکی ئاوهادا، ئا لەمەوەیە ئەو میللەتانەی وا ڕەفتار دەکەن، پێیان ناووترێت نەتەوە.

## تیۆری سروشتی و سروشت وەك بنەمای بوونی نەتەوە

نووسەر، لێرەدا بە کورتی بەسەر کارەکەیدا لەمەڕ تیۆرییە عەقڵییەکەی فەیلەسوفانی ئەڵمانیدا دەچێتەوە، گەڕەکێتی لێرەوە بچێتە سەر تیۆرییەکی دیکەی گرنگ لەمەڕ بیرۆکەی نەتەوەوە، ئەویش تیۆرییە سروشتییەکەیە. تیۆری ئەو سروشت و دەوروبەر و ژینگەیەی کە میللەتێک تێیدا ژیان دەگوزەرێنێ. هاوسات پێی وایە رۆسۆ، بناخەدانەری ئەم تیۆرییە . بەڵام دەستەیەکی دیکە لەم سروشتخوازانە، ئەوانەن کە سروشت ئەو سروشتە کۆییەیە کە ڕەنگ و ڕوو و زمان و کولتوری میللەتێک جیا دەکاتەوە لە میللەتێکی تر. واتە سروشتی مرۆڤەکان، نەک ژینگەکەیان. **گۆستاف لۆبۆن** لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا باسی دەکات. شایانی ئاماژە پێدانە، کەوا د. عرفان زۆر ژیرانە، لێرەدا پەی بەم تیۆرییە بردووە. ڕەنگە پێشتر، هیچ لێکۆڵەرێک ئاوڕی لە کارەکانی لۆبۆن بەو مانا و ناوەڕۆکە نەدابێتەوە.

## ژینگەی سروشتی و پەیدابوونی نەتەوە

رۆسۆ ژینگەی سروشت دەکاتە بنەما بۆ لێکدانەوەی جیهانی مرۆیی. ئەم جیهانبینییە، پێی وایە، مرۆڤ چ رۆڵێکی لە مەیداندا نییە و هەرچی دەکات، لەژێر کاریگەریێتی ئەو ژینگەیەدایە، کە تێیدایە. " **ئەو پێی وایە بوونی مرۆڤ لەناو ئەو ژینگە سروشتییەدا پەنهانە کە تیایدا دەژی و مرۆڤ هیچ نییە جگە لە بەرهەمێک لە بەرهەمەکانی ژینگە سروشتییەکەیهەر لەم ڕوانگەیەشەوە بوونی نەتەوە دەبەستێتەوە بە سروشتی ئەو ژینگە سروشتییە کە مرۆڤ پێداویستییەکانی ژیانی خۆی لێیەوە دەست دەخات"(٢٤٣)**

بۆچوونەکانی رۆسۆ، ئەو ئایدیالانەی نەتەوە و پەیوەندییەکانی دەنوێنن سەرچاوە لە دوو توخمەوە وەردەگرن:

١ـ پێویستییەکانی بژێوی مرۆڤەکانن، واتە پێویستییە دنیایی مادییەکان.

٢ـ ئەو ژینگە سروشتییانەی تیایدا دەستبەر دەبن.

هەر وەک شاعیرێک هیچ نییە، جگە لەوەی لە بەرهەمەکانیدا، ڕەنگ بە دەوروبەرەکەی دەداتەوە. ئیدی بەم حوکم و بڕیارە تایبەتمەندێتی عەقڵ و هۆش و بەهرە و داهێنان لە مرۆڤ کەوڵ دەکەن و ئەم هەبووانە ناکەونە ناو هاوکێشەکەوە. لێرەدا کاریگەر سروشتە و کارلێکراو مرۆڤە. ئەمەش هیچ نییە، جگە لە زەلیلکردنی مرۆڤ و بەدەستەوسان دانانی مرۆڤ. رۆسۆ، لێرەدا قسە لەسەر دوو توخم دەکات. پێویستییەکانی بژێوی مرۆڤەکان، واتە پێویستیە دنیایی و مادییەکان، بۆخۆیان لەناو مرۆڤدان و ئەوی دیکەیان دەوروبەر یاخود ژینگە سروشتیەکەیە، ئەو پێداوستیانەی تێدا دەستەبەر دەبن. کەواتە

بەم پێیە جیاوازی نێوان کولتوور و نەتەوەکان دەرئەنجامی جیاوازی ژینگە سروشتییەکانیانە. واتە هەر یەک لە نەتەوەکان و کولتوورەکانیان زادەی دەوروبەرەکەیانە و لێرەدا مرۆڤ جارێکی تر بەو هەموو داهێنانەیەوە دەکرێتەوە ملکەچی دەوروبەرەکەی. ئەمەش گەوهەری ململانێیەکی دوورودرێژی نێوان مرۆڤ و دەوروبەرەکەیەتی. دیارە تیۆرییە ئەقڵییەکە، ئەم بنەمایە رەت دەکاتەوە و واقیع و سروشتی هەڵکەوتی مرۆڤ و نەتەوەکانیش هاوکات شتێکی ترمان پێ دەڵێت. هەڵبەت ئەم دوو توخمەش بۆ خۆیان سروشتین. بۆ ئەوەی نەتەوە لە مردن رزگاری بێت، دەبێت تاکەکانی بژێوی خۆیان لە سروشت وەرگرن.

**"گەر بنەمای بیرکردنەوەی سروشتییانەی نەتەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەم بۆچوونەی رۆسۆ، ئەوە نەتەوە بەوە ئایدیاڵەکەی دەردەکەوێت کە خەڵکی چۆنایەتییەکانی پەیوەندییە نەتەوەییەکانیان و کولتورە پیشەیی و عادەتییەکان لە سروشتی ژینگەیانەوە وەرگرن و جگە لەو ژینگە سروشتییەی خۆشیان لە هیچ سەرچاوەیەکەوە هیچ چۆنایەتییەک یان ئایدیاڵێک ناهێننە ناو کولتوورەکەیانەوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کولتورەکەیان بە چۆنایەتییە بێگانەکان پوختیەتی خۆی لەدەست نەدات. گەر کولتووری نەتەوەیەکیش وای لێهات لە پێداویستییەکانی بژێوی خۆی دابڕا، ئەوە دەرگاکەی والا دەبێت بۆ وەرگرتنی چۆنایەتی کولتوورە بێگانەکان و بەمەش زیندوویەتی خۆی لەدەست دەدات و پەیوەندییە نەتەوەییەکان لاواز دەبن نەتەوەکە بەرەو مردن دەڕوات".٢٤٥**

نووسـەر ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە، کە گەلێ لە لێکۆڵەران، دوو فەیلەسـوفی ئەڵمـانی هێـردەر و فیخـتە، دەخەنە ئەم خـانە هـزرییەوە. لەڕاسـتیدا هێـردەر سـەرسـام بـووە، بە رۆسـۆ. بەس کتومت بیرۆکەکانی وەرنەگرتووە. نووسـەر، بیروڕای سمیس بە نموونە دێنێتەوە، بەدرێژی لەسـەر ئەم لایەنە تێکەڵاوییە تیۆریی و فەیلەسوفەکان دەڕوات و باس لە بونیاتی جیاوازییان دەکات. هاوکات باس لە خاڵێکی مەترسیدار دەکات، کە نابێت نەتەوە لە ڕەگوڕیشـەی خـۆی هەڵکەنـدرێ و لە سـەرچاوەی ژیـانی دوور بخرێتەوە نەتوانێ ئاو سەرچاوەکەی خۆی بخواتەوە.چونکە هەر نەتەوەیەک بەو تایبەتمەندیەی هەیەتی، کاتێ سەرکەوتوو دەبێت و دەتوانێ پارێزگاری لە بـوونی خـۆی بکات، کە وەک نەمامێک لەسـەر ڕەگـی خـۆی هەڵسابێت.فەرەنسـییەکان بە نمـوونە بەو هەمـوو ئیمکـانێتەی دامودەزگـای هەمەچەشـنەوە و دەوڵەتەوە هەیـانە، دژ بە کولتـوری ناسـراو بە کۆکـاکۆلا و ماکـدۆناڵ، کە سـیمبۆلی هەژمـوونی کولتـووری ئەمەریکـایە، وەسـتاونەتەوە و چەندین دەزگا و دامەزراو و بڕیاری فەرمییان تەرخان کردووە، بۆ پاراستنی زمان و فەرهەنگەکەی خۆیان و بەربەرەکانیکردنی کولتووری بێگانەی ئەمەریکی.

**سروشتی مرۆیی بوون و پەرەسەندنی نەتەوەکان**

ئەم تیۆریە سروشـتی مرۆییەی لۆبۆن، تیۆرییە عەقڵییەکەی هەرسـێ فەیلەسـوفەکەی ئەڵمـان رەتـدەکاتەوە، کە پێیـان وایە، بنەمای عەقڵ هۆکاری پەرەسەندنی نەتەوەکانە. بەلای لۆبۆنەوە، ئەوەی لەنـاو مرۆڤـدا سروشـتییە، بنەمـای بـوونی نەتەوەکـان و پەرەسەندنیانە.ئەوەشـی لەنـاو بنەمـا سروشـتییە مـرۆییەکەدا،

دەبێتە بنەما، میزاجی عەقڵییە. "**میزاجی عەقڵی، ئەو ئایدیاڵەیە، کە هەموو پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی نەتەوە لە پێکهاتەی نەتەوەدا ڕێک دەخات و حوکمیان دەکات، ئەوەش بووەتە هیولای بەرجەستەبوونی ئەو ئایدیاڵە، هەست و سۆز و سایکۆلۆجیەتی تاکەکانی ئەو نەتەوەیەیە.ئەوەش لەبەرئەنجامی شێوەگیربوونی ئەو ئایدیاڵە لە هیولاکەدا دەکەوێتەوە، واتە ئامانجەکە، خوڵک و خوێکە کە ئەو نەتەوە پێی جیا دەبێتەوە لە نەتەوەکانی تر".(٢٤٧)**

میزاجی عەقڵی لۆبۆن، وەک ڕۆحی نەتەوە لای هێگڵ ئایدیاڵێکی جەوهەری نییە. لەلایەکی دیکەوە، میزاجی عەقڵی توخمێک نییە، لە عەقڵدا بەدی بکرێ، بەڵکو دیاردەیەکە وەک بۆماوە و سروشتێکی مرۆڤە و بە دڵنیاییەوە لە هەڵبەز و دابەزدایە و مەرج نییە، عەقڵ هەردەم لەم تیۆریەدا جێگەی بێتەوە یاخود هەر نییەتی. بەڵکو بەردەوام میزاجی کەسی، پاڵەوانی ڕووداوی سەرشانۆیە. کەواتە جیاوازییەکی فرە مەزن، لە نێوان ئەم دوو بۆچوونەدا فرە هەیە.

#### بۆماوە و ڕۆحی نەتەوە

**" ڕۆحی نەتەوە یان میزاجی عەقڵی نەتەوە هەڵگری کۆمەڵە سیفەتێکی سایکۆلۆجییە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە.بەم پێیە دوو جۆر لە بۆماوە هەیە، بۆماوەی جەستەیی و بۆماوەی سایکۆلۆجی"(٢٥١)**

هەروەک ئەوەی لە هەر ڕەگەزێک، نەوەیەکی خۆی دەکەوێتەوە. هەر گیاندار و باڵندەیەک هاوشێوەی خۆی

دەخاتەوە. ئەمە و دابەشکردنی نەتەوەکان لەسەر بنەمای زمان و ئـایین و کۆمەڵگـای سیاسـی، کە بۆچـوونێکی تـرە، لۆبـۆن هەردوکیان ڕەت دەکاتەوە. لۆبۆن پێی وایە:

**"کۆمەڵە سیفەتێکی ڕەوشتی و عەقڵیین کە کار لەپەرەسەندنی نەتەوەکـان دەکەن و لەپشـت سیسـتەمەکان و هونەرەکـان و بیروباوەڕەکـان و کۆدەتـا سیاسـییەکانەوە پەنهـانن.ڕۆحی نەتەوەش لە کۆی ئەو سیفەتانە پێک دێت"٢٥١**

کورتەیەکی ئەم بیرکردنەوەی لۆبۆن لێرەدا دەخەینە بەرچاو، بریتییە لەوەی ئەم بیرکردنەوە لەسەر بنچینەی بۆماوە/ وراثی، دامەزراوە. لۆبـۆن پێـی وایە، ڕۆحـی نەتەوە دەگـوێزرێتەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەک پاش خۆی، چونکە ئەوەی شاراوە نییە، هەر جەستەیەک یاخود تاکێک و کەسایەتییەک، لە خودی خۆیدا هەڵگـری کـۆمەڵێ تایبەتمەنـدی و خەسـڵەتی خـۆیەتی. ئەویـش ئەمـانەی لە بـاوانەوە بـۆ مـاوەتەوە، لەمیشـەوە بـۆ نەوەی پـاش خۆی دەگوازرێتەوە.

شایانی ئاماژە پێدانە، کەوا دوو جۆر بۆماوە هەیە. بۆماوەی جەستەیی و بۆماوەی سایکۆلۆجی. لۆبۆن لە تیۆرەکەیدا پشـت بە بۆمـاوەی سـایکۆلۆجی دەبەسـتێ. بۆمـاوەی جەسـتەیی، واتە لەئەسپ هەر ئەسپ و لە کەو هەر کەو و لە ماسی هەر ماسی دەکەوێتەوە. بۆماوەی سایکۆلۆجی، لە بواری مرۆڤیش دا، پشـت بە ڕەنگی پێست و شێوە و قەبارەی ئێسکە پەیکەری مرۆڤەکان دەبەسـتێ. لۆبـۆن کـۆمەڵێ ڕەخـنەی لەسـەر ئەم بیرکـردنەوەیە هەیە. بۆچـوونێکی تـریش هەیە، جیـاوازی نەتەوەکـان و دابەشـکردنیان لەسـەر بنەمـای جیاوازییەکـانی زمـان و ئـاین و

کۆمەڵگــای سیاســی دەکــات، لۆبــۆن ئەم بنەمــا کولتــوورییەش بەڕاست نازانێ.

لۆبۆن باوەڕی بە کۆمەڵە سیفەتێکی رەوشتی و عەقڵی هەیە، وەک پێکهــاتە باســیان دەکــات، نەک وەک جەوهەر، بە تــایبەت رۆحــی نەتەوە. دیــارە بۆماوەکــانیش، بۆمــاوەی خێزانــی و بۆماوەی میللەتین.

**"ئەوەی وا دەکات تاکەکانی نەتەوەیەک جیاوازبن لە تاکەکانی نەتەوەکانی تر پێکهاتەی ئەو سیفەتانەیە"٢٥١**

نووســەر گەشــتێکی ورد بەنــاو ئەم تیــۆرەدا دەکــات و بیروڕاکانی لۆبۆن شیتەڵ دەکاتەوە.لۆبۆن ئەو سیفەتە ڕەوشتی و عەقڵییانە بەلایەوە سیفەتی گشتین و بەڕێگەی بۆماوە نەوە لەدوای نەوە دەگوێزرێنەوە.هەر لۆبۆن دەڵێ: هەر تاکە کەسێک تەنها بەری باوک و دایکی نییە، بەڵکو بەری نەتەوەکەشیەتی، واتە زنجیرەی باو و باپیرانیشیەتی. دیسان لۆبۆن پێی وایە ئەو سیفەتانەی ئەمڕۆ لە نەوەیەکدا هەن، هەمان سیفاتی باوانی یەکەمیانە و بێ ویست و دەسەڵاتی خۆیان بۆیان گوازراوەتەوە.

ڕەنــگە ئەم بۆچــوونە، چ شــیکردنەوەیەکی گەرەک نەبێــت. چونکە تاکێکی کوردی لەدایک بووی نێو دابونەریت و کولتور و ژینگەییەکــی کــوردی و کوردســتانی، بە خــۆیی و تــوخم و سیفەتەکانییەوە، کە زادەی ئەو واقیعەن، بێگومان جیاوازە، لە تاکێ نەتەوەیەکی تری، وەک ئەفریکاییەک، ئەوروپاییەک. نەک هەر ئەمەنــدە، گەر نێزیکتــرین نمــوونە بهێنیــنەوە، چــۆن فەرەنساییەک لە ئەڵمانێک، جیاوازە، وا کوردێکیش، لە عەرەبێک و فارسێک و تورکێک جیاوازە. هەروەک چۆن سێو لە پرتەقاڵ و گەنم لە جۆ و چۆلەکە لە ریشۆڵە جودایە. ئەم جیاوازییەش بەرهەم و دیاردەیەکی سروشتیی و خۆڕسکە. ئەمەش مانــای

ئەوەیە، نە کوردێـک لەوانـی تـر بـاڵاترە، لەبەرئەوەی هەمـوو مرۆڤن و نە باڵندەیەک لەوانی تر گرنگترە.

**"مـرۆڤ هەر کـارێکی هەبێـت ئەوە بەردەوام کـوڕی نەتەوەکەیەتی، کۆی ئەو بیر و هەست و سۆزانەی کە تاکەکانی هەر نەتەوەیەک لە رۆژی لە دایکبوونیـانەوە لەگەڵ خۆیانـدا دەیـانهێنن، رۆحـی ئەو نەتەوەن، ئەمـانە لە مـاهیەتی خۆیانـدا پەنهان و شاراوەن، بەڵام لە ئاسەوارەکانیاندا بە دەرکەوتنێکی تەواو دەردەکەون، چـونکە لە راسـتیدا حـاکمن لەسـەر پەرەسەندنی نەتەوە"٢٥٤**

لۆبۆن بۆ ئەوەی لەناو نەتەوەدا، تاکی ناو خێزان و تـاکی نـاو نەتەوە لە یەکتـر جیـا بکـاتەوە، تـاک بە بەرهەمـی دوو جـۆر لە بۆماوە دەزانێت:

١- بۆماوەی خێزانی، سیفەتە جەستەیی و سـایکۆلۆجییەکانی ئەم جیاوازە لە خێزان و بنەماڵەکانی تر.

٢ـ بۆمـاوەی مـیللەتە، سـیفەتەکانی دیـاریکەری سـیفەتە میللییەکـانە و لەتـاکی نەتەوەکـانی دیکە جیـای دەکاتەوە.بنەمـای (٣) یەمـیش هەیە، بەڵام کـاریگەرێتی زۆری نیـیە. ئەویـش دەوروبەری مـاددی مـرۆیە. کەواتە ٣ هۆکـار هەن، یەک: کـارای باوباپیران، دوو: کارای دایک و باوک، سێ: کارای ژینگە.

### سیفەتە جێگیر و گۆڕدراوەکانی رۆحی نەتەوە

مرۆڤ، بە تاک و نەتەوە و بە کۆمەڵ، لە بـارودۆخی تـایبەتی و قۆنـاخە جیاوازەکانـدا، گۆڕانیـان بەسـەردا دێـت، چـونکە بـوونەوەری کـۆمەڵایەتین و بە پێـی یاسـا سروشـتییەکەی گەشەکردن و بەرەوپێشچوون، ڕەوت دەکەن. ئیمرۆیـان، نـابێ لە

دوێنێ بچێ و شیاو نییه سبەینێش هاوشێوەی ئیمڕۆ بێت. دەرئەنجامی سیفەتەکان، کەموزۆر گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. چونکه سیفەتەکان بۆ هەمیشەیی نەچەسپاون و دیاردەیەکی ماددی نین.

**"رۆحی نەتەوە پێکهاتەیەکە لە سیفەتە گۆڕاو و نەگۆڕەکان، سیفەتە گۆڕاوەکان سیفەتی عەرەزیی رۆحی نەتەوەن و سیفەتە نەگۆڕەکان سیفەتی جەوهەریی رۆحی نەتەوەن "٢٥٦**

نووسەر، لەسەر ئاماژەدا بە بیروڕاکانی لۆبۆن دەڕوات و باس لەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دەکات، نەتەوە پێیدا گوزەر دەکات. ڕۆحی نەتەوەش ناچارانە، هاوشانی ئەم تەوژمانە، ڕەوت دەکات و هەڵچوون و داچوون، بە خۆیەوە دەبینێت و وەک پێویست و گەلێ جاران ناپێویست دەردەکەوێت.

**"خولق و خووی میللی ئەو خاسیەتە جەوهەرییەی میزاجی عەقڵییە کە لەگەڵ گۆڕانی خاسیەتە لاوەکییە گۆڕاوەکاندا ئەو ناگۆڕێت و وەکو خۆی دەمێنێتەوە.گەر نەتەوەیەک لە خولق و خوویدا ئەوە دەرکەوتبێت کە ئازایە و مل نادات بۆ هیچ هێزێکی دەرەکی.بەڵام سەردەمێک بێتە پێشەوە و بارودۆخێکی وا دروست بێت، کە ئەو نەتەوە تیایدا مل بۆ هێزە دەرەکییەکان کەچ بکات لەراستیدا بەمە خولق و خووی ئەو نەتەوەیە لە ئازایەتییەوە نەگۆڕاوە بۆ ترسنۆکی"٢٥٧**

ئەو دیاردەی ترسنۆکییە. کاتییە و دوای بەسەرچوونی هەلومەرجە نالەبار و سەختەکە، ئەو نەتەوەی پێیدا تێدەپەڕێ. خەسڵەتی ئازایەتی و دلێری، جارێکی دیکە، دێتەوە دۆخی ئاسایی پێشووی خۆی. ئەمەش دیاردەیەکی سروشتییە، سیفەتەکان شیاوی ئەوەن بەرز و نزمییان بەسەردا بێت. نووسەر داواتر باس لە سیفەتە جێگر و گۆڕاوەکان دەکات .

**رۆحی نەتەوە و دەرکەوتەکانی**

رۆحـی نەتـەوە لە کـۆی کـۆمەڵێ سـیفەت و خولـق و خـووی میللـــی پێکهـــاتووە، بە درێژایـــی ســـەدان ســـاڵ، ڕۆڵەکـــانی لە هەڵســــوکەوت و تـــێکەڵ بـــوون و گـــوزەران و پەیـــداکردنی ئەزموونی ڕۆژانە ئاوێتە بوون. هەڵبەت مەرج نییە، ئەم دیاردانە، لای نەتەوەکـــــــــان، وەک یەک دەرکەون. هەر نەتەوەیەک بە درێژایـــی ئەو ئەزمـــوونەی پەیـــدای دەکـــات و هەیەتـــی، لەنـــاو جەرگەی ژیـــانە کـــۆمەڵایەتییەکەدا، کـــۆمەڵێ خاســـێتی تـــایبەت بەخۆی تێدا شین دەبێت و سـەرهەڵدەدات. ئەڵمانەکان بە هـۆی زیرەکـی و دیسـپیلین و ئیشـکردنیانەوە، بە درێژایـی شۆڕشـی تەکنەلۆژیا، میللەتێکی باڵا دەست و دەست رەنگینن لەم بـوارەدا، تا ئێستاش هەروا ناسراون، کەچی لە ناوماڵ دا، وەک خێزان و کولتوری خواردن ئامادەکردن دەوڵەمەندی بە چێشتخانەیانەوە دیـار نیـیە و پێکهـاتەی خێـزان تێیانـدا، کەم و سسـتە. ئەمەش بەهۆی کارکردنی زۆرەوەیە.

فەرەنسییەکان، خاوەنی بیری ئازاد و داهێنانن لەم بوارەدا و هاوکــــات دیــــاردەی خــــواردن و خێــــزان لایــــان، گەلــــێ بەرچاوە.تەنـانەت، نـوکتەیەک هەیە دەڵـێ: فەرەنسـی خـواردن دروست دەکات و دەیخوات، بەڵام ئەڵمان خواردن قووت دەدات. ئیتالییەکـان، جـگە لەوەی خـاوەن فەرهەنگێکـی هەمەجـۆر و دەوڵەمەنـدن لە خـواردن دا، بە دیزاینـی جلـوبەرگ و پـێڵاو دروســتکردنیش ناوبانگیــان هەیە، زۆر خــاوەن ســەلیقەن و هۆڵەنـدی بە کشــتوکاڵ و گــوڵ و گــوڵزار. ئیســپانییەکان بە خواردن و وەرزش ..هتد.

هاوکـــات دەبێــت بـــووترێ، کەوا هەنـــدێ دەرکەوتە هەن، لە نەتەوەیەکەوە دەگوێزرێنەوە بۆ نەتەوەیەکی تر، بە ئاشتی یاخود بە شەڕ، وەک ئایین و زمان. دیارە لەگەڵ گوێزانەوەکەدا، تەنیا دەرکەوتەکە دەگـــــوزرێتەوە، دەنـــــا جەوهەری دەرکەوتەکە، کە خولـــــق و خـــــووی میللیــــــی نەتەوەکەیە، نـــــاگوازرێتەوە. لە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان ٥ نەتەوەی ئەوروپایدا: فەرەنسی F ، ئەڵمانی D ،ئیتالی I، ئیسپانی S و ئینگلیزدا E، ئەم ئاکامەمان لە خەسڵەتیان بەرچاو دەکەوێت:

**لە دابوونەریت دا:** F بەڕێز و بە ماریفەت، D بەخشندە و راستگۆ، I خاوەن دابونەریت و بە ئوسوڵ، S بە تەوس، E لەخۆبایی و لووت بەرز.

**لە ئیشـــووکاردا** :F بێباک و ئازا، D وەک هەڵۆ، I وەک ڕێوی، S دلێر و نەترس، E وەک شێر.

**لە زانسـت دا:** F لەهەر شتێ شتێک دەزانێ، D پێشەنگ و وەستا، I لێزان، S ڕێکوپێک و بەدیقەت، E فەیلەسوفێکی باش.

**لە ئـــایین دا** : F چالاک و کۆششکەر، D لەخواترس، I دابوونەریتی، S پڕوپووچی، E بە بایەخەوە.

**"کاتێک زمانی نەتەوەیەک یان ئایینەکەی لەلایەن نەتەوەیەکی ترەوە وەردەگیرێت، ئەو زمان و ئاینە لەگەڵ میزاجی عەقڵی ئەو نەتەوەیەدا ساز نییە، چونکە ئەو نەتەوەیە خاوەنی خولق و خوویەکی تایبەت بە خۆیەتی، هەر ئەمەش وا دەکات کە ئەو زمانە یان ئاینەی کە لە نەتەوەیەکی ترەوە بۆی هاتووە بە شێوەیەک وەربگرێت کە خولق و خووی خۆی بکاتە جەوهەر بۆیی و لە ڕێگەیەوە بینوێنێت، واتە بە مۆرکی خۆی مۆرکی بکات".٢٥٨ ـ٢٥٩**

هەنـــدێ دەرکەوتە هەن، بە زۆر بەســـەر نەتەوەی تـــردا، دەســـەپێندرێن، وەک ئەوەی زمـــانی تـــورکی بە زۆر بەســـەر کورددا، سـەپێندراوە. یـاخود ئـاییني ئیسـلام، کە لە بنەڕەتـدا هـی عەرەبە، بەرگێکـی جیهانییـان کـردۆتە بەر و، گـوایە بـۆ هەمـوو نەتەوەکانە. شـاعیرێکی کـورد، شـیعرێ بنووسـێ، هونەرمەنـدێکی گۆرانییەک بچڕێ بە تـورکی، وا ئەو بەرهەمە سیما و خەسڵەتی ئەو زمـــانەی پێـــی وتـــراوە و نووســـراوەتەوە و زمـــانەکەی بەکارهـــاتووە، دەگرێـــت و دەبێـــتە مـــوڵکی ئەدەب و هـــونەری تـورکی. دەنـا وا نەبـوایە، تـورک شـانازییان بە یەشـار کەمـال و بـرایم تاتلیساسـەوە نەدەکـرد. چـونکە زمـانەکە خولـق و خـووی تـورکی بەرجەسـتەکردووە. کـوردێکی موسـڵمان، لە گونـدێکی بناری قەندیل، دوعا و نزا و پاڕانەوە لە خـودا دەکات، بە زمـانی عەرەبی ئەم کارانە ئەنجام بدات، وا راستەوخۆ خزمەتی زمـان و دینەکەی عەرەب دەکات. یاخود هەر لێرەوە بە نانەسکی و قەرز و قـۆڵە، بـڕە پـارەیەک پـێکەوە دەنـێ و بەسـەر هەزاران ئەرکـی دیکەدا، بـاز دەدات و پێی دەچـێ بـۆ حەج و عەمـرە لە بنەڕەتـدا. ئەم کـارانە چ پێوەنـدییەکییان بە فەرهەنگـی کـوردییەوە نیـیە و مەسەلەیەکی مەزهەبییە.

**تیۆری دروستەیی و دروستکردنی نەتەوە**

**"هیگڵ مانایەکی عەقڵی دەدات بە نەتەوە و دەوڵەت، نەتەوە لای ئەو پێش ئەوەی هەر شتێک بێت ئایدیاڵێکی ناو عەقڵە و ئەو ئایـدیاڵەش رۆحـی نەتەوەیە، بەبێ ئەم رۆحە نەتەوە ناتوانێت ببێت.هەر ئەو رۆحەشە دەبێتە بنەمای یەکەمیی بۆ ئاین و ئاکار و هـونەر و دەکەوتە کولتووریەکـانی تـری نەتەوە، بەبـێ ئەو رۆحە کولتور بوونی مـومکین نییە، چـونکە کولتـور پێکهـاتەی**

**کـۆمەڵە دەرکەوتەکەیە کە دەرکەوتەی ئەو رۆحەن و بەبـێ بوونی ئەو رۆحی بوونیان نییە"٢٦٢**

هێگـل، مانـایەکی ئەقڵـی دەبەخشـێ بە نەتەوە، بەڵام تیـۆرییە دروسـتەییەکە، لێـرەدا کولتـورییەکەیە، مانـای پـێچەوانەی هێگـل دەدات بە نەتەوە، پێـی وایە لە کولتـورە نەتەوەیـیەکەوە، ڕۆحـی نەتەوە سـەر دەردێنـێ و پێـک دێ. کەواتە ڕۆحـی نەتەوە بنەمـا یـان ئایـدیاڵێک نییە، بەڵکـو پێکهـاتووە لە بیرەوەریـی و ئیـرادەی کۆیی . کولتورەکە لە ڕێگەی توخمەکانی خۆیەوە، ڕۆحی نەتەوە لەناو سایکۆلۆجێتی تاکەکاندا، ساز دەکات و ئەو میللەتەش، بەو ڕۆحە، یەک ئاڕاسـتە و یەک ئامـانج دەبـن. بە کـورتی گەرەکیـانە پێمــان بڵــێن، کولتــوری نەتەوە، زەمیــنەی ڕســکانی نەتەوەیە، لەبەرئەوەی بەر لە دروسـتبوونی نەتەوە، کولتـور هەبـووە. بەڵام هێگڵ دەڵێ :

" **رۆحی نەتەوە یان نەتەوە وەک پەتییەک پێش کولتور لەناو عەقڵـدا هەیە و دەبێـتە بنەمـای بـوونی ئەو کولتـورەی کە لە وەدیهاتنی ئەو ئایدیاڵە دەکەوێتەوە.تاکە نەتەوەییەکانی نەتەوە لە لای هیگـڵ ئەوانەن کە پـاک بـوونەتەوە لەو کولتـورە بـاوەی کۆمەڵگاکەیان ".(٢٦٣-١٦٢)**

کەواتە عەقڵ، لانک و پزدانی نەتەوەیە، پێش دەرکەوتنی وەک بوویەکی پەتی، لێرەدا ئامـادەیە و هەیە. چـونکە چ کـاتێ نەبـووە، کولتور، بە تایبەت هی دروستەیی بتـوانێ، ئەو وێنە و ئاماژانەی ئێمە لە ڕێگایـانەوە لە نەتەوە دەگەیـن، بۆمـان دروسـت بکـات. د. عرفان بەرامبەر بەم بۆچوونە دروستەییە دەڵێ:

" **ئەو تاکانەی کە دواتـر نەتەوە پێکدەهێنن، دەبـنە هەڵگری ئەوەی کە لە کولتوری ئەو کۆمەڵگایەدا هاوبەشـە و هەر یەک**

**لەوان ئامادەیی تیایە بۆ ئەوەی ئەو کولتورە هاوبەشە وەک کۆمەڵە بنەمایەک لەناویدا ریشە داکوتێ و ببێتە سەرچاوە و بنەمای هەر بنەمای هەر جوڵەو هەڵسوکەوتێک کە لەودا دەرکەوت دەکات".(٢٦٣)**

لێرەدا جارێکی تر بایەخ دەدرێ بە بنەما کولتورییەکە، تا ڕادەی ئەوەی کە ماهیەتی نەتەوە دیاری دەکات، کولتورە پەسەندکراوەکەیە.

**نەتەوە لە نێوان رەگەز و کولتوردا**

ئێرنست رینان، یەکێکە لەوانەی کولتوری هاوبەش، بە پێش مەرج و پێشخانی رۆحی نەتەوە دەزانێ. هاوکات بەو سیستەمەیەشی دەزانێ، کە کولتوری کۆمەڵگا کاری پێ دەکات. بۆ سەلماندنی ئەوەی کە "**بیرەوەری**" هاوبەش هەوێنی نەتەوەیە، کۆمەڵێ نموونە لە مێژووەوە دێنێتەوە، وەک ئیمپراتۆرییەتەکانی چینی و میسری. باس لە جیاوازی دین لەم دوو دەسەڵاتەدا دەکات. بۆ جیاوازی رەگەز و نەتەوەش نموونەی دێنێ، کەوا ڕەگەز نابێتە بنەما بۆ دروست بوونی نەتەوە، چونکە لێرەدا کولتور نابێتە هۆکاری دروستبوونەکە. بۆ جیاکردنەوەی ڕەگەز لە نەتەوە باس لە ڕەگەزی جەستەیی و ڕەگەزی زمانی دەکات.

د.عرفان، لەسەر ئەم باس و بۆچوونانە، بە درێژی دەڕوات، تیشک دەخاتە سەر بۆچوونی رینان، لە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆەکان و دەڵێ: پێ وایە، کولتور و بیرەوەری هاوبەش هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرەکان نەبووە. سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانیش، هەمان بۆچوون دووبارە دەکاتەوە.

**بنەمای پەیدابوونی کولتور و بیرەوەری هاوبەشی نەتەوەکان**

ئەم بۆچوونە پێی وایە، کولتوری هاوبەشی نێوان کۆمەڵە ئەتنیکێکی جیاواز، بنەمای دروست بوونی نەتەوەیە. بە هەمان شێوە سازبوونی کولتورێکی هاوبەش لە نێوان کۆمەڵە ئەتنیکێکی جیاوازدا، دەگەڕێنێتەوە، بۆ چەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی جیاواز. ئەمانە کەم و زۆر بنچینەی بیروڕای رینانە، بۆ دروست بوونی نەتەوە. نوسەر، جارێکی تریش ئەم بیروڕایانە شەنوکەوو دەکاتەوە، هەموو ئەو نموونانەی رینان بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی دروست بوونی نەتەوەی فەرنسی و ئیتالی و... تاد. هێناویێتەوە و پشتیان پێ دەبەستێت. د.عرفان ڕەتیان دەکاتەوە و پێی وایە دوورن لە لۆژیکەوە.

**بیرەوەری هاوبەش وەك بنەمای راستەقینەی نەتەوە**

کاتێ رینان پرسیار دەکات و مەبەستێتی بزانێ، ئەو بنەمایانەی نەتەوە لێیانەوە دێتە ئاراوە چییە؟، بۆ گەیشتن بە وەرام، بۆچوونێکی قورس دەردەبڕێ و پێی وایە، رەگەز و زمان و جوگرافیا و بەرژەوندی هاوبەش، هەموو ئەم توخمانە، چ ڕۆڵێکیان نییە و نابنە فاکتی دروست بوونی نەتەوە. بۆ نموونە: سویسرا و ئەمریکا، لە چەند ڕەگەزێکی جیاواز پێکهاتوون، کەچی نەتەوەن. بەلای رێنانەوە نەژادی پاک نییە، وڵاتانی ئینگلستان و فەرەنسا و ئیتالیا، لە کۆمەڵێ خوێنی تێکەڵاو دروست بوون. تاکی سەر بە رەگەزێک جیاوازە لە تاکی ناو نەتەوەیەکی سەر بە هەموو رەگەزەکانە، ئەوانەی هەموویان گۆڕاون بۆ پێکهاتەی نەتەوە. هەروەکو ئەوەی فارسەکان داوا

لەنەتەوەکانی تری ئێراندەکەن، زمانی جیاواز گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە هەمــوو ئێــرانین و بە فارســی قســە دەکەیــن و لێــک تێدەگەین و ئاڵای ئێران کۆمان دەکاتەوە.

لەسەر زمانیش، رینان هەمان بۆچوونی، وەک لەسەر ڕەگەز هەیە. لە ئەمریکــا و ئینگلســتان و ئەمریکــای ئیســپانی دا، یەک زمــان بەکــار دێ، بەڵام یەک نەتەوە نــین. بەپــێچەوانەی ئەمەوە سویســرا، نمــوونەیەکی تــرە، چــونکە لەســەر ڕەزامەنــدی لایەنە جیاوازەکان دروست بووە. لەم وڵاتەدا ٣-٤ زمانی تێدا بەکاردێ. ئەمە گرنگ نییە، واتە خەسڵەت و بنەما و ویستی زمان چ ڕۆڵ و گرنگییەکی نییە، بەڵکو گرنگ هەبــوونی ئیرادەی هاوبەشــی خەڵکی سویسرایە بۆ یەکگرتن، سەرەڕای جیاوازی زمانەکان.

د.عرفان وەرامێکی لۆژیکی ئەم بۆچوونە نادروستە، دەداتەوە و پێــی وایە رینــان لەوەدا کەوتــۆتە هەڵەوە، جیــاوازی نێــوان دەوڵەت و نەتەوەی نەکردووە. بەڵگەنەویستە کە بۆچوونەکەشــی دروستە، بە نموونە: ئەوەتا عێراق و تورکیا، یەک دەوڵەتن، دوو نەتەوە دوو زمــانی جیــاوازی تێــدایە و کولتــورە دروســتەیی و نەتەوەخوازییەکە، نەبۆتە مایەی دروستکردنی نەتەوەیەک. ئێران فرە نەتەوەیە و هەرگیز نابێتە یەک نەتەوە. رینان، لەسەر ئاین و جوگرافیــا و بەرژەوەنــدی هاوبەشــیش دەدوێ، چ بەهایەکیــان وەک بنەمــا بــۆ دروســتبوونی نەتەوە بــۆ دانــانێ. نووســەر بەمجــۆرە وێشــتگە بە وێســتگە لەگەڵ خۆیــدا گەشــتمان بەنــاو باسەکەدا پێ دەکات، تــا دەگاتە لای پێناســە ناسراوەکەی رێنان کە دەڵێ:

**"نەتەوە رۆحــێکە، پرەنســیپێکی رۆحییە.دووشــت هەن کە لەراســتیدا یەک شــتن ئەم رۆحە پێکــدەهێنن:یەکێکیان بــوونی**

**میــراتێکە لە نەریــت و بیرەوەرییەکــانی رابــردوو، دووەم رەزامەندی هەنووکەیی و ئارەزووی پێکەوە ژیان و بوونی ئیــرادەیەک بــۆ درێــژەدان بەو نەریــت و بیرەوەرییــانەی کە بەرهەمی  پێکەوە ژیانن و بە میرات ماونەتەوە".٢٧٣ ـ٢٧٤**

پاشـان نووسـەر، دەکەوێتە سـەر بەراوردکـاری و نیشـاندانی جیاوازی **ڕۆح** لە لای رینـان/ R و هیگڵ/H و پێی وایە شـتێکی ڕواڵەتییە.

R- ڕۆح پێویستی بە توخمی ئیرادەیە بۆ خۆ نواندنی.

H- ڕۆح تاکانە و یەکە و هەر خۆیەتی.

R ــــ ڕۆح لە رابـــردووی هاوبەشـــی کـــۆمەڵە ئەتنیکێـــک وەردەگریّ.

H- ڕۆح لە عەقڵی تاکەکانی ناو میللەتدا هەیە.

R ــــ ڕۆح لەو نەریـــت و بیرەوەرییـــانە، وەردەگـــریّ، کە لەرابردوودا گوزراونەتەوە بۆ ئێستا و

ئەوە ئیرادەیە بەرەو ئایندەی  ئاراستە دەکات.

H ـ ڕۆح لە رێگەی ویستەوە هەوڵی خۆئاشکراکردنی خۆی دەدات، لەناو واقیعێکی مادديدا.

R ـ ڕۆحـی نەتەوە پێکهـاتەیەکە لە ویسـت و بیرەوەرییەکـانی ڕابردوو.

H- ڕۆح شتێکە وەدی دێت، شتێک نییە کە پێک بێت.

R ــ ڕۆح جەوهەر نیـیە و تاکـانە نیـیە، پێکهـاتەیەکە لە دوو توخم:بیرەوەری و ویست.

H ــ ڕۆح کــاتێ عەینـــی/ کــۆنکرێتی دەبێــتەوە، کە لەکــار و کردەوەی کەسـەکاندا شێوەگیر دەبێت. دوای شێوەگیربوونی لە نەوەکانی داهاتوودا نابێتەوە بە رۆحێکی پەتی.

R- ڕۆح لە دەرەوەی خۆمانەوە دێتە ناومانەوە و حوکممان دەکات.

H- ڕۆح لەناوماندایە و دواتر دێتە دەرەوە و خۆی لە ڕێگەی ئێمەوە ئاشکرا دەکات.

R- نەتەوە پێش ئەوەی پێکهاتەی کۆمەڵە ئەتنیکێک بێت، ڕۆحە.

H- نەتەوەی داهاتوو، ڕۆحی لەناو خۆیدا دەبێت، وەک ئەوەی پێشوو، ئەویش ڕۆحەکەی ناوخۆی شێوەگیر دەکات.

R- ئەم ڕۆحە پێکهاتەیەکە لە بیرەوەری هاوبەشی ئەتنیکەکانە لە رابردوودا و پاشان لە

ڕێگەی ئیرادەی تاکە کەسەکانەوە، لە کار و کردەوەکانیاندا، ڕەنگێ پێ دەدرێتەوە.

H- ڕۆح ئازادە، جگە لەخۆی پەیوەست نییە، بەهیچ شتێکی ترەوە، لە خۆیدا و بەخۆی و بۆ

خۆی هەیە.

R- ڕۆح بەبێ وابەستەبوونی بە رابردوەوە بوونی نابێت.

H- ڕۆح پێویستی نییە بۆ بوونی لە بوونی خۆیدا هەیە. ئەمەش بە بەڵگەی ئەوە

جەوهەری ڕۆح ئازادییە.

R- ڕۆحی نەتەوە، لەناو کەسەکاندا، بوونێکی پێشینەی نییە و بەڵکو لە ڕابردوودایە.

H - هەر لەمەشەوەیە، کە مرۆڤ لە خۆیدا ئازادە.

R- نەتەوە وەک تاکەکەس بەری ڕابردوویەکی دوور و درێژی ڕەنج و قوربانی گوێڕایەڵییە،

نەریتـی باوبـاپیران لە هەمـوو شـتێک ڕەواتـرە. ئـێمە بە ڕەنجی باوباپیران بووین بەوەی
کە ئێستا هەین.

R ـ ڕۆحـی ئـێمە، پەیوەسـتە بە پێشـینەکانمانەوە و بەبـوونی ئەوان ئێمە هەین و بەبێ

بوونی ئەوان ئێمە بوونمان نییە، ئێمە ئەوەین، ئێوە بوون، ئەوەش دەبین کە ئێوەن.

R ـ لێرەدا ئازادی نابێتە خاسیەتی جەوهەریی ڕۆح.

R ــ وابەسـتەبوون و بەنـدیەتی، خاسـیەتی ئەو ڕۆحەیە، کە رینان بە ڕۆحی نەتەوەی
دەزانێت.

**"نەتەوە لای هیگـڵ ئایـدیالێکە واتە رۆحـێکە، ئەم رۆحە پێویستی بە توخمێکی تر هەیە کە ئیرادەیە، تا شێوەگیر بێت و بنوێنرێت." ٣٧٥**

د. عرفان لەم بوارەدا ماندووبوونێکی زۆر دەکێشێ، تا بەر و پێشـی بیروڕاکـانی رینـان، شـی بکـاتەوە و بەوانەی هیگڵـی بەراورد بکات. دواجار دەگاتە ئەم ئاکامە و دەنووسێ:

**" گەر لای هێگڵ خواستە بەشەکییەکانی تاک لە خواستەکانی نەتەوەدا وەدی بـێن و خواسـتە هەمەکیـیەکە عەقڵییەکـانی نەتەوەش لە رێـگەی وەدیهـاتنی خواسـتە بەشـەکییەکانی تاکەکـانەوە وەدی بێـت، ئەوە لای رینـان خواسـتە تـاکە کەسییەکانی تاکەکانی ناو نەتەوە بەردەوام دەبێت ببنە قوربانی بـۆ خواسـتە گشـتییەکانی نەتەوە، بەبـێ ئەو قوربـانییە، ئەو یەکبـوونەی کە نەتەوە لەسـەری دامەزراوە، ناتوانێـت خـۆی راگرێت، رێنان ئەم قوربانیدانەی تاک بە خواستەکانی خۆی بۆ**

**خواستەکانی نەتەوە بە هۆشیاری ئاکاری ناو دەبات و ئەو هۆشیارییەش بە هۆشیاری نەتەوەیی دادەنێت.بۆ ئەوەی ئەو هۆشیارییە ئاکارییەش بوونی خۆی بسەلمێنێت، دەبێت تاکەکەس لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا خۆی بکاتە قوربانی ".(٢٧٦)**

ئەم بۆچوونەی رینان، رێخۆشکەرە بۆ تیۆرەکانی نەتەوەخوازی لەسەدەی بیستەمدا، باس لە دروستکردنی نەتەوەکان دەکەن لە ڕێگەی ویست و خواست و ئارەزووی خۆیانەوە. بەمەش دەیانەوێ بڵێن نەتەوە بەرهەمی ڕێکەوتنی تاکەکانە، لە نێوان خۆیاندا، **گرێبەستی کۆمەڵایەتی** بکەن. رینان هەر لەم بوارەدا لای وایە تاکە کەسەکان وەک بەش قوربانی بە بەها و شتەکانی خۆیان دەدەن، لە پێناوی گشتدا، کە نەتەوەیە.

نووسەر ئاماژە بەوەش دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا تیۆرە دروستەییەکەی رینان، بە سادەیی لە سەدەی ١٩ دا بڵاوکراوەتەوە، تا هەنووکەش بایەخی زیاتر پێدەدرێت لە لایەن لێکۆڵەرە مۆدێرنیستەکانی سەدەی بیستەمەوە گوزارشتی زیاتری لێ دەکرێت، تا تیۆرە سروشتیەکەی لۆبۆن، کە گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نادرێ دەکەوێتە پەراوێزەوە و تاوانباریش دەکرێ بەوەی کە بۆن و بەرامەی ڕەگەزپەرستانە و دژە مۆدێرنیزمەی هەیە.

# بەشی سێهەم: تیۆرەکانی نەتەوەخوازی و دروستکردنی نەتەوە

ڕەنــگە زەقتــرین باســی ئەم کتێــبە، ئەم بەشــە بێــت. بــۆ دۆزینــەوەی ئەو کــۆد و کلــیلانەی، بەرەو  دیــوی نــاوەوەی ئەم بیرکــردنەوە و تیۆرییەمــان دەبــات، پێویســتە هەر لەســەرەتاوە لەوە حاڵی ببین، کەوا تیۆربازەکانی ئەم مەیدانە، هەمــوو هەوڵ و کۆششــیان بــۆ ئەوەی بە پێــی میتــۆد و قاڵــب و دەســتووری نەتەوەخــوازی، بە گەزومقەســتی مــۆدێرنیزمەکەی خۆیــان کۆمەڵگاکان بە پرۆسەی دروستکردن و وێستگەی داڕشتن، بە هۆی کۆمەڵێ فلتەرەوە تێپەڕێنن و دواجار شتێکی لێ دروست بــکەن نــاوی "نەتەوە"ی لــێ بنــێن. گرنــگ ئەوەیە دوگــمەی دروســتکردنە لەبەر دەســت ئەوانــدا بێــت و ڕەشــمەی کــارەکە بەدەســت خۆیــانەوە و دواجــاریش خۆیــان بڕیــار لەســەر دروستکراوەکە بدەن و مۆری پەسەندی لێ بدەن. ئەمەش چەند تیــۆرییە دوو هێنــدە سیاســەتە و بە کــۆمەڵی ســەرەداوی ترسناکەوە بەستراوەتەوە.

بەڵگەنەویســتە هەر شــتێک دروســتکراو/ بەرهەمهێنــراو بێــت، ئامــانجێکی دیــاریکراو وا لە پشــتییەوە. ئەم جیهــانە مــۆدێرنەیەی، کە ئەوروپــای ڕۆژئــاوا خــۆی کــردۆتە خــاوەنی گەرەکێتــی بــۆ بـــوونەنەتەوە، کارخـــانە دروســـت بـــدات بەو پێـــودانگی نەتەوەخــوازییەکەی خــۆی، کە لەهەنــووکەدا لەگەڵــێ لە دەوڵەتە دەستکردەکان دا بەرقەرارە. لە ڕوانگەی گێلنەرەوە، نەتەوە پێش

کۆمەڵگـــای پیشەســـازی نەبـــووە.کەواتە نەتەوە زادەی هەنـــاوی کۆمەڵگـــــای پیشەســــــازییە. ئەمەش بۆچـــــوونەش لە بنەڕەتـــــدا بنەمـایەکی سیاسی حەشـاردراوی هەیە. هەڵگرانی ئەم ڕوانگەیە بـــۆ گەیشـــتنیان بەم ئامـــانجە پێویســـتیان بە یەکەی سیاســـی و یەکەیەکـی کولتـووری هەمئاهەنـگ بـن هەیە. هاوکێشـــەکە بەم شـــــــیوەیەی لـــــێ دێـــــت: دەوڵەت وەک یەکەی سیاســـــی و نەتەوەخـوازی وەک یەکەی کولتـووری، دەرئەنجـام دەتوانرێـت نەتەوە دروست بکرێت.

هەڵـــبەت لەســـەردەمی کۆمەڵگـــای کشـــتوکاڵیدا هـــاتنە دی و جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە مەحاڵە، چونکە هیچ کام لە کۆمەڵگا کشـتوکاڵییەکان خـاوەن دەوڵەت نەبـوون و نـین . هەروەهـا لە کۆمەڵگـای کشـتوکاڵیدا کـۆمەڵێ بەربەسـت و چەڵەمە هەن، زاڵ بوون بەسەریدا ئەستەمە. بۆ نموونە بەلای گێلنەرەوە ئەو زمان و کولتوورەی قۆناغی کشتوکاڵی، کولتوورێکی میللی(کێویی)ە و گەرەکە بەهـۆی کەلتـوورێکی فەرمیـیەوە بکرێـت بە (بـاخچەیی). مانای ئەمەش  دەکاتە گۆڕینی بووە خۆڕسک و سروشتییەکانی وەک زمـــــان کولتـــــوور بـــــۆ شـــــتە دروســــــتکراوەکان. لای مۆدێرنیســـتەکان شـــتی ڕەســـەن و بنچینەیـــی و ئۆرگینـــال، گەر خوایی و سروشتی و عەقڵیش بن، بوونیان نییە، چونکە پێیان وایە دەبێـــت هەمـــوو شـــتێک دەســـتکردی مـــرۆڤ بێـــت و لە کۆمپانیـــــایەکی ئەوانەوە بەپێـــــودانگی تیۆرییەکــــانی خۆیـــــان دروسـتکرا بێـت. مـۆری کارخـانەکەی خۆیـانی لـێ بـدرێ و لەو پەڕی ناچاریدا دەڵێن ئەو بووانە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و بە ڕێـــکەوت ســـەریان هەڵـــداوە. د. عرفـــان وتەنـــی:لە کۆمەڵگـــای

کشـــتوکاڵی دا(ئـــامراز) لای بەکەری کـــارەکەیە هەروەک چـــۆن زانین و بەکارهێنان و سیستەمی کارکەدنی لای بکەرە. بەڵام لە کۆمەڵگای پیشەسازی دا(ئامێر) سیستەمی کارکردنەکەی لەناو خۆیـــدایەتی و کەســـێکی دەیبزوێنـــێ و کـــاری پـــێ دەکـــات. سەرچاوەی ئەم بۆچوونەش دەگەڕێتەوە بۆ لای ڕێنان.

**"بەم پێیە نەتەوەخوازی هەڵگری ناوەڕۆکێکی سیاسی پەتییە و هەوڵی ئەوە دەدات لە ڕێگەی پاراستنی هەماهەنگی یەکەی کولتووری لەگەڵ یەکەی سیاسیدا ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەی کە هاتووەتە ئاراوە ناو بنێ نەتەوە، تا هیچ گروپێکی کۆمەڵایەتی یان هیچ ئیتنیکێکی ناو ئەو دەوڵەتە ڕەوایەتیی ئەوەی نەمێنێ خۆی وەک نەتەوە پێناسە بکات". (٣٠٦)**

ئێمە دەزانین بنەچە و ڕەسەنایەتی، لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا، چەنـــد بـــایەخی خـــۆی هەیە.لە ئێســـتای جیهـــانی گلۆبـــالیزم دا، مۆدێرنیستەکان زۆر کار لەسەر سڕینەوەی ئەم بنەمایە دەکەن، و دەیانەوێ کۆمەڵگایەکی هەمەڕەنگی فەرمی یەک فۆڕم و یەک نـــاوەڕۆکی بـــێ ڕەگوڕیشـــە ســـاز بـــدەن.هەموو ئەمەش لە کۆمەڵگایەکی پیشەسازیی و لە ڕێگای سەراپاگیرکردنی فێربوون و خوێنـــدن بـــۆ کولتـــوورە بـــاخچەییەکە، بە پێـــوەرێکی سیاســـی گرنگـــی کۆمەڵگـــای پیشەســـازی. بەڵام دیســـانەوە نەیـــانتوانیوە بە تەواوی مەرامەکـــانی خۆیـــان بـــگەن، چـــونکە بـــایەخی مـــرۆڤ بـــۆ بنەچەی خـــۆیی و ڕەســـەنایەتی بـــوون و زمـــان و کولتـــوورەکەی شتگەلێک نییە بەسانایی دەستبەرداری بێت. بگرە ڕۆژانە ویستـــی بـــۆ مـــانەوە و پاراســـتنی بـــووە سروشـــتیەکانی خـــۆیی و گۆمەڵگـــاکەی لەبـــرەودایە. بەم جـــۆرە مۆدێرنەکـــان لە هەوڵـــی

ئەوەدان بڵـێن بـێ بـوونی پێداویسـتییەکانی وەک دەوڵەت و نەتەوەخـوازی، بـوونی نەتەوە خەون و مەحـاڵە. هەر خـودی گێلنەر پێی وایە کۆمەڵێ رێگر و بەربەست هەن لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا هەمئاهەنگ نین بۆ دروستکردنی نەتەوە. د. عرفان بەرپەرچـی بەیەک بەیەکـی بۆچوونەکـانی گێلـنەر دەداتەوە و وەرامی پێویست دەخاتە بەردەم خوێنەر.

**"بەپێـی تێڕوانینـی مۆدێرنسـتەکان، نەتەوە وەک هەر دروستکراوێکی تەکنینکی بەرنامە و پلان بۆ دروستکردنەکەی دادەنرێت، بەمەش پلانـدانان بـۆ دروسـتکردنی نەتەوە دەبێتە بەشـێک لە پرۆسـەی نەتەوە، ئەم پرۆسـەی** {پێکهێنـانی نەتەوە}**پلانی بۆ دانراوە، پرۆسەیەکی مۆدێرن بوو کە لە پێش ساڵی ١٧٨٩ دا شتی وا روویـنەدابوو".٢٨١**

وەک باسـمان کـرد، گـوایە نەتەوە بەرهەمـی مـۆدێرنەیە، ئەمەش هەردوو بەرەی مۆدێرنیسـت و ئیتنۆسـیمبۆلییەکان لەسـەری هـاوڕان. نووسـەر لە مەرامە خـراپ و بۆچـوونە چەوتەکانی گەوهەری ئەم خاڵە باش حاڵی بووە، بۆیە بەم کارە قەبەوە و گشـتگرە، ڕەتـی دەکـاتەوە. لە شـوێنێ ئەو بۆچـوونە، سمیسی پێی وایە مۆدێرنیزم بە دوو شێوە خۆی دەنوێنێ: کە بریتین لە یەکەم: شێوەی کرۆنۆلـۆجی، کە ئیتنۆسیمبۆلیستەکان پەیـڕەوی لێـدەکەن و جەخـت لەسـەر ئەوە دەکەنەوە، نەتەوەخـوازی وەک ئایـدۆلۆجیا و ئیتنـۆس تـاڕادەیەک نـوێیە. دووەم: شـێوەی سۆسـیۆلۆجی: مۆدێرنیستەکان رابەرایەتـی ئەم دید و روانگەیەش دەکەن پێیان وایە، نەتەوەخـوازی  بریتـی نییە لە داهێنـان و شـتی کـۆن، نـوێ کـردنەوە، بەڵکـو نەتەوەخـوازی

پێشتر  هەر نەبووە. لای ئەمانە" نەتەوەکان و دەوڵەتی نەتەوەیی و ناسنامەی نەتەوەیەیی"، هەموویان بەهەمان شێوە بەرهەمی سەرهەڵدانی مۆدێرنەن. هەر بۆیە

**"لەو سەردەمە نوێیەدا ئایدۆلۆجیای گەلی سەروەر کە خاوەنی مێژوویەکی هاوبەش بێت و خەڵکی لەپێناو پاراستنیدا قوربانی گەورە بدەن، دێتە ئاراوە و خەڵکی بەگشتی لەم سەرمەدا هاندەدرێن بۆ بەشداریکردن لە سیاسەتی ناوەندی بڕیاردان و دەبنە هاوڵاتی کارا، پەروەردەیەکی گشتی و جەماوەری و ئیلزامی چونیەک بۆ دانیشتوان دەستبەر دەکرێت و ڕەفتار و شارەزایی پێویست لەناو خەڵکدا پەرەپێدەدات تا (هێز و دەسەڵاتی نەتەوە بگەیێنێتە ئەوپەڕی و هاووڵاتی لەسەر ڕێزگرتنی یاساکانی نەتەوە لەسەر بناغەی عیلمانی ڕووت ڕابهێنێت"(٢٨٢)**

ئەمە سەرنجەکانی سمیسی ڕابەری ئێنۆسیمبۆلیستەکانی نەتەوەخوازییە، کە پێی وایە مۆدێرنیزم خۆی لە شێوی کرۆنۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی دا دەنوێنێت. جێی خۆیەتی ئاماژەش بەوە بدرێ سەرجەم مۆدێرنیستەکان وەک د. عرفان دەڵێ: لە ڕێنانەوە تا ئەندرسۆن لە کارەکانی خۆیان دا پێ لەسەر کەلتورێکی داهێنراو دادەگرن، کە نەتەوەخوازی کار لەسەر چاندنی دەکات لەناو جەماوەردا کە دواتر بەهۆی وەرگرتنی ئەم کولتوورەوە نەتەوەیان لێ دروست دەکرێت.

**"نەتەوە لای ڕینان داهێنراوێکی نوێیە و پێش شۆڕشی فەرەنسا بوونی نەبووە، بۆ ئەم داهێنانە نوێیەش دوو توخمی سەرەکی هەن، یەکیان ڕیشەی لە رابردوودایە و**

**خاوەنداریەتییەکی هاوبەشی کۆمەڵە ئەتنیکیێکە بۆ میراتێکی دەوڵەمەندی بیرەوەرییەکان، ئەوی تریان ریشەی لە ئێستادایە و ئاواتی پێکەوە ژیان و ویستی بە زیندوو راگرتنی ئەو میراتە هاوبەشەیە بەوەی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازانەی کە خاوەنی ئەو میراتەن پێکەوە کاری پێکەوەیی ئەنجام بدەن و ئەو میراتە پەرەبسێنێ و گەشە بکات"٢٨٣**

رێنان باس لە نەتەوە دەکات، باسی نەتەوەخوازی ناکات. بناغە دارێژەری ئەم بیرۆکەیە مۆدێرنزمە. هەر هەموو بیرمەندان لە رێگای دروستکردنی ئەو کولتورە نوێیەوە، بیرەوەرییەکانیان هاوبەش دەبێ و ئاواتی پێکەوە ژیان لایان سەر هەڵدەدات و تا کولتووری ناوبراو بەرەو گەشەکردن ببەن. یاخود دوای قۆناخی کولتورە نوێکە، ئینجا دیاردەکانی دیکەی نەتەوە و نەتەوەخوازی دێنە ئاراوە.

**"ئەم گرووپانە بە رێکەوتنێکی مێژوویی لەناو رووداوێکی لەو جۆرەدا وەک یەک هێز لەبەرامبەر ئەو هێزە دەرەکییەدا دەوەستن کە هەرەشەیان لێدەکات، ئەو رێکەوتە ئەو یەکبوونە مێژووییە لە نێوان ئەو گروپە ناچونیەک و جیاوازانەدا دروست دەکات، بەمەش جۆرێک لە هۆشیاری لەلایان سەرهەڵدەدات بەرامبەر بە سوودی پیکەوە ژیان و پێکەوە کارکردن، ئەم هۆشیارییەش لەو بیرەوەرییانەوە سەرچاوە دەگرێت کە گرووپەکان لەو رووداوەدا بوونەتە هەڵگری".٢٨٤**

دەرئەنجام سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بۆ بەڕێوەبردنی ژیان و گوزەران دروست دەبێت و دەبێتەوە بە داینەمۆی نەتەوەخوازی و بەم میکانیزمە هەنگاو بەرەو دروستکردنی نەتەوە دەنێت.

ئەمەش بە" ڕێکەوتێکـــی مێژوویـــی" دادەنێن.جـــا لە پێنـــاوی درێژکـردنەوەی تەمەنـی ئەو شـتەی بەڕێـکەوت دروسـت بـووە، پێویستە نەخشـە و بەرنامەی وردی بۆ بەردەوامی بـۆ بکێشـرێت. کەواتە لەم دیـــدەوە نەتەوە پێویســـتی بە ویســـتی ئاگایـــانە و ئەزموونێکی هاوبەش هەیە. گێلنەر دەڵێ:

**"نەتەوەخـوازی دروسـتکەری سیسـتەمێکە لە چۆنـایەتی بـۆ ژیانی پێکەوەیی کۆمەڵە گروپێکی کۆمەڵایەتی جیاواز و چاندنی چونایەتییەکـانی ئەو سیسـتەمە لەنـاو ئەنـدامانی ئەو گـروپە جیـاوازانە تـا ئەو گروپـانە ببنەوە بەیەک و لەنـاو یەک ژیـانی پێکەوەییدا ئەوە ئەنجام بدەن کە بەبێ ئەو پێکەوە ژیانە ناتوانن ئەنجامی بدەن".(٢٨٥)**

وەک دیارە سازدان و دروستکردنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بـۆ مەرامێکـی دیـاریکراو بـۆ خـۆی جـۆرێکی دیـار و بەرچـاوی هەوڵی سیاسییە، هەر بۆیەکا د. عرفان وتەنی نەتەوە لێرەدا هیـچ نیـیە جـگە لە سیسـتەمێکی کـۆمەڵایەتی لە چۆنـایەتی بـۆ ژیـانی پێکەوەیی کۆمەڵە گرووپێکی جیاواز.

**" نەتەوەخـوازی بنەمـایەکی سیاسـییە و داوای هەمـاهەنگی یەکەی سیاسی و یەکەی نەتەوەیی دەکات".٢٨٦**

هەمـــاهەنگی سیاســـی و نەتەوەیـــی پێشـــتر نەبـــووە، بەڵام کولتوری مۆدێرنە، ئەمە لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا دادەسەپێنێ و دەیخـاتە کارەوە.ئیـدی بەم سیاسـەتە تـوانراوە مەرامـی سیاسـی بهێندرێتە دی.

**" لێکۆڵەرە مۆدێرنستەکانی بواری نەتەوەخوازی هەموویان لەسـەر ئەو بنەمایـانە کـۆکن کە نەتەوەیـان لەسـەر دروسـت دەکرێت.ئەوەی جیاوازی لە نێوانیاندا دروستکردووە، ئەوەیە کە**

**هەریەکەیـــان بۆچـــوونێکی لە بـــارەی جـــۆری ئەو کولتـــورە دروســتکراوەوە هەیە کە نەتەوەی پێ دروســت دەکرێت. لای گێلنەر و هۆبزباوم ئەو کولتورە پیشەییە دروستکراوەیە کە لە قوتابخانە و زانکۆ مۆدێرنەکاندا دەخوێنرێت، لای ئەندرسۆن ئەو کولتـورە ئەو کولتـورەیە کە رۆشـنبیران و رۆژنامەنوسـەکان دروســـــتی دەکەن و لە رێـــگەی کتێبەکـــان و رۆژنـــامە و گۆڤارەکانیـانەوە بـڵاوی دەکەنەوە. لای سـمیس ئەو کولتـورە هەمان ئەو کولتورە میللییەیە کە لەناو گۆمەڵگادا هەیە، بەڵام ئەو کولتورە بە پرۆسەی  دروستکردندا براوە و جارێکی تر بە پێی پێداویســـتی ژیـــانە مـــۆدێرنەکە دارێـــژراوەتەوە و کـــراوە بە کولتورێکی مۆدێرن"٢٨٩**

لای گێلـنەر نەتەوە بـریتییە لە کۆمەڵگـایەکی پیشەسـازی، بەم پێـیە میکـانیزمی  نەتەوەخـوازی دەیخـوازێ بـۆ دروسـتکردنی نەتەوە، هەماهەنگی سیاسی و کولتـوورییە. یەکەی سیاسـی، واتە دەوڵەت. دواتـر نـابراو، بـاس لە کولتـوری کێـوی و کولتـوری فەرمـی بـاخچەیی دەکـات و بەدرێـژی هەمـوو بۆچوونەکـان روونـدەکاتەوە. پاشـان دەنووسـێ، شـتەکان بە رێگـای رێـکەوت ساز دەبن .ئەویش پێچەوانەی بۆچـوونەکەی لایبنێتز و فیختە و هـێگڵە. ئەوان پێیـان وایە، ئەوەی لە مێـژوودا روودەدات، بەپێـی رۆح و ئامانجە عەقڵییەکە روودەدات.

**دروستکردنی نەتەوە بە کولتوری پیشەیی قوتابخانە مۆدێرنەکان**

لێرەدا کولتـووری میللـی، کولتـورێکی کێـوییە، وەک رووەکـی کێوی. بۆیەکا پێویستە هەوڵی ماڵی کردن و بە باخچەیی کردنـی

بدرێ . کولتوری فەرمی، کولتورێکی باخچەییە، وەک ڕووەکی باخچەکان، کە لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی دەرەکیدا دەیچێنن، ڕێک دەخرێن و گەشە دەکەن. جا بۆ ئەوەی نەتەوە هەبێت دەبێت یەکەی سیاسی و یەکەی کولتووری هەماهەنگ بن. ئەم دیارەیەش لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا شیاوی بوون و دروستکردن نییە، بۆیەکا هەر دەبێت لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا ئەنجامی بدەین. کەواتە باوەڕی گێلنەر ئەوەیە یەکەی سیاسی واتە دەوڵەت هەبێت، لەم ڕێگایەوە و بە پشتیوانی ئەم دەزگایە و بوونی نەتەوەخوازی بە پاراستنی و هێشتنەوەی هەمئاهەنگی یەکە کولتووریەکە و یەکە سیاسییەکە نەتەوە دروست بکەین. ئاخر گێلنەر پێی وایە لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا کەسی ئایینی لە ڕیشە پیرۆزەکەی دادەبڕێ و، فەرمانڕەوا لە ڕەچەڵەکە پاشایانەکەی بەهەمان شێوە و خەڵکە ئاساییەکەش لە ڕەچەڵەکی ئێتنیکی و کولتوری خۆیان دادەبڕێن و دەبنە توخمێکی پوختی دابڕاو لە ئەسڵ و بنەچە. لەم ڕێگایەو دەتوانرێ کۆمەڵگای یەکسان دروست بکرێ.دواتریش لەم کۆمەڵگایەدا لە ڕێی سەهەڵدانی ئامێر و دەزگای تەکنیکی گۆڕانی پەیوەندییەکان و جۆری جیاواز لە دابەشکردنی کار دێتە ئاراوە. دیارە خوێندن لە قوتابخانە و شێوازی پەروەردەکەش، کە پێویستییەکی گرنگی پێویستییەکانی کۆمەڵگای پیشەسازییە، بۆ سەراپاگیرکردن لەگەڕدایە، هەموو بەرەو ئامانجی سازدانی کۆمەڵگەی بەئامانج گیراوە، کە خەون و ستراتیژی مۆدێرنیزمە.

د. عرفان بەم شێوە بابەتییە بڕگە بە بڕگەی تێز و تێڕوانینەکانی گێلنەر و هاوڕاکانی شیتەڵ دەکاتەوە. دەگاتە ئەو

ئاکـامگیرییەی:" نەتەوەخـوازی هەڵگـری نـاوەڕۆکێکی سیاسـی پەتییە و هەوڵـی ئەوە دەدات لە ڕێـگەی پاراسـتنی هەمـاهەنگی یەکەی کولتـــووری لەگەڵ یەکەی سیاســـیدا ئەو کۆمەڵگـــا پیشەسـازییەی کە هـاتووەتە ئـاراوە نـاو بنـێ نەتەوە، تـا هـیچ گرووپێکـی کـۆمەڵایەتی یـان هـیچ ئیتنیکێکـی نـاو ئەو دەوڵەتە ڕەوایەتیی ئەوەی نەمێنێ خۆی وەک نەتەوە پێناسە بکات"

ئەمەش کتومـت لەو وێـنەیەدا دەبینـین کە ڕەوشـی کـورد لە سـنووری سیاسـی دەسـتکردی چـوار دەوڵەتـی داگیـرکەردا بە چوار کولتووری سـەراپاگیری فەرمـی نەتەوەی زاڵەوە بەسـەریدا پێـڕەو دەکرێـت. سیاسـەت لەمە سیاسـەتتر لە هـیچ کـایەیەکی دیکەدا بەرچاو ناکەوێت. کەواتە ئەو نەخشـەڕێگایەی مۆدێرنیزم بـۆ دروسـتکردنی نەتەوەی دانـاوە، بە خـۆیـان و جۆرەهـا کـۆد و مەرجـی دڕکـاوییەوە تەنهـا و تەنهـا بـۆ مەرامە گـلاوەکەی سیاسەتە، کە وەک کلیل هەروا بەدەست خۆیانەوە، ئەوە ئەوانن خۆیـان کـردۆتە سـەرچاوە و ناوەنـد و  هەر دەبێـت ئەوان ڕەزامەندی بنوێنن  و بڕیار بدەن لەسـەر ناسنامەی نەتەوەکان. جێی خـۆیەتی لێرەدا ئامـاژە بە عاڵەتیک بـدەین، ئەمەریکاییەکان سـاڵانە زیـاتر  لە (١٣)جـۆر ڕۆژ و جەژنـی نەتەوەییـان هەیە و ئەمـانە دەکەنە پشـووی فەرمـی و یادی دەکەنەوە و ئاهەنگی بـۆ دەگێـڕن و هەسـتی شـانازیی خۆیـانی پـێ پـتەو دەکەن.مارشـی نەتەوەیی ئینگلیزی، خـوادیە شـابانو بپارێزە/ God Save the Queen تـا سـاڵانێکی زۆر پـێش دەسـتپێکردنی نمایشـتی شـانۆ وفلیمـی سـینەما لە بەریتانیـا دەیانچڕی.لەکاتێکدا کـورد، جەژنـی نەورۆزی هەیە، یـا لێـی قەدەغەکـراوە، یـاخود دەبێـت لە گـونجی

زیندان و سەر لووتکەی چیاکان بەنهێنی یادی بکاتەوە. دوو تاک لەم دوو ژینگە جیاوازەدا پەروەردە بن، هەڵبەت کەسایەتی جیاوازیان دەبێت، هێندەی ئاسمان و ڕێسمان.

**" بە پێی بنەما سیاسییەکەی نەتەوەخوازی، ئەوەی نەتەوە دیاری دەکات کولتوری میللی نییە و کولتورە پیشەییە دروستکراوەکەیە، کولتوری پیشەیی دروستکراو کە سیاسەتی دەوڵەت بەردەوام پشتیوانی دەکات، بۆ ئەوەی بتوانێت زاڵبێت بەسەر کولتورە میللیەکاندا، دەبێت بە کولتوری راستەقینەی نەتەوە پێناسە بکرێت و نەتەوە هەماهەنگی ئەم کولتورە بێت وەک یەکەی کولتوری لەگەڵ یەکە سیاسییەکەدا کە سنوورەکانی قەڵەمڕەوی دەوڵەت دەگرێتەوە".٣٠٦**

هەروەک ئەو سیاسەتەی دەوڵەتانی ئینگلیز و ئیسپانی و تورکیا و ئێران و وڵاتە عەرەبییەکان و زۆر شوێنی تر دەرهەق بە دۆخی نەتەوە بندەست و دۆڕاوەکان جێبەجێی دەکەن. ئەی ئەوە نییە گێلنەر دەڵێ: کوردەکانی تورکیا بە فشارێکی سیاسی لەلایەن دەسەڵاتەوە نەبوون بە تورک، ئەو فشارەی کە کوردەکان دەکات بە تورک داخوازی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای پیشەسازییە لە تورکیا.

سا بەڕاست! ناهەقی وا چی گێڕاوەتەوە لە بیروبۆچوونی ئەو دەستە ڕەگەزپەرست و شۆڤێنیست و نابابەتی و نازانستی و نامرۆییەی پێیان وایە کورد جنۆکەیە و تورکی شاخاوییە، پاشماوە و خڵتەی ئێرە و ئەوێیە و کورد دەوڵەتی نەبووە لە مێژوودا بۆیەکا مافی دەوڵەت دروستکردنی نییە و کورد ئابووری هاوبەشی نییە، لەبەر ئەوە نە نەتەوەیە و نە بۆی هەیە

بێتە خاوەنی قەوارەی خۆی و زۆر چیرۆکی پووچەڵتری لەم بابەتانە. سەیرە بیرمەندێکی وەک گێلنەر ئاگای لەو هەموو قوربانیانەی کورد دژ بە دەسەلاّتی داگیرکەری تورک نەبێت و چاوپۆشی لەو هەست و نەست و باوەڕە بکات، کە کورد پێی سەراپای بوونی دەوڵەتی تورکیا ڕەتدەکاتەوە، نەک بۆ خاتری گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی خۆی لەباوەشی دەوڵەتەکەی ئەتاتورکدا بتوێنێتەوە.

د. عرفان دەڵێ: " بەرگریکردنی کورد لە رۆحی کولتووری خۆیی و زمانەکەی لە تورکیا(...)حاڵی کورد ئەوە دەسەلمێنێت کە کولتووری پیشەیی و فەرمی ئەو هەژموونەی نییە کە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا وا لێبکات لەژێر حوکمی کولتورە میللییەکان دەرچن و بچنە ژێر ڕکێفی ئەو چۆنایەتیانەی کە ئەو کولتوورە دەیانخاتە جێگەی چۆنایەتییەکانی کەلتوورە میللییەکە". لای هۆبسباومیش، وەک هاوڕایەکی گێلنەر هەمان بۆچوون هەیە.خۆ گەر وا نەبوایە و کورد بە هەموو وزە و توانایەوە بەرگری لە بوونی خۆیی و زمان و کولتور و نیشتمانەکەی نەکردایە، ئەوا لە مێژ بوو، دەفەوتا و ناوی دەچووە مۆزەخانەی مێژووە. هۆبسباوم بیرمەندێکی دیاری مۆدێرنزمەیە، کەموزۆر کاری لەسەر دەوڵەمەندکردنی بیروڕاکانی گێلنەر کردووە.د. عرفان دواتر ئاماژە بە رەخنەیەکی هۆبسباوم لەسەر گێلنەر دەدات و ئەوجا خاڵی هۆبسباوم لەسەر دوو روانگەی جیاواز بۆ نەتەوە و جیاکردنەوەی دوو جۆرەکەی نەتەوەخوازی دەوڵەتی و نادەوڵەتی دەکات. بۆچوونەکانی بە تێروتەسەلیی لە لایەن نوسەرەوە خراوەتە بەر باس و لێکدانەوە.

**نەتەوەخوازی لە نێوان پیشەیی و کولتوری ئەتنیکیدا**

باسێکی گرنگ لێرەدا دێتە پێشەوە ئەویش تێڕوانینە لە نەتەوەخوازی فەرمی دەوڵەتی و نەتەوەخوازی نافەرمی ناو ئیتنیکەکانی دەوڵەت. بۆ نموونە نەتەوەخوازی تورک وەک فەرمی و کورد وەک نافەرمی. خاوەنی ئەم بیرۆکەیە هۆبسباومی مۆدێرنیستە. نووسەر بەچەند خاڵێکی ورد شەنوکەوی بیروڕاکانی لە چەند خاڵێکی ئاماژە بۆدراودا دەکات.

هۆبزباوم دەڵێ:"**نەتەوەخوازی لە بنچینەدا لەسەرەوە شێوەگیر دەکرێت، بەڵام ناکرێت لەمە تێبگەین گەر لە خوارەوەش بە هەمان شێوە شینەکرێتەوە، واتە بە زمانی لافلێدان و ئومێد و پێداویستییەکان و ئارەزووەکانی و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤە ئاساییەکان، ئەمەش بەزەروورەت نەتەوەخوازی نییە"٣١٢**

نووسەر بیروبۆچونەکانی هۆبسباوم کە وەک ڕەخنە لە کارەکانی گێلنەری گرتووە، بەدرێژی شرۆڤە دەکات و پوختەکەی پێشکەش بە خوێنەر دەکات.

**"لەدوای ساڵی ١٨٣٠ وە، ئەوە گەلە لەدەوڵەتدا وەک نەتەوە گوزارشت لەخۆی دەکات نەک ئەتنیک، گەلیش هەموو ئەو ئەتنیکە جیاوازانە لەخۆدەگرێت کە لە سنووری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا نیشتەجێن".٣١٥**

د.عرفان مشتێ نموونەی سەرکەوتوو بۆ بەرپەچدانەوەی تێزەکانی هوبسباوم تاووتوێ دەکات. لە ڕێگەی بایەخی زمان لە

دەوڵەتی نەتەوە دا، بۆ نموونە مۆدێلی فەرەنسی پێ ناسراوە. باس لە ئیرلەندی و وێلزی بەریتانیا و فرانکۆنی بەلجیکاش دەکات. پرسی زمان خاڵێکی گرنگی جیاوازی نێوان دوو نەتەوەخوازیەکەی دەوڵەتی و نادەوڵەتییە. د. عرفان سیستەماتیکانە و بە چڕی لەسەر ئەمە دەڕوات. هۆبسباوم باس لەوەش دەکات، کەوا ٣ مەرج هەبووە بۆ ئەو گەلانەی لەنێوان ١٨٣٠-١٨٧٠، دا تا بە پرۆسەی بە نەتەوەبووندا بڕۆن:

١ - پەیوەست بوونێکی مێژوویی بە دەوڵەتێکی پێشینەوە یان بە دەوڵەتێکەوە کە ڕابردوویەکی دێرین و قوڵی هەبێت.

٢ - بوونی دەستەبژێکی رۆشنبیری دێرین کە خاوەنی زمانێکی شاری و ئەدەبی نووسراو بێت و کاروباری نەتەوەیی خۆیانی پێ بەڕێوەببەن. وەک ئەڵمان و ئیتالی.

٣- تواناداریيەکی بەڵگەدار لەسەر وڵاتگیری دەرەکی، لێرەدا گەلێکی ئیمپریالی لەو جۆرە بوونی نییە کە کۆمەڵگایەکی گەورە لە دانیشتوان کۆ بکاتەوە و وایان لێ بکات لە ئاستی خۆیاندا بە بوونی کۆیی خۆیان هوشیار بن.

گێلنەریش ٤ جۆر لە نەتەوەخوازی دیاری دەکات:

١- پورتوگال و ئیسپانیا و فەرەنسا و بەریتانیای گەورە، کە بەدرێژایی کەنارەکانی ئەتلەنتیکدا، دەوڵەتی بنەماڵەیی بەهێزبوون.

٢- ئەڵمانیا و ئیتالیا، لەسەر زەمینی ئیمپراتۆریێتی رۆمانەکان خاوەنی کولتوری باڵای گەشەکردوو بوون، نەک دەوڵەت. سیاسەتی پەرشوبڵاوی بەرقەرار بووە، نەتەوەخوازی ئەم دوو

نەتەوەیە، و چەقـــــی نێوەنـــــدیی خواســـــتەکانیان بە داوای یەکگرتنەوەیان   بڵند کردۆتەوە و دەربڕیوە.

٣- رۆژهەڵاتی ئەوروپا، لە ڕێگای زەبر و زەنگ و کوشت و کوشتارەوە کاریان کردووە. ئەمانە نە خاوەنی دەوڵەت بوون نە کولتوری باڵا.

٤- هەڵبەت شورەویش وەک مۆدێل و سیستەم و ئایندەیەک ئەو سەردەمەی، ئەم لێکۆڵینەوانە ئەنجام دراون، دیار نەبووە بەرەو کـــوێ مـــل دەنێت.شـــورەوی لە ڕێگـــای شۆڕشـــی بۆلشەفیکەوە ڕاگیرا، تا کۆتایی شەڕی سارد و لە ئاکامدا داڕما.

**"نەتەوەخوازی نەتەوە بەهێزەکان، نەتەوەخوازیی دەوڵەتی بوو، بەڵام نەتەوەخوازیی کەمینەکان نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی بـــوو، ئەمە ســـەرەڕای ئەوەی کە لەم ســـەردەمەدا نەتەوە بچووکەکانی ناو دەوڵەتە نەتەوەییەکانی سەردەمی لیبراڵییەتی کلاســـیک وەک ویڵـــزی و ســـوکتلەندییەکانی بەریتانیـــا و فلیمەنکییەکانی بەلجیکا لەگەڵ کردنی نەتەوەکان بە کەمینەی ناو دەوڵەت و جارێکی تر بوونەوە بە هەڵگری نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی و بەرامبەر بە نەتەوەخوازیی دەوڵەتی وەستانەوە. هۆبســـباوم لێرەشـــدا هەوڵـــدەدات بەو ئاراســـتەیە مێـــژوو بنووسێتەوە کە نەتەوەخوازیی نادەوڵەتی بەردەوام لە شکستدا بـــووە لە بەرامـــبەر نەتەوەخـــوازیی دەوڵەتیـــدا، لە رۆژئـــاوادا نمـــوونەی کاتالۆنییەکـــان و باســـکەکان وەردەگرێـــت کە لە دروســـتکردنی دەوڵەتـــی ســـەربەخۆی خۆیانـــدا شکســـتیان هێناوە".٣٣٠**

لە ڕاستی دا، یەکێ لە کێشە بنەڕەتی و هەر بە بڕشت و کاریگەرەکان لەسەر داڕمانی شورەوی، کێشەی نەتەوەکانە، کەچی دیکە، ئەو نەتەوانە نەیان دەتوانی قبوڵی سیاسەتی ناوەندی رووسی لە مۆسکۆوە بکەن. بە بۆچوونی پرۆفیسۆر گێرهارد سیمۆن، فاکتی سەرەکی داڕمانی شوورەوی" **پرسی نەتەوەکان**" بوو. دژایەتییە بێ ئابڕووەکەی یەکێتی ئەوروپا بەرامبەر بە بڕیاری ریفەراندۆم و سەربەخۆیی سکۆتلەنییەکان ، پەردەیەکی چڵکن و ناشیرینی سیاسەتی نەتەوەخوازی دەوڵەتی ئینگلیز و هەندێ وڵاتی دیکەی ئەوروپا بوو.

هۆبسباوم پێی وایە لە ڕێگای یاسای پەرەسەندنەوە کارێکی ئاسایی و و ناچارییە، نەتەوە بەهێزەکان نەتەوە لاوازەکان لەناو خۆیاندا بتوێننەوە. ئەمەش دەکاتە ئەوەی بەهێز(خاوەن دەوڵەت) سەردەکەوێ و دەمێنێتەوە و لاوازیش(بێ دەوڵەت) نامێنێ و دەفەوتێ. یاسای دارستان بەرقەرارە!. هۆبسباوم نەتەوەخوازی لە جیهانی سێیەمدا بە دروستکراوی دەستی ئەو ڕۆشنبیرانە دەزانێت کە لەژێر کاریگەری ئایدۆلۆجیای نەتەوەخوازیی رۆژئاوادا بوون، نایەوێ دان بەوەدا بنێ ئەم دوو دیاردەیە بوونێکی ڕاستەقینەی لە جیهانی دەرەوەی خۆیان دا هەبووە و هەیە. ڕەنگە گەر بێت و ڕۆشنبیرانی وەک ئەتاتورک و میشیل عەفلەق و سەلاح بەیتار و ئەحمەد سۆکارنۆ و چەندانی تر وەرگیرین کە لە ئەوروپا بەشێکیان خوێندوویانە و کەوتوونەتە ژێر کاریگەرێتی قوتابخانەکانی نەتەوەخوازی ئەوروپا ئەمە بە ڕواڵەت ڕاست بێت، لێ ستەمە ئەم بۆچوونە بەسەر بزاڤی نەتەوەکانی جیهانی سێیەمدا بە گشتی بسەپێندرێت.

مۆدێرنیستەکان هاوکێشەکە بەم جۆرە دادەڕێژن: سەرەتا دەوڵەت دروست کردن، قووتکردنەوەی نەتەوەخوازی، ئەوجا بەم دوو میکانیزمە بە تایبەت نەتەوەخوازی دروستکردنی نەتەوە ئەنجام دەدرێ. مۆدێرنە نەتەوە لای پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە و ڕیشە و رابووردووی نییە. بە پێی سیستەمی نوێ کار دەکات. ئیتنۆسیمبۆلەکان نەتەوە لایان لە فۆرمێکی تر دایە. کولتووری فەرمی خوێندنی لەگەڵ یەکەی سیاسییدا هەماهەنگ دەکات. ئیتنۆسیمبۆلییەکان دەڵێن: کولتوری میللی ئەم هەماهەنگییە دروست دەکات. ئەمانە جیاوازی نێوان بەرەی مۆدێرنزیم و ئیتنۆسیمبۆلەکانە. نەتەوەخوازی دەوڵەتی، بە پێچەوانەی نەتەوەخوازی نادەوڵەتییەوە زۆربەی کات خاوەنی پشتیوانی نێودەوڵەتیە، وەک نموونەکەی دژ وەستانەوە بەرامبەر بە پرسی سەربەخۆیی سکۆتلەندە، بە قازانجی بەریتانیا و لە ئێستای ٢٠١٧دا، ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد و دەوڵەتی سوریادا، بەرامبەر بە ڕکەبەرەکانی.ئاخر نەتەوەخوازی دەوڵەتی دەیەوێت بێتە دەفریی تواندنەوەی نەتەوەخوازی نادەوڵەتی. هۆبسباوم پێی وایە گەلە بچووکەکان توانای مانەوەیان نییە و توانای سەرکەوتنیان نییە، وا باشە گەورە و بەهێزەکان بچووک و لاوازەکان لەناو خۆیان دا بتوێننەوە.ئاخر هۆبسباوم کوڕی نەتەوە و کولتووریی داگیرکەری ئینگلیزییە و لەم ڕوانگەیەوە دەڕوانێتە جیهان .بەپێی ئامارێک، ڕۆڵی ئینگلیز لە مێژووی داگیرکاریی و کۆلۆنیالیزم دا بەم شێوەیەیە:

| | سالی ١٨٨١ | ١٨٩٥ | ١٩١٢ |
|---|---|---|---|
| بەریتانیای مەزن: | ٢٢٣٩٥ هەزارکم | ٢٩٠٢١ | ٣٠٠٨٣ |
| فەرەنسا: | ٥٢٦ | ٣٥٧٧ | ٧٩٠٦ |
| ئەڵمانیا : | ـــ | ٢٦٤١ | ٢٩٠٧ |
| ئیسپانیا: | ٤٣٢ | ١٩٧٤ | ٢١٣ |
| ئیتالیا: | ـــ | ٢٤٧ | ١٥٩٠ |

له ئامارێکی دیکەدا سەبارەت بەشەڕ، لەدوایی جەنگی جیهانی دووەمەوە ١٩٤٥ ـ١٩٩٢، دا (٣٦٣)شـــەڕ ڕووی داوە.(٨٨) جــار دەسەڵاتە گەورەکان، ئینگلیز بەتایبەتی وەک دەسەڵاتێکی زلهێز و جـارانی کولـۆنی، راسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ بەشـداریی تێـدا کردووە:

(٥٢) جـــار بە ڕاســـتەوخۆ و (٣٦) جـــار وەک دەســـەڵاتێکی داگیرکار.لەمانەش (١٧) جار لە هیندستان و (١٥) جار لە عێراق. هەڵـبەت ئەم ئامـارە شـەڕەکانی کەنـداوی دوای ١٩٩٢ یـان تێـدا نییە و شەڕەکان لە چێن و ئەفغانستان و ئیسرائیل و میسر و سووریا و باشووری ئەفەریقا و لیبیا و...هتد.

**دروستکردنی نەتەوە بە دارشتنەوەی مۆدێرنانەی کەلتوری میللی**

ســــەرەتا بەراوردکــــارییەکی ورد لە نێـــوان بۆچـــوونی ئیتنۆسیمبولیســـتەکان و مۆدێرنیســـتەکان بەرچـــاو دەکەوێـــت. هەردوو لەســـەر بـاوەڕی دروســـتکردنی نەتەوە کـۆکن، لـێ بە تێڕوانینی جیاوازەوە.

مۆدێرنیستەکان: بوونی دەوڵەت مەرجی پێشینەیە بۆ نەتەوە و نەتەوەخوازی.

ئیتنۆسیمبۆلیستەکان: بوونی خاکێکی هاوبەش پێشمەرجە و دەوڵەت ناکەنە مەرجێکی ئۆنتۆلۆجی بوونی نەتەوەخوازی و نەتەوە.

مۆدێرنیستەکان: کولتووری فەرمی قوتابخانەکان لەگەڵ یەکەی سیاسیدا هەماهەنگ دەبێتەوە.

ئیتنۆسیمبۆلیستەکان: کولتووری میللی ئەو هەمئاهەنگییە دروست دەکات.

مۆدێرنیستەکان:نەتەوە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە ڕابووردوودا هیچ ڕیشەیەکی کۆمەڵایەتی نییە و لەسەردەمی مۆدێرنەدا پەیدا بووە.

ئیتنۆسیمبۆلیستەکان:نەتەوەخوازی بە کارای دروستکردنی نەتەوە دەزانن.

دواتر بەم چەند خاڵە، کە گوزارشت لە دید و ڕوانگەی تیۆرییەکەی ئەنتۆنی دی سمیس دەکات، ئەم ڕوانگەیە هزرییە بەیان دەکات:

١ـ بوونی ئایدۆلۆجیایەک کە نەتەوە بکاتە ئایدیاڵ.

٢ــ بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە نوێنەرایەتی وەدیهاتنی ئەوە بکات، ئایدۆلۆجییەکە کردوویەتی بە ئایدیاڵی خۆی، واتە نەتەوە.

٣ـ زمان و سیمبۆلیزمی دەربڕینی ئەو ئایدیاڵە.

٤. پرۆسەی پێکهێنانی یان گەشەپێدانی نەتەوە.
٥. هۆشیاری سەر بە نەتەوەبوون.

بە تێکڕای ئەم کەرەسانە(کارای دروستکردن، ئایدیال، ئامانج) بۆ خولقاندنی نەتەوە، بە بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە دیاردەخات. کارایی و دروستکردنی بزووتنەوەی سیاسی و ئایدیالی و ئایدۆلۆژیا دروست دەکات، ئامانج و هیولا و ئەو کۆمەڵە ماددەی دروست بوونی نەتەوەن.

**"ئایدیۆلۆجیای نەتەوەخوازی نقوم بوون لە کولتوری نەتەوەدا دەخوازێت ـ پەیبردن بە مێژووەکەیی و بووژانەوەی زمانە میللییەکەی لە ڕێگەی بوارەکانی فیلۆلۆجی و لیکسیکۆگرافی و برەودان بە کولتور بە تایبەتی دراما و هۆنراوە و وەگەڕخستنەوەی هونەر و پیشە دەستییەکان و مۆسیقا و هەڵپەرکێ و گۆرانی فۆلکلۆری، ئەمەش ئەوە روون دەکاتەوە کە بۆچی بزووتنەوە نەتەوەخوازەکان هەوڵی بەردەوام بۆ بوژانەوەی کولتور و ئەدەب و ئەو چالاکییە دەوڵەمەند و هەمەجۆرانە دەدەن کە نەتەوەخوازی دەیان ورووژێنێت" ٣٤٠**

د.عرفان لێوەشاوانە، گەشتێکی چڕ بە ناو بیروبۆچوونەکانی سمیس دا دەکات و بڕگە گرنگەکانی جیاوازی ئەم بیرمەندە لەتەک ئەوانی پێشتر ناومان هێناون دەخاتە ڕوو. دواتر دەنووسێ:

**" لە راستیدا ناکرێت گروپێکی کۆمەڵایەتی لەیەک کاتدا هەڵگری شوناسی دوو نەتەوەی جیاواز بێت، ناکرێت کوردەکانی عێراق هەڵگری شوناسی ئەو نەتەوەیەبن کە دەولەتی عێراقی گوزارشتی لێدەکات و هەڵگری شوناسی خۆشیان بن، واتە**

**ناتوانن لەیەک کاتدا سەر بە نەتەوەی عەرەبی عێراقی و سەر بە خۆشـیان بـن، گەر ئەمەش نەکرێـت، ئەوە دەوڵەتـی عێراقـی گوزارشتی سیاسـی لە نەتەوەی عەرەب دەکات و لە نەتەوەی کورد ناکات.**

**کورد لێرەدا وەک نەتەوەیەکی گوزارشـت لێنەکراو وایە و بەمەش وەک نەتەوەی عەرەب ناتوانێت بەرامبەر نەتەوەکانی دەرەوەی خۆی بوونێکی سیاسی هەبێت، ئەمەش ناچاری دەکات کە لە دەرەوەی عێراقـدا نەتوانێـت بە شوناسـە کـوردییەکەی خۆی، خۆی بخاتە ڕوو و شوناسە عێراقییەکە بۆ خستنەڕووی خۆی بەکاربهێنێت، لە کاتێکدا ئەم شوناسە هەڵگری نەتەوەیەکە یـان دەرخەری نەتەوەیەکە کە نەتەوەی عەرەبە لە عێراقـدا، بـوونی عێـراق لەنـاو جـامیعەی عەرەبیـدا ئەم راسـتییە دەسەلمێنیت".٣٤٨-٣٤٩**

بە (تورک و عەرەب و فارس) کردنی کورد، چ لەسەر دەستی سیاسەتی کۆلۆنیالیستانەی هەموو داگیرکەرانی کوردستان و چ بە پێـی پێڕەوپرۆگـرام و جـۆری پەروەردەکردنـی حیـزبە کوردییەکان، یەکێکە لەگەورەترین ئیشکالاتی بوونی کەسایەتی کـوردی. کەسـایەتییەکە، لەسـەر بنچینەی فەرهەنگ و مێـژووی کـورد، بە هەمـوو تایبەتمەنـدییە سروشـتییەکانیەوە هەڵنەسـاوە. ئەمەش دەردێکی سـەخت و قـوڵی ناسـنامەی کوردبـوونە. کـارە بەرزەکانی سۆسیۆلۆگی بەناوبانگی تـورک ئیسـماعیل بێشکچی، تـژین لە نمـوونەی بەرز، لەمەڕ ئەم بـابەتەوە، لێـرەدا ئەم نموونەیە ڕادەگوازین:

**" پیـــادەکردنی هەنگـــاوی کۆلۆنیالیـــانە لەلایەن چەنـــد دەوڵەتێکەوە لە جیاتی یەک دەوڵەت، مەسەلەکە هەرگیز نابێت وەک مەسەلەی (ژمارە) تێی بڕوانین، کە کۆلۆنیالیزم لە لایەن چوار دەوڵەتەوە دێتە کایەوە، هەروەک لە کوردستان  ئەوکاتە ئەو هاوکێشەیە دەبێتە گۆڕانی بناخەیی لە پەیوەندییەکانی نێوان کۆلۆنیکراو و کۆلۆنیالەکاندا". بێشکچی**

دوای ئەم کـۆپلەیە، بۆچـوونێکی دیـکەی هەسـتیاری جێـی سەرنج و گرنگی د. عرفان، دێنینەوە، کە تیشک دەخاتە سەر پرسـی دووفـاقی کوردبـوون و عێراقـی و تـورکی و ئێرانـی و سـوریی بـوونی کـورد، لای ئەوانەی نایـانەوێ و نـاتوانن لەم دووڕیـانەدا خۆیـان سـاخ بـکەنەوە و بە هەسـت و بـاوەڕێکی دژبەیەکەوە دەژین.

ڕوانینی تیۆری دروستەیی لەسەر کورد، کە دەوڵەتی نییە و بزاڤەکان ساختە و نەزۆکن و ناتوانن نەتەوە دروست بکەن. ئەم تیۆرە تەنیا قسەیەکی لەسەر بزاڤە کوردییەکان، ئەوەیە بزاڤی خەیاڵی و نابەکامن. چونکە لەناو دەوڵەتی کوردیدا سەریان هەڵنەداوە و نـاتوانن نەتەوە دروسـت بـکەن. هەر هەوڵێـک لەم سـەرەڕێیەدا هیچـی لـێ شـین نـابێ. بـۆیە وا باشـە بـزووتنەوە کوردییەکان ببن بە بەشێک لە هی تورک و عەرەب و فارس، کە دەوڵەتـی داگیـرکەر وەسـتاو و ئەنـدازیار و باڵادەسـتێتیانە، واتە تـــورکچێتی و عەرەبچێتـــی و فارســـچێتی، جێـــی بزاڤـــی نەتەوەیـی(**کـوردایەتی**) بگـرێتەوە و هەوڵ بـدەن لەم دەروازە و کەنـاڵەوە کـار بـۆ ئامانجەکانیـان بـکەن. هەڵـبەت ئامانجەکـانیش نادیار و ناڕۆشنن.

تیۆره عەقڵییەکەش ناتوانێ شتێکمان لەبارەی ئەو نەتەوە نەتەوەخوازیانەوە پێ بڵێ، کە ئامانجی دروستکردنی نەتەوەیە. لێ لە ڕاستی و گەوهەردا هێندە هەیە، بزاڤی کوردایەتی لەوە تێگەیشتووە، کورد نەتەوەیە، بۆیە وەک ستراتیژی تێدەکۆشێ بۆ هیوا و ئامانجی بوونە دەوڵەت.

**کەواتە شوناسی عێراقی بوون بۆ عەرەبێک پڕە، بەڵام بۆ کوردێک شوناسێکی بەتاڵە، چونکە عێراقی بوون شوناسێکە لە دەرەوەی عێراق وا دەبینرێت کە ئەوەی دەیخاتەڕوو عەرەبێکە نەک کوردێک، بۆیە شوناسەکە کاتێک شوناسێکی ڕاستەقینە دەبێت کە عەرەبێکی عێراقی پێ دەخرێتەڕوو، چونکە هەڵگری ناوەڕۆکێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام کاتێک کوردێک لەپشت ئەم شوناسەوەیە شوناسێکی وەهمی و ساختە دەردەچێت، چونکە لیرەدا شوناسەکە هەڵگری ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی خۆی نییە، ئەمە بۆ سوکوتییەک و ئینگلیزێکیش هەر ڕاستە، کاتێک کە لە ڕێگەی شوناسە بەریتانییەکەوە خۆیان دەخەنەڕوو".٣٥٠**

وەک دەزانین، ساتێ کوردێ، بیەوێ ناسنامەی کوردستانی بوونی خۆی، بە جیاواز لە تورکی و فارسی و عەرەبی نیشان بدات، دەسەڵاتداران، بە توندی و بە ئاگر و ئاسن، دێنەوە بە گژی دا. لە سوریا کورد ناسنامەی کوردیی نییە. هاوسات ئەوانەی هەڵگری ئایدۆلۆژی و ئاینزایەکی گشتگیر و نێونەتەوەیشن، دەڵێن: ئێمە هەموو مرۆڤین، براین، موسڵمانین و لە کۆمەڵگایەکی مولتی کولتی دا دەژین. بەرەی کۆمەنیست و بەشێکی زۆری چەپەکانیش، لە ژێر ناوی خەباتی چینایەتی و پرۆلیتاریا وڵاتی نییە و کۆمەڵێ بەند و فێڵی دیکەوە هەمان

سـيناريۆ لەتەک خواسـتە نەتەوەییەکـانی کـورد دا دووبـارە دەکەنەوە و گەرەکیان بەم مۆرفینە حاڵەتی بندەستی کورد وەک خۆی بهێڵنەوە و کوردی پێ رازی بکەن و هەستەکانی شوناسە جیاوازەکانی پێ سڕ بکەن. لە کاتێکدا تۆ ناتوەانی بڵێ تۆ نیت، نابێ دەوڵەتت هەبێ. تۆ پەساپۆرت و ئاڵات بۆ چییە ؟، تۆ خاوەنی زمان نیت و... تاد.

ئەوا سەدان ساڵە کوردستان داگیرکردووە و چ یەکێ لەو نەتەوە زاڵانە، نەیتوانیوە، کۆمەڵگایەکی مولتیکولتی هەمەڕەنگ لە کورد و خۆیان دروست بکەن. کورد بەو تایبەتمەندییە کولتوورییەی هەیەتی، هیچ هێزێک ناتوانێ بیتوێنێتەوە و لە پێکهاتەی خۆیدا ون و بزری بکات. لەم بوارەدا، مێژووی هەزاران ساڵ، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە.

د. عرفان، کاتێک دەیەوێ ئەم ڕاستییەمان باشتر پێ بناسێنێ، تیشکی ڕووناککەرەوەی زیاتر دەخاتە سەر باسەکە و دەڵێ:

**" ئەمە هەروەک ئەوەیە کە ئاسن و تەختە و بزمار لە کورسییەکدا شوناسی خۆیان لە شوناسی هەمەکی کورسییەکەدا نەفی دەکەن و کەس ناتوانێت بە کورسییەکە بڵێ بزمار یان تەختە یان ئاسن، هەروەک چۆن ئاسن و بزمار و تەختەکەش پێش نەفیکردنیان لەناو کورسییەکەدا پییان ناوترێت کورسی و لە لایەکی تریشەوە لە حاڵەتە بەشەکییەکەی بزمار و تەختە و ئاسنەکەشدا هیچیان ئەوانی تریان نییە و نە بە ئاسن دەوترێت بزمار و نە بە بزماریش دەوترێت ئاسن".** ٣٥٠ ـ٣٥١

لە دەوڵەت نەتەوەیەکی وەک تورکیادا، ئەرمەن و تورک و کورد و چەرکەس هەن. هیچ کام لەمانە لە حاڵەتی

بەشـــەکییەکەی دەوڵەت نەتەوەی تورکیـا نیـیە. هیچیـان ئەوی تریان نییە و هەر یەکەیان جیاواز، لێ وەک نموونەی بزمار و تەختە و ئاسنەکە، لە هەمەکییەکی وەک دروستکردنی کورسیە دروستبووەکەدا نەفی بوونی خۆیان دەکەن. ئەو میللەتانەش لە چوارچێوەی دەوڵەت نەتەوەی تورکیادا، هەم نەفیبوونی خۆیان دەکەن و هەمیش لەلایەن تورکەوە، ئەگەرچی پێویستی پێیانە و سوودیان لێ وەردەگرێ، لێ دیسان نەفی کراون. چونکە هەموو ئەو نەتەوانە، جگە لە تورک، بەشێکن لە گشت، واتە دەوڵەتەکە هی تورکە.

**" بۆ ئەوەی دەوڵەت ـ نەتەوەی تورکی هەبێت، هەر یەک لە تورک و کورد و ئەرمەن وەک بەشە وەک پێکهێنەرەکانی ئەو دەوڵەت ـ نەتەوەیە زەرورین، چونکە بوونی دەوڵەتی مۆدێرن دەخوازێت لە چەند نەتەوەیەک پێکهاتبێت، واتە پێویستی بە چەند بەشێکی جیاوازە، جیاوازبوونی ئەم بەشانە زەروورەتێکە بۆ پێکهێنانی ئەو و ڕێکەوتێک نییە لە ڕێکەوتەکان. واتە دەوڵەتی مۆدێرن دروست نابێ گەر چەند بەشە پێکهێنەرێکی جیاوازی نەبێت، هەر ئەم زەروورەتەشە وای کردووە دەوڵەتەکان فرە ئیتنیک بن و مەحاڵ بێت دەوڵەتێکی یەک ئیتنیک بوونی هەبێت.**

**دەوڵەتی تورکیش بۆ بوونی خۆی پێویستی بە کۆمەڵە ئیتنیکێکی جیاوازە، ئەم ئیتنیکە جیاوازانە دەبێت بوونە هەمەکییەکەی خۆیان لە بوونێکی بەشەکیدا نەفی بکەن، تا شیاو بن بۆ ئەوەی وەک بەشەکییەک لەناو هەمەکییەکدا دەرکەون کە دەوڵەت نەتەوەکەیە. (٣٥٢)**

کورت و کرمانج سەرجەم دەوڵەتە مۆدێرنەکان پێویستیان بە چەند بەش و لایەنێکە بۆ دروستکردنی دەوڵەتەکەی خۆیان. هەر ئەوەشـــە بە هەمـــوو وزە و توانـــای ســـەربازی و ئـــابووری و یاســـایی و رۆشـــنبیریی و مەزهەبـــی و..هتـــد بەرگـــری لە یەکپـارچەیی ئەو دەوڵەتـانە دەکەن کە دروســتیان کــردووە و دەیانەوێ دروستی بکەن. ئاخر بۆ فارس وەک نەتەوەی زاڵ لە ئێـران دا، هەوڵـی پاراســتنی یەکێتــی ســنووری سیاســی واتە دەوڵەتێکــی وەک عێـراق دەدات، چــونکە هەر گۆڕانکـارییەک لە عێراق دا ڕوو بدات راستەوخۆ لە ئێرانیش ڕەنگ دەداتەوە. بە هەمان شێوە هەڵوێستی تورکیا بۆ سوریا و سوریا بۆ عێراق و عێراق بۆ سوریا.ئێمە هەموو ئەم شانۆگەرییە گاڵتەجاڕییەمان بینیوە، چۆن هەریەکەیان وەک سەرباز و پارێزەر، بانگاشە بۆ یەکپارچەییئەوی تریان دەکات.

**"جیـاوازی نێـوان نەتەوە بەشـەکییەکانی نـاو دەوڵەت - نەتەوەیەک و نەتەوە هەمەکییەکەی دەوڵەت - نەتەوەکە، ئەو کێشـــەیە دەســـازێنێت کە هەر یەک لە مۆدێرنســـتەکان و ئیتنۆسیمبۆلیســتەکان هەوڵــی چارەســەرکردنی دەدەن، بەڵام هەریەکەیان بە ڕێگای جیاواز"٣٥٣**

دواتــریش نووســەر قســە لەســەر نەتەوەی بەریتانیــا وەک نموونە دەکات و دەڵێ:

**" لەڕاستیدا هیچ دەوڵەت نەتەوەیەک لە دەوڵەت نەتەوەکان جەوهەرەکەی نەتەوەیەکی هەمەکی عەقڵی نییە و نەتەوەیەکی بەشەکییە و خۆی عەقڵی کردووەتەوە، تا نەتەوە بەشەکییەکەیی**

**تری ناو دەوڵەتەکەی وەک نەتەوەیەکی هەمەکی سەیری بکەن و بەشـــەکی بـــکەنەوە، ئەمەش لەپێنـــاو چەوســـاندنەوە و سـەرکوتکردنی نەتەوە بەشـەکییەکانە و ناچارکردنیـانە بەوەی ببنە بەشەکی کەرەوە و دەرخەری شوناسی نەتەوە زاڵەکە"٣٥٥**

نەتەوەی زاڵ لەم جـــۆرە دەوڵەتـــانەدا، بەردەوام داهێنـــان دەکات، بۆ ڕێگری لە نەتەوەی بندەست، تـا نەگـاتە ئامانجەکانی. بەم پێـیە، نەتەوەی زاڵ هەردەم خەریکـی دۆزیـنەوەی میتـۆد و شـێوازی جۆراوجۆر و بیـانووی پـوچەڵ هێنـانەوە و ئاسـتەنگ دروستکردنە لەبەردەم ویستی نەتەوەی بندەستدا، بۆ بەخشـینی ڕەوایەتـــی بە بـــوونی خـــۆیی و مکیـــاجکردنی ڕوخســـاری دەوڵەتەکەی. وەک ئەوەی بە کـورد دەوتـرێ، گـوایە خـاوەنی دەوڵەت نەبووە لە مێژوودا یاخود خاوەنی ئابووری هاوبەشـی نیـــــیە و لەمەش قێزەونتـــــر ئەوەیە بە نەتەوە نـــــایەتە هەژمـاردن.هەموو بڕوبیـانو و ڕاوەڕێـوییەکە بـۆ ئەوەیە، تـاوەکو کـــورد بە بـــارودۆخەکەی خـــۆی ڕازی بـــێ و ئـــاڵای ســـپی خۆبەدەستەوەدان هەڵ بکات و هیچ جوڵە و ناڕەزاییەک نیشـان نەدات. ئەمەش بەشـێکە لەو پرنسـیپ و کولتـووورە ناشـیرینەی لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بـاوە و نەتەوە زاڵەکـان، بـۆ مـانەوەی خۆیـــان بەکـــاری دێنن.هەنـــدێ جـــاریش مەرامە شـــاراوە گڵاوەکانیان، لە ڕێگای زەبروزەنگ و لە ژێر پەردەی درۆزنـانەی برایەتی ئایینی و هاوخەباتی ئایدۆلۆژیاوە دەری دەبڕن.

یـــاخود نمـــوونەی کاتـــالان، کەداوی ســـەربەخۆیی کـــرد، حکـومەتی مەدریـد وتـی: نابێـت بڕیـاری جیـابوونەوە یەکـلایەنە بڕیاری بدرێ، واتە ئیسپانیەکانیش دەبێت بڕیاری لەسـەر بدەن.

ئەمەش وەک ئەوە وایە بڵێین پێویستە تورکی بڕیار بدات بۆ جیابوونەوەی کورد لە تورکیا، لە کاتێکدا کورد بوونی بەیاسا پەرلەمانی قەدەغەیە، جاوەرە چاوەڕوان بێت، تورک بە (بەڵێ) دەنگی، بۆ سەربەخۆیی بۆ بدات. هیچ گومانی تێدا نییە، گەر کاتالۆنیا لەژێر هەژموونی رووسیادا بوایە، لەمێژ بوو بە مافی سەربەخۆیی خۆی وگەشتوو وە خاوەنی قەوارەی خۆی بوو.

# بەشی چوارەم: تیۆرەکانی نەتەوەخوازی و وێناکردنی کورد وەك نەتەوەیەکی خێڵەکی

**" جیاوازی نێوان تیۆرە عەقڵی و تیۆری دروستەیی نەتەوە لە لایەکەوە ئەوەیە کە تیۆری عەقڵی وا سەیری نەتەوە دەکات کە بوونەوەرێکی عەقڵییە و دەبێت لە واقیعدا بێتەبووە، بەڵام تیۆری دروستەیی وا سەیری نەتەوە دەکات کە بوونەوەرێکی دروستەییە و لەلایەن کۆمەڵە ئەندازیارێکی کۆمەڵایەتییەوە نەخشەی بۆ دەکێشرێت و لە زەمینەیەکی شیاودا دروست دەکرێت(...) بۆیە ئەو نەتەوەخوازیانەی کە دەوڵەتیان نییە گەر بیر لە دروستکردنی دەوڵەت دەکەنەوە وەک ئەو ئەندازیارەیان لێدێت کە بەبێ بوونی پارچە زەوییەکی گونجاو بیر لە دروستکردنی باڵەخانەیەک بکاتەوە... بەزاراوەکەی هۆبسباوم نەتەوخوازیی نادەوڵەتین، ناتوانن دەوڵەت دروست بکەن، چونکە لە بنچینەدا نەتەوەخوازی کاری دروستکردنی دەوڵەت نییە و کاری دروستکردنی نەتەوەیە و جگە لەمەش ئەوەی کە نەتەوەخوازی دروستدەکات دەوڵەت خۆیەتی، بۆیە ناکرێت نەتەوەخوازی خۆی سەرقاڵ بکات بە بیرکردنەوەی لەوەی کە دەوڵەت دروست بکات".٣٥٩-٣٦٠**

لێرەدا باس لە جیاوازی بنجی ئەم تیۆرە دەکات، کە بریتییە لەم هاوکێشەیە: تیۆری عەقڵی، نەتەوە بوونێکی عەقڵی هەیە. هەر بۆیە بۆتە پێشمەرج بۆ بوونە دەوڵەت. واتە نەتەوە هەیە، ئەوجا دەوڵەت دەبێت. بەڵام بەرامبەر بەمە، تیۆرە دروستەییەکە، پێی وایە دەوڵەت دەبێت دروستکرێت و لە ڕێگەی

نەتەوەخـــوازی دەوڵەتیـــیەوە، ئەوجـــا دەرەتـــانی دروســـتکردنی نەتەوە دەســـازێ. گەر لەبەر ڕۆشـــنایی ئەم تیـــۆرەدا، نمـــوونە وەرگرین، وا کورد چونکە دەوڵەتی نییە، و بزووتنەوەکانی لە هەنـــاوی دەوڵەتـــدا بەرپـــا نەبـــوون، لەبەرئەوە بـــزووتنەوە نەتەوەخوازییەکـــانی ســـاختە و نەزۆک و نابەکـــامن، نـــاگەنە ئامانجی دروستکردنی نەتەوە.یاخود لە توانا و هێزیان دا نییە، نەتەوە دروست بکەن، یان هەر بۆیان نییە؟.

**"گەر بزووتنەوە کوردییەکانیش وەک ئەو بزوتنەوانەی کە ئامانجیان دروتکردنی نەتەوەیە لە پێناو دروستکردنی نەتەوەدا سەریان هەڵدابێ، ئەوە تیۆرە عەقڵییەکە هیچ لێکدانەوەیەکی بۆیـــان نیـــیە، بەڵام گەر ئەم بـــزوتنەوانە وەک ئەو بـــزوتنەوە نەتەوەخوازانە ئامانجیان دروستکردنی نەتەوە نەبێت و لەناو خۆیاندا هەڵگری ئامانجێکی عەقڵی بن، دەتوانن لە ڕێکەی تیۆرە عەقڵییەکەوە لێیان بکۆڵینەوە".٣٦٠**

بەم دەقە د. عرفان، مەسەلەکەمان باشتر بۆ واڵا دەکات و پێی وایە، هەمـوو ئەو لێکـۆڵینەوانەی لەبەر ڕۆشـنایی تیـۆری دروسـتەیی و پێـودانگی مـۆدێرنیزم دا، لەسـەر بزافـی کـوردی ئەنجام دراون، ناتەواون و ئامانج پێک نیین. ئاخر سەروەختێ کەسێ پێی وا بێت، مۆدێرنیزمە دایکی هەمـوو شـتەکانە و لە پـــێش و پاشـــی ئەم بۆچـــوونەوە، نەتەوە و دەوڵەت و ئەو بابەتگەلە، چی دیکە نەبووە و نابێت، ئیدی ئەمە دەکاتە ئەوەی هەم تاک ڕەهەندانە لە جیهان ڕوانین و هەمیش ئایدۆلۆژیای ئاشکرای تێگەیشتنە لە ژیان. بۆیەکا لێکۆڵینەوە و کارە ئەنجام دراوەکان نابەکامن و هەر خەریکی کوتانەوە و جوینەوەی چەند وشە و ڕستەیەکی پووچی بێ ناوەڕۆکی دوور لە باسەکەن.

نووسەر بەرلەوەی ئەو بزاڤە نەتەوەخوازە کوردییانەمان پێ ئاشنا بکات، بەلایەوە گرنگە، پێویستە گفتوگۆ لەسەر بۆچوونەکە بکرێ. گەر بێت و گەیشتینە ئەو ئاکامەی کە بزاڤە کوردییەکان هاوئامانجی بزووتنەوە نادەوڵەتییەکانی نەتەوەخوازانی تیۆرییە دروستەکەیە، ئەوسا دەتوانین قسە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە بکەین، وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە چما ئەو بزاڤانە نەیانتوانیوە نەتەوە دروست بکەن؟ کاتێکیش بەم دەرئەنجام ناگەین، دەبێت ئیستێک بکەین و بەو بزاڤە کوردییانە بچینەوە و پێناسێکی تریان پێ ببەخشین. نووسەر پێی وایە، بۆ گەیشتن بە چارەسەر، ئەوا دەکرێ لە ڕێگای تیۆریە عەقڵییەکەوە، تیشکی ڕووناک کەرەوە بخەینە سەر باسەکە.

**"هەموو ئەو لیکۆڵینەوانەی کە لە بارەی ئەم بزوتنەوانەوە هەن لە چوارچێوەی ئەو بۆچوونانە دەرنەچوون کە سەر بە تیۆرە دروستەییەکەن، ئەو لێکۆڵینەوانەش کە دەکەونە دەرەوەی تیۆرە دروستەییەکەوە یان لێکۆڵینەوەی مێژووین و حکایەتەکانی ئەم بزوتنەوانە دەگێڕنەوە یان لێکۆڵینەوەی ئایدۆلۆجین و ئامانجیان دروستکردنی ئایدیۆلۆجیایەکی نەتەوەخوازانەیە"٣٦٢**

گەر ئەمە حاڵی لێکۆڵینەوەکان بێت لەسەر بزاڤی کوردی، وا هەر لەدەوری تیۆرییە دروستەییەکە و بۆچوونەکەی گێلنەردا کورد لە ناوەوە خێڵە و لە دەرەوە نەتەوەیە، گیرمان پێ دەخۆن. هەر ئەمەشە وای کردووە، کورد لە کۆنتێکسی گێڕانەوەی مێژوو و کایەی ئایدۆلۆژیدا، ناوی بە نەتەوە خێڵ دەربکات. بزاڤە کوردییەکان بە درێژایی ساڵانێکە، بۆیە شکستیان هێناوە، چونکە شتێکیان هێناوەتە گۆڕێ، نە خێڵە و نە نەتەوەیە، کەچی

لە هەمـان کاتـدا هەردووکیانیشـە. ئەم خـاڵەش جـارێکی تـر ئەو تایبەتمەنـــدێتییەی هەڵکەوتـــی کـــورد دەنـــوێنێ. **"لە لایەکەوە نەتەوەخوازیی هێزێکە لەناو پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگـای پیشەسازیدا وەک پێداویستییەکی ئەو کۆمەڵگایە سەر هەڵدەدات و کاری ئەوەیە بە کەلتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگای پیشەسازی نەفی هەموو ئەو کەلتورە ناوچەییانە بکات کە کولتوری کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکەن".٣٦٤**

وەک ئاماژەمـــان پێـــدا، ڕەچەتەی دروســـت بـــوونی نەتەوە گرێدراوە بە هەبوونی کۆمەڵگای پیشەسازییەوە. ئەمە گەوهەری تیۆرەکەی گێلنەرە، کە بە بیرمەند و مامۆستا و خاوەن تیۆریی هەرە دیـاریی مـۆدێرنیزمە دادەنرێت. لەکاتێکدا پـێش سـەردەمی پیشەسازیش، نەتەوە هەر هەبووە و لە ئێستاش دا گەلێ نەتەوە هەن، نە گەیشتوونەتە، قۆناخی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی، کەچی نەتەوەشـــن، وەک کـــورد .لە ئەمەریکـــای لاتینـــی و ئەفەریقـــا و تەنانەت لە ئاسیاش دا، هەمان دیاردە بەرچاو دەکەوێت.

**"لە راســـتیدا ئەو کۆمەڵگـــا دروســـتکراوانەی کە گێلـــنەر بە نەتەوە ناویـان دەبـات، کۆمەڵگـا پیشەسـازییەکە نـین و وەک خێڵەکـانی نـاو کۆمەڵگـای کشـتوکاڵی یەکە پێکهێنەرەکـانی نـاو کۆمەڵگای پیشەسازین، بۆیە دەبوایە گێلنەر بەراوردەکە لە نێوان دروستەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی و دروستەی کۆمەڵگاکانی ناو دەوڵەتە مۆدێرنەکـــان نەکـــات، بەڵکـــو بەراوردەکە لە نێـــوان دروستەی ئەو کۆمەڵگا ناوچەییانە و دروستەی خێڵەکانی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا بکات. یان بەراوردەکە لە نێوان دروستەی کۆمەڵگا کشتوکاڵیە سەرو خێڵەکییەکە و کۆمەڵگا پیشەسازییە**

**سەرو نەتەوەییەکەدا بکات، ئەوکات بەراووردەکەی دروست دەردەچوو".٣٧٢**

باسمان لەوە کرد، کە خێڵ یەکەیەکە، لە یەکەکانی کۆمەڵگای کشتوکاڵی، خاوەنی کولتورێکی میللی و زمانی خۆیەتی، ئەمانە لەناو سیستەمەکەی خۆیاندا داوای یەک شوناسی و یەک کولتوری دەکەن. لێ هەر ئەم یەکانە، لە دەرەوەی خۆیاندا، بەرامبەر بە خێڵەکانی تر، پەیڕەوی لە سیستەمی خۆیان ناکەن، بەڵکو کار بە سیستەمی کۆمەڵگای سەرووخێڵەکییەکان دەکەن. ئەم سیستەمە لە بەرامبەر داوای یەک شوناسی و یەک کولتوریدا، داوای فرەییان لە هەردوو بوارەکەدا لێ دەکات. د. عرفان بە چڕیی و لۆژیکئامێزانە، ئەم پرسە شەن و کەو دەکات و ژیرانە بۆچوونەکانی پێشکەش دەکات.

**" نەتەوەیەکی لەم جۆرە لەناوخۆیدا پەیڕەوی لە سیستەمێک دەکات کە لە سنووری دەوڵەتەکەیدا داوای هاوشوناسی لێدەکات و نەتەوەخوازیش بەردەوام کار بۆ ئەوە دەکات خەڵکی ناو سنووری دەسەلاتی سیاسی ئەو کۆمەڵگایە بەرەو ئەوە بەرێت فێری یەک کولتور و یەک زمان ببن و لەناو کۆمەڵگا نەتەوەییەکاندا بەو زمانە گفتوگۆ بکەن و لە هەڵسوکەوتیشیاندا پەیڕەوی لە یاساکانی ئەو کولتورە بکەن، تا ببنە کەسانێکی هاوشوناس... ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەتەوەش وەک خێڵ لەناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی خۆیدا لەناوخۆیدا پەیڕەوی لە هاوشوناسی دەکات و لەدەرەوەی خۆیشی پەیڕەوی لە جیاشوناسی دەکات".٣٧٣**

ئەم نەتەوەیە کاتێ لەناو کۆمەڵگای پیشەسازیدا دەکەوێتە پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی تردا، پەیڕەوی لە سیستەمە

نــاوەکییەکەی خــۆی ناکــات، داوای پاراســتن و دەســتگرتن بە هاوشوناســی نــاوەکی لــێ دەکــات، بە پــێچەوانەوە داوای جیـا شوناسـی لێ دەکات. ئا بەم شـێوەیە نەتەوە لەگەڵ نەتەوەکـانی تردا پارێزگاری لە خۆی دەکات. ڕەوتی مێژووش تا هەنووکە، پتـر لەو ئاقـارەدا، ئاڕاسـتەی وەرگرتـووە و نەخشـاوە، کە هەر نەتەوەیەک پارێزگـاری لە بنەماکـانی خـۆی دەکـات و دەوڵەت و ئایـدۆلۆژیا نـاتوانن لە بـۆتەی خۆیانـدا بیتـوێننەوە.بە واتـایەکی دیـکە، نە شـوورەویی و یوگسـلاڤیا نەتەوەکـانی نێـو سـنووری دەوڵەتە سیاسییەکەیان بتوێننەوە و بفەوتێنن، چونکە ئایدۆلۆژی مارکســایەتی، بەدەســت نەتەوەی زاڵەوە کــارێکی کــرد، هــیچ نەتەوەیەک ئامـادە نەبێـت، دەسـتبەرداری تـاکە خەسـڵەتی خـۆی بێت و ئامادە بێت لەناو نەتەوەیەکی تـردا، خـۆی بتـوێنێتەوە. خـۆ گەر وا نەبـوایە نـزیکەی ١٥ دەوڵەت دوای داڕمـانی شـوورەوی دروسـت نەدەبـوو. کێشـە و هەراکـانی ئێسـتای نێـوان رووسـیا و ئۆکرانیاش بەڵگەیەکی ترن.

**"هۆیەکەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گێلنەر نەیتوانیوە جیاوازی بکات لە نێوان ئەو سیستەمە ناوەکییەی کە نەتەوە و خێـڵ لەنــاو خۆیانــدا پەیــڕەوی دەکەن لەگەڵ ئەو سیســتەمە دەرەکییەی کە لەگەڵ هاوجۆرەکانی خۆیاندا لەناو کۆمەڵگاکەی خۆیاندا پەیڕەوی دەکەن".٣٧٤**

هەر ئەوەی وای کــردووە، ئەو سیســتەمەی خێــڵ لەدەرەوە پەیـڕەوی لێـدەکات، و داوای لــێ دەکـات، لەگەڵ خێڵەکـانی تـردا، جیاشوناس بێت، بەراوورد بکات لەگەڵ سیستەمی نەتەوە، لەنـاو خۆیــدا پەیــڕەوی لە هاوشوناســی بکــات، نەک جیاشوناســی. نووســەر پاشــتر بــاس لە دروســتەی کولتــوری و سیســتەمی

گواستنەوەی کولتور لە تیۆرەکەی گێڵنەردا دەکات و بە کۆمەڵێ نمـــوونە لە خەلافەت و دەوڵەتـــی عوســـمانی ئەو میـــراتەی لە بـاوکەوە بـۆ نەوەکـان بەجـێ دەمێنـێ، بـابەتەکە دەوڵەمەنـدتر دەکات.

**دروستەی کەلتوری و کۆمەڵایەتی خێڵەکان و**
**نەتەوە دروستکراوەکان**

**"خێڵ کۆمەڵگایەکی نـاوچەیی نـاو کۆمەڵگـای کشـتوکاڵییە و نەتەوە کۆمەڵگایەکی ناوچەیی ناو کۆمەڵگای پیشەسازییە"**.٣٨٣

بەم واتایە جیاوازییەک لە ڕووی کار و شوناسی ئەم دوو پێکهاتەیەدا، لە دیدی مۆدێرنیزمەوە نییە.

**"بـۆ ئەوەی جیـاوازی لە نێـوان کۆمەڵگــای کشــتوکاڵی و کۆمەڵگای پیشەسازیدا بکەیـن دەبێت جیاوازی لە نێوان یەکە پێکهێنەرەکانیاندا بکەین، بۆ ئەوەی باس لە گۆڕانی کۆمەڵگای کشتوکاڵی بۆ کۆمەڵگای پیشەسـازیش بکەیـن، دەبێت بـاس لە گۆڕانی خێڵ بکەین بۆ نەتەوە"**.٣٨٤

ئەمەش پێناســـەیەکە ڕەنگبـــێ لە ئێســـتای بـــارودۆخی کوردســـتاندا، بە زەقـی بەرچـاو بـکەوێ. گرنگـی جیـاوازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێز و وزەیەی بەردەوامێتی بە بوونی ئەم پێکهاتە و دیاردەیە دەدات.

دواتریش دەڵێ :" **هـۆی مـانەوەی خێڵ خـوێن و کولتـوری میللییە، بەڵام هۆی مانەوەی نەتەوە کەلتوورێکی دروستکراوە(..) کۆمەڵگـای کشـتوکاڵی پەیـڕەوی فرەکەلتـووری و فـرە زمـانی دەکـات و نەتەوە بە پـێچەوانەوە پەیـڕەوی لە یەککەلتـوری و یەکزمانی دەکات. ئەم جیاوازییەش جیاوازی نێوان کۆمەڵگای**

**کشـــتوکاڵی و نەتەوەیە نەک خێـــڵ و نەتەوە. بەڵام کاتێـــک بەراوردەکە دەکەوێـتە نێـوان خێـڵ و نەتەوە، ئەم جیـاوازییە دروستەییانە نامێنن، چونکە خێڵ لەگەڵ ئەوەشدا کەلتـوورێکی میللیە و لە رێگەی خوێندنەوە نـاگوازرێتەوە، بەڵام کەلتـورێکە بەهەمـان شـێوەی کەلتـووری نەتەوە پەیـڕەوی لە یەکبـوون دەکات و پەیڕەوی لە فرەیی و جیاوازی ناکات"٣٨٤**

گرنگتـــرین خەســـڵەت و بنەمـــا لە تیـــۆرەکەی گێلـــنەردا، کـــاریگەرێتی هەبێـــت و ڕۆڵـــی ســـەرەکی بگێـــڕێ، کوولتـــور و ڕۆڵەکەیەتـی، واتە کولتـورە پیشـەییەکەی ڕۆڵ بـۆ یەکخسـتنی کولتـورە جیاوازەکـان دەگێـڕێ، نەک ڕێـگەی فرەخوازییـان بـۆ فەراهەم بکات.

**"گرنگتـــرین جیـــاوازی نێـــوان خێـــڵ و نەتەوە بە مانـــا دروسـتەییەکەی ئەوەیە خێـڵ بـۆ بـوونی پشـت بە خـوێن و کەلتوورێک دەبەستێ کە بەرهەمی سروشت و خوێنێ خۆیەتی، بەڵام نەتەوە پشـت بە کەلتوورێـک دەبەسـتێ کە کەلتتـورێکە نامۆیە بە سروشت و خوێنێ ئەو، واتە کەلتورێکی بێ خوێن و بێ سروشتە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەتەوە خێڵێکی بێ خوێن و بێ سروشتە".٣٨٥**

خـوێن فـاکتەرێکی گرنگـی کـاریگەرێتی نێـو پانتـایی عەقڵێتـی خـێڵە. ئەمەش بەرهەمـی پەیوەنـدی توونـدوتۆڵی کەسـەکان و خێڵەکانە بە یەکەوە. هەمـوو خزمـی نزیکـی یەکتـرن و تەواو لێک نزیکن و بە ڕووی دەرەوەدا بە زۆری داخـراون. خێڵ ڕاکێشـانی سـنوورێکی تـۆخ لە نێـوان خـۆیی و ئەوانـی دیـکەدا بە گرنـگ و پێویسـت دەزانـێ و بەلایەوە چەشـنی پەرژینـی خۆپـارێزی دێـتە هەژمـارکردن. هاوکـات خێـڵ، تـێکەڵاوی لەگەڵ دەرەوەی خۆیـدا

به قــورس دادەنــێ و به مەحــاڵ دەبینــێ. بیانووشــی ئەوەیە خۆیـان بپارێزن و بمێنێتەوە و درێـژە بە بـوونی خـۆی بـدات و نەفەوتـێ . خێـڵ بە گشـتی پێـڕەوی لەم شـێوازەی بیرکـردنەوە دەکات.

**"خێڵ بـوونی بە شـتێک راگیـراوە کە لەنـاو خۆیـدایە و لە دەرەوەی خـۆیەوە بـۆی نەهـاتووە، بەڵام نەتەوە بـوونی لە شتێکدایە کە لەناو خۆیدا نییە و لە دەرەوە بۆی هاتووە"٣٨٥**

واتە خێـڵ بەو سیسـتەمە پێـڕەوی دەکـات، کە لە هەنـاوی خۆیدا، درێژە بە تەمەنی خۆی دەدات. نەتەوە لە دەرەوە فـاکتی یاریـدەدەری، بـۆ پەیـدا دەبێـت. فـاکتی نەمـان ئەویـش دەکەوێـتە مەترسییەوە.

**" خێڵ وەک زمانە سروشتییەکان و کەلتورە سروشتییەکان لە بـوون و پەرەســەندنی خۆیــدا پەیــڕەوی لە سیســتەمێکی سروشـتی دەکـات. چـۆن زمـانێکی سروشـتی کە پەرەدەسـێنێ دەبێت بە چەند زمانێکی جیاواز، خێڵیش کە پەرە دەسێنێ دەبێت بە چەند خێڵێکی جیاواز، بەهەمان شێوە کولتور و زمانی خێڵیش لە پەرەســەندنی پەیــڕەوی لە هەمــان سیســتەمی سروشــتی پەرەسەندن دەکەن. خێڵ و زمانی سروشتی و کولتوری میللی وەک مرۆڤ کە پەرەدەسینن ئەوەی لییان دەکەوێتەوە لە رووی جــــۆرەوە هەرووەک خۆیـــــانە، بەڵام لە رووی ژمـــــارەوە جیاوازە".٣٨٦**

کـاتێ کـار لەسـەر سـڕینەوەی کولتـورە میللییەکـان دەکرێـت، داوای کولتــورێکی ســەراپاگیری فەرمــی دەکەن. ئیــدی هەمــوو دیـاردە کولتـووریی و زمانییەکـان لەنـاو دەبـاو و دەیانخەسـێنێ،

لەپێنـــــاوی کولتـــــوری هەرە بــــــاڵادا، کە لەلایەن دەوڵەتە دروستەییکەوە پێڕەو دەکرێ.

**" زمانێـک کە دەکرێـت بە زمـانێکی سـتاندارد تەنهـا بەوە ناکرێـت بە زمـانێکی سـتاندارد کە کـۆمەڵە رێزمانووسـێک رێزمـانەکەی بنووسنەوە و قوتابخـانە بـۆ فێربـوونی دروسـت بکەن، بەڵکو ئەم زمانە دەبێت بەردەوام چاودێری بکرێت و رێگە بگیرێت لەوەی کە جارێکی تر سروشتی بچێتەوە ناوی و رۆحی بە بەردا بکاتەوە و بیکاتەوە بە زمانێکی سروشتی" ٣٨٩.**

خێڵ و زمـانی سروشـتی و کولتـووری میللـی، وەک مـرۆڤ، کە پەرەدەسـێنن، ئەوەی لێیـان دەکەوێـتەوە لە رووی جـۆرەوە هەر وەک خۆیـانن، بەڵام لە رووی ژمـارەوە جیـاوازن. مـرۆڤ، مرۆڤ دەخاتەوە و باڵندە، باڵندە هەڵدێنێ.ئەوەشی خێڵ لە یەکتر جیـا دەکـاتەوە، وەک  مرۆڤەکـان و زمانەکـان  چۆنـایەتییەکەیە، نەک شتگەلێکی دیکە.

**خێڵ و نەتەوە لەوەدا جیـاوازن کە خێڵ سروشـتی مـرۆڤ دایهێناوە، بەڵام نەتەوە ویستی مرۆڤ دروستیکردووە.خێڵ بەبێ سروشـتی مرۆیـی بـوونی نابێـت و ناشـتوانێت بمێنێـتەوە، نەتەوەش بەبێ ویستی دروستکردنی مرۆیی نە دەتوانێت ببێت و نەدەتوانێـت بمێنێتەوە.خێـڵ و نەتەوە هەر یەکەیـان یەکەی پێکهێنەری  دوو کۆمەڵگای سەرووناوچەیی جیاوازن و بەوەش کە یەکەی ناو پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایەن لەناو خۆیاندا پەیڕەوی لە یەکبوون دەکەن و لە دەرەوەی خۆیاندا پەیڕەوی لە جیاوازی دەکەن".٤٠١.**

پرۆسەی گۆڕینی خەسڵەتێکی سروشتی و مێژوویی، بە شمەکێکی دەستکرد، چەند زەق و نالەبارە، هاوسات هێندە سەختە، ئەو دروستکراوە مەحاڵە بتوانێ بۆ هەتا هەتایە خۆی ڕاگرێت و بەردەوام بێت. وەک ئەوەی دەوڵەتی عێراق نەیتوانیوە نەتەوەی عێراق دروست بکات و تورکیا و ئێران و زۆر دەوڵەتی تریش، وەک ئەوەی دەوڵەتی عێراق ئەو ئامانجە بهێننە دی . لە شوورەویی و یوگسلاڤیا و لیبیا و سووریاش بەهەمان شێوە. هەر بۆیە د. عرفان وتەنی: مۆدێرنیزم لە ڕاوکردنی سروشتدا نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت و لەو شوێنەدا کە ویستوویەتی ڕاوی سروشت بکات لە شوێنێکی ترەوە سروشت ڕاوی ئەوی کردووە.

**"گەر نەتەوە لە ماددەی یەک خێڵ دروست بکرایە نەک لە مادەی چەند خێڵێک، ئەوە ئاستەنگ لەبەردەم دروستکردنەکەیدا دروست نەدەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی بۆ دروستکردنی نەتەوە ماددەیەکی خاو پێویستە کە زیاترە لەو ماددە خاوەی کە سروشت خێڵی لێ دروست کردووە، ئەمە نەتەوەخوازی ناچار دەکات بۆ دروستکردنی نەتەوە، ماددەی نەتەوە لە چەند خێڵێکی کەلتور جیاواز و زمان جیاواز وەرگرێت، ئەمەش وادەکات لەناو ماددە خاوەکەی نەتەوەدا ئاسەواری ئەو جیاوازییانە بمێنن کە سروشت خێڵەکانی پێ مۆرک کردووە و ببێتە ئاستەنگ لە بەردەم ئەو یەککەلتوری و یەکزمانییەدا کە نەتەوەخوازی لەو مادەیەدا شێوەگیری دەکات. کاتێک نەتەوەخوازی دەیەوێت بوونی نەتەوە لە ڕێگەی تاکە کەلتورێک و تاکە زمانێکەوە لەناو ماددەیەکدا شێوەگیر بکات، ڕووبەڕووی چەند هێزێکی**

**بەرگریکەری جیاواز دەبێتەوە، ئەو هێزە جیاوازانەش پاشماوەی هەریەک لەو خـێڵانەن کە بەو کەلتـور و زمـانە دەکـرێن بە نەتەوە"٤٠١**

نووسـەر لێرەدا پرسـیاریَ دەوروژێنـیَ لەسـەر نەتەوە، کە نەتەوەخوازەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا، نەتەوەی دروست کـردووە لە یەک هیـولا، یەک خێـڵ. لە دیـدی نەتەوەخـوازانەوە، هێزی عەقڵی کە فرەزمانی و فرە کولتورییە، ئاستەنگە لەبەردەم پرۆسـەی نەتەوەدا. هەر لەم ڕووەوەیە بیرمەنـدی نەتەوەخـواز قسـە لەسـەر کۆمەڵگـای کشـتوکاڵی دەکـات و بە دوو جـۆر دابەشـیان دەکـات. کۆمەڵگـای سروشـتییە وەسـتاوەکان و پەرەسـەندووەکان. نووسـەر، لەسـەر ئەم بـابەتە نمـوونەی لۆژیکدار دەخاتە بەچاو و باس لە دیاردەی "**غەریزەی زاڵبوون**" دەکـات. تـا دەگـاتە لای چەمکـی ئیـبن خەلـدوون دەمـارگیری/ عەسەبیەت.

**کۆگەل/ عەسەبە لە نێوان خێڵە پەرەسەندووەکان و خێڵە وەستاوەکان**

**"هیچ عەسەبەیەک بەبیَ چالاکبوونی ئەم غەریزەی زاڵبوونە دروسـت نابێت، دروسـتەی عەسـەبە لەگەڵ دروسـتەی خێڵـی بەرایـدا بەوە جیـاوازە کە زاڵبـوون مەرجـی پەیوەنـدییە دروسـتەییەکانی نـاو عەسـەبەیە، بەڵام زاڵبـوون مەرجـی پەیوەندییە دروستەییەکانی ناو خێڵی بەرایی نییە".٤٠٥**

زاڵبـوون بە نـاوەڕۆک، واتە بـوونە خـاوەنی دەسـەڵات و فەرمـانڕەوایەتی بەسـەر خەڵکی دیکەدا. دوای کـارابوونی فـاکتی

زاڵبــوون، قەوارەی عەســـەبە گەورەتــر دەبێــت لە خێــڵ.چونکە پێکهاتەیەک یاخود زیاتر بە زۆرداری لە خۆیدا دەتوێنێتەوە یان بەخۆیەوە دەلکێنێ.

**"کەواتە هیــولای دروســـتبوونی عەســـەبە گەورەتــرە لەو هیـولایەی سروشــت خێڵەکـانی لێدروسـت دەکـات، ئەمەش وا دەکات بەبێ بوونی چەند خێڵێک عەسەبە بوونی نەبێت. کاتێک هێزی زاڵبـوونی نـاو خێڵێک خۆی لە هیـوالای چەنـد خێڵێکی جیاوازدا بەرجەستە دەکات، بە بوونە خێڵەکییەکەی خۆی تەنها نەفی بوونە خێڵەکییەکەی ئەوان ناکات، لەهەمان کاتدا بە بوونە زمــانی و کەلتــوورییەکەی خۆیشـــی نەفــی کەلتــور و زمــانە جیاوازەکانیـان دەکـات و لەنـاو زمـان و کەلتـورەکەی  خۆیـدا دەیانکاتەوە بەیەک".٤٠٥**

خــێڵە بەراییەکــان  بــۆ دابینکردنــی زیــاتری پێداویســتییەکانی ژیان و تێر و تەســەلکردنی ئەندامەکانی خۆی، حەزی بە هێز و هەژمــوون و بە بەدەســـەڵاتدارتربوونی تێـدا دروسـت بـووە. لە غەریـزەی زاڵبـوونەوە، زەمینـەی بـۆ هیـوا و ئاواتەکـانی خـۆی خۆش کردووە. ئیبن خەلدوون دەڵێت:

**" خـێڵە بەزیوەکـان دەبێـت زمـان و کەلتـوری ئـاینی خـێڵە زاڵەکانی ناو عەسەبە هەڵگرن.پرۆسەی دروستکردنی عەسەبە لە خێڵە سروشتییەکان هەمان پرۆسەی دروستکردنی نەتەوەکانە، چـونکە نەتەوەخـوازیش لە پرۆســەی دروســتکردنی نەتەوەدا کولتور و زمانێک لە کولتور و زمانی کۆمەڵگا ناوچەییەکان بە پرۆسەی بەستانداربووندا دەبات و زاڵی دەکات بەسەر هەموو**

**ئەو کۆمەڵگـــا ناوچەییـــانەدا کە نەتەوەکەیـــان  لێدرووســـت دەکات"٤٠٥**

ئەمەش دیمەنێکی شەڕ و ململانێی نێوان بە هێز و بێ هێزە. هەڵــــبەت لەم میانەشــــدا هەمیشــــە هێــــزی بــــراوە، مەرج و داواکارییەکانی خۆی دادەسەپێنێ، بەسەر دۆڕاودا.

**" کاتێک عەسەبەیەک زاڵ دەبێت بەسەر خێڵێکدا و خێڵەکە دەهێنیـتە نـاو خـۆیەوە، دروسـتەی کـۆمەڵایەتی ئەو خـێڵە تێدەشکێنێ و هەمان دروستەی کۆمەڵایەتی پێدەبەخشێت کە خۆی هەیەتی و بەمەش یەکبوونی ناوەکی خۆی دەپارێزێت.واتە عەسەبە بۆ پاراستنی یەکبوونی ناوەکی خۆی هەر خێڵێکی نوێ بێتە ناوییەوە دەبێت تێکی بشکێنێت و لەناوخۆیدا وەک بەشێک لە خۆی دروستی بکاتەوە و ئەو جیاوازیانەی تیا نەهێڵێت کە لە خــــۆی جیــــای دەکەنەوە. ئەم پرۆســــەی تێکشــــکان و دروسـتکردنەوەیە هەمـان ئەو پرۆسـەیەیە کە نەتەوەخـوازی لەسـەر ئەتنـیکە جیاوازەکـانی نـاو سـنووری دەوڵەتەکەی ئەنجامی دەدات و بەهۆیەوە دەیانکات بە بەشێک لە جەستەی نەتەوە".٤١١**

ئەم هاوکێشـــەیە یاســـای ســـەرکەوتن نەخشـــی کـــردووە و ئامانجیش لێی گرتنەدەستی دەسـەڵاتە، لە لایەن هێزی براوەی زاڵەوە.لە پێنـــــاوی ســــڕینەوەی بەرەی بەرامــــبەری لاوازدا. بەواتـایەکی تـر زیـادکردنی هۆکـارێکە، وەک  هێـز و توانـایەکی زیـاتر بـۆ سـەر ئەو هێزەی خـۆی هەیەتـی. لێرەشـدا هێزە تـازە دەست بەسەرداگیراوەکە، دەبێ لە خودی خۆیدا بتوێتەوە . دەنا سەرکەوتنی بە تەواوی ئەنجام نەداوە.

**نەتەوە و پێکهاتە خێڵەکییەکان**

**"نەتەوەکـان لە خـێڵە سروشـتیەکان نـاکەونەوە، (...) بەڵام نـاکرێ سـەرهەڵدانی نەتەوەکـان لە پێکهـاتە خێڵەکییەکـان دوربخـرێتەوە، واتە ناکرێـت بڵێـین پێکهـاتە خێڵەکیەکـان هـیچ رۆڵێکیان لە بوون و پەرەسـەندنی نەتەوەکانـدا نییە، بۆیە بۆ تیگەیشـتن لە پەیوەنـدی نێـوان خێڵ و نەتەوە دەبێت بـاس لە پەیوەندی نەتەوە و پێکهاتە خێڵەکییەکان بکرێت نەک پەیوەندی نێوان خێڵ و نەتەوە"٤١٢**

نەتەوە لە خـێڵەوە دروسـت نـابێ، خێڵەکـانیش لە ڕێـگەی غەریزەی زاڵەوە یەک دەگرن یاخود لە پرۆسـەیەکی دیکەدا، بە هـۆی هوشـیارییەکی عەقڵیـیەوە. نووسـەر دواتـر دەچێـتە سـەر باسی پێکهاتە و جۆرەکانی خێڵ.

**عەسەبە و پێکهاتە خێڵەکییەکان**

**"عەسـەبە خێڵێکـی گەورە نیـیە، هەرچەنـدە وەک خێـڵ لەناوخۆیدا پەیڕەوی لە یەکشوناسی دەکات، بەڵام شوناسەکەی شوناسـێکی سروشـتی نیـیە و شوناسـێکی دروسـتکراو و سەپێنراوە بەسەر کۆمەڵە خێڵێکدا کە دەکرێت لە رووی رەچڵەک و خـوێنەوە هـیچ پەیوەنـدییەکیان بەیەکەوە نەبێـت، یـان گەر پەیوەندیشـیان هەبێـت پەیوەنـدییەکی زۆر دوور بێـت و هـیچ رۆڵێکی لە دروسـتکردنی پەیوەنـدی نێـوان خـێڵە بەرابیەکانـدا نەبوو بێت"٤١٣.٤١٤**

لەم ڕوانـگەیەوە، دەزانـین ئەو کـۆمەڵگەیەی لەسـایەی غەزیـزەی زاڵبـوونە دروسـت دەبێـت، نـاوی عەسـەبەیە و

کۆمەڵگـایەکی دروسـتکراوە و سروشـتی نیـیە و  لە خـوێن و ئێسـکی ئەو کـۆمەڵە خـێڵە پێکهـاتووە، کە خێڵێـک لە ڕێگـای زاڵبوونەوە، لە خۆیدا تواندوونیەتەوە.

**پێکهاتەی خێڵەکی وەك کۆمەڵگایەکی خێڵەکی**

ئەم جۆرە لە کۆمەڵگا، ساتێ دێتە ئاراوە، کە کولتورێکی باڵا و ستانداردی هەبێت و دەوڵەتێکی دروستکراویش لەسەر ئەم بنەمـایە دروسـتکراو بێـت. بـۆ ڕوونکـردنەوەی مەبەسـت و دەرخستنی دوورییەکانی ئەم دیاردەیە، نووسەر دەنووسێ:

**"لە سـەردەمی خەلافە ئیسـلامییەکاندا دەوڵەتـی خەلافەت ڕەوایەتی لە کولتورێکی مەزهەبی باڵاوە وەردەگرت کە جیاواز بوو لە کولتوری میللی خێڵە بەراییەکان و عەسەبەکان.دەسەڵاتی ئەم خەلافەتە لەناو ئەو ناوچانەدا کە ناوچەی کۆمەڵە خێڵێکی بەرایـی کەلتـور جیـاواز و لێکـدابڕاو بـوون و کەسـانێک نوێنەرایەتیان دەکرد کە هەڵگری کەلتوری باڵای خەلافەت و زمانە ستاندارەکەی بوون. ئەمەش وای کردووەبوو ئەم گروپە خۆی جیابکاتەوە لە خێڵەکان و شوناسەکەی شوناسی خێڵێک نەبێت لە بەرامبەر خێڵەکانی دەوروبەریدا، بەڵکو شوناسـی گروپێکی ناخێڵەکی بێت لە بەرامبەر کۆمەڵە شوناسێکی خێڵەکی جیاوازدا. ئەم گروپە شوناس جیاوازە بەوەی کە شوناسەکەی خـۆی بەرامـبەر دەکردەوە لەگەڵ شوناسـی خێڵەکـی هەمـوو خێڵەکانی ناوچەکەدا، شوناسە جیاوازەکانی ئەوانی وا لێدەکرد لەناو یەک شوناسدا لەگەڵ شوناسی خۆیدا بەرامبەر ببنەوە و بەم بەرامبەربوونەوەیە شوناسەکەیان بکات بە شوناسی خێڵێکی لە بەرامبەر شوناسی ناخێڵەکی خۆیدا".٤١٤-٤١٥**

ئەم شێوە خێڵە لەبەرئەوەی خاوەنی شوناسی خۆیەتی وەک عەسەبە پێویستی بە دروستکردنی شوناس نییە و کەس لەخۆیدا ناتوێنێتەوە. ئەم خێڵە بەهێزە بە زۆرەملێیی ڕەوایەتی بە دەسەڵاتی خۆی داوە، کێشەی لەگەڵ خێڵەکاندا لەسەر دەسەڵاتە، نەک شوناس و تەنها مەرجیشی داسەپاندنی باج و سەرانە دانە، لەسەر ئەوانەی ملکەچ و ژێر چەپۆکی خۆین، و هیچ گرنگییەک نادات بە جیاوازی نێوان زمان و کولتور و شوناس.

**پێکهاتەی خێڵەکی وەك کۆمەڵگایەکی عەقڵی**

**"ئەم پێکهاتە خێڵەکییە بەوە خۆی لە خێڵ جیا دەکاتەوە کە توخمە جیاوازەکانی ناوخۆی ناکاتە دەرەوەی خۆی و وەک خۆی لە دەرەوەی خۆیدا نابن بە خێڵێکی سەربەخۆ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نابێتە ڕێگر لە بەردەم ئەوەدا لەناو خۆیدا وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ بمێنێتەوە و ئەمەش ئەو خێڵە بەرەو ئەوە دەبات لە ناو پێکهاتە خێڵەکییەکەدا وەک ئەو خێڵانەی لێی کەوتوونەتەوە و لەناویدا بە سەربەخۆ ماونەتەوە ببێت بە یەکەیەکی پێکهێنەری کۆمەڵگا خێڵەکییەکە". ٤٢٠-٤٢١**

لەم کۆمەڵگایەدا عەقڵ ڕابەری پێکهێنانی کۆمەڵگایە، با کۆمەڵگا لە چەند خێڵێکیش پێکهاتبن. لێ گرنگ ئەوەیە، عەقڵ بزوێنەری ئەو سیستەم و پرۆگرامەیە، کە کاری پێ دەکەن. لەم کۆمەڵگایەدا خێڵەکان لەگەڵ یەکدا لەناو پەیوەندیدا نین و چینی فەرمانڕەواکە بۆ هەموویان بێگانە و وەک یەکە بەڕێوەیان دەبات. ئەوەی لە نێوانیان هاوبەشە ئازادییە، نەک کۆیلایەتی. ئاخر هەر خێڵێک لە ڕێگای عەقڵەوە چۆتە ناو ئەم پێکهاتەیەوە و

به خواستی خۆیی و ئازادانه، بڕیاری لەسەر ئەم هەنگاوانه بەرەو پێکەوەبوون و یەکگرتن ناوه.

نووسەر، بۆ تاوتوێ کردنی ئەم باسه و ڕوونکردنەوەی مەبەستیش باس له خێڵه میدییەکان دەکات، نموونەی ئەم جۆره خێڵەن و کۆمەڵگاکەشیان باشترین کۆمەڵگایه، خێڵ دەتوانێ دەسەڵاته ناوەکییەکەی و شوناسەکەی بپارێزێ و لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، بێ ترس و لەرز له بزرکردنی شوناس و دەسەڵات دەوەستێ و دواتریش کۆمەڵێ نموونه له مێژووی باسەکەی دەخاتەروو.

**" ئەم هێزه عەقڵییه کاتێک دەتوانێت ئەو خێڵانه لەناو یەک پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا کۆبکاتەوە  که لەناو ویستی ئەواندا یەکبوون لەناو جیاوازییه سروشتیەکاندا شێوەگیر بکات و کارکردنەکەی لەناو ئەواندا له کارکردنێکی نائاگایانه و بێ ویستەوە بگۆڕێت بۆ کارکردنێکی ئاگایانه و بەویست.واته بۆ ئەوەی عەقڵ لەناو ویستی ئەواندا شێوەگیر ببێت، دەبێت ئەوان بەبێ بەکارهێنانی هێز بچنه ناو دروستەی کۆمەڵگایەکی پەرەسەندووتر له خێڵ و لەو کۆمەڵگایەشدا هیچیان نەکەوێته ژێر ڕکێفی ویستی ئەوی تریان"٤٢٥**

ئەڵمان بەر له دروستکردنی دەوڵەتەکەیان، بریتی بوون له سەدان ئەمیر و سەرۆک خێڵ و گرووپی جیاواز. دوای سەرکەوتنەکانی هەرێمی پروسیا به سەرۆکایەتی بسمارک. .سەرجەمی میر و نوێنەری ناوچەکان، وردە وردە وازیان له خۆپەرستی و ناوچەگەریێتی  هێنا و به سەرکردایەتی **بسمارک** ڕازی بوون و یەکیان گرت. چونکه هەم بنەمای دەوڵەتبوون له پروسیای بەهێزدا هەبوو، هەمیش سەرکەوتنەکانی بسمارک له

شـەڕی دژ بە فەرەنسـییەکاندا، ببـووە دیفـاکتۆیەک و نکـۆڵی لـێ نەدەکـرا. دوای کۆتـایی شـەڕی جیهـانی دووەم، ئەڵمانیـا دابەش بوو بەسـەر دوو دەوڵەت و بلۆکدا. **هیتلەر** و ڕژێمە نـازییەکەی هۆکاری ئەم ڕووداوە بوون.

لەگەڵ کۆتـــاییی شـــەڕی ســـارد و ڕووخـــانی دیـــوارە بەناوبـانگەکەی بەرلـین دا، لە ١٩٨٩/١١/٩، دا هەردوو دەوڵەتـی ئەڵمان، لەسەر دەستی ڕاوێژکار **هێلمۆت کۆل** دا، بە سیاسەت و میکـانیزمێکی دووسـەرە بە ڕازیکردنـی ئینگلیـز و فەرەنسـا و بـێ لایەنکردنـــی ئەمەریکـــا و تـــاڕادەیەک بە پـــارە بێـــدەنگکردنی شـورەوی، لە ١٩٩٠/١٠/٣ دا یەکیـان گرتەوە و ئەو ڕۆژە کـرا بە جەژنێکـی نەتەوەیـی .ئەم یەکگـرتنەوەیە، بـێ ئەوەی خـوێن لە لووتی تاکە هاوولاتییەکیان بێت، بە ئەنجام گەیشت. ئاخر دیسـان هێز و کولتورە ئەقڵییەکە هاوشانی ئەم پرۆسە گرنگانە لە ئارادا بـــووە. دەنـــا بە بەراورد بە زۆربەی ولاتـــانی دیـــکەی بەرەی ڕۆژهەلاتـی ئەورووپـا، ڕۆمانیـا وەک نمـوونە، بەخوێنڕشـتن و کوشـتن و کوشـتار، ڕژێـمە تۆتالیتارییەکانیـان سـەرەونگووم بوون. لە ئێستاش دا ئەڵمان بە سیسـتەمێکی فیدڕاڵی. تاڕادەیەک زۆر ســەرکەوتوو و کـاراوە، دەوڵەتەکەی بەڕێـوە دەبـات و لە هەموو مەیـدانێک، لە مەیدانەکانـدا پێشـڕەوە و یەکێکە لە دەوڵەتە هەرە پێشکەوتوو و بە دەسەلاتەکانی ئەورووپا و جیهان.

**" لەناو ئەم خێلانەدا بەهۆی چالاکبوونی عەقڵ و پەرەسەندنی هوشـیاریان بە خۆیـان، ئەو دابـڕانە سروشـتییە کە پرۆسـە سروشتییەکەی پەرەسەندن لەناو ئەو خێلانەدا بەرهەمی هێناوە لە ڕێگەی یەکبوونێکی عەقڵییەوە دەگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی**

**عەقڵـــی و هوشـــیارانە. لەمەشـــەوە ئەو پرۆســـەی دابـــڕانە بەردەوامەی کە لە نێـوان ئەو خـێڵە بەراییـانەدا هەیە، کۆتـایی پێدێت و بەهۆی ئەمەشەوە کۆمەڵگایەکی نوێ دێتە ئاراوە کە پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی ئازاد و سەربەخۆ".٤٢٦**

چالاکبوونی عەقڵی و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری لەناو ئەم خـــێڵانەدا، دیـــاردەکە لە ڕێگـــای یەکبـــوونێکی عەقڵیـــیەوە دەگـۆڕێ بە پەیوەنـدیی عەقڵـی ئـازاد و جێـی غەریـزەی زاڵ لای عەســـەبەکان دەگـــرێتەوە. سروشـــت داوای یەکبـــوون لە خـــێڵە بەراییەکـان دەکـات. عەقڵـیش داوای فرەیـی دەکـات. کۆمەڵگـای عەقڵیش پێڕەوی لە فرەیی دەکات، کەچی عەسـەبە بە پێچەوانەی ئەم هاوکێشەیەوە کار دەکات.

**"دەتوانین کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ کۆمەڵگای یۆنـانی پـێش ســـەردەمی هیلینیـــیەت و نەمـــانی دەوڵەتەشـــارەکانی، بە دوو نموونەی باشی کۆمەڵگـای عەقڵیی خـێڵە بەراییەکـان بزانـرێن، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە قبووڵی فرەزمانی و فرەکولتووری و پەرەسەندنی زمان و کولتووری سروشتی خێڵەکانیان بۆ زمان و کەلتوورێکی ناسروشتی کردووە و بەمەش چەند دیالێکتیک و چەند ئەدەبیاتێکی باڵا هاتوونەتە ئاراوە و کۆمەڵگاکەش بەمە یەکبـوونی خـۆی لەدەسـت نەداوە.کۆمەڵگـای کـوردی تـا ئەم ســەردەمەش پەیـڕەوی لەو سیســتەمە کـۆمەڵاتییە دەکـات کە دروســـتەکەی دروســـتەیەکی عەقڵیـیە و پەیـڕەوی لە یاســـای فرەکەلتووری و فرەدەسەڵاتی دەکات و هەر ئەمەش وایکردووە وەک نموونەیەکی لە یاسابەدەری ناو جیهان سەیر بکرێت".٤٣٠**

ئەمەش بەراوردکردنێکی ژیرانەی جوانە. دەشێت لە کایەی خۆیدا ببێتە کەرەسەیەکی باشی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و بەراوردکاریی ئێمە ئەم ئەرکە بەجێی دێڵین بۆ پسپۆڕانی ئەم مەیدانە، تا لێکۆڵینەوەی زێتر و قولتری لەسەر ئەنجام بدەن. وێنەی هاوبەش بدۆزنەوە.

**نەتەوە و پێکهاتە خێڵەکییە جیاوازەکان**

دیسان قسە لەسەر جۆری خێڵەکان و پێکهاتەکانیانە و لەناو ئەو جۆرە لە پێکهاتەکاندا، ئەو لایەنەیان کە هێزێکی ناخێڵەکی لە خێڵەکان پێکدێ، نابێتە زەمینە بۆ نەتەوە، چونکە ئەم خێڵانە لەناو خۆیاندا ناکەونە پەیوەندییەکی راستەقینە. ئەم هێزانە لەبەرئەوەی هێزێکی دەرەکی لەناو پێکهاتە نوێیەکەدا، کۆیکردنەتەوە، بە نەمانی ئەم هێزە ئەمانیش نامێنن. بەواتایەکی دیکە یا جیادەبنەوە. هەریەک سەربەخۆ. یاخود دەکەونە ململانێی یەکترەوە. گەر یەکێ لەمانە زاڵ بێ بەسەر ئەوانی دیکەدا پێکهاتەکەیان دەگۆڕێ بۆ عەسەبە. لێرەوە هەلومەرجی دروست بوونی نەتەوە دێتە کایەوە. ئەم نەتەوە و رێگای عەسەبە جیاوازە لە هی ئەوەی عەقڵ بنەمایەتی. ئەو نەتەوانەی نەتەوەخوازی لەناو دەوڵەتی خۆیاندا دروستیان کردوون. لە رێگای گۆڕینی زمانێکی سروشتی بۆ زمانێکی ستاندارد. یاخود لە رێگای گۆڕینی کەلتورێکی نامۆدێرنەوە بۆ کەلتوری مۆدێرن.لەم پرۆسەیەدا پێڕەوی لەهەمان یاسای عەسەبە دەکات، لە دروستکردنی نەتەوەدا.

**"ئەو نەتەوانەی کە نەتەوەخوازیەکانی جیهان لەناو دەوڵەتەکانی خۆیاندا دروستیان کردوون، لەرێگەی گۆڕینی**

**زمانێکی سروشتی بۆ زمانێکی ستاندارد و گۆڕینی کەلتورێکی نـامۆدێرنە بـۆ کەلتـورێکی مـۆدێرن دروسـتیان کـردوون، لە پرۆسـەی دروستکردنەکەشـدا پەیڕەویـان لە هەمـان پرۆسـەی دروستبوونی عەسەبەکان کردووە و ئەو پێکهاتە خێڵەکییەی کە توانیویەتی لەناو دەوڵەتەکەدا بەسەر پێکهاتە خێڵەکییەکانی تردا زاڵ ببێت و بیانخاتە ناو دۆخی بەزینەوە، زمـانێکی سروشـتی گۆڕیوە بۆ زمانێکی ستاندارد و کولتوری یەکێک لە عەسەبەکان کە زۆرجار  کولتوری عەسەبە زاڵەکە خۆی بووە، گۆڕیوە بە کولتـورێکی مـۆدێرن دواتـر هەمـوو عەسـەبە بەزیوەکـانی نـاو دەوڵەتەکەی ناچـار کـردووە کە بە زمـان و کەلتـوری خۆیـانی بزانن و دەستبەرداری زمان و کەلتورەکەی خۆیان ببن" ٤٣١**

شـایانی ئامـاژە پێـدانە نووسـەر سیسـتەماتیکانە دوای ئەم بەراوردکارییە کەوتـووە. پلە بە پلە بە سـەر هەورازی سـەختی باسـەکانی دروسـتکردنی نەتەوەدا هەڵـدەگەڕێ و باسەکەشـی هێنـدە ڕوون و ئاسـان کـردووەتەوە، ڕێـگەی لەهەر لێـدوانێک بڕیوە و دەنووسێ:

**" ئەمەش دەمـانگەیێنی بەوەی بڵـین گەر عەسـەبە بە هـۆی دەمارگیری بەرامبەر نەریت و کەلتـوری خێڵەکی بنەمـاڵەیەکی زاڵەوە بێـتە ئـاراوە، ئەوە نەتەوە بە هـۆی دەمـارگیرییەوە بەرامبەر ئەو کولتوور و زمانەی کە نەتەوەخوازی وەک هێزی زاڵی نـاو دەوڵەت دەیسـەپێنێ دێتە ئاراوە، بۆیە هەر دەست تێوەردانێک لە زمان و کەلتوری ئەو نەتەوەیە بە دەستلێدان لە موقەدەسی نەتەوە دەزانرێت".٤٣٢**

کەواتە حـاڵەتی دەمـارگیری گەر لەنـاو عەسـەبەدا بێـت، بـۆ قازانجی بنەمـاڵەی زاڵە و لەنـاو نەتەوەی دروسـتکراودا بێت، بـۆ

نەتەوەخــوازی زاڵ و زمــان و کولتــوورە مــۆدێرنەکەیەتی. وەک نموونەکانی نەتەوەخوازی تورک و عەرەب و فارس...هتد.

**"جــۆرێکی تــر لە نەتەوە هەیە پەرەســەندنی ئەو پێکهــاتە خێڵەکییە کە بنەمـای دروسـتبوونەکەی عەقڵە و ئەو خـێڵانەی پێکیـان هێنـاوە ئەو جـۆرەن لە خێڵـی پەرەسـەندوو کە دۆخە سروشــتییەکەی خۆیــان تێپەڕانــدووە و لەگەڵ یەکــدا لەنــاو پێکهاتەیەکدا کەوتوونەتە ناو پەیوەندییەوە کە هـیچ یەکێکیـانی زاڵ نەکـردووە بەسـەر ئەوانـی تریانـدا و لە دۆخـی ئازادیـدا هێشـتوونیەتیەوە و رێگـرە لەبەردەم ئەوەدا کە هەر یەک لەو خێڵانە لەو دۆخە دەرچێت و بکەوێتە دۆخی زاڵیەتی یان دۆخی بەزینەوە. ئەوەی زامنی مانەوەی بوونی ئەم جۆرە لە پێکهاتەی خێڵەکـی دەکـات، مـانەوەی خێڵەکـانە لەنـاو دۆخـی ئـازادانەی خۆیاندا".٤٣٣**

لێرەدا کە عەقڵ فاکتەری سـەرەکی دروسـت بـوونی نەتەوەیە، لەو خێڵەی بە تێگەیشتن و مامەڵە یان هاوکاریان لەگەڵ یەکتر و لە بازنەی پەیوەندییەکان فراوان و دەکەن و قەوارەی بوونیان گەورەتر دەکەن.

**"کێشــەی پێکهــاتە خێڵەکییەکــانی کــورد لەنــاو ئەو چــوار دەوڵەتەدا کە کـورد بەسـەریاندا دابەشـکراوە، ئەوەیە کە لەو جۆرە لە پێکهـاتەی خێڵەکـین کە بنەمـای دروسـتبوونەکەیان ئـازادییە و لەبەرامـبەر ئەوانیشـدا لەنـاو ئەو چـوار دەوڵەتە پێکهاتەیەکی خێڵەکی زاڵە کە لە بنچینەدا لەسەر بنەمای زاڵیەتی دامەزراوە نەک بنەمای ئازادی.کێشەکەش لەوەدایە کە پێکهاتە خێڵەکیـیە کوردییەکـان دەیانەوێـت لە رێـگەی پەرەســەندنی سیسـتەمەکەی خۆیـانەوە پەرە بسـێنن و بـبن بە نەتەوە، واتە**

**دەیانەوێت نەتەوەش لەسەر بنەمای ئازادی بێتە ئاراوە نەک لەسەر بنەمای زاڵیەتیەوە دروست بکرێت.بەڵام ئەو پێکهاتە خێڵەکییانەی کە لە بەرامبەریاندا هەن، لەبەرئەوە لەو جۆرە لە پێکهاتەن کە لەسەر بنەمای زاڵیەتی دروستکراون و لەسەر بنەمای ئازادی دروست نەبوون، دەیانەوێت بەپێی هەمان بنەمای عەسەبەکان پەرە بسێنن و ببن بە نەتەوە. پێکهاتە خێڵەکییە کوردییەکانی ناو ئەم چوار دەوڵەتە بەهۆی ئەو سیستەمەوە کە بوونیان لەسەری هەیە، دەیانەوێت دەوڵەت بەرەو ئەوە بەرن ببێت بە دەوڵەتی ئەو پێکهاتە خێڵەکییانەی کە شیانی ئەوەیان تیایە ببن بە نەتەوە و دەوڵەتەکەش ببێت بە زەمینەیەکی ئازاد بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵە نەتەوەیەک کە پەیوەندی نێوانیان لەسەر بنەمای ئازادی بێت نەک لەسەر بنەمای زاڵیەتی".٤٣٣-٤٣٤**

زاڵبوونی تورک و عەرەب و فارس بەسەر کورددا، لە بنەچەدا کێشەیەکی گەورەیە و لە هەنووکەدا، بە مانایەک هەر ناکاتە ژێرچەپۆکی نێزیکی ٦٠ ملیۆن مرۆڤی کورد، تراژیدیاکە بەوەشەوە نەوەستاوە، ئەوان زاڵ و کورد بندەستە، بەڵکو ڕەهەندی نەرێنی و مەترسی داریان، لە رووی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و سەربازییەوە لەسەر ژیان و بوونی کورد دروست کردووە. مامۆستا مەسعوود لەم رووەوە دەڵێ:

**" گەلی کورد، وەک لە لای کەسێکی شارەزای وەک ئێوە ئاشکرایە، بە بارودۆخێکی مێژوویی وەها دەورە دراوە، مێژووی مرۆڤایەتی ناتوانێ یەک نموونەی تری لێ بهێنێتەوە، چونکە کورد کراوەتە چوار پارچە یا زیاترەوە و وڵاتانی دنیا و وڵاتانی ناوچەی دابەشکردنەکەش بە گەلەکۆمەکێ کاریان بۆ**

**بەردەوامی ئەو دابەشبوونە کردووە و یاسایان بۆ هەمیشەیی و شەرعییەت پێدانی داناوە و هاوکاری و هاوپەیمانییان لەسەری کردووە و ئەگەر لە توانای ئەو دەوڵەتانە بەدەر بووبێ، گەلی کورد کۆت و زنجیر بکەن و مەودای ببڕن بۆ ئەوەی هەموو بزاوتێکی ڕەت بکەنەوە، لە مەودای قەومییەتی بەرتەسکدا، بۆی هەیە ئەو بێزارییەی ئەم گەلەی تێی ئاخنراوە لەگەڵ هەر خۆبزواندنێکی بێزاریدا، دەمی تیغ و نووکی تیژی سوپای ئامادەکراو بۆ هێشتنەوەی ئەو دابەشبوونە بە گۆشتیدا بچێ جا نرخەکەی هەرچەند خوێن و بەربەستکردنی ئازادیی کورد و قوربانیدانی بێ".**

هاوکات ئەمە بۆچوونێکی جێی سەرنجدانە لە پێکهاتەی خێڵەکە کوردییەکانی ناو ئەم دەوڵەتانە خەون بە نەتەوە دەبینن. کەواتە ئەودەم نامێنن و بوونی خۆیان پووچەڵ دەکەنەوە. ئەوان لەسەر سیستەمی عەسەبە و زاڵبوونی خێڵ دامەرزاون. زاڵێتی و دەسەڵات لە دەست دەدەن و قەوارە دروستکراوەکەیان هەڵدەوەشێتەوە.

**شوێنی کورد لە نەخشەی نەتەوەخوازیدا**

مۆدێرن ئەو دیاردەیەیە، کە قۆناخی کشتوکاڵی دەگوازێتەوە بۆ قۆناخی پیشەسازی و پێی وایە و دواتر لێیەوە نەتەوە دەکەوێتەوە. بەڵام ئەو کۆمەڵگا باسکراوانە هەموویان لە خێڵە بەراییەکان کەوتوونەتەوە و بەگشتی ۳ جۆر کۆمەڵگان. گێلنەر دوو جۆر بەربەست باس دەکات، کە دێتە بەردەم تیۆرییە دروستەییەکەی نەتەوە. کۆسپی زمان و ئاستەنگی کوولتور.

**بەربەستی زمانی لەبەردەم دروستکردنی نەتەوەدا**

بە ستانداردکردنی زمانێک بۆ بڵاوکردنەوەی کولتورە پیشەییەکە، گەورەترین کۆسپی بەردەم نەتەوەخوازەکانە، لە دروستکردنی نەتەوەدا. بەلای گێلنەرەوە چارەسەری ئەم حاڵەتە دووجۆرە و بە درێژی خراوەتە ڕوو. د.عرفان پسپۆڕانە بە بالای ئەم باسانەدا، لەبەر رۆشنایی تیۆرەکەی گێلنەردا دێتە خوارەوە، نموونەگەلێک لەسەر رویتانیەکانی ئیمپراتۆرییەتی میغالۆمانیا دەخاتە بەرچاوی خوێنەر.

**" ئەوەی نەتەوەخوازەکان ئەنجامی دەدەن گۆڕینی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی نییە بۆ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی، بەڵکو گۆڕینی ئەو کۆمەڵگایەی خێڵە بەراییەکانە کە دەسەلاتێکی بێگانەی ناخێڵەکی لە کۆمەڵە خێڵێکی بەرایی دروستیکردووە بۆ عەسەبەیەک کە خاوەنی کەلتوورێکی باڵا و زمانێکی باڵای وەک ئەو کولتور و زمانەیە کە دەسەلاتە ناخێڵەکییەکەی پێشوو هەیەتی".٤٤٥-٤٤٤**

د. عرفان کۆمەڵێ نموونەی باش دەخاتە بەرچاوی خوێنەر و شیتەڵکارییەکی چڕی تیۆرییەکەی گێلنەر دەکات. چەند نموونەیەک لەسەر رۆتانیەکانی ناو میغالۆنیا و یۆنان و چەرکەسی ناو دەوڵەتی عوسمانی دێنێتەوە. باس لە ئازەری ئێران و حاڵی کورد دەکات، کە تەواو جیاوازە. چەرکەس و ئازەر دەستبەرداری دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان بوون و لەگەڵ نەتەوەخوازی تورک و فارس دا، ئاوێتە و هاوجووت/ تەماهی بوونەتەوە. بەڵام کورد بەرگری لە ناسنامەی خۆی کردووە و تەماهی نەبۆتەوە لەگەڵ نەتەوەخوازی داگیرکەرەکانیدا.

**"نەتەوەخــــوازی تــــورکی و فارســــی بە هـــۆی ئەوە کە فەرمـانڕەوایەتی هەردوو دەوڵەتـی مـۆدێرنی ئێـران و تورکیـا دەکەن، لە سنوری سیاسـی خۆیانـدا ڕەوایەتـی ئەوەیـان هەیە کەلتووره مۆدێرنەکە بەو زمانە ستانداردە تـورکی و فارسـییە سەراپاگیر بکەن کە خۆیان لە بنچینەی زمانە ناستانداردەکەی عەســـبە زاڵەکـانی خۆیــان دروســتیان کـردووە، لە لایەکـی تریشــــەوە ئەوان ڕەوایەتــــی ئەوەیـــان هەیە کە لە ســــنوری دەوڵەتەکەیاندا هەموو ئەو هەوڵانە سەرکوت بکەن کە لە پێناو ئەوەدا دەدرێـن زمــانێکی تــری جــگە لەو زمــانە ســتانداردە فەرمیـیەی دەوڵەت لە نـاوچەیەک لە ناوچەکـانی نـاو سـنوری دەوڵەتەکانیاندا بە پرۆسەی ستانداردکردندا ببرێت. ئەوەی ئەم بــــــزووتنەوانە لەو دوو دەوڵەتە داوای دەکەن بە پێـــــی ئەو سیسـتەمەی کە نەتەوەخوازییەکـانی جیهـان نەتەوەکانیـان پـێ دروستکردووە داوایەکی ناڕەوایە و نابێت لە سنوری سیاسـی دەوڵەتێکی مۆدێرندا بە دوو زمانی جیاواز کەلتوره مۆدێرنەکە بڵاوبکرێتەوە و کەلتورەکە دابەش ببێت بۆ دوو کەلتوری جیاواز و نەتەوەخـوازییەکەش کە نەتەوەکە دروسـت دەکـات ببێت بە دوو نەتەوەخوازیی جیاواز"٤٤٨**

نەتەوەخـوازی تـورک هەر زمـانی سـتانداردی کـوردی ڕێبەنـد نەکردووە، بەڵکو زمانە میللییەکەش قەدەغە دەکات. ئاخر تـورک لە هەموو لایەک زیاتر لە هەبوون و بوونی دروسـتکراوی خـۆی دەترسێ. هەروەک کوردیش دەڵێ " کراسـی دزراو دەبێ بەشـەو لەبەر بکرێـت" تـورک بە خـۆیی و دەوڵەتە دروسـتکراوەکەیەوە، بەگــژ هەر شــتێکی نــا تورکیــدا دەچێــتەوە. دیــارە قەبــارەی ترســـەکەیان زۆر گەورەیە، بــۆیە گەر ئەمە نەکەن، بەرگەی ئەو

گووشـــارانە نـــاگرن، کە  لە لایەن نـــا تورکەکـــانەوە دەکەوێـــتە سەریان. هەر زوو ئەوەی بونیاتیان ناوە، گورج هەرەس دێنیَ و تەفروتونـــا دەبـــن. بەڵام فـــارس لە ئێـــران دا تەنیـــا زمـــانە ســـتانداردەکەی قەدەغە دەکـــات. لەم قۆنـــاخەدا، ئێـــران زمـــانە میللییەکەی کورد، بە هەڕەشە لەسەر خۆی نازانیَ. بە نموونە، پارتی کۆمەنیستی ئێران، توودە لە پرۆگرامەکەیدا، دەنووسیَ: دەبێت زانکۆیەک لە شاری سنە دابمەزرینین بە زمانی فارسی تێیـــدا بخوێنـــدریَ. تیـــۆری رۆژی تورکەکـــان، زەریـــایەکە لە شۆفێنیزم و نەزانی، زمانی تورکی تێهەڵکێشراوە. عەرەبیش، وا پیرۆز کراوە، تابووە، گەر زمانێکی تری بەرامبەر رابگیریَ.

**کەلتوری خێڵەکی وەك بەربەست**

**لەبەردەم دروستکردنی نەتەوەدا**

نووسەر، بەدرێژی لەسەر ئەم خاڵە دەڕوات و شەنوکەوێکی بیروبۆچوونەکانی گێلنەری تێدا دەکات، تا دەگاتە ئەم بۆچوونە:

**"بەڵام  لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا چۆن زمان و کەلتوری ناوچەیی نامێنیَ و خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی ناو سنووری سیاسی دەوڵەتێکی مۆدێرن یەک زمان و یەک کەلتوریان دەبێت و هەریەکە دەست لە کەلتور و زمانە ناوچەییەکەی خۆی هەڵگرێت و دەچێتە ناو ئەو گروپە  نوێیەوە کە نەتەوەخوازی دروستی دەکات و ناوی دەنێت نەتەوە.بەهەمان شێوە لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا گروپە ناوچەییەکان دەبێت دەستبەرداری پیشە تایبەتەکانی خۆیان ببن و هەموویان بۆیان هەبێت ببنە خاوەنی هەر پیشـــەیەک لەو پیشـــانەی کە لەو کۆمەڵگـــا پیشـــەییەدا هەیە".٤٥٢**

کۆمەڵگای پیشەسازی و دەوڵەتەکەشی بەدەست هەر کەس و تاقمێکەوە بێت، ئامانجی بەرپاکردنی یەکرەنگ کردن و لە قاڵب دانی، هەموو خەڵکانی کۆمەڵگا جیاوازەکانە بە زمان و کولتورەکەیانەوە لە بچم و قەبارە و ڕەنگێکی هاوبەشدا.گروپە ناوچەییەکانیش دەبێت واز لەو پیشە و کارانەی خۆیان بهێنن و سەرگەرمی فێربوونی پیشەیەکی تر بنللەو پیشانەی کۆمەڵگا/ سیستەمی پیشەسازییەکە دایهێناوە، هەڵبەت ناشبێت، هیچ کام لەو پیشانە، لە لایەن گروپێکەوە قۆرخ بکرێن.

**"لەو ناوچەیەدا کە بە جیهانی ئیسلامی ناو دەبرێت، ئەو نەتەوەخوازانەی کە بە کولتورە پیشەییەکە ناتوانن لە سنوری سیاسی دەوڵەتەکانی خۆیاندا یەکبوونی زمانی و کولتوری دروست بکەن و زاڵبن بەسەر کولتورە نزمەکانی وەک کولتوری تەریقەتدا، بەناچاری دەکەونە ناو پەیمانەوە لەگەڵ کولتورە مەزهەبییە باڵاکەی ئیسلامدا و لە ڕێگەی ئەم پەیمانەوە دەتوانن کولتورە ئیسلامییە نزمەکان لە کولتورێکی مەزهەبیدا بکەنەوە بەیەک و ئەو بەربەستە لەبەردەم یەکبوونی کولتوریدا نەهێڵن و بەمەش نەتەوەخوازی بتوانێت کولتورە پیشەییەکەی خۆی بە زمانە ستانداردکراوەکە بە یەکسانی بەسەر هەموو ناوچە کولتوورییە جیاجیاکانی ناو سنوری دەوڵەتەکەی بسەپێنێ".٤٥٥ ـ٤٥٦**

بەپێی هەڵسەنگاندنی د. عرفان، لەم شوێنەدا کە نەتەوەخوازی بۆ ڕامالینی مەترسی کولتوری، لەسەر مەترسییە بەربەستکەر و هیوا ڕێخۆشکەرەکان دروستبوونێکی پیشەسازی نەتەوەی دروستکراو باس دەکات کە کولتوری ئاست

نزم(کولتوری تەریقەتی پیاوە ڕۆحانییەکانە) دروستیکردوون، کولتوری باڵای ئیسلامی(ئایینی مەلاکان) دەکات بە گژیدا.

**"نەتەوەخوازی دەیەوێت لە سنوری سیاسی دەوڵەتە مۆدێرنەکەدا یەک کولتوری پیشەیی بە یەک زمان سەراپاگیر بکرێت و لەبەرامبەر ئەو کولتورەدا کولتورە پیشەییەکە بە زمانێکی تر بوونی نەبێت، ئیسلامی مەزهەبیش دەیەوێت لە چوارچێوەی هەمان دەوڵەتدا یەک کولتوری مەزهەبی ببێت بە کولتوری ئاکاری و ئاینی ناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتە و لە هەمان کاتدا ڕێگەش نەدات بەوەی کولتورێکی تری مەزهەبی یان چەند کولتورێکی نامەزهەبی وەک کولتوریی رۆحی تەریقەتەکان لەناو سنووری ئەو دەوڵەتەدا ببن بە کولتوری ئاکاری و ئاینی ناو دەوڵەتە مۆدێرنەکە".٤٥٧ ـ ٤٥٨**

چەند نموونەیەک لە نەتەوەخوازی جیهانی ئیسلامی دێنێتەوە، وەک جەزائیر و ئێران و سۆمال. دووبارەکردنەوەیان بە پێویست نازانین.

**"لای ئەو نەتەوەخوازی عەرەبی بە هۆی ئەوەوە کە زمانەکەی هەمان زمانی ئیسلامی مەزهەبییە دەتوانێت کولتورە مەزهەبییە باڵاکەی ئیسلام بخاتە ناو پێکهاتەی نەتەوە و لەگەڵ کولتورە پیشەییەکەدا بەبێ کێشە نەتەوە دروست بکات".٤٥٨ـ٤٥٩**

شوناسی نەتەوەیی لە هی ئایینی جیاناکرێتەوە. میغالۆمانی بە نموونە روتیانی تێیدا. تورکیا، نموونەی چەرکەس و ئێران، نموونەی ئازەری، ئەم نەتەوانە وەک خێڵی تەواوەی ناو عەسەبەیان لێ هاتووە. خۆیان کردووە بە بەشێک لە شوناسی نەتەوە دروستەییەکی نەتەوەخوازی. پێش چەند ساڵێ وەک

بەرتەک بۆ تۆمەت و سوکایەتیکردنێکی دەوڵەتی ئێرانی فارسی بە ئــــازەری، خۆپیشـــــاندانێک لە شـــــاری ئـــــورمییە، لەلایەن ئازەرییەکانەوە بەرامبەر بە سیاسەتی دەوڵەتی ئێران ڕێک خرا. عەلی خامەنەیی، ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران، کە بۆ خۆی ئازەرییە، پەیامێکی ئاڕاستەی ئازەرییەکان کرد و ووتی: گەلۆ ئێوە بەس دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمیتان دەوێ لە شاری ورمییەدا، یــاخود تەواوی ئێــران. بەم شــێوەیە ئازەرییەکــان، کە ئێســتا برِبــڕەی ئــابووری ئێرانیــان وا بەدەســتەوە و بەشــێکی زۆری پۆســتە گرنگەکــانی دەوڵەت بەڕێــوە دەبەن، خــاوەنی پرســێکی نەتەوەیــی نــین، هێنــدەی لە گۆشــەی چــاوچنۆکی ئــابوورییەوە، هیوایان لەسەر ڕووتاندنەوەی ئابووری ئێران هەڵچنیوە.

**کورد لە نێوان رویتانییەکان و سۆماڵییەکاندا**

**"ئەوەش لە حــاڵەتی ســۆماڵییەکانەوە تیــۆریزەی کــردووە ئەوەیە کە نەتەوەخوازیی سۆماڵی وەک نەتەوەخوازیی کوردی ئەوەی دروستی دەکات جۆرێکی تایبەتە لە نەتەوە کە خێڵ ئاوێتە دەکات بە نەتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، ئەوەی دروستیدەکات لەناوەوە خێڵ بێت و پەیڕەوی لە یاساکانی خێڵ بکات و لە دەرەوە نەتەوە بێت و پەیڕەوی لە یاساکانی نەتەوە دروستکراوەکان بکات".٤٦٩**

د. عرفــان لەبەر ڕۆشــنایی تیــۆرەکەی گێلــنەردا، بە فراوانــی باس لە حاڵەتی سۆمالی و رۆتان دەکات لەگەڵ کورددا دەکات. بەتــایبەت کــاتێ نەتەوەخــوازی ســۆماڵی نەیتوانیــوە، زمــان و کولتــورێکی یەکگرتــوو، لەو فــرە خــێلانەی هەیە دروســت بکــات. هەموو ئەم هەوڵ و تەقەلانەی د.عرفان، لە بەراوردکردنی دۆخی

کــورد، بەو نموونــانەدا، دەگەڕێــتەوە بــۆ لێزانــی و پەرۆشــە، گەورەکەی نووســـەر بـــۆ پرســـی کوردبـــوون و لە ڕەگ و ڕیشەوە تێگەیشت لە پاشخان و پێشخانەکانی.

**"کوردەکان باشترین نموونەن لە مێژوودا نەچوونەتە ناو ئەو پەیمانەوە کە لە نێوان سەردار و کۆیلەدا دەبەسترێت(...)ئەو سیســتەمەش کە کــورد لە مێــژوودا پەیــڕەوی کــردووە ئەو سیستەمەیە کە بەرهەمهێنەری جیاوازییە زمانی و کولتورییەکانە لەو یەکبـــوونە عەقڵیـــیەی کە لەنـــاو جیـــاوازییە زمـــانی و کولتورییەکانــدا بە شــێوەیەکی پەتــی هەیە، ئەم سیســتەمەش یاســاکانی تەواو پــێچەوانەی ئەو سیســتەمەن کە عەســەبە و نەتەوە خوازی پەیڕەوی لێدەکەن و بەرهەمهێنەری یەکبوونێکی سروشـــتییە لەو جیـــاوازییە کولتـــوری و زمانییـــانەی کە بەشێوەیەکی واقعی هەن".٤٧٤ ـ٤٧٥**

بە پێی ئەم تێڕوانینە، ئەو پلورالیزمەی لە پێکهاتەی کورد دا هەیە، گەرەنتــی مــانەوە و ئامــاژەی خەســڵەتی جیــاوازی کــوردە، لەگەڵ ئەو نمــوونە گەلەی باســکراون. لەکاتێکــدا ئەم دیــاردەی فــرەییە، لە لای زۆر نووســـەر و لێکــۆڵەر، نیشــانەی مــاڵوێرانی کــورد و نائامــادەگییەتی لە مێژوودا.پێمــوایە بە گرنــگ وەرگرتنــی ئەم خــاڵە لە لایەن تــوێژەرانەوە و کــار لەســەرکردنی بــۆ زیــاتر ڕوونکردنەوەی مێژووی ئەم پرسە پێویستە.ڕەنگە دەروازەیەکی باش بێت، بۆچوونە نێو قوڵایی پرسی کورد و بنچینەکەیەوە.

**"ئەوەی ئایدیاڵی نەتەوەخــوازی داوای دەکات ئەوەیە کە لە ســنوری سیاســی دەوڵەتەکەیــدا دەبێــت چینــی خوێنــدەوار بە کولتورە پیشەییەکەی خــۆی و ئەو زمــانەی کە کردوویەتــی بە زمانی ئەو کولتورە، جەستەی کولتوری و زمانی خێڵ و ئەتنیکە جیاوازەکــان هەڵوەشــێنێتەوە و لەگەڵ جەســتەی کولتــوری و**

**زمانییەکەی خۆیدا تەماهی پێبکات و عەسەبە کولتوورییەکەی خۆی دروست بکات.ئەمەش هیچ جیاوازییەکی ئەنتۆلۆجی و دروستەیی لەگەڵ ئەو خێڵەدا نییە کە دەبێت بە عەسەبە و لە سنووری ئەو دەسەڵاتە سیاسییەدا کە هێزی زاڵیەتییەکی بۆی دیاریکردووە جەستەی خێڵە جیاوازەکان لەگەڵ جەستەی خێڵەکەی خۆیدا تەماهی پێبکات و عەسەبەکەی دروست دەکات".٤٧٧**

لێرەشدا، شەڕ هەر لە دژی کولتوری  پێکهاتە وخێڵەکان و ئەو سیما فرەییە، هەیە. چۆن هەوڵ بدرێ لە ڕێگای دەستەی خوێنەوارەوە، بە دەربڕینەکەی ئەندەرسۆن، بەو پیشەیەی هەیانە کولتورێکی یەکشوناس بهێنە ئاراوە. ئاخر وەک ئاماژەمان پێداوە، نەتەوەخوازی بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی بەرەنگاری شوناسە جیاوازەکان دەبێتەوە.

**"ئەوەی بزوتنەوە کوردیەکان لە نەتەوەخوازییە شکستخواردووەکەی سۆماڵ و هەموو نەتەوەخوازییەکانی جیهان جیادەکاتەوە ئەوەیە بە پێچەوانەی ئەوەوە کار دەکەن کە نەتەوەخوازی داوای دەکات(....)بزوتنەوە کوردییەکان نەک بزوتنەوەی نەتەوەخوازنین بەڵکو تاکە بەربەستێکی گەورەن لەبەردەم ئەوەدا کە نەتەوەخوازی بەناوی نەتەوەوە لەناو خۆیان و لە دەرەوەی خۆیاندا دروستی دەکات".٤٧٨**

نووسەر لەم میانەدا بۆچوونێکی تری جێی سەرنج و لەسەر ڕاوەستان دەخاتە بەر دەستمان. خاڵێکی بنچینەیی جیاوازی نێوان بزووتنەوە کوردییەکان و ئەوانی دیکە، ئاماژە پێ دەدات. ئەم بزوتنەوە کوردییانە لەبری ئەوەی وەک، ئەوەی بەڵگەنەویست و چاوەڕوانکراوە لە نەتەوەخوازی لە نێوان

خۆیاندا یەکبوونی زمانی و کولتوری جیاواز بەرهەم بێنن.دێن و بە دروشم و داوای پراکتیکییەوە پەیڕەو لە یەکبوونی یەک شوناسی کولتوری و زمانی ناکەن. ماهیەتی بزوتنەوە نەتەوەخوازییەکان یەکبوونە، هی کورد جیاوازیی فرەییە.

**"بزووتنەوە کوردییەکان بە ئاڕاستەی هەڵوەشاندنەوەی ئەوە کار دەکەن، کە نەتەوەخوازی وەک عەسەبەیەکی مۆدێرن دروستی دەکات ... بزووتنەوە کوردییەکان نەک بزووتنەوەی نەتەوەخوازنین بەڵکو تاکە بەربەستێکی گەورەن لەبەردەم ئەوەدا کە نەتەوەخوازی بەناوی نەتەوەوە لەناو خۆیان و لە دەرەوەی خۆیاندا دروستی دەکەن".٤٧٨**

ئاخر لە کاتێکدا وا چاوەڕوان لە بزووتنەوەی کوردی دەکرێ، نەتەوەخواز بێت و پرسی نەتەوە، لە گوتارێکی یەکگرتوودا فۆرمەلە بکات، نووسەر دێت و دەمانخاتە بەردەم ئەم باسە قورس و پێکەڵ پێکە. ڕەنگبێ ئەمە جیاوازترین بیروبۆچوون بێت، لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەخوازی کورد، کە لێرەدا د. عرفان بە پێچەوانەی هەموو نووسەر و لێکۆڵەرانی دیکەوە پێشکەشمان دەکات. ئەم خاڵە شایانی لەسەر ڕاوەستانە و کەرەسە و مژارێکە، گەرەکە پسپۆڕان و زانستکاران و توێژەران و خەمخۆران باشتر ئاوڕی لێ بدەنەوە. بە هیوای لەم ڕێگایەوە مەتەڵی ئاڵۆزی کورد چانسی هەڵهاتنی بۆ بێتە پێشەوە.

# بەشی پێنجەم: بوونی نەتەوەیی کورد لە نێوان کوردبوون و نەتەوەخوازیدا

**بزوتنەوە کوردییەکان و نەتەوەخوازی**

بـزووتنەوە کوردییەکـان لەبـری ئەوەی وەک بـزووتنەوە نەتەوەخـوازەکە، لە نێـوان خۆیاندا یەکبـوونی زمـانی و کولتـوری بهێنـنە ئـاراوە، جیـاوازی بەرهەم دێـنن. بەمەش پێـڕەوی لە یەکبـوون و یەک شوناسـی کولتـوری و زمـان نـاکەن. مـاهیەتی بـزوتنەوە نەتەوەخوازییەکـان، یەکبـوونە، هـی کـورد جیـاوازی و فرەییە. د. عرفان بۆ یەکەمجار باسێکی هەستیاری لەم چەشنە دەخاتە بەردەستی خوێنەر، کە وەک بەردێکی گەورە بخاتە نێو گـۆمێکی قـوولەوە، ئەم پرسـگەلە لەم شـێوەە و نـاوەڕۆکەدا دەشڵەقێنێ، و کۆمەڵێ پرسـیاری جددی لەسـەر نەتەوەخـوازی کـوردی قـووت دەکـاتەوە، گەوهەری هەموویـان پرسـە لەسـەر ئەوەی "کێشـەی کـورد چیـیە؟". یـاخود کوردبـوون چ مانـایەکی هەیە؟. و نـاوەڕۆک و مانـا و ئامـانجی کوردبـوون چیـیە؟. لەم ڕەهەنـدەدا کە نووسـەر قورسـاییەکی زۆری بەخشـیوە بە بیروباوەڕەکـانی.بەرەو ئاڕاسـتەیەکی تـری بیرکـردنەوەی پرسیارکردنمان دەبات.

نووسەر دەیەوێ بە قووڵی لەسەر دەست نیشانکردنی بیر و ئامانجی بزوتنەوە کوردییەکان بوەستێ و گەرەکێتی بەرامبەری نەتەوەخـوازییەکەی بکـاتەوە. ئـاخر سـاتێ نەتەوە لە ڕوانـگەی نەتەوەخـوازییەوە بریتـی بێت لە کۆمەڵگـایەکی پیشەسـازی یەک زمـان و یەک کولتـوور، و تەنهـا ئەوانەش دەبـنە ئەنـدامی ئەم

کۆمەڵگـــایە، کە بەو زمـــان و کولتـــووره دروســـتکراوە لە قوتابخانەکانی ئەو دەوڵەتەدا پەروەردە دەکرێن، و هەڵسوکەوت دەکەن.لێرەوە لەوە تێدەگەین ئەوەی ئامانجی نەتەوەخوازییە و ئەوەیشـی دروسـتی دەکـات نەتەوە نییە، بەڵکـو کۆمەڵگـایەکی پیشەسـازییە، کە بارگـاوییە بە کـۆمەڵێ پرسـگەلی سیاسـی و مەرامی شاراوەی دیکە.بۆیەکا لە تێڕاینینێکی عەقلانییەوە، هەرگیز ناکرێ بەو پێکهاتووە بگووترێ نەتەوە.

بە کــورتی و کرمـــانجی نەتەوە لە بیــری نەتەوەخوازیـــدا{ وێنـاکردنی کۆمەڵگـایەکی یەکزمـان و یەککولتـووره، تـا ئەوەی وێنـاکردنی کۆمەڵگـایەکی پیشەسـازیی بێـت}.هەڵبەت ناتوانرێـت هەرگیز بەو بوونەوەرە دروستکراوە بگوترێت نەتەوە. ئامانجی سەرەکی کێشەی قووڵی بزوتنەوەی کوردی ئەوەیە نەیتوانیوە، نەتەوە دروست بکات. لە دیدی نووسـەرەوە هەموو نووسـەرە کـورد و بێگانەکـان لە کارەکانیـان لەمەڕ کـوردەوە، کەوتـوونەتە هەڵەیەکـی زەقەوە. هۆکەیشـی ئەوەیە کە سـەرلەبەری ئەمـانە نەیـانتوانیوە، لە کرۆکـی کێشـەی کـورد تێـبگەن و تێکڕایـان هەوڵیـــان داوە، بە پێـــودانگەکەی نەتەوەخـــوازی ڕوانـــگەی مۆدێرنیزم هەڵسەنگاندن، بۆ بزووتنەوە کوردییەکان بکەن، بێ ئەوەی دەست نیشانی ئەوە بکەن یان ئەو جیاوازییە بخەنەڕوو، کە بـزوتنەوە کوردییەکـان لە گەوهەردا هەیـانە، و راسـتەخۆ نـــاکەونە بەر حـــوکمی تیـــۆرە نەتەوەخـــوازییەکە، چـــونکە بـزووتنەوەکە خـاوەنی بیـر و ئامـانجی خـۆیەتی و کـاراکتەری تـایبەت بە خـۆی هەیە و لەسـەر بنەمـا و زەمینەیەکـی پـتەو هەڵساوە و پێکهاتە و ڕەوتی جیاوازە.

نووسەر، خاڵێکی سەیر دەورووژێنێ و بەلایەوە، ئەو کۆمەڵە هۆکارەی بوونەتە هۆی شکستی بزووتنەوە کوردییەکان و زۆرینەی  مێژوونووس و ئەوانەی سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن و نووسەرانی دیکەوە جەختی لەسەر دەکەنەوە، بەلای ئەمەوە، ئەم خاڵە هێما و فاکتی مانای سەرکەوتن و نهێنی مانەوەی کورد  دەبەخشێ. دیارە ئەمە لەتەک ئەو بۆچوونەدا ڕاستە، بزوتنەوە کوردییەکان، خاوەنی تایبەتمەندێتی شوناسی سەربەخۆ و جیاوازن لە بزوتنەوە نەتەوەخوازییەکە، نەک بە پێچەوانەوە. هەبوونی فرەزمانی و فرە کولتوری لەناو کورد دا، وەک دیاردە، شتێکی حاشاهەڵنەگرە، جا کەواتە بە پێی تیۆرە عەقڵییەکە، ئەمانە نیشانەی سەرکەوتنی بزووتنەوە کوردییەکانە تا دەگاتە بەرجەستەبوونی رۆحی نەتەوە. بەڵام لە ڕاستی دا بزووتنەوە نەتەوەخوازییە شکستیخواردووە، چونکە نەیتوانیوە، زمانی ستاندارد و کولتوری وەک یەک بهێنێتە بوونەوە.

نووسەر لەم بەشەدا پێنج پرسیاری گەورە قووت دەکاتەوە. وەک کێشەی بزووتنەوە مۆدێنیزمەکان، وە نالێ نەتەوەخوازییەکان، چونکە پێی وایە بە هەڵە ناونراون نەتەوەخواز. گەرەکێتی بزانێ بیری ئەم بزووتنەوانە چۆن لە کۆمەڵگادا فۆرمەلە/ شێوەگیر دەبێت. بەرامبەر بەوەی نەتەوەخوازی بۆ خۆی ئامانجێتی و دەیەوێ پێی بگات. لێکۆڵەرانی کورد و بێگانە لە چوارچێوەی تیۆری نەتەوەخوازییەکەدا کاریان لەسەر بزووووتنەوە مۆدێرنەکانی کورد کردووە. بۆیە د، عرفان ناچارانە شەن و کەوێکی ئەم پرسەگەلە لە دیدی نەتەوەخوازییەوە دەکات و  لە

کلاورۆژنەیەکـی دیـکەوە پرسـگەلێ دەورووژێنـێ و چەپکـێ سەرنجی نوێ تۆمار دەکات و دەڵێ:

**"تێڕوانی بزوتنەوە کوردییەکان بۆ نەتەوە ئەوەیە، نەتەوە ئەو کۆمەڵگایەیە کە لە خەیاڵی خۆیاندا ناویان ناوە، بەڵام بەلای نەتەوەخوازییەوە، نەتەوە کۆمەڵگایەکی پیشەسازیی یەک زمان و یەککولتـورەو ئەنـدامانی ئەو نەتەوەیەش تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەو زمان و شێوازە کولتوورییە لە قوتابخانەکانی ئەو دەوڵەتەدا پەروەردەکراون و ببنەتەوە ئەندامی ئەو کۆمەڵگا خوێندەوارەی کە ئەو قوتابخانە بەرهەمی دەهێنن.٤٨٥**

مەبەسـت ئەوەیە هەر کەسـێک بەو سیاسـەتە فەرمیـیە، کە دەوڵەت لەڕێـی دامودەزگاکـانی خوێنـدنی نـاو قوتابخانەکـانەوە، بەگەڕی خسـتووە و فێـری کولتـورە پیشـەییەکە نەبێـت، یـاخود پێـڕەوی لـێ نەکـات، بە ئەنـدامی ئەو کۆمەڵگـایە قبـووڵ نـاکرێ. وەک نمـوونە سـەبارەت بە کـورد، لە تورکیـا دا گەر بەم ئەرکە هەڵنەستێ تورک بە هاوڵاتی تورکیای دانانێ و فـارس ناسـنامەی ئێرانـی نـاداتێ و عەرەبـیش بە بێگـانە و گێرەشـێوێن و کـوتەکی دەستی بێگانەی دەداتە قەڵەم.

**"لەراستیدا ئەوەی نەتەوەخوازی دروستی دەکات نەتەوە نییە، بەڵکـو کۆمەڵگـایەکی پیشەسـازی یەکزمـان و یەککولتـورە و نەتەوەخوازی ناوی دەنێت نەتەوە، نەتەوەخوازی دەتوانێت بەبێ ناولێنـانی ئەم کۆمەڵگـایە بە نەتەوە کۆمەڵگـا پیشەسـازییەکەی خۆی دروست بکات"٤٨٥**

ناونـانی ئەم کۆمەڵگـایە بە نەتەوە، هەر لەبەرئەوەیە، یەک زمان و یەک کولتوری دروستکراو، دەبێتە شوناسـی کۆمەڵگاکە. نەتەوە لە بیـری نەتەوەخوازیـدا زیـاتر وێنـاکردنی کۆمەڵگـایەکی

کشتوکاڵییە تا وێناکردنی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی. ئەوجا نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ ناو مێژووی سەردەمی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی مەزهەبی عوسمانی و نموونەی لێ هەڵدەگۆزێ و لە بەرامبەر کورد تورک و ئەوانی دیکەی ناو ئیمپراتۆرەکە. دەبینین ئەوانی دیکە، هەموویان پێڕەویان لە یەک زمان و یەک کولتوور کردووە، بە تەنیا کورد نەبێ، بە پرنسیپی"**فرەیی**"، بزوتنەوەکەی بەڕێوە بردووە. هەر بۆیە ئەوان بوونەتە خاوەنی بزووتنەوەی نەتەوەخوازی، نەتەوەیان دروست کرد و کورد لە شوێنی خۆی مایەوە.دیارە وەک نەتەوە.

کەواتە کورد بەم یاسای نەتەوەخوازییە کاری نەکردووە. جا ئەو پرسیارەی لێرەدا و لەم ڕەهەندەدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە: ئایا کار نەکردن و مانەوەی کورد بە پاراستنی فرەییە، بەسوود بووە یاخود زیانی هەبووە؟. نەتەوە لە بیری نەتەوەخوازیدا، کۆمەڵگایەکی یەک کولتور و یەک زمانە و وێنای کۆمەڵگایەکی لەم فۆڕمە دەکات زیاتر لەوەی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی مۆدێرن بنوێنێ. نەتەوەخوازی پەیڕەوی لە یاسای شوناس دەکات ڕێگرە لەبەردەم هەر جۆرە جیاوازیی و فرەییەکدا.

**"لەوانەیە جیاوازی نێوان بزووتنەوە کوردییەکان و نەتەوەخوازی ئەوە بێت کە بزووتنەوە کوردییەکان بیرۆکەی نەتەوە لەلایان ئەو کۆمەڵگایە بێت کە خەڵک لە خەیاڵی خۆیدا ناوی ناوە نەتەوە، بەڵام بزووتنەوە نەتەوەخوازییەکانی دنیا بە پێچەوانەی ئەمەوە بیرۆکەی نەتەوە لەلایان ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەیە کە کۆتایی بەو خەونە دەهێنێ خەڵکی بەو کۆمەڵگایەوە دەیبینن کە ناویان ناوە نەتەوە"(٤٨٥)**

بەدیدی د. عرفان ئەوەی وا دەکات ئەو بزووتنەوانەی کە کۆمەڵگا پیشەسازییە ناوچەییەکان دروست دەکەن و ناوی نەتەوەی لێ دەنێن، ئەوە نییە بڵێین ئەو کۆمەڵگایە مۆدێرن و لەسەر زەمینەی کولتورێکی پیشەیی نوێ دامەزراوە، بەڵکو هۆکاری ناونانەکەی بە نەتەوە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە ڕێگە نادات بەوەی کولتوورەکەی زیاتر لە زمانێک و شێوازێکی هەبێت.واتە بە کورتی تۆتالیتارێتی یەک شوناسی وا دەکات هەر گرووپ و کۆمەڵگایەک بە نەتەوە پەسەند بکرێ. بۆنموونە سیاسەتی نێودەوڵەتی دەیەوێ بە زۆردارەکی باس لە نەتەوەی تورکیا و ئێران و عێراق و لیبیا و یەمەن و ئیسپانیا بەلژیکا و شانشینی بەریتا بکات، لەکاتێکدا ڕاستییە مێژوویی و ڕووداوەکانی سەردەم شتێکی ترمان نیشان دەدات و دەڵێ. لە عێڕاق دا نەتەوەیەک نییە بە ناوی نەتەوەی عێراقی یان نەتەوەی یەمەنی یاخود سووری یاخود ئیسپانی، چونکە کورد و کەتەلانی و سکۆتی و ئیرلەندی و وێلزی و کۆمەڵی دەستە و گرووپ و کۆمەڵگای دیکەی ناعەرەبی لە سووریا و لیبیا زۆر شوێنی تری دنیا هەیە و باسیان لێوە ناکرێت و ناتوانن مانا و پێناسەی نەتەوە وەرگرن، هەتا ئێستاش نەیان توانیوە.

با بزانین د. عرفان دواتر چیمان بۆ باس دەکات.

**" ئەو بزووتنەوە مۆدێرنە کوردییەی کە لەناو جەرگەی خەلافەتە مەزهەبییەکەی عوسمانییەکاندا لە ڕێگەی چینە خوێندەوارەکەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە وەک بزووتنەوەیەکی مۆدێرن سەرهەڵدەدات، هەر لەسەرەتاوە پەیڕەوی لەو یاسایە ناکات کە بە پەیڕەوکردنی دەتوانێت ببێت بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز".٤٨٧**

کاتێ ڕۆژنامەی کوردستان، لە ١٨٩٨/٤/٢٢دا لە قاهیرە، وەک زمانحاڵی ئەم بزووتنەوەیە، لەلایەن کوردی هەموو بەشەکانی کوردستانەوە، بە شێوە زاراوە جیاکانی زمانی کوردی، کرمانجی سەروو و خوارووو دەرکراوە. ئایا ئەم ڕووداوە، دەبێتە ئارگومێنت و پاڵپشت و بەڵگەیەکی تری بۆچوونەکانی د. عرفان، لەسەر ئەوەی کورد بەردەوام کاری بە یاسای فرەیی کردووە؟. هاوکات ئایا ئەم ڕاستییە کتومت دەکاتە، ڕەنگدانەوەی هەڵکەوتە تایبەتییەکەی نەتەوە و زمانی کوردی و کوردبوون؟. ئەمانە مشتێ لەو بۆچوونە مشتومڕ هەڵگیرسێنەرەن، کە د. عرفان هێناونییەتە کایەی ڕۆشنبیری کوردییەوە و لەم ڕێگایەوە گۆمێکی مەنگی پەنگخواردووی پێ شڵەقاندووە.

**"پەیڕەوکردنی فرەزمانی و فرەشێوازی لەلایەن ئەو چینە خوێندەوارە مۆدێرنەی کە نوێنەرایەتی لایەنی کەلتوری ئەم بزووتنەوە کوردییە دەکات، لە لایەکەوە ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم بزووتنەوەیە وەک هەموو بزووتنەوە مۆدێرنەکانی تری ناوچەکە کار بۆ ئەوە دەکات بە کەلتورە پیشەیی مۆدێرنەکە کۆمەڵگا کشتوکاڵییە کوردییە پریمۆدێرنەکەی خۆی بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی ناوچەیی مۆدێرن. بەڵام لە لایەکی ترەوە ئاماژە بەوە دەدات کە ئەم بزووتنەوەیە هەر لەسەرەتاوە دژی ئەو بنەمایەی نەتەوەخوازی کاردەکات کە داوا دەکات ئەو بزووتنەوەیە یەک زمان و یەک شێواز لە کەلتوورە پیشەییە مۆدێرنەکەدا بەکاربهێنێ و بە هۆی بەکارهێنانی فرەزمانی و فرە شێوازییەوە کەلتورە مۆدێرنەکە لەناوخۆیدا نەکات بە چەند کەلتوورێکی پیشەیی جیاواز".٤٨٨**

ئەم بـزوتنەوە مـۆدێرنە کـوردییە، لەکاتێکـدا دەیەوێ لەبـری پێڕەوی لە یاسای شوناس، بەواتای یەک زمان و یەک کولتور بکات، دێ و بە یاسای جیاوازی و فرەشوناسییەوە تێدەکۆشێ و ئامانجیشی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی پیشەسازییە. کەواتە ئەم بزووتنەوە هەر لەسەرەتاوە مۆدێرنە لێ نەتەوەخواز نییە.ئەم بزووتنەوەیە لەبەرئەوەی لەسەر بنەمای کەلتورە مۆدێرنەکەی کۆمەڵگای پیشەسازی دامەزراوە، بۆیە بزووتنەوەیەکی مۆدێرنە و بەرهەمی مۆدێرنێتییە کار بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی دەکات. بەڵام نەتەوەخوازی نییە و گەرەکی نییە نەتەوە دروست بکات. یاخود لەمەش زیاتر بەناوی نەتەوەوە ڕێگر بێت لەوەی کەلتوورەکە ببێت بە چەند کولتورێکی زمان جیاواز و شێوازجیاواز. هەروەها کۆمەڵێ ئەرک و کاریگەرێتی نەتەوەخوازی و بنەمای کوردبوون دەکەونە دوو توێی ئەم باسەوە و هەنگاوێک لەوە زیاتر، ئەم بزوتنەوەیە هەر لە سەرەتاوە دژ بە شۆڤێنیەت و تۆتالیتارێتی کەلتورییە. چونکە مۆرکی کوردبوون پانتاییەکی فراوانی بە خۆشەویستی و بەخشندەیی نەخش بووە.

ئەم بزووتنەوە، نەتەوەخوازییە دەیەوێ، لەسەر ئەو مۆدێلە بڕوات هەموو جیاوازییە کولتوریی و زمانەکان، لە قاڵب بدات و لە ڕێگای دەسەڵاتێکی سەرکوت کەرەوە بە سەر هەموو پێکهاتە جیاوازەکاندا بیسەپێنێ. بەمەش خەسڵەتێکی شۆڤێنستانە و عەقڵێتی تۆتالیتاریی کولتوری پێڕەو دەکات. کاتێ جیاوازییەکان نەمان و کوژران، یەک کۆمەڵگای یەک زمانی و یەک شوناسی هاتە گۆڕێ، گورزێکی جەرگبڕ لە سروشت و ڕەوتی ئاسایی هاتنە بووی مرۆڤ و کۆمەڵگا و نەتەوەکان لە ژیاندا دەدرێ.

ئەمەش نیشانەی ناشیرین کردن و شێواندنی ژیانە، کۆمەڵگای زاڵ و دەسەڵاتە بەهێزە تەماحکارەکانی دەخاتە ناو زەلکاوی تاوانی بێشوماریی و لەم سۆنگەیەوە نائارامی باڵی بەسەر جیهاندا دەکێشێ. خەسڵەتی بزووتنەوە کوردییەکە، واتە جیاشوناسی وای کردووە، نەزانان و نەیاران نازناوی بەهێزترین بزووتنەوەی خێڵەکی بە باڵادا ببڕن. بەڵام ئەم تۆمەت دانە پاڵ کوردە، جگە لە کاوێژکردنەوەی ناشیانەی ڕستێ قسە و ڕستەی بێ سەر و بەر، هیچی تر نییە، کە بەرهەمی تێنەخوێندنەوە و تێنەگەیشتنی زەق و دروستی پرسەکەن.

هەرچۆنێک بێت، ئەوەمان ئاشکرا کرد، کە ئامانجی بزووتەوە کوردییەکان ئەوە نییە کۆمەڵگایەک دروست بکات کە نەتەوەخوازی ناوی لێ ناوە نەتەوە. ئەوەی جێی نیگەرانییە، لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەخوازی ئەم حاڵەتەی کورد بە سیمبۆلی هەرە بەهێزی بزووتنەوەیەکی خێڵەکی ناوزەد دەکەن، کە پێیان وایە ئەم حاڵەتە نایەڵێ، کورد لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵییەوە ببێتە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی.واتە بە تەشییەکەی تیۆرە نەتەوەخوازییە مۆدێرنەکە نایڕێسێت. د.عرفان، بە هەناسەیەکی ترەوە ئەم بابەتانە و پرسی نەتەوە لەنێو کۆمەڵگای پیشەسازی ناوچەیی و سەروناوچەیی و جیهانیدا، شی دەکاتەوە و دەڵێ:

**" نەتەوەخوازی بۆ ئەوەی نەتەوە دروست بکات لە ڕێگەی هێزەوە یان لە ڕێگەی زەبروزەنگی ڕەمزییەوە هەوڵدەدات بە ویستی خۆی لە سنوری سیاسی دەوڵەتە مۆدێرنەکەی خۆیدا یاسای شوناس لە کولتور و زمانەکەیدا جێبەجێ بکات و هەر ئەتنیکێک لەناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا بێت بە هەر ڕێگایەک بێت، دەبێت ئەو یاسایە جێبەجێ بکات و بە ویستی**

**خۆی دەستبەرداری زمان و شیوازە کولتوورییەکەی خۆی ببێت و ئەو زمـــان و شـــێوازە کولتـــوورییە وەردەگرێـــت کە نەتەوەخوازی نەتەوەکەی خۆی پێ دروست دەکات".٤٩٣**

نەتەوەخـــوازی لەنـــاو کۆمەڵگـــا پیشەســـازییەکان، یاســـای شوناسی لە عەسـەبە وەرگرتووە، کە ئەویش لەسـەر غەریزەی زاڵێتـی دروسـت بـوو. پرۆسـەی زاڵێتـی کولتـورە مـۆدێرنەکە، بەســـەر کولتـــورە جیاوازەکـــان دا دەیســـەپێنێ، کۆمەڵگـــاکە لە کۆمەڵگا پیشەسـازییە مـۆدێرنەکەوە دەگـۆڕێ بـۆ عەسـەبەیەکی پیشەسازی مۆدێرن، پاشان ئەو عەسـەبەیەش دادەنێ بە نەتەوە. واتە کاری نەتەوەخـوازی لەنـاو کۆمەڵگای پیشەسـازیدا، هەمـان رۆڵـی عەسـەبە لەنـاو خێڵەکانـدا دەبینێت و بە هەمـان میکـانیزم، زاڵێتی و نەهێشتنی جیاوازییەکان، کار دەکات.

وەک دەبینـــین نەتەوەخـــوازی تـــورکی ـ لەبەرئەوەی شۆڤێنسـتییە، نمـوونەیەکی زۆر گونجـاوە، بـۆ هەمـوو نمـوونە مێژووییەکـــان دەشـــێ و لەم نووســـینەدا بەردەوام دێـــتەوە بەردەممان ـ. دیاردەی نـاوبراو هەموو نـا تورکەکانی تورکیای لە خۆیدا تواندۆتەوە یـان هەوڵـی تـوانەوە و سڕینەوەیان دەدات، یاخود نکۆڵی بوونیان دەکات. وەک ئەو سیاسـەتەی دەرهەق بە کـورد بە درێژایـی دەوڵەتـی دروسـتکراوی تورکیـای مـۆدێرن پێڕەوەی لێ دەکات. هیچ گومـانی تێدا نییە، کوردێ نـاتوانێ بڵـێ تـــورک نـــیم، و گەر خـــۆی لە کۆمەڵگـــای کولتـــوری تورکیـــدا نەدۆزێـــتەوە و خـــۆی بە تـــورک لە قەڵەم نەدات. کێشـــەکە هەر بەمەنـدە تەواو نابێـت، دەبـێ نکـۆڵی لە بـوونی خـۆی بکـات و ناسنامەکەی بشارێتەوە. بنۆڕن، لەبەر دەرگای هەر قوتابخـانە و لە هەر پـۆلیکی قوتابخـانەدا و لەســەر شـەقام و لـوتکەی بەرزی

گرد و چیایەک دا، لافیتەیەک هەڵواسرێ و لەسەری نووسرا بێت"**چەند بەختەوەرم کە تورکم**". رۆژانە لووتی تاکی کورد بەم دروشمەدا بتەقێتەوە، چ کارەساتێکی مرۆییە. ئەم زوڵمە چەند گەورەیە، لە هەست و نەستی تاکی کورد و چەمکی کوردبوون بە گشتی دەکرێت!؟. دە بزانە، تورک بە چ میتۆد و شێوازێک شەڕە چەپەڵەکەی بەرپاکردووە، دەرهەق بە کوردبوون.

جۆرێکی تریش لە نەتەوەخوازی ئەوەیە، کە ڕێگەی بە کولتوور و زمانی ئەتنیکە جیاوازەکان دەدات، وەک نیمچە ئۆتۆنۆمی لە بۆنە تایبەتییەکان بەکاری بهێنن، بەڵام ڕێگە نادات ببێتە زمان و کولتووری نەتەوەخوازیی. وەک نموونەی سکۆتییەکانی ناو بەریتانیا. حاڵەتی سکوتیی و وێلزییەکانی ناو کۆمەڵگای پیشەسازی بەریتانیا لە ڕووی زمان و کولتورەوە، هەمان حاڵەتی ئەو خێڵە زمان و کولتور جیاوازانەیە، کە هێزێکی ناخێڵەکی لە یەک کۆمەڵگادا کۆیکردوونەتەوە، ڕێگەیان پێ دەدات زمانە کولتورە میللییەکەیان بەکاربهێنن. بەڵام ناتوانن بۆ کولتورە باڵاکە بەکاری بهێنن، ئاخر سەبارەت بە سکۆتی و وێڵزی و ئیری لەم قۆناغە بەدواوە، هەنگاونان بەرەو نەتەوە و دەوڵەت دروستکردن دێتە پێشەوە، کە هاوسات دەکاتە، کەرتبوونی بەریتانیای مەزن، یاخود، ـ لە دیدی ئینگلیزەوە ـ دروست بوونی هەڕەشە لەسەر یەکێتی تەواوی خاکەکەی. کە هێزی خێڵەکی خۆی پێ لەوانی دیکە جیاکردۆتەوە.چونکە نووسەر وتەنی "**هەرکاتێکیش زمان و کەلتوورێکی ئیتنیکی لەناو دەوڵەتێکدا گۆڕا بێت بەو جۆرە لە زمان و کەلتور کە نەتەوەخوازی ئەو دەوڵەتە هەیەتی، ئەو دەوڵەت کەرت بووە بۆ**

**دوو دەوڵەت و لەنەتەوەیەکەوە بـــــــــووە بە دوو نەتەوەی جیاواز"(٤٩٥)**

کەواتە هەردوو دیاردەکە عەسەبە و کۆمەڵگای پیشەسازی، پەیـڕەوی لەیاسـای شـوناس دەکەن، نەک یاسـای جیـاوازی. شایانی ئاماژەپێدانە، هەروەک نوسەریش پەنجەی بۆ راکێشاوە، حاڵەتی کورد، لە پێڕەوکردنی یاسای جیاوازی و فرەییدا، هێندە تاقانەیە، لە هیچ دەوڵەتێک دا، تا ئێستا پێڕەو نەکراوە، تەنانەت لە سویسـرایش دا بەرچـاو ناکەوێت. لەبەرئەوەی ئەڵمانەکانی سویسرا، خۆیان لەسەر نەتەوەی ئەڵمان هەژمار دەکەن، چونکە هاوزمان و هاوکولتورن، وەک عەرەبی عێراقی، کە درێژکراوەی عەرەبی بیست و ئەوەندە وڵاتی ترە. هاوکات باس لە میللەتانی نـاو ئیسـلام و خەلافەتەکەی دەکـات. هەنـدێ لەمـانە زمـان و کولتـوری خۆیـان لەدەسـت دەدەن و زمـانی عەرەبـی وەک جێگـرەوە، بەکـاردێنن. ئێسـتا زۆرێـک لەو میللەتـانە بەسـەر جوگرافیای سیاسی ئەو دەوڵەتانەدا دابەشکراون، کە ناونراوە نیشتمان و نەتەوەی عەرەب. نموونەی وەک فینیقی و سریانی و قوتبی و ...هتد.

کەچـی فـارس و تـورک، تەواو بە پـێچەوانەوە، شـتەکانی خۆیـان دەپـارێزن و شـێوە زارێـک لە زمـانەکەی خۆیـان هەڵدەبژێرن و دەیکەن بە زمانی ئەدەبیات و کولتوری ناوچەیی بـاڵای پـێ تۆمـار دەکەن. بەمەش بەرامـبەر بە زمـانی عەرەبـی خـۆڕاگری دەکەن.زمـانی عەرەبـی لای فـارس و تـورک، وەک زمانە مەزهەبییەکە دەمێنێتەوە، بەڵام کولتوری خۆیان لە ڕێگای زمانە باڵاکەی خۆیانەوە، بۆ جیاکردنەوەی شوناسی مەزهەبییان قووت دەکەنەوە.

**" لەم سەردەمەدا دەسەڵات دەبێت ڕەوایەتی لە دوو کەلتوری باڵا وەرگرێت، کەلتورە مەزهەبییە عەرەبییەکە و کەلتورێکی نامەزهەبی کە مەرج نییە زمانەکەی عەرەبی بێت" ٤٩٨**

بە هۆی ئەم گۆڕانە کەلتووریەوە تورک و فارس دەتوانن دوای ڕووخانی خەلافەتی عەباسی و فاتمی خەلافەتی خۆیان دروست بکەن و ڕەوایەتی لە کولتورە مەزهەبییەکە وەربگرن کە زمانەکەی عەرەبییە لەگەڵ کەلتورێکی نامەزهەبی کە زمانەکەی زمانی ئەو کۆگەلە / عەسەبە فارس و تورکانەیەکە خەلافەتەکەیان دروست کردوە. بە هۆی ئەم چەند دێڕەوە، لە پاشخانی دروستبوونی سەفەوی و عوسمانی دەگەین و دەزانین بۆ ئەوان بوونە خاوەنی ئەم دەسەڵاتە و کورد بێبەری بوو لە هاتنەدی ئەو شتەی فارس و تورک بەدەستیان هێنا.

دیارە ئەوە تەواوی ئەو زانیارییە نییە، کە د. عرفان لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا بەرهەمی هێناوە، بەڵکو دوای خوێندنەوەیەکی ورد و ڕەنجکێشانێکی زۆر، گەلێ فاکت و زانیاری دیکەش دەخاتە بەرچاو. دواتر ئاماژە بە فاکتێکی گرنگی تری مێژوویی دەدات و دەڵێ: گەر پێش سەرهەڵدانی کەلتورە نامەزهەبییەکان کەلتوری مەزهەبی دوو خەلافەتی وەک خەلافەتی فاتمی شیعە مەزهەب و خەلافەتی عەباسی سوونە مەزهەبی لەیەکتر جیاکردبێتەوە، ئەوەلەسەردەمی سەرهەڵدانی کەلتورە نامەزهەبییەکاندا کەلتوری نامەزهەبی و زمانەکەی دوو خەلافەت لەیەکتر جیا دەکەنەوە، واتە لە دەرەوەی عەرەب شوناسی جیاکەرەوەی ئەم دوو خەلافەتە کەلتورە نامەزهەبییەکە و زمانەکەیانە و هەر ئەویش وادەکات کەلتورە

مەزهەبییەکەش وەک دوو کەلتوری جیاواز لە نێوان ئەو دوو خەلافەتەدا دابەش ببێت. ئەم لێکدانەوەیەش لۆژیکدارە،

هاوکات نووسەر باس لەوەش دەکات، کە خەلافەت هەمیشە بۆ عەرەب بووە و ئەم ناوەندە مەزهەبییە هەر لای عەرەب ماوەتەوە. فارس و تورک نەیانتوانیوە ئەم دەسەڵاتە بەدەست بهێنن.بەڵام توانیویانە ببنە خاوەن سەڵتەنەت وەک دەسەڵاتێکی دنیایی و ڕەوایەتی لە دەسەڵاتە ئاینییەکەی خەلافەتیشەوە وەربگرن. ئا بەم شێوەیە باسەکە، نووسەر دەیەگەنێتە ئەم بۆچوونە و دەڵێ:

**" بوونی سەفەویەکان بە شیعە و گۆڕینی مەزهەبی ئێرانییەکان بە مەزهەبی شیعە لەسەر بنەمای ئەو کولتورە فارسییە نامەزهەبییەیە کە عەسەبە فارسییەکە جیادەکاتەوە لە عەسەبە تورکییەکە و کولتورە نامەزهەبییەکەی.واتە بەر لە دروستبوونی دەسەڵاتی سەفەوییەکان .خەڵکی ناوچەکە لە رووی مەزهەبەوە هەڵگری هەمان ئەو مەزهەبە بوون کە دەسەڵاتی عوسمانی پەیڕەوی دەکرد، بەڵام هەڵگری هەمان زمان و هەمان کولتوری نامەزهەبی باڵای دەسەڵاتی عوسمانییەکان نەبوون. کەلتورە باڵا نامەزهەبییە فارسییەکە و زمانەکەی، فارسەکانی ئێران دەکاتەوە بەیەک و لە بەرامبەر تورکە عوسمانییەکان و کەلتورە نامەزهەبییەکەیاندا ڕایدەگرن".٤٩٩**

د. عرفان، دواتر دێتە سەر دوو جۆر لە دەسەڵات، لای عەسەبەکان، دەسەڵاتی مەزهەبی و دنیایی. واتە لەناو چینی فەرمانڕەوای خەلافەتدا دوو جۆر دەسەڵات هەبووە، سەڵتەنەت و خەلافەت. خەلافەت بە شێوەیەکی میرات و ترادسیۆن

هەمیشــە بـۆ عەرەب بـووە، فـارس و تـورک نەیـانتوانیوە جێـی بگـرنەوە. بەڵام لەو چینـە فەرمـانڕەوایە، کە سـوڵتان گوزارشـتی لێدەکات، توانیویانە ببنە خاوەن پلە وپایەی سوڵتان.

سـەڵتەنەت بەوە جیـادەکرایەوە لە خەلافەت، کە دەسـەڵاتێکی دنیاییە و ڕەوایەتی لە دەسەڵاتە ئاینییەکە وەردەگرێ.ئاین لێرەدا مەبەسـت دینـی ئیسـلامە و کە ڕاسـتەوخۆ دەکـاتە عەرەب. دیـارە لێـرەدا دەســەڵاتی خەلـیفە گەورەتـرە لەهــی ســوڵتان، کەواتە سـوڵتان و پـلە و پـایەکەی نەیـان دەتـوانی ببـنە ژێـدەر یـاخود ســـەرچاوە و ناوەنـــد/ مەرجەع. وەک ئەوەی هەر قورئـــان بە سـەرچاوەی شـەریعەت مـایەوە. تـا سـەردەمانێ زمـانی عەرەبی هەر زمانی مەزهەبیی بوو. پاشان فارس و تورک بەرامبەر بەمە دەوەسـتنەوە و خۆیـان هەڵدەسـتن بە دروسـتکردنی ئەدەبێکـی بـاڵای بەرامــبەر و خۆیــان لە زمــان و کەلتــورە عەرەبیــیەکە جیـادەکەنەوە. فـارس و تـورک کـاتێ پەیـڕەوی لە یاسـای یەک شوناسی دەکەن و هەوڵی دەسەڵات گرتنە دەست دەدەن، دواتر هەر زوو بە مەرامەکانی دیکەیان شاد دەبن.

**"نەتەوەخـوازی عەرەبـی و تـورکی و فارسـی نەتەوەکـانی خۆیان لەسەر دروستەی کۆمەڵایەتی هەمان ئەو عەسـەبانە و ئەو زمان و کەلتورانەی کە زمان و کولتوری ئەو عەسەبانەیە دروستکردووە و تاکە جیاوازییەک کە لە نێوان عەسەبەکانی ئەم ســێ مــیللەتە و نەتەوە دروســتکراوەکانیاندا هەیە، ئەوەیە لە عەسـەبەکاندا خێڵێک لە خێڵەکانی نـاو عەسـەبەکە دەبێت بەو نمـوونە کولتـوری و زمـانییەی کە لەنـاو کـۆی عەســەبەکەدا سەراپاگیر دەکرێت، بەڵام لە نەتەوەکانیاندا زمـان و کولتـوری**

**ئەو چینە خوێندەوارە دەبێت بە نموونەیەک بۆ سەراپاگیرکردن کە سەر بە کولتورە مۆدێرنەکە و کۆمەڵگا مودێرنەکەن".٥٠٤**

نووسەر ئەوجا باس لە خێڵە میدییەکانی کورد دەکات، کە هەرگیز بە یاسای عەسەبە، لەنێو خۆیاندا کاریان نەکردوە و هیچ یەک لە هۆزە میدییەکان، ئارەزووی ئەوەی نەکردووە، ئەوانی دیکە لە خۆیدا بتوێنێتەوە. بە تایبەت لە ڕێگەی هێز و زاڵبوونەوە، تا عەسەبە دروست بکەن. کورد بەم ڕێگا و پرۆسەیەدا، دەڕۆیشت، ڕۆیشتووە بۆیە نەگەیشتە ئەو ئامانج و شوێنەی ئەوانی تر، لە تورک و فارس پێی گەیشتوون، کە دەوڵەتە. ئەم دۆخەش، گرێ کوێرەیەکی ئاڵۆز و پرسیاری هەرە قورس و سەرەکی ئیمڕۆی ناوەندی سیاسەت و ڕۆشنبیریی کوردیی داگیرکردووە.

**"گەر کوردبوون کۆکەرەوەی خێڵە کوردییەکان بێت و خێڵە کوردییەکان لەوەدا هاوشوناسبن کە کوردین، ئەوە کوردبوون هاوخوێنی و هاو رەچڵەکی و هاوزمانی هاوکولتوری ناگەیێنێ، چوونکە خێڵە کوردییەکان هەر لەسەردەمی میدییەکانەوە هاورەچڵەک و هاوخوێن و هاوکولتور و هاوزمان نەبوون و لە زمان و کولتوردا وەک عەسەبەکان پەیڕەوییان لە هاوزمانی و هاوکولتوری نەکردووە و پەیڕەییان لە جیازمانی و جیاکولتوری کردووە.**

**کوردبوون وەک میدیبوون ئەوە دەگەیێنێ کە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵە خێڵێکدا لەناو یەک پێکهاتەدا پەیڕەوی لە یاسای جیاوازی بکرێت و پێکهاتەیەک بێتە ئاراوە کە فرەکولتوری و فرەزمانی بێت و وەک عەسەبەکان پێکهاتەیەک**

**نەبێت کە بە پەیڕەوی کردن لە یاسای شوناس هاتبێتە ئاراوە و قبوڵی فرەزمانی و فرەکولتوری نەکات".٥٠٦ ـ٥٠٧**

نووسـەر بە قـووڵی لەسـەر ئەم باسـگەلە لە مێـژوودا کـار دەکات و نموونەی بەرجەستەبوو دەهێنێتەوە، تاوەکو خـوێنەر لە ڕاسـتییەکان دوور نەکەوێـتەوە. لێرەشـدا ئامـاژەیەکی خێـرا بە دەوڵەتەکەی سـەلاحەدین دەکـات، کە پێـڕەوەی لە یاسـای جیـاوازی کـردووە. هەر ئەم سیاسـەتەش جیـای دەکـاتەوە، لە دەوڵەتی خەلافەت و دەوڵەتی عەسـەبە ناعەرەبییەکـان، ئەمـانەی دوایـی یاسـای شوناسـیان پێـڕەو کـردووە. هەر بـۆیەدەوڵەتی نـابراوی سـەلاحەدین لای ئیبن خەلـدونیش، پێناسـەی "حـاڵەتێکی ناوازەی دەوڵەت"، وەردەگرێ.

چـونکە گەر سـەلاحەدین نەبـوایە، وەک کوردێـک، هەر کەسێکی تـری ئیسـلامی، قودسـی رزگـار کردبـایە، وا مەزهەبـی ئیسـلامی بە زەبری شمشـێر و خـوێن، دەسـەپاند و مەسـیحی و جـولەکەی دەکوشـت و دەری دەپەڕانـدن یـاخود لە خۆیـدا دەیتواندنەوە، بەڵام خەسڵەتی کوردبوون، لای سـەلاحەدین ڕێگە نـادات، پێڕەوی لە یاسـای شـوناس لەنـاو کۆمەڵگا جیاوازەکانـدا بکـات. بەڵکـو بە یاسـای جیـاوازی ڕەفتـار دەکـات و زەمینـەیەک دەڕەخسێنێ، مەسیح و جولەکە و موسڵمان پێکەوە لە قودسـدا بـژین. مێـژووش بە گەورەیـیەوە بـاس لەم بەخشـندەیی و هەڵسوکەوتەی سـەلاحەدین دەکـات. ئەم کـار و هەڵوێسـتە، تـاکو ئیمـڕۆ ڕووداوێکـی بێـوێنەیە لە سەرتاسـەری ئەو دەڤەرە و مێژووە تژی لە هەڵچوون و داچوونەکەی شەڕی مەزهەبی و بە تایبەت لە نێوان ئیسلام و ئەوانی دیکە دا !. کەواتە کـورد لە هەر پـلە و پێگەیەکـدا بێـت، بە خەسـڵەتە سروشـتییەکەی خـۆی، کە

زادەی جیهانبیینییەکی عەقڵییە، بەو پێوەر و نۆڕمانە کار دەکات، کە بـــریتییە لە یاســـای پەســـەندکردنی جیـــاوازی زمـــان و کولتورەکـــان بە بەخشـــندەیی، کە بـــۆ خـــۆی لەگەوهەردا، پێڕەوکردنی تیۆرییە عەقڵییەکە دەگەیێنێ.

**" خـــێڵە کوردییەکـــان لەســـەردەمی خەلافەتە مەزهەبیـــیە عەرەبییەکانـدا بەهـۆی پەیڕەویکردنیـان لە یاسـای جیـاوازی، هەرگیـز وەک خـێڵە فارسـی و تـورکی و عەرەبییەکـانی نـاو سنوری ئەو خەلافەتە نـابن بە عەسـەبە و نـابن بە بەشـێک لە دەسەڵاتی خەلافەت و سەربەخۆیی خۆیان لە ڕێگەی شەڕ یان ئاشـتییەوە دەپـارێزن و لەگەڵ ئەوەشـدا توانایـان هەیە لەنـاو پێکهـاتەی دەســەڵاتی خەلافەتـدا وەک عەســەبەی فارســی و تورکییەکان ببنە خاوەنی دەسەڵاتیی دنیایی و سـەڵتەنەتی نـاو ئەو خەلافەتانە پێکبهێنن و سەرۆکەکانیان ببن بە سوڵتان، بەڵام لەنـاو مێـژووی ئەو خەلافەتە مەزهەبیـیە عەرەبیـانەدا خـێڵە کوردییەکـان هەرگیـز نەچـوونەتە نـاو پێکهـاتەی دەســەڵاتی خەلافەتەوە و نەبوونەتە خاوەنی سەڵتەنەت".٥٠٧-٥٠٨**

پـوختەی قسـەی د. عرفـان بـریتییە لەوەی: کـورد لە بەرامـبەر شـیعە و سـوونەی خەلافەتە ئیسـلامییەکەدا دوو ئـایین دێنێـتە ئـاراوە"**یارســان و یەزیـدی**" کە هەردووکیـان وەک ئاماژەمـان پێـداوە دەرکەوتەی یەک ئـایینن کە "**ئـاییینی حەقـیقەتە**". ئەم دوو ئـاینە ڕووبەڕووی ئیسـلامەکەی سـەردەمی مـوحەمەد نـابنەوە، بەڵکـو بەرامـبەر بە شـیعە و سـوننەی خەلافەتە عەرەبییەکـان دەوەستنەوە. عەباسییە سوننەکان و فاتمییە شیعەکان. ئەم فـاکتە نـوێیەی کـورد بـۆ پارێزگـاری لە خـۆی بەرامـبەر بە هەژمـوونی باڵای ئیسـلام، بە گشـتی و هەردوو تەوژمەکەی سـوننە و شـیعە

بە تــایبەتی، بەکــاری دێنــێ. کــاریگەرێتییەکی گەورەی لەســەر سنوورکێشان لە نیوان کورد و ئەواندا دەنەخشێنێ.خێڵی کوردی هەردەم لەسەر زەمینەی سەربەخۆ و ڕۆحی ئازادی، جموجوڵی کـردووە و بیـری لە دەسـەڵات نەکـردۆتەوە، لە ڕێگـا بـاوەکەی زاڵبوونەوە.

**" ئەو پێکهاتە خێڵەکییە کوردیانەی کە لەسەردەمی خەلافەتە مەزهەبییە عەرەبییەکاندا هەبوون، وەک عەسەبەکان لە بەرامبەر کولتــورە نــامەزهەبییە عەرەبیـیەکەدا توانیویـانە کولتــورێکی نامەزهەبی باڵا و زمانێکی باڵا لە زمان و کولتورە میللییەکانی خۆیــان بهێنــنە ئــاراوە، جـگە لەمەش ئەو پێکهـاتە خێڵەکیـیە کوردیــانەی کە بە پەیڕەویکــردن لە یاســایی جیــاوازی لەو ســەردەمەدا پێکهـاتوون، بەرلەوەی کولتـورێکی نـامەزهەبی و زمانێکی باڵا بۆ خۆیـان بهێننە ئاراوە، توانیویـانە کولتـورێکی ئاینی باڵا لە بەرامبەر کولتورە مەزهەبییە عەرەبییەکان بهێننە ئاراوە".٥١٠**

وە نەبێت، کورد هەر لەبواری زمـان و کولتـوردا، پێڕەوی لە پلــوڕالیزم کــرد بێــت، بەڵکــو کتێبێکــی وەک "**ســـەرئەنجام**"، کە کتێبێکی ئـاینی یارسـانە، تێیدا پێڕەوی لە چەند شێوە زمـانێکی جیـاواز کـراوە. لەمەش زیـاتر لای پێکهـاتەی خـێڵە کوردییەکـان، هوشیاری ئاینی زیاتر پەرەدەسێنێ و دەقە ئایینەکان بەو شێوە زمانە جیاوازانەی ناوچەکان دەنووسرێتەوە، کە ئـاینی حەقیقەت بە چوار شێوە زمان نووسراوەتەوە. ئایا ئەم خـاڵ و بۆچوونە بۆ بنەمـا فکرییەکەی کوردبـوون، یـاخود هەڵکەوتـی جیوسیاسـی کوردســتان دەگەڕێـتەوە؟د. عرفـان تـاوتوێی ئەم پرســەمان بـۆ دەکات و دەڵێ:

**"ئاینە کوردییەکە لەبەرئەوەی لە زمانی دەقە پیرۆزەکانیدا پەیڕەوی لە جیاوازی زمانی دەکەن و لەسەر جیاوازی زمانی و کولتووری دادەمەزرێن، نابن بە کولتورێک بۆ دەوڵەتداری.(...)کوردبوون پەیڕەوکردنە لە یاسای جیاوازی لە پێکهێنانی دەوڵەت و کولتوری مەزهەبیدا.".٥١٠**

پەیڕەوکردن لەم بنەمای جیاوازیی و فرەییە، لەزمان و کولتوورر و ئاینی کوردیدا، کاریگەرییەکی وای دروست کردووە، ئەدەب و زمانێکی یەکگرتوو نەیەتە کایەوە. کەچی عەرەب و تورک و فارس هەر زوو بوونە خاوەنی دیاردەی یەکگرتن لە زمان و کولتوورەکەیان دا. لەڕاستیدا دەبێ بنچینە و هۆکار و کاریگەریتی ئەم خاڵە لە ناوەندی ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد دا بە گرنگ وەربگیرێ و بۆ بەرچاو ڕوونی گشت لایەک، بیروڕایەکی پوخت بخرێتە بەردەست خوێنەری کورد.

**"لەناو ئەو میللەتانەی سەردەمی خەلافەتە عەرەبییەکاندا تەنها پێکهاتە خێڵەکییە کوردییەکان هوشیاری ئایینی لەلایان پەرە دەسێنێ و زمانە ناوچەییەکانی خۆیان دەتوانن بەرز بکەنەوە بۆ زمانێکی کەلتورێکی ئایینی لەمەشدا بە پێچەوانەی عەرەبەکانەوە لە زمانە ئایینەییەکەدا پەیڕەوی لە یاسای جیاوازی دەکەن و دەقەکانی ئایینی عەقیقەت بە چوار زمانی ئەو پێکهاتە کوردییانە دەنووسرێنەوە و بە یەک زمان نانووسرێنەوە. ئەم پێکهاتە کوردییانە بەوەی کەخاوەنی کولتورێکی ئایینی بالای وەک کولتورە مەزهەبییە سونی و شیعییەکەن، ناتوانن دەوڵەتێکی ئایینی سەربەخۆ لەبەرامبەر خەلافەتە مەزهەبییەکاندا دروست ناکەن. ٥١١**

نووسـەر باس لە فـارس و مەزهەبـی شـیعەگەڕیتی دەکـات. ڕاستە سالأنێکە و لە هەنووکەدا، شیعەگەریتی بووە بە بەشێکی گرنگـی پێکهـاتەی ناسـنامەی فـارس، بەڵام لە بنەڕەتـدا، فـارس شـیعەگەریتی دروسـت نەکـردووە و خـاوەنی ڕاسـتەقینەی نیـیە، بەڵکو فـارس مەزهەبی شـیعەگەریتی هەڵبژارد، تـا لەم ڕێگـایەوە بە دۆزیـنەوەی نیشـانەیەک خـۆی لەوانـی دیـکە جیـا کـردەوە بەکەڵکـی بێـت.لە بنەڕەتـدا، بەشـێوەیەکی گشـتی دەتـوانین بڵـێن فارس خاوەنی هیچ شتێکی خۆیان نەبوون، بۆ خۆجیاکردنەوەی خۆیـان، لەوانـی دیکە.زیرەکـانە دەرکـی بەوە کـرد پێویسـتی بە جیاکاریی و نیشانەیەک بە خۆیی هەیە. ئەوە بوو لە دواجاردا بە ناچاری دەست بەم ئاینزا/ مەزهەبەوە دەگرن. دیارە لە ئیمرۆدا شیعەگەریتی سەر و سیمایەکی تەواو فارسانەیان وەرگرتووە.

ئـاخر دەوڵەتێکـی وەک ئێران، ئەوە سـالأنێکی زۆرە، بەهێز و سـەرمایەی خـۆیەوە، پاڵپشـت و هاوکـار، پێـڕەوکەری مەزهەبـی شـیعەگەرییە. کـورد چـونکە بەدرێژایـی بـوونی خـۆی لە ئـاین و سیاسەتیشـدا پێـڕەوی لە یاسـای جیـاوازی کـردووە، نەیتوانیـوە ئـاینیش بـۆ گـرتنە دەسـتی دەسـەڵات بەکـار بهێنێـت. دەنـا ئەوە ئەزمـوونی سـەلاحەدین و ئەو دەرفەتە مێـژووییە ڕەخسـاوە، ڕەنـگە باشـترین نمـوونەی بێـت. بە واتـای ئەوەی سـەلاحەدین، دەیتوانی هەرچی بوێت بیکات. د. عرفـان بـاس لە شـا ئیسـماعیل سـەفەوی دەکـات، کە نەوەی شـێخ سـەفییە و خـاوەنی ئـایینێکی کـوردییە، ئەویـش نـاتوانێ ئەم ئـایینە کـوردییە بکـاتە زەمیـنەی دروسـتکردنی دەوڵەتێکـی کـوردی، کەچـی بە پەرۆشـەوە بـۆ فارسەکان دەوڵەت پێکدێنێ. . کەواتە ئایین لای کورد بە ئەقڵێتـی جیاشوناسـخوازەکە، پێـڕەوی لێکـراوە و بـۆ دەوڵەتـداری نـابێتە

کولتـور و هۆکـار و میکـانیزمێ. بـۆ نمـوونه هەروەک ئـاین لای جـولەکه، بـووه مـایەی یەکێتـی هەمـوو جولەکەکـان و، تـا ڕادەی دروســـتکردنی دەوڵەتـــی ئیســـرائیلیش، کـــاریگەریێتی هەبـــوو و ئێســـتاش هەوێنێکـی بەهێـزی بە یەکەوە بەسـتنی جـولەکەیە.لە هەلـومەرجی هەنـووکەیی دا، ئـاینی کریسـتیانی هۆکـارێکی تەواو بەهێزە، نەتەوە و وڵاتە ئەوروپاییەکانی، لێکتر نزیک کردۆتەوە و وەک یەک یانەی لێ کردوون. دیاردەی ئاینن زۆر تێکەڵـی پرسـی نەتەوەیی پۆڵەنی و ئیرلەندیش بووە.

هەرچۆنێـک بێـت عەرەب و فـارس و تـورک ڕازی دەبـن بەو تۆتالیتـارییەتە زمـانی و کولتـوورییەی نەتەوەخـوازی داوایـان لـێ دەکات و یەک شوناسی گەرەکێتی، بەڵام کـورد بە هـۆی بنەمـای کوردبـــوونەوە بەردەوام دەبێـــت لەســـەر پەیڕەوکردنـــی یاســـای جیاوازیی و فرەیی و بە سیسـتەم و فۆڕمە تۆتالیتـارێتەکە ڕازی نابێت.

**" بـــزوتنەوە کـــوردییە مۆدێرنەکـــان لەگەڵ ئەوەشـــدا وەک بـزوتنەوە مۆدێرنەکـانی دنیـا کولتـورە پیشـەییە مـۆدێرنەکە وەردەگـــرن و پەرە بە کۆمەڵگـــای پیشەســـازی دەدەن، بەڵام ناتوانن وەک ئەو بزوتنەوە مۆدێرنانە ببن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز، چـونکە بوونیـان بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخـواز لەوان دەخوازێت دەستبەرداری ئەو سیستەمە ببن کە کار بە یاسـایی جیـاوازی دەکـات و کوردبـوونی ئەوانـی بە درێژاییـی هەزار ساڵ لەسەر دامەزراوە".٥١٤**

هـیچ گومـان لە جیـاوازی ڕیشـەیی نێـوان پێکهـاتەی کـورد و تـــورک و فـــارس و عەرەب نیـــیە. کـــاتێ ئەوان بە زمـــانی بـــاڵا دادەمەزرێنن و بە یەک شێوە، کولتورە نـامەزهەبییەکەی خۆیـانی

پێ تۆمار دەکەن، کورد دێت و بە پێچەوانەوە بە چوار شێوەزار، ئەم کارە ئەنجام دەدات. بڕوانە ئەدەبیاتی بابە تاهیری عۆریان و فەقێ تەیران و مەلای جەزیریی، لە چ بڵندایییەکی ئەدەبیدان؟!، نالی و شێخ رەزا و وەفایی و مەولەوی و مەحوی و پیرەمێرد، لەسەر کام ئاستی بەرز، بەرهەمیان تۆمار کردووە؟!. هەروەک زانیمان، بزوتنەوە عەرەبی و فارسی و تورکییەکان، بە سانایی دەتوانن، لە بزوتنەوەیەکی مۆدێرنەوە، ببنە بزوتنەوەیەکی نەتەوەخواز، چونکە هەردەم پەیڕەوی لە یەک شوناسی و تۆتالیتاریتی کولتور و زمان دەکەن، هەروەک چۆن لە ڕابردووی، پێش سەدان ساڵەوە پێڕەویان لێ کردووە. ئەم بزووتنەوە مۆدێرنانە و ئەوانەی جیهانیش، بۆ ئەوەی ببن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز، ئەو سیستەمەی لە ڕێی عەسەبەی زاڵەکانەوە، کاریان پێ کردووە، لێرەشدا بەردەوام دەبن لەسەری. کورد بەو حاڵ و بارەی هەیەتی و هەیە، ناتوانێ پەیڕەوی لە هاوکێشەی یەک شوناس و تۆتالیتارێتی کولتور و زمان بکات. ئیدی بەم پێودانگە بزووتنەوەکەی ناتوانێ ببێتە نەتەوەخواز و نەتەوە و دەوڵەتیشی پێ دروست ناکرێت.

**"ئەوەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی ناو دەوڵەتیش دەکات بە نەتەوە، ئەو زمان و شێوازە کەلتورییەیە کە ئەو نەتەوەخوازییە وەک زمان و شێوازی کەلتوریی تایبەت بە خۆی بە پەیڕەوکردن لە تۆتالیتاریەتی کەلتوری و زمانیی لەناو کۆمەڵگا پیشەسازییەکەدا سەراپاگیری دەکات. گەر نەتەوەخوازییەک زمانێکی تایبەت بە خۆی و شێوازێکی تایبەت بە خۆی بۆ دارشتنی کەلتورە مۆدێرنەکە نەبێت، ناتوانێت کۆمەڵگا پیشەسازییەکەی ناو دەوڵەتەکەی خۆی بکات بە نەتەوە"(٥١٦) .**

کەواتە بوونی شێوازێکی زمانی و کولتوری تایبەت مەرج و بەسە، بۆ ئەوەی بزوتنەوەیەکی مۆدێرن ببێتە بزوتنەوەیەکی نەتەوەخواز. لە دەوڵەتە دەستکردەکانی عێراق و سوریادا، هەم زمانی عەرەبی و هەم کولتوری ئیسلامی عەرەبی، بە زۆر بەسەر کورد دا سەپێندراوە. تورکی لە تورکیا، بەهەما پێوەر و سەختتر پێڕەوی کراوە، ئێرانیش بە زەبر و زەنگێکی زۆرەوە، فارسی کردۆتە زمانی فەرمی فێربوون و خوێندن. بە کورتی دەتوانین هاوکێشەکە بەم جۆرە بنووسین: بزوتنەوەی مۆدێرن، لە ڕێگەی پەیڕەوکردن لە یاسا و سیستەمی یەک شوناسی و تۆتالیتاریتی لە فەرهەنگ دا، دەبێتە بزوتنەوەیەکی نەتەوەخواز. کەواتە نەتەوەخوازی بکوژی زمان و کولتورە جیاجیاکانە.

**"مەرجی بوونی بزووتنەوەیەک بە بزووتنەوەیەکی مۆدێرن تەنها ئەوەیە کە کولتورە مۆدێرنە پیشەییەکەی کۆمەڵگا پیشەسازییەکە پەرە پێبدات، ئەم بزووتنەوەیە بە پەیڕەونەکردنییاسای شوناس و تۆتالیتاریەتی زمانی و کەلتوری و مەزهەبی شوناسی مۆدێرنبوونی خۆی لەدەست نادات. بەڵام مەرجی بوونی بزوتنەوەیەک بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز تەنها ئەوە نییە کە بە کولتوورە مۆدێرنەکە پەرە بە کۆمەڵگا پیشەسازییەکە بدات، ئەو بزووتنەوەیە بەم کارە تەنها دەتوانێت ببێت بە بزووتنەوەیەکی مۆدێرن و ناتوانێت ببێت بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز.بۆئەوەی ببێت بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز مەرجێکی تر هەیە و بەبێ جێبەجێکردنی ئەو مەرجە ناتوانێت ببێت بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز، ئەو مەرجەش ئەوەیە ئەو بزووتنەوەیە شێوازێکی زمانیی تایبەت و شێوازێکی کەلتوری تایبەت و شێوازێکی مەزهەبی تایبەت یان**

**یەکێک لەمانە لەناو ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییەدا سەراپاگیر بکات و ڕێــگە نەدات جــگە لەو شــێوازە زمــانی و کەلتــوری و مەزهەبییەی خۆی پەیڕەوی لە هیچ شێوازێکی تر بکرێت."(٥١٧)**

د. عرفــان، بــۆئەوەی مەبەســتەکە زیــاتر ڕوون بکــانەوە، جارێکی دیکە دەمان باتەوە بۆ لای نموونەگەلێکی، وەک ئەوەی لە سویســرا و بەریتانیــادا هەیە.بەلای زۆر کەســەوە وا بەدیــار خــراوە، گــوایە لەم دەوڵەتــانەدا، پەیــڕەوی لە سیاســەتی تۆتالیتاریێتی فەرهەنگی نەکراوە و هەر پێکهاتەیەک ڕێگە پێدراوە، بە زمــانی خــۆی بــدوێ و کولتــورەکەی گەشــە پێبــدات . بــۆ وەرامــدانەوە و تێگەیشــتن و ڕامــاڵینی تەمــومژی ئەم گومــان و پرسیارە، ڕەنگە لای خوێنەر و لێکۆڵەرەوان ســەرهەڵبدات، یان هەڵیــداوە !، چەنــد نمــوونەیەک لەســەر نەتەوەخــوازی لە دنیــای ئیمــڕۆدا دەخــاتە بەرچــاو، کە پێــڕەوی لە تۆتالیتــاریێتی شــێوازی زمــان و کولتــور و مەزهەبی دەکەن. لەم ڕووەوە لەگەڵــێ شــوێنی ئەب ناسەدا، ئاماژەمان بە نموونەگەلێک داوە.

**١)..ئەو نەتەوەخوازییــانەی کە تۆتالیتــاریەتی کەلتــوری لە شێوەی شۆڤێنیەتی کەلتوردا پەیڕەو دەکەن، وەک نەتەوەخوازی تورکی و فەرەنسی.(٥١٨)**

نووســەر، بە درێــژی لەســەر ئەم نمــوونەیە دەدوێ و بــاس لە سیاسەتی تۆتالیتاریێتی ئینگلیزی دەکات، دەرهەق بە نەتەوەکانی تــری وەک ســکۆتی و ئیرییەکــان و ویڵزەکــان و، لە کــۆمەڵێ ڕەهەندەوە، هەڵی دەسەنگێنێت و پەنجە دەخاتە سەر کەموکوڕی و لایەنە نەرێنییەکــانی. چــونکە ئەوەی نەتەوەخــوازی ئینگلیــزی کردوویەتــی و بە خــۆی ڕەوا بینیــوە بیکــات و هەنــووکەش

لەسـەری بەردەوامە، تـا ئەو شـوێنەی بە دەسـەڵات و شـکۆی خۆی گەیشتووە، چ جارێ ڕێگە نادات، هیچ کام لەو نەتەوانەی لە سـنووری جوگرافیـایی و سیاسـی، سـنووری شانشـینی یەکگرتـوودا دەژیـن، هەمـان ڕێچـکە بگـرنەبەر. بە هەمـان پرۆسێسـدا تێـپەڕنەوە و بە دڵنیایشـەوە، لە دەرەوەی ئەم دەوڵەتەشـدا، هەر ڕازی نابێـت، تەنـانەت ئەو دەوڵەتانەیشـی دروستی کردوون و پاڵپشتیان لێ دەکات، نەتەوە زاڵەکانی ناوی هەمان ڕێباز بگرنە بەر. ڕەنگە داکۆکی و پشتیوانی و پارێزگاری لە دەوڵەتێکی وەک عێـراق، کە دەسـتنێژی دەسـتی خۆیـانە، بە درێژایی قـووتکردنەوەی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە ئەو هەمـوو هەڕەشـانەی لەسـەریەتی هەتـا ئیمـڕۆ، بەڵگەیەکـی حاشاهەڵنەگری ئەم ڕاستییە بێت

شایانی ئاماژە پێدانە، نموونەمان لەسـەر سکۆتلەندییەکان و هەوڵی ڕیفەراندۆمی سـەربەخۆیی و دژایەتی لەندەن، بەرامبەر بەم هەنگاوە هێناوەتەوە، لێرەدا دووبارەکردنەوەیان بە پێویست نـازانرێ. کـاتێ تەنیـا ١٥، لە ٨٣، بەڕێـوبەرایەتی/Departments، فەرەنسـییەکان دەتـوانن بە فەرەنسـی قسـە بکەن. فەرەنسـییەکان زۆر نیگەران دەبـن. هەر بـۆیە لە ١٧٩٣/١٠/١٢، دا بڕیـار دەرچـوو، هەمـوو منـداڵێکی فەرەنسی، دەبێت زمانی فەرەنسی بە خوێندن و نووسین فێر ببێت. ئەم بڕیارە تا سەدەی بیستەم، لە کاردا بوو و هەتا بە تەواوی چەسپا. کەواتە فەرەنسا بە سنووری سەرزەمینەکەیەوە، لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بە دامودەزگاکانییەوە، دواتر لە رووی سیاسـییەوە بـووە بە نەتەوە. واتە دەوڵەت کـردی بە نەتەوە. سـاڵی ١٨٦١، کـاتێ یەکەم پەرلەمـانی ئیتـالی لە Turin،

کۆبوونەوە، بە زمانی فەرەنسی قسەیان تێدا کرد. ئەو کاتە لە هەموو ئیتالیادا.٦٠٠، ٠٠٠ هەزار کەس توانیویانە بە زمانی ئیتالی قسە بکەن، کە دەکاتە٢، ٥% ی دانیشتوانی ئیتالیا. چونکە ئەو رۆژگارە، فەرەنسا بەشێکی ئیتالیای داگیر کردبوو، زمانی زاڵ فەرەنسی بوو. تورکیش لە چوارچێوەی دەوڵەتە مۆدێرنەکەی پاش دارِمانی خەلافەت، لاسایی ئەم مۆدێلەیان کردەوە.

**٢)..ئەو نەتەوەخوازیانەی کە پەیرِەوی لە تۆتالیتاریەتی شێوازی زمانی و کولتوری و مەزهەبی لە ئاستە سیاسییەکە و شوناسی نەتەوەیی دەوڵەتدا دەکەن.وەک نەتەوەخوازی لە بەریتانیا و نەتەوەخوازی عەرەبی لە عێراقدا.**

ئینگلیز تا نەوەدەکانی سەدەی بیست، لەسەر هەمان رێچکەی سیاسەتی نەتەوەخوازی فەرەنسی و تورکی کاریان کرد، لێ بە هۆی ئەوەوەی، کە سکۆتی و وێڵزییەکان، زوو خۆیان بەدەستەوە دا و لاوازبوون و چ بەرگرییەکی بەرچاویان نیشان نەدا، یاخود لە عۆدەی نەتەوەخوازی ئینگلیزی نەهاتن، بزووتنەوەی نەتەوەخوازی ئینگلیزی، ئیدی لەمەوە گوشاری سیاسەتی ئینگلیزی بەرامبەریان سووکتر و خاوتر بۆوە، بۆیەکا سەرباری هەموو ستەمکارییەکان ناکرێ سیفەتی شۆڤێنێتی بەسەر سیاسەتی ئینگلیزدا بچەسپێ.

**" ئەوان لە ئاستی خوارنەتەوەدا کە ئاستە میللییەکەی زمان و کەلتورە، دەتوانن شێوازە زمانی و کەلتورییەکەی خۆیان بەکار بهێنن و لە ئاستە سیاسی و نەتەوەییەکەدا، هەر دەبێت پەیرِەوی لە شێوازە زمانی و کەلتوورییەکەی نەتەوەخوازی ئینگلیزی بکەن و ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەتەوەخوازی ئینگلیزی تەنها لە**

**ئاستە میللییەکەدا دەستبەرداری تۆتالیتاریەتی کەلتوری و زمانی بووە نەک لە ئاستە نەتەوەییەکەدا"(٥٢٠)**

لە وڵاتێکی وەک بەریتانیای مەزندا، کە بە دایکی دیموکراسی لە جیهاندا دادەنرێت، تا ئەو ئاستە، ماف بە نەتەوەکانی ژێر چەپۆکی خۆی دەدات، لە سنوورێکی تەسک و مەودایەکی دیاریکراودا، سەر بەرز بکەنەوە و بوونی خۆیان نمایشت بکەن. هەر چرکەساتێ بزاوتی ئەم نەتەوانە سکۆتی و وێڵزی و ئیریی، سەرەچووقەیەک بکات، هەوڵێک بۆ دەستگیرکردن لە ئامانجە نەتەوەییەکانی بدات، دەستبەجێ لە لایەن ئینگلیزەوە، بە شێواز و میتۆدە جیاکان دوژمنایەتییان دەکرێت.

نووسەر، دواتر پەنجە بۆ ئەڵمانەکان لە ناو دەوڵەتی سویسرادا ڕادەکێشێ و وەک نموونەیەک جیاواز لە دۆخی شانشینی یەکگرتوو، باسی دەکات. وەک نەتەوەخوازی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیتالی، کە لە سنووری دەوڵەتەکانی ئێستایاندا پەڕیوەتەوە و سنووری بەزاندووە، و چۆتە ناو دەوڵەتێکی وەک سویسراوە، کە لەو ٣ پێکهاتەیە دروست بووە، ڕەنگدەداتەوە. ئەڵمانەکانی ئەڵمانیا و سویسرا، هەردوو مەحکومن بەو تۆتالیتاریەتە فەرهەنگییەی نەتەوەخوازی ئەڵمان. کەواتە، نەتەوەخوازی ئینگلیزی و ئەڵمانی هەردوو دەستبەرداری تۆتالیتارێتی زمان و کولتوری نەتەوەخوازی خۆیان نابن، یەکەم: بۆ ئەوەی دەوڵەتە شانشینە یەکگرتووەکەی بەریتانیای مەزن، هەڵنەوەشێتەوە و دووەمیش: بۆ ئەوەی ئەڵمانەکانی سویسرا، هەستی ئەوەیان لا دروست نەبێ، کە نەتەوەیەکی سەربەخۆن و خۆیان لە ئەڵمان جیاواز ببینن و جیابکەنەوە.

**" ئەڵمانەکانی سویسرا لەبری ئەوەی پەرە بە شێوازە زمانی و کەلتوورییەکەی خۆیان بدەن پەرە بە هەمان ئەو شێوازە زمانی و کەلتوورییە دەدەن کە نەتەوەخوازیی ئەڵمانی لە ئەڵمانیادا پەرەی پێ دەدات و دەی پارێزێت، بۆیە ناکرێت نەتەوەخوازیی ئەڵمانی لە ئەڵمانیا و سویسرا لە یەکتر جیا بکەینەوە"(٥٢٢)**

دیارە لێرەدا گەرەکە جیاوازی لە نێوان نەتەوەخوازی ئەڵمانەکانی سویسرا دا، بکەین کە لە دەرەوەی سویسرا، دەوڵەتێکی دروستکردووە. خاوەنی، واتە دەوڵەتی ئەڵمانیایە. لێ سکۆتییەکان و بزوتنەوە نەتەوەخوازەکەیان چ دەوڵەتێکیان لەدەرەوەی بەریتانیا دا نییە. کەواتە جیاوازییەکە گەورە و زەقە.

**٣)..ئەو نەتەوەخوازیانەی کە لەناو دەوڵەتێکدا لە ناوچە سیاسییەکانی خۆیاندا پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەتی شێوازی زمانی و کەلتوری دەکەن، وەک نەتەوەخوازی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیتالی، لە دەوڵەتی سویسرادا(٥٢٣).**

نەتەوەخوازیی لە سویسرا، بە شێوەیەکە، کە هەر یەک لە پێکهاتەکانی دەوڵەتی سویسرا، لە دەرەوەی ئەو وڵاتە، خاوەنی براڤێکی نەتەوەخوازی سەربەخۆی خۆیانن. ئەڵمانەکان، لە ئەڵمانیا و فەرنسییەکان لە فەرەنسا و ئیتالییەکان لە ئیتالیا دا. هۆکەیشی ئەوەیە دەوڵەتی سویسرا، دەوڵەتێکی سەرونەتەوەییە. واتە ئینتما بۆ نەتەوە جیاوازە، لە ئینتیما بۆ دەوڵەت. دوا سنووری ئینتیما بۆ دەوڵەت ئەو شوێنەیە، کە ئەو دەوڵەتە سەرونەتەوەیی بێت و هیچ کام لەو نەتەوانەی تێیدا دەژین، زاڵ نەبن، بەسەر ئەوانی دیکەدا. خۆ گەر بێت و لە بارێکی وادا گریمانەمان کرد، دەوڵەتی سویسرا، هەڵدەوەشێتەوە و هەر یەک

له پێکهاتەکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست دەکەن، بەڵام بەم هەنگاوە نەتەوەی ئەڵمان و فەرەنسی و ئیتالی، هەڵناوەشێنەوە، چونکە هەر یەک لەمانە، هاوشوناسن لەتەک دەوڵەتەکانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئیتاليا دا. یاخود خاوەنی دەوڵەتی دایکن. کەچی لەسەردەمی هاوچەرخدا، پێش چەند دەیەیەک دیمان، چۆن شورەوی و یوگسلاڤیا هەڵوەشانەوە، نەتەوەکانی ناو سنووره سیاسییەکەشیان، پێوەی ڕاماڵدران و سەرەونگووم بوون، له جێیان هەر نەتەوە و پێکهاتەیەک، دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی دامەزراند، ئەوە بوو زیاتر له ١٥ دەوڵەتی نوێ هاتە کایەوە.

**کوردبوون و بزوتنەوە کوردییە مۆدێرنەکان**

د. عرفان دەمانخاتە بەردەم ئەو حاڵەتەی، کورد کە تێیدا خاوەنی دەوڵەتە و بەم ئەگەر و پرسیارەوە دەچێتە نێو باسەکەیەوە. پێی وایە جیاوازی زمان و کولتور هۆکار نییە بۆ دروستکردنی دەوڵەت. لەکاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم بوارەدا لەبەر دەستدان، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بندەستی کورد ماکەکەی بۆ پارچەپارچەیی زمان و کولتووری ناوخودی کۆمەڵگای کوردی دەگەڕێتەوە.بزوتنەوە کوردییەکان لەبری ئەوەی یەکبوونی کولتووری دروست بکەن و یەک کولتوور و یەک زمانی مۆدێرن بخەنە شوێنی ئەو مۆزایکەی هەیە، جیاوازییەکان دەپارێزن و درێژەی پێدەدەن. لێکۆڵەرەوان ئەم حاڵەتەی کورد بۆ ئەوە دەگێڕنەوە، کە گوایە کورد خێڵەکییە و عەقڵێتی خێڵەکیش ڕێگره لەبەردەم پێکهێنانی یەکێتی کولتووری و زمانی دا. ئەم هەموو ئەم حوکمە گرانەی

بەسەر کورد دا دەدرێ، لە سایە و سێبەری تیۆرییە نەتەوەخوازییەکەوەیە، کە لەناو تورک و عەرەب و فارس دا، بە میکانیزمێکی تر کاری پێ دەکرێت.

**"ئەوەی لە دروستکردنی نەتەوەدا گرنگە، گۆڕینی کەلتورە ئیتنیکییەکان نییە بۆ کەلتورە مۆدێرنەکە، بەڵکوو گۆڕینی فرەڕەنگی و فرەزمانی ئەو کەلتورانەیە بۆ کەلتوورێکی یەکڕەنگ و یەکزمان. ئەوەی وایکردووە پرۆسەی گۆڕینی ئەو کەلتورە ئیتنیکییە فرەڕەنگانە بۆ کەلتورە مۆدێرنەکە گرنگ بێت، مۆدێرن بوونی کەلتوورەکە نییە، بەڵکو ئەو توانایەیە کە لە کەلتوورەکەدا بۆ چوونیەککردنی کەلتوری هەیە".(٥٢٨)**

کەواتە چەق و کرۆکی ئامانجەکە گۆڕینی فرەڕەنگی کەلتورە ئیتنیکییەکانە بۆ یەکڕەنگی کەلتورە مۆدێرنەکە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ لە دروستکردنی نەتەوەدا، گرنگ ئەوە نییە لە ڕێگای نەتەوەخوازییەوە کولتوری خێڵەکان بگۆڕیت بۆ کولتورێکی مۆدێرن، بەڵکو فرەڕەنگی نێوان ئەم کولتورانە لە بۆتەی یەک ڕەنیگی کولتورێکدا بتوێندرێنەوە. د. عرفان لەم خاڵە هەستیارەشدا بە دیقەتەوە هەڵسوکەوت دەکات و ئاماژە بۆ لایەنێکی گرنگی کاری بزووتنەوە کوردییەکان دەکات و بەسەرکەوتوو لە قەڵەمیان دەدات، دەڵێ:

**"بزووتنەوە کوردییەکان لەوەدا سەرکەوتوو بوون کە کەلتورە ئیتنیکی و خێڵەکییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی ـ لەگەڵ بوونی ئەو هەموو بەربەستانەشدا کە نەیارەکانی لە بەردەمیدا دایاننناون ـ بگۆڕن بۆ کەلتورێکی مۆدێرن، بەڵام ئەوەی تیایدا سەرکەوتوو نەبوون ئەوەیە نەیتوانیوە فرەڕەنگی و فرەزمانی**

**ئەو کەلتـوورە ئیتنیکـی و خێڵەکییـانە بگـۆڕن بە یەکڕەنگـی و یەکزمانی کەلتوری"(٥٢٩)**

بەم پێودانگەی لێکدانەوەکانی د. عرفان ئەوە ڕوون دەبێتەوە، ئەو هۆکـارەی وای کـردووە بـزووتنەوە کوردییەکـان نەتـوانن نەتەوە دروست بکەن، بریتی نییە لە بوونی کولتووریکی خێڵەکی و ئێتنیکی، چـونکە ئەوانە زۆر بە ئاسـانی گـۆڕاون بـۆ کولتـوری مـۆدێرن، ئەوەی نەگـۆڕاوە فرەڕەنگـی و فرەزمـانی کەلتـوورییە. واتە ئەوەی کۆمەڵگـــای کـــوردی دەســـتی پێوەگرتـــووە و دەستبەرداری نابێت خودی کولتورە خێڵەکییەکە نییە، بەڵکو ئەو فرەییەی ناو کولتوور و زمانەکەیە. هەر لە میانەی ئەم باسـەوە، کە کورد بێ چەندوچوون و دواکەوتـن، کولتـوورە مـۆدێرنەکەی قبوڵە، نووسـەر گوزارشتێکی تری گرنگ دەخاتە ناو باسـەکەیەوە ئەمە پـوختەکەیەتی: هـیچ کۆمەڵگـایەک وەک کـورد کولتـوورە مـۆدێرنەکەی لـێ قەدەغە نەکـراوە و هـیچ زمـانێ وەک زمـانی کوردی لەلایەن هێزی دەرەکییەوە ڕێبەندی ئەوەی لێ نەکراوە ببێـت بە زمـانی کولتـوورە مـۆدێرنەکە.لەگەڵ ئەم ڕاستیانەش دا، هێشتا ڕێژەی کوردی خوێنەران و هەڵگرانی کولتورە مـۆدێرنەکە هیچی کەمتر نییە لە هـی تـورک و فـارس و عەرەب. کـورد تەنیا چونیەکردنە زمانی و کولتورییەکەی لە نەتەوەخوازی قبوڵ نییە، نەک کولتورە مۆدێرنەکە.

**"لەم کۆمەڵگـایەدا پرۆســەی گـۆڕینی کەلتـوری خێڵەکـی و ئەتنیکی بە کولتوری مۆدێرن شکستی هێناوە، بۆیە گەڕاندنەوەی شکسـتی بـزووتنەوە کوردیەکـان لە دروسـتکردنی نەتەوە بـۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای کـوردی نایەوێت کولتـورە خێڵەکـییەکەی بگۆڕێـت بە کولتـورە مـۆدێرنەکە و دەیەوێـت لەنـاو کولتـورە**

**خێڵەکییەکەدا بمێنێتەوە، هەڵەیە و ئەم هەڵەیەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ماهیەتی کولتووری مۆدێرن کە پێشەیبوونی ئەم کولتورەیە لەو لێکۆڵەرانە بووە بە چوونیەککردنی کولتوری(...)کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی مۆدێرنە و کۆمەڵگایەکی خێڵەکی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگایەکی مۆدێرنە، کولتورە مۆدێرنەکەی کولتورێکی فرەڕەنگ و فرەزمانە و ئەو کولتورە یەکڕەنگ و یەک زمانە نییە کە نەتەوەخوازی نەتەوەی پێ دروست دەکات.کۆمەڵگای کوردی دژی کولتورە مۆدێرنەکە نییە، بەڵکو دژی هەموو جۆرە هەوڵێکە بۆ کوشتنی فرەڕەنگی و فرەزمانی کوولتوریی، ئیتر بە هەر ناوێکەوە بێت". ٥٣٠**

جیاوازی زمان و کولتور هۆکار نییە بۆ دروستکردنی دەوڵەت. د. عرفان مستەفا، لەم ڕووەوە هەندێ بۆچوونی مارتین ڤان بروسنەن بە نموونە دێنێتەوە. کۆمەڵگای کوردی لە هەموو قۆناغەکانی بوونی خۆیدا لە کۆن و ئێستادا، پێڕەوی لە فرەزمان و فرەکولتوری جیاواز کردووە. کەواتە وەک ئاماژەمان پێدا، کوردبوون جیاوازی کولتورەکانە. ئەمە دەستووری ژیان و یاسای کارکردن و سیستەمی خۆبەڕێوەبردن و جموجوڵەکانێتی. بەواتایەکی دیکە، کوردبوون دروشمەکەی پێڕەوکردنی یاسای جیاوازییە. لە هەموو بوارەکاندا بەو واتایەی پاراستنی فرەزمان و فرەکولتور، کرۆکی جیهانبینی کوردی پێک دێنێت. دیارە ئایین و سیاسەت، ئەو دوو بوارەن، کە هەمیشە لە تەوژم و لایەن و هێزی جیاواز پێک دێن، یاخود لەخۆ دەگرن. هەر یەکێکیش لەمانە فرە ڕەنگ و فرە مانان. ئەمەش دەکاتە

ئەوەی کوردبـوون لەهەر شـتێکی کـوردی دەخوازێـت، بـوونی پەیڕەوی لە یاسای جیاوازی بکات.

کۆمەڵگای کورد زوو هەستی بە هۆشیاری خۆی کردووە لە پێڕەوکردنـی یاسـای جیـاوازی لە زمـان و کولتـور و ئاینیشـدا، هەروەک دەبینین گوتـاری ئـاییني کـورد بە دوو شـێوەی جیـاواز بەرهەم هـاتوون و ئەوە ئـاینی حەقـیقەت بە هەردوو بـاڵەکەیەوە یارســـان و ئێزیـــدی بەرجەســـتەکەری ئەو ڕاســـتیەن.دواتریش لەســـەردەمی ســـەرهەڵدانی کولتـــورە ئەدەبیـــیە نامەزهەبییەکـانی ســـەردەمی خەلافەتـدا، ئەدەبەکەی بەهەمـــان یاسـا و لۆژیــک و سیستەم بەرهەمهێناوە. کە سەردمی مۆدێرنەش دێتە پێشـەوە، کـــورد جیـــا لە تـــورک و فـــارس و عەرەب، کە پێـــڕەوی لە نەتەوەخوازی دەکەن کە لە بنەڕەتدا سیستەمێکی تۆتالیتـارێتییە، ئەو وابەستەی کوردبوونەکەیەتی بە سیستەم و یاساکەی پێشتر ئاماژەمـــان پێـــدا. ئەمەش وەک دوو هێڵـــی تەریـــب کە هەرگیـــز بەیەک ناگەن، سیستەمی کارکردنی ئەوان و کورد وابووە.ئاخر پاراســـتن و هێشـــتنەوەی جیاوازییەکـــان بنەمـــای بەهێـــزی کوردبوونە

**"ئەم بـزووتنەوانە گەر پەیـڕەوی لەو سیسـتەمە تۆتالیتـارە بکەن کە نەتەوەخوازی دەیخوازێت و ببن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخـواز، کوردبـوونی خۆیـان لەدەسـت دەدەن. لەلایەکـی تریشـەوە گەر پەیـڕەوی لەو سیسـتەمە جیـاواخوازە بـکەن کە کوردبوونیان لێیان دەخوازێت ببن بە بزووتنەوەیەکی کوردی، ئەوە لەدەست دەدەن بزوتنەوەیەکی نەتەوەخوازبن. ئەو حاڵەتە لێکدژییەی کە بزووتنەوە کوردییەکان لە نێوان کوردبـوون و نەتەوەخوازبووندا تێی دەکەون، بزووتنەوە نەتەوەخوازەکانی**

**فارس و عەرەن و تورک و هەموو بزووتنەوە مۆدێرنەکانی تری جیهان تێی ناکەون، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو میللەتانە بونیان لە عەسەبەکانی بەر لەسەرهەڵدانی مۆدێرنە و نەتەوەخوازی سەرچاوەیان گرتووە".٥٣١-٥٣٢**

لە هەنـــاو و میـــانەی ئەم بـــارودۆخەدا، کە بـــزوتنەوەی نەتەوەخـوازی بەگشـتی نەخشـی بـۆ کێشـاوە، ئەو پێـودانگەی بزووتنەوەی کوردی مەرجە بیکاتە دروشمی خۆی، ناجۆرییەک سەرهەڵدەدات. لێکدژییە لە نێوان کوردبوون و نەتەوەخوازی و ئەم دوو هێڵە هەرگیز لە خاڵێکدا یەکانگیر نابنەوە. د. عرفان بۆ ئەوەی ئاشنامان بکات، بەو کوردبوونەی ئەو مەبەستێتی و لێی حاڵی بووە، دەڵێ:

**" کوردبوون لەو پێکهاتە خێڵەکیانەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە سیستەمێکی جیاواز لە سیستەمی کۆگەل/ عەسـەبە و ئەو سیســـتەمە دروســـتبوون کە نەتەوەخـــوازی بـــزووتنەوە مۆدێرنەکانی پێدەکات بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز.ئەمەش وا دەکات ئەم بزووتنەوانە بکەونە ناو ئەو لێکدژییەوە کە لەنێوان کوردبوون و نەتەوەخوازیدا هەیە".(٥٣٢)**

بـۆ ئەوەی ئەم تەلیسمە، کرۆک و مانـا و ئاماژەکـانی هێـز و کـاریگەریێتی کوردبـوون تێـبگەین و بیـزانین، وردە وردە لەگەڵ بۆچوونەکانی نووسـەردا هەنگاو دەنێین. بە واتـایەکی تـر، کە د. عرفان بەم شێوەیە گوزارشتی لێ دەکات:

**"ئەو بـزوتنەوە مۆدێرنـانەی کە لەنـاو کۆمەڵگـا کـوردییە نـــامۆدێرنەکەدا ســـەرهەڵدەدەن، لەیەک کاتـــدا نـــاتوانن بزووتنەوەیەکـی کـوردییش بـن، چـونکە بە بوونیـان بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز لە کوردبوون دەکەون و ناکرێت**

**ناویــان بنرێــت بزووتنەوەیەکــی کــوردی، بە بوونیشــیان بە بزووتنەوەیەکـــی کـــوردی لەوە دەکەون بزووتنەوەیەکـــی نەتەوەخوازبن".٥٣٢**

چـــونکە بـــزووتنەوە کوردییەکـــان پلورالیســـتین و فرەیـــی دەخوازن.ئــاخر گەر بێــت و بزووتنەوەیەکــی کــوردیش یەک شـوناس بێـت و یەک کۆمەڵگـاش دروسـت بکـات، لـێ بە هـۆی فـاکتی کولتـوورییەوە، بـوونی خـۆی بە دوو شـێوە لە دیـالێکتی زمـانی کـوردی و دوو جـۆر کولتـور نمـایش بکـات، وا دیسـان دەکەوێـتەوە دۆخـی جیـاوازی و فـرەییەوە.بەمەش کـاراکتەری بـزووتنەوەکە دەکەوێتە ژێـر پرسـیارەوە. هاوکـات ئەم دۆخەش وای کــردوە لەنــاو کــورددا لە بــری یەک بــزوتنەوە چەنــد بـزووتنەوەیەک سـەرهەڵ بـدات و هەریەکەیـان زمـانی کۆمەڵگـا زمـانییەکەی خـۆیی و شـێوازە کولتـوورییەکەی بکـات بە میتـۆدی کـارکردنی تـا کۆمەڵگـا نـاوچەییەکەی بخـاتە نـاو پرۆسـەی بە مۆدێرن بوونەوە.

دوای تیشـک خسـتە سـەر لایەنە جیـاواز و دژ بە یەکەکـانی نێوان سیستەمی نەتەوەخـوازی و سیسـتەمی کوردبـوونەوە، لەو حاڵی دەبین، بەبێ تێگەیشتن لەم جیـاوازییە سیسـتەمییە، مەحاڵە لە سـەرهەڵدان و پەرەسـەندنی بـزووتنەوە مۆدێرنەکـانی نـاو کۆمەڵگای کوردی تێ بێبگەین.

**"ئەو رۆشنبیرە کوردانەی کە دەیانەوێت بزووتنەوەیەک لە بـــزووتنەوە مۆدێرنەکـــانی نـــاو ئەم کۆمەڵگـــایە بـــکەن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز، بە شێوەیەک لە شێوەکان دەکەونە دەرەوەی کۆمەڵگای کوردی و شوناسە کوردییەکەیان لە دەست دەدەن، جاری وا هەیە ئەم رۆشنبیرانە ناچار دەبن لە کۆمەڵگا**

**کـــــوردییەکە بچـــــنە دەرەوە و بەرەو نــــاو بـــــزووتنەوە نەتەوەخوازەکـانی نـاو کۆمەڵگاکـانی تـر بـڕۆن(...) کۆمـەڵگـای کوردی پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی زمانی و کەلتوری جیـاواز، ئەوەی هەریەک لەو کۆمەڵگـا زمـانی و کەلتوریـانەی کردووە بە پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردی بنەمای کوردبــوونە، ئەم بنەمــایەش زەمیـنە خۆشـدەکات بـۆ ئەوەی کۆمەڵگا کوردیەکە لەناو خۆیدا ببێت بە زیاتر لە کۆمەڵگایەکی زمانی و کەلتوری. کاتێک بزووتنەوەیەکی مۆدێرن بە پەیڕەوی کردن لە بنەمای نەتەوەخوازی دەیەوێت بە ناوی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی نەتەوەییەوە لە ڕێگەی هێزەوە کۆمەڵگا زمانی و کەلتوریە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی بگۆڕێت بۆ یەک کۆمەڵگای زمانی و کەلتوری، بەمە کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی بـۆ کــورد دروســـت ناکــات، بەڵکــو ئەو کۆمەڵگـــا کـــوردییە هەڵدەوەشـــێنێتەوە کە لەســـــەر بنەمـــای کوردبـــــوون دامەزراوە".٥٣٤-٥٣٥**

کۆمەڵگــای کــوردی بەوە کـــوردییە، کە لەســـەر بنەمـــای کوردبوون هەڵسابێ و کۆکەرەوەی هەموو دیاردە و توخمەکانی نـاو مـرۆڤە کوردەکـان بێـت، لە قـاڵبێکی هاوبەشـی گشـتیدا.دیارە وەک ئاماژەمــان پێـدا، کـۆمەڵێ پێکهــاتەی جیــاواز، ئــازادانە، لە ژینگەیەکـدا یەکیـان گرتــووە و کۆمەڵگــای کوردیــان دروســت کردووە.هەر بزووتنەوەیەک بیەوێ پێڕەوی ئەم یاسا چەسپاو و بەرجەستەبووە نەکات، خۆی تووشی کێشـە دەکات و دەکەوێتە خانەی هەوڵ و بەشداریی هەڵوەشاندنەوە کۆمەڵگای کوردی.

**"لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بۆ هەر بزووتنەوەیەکی مـۆدێرن ئەوە گرنگە پەیڕەوی لە بنەمای کوردبوون بکات، واتە بڕوای**

**بەوە هەبێت کە کۆمەڵگای کوردی دەبێت پێکهاتەیەک بێت لە کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی فرەزمان و فرەکولتور، بەبێ باوەڕبوون بەم بنەمایە و کارکردن بەم بنەمایە هیچ بزووتنەوەیەک توانای مانەوەی لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا نابێت، گەرچی خاوەنی هێزێکی جەماوەری و مادیی گەورەش بێت".٥٣٥**

هەموو بزووتنەوە کوردییەکان لەسەر زەمینەی ئەم بنەمای فرەزمانی و کولتوریە شین بوون و هەر لێرەوە ئیلهامیان وەرگرتووە. یاسای جیاوازی ڕاستە شەقامی بۆ بزووتنەوە کوردییەکان نەخش و دیاری کردووە. هەر خۆ لێ لادانێک لێی، تووشی هەڵدێر و کارەسات بوونە، چونکە کۆمەڵگای کوردی بە دەربڕینێکی تر، یەک سیستەمی دیکتاتۆری قەبووڵ ناکات و پێ ناچێت بەڕێوە.

نووسەر لێرەدا ئاماژە بە پارتێکی سیاسی وەک پ ک ک دەدات. چۆن لە هەوڵدایە بە تاکە کولتوورێکی سیاسی کۆمەڵگا سیاسییەکەی کوردستان کە جیاواز و فرە پێکهاتەیە بگۆڕێت بۆ یەک کۆمەڵگای سیاسی. ئەم حیزبە ئەو تۆتالیتاریەتە کولتووری و زمانییەی کە بزووتنەوە نەتەوەخوازەکان پەیڕەوی دەکەن، و دەیانەوێ کۆمەڵگا زمانی و کولتووریە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی، بکەنەوە بە یەک زمان و کولتوور، دەگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگا سیاسییەکەی ناو کۆمەڵگای کوردی. واتە ئەم حیزبە لە بری لە کۆمەڵگا فرەزمان و فرە کولتوورییەکی کۆمەڵگای کوردی، یەک زمان و یەک کولتوور دروست بکات، دەیەوێ کۆمەڵگا کوردییە سیاسییەکە، کە پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە کۆمەڵگایەکی سیاسی جیاواز و هەر یەکەیان خاوەنی کولتوورێکی سیاسی تایبەت بە خۆیەتی،

بگۆڕێت بۆ یەک کۆمەڵگای سیاسی سەرتاسەری و تۆتالیتار. ئەم حیزبە لەمەدا لاسایی ئەو جۆرە لە تۆتالیتاریەتی سیاسی دەکاتەوە، کە مارکسیزم و ئیسلامی سیاسی پەیڕەوی دەکەن. ئەم تۆتالیتاریەتە سیاسییە لە لایەن کۆمەڵگای کوردییەوە قبووڵ نەکرا. هەر ئەم شتە ناوەکییە بووە، مایەی ئەوەی، پارتی ناوبراو دروشمەکەی، لە داوای سەربەخۆییەوە بۆ کوردستان بکاتە داوای فیدرالیەت لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا. لەم بادانەوەیەدا هۆکاری دەرەکی لاوەکی و ناوەکی سەرەکی بووە. بە کورتی بە سیاسەتە تۆتالیتارییە، ناتوانێ فرەیی و جیاوازی زمانی و کولتووری، هەروا بە سانایی بگۆڕێت، ئەم کارە بە فلتەری بنەمای کوردبوونەکەشدا بە پەلە تێناپەڕێت .لەبەردەم ئەم کارەدا، ڕێگریی و ئاستەنگ زۆرن و گەرەکە بە هەند وەربگیرێن .

بە کورتی و کرمانجی کاتێ پ ک ک لە بڵاوکردنەوەی کولتورە سیاسییەکەی خۆیدا، پێڕەوی لە بنەمای کوردبوون دەکات، کەچی هەوڵ دەدات کولتوورە سیاسییەکەی خۆی وەک تاکە ئەلتەرناتییڤ ببینێ و هی پارتەکانی تر بە ناکوردی تەماشا دەکات. پ ک ک لە باشووری کوردستان دا، بە هۆی ئەو تاکە کولتوورە سیاسییە، کە خۆی پێ وێنا دەکرد، وەک پارتێکی مارکسیستی دەناسرا نەک کوردی. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بزووتنەوەیە لە بڵاوکردنەوەی کولتورە سیاسییەکەی خۆیدا، پەیڕەوی لە بنەمای کوردبوون نەدەکرد، بەڵکو پەیڕەوی ئەو پرنسیپەی دەکرد، کە بزووتنەوە مارکسیستەکان پێڕەویان لێ دەکرد، دەرئەنجام شکست دێنێ. د. عرفان زۆر ژیرانە،

لەسەر سیما دیارەکانی سیاسەتی پ ک ک لە نێوان بنەمای کوردبوون و ناکوردبووندا، درێژە بە باسەکەی دەدات.

**"لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هەر کولتورێکی سیاسی ئاینی بێت یان لیبراڵ یان مارکسی بەوە دەبێت بە کولتورێکی سیاسی کوردی و کوردییەتەکەی خۆی دەپارێزێت کە وەک کولتورێکی سیاسی ناوچەیی بمێنێتەوە و هەوڵی ئەوە نەدات ببێت بە کولتورێکی سەراپاگیر و بە پەیڕەوکردن لە یاسای شوناس نەفی کوردییەتی کولتورە سیاسییەکانی تر بکات".٥٣٩**

دوابەدوای ئەم باسە، ئاماژە بە خاڵێکی دیکەی هەستیار، دەدات، ئەویش قسەکردنە لەسەر دیالێکتەکانی زمانی کوردی و هەوڵەکانی یەکخستنی ئەم دیالێکتانە، بەرەو زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی.

**"دیالێکتی سۆرانی یان کرمانجی تا ئەو شوێنە کوردیەتی خۆیان دەپارێزن کە لەپاڵ دیالێکتە پەرەسەندووەکانی تردا دیالێکتیکبن لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی، کاتێک دەسەڵاتێکی سیاسی بیەوێت یەکێک لەو دیالێکتانە بەرز بکاتەوە و بیگۆڕێت بە زمانی کوردی و ڕێگە بگرێت لە پەرەسەندنی دیالێکتەکانی تر، ئەوە ئەو دەسەڵاتە سیاسییە بەمە نەک هەر زمانی کوردی لەو دیالێکتە دروست ناکات بەڵکو کوردایەتی لەناو ئەو دیالێکتەدا نەفی دەکات.دیالێکتە کوردییەکان بەوە زمانی کوردی دەنوێنن کە نەبن بە تاکە نوێنەری زمانی کوردی و هەریەکەیان لەپاڵ ئەوەی تریاندا وەک دەرکەوتەیەک لە دەرکەوتەکانی زمانی کوردی بمێنێتەوە".٥٣٩**

ئەمە بۆچوونێکی زمانەوانی هەستیارە و پرسی زمانیش هەردەم لە ڕووی نەتەوەییشەوە سەنگ و گرنگی خۆی هەیە.

بۆیە لێرەدا.ئەم ئەرکە بۆ شارەزایانی ئەم بوارەی بەجێدێڵین و هەوڵ دەدەن لە دەروازەیەکی ترەوە، ئەم خاڵە لەتەک د. عرفان دا بخەینە بەر باس و ڕوونی بکەینەوە.

**بزوتنەوە کوردییەکان لە نێوان نەتەوەخوازی و ئۆتۆنۆمیخوازیدا**

لە لاپەڕەکانی پێشوودا، کوردبوونمان ساخکردەوە. پێم وایە چ تەمومژێک لەسەر ناو و ناوەرۆک و مانای ئەم چەمکە نەماوە. چ لە بواری فرەزمانی و فرەکولتوری و چ لە فرە دەسەڵاتیشدا. هەر بزوتنەوەیەکی مۆدێرن لەناو کورد دا، خۆی بکاتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەم ڕەوتە سروشتییەدا، دەبێتە تەنێکی نامۆی ناو جەستەی کۆمەڵگای کوردی و زوو دەکەوێتە، دەرەوەی بازنەی ئامانجەکانی کوردبوونەوە.

کوردبوون، داوا و خواستەکانی ڕوون و ئاکرایە، لە بزووتنەوە مۆدێرنە کوردییەکان، چاوەڕوانە بزووتنەوەی ناوبراو، لەسەر زەمینەی فەراهەمکردنی هەلومەرجێک کار بکەن، فرەیی و جیاوازی زمانی و کولتووری و تەنانەت دەسەڵاتیش لە نێو کۆمەڵگای کوردی پەرە پێبدەن و بەهەموو شێوە و هێزێکەوە ڕێگری لەسەر هەڵدانی تاکە کولتوور و دەسەڵات بکەن. پێموایە ئەم تێزە لەم کۆنتێکسەدا، بۆیەکەمجارە لەکایەی ڕۆشنبیریی و بیری کوردیدا، دەخرێتە بەرباس و تێڕامان. لە میانەی خوێندنەوەی پەرەگرافەکانی دیکەی ئەم کتێبەدا، تیشکی زیاتر دەخەینە سەر ئەم خاڵە هەستیار و گرنگە. نووسەر دەڵێ:

**"کوردبوون ئەو بنەمایەیە کە هەموو بزووتنەوەیەکی ناو کۆمەڵگای کوردی ناچار دەکات لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا**

**بزووتنەوەیەکـــی ئۆتۆنۆمیخـــواز بێـــت و وەک بـــزووتنەوە نەتەوەخوازەکان تۆتالیتار نەبێت"٥٤١.**

د. عرفان ئەم خاڵە گرێ دەدات بە هەستیارترین چەمکەوە، لە دنیـای ئیمـڕۆدا، هـیچ سیسـتەمێک بـێ بـوونی، نـاچێتە خـانەی پێشـکەوتن و مرۆڤدۆسـتی و جێـی ڕەزامەنـدیی گشـتییەوە. ئەو سیستەمەش ـ **دیموکراسییەت** ـ ە. نووسەر پێ وایە ئەوەی لەناو کـورد دا ڕێگـرە لەسـەر هەڵـدانی تۆتالیتـاریێتی، حیزبـی تاقـانە و سـەرکردەیەکی تاقـانە هەڵـکەوێ و سـەراپا ژیـانی سیاسـی کوردسـتان قـۆرخ بکـات و بسـتە زەمینێکـی بـۆ هەناسـەدان بـۆ بیروبـاوەڕ و حیزبـی دیـکە فەراهەم نەکـات. بـوونی کولتـوری دیموکراسی نییە، بەڵکو ڕەهەندەکانی هەمان چەمکی کوردبوونە، کە ڕێگـریش دەکـات لە تۆتالیتـاریێتی زمـان و کولتـورەکەش. کەواتە لە کۆمەڵگـای کوردەواریـدا هەرسـێ دیـاردەی سیاسـی، دیموکراسـی زمـان و دیموکراسـی کەلتـوری، لە بنەمـای کوردبـوونەوە سـەرچاوەیان گرتـووە. لێرەشـەوە شـەقاو لە مەیدانی پراکتیکی ژیاندا هەڵدەنێت.

بە دیـدی نووسـەر، ئەو دیموکراسـییەی لەنێـو دەوڵەتە دیموکراسـەکاندا هەیە، بەرهەمـی تۆتالیتـاریێتی کولتـوورییە، کە لە کولتووره مۆدێرنەکەوە سەرچاوەی گرتووە. دیموکراسیش تەنیا لە هەڵبژاردنـی پارتەکانـدا پێـڕەوی دەکـرێ، کە دەستاودەسـتی دەسـەڵات دەکەن. چـونکە ئەو پارتـانە سـەرجەم نەک هەر بەوە رازیـن کە ئەو نەتەوەیەی لە ڕێـگەی تۆتالیتـاریێتی کەلتـووری و زمانییەوە دروست بووە، بەهێزی دەوڵەت بپارێزن، بەڵکو شـەڕ دەکەن لەسـەر هێشـتنەوەی ئەو دەسـتکەوتانەی نەتەوەی زاڵ بەدەسـتی هێنـاوە و بەردەوامێتـی ئەو واقـیعە ناسروشـتییە

سەپاوەی بۆی دروست کراوە. کەواتە دەگەینە ئەو ئاکامەی ئەو دیموکراسییە سیاسییەی  بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات ساز دراوە، بە پەنهانی تۆتالیتاریتێتیکی کولتووری لەخۆیدا حەشار داوە.ئەوەیشی بەوە رازی نەبێت، دەکەوێتە دەرەوەی گەمەکە.بۆ نموونە کێ هەیە لە بەریتانیا دژ بەدەسەڵات و کاریگەرێتی بنەماڵەی شانزادە کوین بێت؟ یان لەسەر سیاسەتی گشتی ئەو وڵاتە ڕەخنەیەکی جددی هەبێت؟. با هەزار دیموکراتیش بەرقەرار بێت، لێ کەس ناتوانێ زۆر هێڵی سوور هەیە، کە ئەو بنەماڵە و بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت کێشاویانە ببەزێنن. باوەڕهێنان بە بوونی فرەیی لە بواری کولتووری و سیاسی و فەرهەنگیدا، لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا، کاریگەرێتی و ڕەنگدانەوەی باوەڕبوون نییە بە دیموکراسی، هێندەی زادەی چەمکی کوردبوونە.

**"ئۆتۆنۆمی لەناو دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا دەرکەوتەی بنەمای نەتەوەخوازیە و نابیتە هۆی ئەوەی نەتەوە لەناو دەوڵەتە نەتەوەییەکەدا دابەش بکات بۆ دوو نەتەوەی سەربەخۆ، بەڵام ئۆتۆنۆمی لە خەیاڵی بزووتنەوە کوردیەکاندا دەرکەوتەیەکە لە دەرکەوتەکانی بنەمای کوردبوون.جێبەجێکردنی بنەمای کوردبوون دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو نەتەوەیەی کە لەناو دەوڵەتەکەدا بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی دامەزراوە هەڵوەشێتەوە بۆ چەند نەتەوەیەکی جیاواز، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئۆتۆنۆمی  بەپێی بنەمای کوردبوون شتێکە و بە پێی ئەو بنەما سیاسیەی کە لەناو دەوڵەتە مۆدێرنەکەدا پەیڕەو دەکرێت شتێکی ترە".٥٤٢**

نەتەوەی کورد، سەرباری درندایەترین سیاسەتی چوار دەوڵەتی داگیرکەر، کەچی وەک پەرچوو/ موعجیزە هەتا ئێستا هەر ماوە و وەک چیاکانی وڵاتەکەی خۆڕاگر و سەرکەشە. جا بۆیە تێکڕای داگیرکەرانی کوردستان بە هەموو شێوەیەک، دژ بە هەر داخوازییەکی کوردی وەستاونەتەوە و بەردەوامیش دەوەستنەوە. تەنانەت ئەو ئۆتۆنۆمییەی لە خەیاڵی ئێمەدایە، ناگاتە دامێنی هەرە خوارەوەی پرسە نەتەوەییەکەمان، کەچی داگیرکەران ئەوان ئەوەشیان قبووڵ نییە. بەڵام دەبینین ئۆنۆنۆمیی ڕاستەقینە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و دینامیکی هاوکات دەکاتە هەڵوەشانەوەی، ئەوەی ئەوان، لە دەوڵەت و نەتەوە، لە ڕێی نەتەوەخوازییەوە بونیاتیان ناوە. ئەوان بە سیفەتی زاڵێتی دەتوانن هەبن و دەسەڵاتدار بن، نەک بەوەی کوردیش لەتەک ئەواندا پراکتیزەی هەمان دەسەڵات بکات، بە بوونێکی یەکسان و هاوتاوە. خۆ گەر وانەبوایە لەمێژبوو دەوڵەتانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا ئەو ئۆتۆمییەیان دابووە کورد.

**"ئۆتۆنۆمی بەپێی بنەمای کوردبوون ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری و کولتوری لەناو دەوڵەتی مۆدێرندا لە دەسەڵاتێکی ناوەندییەوە بگۆڕێت بۆ چەند دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی و ناوچەیی.بەڵام ئۆتۆنۆمی بەو مانایەی کە لە دەوڵەتێکی مۆدێرنی وەک بەریتانیا هەیە، ئەوەیە کە دەوڵەت ماف بدات بە ناوچەیەک لە ناوچەکانی سنوری خۆی لە رووی ئیدارییەوە سەربەخۆ بێت، واتە ئۆتۆنۆمی لەناو ئەم دەوڵەتانەدا ئۆتۆنۆمی ئیدارییە نەک ئۆتۆنۆمی سیاسی و کولتوری. سکوتلەندییەکان گەر وەک کورد لەپاڵ ئۆتۆنۆمی ئیداریدا داوای**

**ئۆتۆنۆمی کولتوری و سیاسی لە دەوڵەتی بەریتانی بکەن، بەمە دەبــنە مەترســی لەســەر ئەو یەکبــوونە نەتەوەیــیەی کە نەتەوەخـوازی ئینگلیـزی لەنـاو دەوڵەتـی بەریتانیـدا دروسـتی کردووە، ئەمەش مەترسی لەسەر دەوڵەتی بەریتانی دروست دەکات، چوونکە کەرتبوونی نەتەوە بۆ دوو نەتەوەی جیاواز لە هەمــان کاتــدا کەرتبــوونی دەوڵەتە بــۆ دوو دەوڵەتــی جیاواز".٥٤٣-٥٤٢**

شــایانی باســە، ئەمەش دیــاری دەخــات، لە نــاو دەوڵەتە نەتەوەییە دیموکراسیەکانی، وەک بەریتانیـادا، ئەو دیموکراسییە سیاسییەی هەیە، تۆتالیتـاریتیکی کولتـوری لە پشـتەوە هەیە. بێ دەربڕینـی ڕەزامەنـدی بەرامـبەر بەم تۆتالیتـاریتییە، کەس بـۆی نیـیە شـتێکی پـێچەوانە بکـات و لە ڕاستیشـدا هـیچ نـاکرێ.هیچ گومانی تێدا نییە، ئەم وڵاتانە تا ئەو شوێنە دیموکراسی پێڕەو دەکەن، بەرژەوەنـدی و ئاسایشـی نەتەوەیـی خۆیـان نەکەوێـتە، مەترسییەوە. دوای ئەوە پێشێلی هەزاران بنەمای مرۆڤدۆستی و سیسـتەمی دیموکراسـی دەکەن، وەک ئەوەی لە ئێسـتادا، دوای زیــادبوون و بەرزبــوونەوەی ژمــارە و جــۆری کــارە تیرۆریسـتییەکان و کۆچبەربـوونی ملیۆنەهـا مـرۆڤ بـۆ ئەم وڵاتـانە، لە ئەوروپـا، بە ئـاکرا باسـی لێـوە دەکەن، لەپێنـاوی ئاسایشی نەتەوەییان دا، قوربانی دەدەن بە ئازادیی تـاکگەرایی و کولتـووری دیموکراسـی و ڕێزگـرتن لە مـافی مـرۆڤ. هەروەک کـامرۆن، سـەرۆکوەزیرانی بەریتانیـا وتـی: کە وڵاتەکەم کەوتە بەرمەترسی، پرسیاری دیموکراسیم لێ مەکە.

ئەوەی ئەوان بـۆ خۆیـان لەو دەسـتکەوتانەی مـۆدێرنیزم شانازی پێوە دەکات، بە دەستیان هێناوە و پێی گەیشتوون و لە

ڕێیەوە بوونەتە ئاغای سەرزەمین، ڕێگە نادەن و ڕەزامەند نین، هیچ لایەن و یەکێکی تر، بەو ئاستە بگات. ڕەنگە جارێکی تریش بۆ وەبیر هێنانەوە، ئاماژە دانەوە بە پرسی سەربەخۆیی سکۆتییەکان لە ٢٠١٥ دا و کاتالانییەکان بەردەوام و باسکەکان بە خەباتەتەکەیان باشترین نموونە بن.

کاتێ تانک و تۆپ و ژوورە تاریکەکانی زیندانەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، هەڕەشە لە کورد بەرامبەر هەر داوایەکی دەکەن. ئەوا لە بەرەنگاربوونەوەی دۆزی سەربەخۆیی سکۆتییەکاندا، فشاری ئابووری و وەرنەگرتن بە ئەندام لە کۆمەڵگای بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا، رێگەنەدان بە بەکارهێنانی دراوی یۆرۆ...هتد بووە چەکی دەستی بەریتانیا و گەلێ لە وڵاتانی ئەوروپا و لە دژی پرسی سەربەخۆییان بڵند کرایەوە. بە هەمان میتۆدیش هەڕەشە لە کاتالانییەکان کرا و دەکرێت. برۆکسل وەک پایتەختی یەکێتی ئەوروپا، وتی ئێمە ئێوە بە ئەندام وەرناگرین.

لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، هەر بزوتنەوەیەک دابێ، بۆ ئەوەی ببێتە جێی پەسەندبوون و شوێنی خۆی بکاتەوە، دەبێ لەناوخۆیدا ئۆتۆنۆمیخواز بێت. ڕەنگە سیستەمێکی فیدڕاڵی، وەک ئێستای ئەڵمانیا باشترین نموونە بێت، بۆ ئایندەی کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو.

**"ئەو جۆرە لە ئۆتۆنۆمی کە بزووتنەوە کوردییەکان لەسەر بنەمای کوردبوون داوای دەکەن، لە لۆجیکی سیاسی دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا مانای دابەشبوون و جیابوونەوە دەگەیێنێ و بە پێی ئەو لۆجیکە جێبەجێکردنی داوایەکی لەو جۆرە تەنها**

**نەتەوەکە ناکات بە دوو پێکهاتەی نەتەوەیی سەربەخۆ، بەڵکو دەوڵەتەکەش دەکات بە دوو دەوڵەتی سەربەخۆ".(٥٤٤)**

هەر هەقیقەتــی ئەم بۆچـوونەیە دەیسەلمێنێ، بـۆچی لەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، تەنانەت مافی ئۆتۆنۆمیش بە کورد ڕەوا نەبینراوە/ نابینرێ.ئاخر د. عرفان وتەنی جێبەجێکردنی بنەمای کوردبوون، ئەو نەتەوانە هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆ چەند نەتەوەیەکی سەربەخۆی جیاواز، ئەمەش ڕیسەکە دەکاتەوە بە خوری.هەر بۆیەکا مۆدێرنەش لەگەڵ ئەو فۆڕمە باڵا و پێشکەوتووەی ئۆتۆنۆمیدا نییە.

کەواتە لێرەدا لەوە حاڵی دەبین ئۆتۆنۆمی بەپێی بنەمای کوردبوون مانا و ڕەهەندێکی تری هەیە، لەو ئۆتۆنۆمییەی نەتەوەخوازی گەرەکێتی کلێشەی بۆ بکێشێ و بیکاتە فۆڕمی چارەسەر، وەک نموونەی ئەوەی بەعس لە ١٩٧٠ ـ ١٩٧٤، لە باشووری کوردستان. ئۆتۆنۆمی لەم پرسەدا جیاوازییەکان قبووڵ ناکات، لەترسی ئەوە نەکا ئەوە دروستکراوە تێکبچێتەوە. د.عرفان زیرەکانە بۆ ئەم خاڵە چووە و پێی وایە دیموکراسی لە زمان و کولتووردا بەپێی بنەمای کوردبوون جیاناکرێتەوە لە دیموکراسی لە ئیدارە و سیاسەتدا، کەواتە ئۆتۆنۆمی ئیداری و سیاسی و کولتووری و زمانی لێک جیاناکرێنەوە.

**"ئۆتۆنۆمی ئیداری لای کورد بەبێ ئۆتۆنۆمی سیاسی و کولتوری ئۆتۆنۆمییەکی ساختەیە و راستەقینە نییە(...)ئۆتۆنۆمی بەپێی بنەمای کوردبوون بە ئۆتۆنۆمیکردنی فەزای سیاسی و ئیداری و کولتوریە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو نەتەوەیەیە کە نەتەوەخوازی لەناو ئەو دەوڵەتدا بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی دروست کردووە.واتە گۆڕینی حکومەتی ناوەندی ناو دەوڵەتە بۆ**

**چەنــد حکــومەتێکی ســـەربەخۆ لە سیاســـەت و کولتــور و بەڕیوەبردندا بەبێ دابەشبوونی دەوڵەتەکە بۆ چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ".٥٤٤**

هەمـوو لە مانـا و نـاوەڕۆکی ئۆتۆنـۆمی تێگەیشـتووین و لە سـایەی ئەو بـارودۆخەی کـوردی تێـدایە هەنـدێ ئەزموومـان لەتەک ئەم سـتاتووەدا هەیە. ئۆتۆنـۆمی بـڕە مـافێکی ئیـداریی و ناوچەیی و رۆشنبیرییە، لەگەڵ ئەوەشدا دوژمنان ڕێگرییان لەم مـافەش کـردووە و هـیچ کـات دەسـەڵاتی ناوەنـدیی دەوڵەتە داگیرکەرەکان، رێگە بە گەشەکردنێک لەسەر ئاستی نەتەوەیی و کولتوری کورد نادات، نەکا بێتە هۆی لاوازکردن یاخود هەڕەشـە بـۆ سـەر دەسـەڵاتە ناوەنـدییەکە. ناوەنـد/ دەسـەڵات، لە نـاوچە ئۆتۆنۆمیدارەکان، هەمیشە هەژموونی بەسەر هەر جموجوڵێک دا هەیە و ڕەشـمەی کاروبارەکـان لە دەسـتی خۆیـدا دەهێڵێـتەوە. جگە لەمەش دەسـەڵاتی ئۆتۆنۆمیخـواز نە لە بـواری سیاسـەتی دەرەوە و نە لەشکری دا، هیچ سـەربەخۆییەکی نییە. دەزگاکانی ئاسـایش و نـاوخۆ بە دەسـت ناوەنـدەوە دەبێـت و سیاسـەتی دارایـش هەر ناوەنـد، نەخشـەی بـۆ دەکێشـی و بڕیـاری لەسـەر دەدات.

بەم پێودانگە هیچ دەسەڵاتێکی ناوەندی ڕازی نییە، مـافگەلێکی لەم چەشـنە بە کـورد بـدات، ـ لە ڕاسـتیدا ئەوان، ئەم مافەیـان زەوت کـــردووە و گەرەکە بیـــدەنەوە و کـــورد هەوڵـــی بەدەسـتهێنانەوەی دەدات ـ چـونکە لە ڕوانگەی ناوەندەوە، ئەمە هەڕەشە لەسـەر یەکێتی خـاکی تورکیا، ئێران، عێراق و سـوریا دروست دەکات. حکومەتە ناوەندییەکان، لەژێر گوشـاری خەبـاتی نەتەوەیی کورد دا، بە یێوەیەک لە شـێوەکان ویسـت یان داوای

ئۆتۆنۆمی کوردیان، لەدوو خاڵی ئیداریی و بڕەک رۆشنبیریدا قەتیس کردووە. هەرگیز رازی نەبوون ئۆتۆنۆمی ڕەهەندێکی سیاسی هەبێت و بوونی کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز و سەربەخۆ و خاوەن تایبەتمەندی، بێتە قبووڵ کردن. هاوکات هەڵبژاردن، بڕیاردان، سیاسەتی ئابووری و دەرەکی، هێز و لەشکر، دامەزراندنی پرۆژەی پیشەسازی و سیستەمی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی پێک بهێنێ و بەڕێوە بەرێت. هەروەک نووسەر لەم میانەدا باش بۆی چووە و دەڵێ:

**"دوو حکومەتی سەربەخۆ لەناو یەک دەوڵەتدا"بەڕێوە بچێت.ئاخر تێگەیشتن و روانگەی کورد بۆ مافی ئۆتۆنۆمی لەم دیدەوەیە(٥٤٤).**

داگیرکەران، یاخود ئەوانەی لە ڕێگەی نەتەوەخوازییەوە نەتەوەیان بۆ خۆیان داتاشیوە، ئەم جۆرە داواکارییەکە، بە مەترسی و بڤە و تەڵە، دەزانن بۆ سەر بوون و چارەنووسی خۆیان و قەوارەکەی دروستیان کردووە/ بۆیان قووتکراوەتەوە!!. هەر بۆیەکا کێشەی کورد لەم ڕێگایەشەوە، لەگەڵ داگیرکەرەکانی دا، تا ئێستا بە چارەسەر نەگەیشتووە و لە ئایندەشدا چانسی چارەسەرکردنی کەمە. کاتێک دۆزی کورد چارەسەر دەبێ، کە دوای ئەوەی یاسا و چەمکی نەتەوەی سەردەست و بندەست، نەتەوە و کەمەنەتەوە، برا گەورە و برا بچووک، لە نێوان کورد و ئەواندا نامێنێ. زاڵ و بندەست و براوە و دۆڕاو، هەموو ئەمانەش بەدی دەهێنرێت، لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی بنەمای نەتەوەخوازی، کە نەتەوە سەردەستەکە، دەوڵەتەکەی، پێ دروست کردووە و بۆیان دروست کراوە. نووسەر دەڵێ:

**" هەڵوەشـــاندنەوەی ئەم بنەمـــایەش، هەڵوەشـــاندنەوەی تەمـاهیکردنی شوناسـی نەتەوەیە لەگەڵ شوناسـی دەوڵەتـدا و جیاکردنەوەی نەتەوەیە لە دەوڵەت، واتە ئەم بزووتنەوانە بەر لەوەی داوای ئۆتۆنۆمی بکەن داوای جیاکردنەوەی نەتەوە لە دەوڵەت دەکەن، ئەوان ئۆتۆنۆمی لەم جیابوونەوەیەدا دەبینن، ئەم جیابوونەوەش دەوڵەتی نەتەوەیی دەگۆڕێت بۆ دەوڵەتـی نێوان نەتەوەیی".٥٤٥**

بەم داوا و سیاســــەتە، داوای جیــــاکردنەوەی نەتەوە لە دەوڵەت، ئەوسا دەوڵەتەکە نابێتە مـوڵکی تـاکە نەتەوەیەک، بەڵکو هــی هەمـوویـان. کـورد خـۆی لەبەردەم هەژمـوونی سیاســەتی پــاوانخوازی و مەترسـییەکانی نەتەوەخـوازی نەتەوەی خـاوەن دەوڵەت، دەپارێزێ و دەتوانێ درێژە بە بوونی خۆی بدات.

**" پەیڕەوکــردن لە بنەمــای کوردبــوون پەیڕەوکــردنە لە سیســتەمێکی نێــوانگیر و دەســتبەرداربوونە لەو سیســتەمە چەقگیـرەی کە لەنـاو دەوڵەت ـ نەتەوەی مۆدێرنـدا پەیـڕەو دەکرێت. بزووتنەوە کوردییەکان هەموویان باوەڕیان بەوە هەیە تەنها بەپێی ئەو سیستەمە نێوانگیرە ئۆتۆنۆمی لەناو دەوڵەت ـ نەتەوەکانی فارس و عەرەب و تورکدا، کورد لە بەرامبەر ئەو نەتەوانەدا وەک نەتەوە دەهێڵێـتەوە و لەوە دەری دەکـات کە وەک ئیتنیکێک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت".(٥٤٥)**

**" بـزووتنەوە کوردییەکـان نە ئۆتۆنۆمییەکیـان قبـووڵە کە نەتەوەی نـاو دەوڵەت نەتەوەکە لەبەرامـبەر بـوونی نەتەوەیـی کورد دا بگۆڕێت بۆ ئەتنیک، نە ئۆتۆنۆمییەکیشیان قبووڵە کە تیایدا کوردبوونی نەتەوەی خۆی لەدەست بدات و بگۆڕێت بۆ ئەتنیکێک لە ئەتنیکەکانی ناو ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە.سیستەمی**

**دەوڵەتـی نەتەوەیـی تەنهـا رێـگە بە ئۆتۆنـۆمییەک دەدات کە ئۆتۆنۆمییە بۆ ئەتنیکەکان نەک بۆ نەتەوەکان.چوونکە ئۆتۆنۆمی بـۆ نەتەوەکـان پێویسـتی بەوەیە لە بنچیـنەوە لە دەوڵەتێکـی نەتەوەییەوە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی نێوان نەتەوەیی".٥٤٥ـ٥٤٦**

نووســـەر بە هوشـــیارییەوە، ئەم تێـــزە ڕوون دەکـــاتەوە، ئاگایشـی لەوە هەیە، گەر بێت و بزووتنەوە کوردییەکـان لەبری دروشـــمی نەتەوەخـــوازی ئۆتۆنۆمیخـــوازی بڵنـــد بـــکەنەوە، وا گەوهەریان لە نەتەوەییەوە نـاگۆڕێ بـۆ بزووتنەوەیەکی ئەتنیکی و خێڵەکی. چـونکە لێرەدا قسـە لەسـەر نەتەوەیە نەک ئەتنیک و خێڵ.دەوڵەتێک لە چوارچێوەی سنوورەکەیدا چەند نەتەوەیەکی لەخۆ گرتبێ، دەبێت دەوڵەتەکە بەهـاوکۆیی هـی هەموویـان بێت، ئۆتۆنۆمیش بۆ هەر یەک لە نەتەوەکانە.

**"ئەم بزووتنەوانە داوای ئۆتۆنـۆمی بـۆ نەتەوە دەکەن، نەک ئۆتۆنــۆمی بــۆ ئەتنیــک، هەر لەمەشــەوەیە کێشــە لە نێــوان بــزووتنەوە کوردییەکـــان و دەســـەڵاتی نەتەوەیـــی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا سەرهەڵدەدات".٥٤٦**

لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا لە جیهاندا، کۆمەڵی گرووپی ئەتنیکی هەن و داوای مـــافی ئۆتۆنـــۆمی دەکەن. لەبەر ئەوەی داواکەیـــان چ مەترسییەک لەسـەر حکومەتی ناوەندی دەوڵەتە نەتەوەخـوازەکە دروست ناکات، ڕێگە پێدراون. نموونە گەلێکی زۆر لەسـەر گۆی زەوی هەیە. بەڵام داگیرکەرانـــــــی کوردســـــــتان، داوای ئۆتۆنۆمیخوازی بۆ نەتەوەی کـورد، بە مەترسـی و بڤە بـۆ سـەر خۆیـان دەزانـن و لە ئاسـت کوردبوونـدا، فۆبیایـان لێنیشـتووە. ئـاخر کـورد، گەر ئۆتۆنۆمیشـی گەرەک بێـت، دەیەوێ دەوڵەتە نەتەوەیـیەکە بگۆڕێـت بـۆ دەوڵەتـی نێـوان نەتەوەیـی. شوناسـی

نەتەوە و دەوڵەت لە یەکتـر جیـابینەوە و تـاکە نەتەوەیەک بـالا دەست و هەڵسوڕێنەری  ئەجێندای ناو دەوڵەتەکە نەبێت.

بۆ نموونە عێراق دەوڵەتی کورد و عەرەب بێت و نەک تەنیا هـی عەرەب و بەشـێک بێـت لە نیشـتمانی عەرەبـی، وەک ئەوەی ئەوان بانگاشەی بۆ دەکەن، تورکیا و سوریا و ئێران، هی تـورک و فـارس و عەرەب و کـورد و ئـازەری و بەلـوچ بـن. پرسـیار ئەوەیە، ئایا عەقڵێت و کولتـوری ئەو داگیـرکەرانە، ئەمە پەسـەند دەکـات؟. ئەو دەوڵەتـانە، ئەو ناسـنامە و بەهـایەی ئێسـتا لەم ڕێگـایەوە بەدەسـتیان هێنـاوە، دەسـتبەرداری بـن و دەوڵەتەکە بـکەن بە مـوڵکی خۆیـان و کـورد.  مێـژووی خوێنـاوی چەنـدین سـەدە و هەتـا هەنووکەش گەوایـی ئەوە دەدات، ئەوان لە زمـانی ئاگر و ئاسن، بەولاوە چی دیکە نـازانن و بەکار نـاهێنن. هەرگیـز ئامـادەی هەڵبژاردنـی ئەم ڕێگاچـارە نـین، بـۆ چارەسـەرکردنی کێشەی کورد، یاخود هەر کێشەیەکی دیکە!.

**"بزووتنەوە کوردییەکانی ناو کۆمەڵگای کـوردی گەر لەنـاو دەوڵەتێکی سـەربەخۆی کوردیشـدا سـەریان هەڵبدایە هەر بە هەمان شێوە بنەمای کوردبوون بەرەو ئەوەی دەبردن ببن بە بزووتنەوەیەکی ئۆتۆنۆمیخواز".٥٤٦**

ئەم بۆچـوونە مەگەر وەک گریمـانەیەک وەرگـرین، دەنـا کـاتێ دەوڵەتێکی کـوردی سـەربەخۆ پێـک دێ، ڕەنـگە چیـدی پێویسـت بەسـەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکـی کـوردی نەکـات، چـونکە بـزووتنەوەی کـوردی هەر لەسـەرەتاوە، بنـاخەی مافەکـانی فرەزمـانی و فرەکولتـوری لە هەنـاوی خۆیـدا هەڵگرتـووە و پێـڕەوی لە یاسـای جیـاوازی کـردووە، بەس دیسـان بـایەخی بنەمای کوردبوونەکە لای نووسەر هێندە بەنرخ و گردەبڕە، لەو

قۆناغەشدا، ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ لە چارەنووسی بزووونەوەی کوردییەکاندا.

ئەم پرنسیپ و بنەمایە، داوا دەکات لەناو دەوڵەتەکەشدا، کورد خۆی لە شێوە نەتەوەخوازی بەدوور بگرێ. کە بە پێی یاسای هاوچوون، ڕەفتار بکات لە یەککردنی شوناسی زمانی و کولتورییەکان. ئاخر کوردستانێکی مۆزایکی دەوڵەمەند و هەمەچەشن و فرە پێکهاتە، بە شێوەزار و کولتوری ناوچەیی و هەرێمی جۆراوجۆر، ناکرێ هەمووی لە بۆتەی نەتەوەخوازیدا بتوێندرێتەوە. لەناو دەوڵەتێکی ئاوهادا، تەنیا" **بنەمای کوردبوون**" دەبێتە قەڵغان و شورای پاراستنی ئەم خەسڵەت و سیما تایبەتە و هیچ هەڕەشەیەکی ناوەکی بۆ دروست نابێت و هێزی بێگانە و دەرەکیش، لە عۆدەی نایەت.

**"بزووتنەوە کوردییەکان گەر لەناو دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆدا ببن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز و بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی کەلتووره مۆدێرنەکە بە دیالێکتێک لە دیالێکتەکان لەناو سنووری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا سەراپاگیر بکەن، ئەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵە بزووتنەوەیەکی ناوچەیی کە هەریەکەیان داوای ئەوە دەکات زمان و کەلتوره ناوچەییەکەی وەک ئەو زمان و کەلتوره ناوچەییەی کە نەتەوەخوازی کردوویەتی بە زمان و کەلتوری نەتەوە دروستکراوەکەی ناو دەوڵەت ببێت بە زمان و کەلتوری نەتەوە دروستکراوەکە، هەر ڕێگرتنێکیش لەوەی کە ئەو زمان و کەلتوره ناوچەییانە بەرز ببنەوە بۆ زمان و کەلتورێکی نەتەوەیی دەبێتە هۆی ئەوەی هەریەک لەو بزووتنەوە ناوچەییانە ببن بە بزووتنەوەی نەتەوەخواز و بوونی ئەو نەتەوە کوردییە هەڵوەشێنێتەوە کە**

**نەتەوەخوازییەکە دروستی کردووە و دابەشی بکەن بۆ چەند نەتەوەیەکــی جیــاوازی وەک نەتەوەی زازاکــی و نەتەوەی سۆرانی و نەتەوەی کرمانجی و نەتەوەی هەورامی و نەتەوەی موکری و...هتد "بنەمای کوردبوون لەناو دەوڵەتێکی کوردیشدا داوا لە بزووتنەوە سیاسییەکان دەکات ئۆتۆنۆمیخوازبن نەک نەتەوەخواز، لەناو دەوڵەتی کوردیشدا کۆمەڵگای کوردی ڕێگە نــادات هــیچ بزووتنەوەیەکــی مــۆدێرن بەنــاو نەتەوەوە تــاکە کەلتورێک و تاکە زمانێک لەناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا ســەراپاگیر بکــات، بــۆ نمــوونە ڕێــگە نــادا بە بزووتنەوەیەکــی مۆدێرن دیالێکتی سۆرانی یان دیالێکتی کرمانجی بکات بە زمانی کەلتورە مۆدێرنەکە و یەکەی کەلتوری پێ هەمئاهەنگ بکاتەوە لەگەڵ یەکەی سیاســـیدا و بەمە لە زمـــان و کەلتـــورێکی نــاوچەییەوە بەرزی بکــاتەوە بــۆ تــاکە زمــان و کەلتــورێکی نەتەوەیی و بیکاتە ڕێگر لە بەردەم ئەوەدا دیالێکتە کوردییەکانی تری ناو سنووری سیاسی ئەو دەوڵەت ببن بە زمانی کەلتورە مــۆدێرنەکە و وەک ئەو زمــانە گوزارشــت لە زمــانی کــوردی بکەن."٥٤٧.**

کەواتە بۆ پاراستنی ئەم هەمە جۆری و فرەلایەنییە. زمان و کولتوری کوردی و هاوکات بنەمای کوردبوون، بەرژەوەندی بالای نەتەوایەتی کورد وا دەخوازێ، ئۆتۆنۆمیخواز بێت و هەر دەڤەر و ناوچەیەک ناسنامەی پارێزراو بێت، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا. لە ڕاستیدا گەر تەماشای وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا بکەین، دەوڵەتێکی مۆدێرن و خاوەنی کەلتوری بالاشە و سیستەمەکەی فیدراڵییە. کەچی دەوڵەت بە فەرمی هەر بە یەک شێوە زمان ڕێگەی کارکردنی داوە، لێ لە مافە ناوچەییەکاندا

هەر هەرێمێـک، بە پێـی بەرژەوەنـدی و بـارودۆخی نـاوچەکەی سـەربەخۆیانە، کاروبارەکـانی خـۆی بەڕێـوە دەبـات. کەواتە سیاسەتی زمان و خوێندن، ناوەندییە.

نەتەوەخوازی، بنەمایەکە لە دەوڵەتدا داوا دەکاتبزوتنەوەیەکی مۆدێرن  کولتورە مۆدێرنەکە بەتاکە زمانێک یان تاکە دیالێکتێک سەراپاگیر بکات و یەکەی کولتوری لەناو دەوڵەتدا هەمئاهەنگ بکـاتەوە لەگەڵ یەکەی سیاسـی دا. بە پـێچەوانەوە کوردبـوون بنەمـایەکە، تەواو بە پـێچەوانەوە کـار دەکـات و داوا دەکـات کولتورە مۆدێرنەکە لەڕێگای هەموو دیالێکتیکەکانەوە، کەتوانای پەرەسەندنی ناوچەییان هەیە رێگەی پێ بدرێ و نابێ شوناسی نەتەوە لەگەڵ شوناسی دەوڵەتدا تەماهی پێ بکرێ، واتە نابێت یەکەی کولتوری و یەکەی سیاسی هەمئاهەنگ بکرێنەوە.هەر ئەم بنەما گەوهەرییەیە هێڵی تۆخی نێوان بنەمای نەتەوەخوازی و کوردبوون دەکێشێ و جیادەکاتەوە.

پاشان نووسەر دەمان بات بۆ لای باسێکی تری جیاوازی نێوان بزوتنەوە مۆدێرنە کوردییەکان و عەرەبەکان و دەڵێ:

**"ئەوەی بـزووتنەوە مـۆدێرنە کوردییەکـان لە بـزووتنەوە مۆدێرنە عەرەبییەکان جیادەکاتەوە، بنەمای نەتەوەخوازی و بنەمای کوردبـوونە.بزووتنەوە مـۆدێرنە عەرەبییەکانی دوای هەڵوەشـاندنەوەی ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی دەبـن بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز و بەوە بوونی نەتەوەیی عەرەب لەنـاو سـنووری سیاسـی  ئەو هەمـوو دەوڵەتە عەرەبییـەدا دەپارێزن و لەنـاو چەند دەوڵەتێکی سـەربەخۆدا لە رێگەی سەراپاگیرکردنی کەلتورە مۆدێرنەکەوە بەو زمانە عەرەبییە کە پێشتر زمانی کەلتورە مەزهەبی و نامەزهەبییەکەی خەلافەتە**

**عەرەبییەکـان بـوو، نەتەوەیەک بە نـاوی نەتەوەی عەرەبەوە دروست دەکەن. ئەوان بە پەیڕەویکردن لە بنەمای نەتەوەخوازی نەتەوەکەیـان دروسـتدەکەن، بـۆیە نـاتوانین لە باسـکردنی نەتەوەخوازی عەرەبیدا باس لە چەند نەتەوەخوازییەکی جیاواز بکەین.**

**هەموو بزوتنەوە مۆدێرنە عەرەبییەکان بەوەی کە بەو زمانە عەرەبییە کەلتورە مۆدێرنەکە لە سنوری دەوڵەتەکانی خۆیاندا سـەراپاگیر دەکەن و هەر یەکەیـان زارەکەی خـۆی ناکـات بە زمـانی کەلتـورە مـۆدێرنەکە و هەریەکەیـان واز لە زمـانە ناوچەییەکەی خۆی دێنێ و ئەو زمانە دەکات بە زمانی کەلتورە مۆدێرنەکە کە هەزار و چوارسەد ساڵە بەبێ گۆڕان وەک خۆی مـاوەتەوە، ئەمەش وا لەو بـزووتنەوە مۆدێرنـانە دەکـات لە چوارچێـوەی یەک بـزووتنەوەدا کـۆببنەوە کە نەتەوەخـوازیی عەرەبییە".٥٤٨ ـ٥٤٩**

هاوکـــات لە ڕێـــگەی ئەم دراوەوە، دەتـــوانین بڵێـــین کە بـــزووتنەوەی مـــۆدێرنی کـــوردی هەیە، بەڵام نـــاتوانین بڵێـــین نەتەوەخوازییەک یان چەند نەتەوەخـوازییەکی جیاوازی کوردی هەیە. هۆکەیشـــی ئەوەیە، ســـەرلەبەری ئەو بـــزووتنەوانە، لە گەوهەردا نەتەوەخـواز نەبـوون و لەسـەر بنەمـای کوردبـوون هەڵساون. پوختەی بۆچوونی نووسەر بریتییە لە:

" بـــۆ ئەوەی بـــزووتنەوە کوردییەکـــان لەنـــاو دەوڵەتە ناکوردییەکانـدا یـان لەنـاو دەوڵەتێکـی کـوردی گریمـانەکراودا بزووتنەوەیەکـــی نەتەوەیـــی بـــن، دەبێـــت بزووتنەوەیەکـــی ئۆتۆنۆمیخوازبن، بەڵام بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەک لەناو دەوڵەتە مـــۆدێرنەکەدا بزووتنەوەیەکـــی نەتەوەیـــی بێـــت، دەبێـــت

بزووتنەوەیەکـــی نەتەوەخـــواز بێـــت نەک بزووتنەوەیەکـــی ئۆتۆنۆمیخـــواز، هەر بزوتنەوەیەکـــی نەتەوەخـــواز، لەنـــاو ئەم دەوڵەتـــــانەدا داوای ئۆتۆنـــــۆمی بکـــــات، لەوە دەکەوێـــــت بزووتنەوەیەکـــی نەتەوەیـــی بێـــت و بەمە دەگۆڕێـــت بـــۆ بزووتنەوەیەکـی خێڵەکـی و ئەتنیکـی. لەبەر ئەم هۆکـارەیە، کە دەتـوانین بڵێـین شـتێ بەنـاوی نەتەوەخـوازی لەنـاو کۆمەڵگـای کوردیـدا بەرچـاو نـاکەوێ و نیـیە و ئەگەری سەوزبوونیشـی مەحـاڵە". هەروەهـا پێـی وایە تـاکە یەک بـزووتنەوەی مـۆدێرنی کوردی هەیە، چونکە هەموویان پەیڕەوی لە بنەمای کوردبوون دەکەن.کەواتە نـاتوانین بڵـێن نەتەوەخـوازییەک یـان چەنـدانێکمان هەیە، لەبەر هەمان هۆی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا.

**"بزووتنەوە کوردییەکان بەپێی بنەمای کوردبوون کۆمەڵگای کوردییان لە کۆمەڵگایەکی نامۆدێرنی فرەکەلتوور و فرەزمانەوە گۆڕیوە بۆ کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی فرەزمان و فرەکولتور"(٥٥٠)**

نووسـەر شـیتەڵ کـارییەکی ورد و بابەتییـانەی ئەم پرسـە و ڕەهەنـدەکانی دەکـات، چەقـی باسـەکە بە لای نووسـەرەوە لەوەدایە، بـــزووتنەوە کوردییەکـــان دەتـــوانن ڕەوایەتـــی لە کوردبوونی خۆیان وەرگرن، گەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بن. بەڵام ئەم ڕەوایەتییە لەدەست دەدەن، گەر بێتوو، خۆیـان بگـۆڕن بـۆ بزووتنەوەیەکی نەتەوەخـواز، نەتەوەخـواز بەو تێگەیشـتنەی، کە ئەو فـرەییەی مەیـدانی زمـان و کولتـوری کـوردی، تێکڕایـان ببێت بە ژێر قورسایی ئامانجێکی نەتەوەخوازی یەکڕەنگ و یەک ماناوە، و بپلیشێنەوە.

**" بـــۆ ئەوەی بـــزووتنەوە کوردییەکـــان لەنـــاو دەوڵەتە ناکوردییەکانـدا یـان لەنـاو دەوڵەتێکـی کـوردی گریمـانەکراودا**

**بزووتنەوەیەکـــی نەتەوەیـــی بـــن، دەبێـــت بزووتنەوەیەکـــی ئۆتۆنۆمیخوازبن، بەڵام بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەک لەناو دەوڵەتە مۆدێرنەکانـــدا بزووتنەوەیەکـــی نەتەوەیـــی بێـــت، دەبێـــت بزووتنەوەیەکـــی نەتەوەخـــواز بێـــت نەک بزووتنەوەیەکـــی ئۆتۆنۆمیخـواز، هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەخـواز لەنـاو ئەم دەوڵەتـــانەدا داوای ئۆتۆنـــۆمی بکـــات لەوە دەکەوێـــت بزووتنەوەیەکـــی نەتەوەیـــی بێـــت و بەمە دەگۆڕێـــت بـــۆ بزووتنەوەیەکی خێڵەکی و ئیتنیکی" تا دواتر دەنووسێ: "کێشەی بـــزووتنەوە کوردییەکـــان بەر لە دروســـتبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکـان و دوای دروسـتبوونیان و دابەشـکردنی کـورد بەســـەر چـــوار دەوڵەتە نەتەوەیـــیەکەدا، لەوەدا بـــووە، ئەو بـزووتنەوانەی کە دەوڵەتە نەتەوەییەکـانی خۆیـان دروسـت کـــردووە، بنەمـــای بـــوونە نەتەوەییەکەیـــان لەگەڵ بنەمـــای نەتەوەخوازیـدا یەک بـووە و لێکـدژ نەبـووە. فارسـیبوون یـان عەرەبیبـوون یـان تورکیبـوون یـان فەرەنسـاییبوون، بنەمـایەکە لەگەڵ ئەو بنەمایەی نەتەوەخوازیدا یەکە کە داوای ئەوە دەکات لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتێکدا دەبێت یەکەی کولتوری لەگەڵ یەکەی سیاسیدا هەمئاهەنگ بێت. بەڵام بنەمای کوردبوون لەگەڵ ئەم بنەمایەدا لێکدژ دەبێتەوە".٥٥١**

یەکێ لەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرانەی بەردەوام پێویستە، لای دۆست و دوژمن، جەختی لەسەر بکەینەوە، هەڵکەوتی تایبەت و ئـــاڵۆز و کێشـــەی بێـــوێنەی پرســـی کـــوردە، لە نـــاوچەکە و جیهانیشدا. بۆیە هەر قسە و خوێندنەوەیەک لەسەر پرسی کورد بکـرێ، دەبێـت کتومـت بنەمـا ڕەسـەنەکانی خـۆی و واقـیعە تاڵەکەی تێی کەوتووە و بۆی نەخش کێشراوە، لەبەرچاو بگیرێ.

دەنا کارەکە، نابابەتییانە و نیوەناچڵ و کرچوکاڵ، خۆی بە دەستەوە دەدات. لەم ڕووەوە بێشکچی دەڵێ:

**" نەتەوەی کورد خرایە دۆخێکەوە کە تیایدا مەبەست ئەوە بوو ژێردەستییەکەی هەتا هەتایی بێت. وا مەبەست بوو نەتەوەی کورد تاهەتایە بەشکراو و لەتکراو و پێچراوە و دوور لەیەک و لەیەک ترازاو و بێ پێناسنامە بمێنێتەوە".**

ئەو دۆزەخەی کوردی تێئاخنرا، لە هەموو مەیدانێکی ژیان ئیفلیجی کرد و دوای خست. بۆنموونە گەرچی ناکرێ بە ئەمەریکییەکان بوترێ نەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، دەوڵەتی ئەمەریکا بەهەموو وزە و توانایەک هەوڵی سازدان و دروستکردنی بۆنە و هێما و سیمبۆڵی زیاتر، بۆ هەمئاهەنگکردنی کۆمەڵگاکەی دەدات. ئەمەریکییەکان نزیکەی ١٣ بۆنە و جەژنی نەتەوایەتین، کە پشووی فەرمی تێدا ئەنجام دەدەن و کەموزۆر پێکەوە ئاهەنگ دەگێڕن. دەوڵەتە هەر لەندالییەوە تاکەکانی بەم بۆنە ئاشنا دەکات و پیرۆزییان پێ دەبەخشێ. بۆنموونە ڕۆژی لەدایکبوونی ئەبرەهام لینکۆلن و جۆرج واشنتۆن، کراوەتە بۆنە و پشوو فەرمی. ڕۆژی کۆلۆمبوس، وەک رۆی ڕێزلێنانی ڕۆعی پێشەنگ ناسراوە. رۆژی ئالا رۆژێکی تایبەت و جەژنی نەتەوەییە.

ئایا جێی خۆی نییە، تاکی کوردیش ڕۆژی ئالا و ڕۆژی پێشمەرگە و رۆژی گیانبەختکردووان/ شەهیدان، ڕۆژی ڕاگەیانی کۆماری کوردستان و ڕیفەڕاندۆمی سەربەخۆیی بکاتە جەژنی نەتەوەیی سەرتاسەریی؟.لێ چونکە دەوڵەتی نییە و ناوەندێکی نەتەوەیی نییە، بڕیارەکانی بەتێکڕا، پەسەند بکرێ، ئەم بۆنە و سیمبۆلانە بەها و نرخێکی پێویستیان بۆ پەیدا نابێت

و بگـره مەحاڵیشــە، پێـڕەو بکـرێ. لەکاتێکـدا، کـورد بەتەوە و خـاکەوە داگیـر و دابەشـکراوە و بـۆ ئەو ئەم سـیمبۆلانە، وەک هەناسەدانی ژیان گرنگ و ژیارین. کەواتە لەسایەی بندەستی و نەبوونی قەوارەی سیاسیدا، تـاکی نیوەتـاک دەخوڵقێت و توانـای گرتنە ئەستۆی ئەرکە نەتەوەییەکانی بۆ ساز نابێت.

سورروودی نەتەوەیی لە بەریتانیا سەردەمانێک، خوایە پادشـا بپـارێزە/ God save the Queen. ئەم سـروودە بەر لەدەسـتپێکردنی شـانۆ و سـینەما دەچڕێنـدرا. فەرەنسـییەکان کەمیـان بـۆ مارسـیلیز/Marseilleise ەکەی خۆیـان نەکـرد.DB تـۆڕی شـەمەندەفەری ئەڵمانیـا، ڕۆژانە نـزیکەی 20-15ملیـۆن کەس هـاتووچۆی نێـوان شـارەکانی پێدەکەن. جگە لە هۆکـاری تری گواستنەوەی وەک پاس و فرۆکە و کەشتی و ترومبێل و شتگەلێکی تر. ساڵانە داهـاتەکەی ملیاردەهـا یۆرۆیە. کەچـی لەم سەدەی ٢١ەکەشـدا، تـا ئێسـتاش زۆر شـوێنی کوردسـتان ڕێگـای ترۆمبێلـی نییە و دەبێت بە تراکتـۆر و وڵاخ و بەپێ بـۆی بچـی. هێڵـی ئاسـنین شـارەکانی کوردسـتانی پـێکەوە نەبەسـتۆتەوە. چـونکە ئەمە پـرۆژەی بە پیشەسـازیکردنی کوردسـتانە و داگیـرکەران ڕێـگەی پێنـادەن. جـا بـزانە کـورد بەو هەڵـکەوتە سـەختە جوگرافیـای وڵاتەکەیەوە، لە چ کوێرەوەرییەکـدا دەژی!. ئەمەیە باجی قورسی ژیانی بێدەوڵەتی.

شایانی ئاماژە پێدانە، لەئاکامی بێدەوڵەتی، کورد نـاتوانێ وەک پێویست بە بایەخپێدان و یادکردنەوە جەژن و بۆنەکانی هەڵسـێ. بنۆڕە، جەژنی نەتەوایەتی نەورۆز بەنموونە. لە هەموو دەوڵەتە داگیرکەرەکـانی کوردسـتان ڕێبەنـدکراوە و نـاو و نـاوەڕۆکی شێوێندراوە، بۆ جەژنی سروشت و دارودرەخت و... هتد.

دیاره لە سایەی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد دا، دەکرێ هەر دەڤەرێکی نیشتمانی کورد، جەژنە تایبەتییەکانی خۆی بکاتەوە و پێکڕاش هاوبەشەکان بکەنەوە. ئەم فاکتەش جۆرێکە لە هەوێنی مەینی پرۆسەی بەنەتەوەبوون و خوڵقاندنی هەستێکی هاوبەشی یەکپارچە.

**کێشەی بزوتنەوە کوردییەکان لەناو دەوڵەتە ناکوردییەکاندا**

لەم بەشەدا، د.عرفان، لەڕێی ڕەخنەیەکی بابەتییانەوە بیروڕایەکی د. عباس وەلی ڕەتدەکاتەوە، کە هەوڵی داوە کێشەی بزوتنەوە کوردییەکان لە ڕێگەی پەیوەندی نێوان ئەم بزووتنەوانە بە نەتەوەخوازییە دەوڵەتییەکانی ناو ئەو دەوڵەتانەوە لێکبداتەوە کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، واتە تەماشای پرسی بزوتنەوەی کوردی وەک یەک یەکەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ناکات و بە پارچەپارچەیی لە سنووری کێشراوی دەوڵەتە دەستکردەکاندا، هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەریان بۆ دەدات و لە ڕوانگەی دەوڵەتە دەستکردە داگیرکەرەکانەوە تێی دەڕوانێ. نووسەر سوورە لەسەر ئەوەی بزووتنەوە کوردییەکان لەبەردەم یەک جۆر لە نەتەوەخوازیدابن. جیاوازی کولتوریی چ کاریگەرێتییە بەسەر ئەوە نییە چەند بزووتنەوەکە بخوڵقێنن.کارایی و یەکبوون و پەرچەکردار گوایە فرەیی و جیاوازی لە بزووتنەوەدا نیشانەی کارایی و سەربەخۆیی بزووتنەوە بەدیار ناخات. ئەم بزووتنەوە وەک پەرچەکردارێکی بزووتنەوەی نەتەوەخوازی تورک و فارس و عەرەبە، بۆیە نەیتوانیوە بە کارایی خۆی یەکبوون پێک بهێنێ.

ئەوەی تـا ئێسـتا تیشـکی خـراوەتە سـەر، ئەوەیە بـزوتنەوە کوردییەکـان کـار بە بنەمـای کوردبـوون دەکەن نەتەوەخـوازی نـابێتە دەسـتاوێژی کارکردنیـان. هەربـۆیە کولتـوورە مـۆدێرنە کـوردییەکە بە دیـالێکتی جیـاواز بـڵاو دەکەنەوە، و بەمەش چەنـد کولتوورێکی جیاواز دەخوڵقێ. "**بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوە بوو کە کورد لەسەردەمە پریمۆدێرنەکەدا لەبری یەک دیالێکت چەند دیالێکتێکی کردووە بە زمانی کولتوورە ئایینییەکە و کەلتوورە ئەدەبیە باڵاکەی خۆی". (٥٥٥).**

لێرەدا خاڵی جیاوازی نێوان کورد لەگەڵ تـورک و عەرەب و فــارس دا بەدەردەکەوێــت، ئەوان پەیڕەوییــان لە تۆتالیتــارێتی کولتووری کردووە و کورد لە دیموکراسی کولتووری. د. عرفـان دەڵـێ، کۆمەڵگـا کـوردییەکە و دەسـەڵاتەکەی ڕێگەیـان داوە ئەو فرەزمـانییە لەنـاو کەلتـوری ئـاینی و کەلتـوری ئەدەبـی کوردیـدا هەبێت.کەواتە جیاوازی کولتـوریی و زمـانی بەرهەمێکی نـاوەکی کۆمەڵگــای کــوردییە، هۆکــاری دەرەکــی لە پشــتەوە نیــیە. بــۆ ســەلماندنی ئەم ڕاســتیە، زرنگــانە ئەم چەپــکە بۆچــوونە وردە دەخاتە بەردەم خوێنەر"

"**چۆن ناتوانین ئەو جیاوازییە کەلتوری و زمانییەی کە لەناو ئـایینی حەقیقەتـدا دێتە ئـاراوە، بگەڕێنیـنەوە بـۆ بەرگریکردنـی کۆمەڵگـای کـوردی لە سـەپاندنی چەنـد کولتـورێکی مەزهەبـی جیاواز لەلایەن دەسەڵاتە مەزهەبییەکانەوە،**

**چۆن ناتوانین ئەو فرەیی و جیاوازییەی کە لەناو کەلتـورە ئەدەبییە کلاسـیکیە کـوردیەکەدا هەیە و کەلتـورە ئەدەبیەکەی کــردووە بە چەنــد کەلتــورێکی جیــاواز بگەڕێنیــنەوە بــۆ بەرگریکردنـی کۆمەڵگـای کـوردی لە سـەپاندنی چەنـد چەنـد**

**کەلتورێکی ئەدەبی جیاواز لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە، بە هەمان شێوە ناتوانین ئەو جیاوازییە کەلتووریەی کە لەناو کەلتورە مۆدێرنە کوردییەکەدا هاتووەتە ئاراوە و کەلتورە مۆدێرنە کوردییەکەی کردووە بە چەند کولتوورێکی مۆدێرنی جیاواز بگەڕێنینەوە بۆ بەرگریکردنی کۆمەڵگای کوردی لە سەپاندنی چەند کەلتورێکی مۆدێرنی جیاواز لە لایەن چوار نەتەوەخوازی جیاوازەوە"(٥٥٦)**

د.عرفان پێی وایە هۆکاری نەپێکانی ڕاستییەکان لەلایەن د. عباس وەلییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ کارکردنی ناوبراو لە کایەی تیۆری نەتەوەخوازییەکەدا. ئاخر زۆرن ئەوانەی لەدەرەوەی ئەو کلێشە و قاڵبانەی تیۆریستە مۆدێرنەکان توانای بیرکردنەوە و هێزی بینینیان نییە.

**" دروستکردنی پەیوەندییەکی لۆجیکی لە نێوان یەکبوونی کەلتوری و کارایی بەرهەمهێنەرەکەی و جیاوازی کەلتوری و ناکارایی بەرهەمهێنەکەی، سەرچاوە لە بنەمای نەتەوەخوازییەوە دەگرێت".٥٥٧**

نووسەر، لایەنەکانی دیکەی بیروڕاکانی عەباس وەلی هەڵدەسەنگێنێ. ع. وەلی، پێی وایە بزووتنەوەی کوردی کە لەناو ئەو چوار دەوڵەتە بێتە دەرێ و دەوڵەتی خۆیشی دروست بکات، هەر دەبێتەوە بە چواربەش. ئەمەش سیمای سروشتێکی سەرونەتەوەییەک بە کۆمەڵگای کوردی دەبەخشێ. لەمەش زیاتر پێدادەگرێ و پێی وایە کە دەکرێ سروشتێکی خوارنەتەوەیی پێ بدات. پێی وایە کورد لە هەر یەکێ لەو پارچانەدا بە کۆمەڵێ بەرژەوەندی کرچوکاڵ لەژێر ناوی ئۆتۆنۆمیدا ڕازی بێت، کێشەکەی چارەسەر دەبێت. د. عرفان

لەوێوە بەرەو بەسەرهاتێکی دیاری تری کوردیمان دەبات و دەنووسێ:

**"(مەم و زین)ەکەی ئەحمەدی خانی و ئەو هوشیارییە نەتەوەییەی کە گوزارشتی لێکراوە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەسەر ئەوەی کە لەناو کۆمەڵگا کوردییەکاندا هوشیاری بە نەتەوە زیاترە لەو کۆمەڵگایانەی کە عەسەبیەت جەوهەرەکەیانە. نەتەوە لەناو ئەو هوشیارییە نەتەوەییەدا کە خانی گوزارشتی لێکردووە بەرهەمی نەبوونی کۆمەڵگا کوردییەکەکانە بەعەسەبە و هەوڵە بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی لە بەرامبەر عەسەبەکاندا باس لە کۆمەڵگایەک بکات کە جەوهەرەکەی دەمارگیری و عەسەبییەت نەبێت. کورد کە دێتە ناو سەردەمە مۆدێرنەکەوە بەو هەموو تراژیدیایەوە دێت کە بە هۆی نەبوونی عەسەبە و نکۆڵیکردن لە بوونی لە لایەن عەسەبە فارسی و تورکی و عەرەبییەکانەوە تووشی بووە، ئەمەش وادەکات بیرکردنەوەی ئەم بزووتنەوانە لە نەتەوە جیاواز بێت لە بیرکردنەوەی ئەو بزووتنەوە نەتەوەخوازانە لە نەتەوە'٥٦٢- ٥٦٣**

ئەو نەتەوانەی بەرهەمی نەتەوەخوازین، گەرەکیانە تەماهیی(جووتبوونی یاخود ئاوێتەبوونی ماهیەتی دووشت لە یەک شتدا)، لە نێوان بیرۆکەی نەتەوەخوازی و عەسەبە، لە یەک کار و ئەرک دا بکەن وەک یەک بەڕێوەبەرن. بەم پێیە لە هەوڵی ئەوەدان لەسەر مێژووی عەسەبە بەردەوام بن. کۆمەڵگا مۆدێرنەکان بە ئاراستەی عەسەبەی مۆدێرنی دا بەرن. زاڵێتی و ئاغایەتی خۆیان بکەنە تاکە ئامانج. بەڵام ڕەوتی مێژوو لای بزووتنەوە کوردییەکان، بە ئاراستەیەکی دیکەدا، دەڕوات

بەڕێوە، لەبەرئەوەی بزووتنەوەی کوردیی گیرۆدەی ماهیەتی کوردبوونی خۆیەتی.

**" شەڕی بزووتنەوە کوردییەکانی ناو ئەو دەوڵەتانە شەڕی بەدەستهێنانی دەسەڵات نییە و ئامانجیان ئەوە نییە لەناو دەوڵەتدا ببن بە بزووتنەوەی نەتەوەخوازیی باڵادەست، دیموکراسیەت لەناو ئەو دەوڵەتانە بۆ بزووتنەوە کوردییەکان هیچ مانایەکی نییە، چونکە ئەو دیموکراسیەتە تەنها بۆ ئەو بزووتنەوانەیە کە بەوە ڕازیبوون بەپێی بنەمای نەتەوەخوازی نەتەوە لەگەڵ دەوڵەتدا تەماهی پێ بکرێت"(٥٦٥).**

نووسەر لێردا دەوڵەتی تورکیا وەک نموونە دێنێتەوە و باوەڕی وایە هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی لە تورکیا ناتوانێ سوود لە دیموکراسی وەرگرێ، گەر باوەڕی بەوە نەبێت، تورکیا هی نەتەوەی تورکە، تورک بەنەتەوەخوازییەکەی سازی داوە. دیارە ئەم بۆچوونە وردە، دەکرێ زۆری لەسەر بڕۆین.

**"دیموکراسیەت لەناو ئەو دەوڵەتانەدا کاتێک دەبێت بە دیموکراسیەت بۆ بزووتنەوە کوردییەکان کە ببێت بە زەمینەیەک بۆ سەرهەڵانەوەی ئەو کۆمەڵگا مۆدێرنانەی کە لەناو ئەو کۆمەڵگا مۆدێرنەدا بزرکراون کە بزووتنەوە نەتەوەخوازە باڵادەستەکە پەرەیپێداوە.لەو شوێنەدا کە بزووتنەوە کوردییەکان لەناو ئەو دەوڵەتانەدا پێویستیان بە دیموکراسیەتە، نەتەوەخوازە باڵادەستەکانی ئەو دەوڵەتانە پەیڕەوی لە تۆتالیتاریەت دەکەن".٥٦٥**

بزووتنەوە کوردییەکان لەگەڵ هی تورک و فارس و عەرەبییەکاندا، لە هەوڵی بەرەو پێشچوون و پەرە پێدانی کۆمەڵگا دا بوون. بەڵام کاتێ، بزووتنەوەی نەتەوەخوازی، تورک

و فارس و عەرەب دەیەوێ نەتەوەخوازی خۆی لە بەرژەوەندی کۆمەڵگا مۆدێرنەکەی خۆی، کە بە دەوڵەت گەیشتووە، و لە کرۆکدا ئەو دەوڵەتەی خۆیان بوونە خاوەنی پەرەپێبدات، ئەوکات لەگەڵ بزووتنەوە کوردییەکاندا دەکەوێتە کێشەوە.

ئەوان بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی خۆیان، تێدەخوێننەوە و هاوکات، هەمان بەرژەوەندییان کردۆتە ئامانجی سەرەکی، کار بۆ گەشەکردنی زمان و کولتور و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازی خۆیان دەکەن و ڕۆژانە هەوڵی بە دەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر دەدەن. ئەوان بەردەوام بانگاشە بەوە دەکەن، کە ئەو دەوڵەتانە هی خۆیانە و بەری خەباتی خۆیانە، بۆیە جێی شانازییانە و پێویستە یەکێتییەکەی بپارێزن. ئەم دەستکەوتانە هەموو لەسەر هەژماری جەستەی کورد و نیشتمانەکەیەتی، تێکڕای ئەو کار و جموجوڵانەی سەرێ، لە کورد قەدەغە دەکەن. ئالێرەوە هەرا و کێشە دروست دەبێ، لەگەڵ مەرامی گڵاوی نەتەوەخوازی و دەوڵەتەکەی ئەواندا. لە ڕاستیدا لەتەک گشت ڕەفتار و بانگاشەیاندا.

بە واتایەکی تر هەموو شت بۆ ئەوان رەوایە، هەوڵی بۆ بدەن و پێویست و ئاساییە، لێ بۆ کورد دەچێتە خانەی تاوان و هەوڵی جیاخوازی و پارچەکردنی سەرزەمینی ئەوان و تێکدانی دەوڵەتەکەیانە!؟. بزووتنەوە کوردییەکان هەر لە بنەڕەتدا تەبا و هاوکار و رەزامەندنین، بەو سیاسەتی یەک شوناسی بزووتنەوەی نەتەوەخوازی دەوڵەتە مۆدێرنەکان، چونکە ئەم سیاسەتە لەسەر بنچینەی نکۆڵی لە نەتەوەی کورد، دەڕوات بەڕێوە .شەڕی کورد لە پێناوی دەسەڵات و گرتنە دەستی دەسەڵات لە ئەنقەرە و تاران و بەغدا و شامدا نییە. هەر بۆیە

دیموکراسییەت هەبێ لەم دەوڵەتانەدا، یاخود نەبێ، چ سوودێکی بۆ کورد تێدا نییە، یاخود گەر هەشبێ، دیسان بۆ کورد چ سوودێکی نییە. هەر بۆیە داوا و دروشمی دیموکراسی بۆ تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.کە لە لایەن بەشی زۆری حیزبە کوردییەکانەوە بڵند دەکرایەوە، هەڵە و چەوتییەکی زەق و نیشاندانی خوێندنەوەیەکی نا لۆژیکانە و تێگەیشتنێکی سەقەتە، لە هەمبەر پرسی نەتەوایەتی کوردی دا. هەڵبەتە ئەمە هیچ ناکاتە ئەوەی، ئێمە بەدژە دیموکراسی بناسرێین، یاخود گوایە نیگەرانین بەوەی ئەوانی دیکە! دیموکراسی بن.

هەزاران ساڵ بەم پێودانگە خەبات بکەیت، هەر کوڕی خۆت دەکەیت بە قوربانی کچی خەڵکی و خوێنت بە هەدەر دەڕێژی و وەک دەزانین  داری زڕیش هەرگیز نایەتە بەر. بە نموونە ئاماژە بە دەوڵەتی تورکیا دەکەین، کە بڕەک دیموکراسیترە لەوانی دیکە، کەچی بە دڕندەترین شێوە ڕەفتار لەگەڵ کورد دا دەکات. ئاخر ئەوان هەر لە بنەڕەتەوە بە پێی سیاسەتی نەتەوەخوازی خۆیان لە لایەک نکۆڵی لە بوونی کورد دەکەن و گەر بیانەوێ، بەچنگێ فشە مافی ئیداریی و رۆشنبیریی دەیخەپێنن، لە لایەکی دیکەشەوە سات بە سات مەترسی گەورە و هەڕەشەی جددی لەسەر چارەنووسی کورد دروست دەکەن.    بزووتنەوە کوردییەکان ئامانجیان ئازادی هەر کۆمەڵگایەکی ناو ئەو دەوڵەتانەیە، لە ڕووی زمان و کولتوورەوە. ئەمەش تەواو پێچەوانەی سیاسەتی نەتەوەخوازی نەتەوە باڵادەستەکانە. کورد ناتوانێ لە هیچ مەیدانێکدا پەرە بە  بوارێکی ژیانی خۆی بدات. هەر جوڵە و چالاکییەکی دەکەوێتە ژێر پرسیاری یاسایی و

سیاسییەوە و ئەوان، بەردەوام کورد، بە هەڕەشە بۆسەر بوونی خۆیان لە قەڵەم دەدەن. کەواتە ئامانجەکانی کورد لەگەڵ ئەوەی ئەواندا، وەک دوو هێڵی تەریب بە دوو ئاراستەی جیاوازدا ڕەوت دەکەن. تا ئەوان بەو لۆژیکە سەقەتە بیر بکەنەوە و هەڵسوکەوت بکەن و دەستبەرداری هەموو ئەو هۆکار و فاکتە دەرەکی و ناوەکییانەی کە کردوونی بە خاوەنی دەوڵەت و کولتوری بالای سەراپاگیر نەبن، ئەم خەونە نایەتە دی. ئیتر کورد بچێتە مەیدانی هەر جۆرە شەڕێکەوە سەربازی، سیاسی، یان خەبات بۆ دیموکراسی و... هتد، دەرفەتی سەرکەوتنی نەک هەر کز و لاوازە، بگرە هەر نییە. چونکە هەموو جومگەکانی دەسەڵات و دەستگا، داپلۆسێنەرەکانی دەوڵەت، وان بەدەست ئەوانەوە. جا گەر بێت و ئەوان بانگاشەی دیموکراسیش بکەن، بانگاشەکەیان پووچ و بێ بنەمایە و زۆر دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە دیموکراسی ئەوان، مانای نەبوونی کورد و نەخوێندنەوەی بەرژەوەندییەکانێتی. بزووتنەوەی کوردی، هیچ دەرەتانێکی پراکتیزەکردنی دیموکراسیی لەم دەوڵەتانەدا نییە." لە هەنووکەدا، بنۆرە بارودۆخی کورد لە باکووردا" باشترین بەڵگەی ئەم راستییەیە. ئەوان تۆتالیتارێکی دەمارگیرانەی لێوان لێو لە شۆڤێنیستییان کردۆتە، کۆڵەکە و ئامێری ڕاگرتنی بەناو دیموکراسییەکەیان و بە گەزومقەستی بەرژەوەندی خۆیان، گەشە بەم دیاردەیە، دەدەن و دەیبەن بەڕێوە.

لە دەوڵەتێکی وەک تورکیادا، هەڵبژاردن وەک دیارترین نیشانەی دیموکراسی، چ بەها و نرخێکی نییە، پارتێکی کوردی، چەند بچێتە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە و دەنگ بێنێ و بشگاتە ناو

پەرلەمانی ئەو دەوڵەتە، گەر گەرەکی بێت پەرلەمان بکاتە سەکۆ و مەیدانی خەباتی شارستانی، وا دەوڵەتی نەتەوەی باڵادەست، دەسبەجێ گەمەی دزێوی ئاشکرا و نهێنی خۆی بەرامبەری وەگەڕ دەخات و ئەو پارتە کوردییە بە تۆمەتی جۆراوجۆری داتاشراو، هەتا بەند و پەرەگرافی دەستوورەکەیان، قەدەغە دەکات و سەرکردە و بەرپرسەکانی، بە تۆمەتی ناپاکی نیشتمانی ڕاپێچی بەردەم دادگا قەرەقووشییەکەیان دەکات. .سزای توند، تا هەڕەشەی لە سێدارەدان، ڕووبەڕووی بەرپرسانی پارتە کوردییەکە دەکەنەوە.(دیسان بارودۆخی ئێستای باکوری کوردستان٢٠١٦، بەرپرسانی پارتی دیموکراتی گەلان ـ هەدەپە ـ لەبەردەم ئەم سیناریۆیەدان). یاسای گەمەکە بەو جۆرەیە، براوە مافی هەموو بڕیار و نەخشەکێشانێکی پێ ڕەوا دەبینرێ. دۆڕاو و بەزیوەکان، جگە لە گوێڕایەڵی و برابچووکێتی، چ مافێکی تریان بۆ نامێنێتەوە. نووسەر لەسەر ئەم تەوەرە دەڕوات و بۆچوونەکانی سۆسۆر، وەک زانایەکی زمانەوانی، لەسەر لایەنی زمانیش وەک نموونە دێنێتە، ناو باسەکەیەوە.

**" لە پشت ئەو دیموکراسیەتەوە کە لەناو دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا پەیڕەو دەکرێت، پەیڕەویکردن لە تۆتالیتاریەتێکی دەمارگیرانە هەیە...هیچ پارتێکی سیاسی لەناو ئەم دەوڵەتە مۆدێرنانەدا رەوایەتیەکی سیاسی پێ نابەخشرێت گەر سەر بە کۆمەڵگا زاڵەکەی ناو دەوڵەت نەبێت و سەر بە کۆمەڵگایەک لەو کۆمەڵگایانە بێت کە ئەو کۆمەڵگایە بەسەریدا زاڵبووە. بزووتنەوە کوردییەکان پارتێکی سیاسی ناو کۆمەڵگا زاڵەکان نین و گوزارشتێکی سیاسی لە کۆمەڵگا زاڵەکانی ناو ئەو چوار دەوڵەتە**

**ناکەن، ئەوان لە پێناو ئەوەدا هەن گوزارشتێکی سیاسی لەو کۆمەڵگا کوردییەی خۆیان بکەن کە کۆمەڵگا زاڵەکە هەوڵ دەدات زاڵ ببێت بەسەریدا و لەناو خۆیدا بیتوێنێتەوە".٥٦٦-٥٦٧**

باسی سیاسەتی تۆتالیتاریێتی بەریتانیامان کرد لەسەر پرسە نەتەوەییەکانی نەتەوەکانی ناو سنووری سیاسی ئەو دەوڵەتە، کە چۆن ئینگلیز، زۆردارانە ڕێگە بە هیچیان نادات، لە ڕووی سیاسییەوە، چ نمایشتێکی خۆیان بکەن. هاوکات ئەو تەڵە و تەپکانەمان باس کرد، چۆن بۆ نەتەوەخوازی نادەوڵەتی هەیە و هەرگیز لە دەرەوە پشتیوانی لێ ناکرێت.

ئینجا سیاسەتە نادادپەروەرییەکەی سیستەمی جیهانی، بەرامبەر بە دۆزی ئازادیخوازانەی گەلانی بندەست لەگەڕدایە. ساڵانی ساڵە کورد لە هەموو بەشەکانی وڵاتەکەیدا دەکوژرێ و ئەنفال دەکرێ و نیشتمانەکەی کاول دەکرێ، کەچی بە ناوی پاراستنی سەروەری دەوڵەتەکانەوە، کە بە مانایەکی دیکە، دروستکراوی دەستی خۆیانە و بۆ بەرقەرارکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان قوتیان کردوونەتەوە. کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نقەیەکی لێوە نایەت، هەروەها بۆ دەوڵەتۆکەیەکی وەک کوێت، ساڵی ١٩٩١ بە دەیان دەوڵەت، بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کۆدەبنەوە و پشتیوانی سەربازیی و ئابووری و سیاسی لێ دەکەن.

**" ئەو ململانییەی کە پێش دیاریکردنی شوناسی دەوڵەت لەناو دەوڵەتێکی مۆدێرندا لە نێوان بزووتنەوەکاندا ڕوودەدات، ململانێی ئەو بزووتنەوە مۆدێرنانەیە لە پێناو ئەوەدا شوناسی کۆمەڵگاکەیان بەرز بکەنەوە بۆ شوناسی ئەو نەتەوەیەی کە بە شوناسەکەی خۆی شوناسی دەوڵەتەکە دیاری دەکات"٥٦٨**

با هەر دەوڵەت بەناو مۆدێرن بێت، لێ ئەوەی نەخش لەم کایەدا دەگێڕێ، ئەو هەوڵ و تەقەلایەیە، کە نەتەوەی براوە، لە هەڵچنینی کۆشکی دەوڵەتەکەدا بۆ خۆی دەیگێڕێ و ناوەڕۆک و مانا و ناسنامەیەکی خۆی دەیەوێ بەو دەوڵەتەی دەبەخشێ. وەک ئەوەی فارس بەرامبەر بە کورد و ئەوانی دیکە لە ئێران دا ئەنجامی داوە و بەردەوام دەیدات. یاخود ئەوەی تورک لە تورکیا و ئینگلیز لە بەریتانیادا بەڕێوەی دەبەن.

**"واتە نەتەوەخوازی و دەمارگیری/ عەسەبیەت لە دروستکردنی کۆمەڵگاکانیاندا پەیڕەوی لە یەک بنەما دەکەن و بنەماکەش ئەوەیە هێزی زاڵ بۆ دروستکردنی عەسەبە یان نەتەوە دەبێت کۆمەڵگا بەزیوەکان لەناو یەک کۆمەڵگادا بکاتەوە بە یەک و ئەو کۆمەڵگایەش دەبێت بە ئارەزووی ئەو هێزە زاڵە هەڵبژێردرێت و هێزە بەزیوەکان هیچ مافێکیان لەم هەڵبژاردنەدا نەبێت".٥٦٨**

جەوهەری ململانیی نێوان بزووتنەوەکان لەسەر سیستەمی سیاسی و کولتور و دەوڵەتە. هەر کام لەو بزووتنەوانەی دەچنە گەمەی ململانێکەوە، ئامانجیان نەتەوە نییە. هێز و توانای دەوڵەت بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان بخاتەکار، بەڵکو لە ڕێگەی زاڵێتی بزووتنەوەکەوە، گەرەکێتی، وەک دەوڵەت، هێز لای ئەو بێت و خۆی نەخشە و پلانی داڕێژێت لەبری دەزگای دەوڵەت.

ئەم ململانێیە بزوتنەوەکانی ناو دەوڵەت بە بیروباوەڕی د. عرفان، تەنها یەک جار ڕوودەدات.هەر بزووتنەوەک توانی گەمە بەرێتەوە و زاڵ بێت بەسەر ئەوانی دیکەدا، هەموو ڕەوایەتییەکان دەگرێتە چنگی خۆیی و کەلتوور و زمانەکەی خۆی دەکاتە شوناسی دەوڵەتەکە. هەروەک تورک و فارس و

عەرەب و ئینگلیز و سپانی و زۆری تریش تا ئەمڕۆ پەیڕەوی لەم یاسایە دەکەن. کەواتە کەجارێ دۆڕاندت ئیدی بۆ هەرگیزاو و هەرگیز بۆت نییە، ڕاستبیتەوە و یارییەکە ببەیتەوە. تەماشایەکی بەدیقەتی ئەم ڕووداوانەی دوایی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، بە دیاریکراوی (**کەرکووک و عەفرین**)، باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هێزە ئەهریمەنەکان و دەوڵەتە داگیرکەرەکان هەرگیز ڕازی نین دەستکاری ئەو سیستەم و نەخشە و دەوڵەتانە بکرێ، کە دروستکراون لەسەر مۆدێلی مۆدێرنە، کە هاوکات دەبنەوە پاشکۆ و پاسەوانی بەرژەوەندییە دوور و نزیکەکانی خۆیان لەناوچەکە و جیهان دا. ئینگلیز نەخشەدارێژەر پلانگێڕی ڕووداوەکانی کەرکووک بوو بە هاوکاری ئێران، هاوکات یەکەم دەوڵەت بوو، ڕەوایەتی بە هێرش و پەلامارەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین دا. زلهێزەکانی تری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا یان هاوبەش یان ڕەزامەندی تەواو بوون لەسەر پێشهاتەکان.

کەواتە لەمەوە حاڵی دەبین، کەوا تا ئێستا نەتەوە زاڵەکان جارێ هەردەبێ بە زاڵی بمێننەوە. کورد دەبێت کار لەسەر ئەم تەوەرە بکات و میکانیزمی تری بۆ بدۆزێتەوە و نەخشەڕێگای وردتری بۆ دابڕێژێت. نووسەر بە تێروتەسەلی لەسەر بابەتەکە دەڕوات، تاوەکو وێنەی ئەو باسەی دەیخاتە بەرچاو، بۆ تەماشاکردن ڕوون و بێ تەمومژ بێت.

**"دەوڵەتی مۆدێرن بەرلەوەی ببێت بە دەوڵەتی نەتەوەیی بزووتنەوە مۆدێرنەکانی ناو سنورە سیاسییەکەی دەکەونە ناو ململانێیەکی توندەوە و زۆرجاریش ئەم ململانییە بە جەنگ کۆتایی پێ دەهێنرێت، ململانیی ئەم هێزانە لەسەر بەدەستهێنانی**

**ئەو هێزە نییە کە دەوڵەت هەیەتی، بەڵکو لەسەر دیاریکردنی سیستەمە کولتوری و سیاسیەکەی ئەو دەوڵەتەیە".٥٧٢**

د. عرفان، لێرەدا کلافەی باسەکان هەڵدەکاتەوە و بەدوای وەرامی ئەو پرسیارەی سەرێدا دەچێ، ئەمە پوختەی باسەکەیەتی: سەرەتا دەبێ لەو پرۆسەیە تێبگەین کە ئەو جۆرە لە دەوڵەت دروستی کردووە. بە بێ تێگەیشتن لەم بنەمایە، ناتوانی کێشەی کورد، لەگەڵ نەتەوەخوازییەکەی دەوڵەتانی تورکیا، ئێران، ئێراق و سوریا دیاری بکەین. لەبەرئەوەی ئەم دەوڵەتانە لەسەر بنەمای نەتەوەخوازی دروستکراون. لێرەدا دەوڵەت خۆی هیولایەکی/ کەرەسە و ماددەیەکی دیاری نەکراوە. دەبێ بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز ئایدیاڵی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لەناو ئەو دەوڵەتەدا شێوەگیر بکات و بیکاتە دەوڵەتی نەتەوەیی.

دواتر بە تەنیا گۆڕانی کۆمەڵگای کشتوکاڵی بۆ پیشەسازی، ئەو دەوڵەتە ناکات بەو جۆرە دەوڵەتەی کە بنەما جیهانییەکەی دەوڵەتی مۆدێرن داوای دەکات و لەسەری پێکهاتووە. مۆدێرنیستەکانی بواری نەتەوەخوازی و دەوڵەتی نەتەوەیی، پێیان وایە مەرجی بوونە دەوڵەتی مۆدێرنە ئەوەیە، کە لەناو دەوڵەتەکەدا، کۆمەڵگای کشتوکاڵی بۆ گۆڕانی بەسەردا بێت و بۆ ئەوەی بە هۆی کولتورە پیشەییە مۆدێرنەکەوە ببێت، بە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی. واتە کۆمەڵگای پیشەسازی، ئایدیاڵی دەوڵەتی مۆدێرنە، بە بێ بوونی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی، شتێکمان بە ناوی دەوڵەتی مۆدێرنەوە نییە. کەواتە دەوڵەتی مۆدێرن لێرەدا هەم دیسان پرسە کولتورییەکە، لە بەخشینی ناسنامە بە دەوڵەتەکە ڕۆڵ دەگێڕێ.ئەوەشی ڕۆڵی گرنگ لە

ململانێکەدا دەبینێ بردنەوەی شەڕ و ململانێکەیە بە ئەقڵێتی زاڵبوون بەسەر ئەوانی دیکەدا. نووسەر جوان بۆ ئەم خاڵە دەچێ و دەنووسێ:"**زاڵییەتی بزووتنەوەیەک لە بزووتنەوەکان دەکات بە باوک و بەزیویەتی بزووتنەوەکانی تر دەکات بەو برایانەی کە هەوڵی کوشتنی باوک دەدەن"(٥٧٣)**.یارییەکە هەر بەمە کۆتایی نایەت، بەڵکو دوای زاڵبوونی یەکێ لە بزووتنەوەکان، ئیدی هیچ بزووتنەوەیەکی دیکە بۆی نییە بەناوی نەتەوەوە بکەوێتە ناو ململانێ لەگەڵ بزووتنەوە زاڵەکەدا. هەروەک ئەوەی کورد لەو دەوڵەتانەی بەسەردیدا دابەشکراوە، بۆی نییە وەک تورک و عەرەب و فارس هەوڵی بوونەدەوڵەت بدات، داوای یەکسانی لە ماف دا بکات.لە یەک کاتدا ڕێگەیان پێ دەدرێ بکەونە ململانێوە، ئەویش بەمەرجێ ئەوەی دەستبەرداری هەر هەوڵ و بیرکردنەوەیەک بن بیان کات بە باوک و پێویستە لەسەریان قبوڵی برای زاڵ بوو بکەن. واتە کورد نەبێتە خاوەنی ئەو مافانەی ئێستا ئەو نەتەوە سەردەستانە هەیانە، بە دەوڵەتیشەوە، کورد بە برا بچووکی خۆی بهێڵێتەوە و ڕەزامەند بێت بە چارەنووسی خۆی و دەستی خۆ بەدەستەوەدان بڵند بکاتەوە.

هەربۆیە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بە هەرچی هێز و توانایەکی ماکی و مینۆکی خۆیانەوە، پێداگری لەسەر داسەپاندنی کولتورە پیشەییە بالاکەی دەوڵەتەکەی خۆیان، بەسەر سەراپای دانیشتوانی دەوڵەتەکەدا، کە لە چەندین کۆمەڵگا و نەتەوەی جیاواز پێکهاتووە، دەسەپێنن. هاوکاتیش بەو ئەندازەیە و زێتریش دژایەتی کولتوری ڕەسەنی کوردی دەکەن و کار بۆ سڕینەوە و شێواندنی ئەنجام دەدەن.

**"لەناو دەوڵەتی باوکدا کە دەوڵەتی نەتەوەییە، بزووتنەوە مۆدێرنەکان دەتوانن وەک براکانی ناو حکایەتەکەی فرۆید شۆڕش بکەن و تەنانەت باوکیش بکوژن و بەسەریدا زاڵ بن، بەڵام ئەو بزووتنەوەیەی کە شۆڕش دەکات و باوک دەکوژێت، نابێت لە پێناوی ئەوەدا بیکوژێت خۆی لە جێگەیدا ببێت بە باوک، بەڵکو دەبێت باوک لە پێناوی ئەوەدا بکوژێت کە بیکات بە باوکێکی نەمر، ئەمەش بەوە دەبێت کە ئەو سیستەمەی باوک لە سیاسەت و کولتوردا پەیڕەوی کردووە لە سیستەمێکی ئاسایی و کاتیەوە بیگۆڕێت بۆ سیستەمێکی موقەدەس و نەمر و وای لێ بکات کە هەر دەست لێدانێکی دەست لێدان بێت لە موقەدەسی دەوڵەتی نەتەوەیی و سزاکەشی سزای هەتک کردنی موقەدەس بێت.دوای ئەوەی دەوڵەتی مۆدێرن لە رێگەی بنەمای نەتەوەخوازییەوە لە دەوڵەتێکی دنیایی و ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی پیرۆز و نەمر، ململانێی بزووتنەوەکانی ناو دەوڵەت لە ململانێی بەکارهێنانی هێز بۆ دانانی سیستەم دەگۆڕێت بۆ ململانێی بەکارهێنانی سیستەم بۆ بەدەستهێنانی هێز".٥٧٤**

لەم حیکایەتەیدا، باوک دەکوژرێت و زیندوو دەکرێتەوە، لە رێگای نەگۆڕینی سیستەمەکەوە. یاسای ململانێکە لە بەکارهێنانی هێزەوە بۆ دانانی سیستەم دەگۆڕن بۆ بەکارهێنانی سیستەمی باوک بۆ بەدەستهێنانی هێزی باوک. لەم رێگایەوە براکان، دەبنە خاوەنی هێزی باوک، باوکیش لە رێگەی سیستەمەکەوە دەبێتە خاوەنی نەمرییەکی ئەفسانەیی. د. عرفان هەمان چیرۆک لە دەوڵەتی نەتەوەییشدا بەم جۆرە ئاماژە پێدەدات: لە دەوڵەتی نەتەوەیدا، باوک کوشتن رێگە پێدراوە، بەڵام رێگەی هیچ بزووتنەوەیەک نادرێ لە دوای کوشتنی

بــاوکەوە، ببێــت بە بــاوک و سیســـتەمی سیاســی و کولتــوری دەوڵەت سەرلەنوێ دابنێ. هەر نەوەیەک باوکی بکوژێ، پێویستە لەســـەری ئەو سیســـتەمەی بــاوکی، کە بە هێــز و دیکتــاتۆری دایمەزراندووە، بیکاتە سیستەمێکی نەمر.

دەوڵە نەتەوەییەکــانی ئەمــڕۆی جیهــانیش ڕەوایەتـــی لە ســەردەمە مــۆدێرنەکە وەردەگــرن. ئەو دەوڵەتــانەی کــوردیش بەسەریاندا دابەشکراوە، ڕەوایەتی لە سیستەمە نێودەوڵەتییەکە وەردەگــرن. بــۆ تێگەیشــتن لە دۆخــی کــورد، گەرەکە لە مــۆدێلە جیهانییەکەی دەوڵەت حاڵی ببین. کەواتە کێشەی کورد کەمــوزۆر لەگەڵ بنەمــا جیهــانییەکەی دروســتبوونی دەوڵەت ـ نەتەوەدایە، یان کێشەکە لەگەڵ ئەو سیستەمە سیاسی و کەلتوورییەدایە کە بەپێی بنەما جیهانییەکەی دروستبوونی دەوڵەت ـ نەتەوە کراون بە بەشێکی جیانەکراوە و نەگۆڕی ئەو چوار دەوڵەتە.

ئەمە پــوختەیەکی بیــروڕا جــوان و دروســتەکەی نووســەرە و، دواتر پشوو درێژانە شەنوکەوێکی بۆچوونەکانی خۆی دەکات و لەسەر بابەتەکە دەڕوات و دەڵێ:

**" ئەو بنەمــا جیهــانییەی کە ئەم جــۆرە لە دەوڵەت لەســەری دادەمەزرێت بنەمای نەتەوەخوازییە.بە پێی ئەم بنەمایە دەوڵەت خــۆی هیــولایەکی دیــاری نەکــراوە و دەبێــت بزووتنەوەیەکــی نەتەوەخواز ئایدیاڵی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لەناو ئەو دەوڵەتەدا شێوەگیر بکات و بیکات بە دەوڵەتی نەتەوەیی" ٥٧٥**

بەواتــای ئەوەی وەک مۆدێرنیســتەکانی نەتەوەخــوازی کــاری پێ دەکەن و لێی چاوەڕێی دەکەن، لە دەوڵەتدا دەبێت کۆمەڵگای کشــــتوکاڵی بگـــۆڕدرێ بە کۆمەڵگـــایەکی پیشەســـــازی.ئەم میکــانیزمەش بە کەلتــورە پیشــەییە مــۆدێرنەکە دەخــوڵقێ. ئینجــا

نووسەر ئاماژە بە هاوکێشەیە لە دوورییەکی تریشەوە دەدات و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، : **کە بوونی دەوڵەتێکی نادیار بە نەتەوە و بوونی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی و کەلتورێکی پیشەیی نادیاریکراو بە زمان و شێوازێکی کەلتوری، تەنها مادەی دروستکردنی دەوڵەت ـ نەتەوەییک دروست بکرێت، دەبێت ئایدیاڵ و کارایەک هەبێت تا کاراکە بەو ئایدیاڵە لەو مادەیە دەوڵەتە مۆدێرنەکە دروست بکات. ئایدیاڵی ئەم جۆرە لە دەوڵەت لە زمانی ئێتنیکێک و شێوازی کەلتوری ئەو ئێتنیکە وەردەگرێت، کاراکەش ئەو بزووتنەوە نەتەوەخوازییە کە ئایدیاڵی دەوڵەتە مۆدێرنەکە لە زمان و شێوازی کەلتوریی ئەو ئێنیکە وەردەگرێت و لە کەلتورە پیشەییە مۆدێرنەکەی کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکەدا شێوەگیری دەکات و کەلتوری ئەو دەوڵەت ـ نەتەوەیەی پێ دروست دەکات کە فۆڕمێکی سیاسی خوازراو دەدات بە دەوڵەتەکە.**

ئەم بۆچوونە لێرەدا زەلالە و نەتەوەخوازی دەتوانێ سەروسیما و ماهیەتی دەوڵەت دیاری بکات. هەر بۆیە پێویستی بە قسەی زۆر لەسەر کردن نییە. د. عرفان ڕوونتر خاڵ دەخاتە سەر پیتەکان.

**"پەیوەندی دەوڵەت و نەتەوە لەناو دەوڵەتی نەتەوەدا وەک پەیوەندی نێوان شێوەی دەنگی وشە و ماناکەی وایە، دەوڵەت وەک ماناکە وایە و نەتەوە وەک شێوە دەنگییەکە وایە و بە یەکێکیان دەوڵەتی نەتەوەیی دروست ناکرێت و بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی لەو جۆرە دەبێت شێوە کولتورییەکەی نەتەوە و دەوڵەتێکی نادیاری کراو بە نەتەوەمان هەبێت تا لە ڕێگەی ئەو شێوە کولتوورییەوە کە دەدرێت بە کولتورە مۆدێرنەکە لە**

**دەوڵەتێکی پەتییەوە ببێت بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی. دەوڵەتی نەتەوەیش وەک ئەو ئاماژە زمانییە وایە کە پێکهاتەیەکە لە شێوەیەکی دەنگی و مانایەک؟.٥٧٧**

لەسەر ئەم خاڵەش بە درێژی دەڕوات و بەراوردی دەوڵەت لە جیهاندا بە ئاماژەیەکی زمانەوانی دەکات، کە بە ڕوونی خراوەتە بەرچاوی خوێنەر. دواجار بۆچوونەکانی بەم شێوەیە دایدەڕێژێت:

**" ئەو هێزەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی دروست دەکات بۆ دروستکردنەکەی پێویستی بەوە دەبێت، کەلتورێکی پیشەیی مۆدێرنی هەبێت و شێوەیەکی کەلتوریشی هەبێت بۆ ئەوەی لەو کەلتورە پیشەییە کەلتورێکی نەتەوەیی دروست بکات"٥٧٨-٥٧٩**

لێرەدا بایەخی بوونی کورلتووری پیشەیی دەبینین، کە دەبێتە پێشخانی دروستکردنی کولتووری نەتەوەیی.ئەم کولتورە نەتەوەییەش دەتوانێ ماهیەتی دەوڵەتی پێ دیاری بکرێ.نووسەر چەپکێ تیشکی ڕووناکەرەوەی بەهێز دەخاتە سەر ئەم لایەنە و ئەوجا لە کۆنتێسێکی تردا، بە بۆچوونێکی ڕوونتر دەڵێ:

**"بە پێی بنەمای نەتەوەخوازی کە بنەمای دروستکردنی نەتەوەیە، وای فەرز کردووە، ئەو هێزەی دروستی دەکات، دەبێ کولتورە مۆدێرنەکە بە شێوەیەکی کولتوری بکات، بە کولتوری نەتەوەیی، کە بەشێوەیەکی هەرەمەکی لە شێوە کولتورییەکانی کۆمەڵگاکانی هەڵیدەبژێرن. " دەوڵەتی نەتەوەیی لە شێوەیەکی کەلتووری و دەوڵەتێکی نادیارکراو بە کولتوور پێک دێت.جیاکردنەوەی ئەو شێوە کەلتوورییە لە دەوڵەت، وەک جیاکردنەوەی شێوەی دەنگی وشەیە لە ماناکەی".٥٧٩**

عێـــراق دەوڵەتـــێکە، عەرەب، لە ڕێـــگەی دامودەزگاکـــانیەوە، کولتـورێکی فەرمـی   بۆخـۆی دروسـت کـردووە یـاخود ڕاسـتتر بڵـێم بۆیـان سـازداوە. کـوردیش کولتـورێکی دەوڵەمەنـدی هەیە .حکـومەتی ناوەنـدی کە بەدەسـت نەتەوەی زاڵەوەیە، نەتەوەی کوردی بندەست، لە کاتێکدا خاوەنی کولتوری ڕەسـەنی خۆیەتی، کەچی دەوڵەت دێ و بۆنەیەکی نەتەوەیی کوردی، وەک نەورۆز دەگۆڕێ بۆ جەژنـی دار و درەخـت. تورکیـاش بە هەمـان شـێوە. ڕۆژی لە ســـــێدارەدانی پێشــــەوا و هاوڕێکــــانی، کە لە ڕووی بیرەوەریـــی نەتەوەیـــی و کولتـــوریـیەوە، بـــۆ کـــورد  ڕۆژێکـــی خەمنـاکە، سـیمبۆلی خەبـات و قورنـانییە،  ئێران/ ناوەند دێت و ڕێگری لەمە دەکـات. هەمـوو ئامـانچیش لەم ڕەفتـارەی دەوڵەتـی ئێـــران، بەتـــاڵ کـــردنەوەی مانـــا و نـــاوەڕۆکە نەتەوەیـــیەکەی تایبەتمەندێکانی  نەتەوەی کوردە.

گـــۆرانیبێژێکی کـــورد، لە بەیتێکـــی فۆلکلـــۆردا ئێـــژێ: **مـــن کرمانشانی فارسی نەزانـم، وە زبـان کـوردی قەزات وە گیـانم،** بەرپرسـی بـاڵای دەوڵەتـی ئێران ڕاسـت دەبێتەوە و دەڵێ زمـانی کـوردی نیـیە. یـاخود هـیچ کەس بـۆی نیـیە، بیـر لە خوێنـدن بە زمـانی دایـک بکـاتەوە. عەرەبـی سـووری پێیـان وایە کوردسـتان لەو بەشــــەدا نیـــیە و عەرەب لە میهـــر و خۆشەویســـتی و مرۆڤدۆسـتییانەوە، باوەشـیان بـۆ کـورد کـردۆتەوە، تـا لە زوڵمـی تورک بیانپارێزن.

ئەمەش بەشـــێکە لەو سیاســـەتەی کولتـــوری مـــۆدێرنی ئەو وڵاتـــانە، کە گۆڕیویـــانە بە کولتـــوری نەتەوەیـــی. ئەمە پرنســـیپی کـاری بەشـــی هەرە زۆری کولتـــوری داگیـــرکەرانە، دەرئەنجـامی بەربەرەکانی و شێواندن و دزینی، کولتـوری کـوردییە. موزیـک و

تێکستی کوردی، بە دەنگی گۆرانیبێژە کوردەکان، کراوە بە تورکی و ئیمڕۆ تورک بۆتە خاوەنی ئەو کولتورە. لە ئێستا قورسایی موزیکی ئێرانی ها بە دەست کوردەوە، کەچی لە دنیادا بە هی فارس قەبڵێندراوە. ئاخر ئەوان خاوەن دەوڵەتەکەن و قازانج و بەهاکان دەرژێنە ئەستێڵکی ئەوانەوە.

**" ئەم دەوڵەتە نەتەوەخوازی تورکیا دروست دەکات، بەرلەوەی دەوڵەتی تورکیا دەوڵەتێک هەیە لەگەڵ کولتورێکی مۆدێرندا، عوسمانی.نەتەوەخوازییەکی تورکیش هەیە بەناوی نەتەوەخوازی تورکی، کە دواتر شێوەیەکی کولتوری دەدات بە کولتورە مۆدێرنەکە و بەمە شێوەی نەتەوەیی دەوڵەتە نەتەوەییەکە ئامادە دەکاتو، بە شیوەگیرکردنی دەوڵەتەکە لەناو ئەم شێوە نەتەوەیەدا.دەوڵەتێکی نەتەوەیی نوێ لەناو جیهاندا دروست دەکات و ناوی دەنێت تورکیا"٥٨١.**

نەتەوەخوازی تورکی بۆ ئەوەی شێوەی نەتەوەیی دەوڵەتە نەتەوەییەکە دروست بکات، پێویستی بە کولتوورە مۆدێرنەکە و شێوەیەکی کەلتوورییە. کەلتورە مۆدێرنەکە لە نموونەی ئەوروپاوە وەردەگرێت. شێوە نەتەوەییەکەش لە یەکێ لەو کۆمەڵگانەوە وەربگرێ، کە لە سنووری سیاسی دەوڵەتەکەدا هەن. بەم پرۆسێسە، نەتەوەخوازی تورک دەوڵەتەکەی دەکات بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی. بە پێی بنەمای دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، نەتەوەخوازیی تورکی کاتێک زمانی تورکی و شێوازی کولتوری کۆمەڵگای تورکی بۆ دروستکردنی شێوەی نەتەوەیی دەوڵەتی تورکی هەڵبژاردووە، هیچ مەبەستێکی نەبوو و هەڵبژاردنێکی هەڕەمەکییانە بووە. ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێ کە زمان و کولتوری تورکی لە کوردی پێ باشتر بووە. هەر

وەک چۆن لە سەرەتادا بۆ وشەی درەخت(د، ر، ە.، خ، ت)، بە ڕێکەوت هەڵبژێردراوە، ئەوە نەتەوەخوازی توركیش بە رێکەوت زمان و کولتوری تورکی هەڵبژاردووە. لێرەدا د. عرفان خەستتر قسەکانی لەسەر کولتور و رۆڵی لە دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەدا دەکات و دەڵێ :

**" لە راستیدا ئەوەی دەوڵەت دەکات بە دەوڵەتی نەتەوەیی کولتورە مۆدێرنەکە نییە، چونکە کەلتورە مۆدێرنەکە کەلتورێکی گشتییە و وا ناسراوە کە بەرهەمی عەقڵێکی سەرونەتەوەییە و تایبەت نییە بە کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگاکان".٥٨٢**

کەواتە لەو شوێنە کە باسمان لە گرنگی کولتور بۆ پرۆسەی نەتەوەیی بوون کرد، لێرەدا هۆکارە سەرەکییەکە/ یاخود میکانیزمە کاراکە، بریتییە لەوەی ئەو کۆمەڵگایانە لە ڕێگەی زمان و شێوازە کەلتوررییەکەی خۆیانەوە، کولتورە مۆدێرنەکە دەگۆڕن، یاخود زاڵ دەبن بەسەریدا، بۆ کولتورێکی نەتەوەیی. کتومت لەم هەنگاو و پرۆسەیەدا، کۆمەڵگا ئەو کولتورە مۆدێرنە، دەکاتە موڵکی خۆی و شەقڵ و سیمای نەتەوەیی خۆی پێ دەبەخشێ و مۆری Mady in.... ی لێ دەدات. ئەمەش دەمانبات بەرەو پێناسە و ڕۆڵی نەتەوەخوازی و کاریگەریێتی لەسەر ڕووبەری ئاماژە پێدراو.

**"هەر کۆمەڵگایەک بە زمان و شێوازە کەلتوریەکەی خۆی، کەلتورە مۆدێرنەکەی وەک کەلتورێکی نەتەوەیی دیاری کرد، ئەوە کەلتورە مۆدێرنەکە دەکات بە موڵکێکی تایبەت بەخۆی، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئەوەی کە نەتەوەخوازی دەوڵەتێکی نادیاریکراوی پێ دەکات بە دەوڵەت ـ نەتەوە کەلتورە مۆدێرنەکە نییە، بەڵکوو ئەو شێوە کەلتوورییەیە کە نەتەوەخوازی لە زمان**

**و شـــــێوازی کەلتـــــوریی کۆمەڵگـــــایەک لە کۆمەڵگاکـــــان وەریدەگرێت".(٥٨٣).**

ئەم بۆچـــــوونە یەکەوڕاســـــت دەوڵەتە داگیرکەرەکـــــانی کوردســـتانمان دێنێــتە یــاد، کە چــۆن توانیویــانە ناســنامەی دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا لە ڕێگەی زمان و کولتــوورەکەی خۆیــانەوە وەک دەســەڵاتێکی بــاڵای داگیــرکەر بســەپێنن بەســەر کــورد و گەلانــی دیــکەدا. بە نمــوونە هەمــوو جیهـان ئەو دەوڵەتـانە بەهـی تـورک و فـارس و عەرەب لەقەڵەم دەدات، جا با کورد هەر هاوار و ناڵەشی بێت، کەس گوێی پێ نــادات، چــونکە گەمەکەی دۆڕانــدووە و کەوتــۆتە پەراوێــزی لەبیرچوونەوە و لەناوچوونەوە.

**" نەتەوەخوازی بیروباوەڕێکە، ئەم بیروباوەڕە دەیەوێت ئەو باوەڕە لای کۆمەڵگا جیاوازەکانی ناو دەوڵەتێکی دیارینەکراو بە نەتەوەیەک دروست بکات کە نەتەوەخوازی بە وەرگرتنی زمان و شـێوەزاری کولتـوریی کـۆمەڵگەیەکی میللـی  ئەو کولتـورە نەتەوەییەی ناکات بە موڵکی ئەو کۆمەڵگا میللییە، نەتەوەخوازی بەوەی کە ئەو زمان و شێوازە وەک خۆی ناکات بە شـێوەی کولتـورە مـۆدێرنەکە و وەک کەرەسـتەیەک بـۆ دروسـتکردنی شـــێوە کولتـــوورییەکە بەکـــاری دەهێنـــێ، لە پرۆســـەی دروستکردنەکەدا ئەو شێوە کولتوورییە لە رۆحی ئەو کۆمەڵگا میللییە بە تاڵ دەکـاتەوە و کولتـورێکی نەتەوەیـی لـێ دروسـت دەکات کە موڵکی هیچ کۆمەڵگایەکی ئەتنیکی و میللی ناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتە نییە و مووڵکی هەموو کۆمەڵگا میللییەکانە و کۆمەڵگـا میللییەکـان بەمە دەبـن بە خـاوەنی یەک کولتـوری نەتەوەیی هاوبەش".٥٨٣**

جا بۆ ئەوەی وێنەی ڕوون و بێ گرێوگۆڵی ئەم باسە بێتە بەرچاوی خوێنەر، تابتوانێ تێگەیشتنی لەم چڕی و خەستی باسەی کولتور و کولتوری مۆدێرن و نەتەوەییدا قوڵتر بێتەوە، بە کورتی نووسەر دەڵێ :

"نەتەوەخوازی تورک لە دەوڵەتی عوسمانیدا، داوای ئەوەی دەکرد، دەوڵەت لە چنگی بنەماڵەی عوسمانی دەربهێنێ و بیکات بە موڵکی هەموو پێکهاتەکانی دەوڵەتەکە، لەلای کورد و لاس و چەرکەس و ئەرمەنی... هتد، ئەم بانگاشەیە وای کرد، هەموو ئەو نەتەوانەی سەرێ، پشتگیری لە دروشمەکانی نەتەوەخوازی تورک بکەن. تاوەکو دەوڵەتی عوسمانی بە کولتوری نەتەوەیی بگات، دەوڵەتی نەتەوەیی، ڕازی بن بەوەی کە شێوە کولتورییەکەی ئەو نەتەوەیەش لە زمان و شێوازی کولتوری کۆمەڵگا ئەتنیکییەکەی تورکی وەربگرێ.

ئاخر ئەوەی دەبێ ئاماژەی پێ بدەین، تەنیا نەتەوەخوازی تورک هەڵساوە بەم چالاکییەکە، بۆیە مافی بە خۆی داوە، زمان و شێوازە کولتورییەکەی خۆی  بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ بکات. ئەوانی دیکە دەستبەرداری ئەم ماف و حەزە بوون و پاسیڤ بوون و نەیانتوانی یان نەیان ویست هیچ بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. هۆکاری ڕازیبوونی ئەوانی دیکە، بەم هەنگاوە و پلانەی تورک، لە سۆنگەی ئەوە بوو، باوەڕیان وابوو، دیاریکردنی دەوڵەتەکە، واتە کێشانی هێڵە گشتییەکانی سیستەم و دامەزراندنی جومگە گرنگەکانی دامەزراوەی دەوڵەتی، بەو شێوە زمانە کولتورە تورکییە، دەوڵەتەکە ناکاتە، موڵکی کۆمەڵگا ئەتنیکە تورکییەکە. چونکە تورکیش خاوەنی زمان و شێوازە

کولتــورییەکەن، کە کولتــورە مــۆدێرنەکەی کــرد بە کولتــوری نەتەوەیی.

دەبێت ئەوانیش، واتە تورک وەک هەر کۆمەڵگایەکی جیاوازی ناو سنووری دەوڵەتەکە، کولتورە مۆدێرنەکە وەرگرن و واز لە کولتــورە ئەتنیکیــیەکەی خۆیــان بهێــنن. بە دەربڕینێکــی تــر، واتە شوێن و پێگەی دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دیکەدا دابەش بکەن و هەریەک لەو نەتەوانە ببــنە خــاوەنی حکــومەتی خۆیــان لەنــاو دەوڵەتە تازە دروســت بــووە، مۆدێرنەکەدا. وەک دەزانــین تــورک نەک ئەمەی نەکــرد، ســـەرەتا بە هاوکــاریی و پشــتیوانی کــورد، یۆنانییەکــانی دەرپەڕانــد و دواتــر خــۆی تەرخــانی ســەرکوتکردنی نەتەوەکــانی نــاو ســنووری دەوڵەتەکەی کــرد و بە کوشــتن و ڕاوەدوونان و زینــدانی و کــاولکردنیش وازی نەهێنــاو، بە یاســای قەرەقووشی، ناوی کوردی قەدەغە کرد و نکۆڵی لە بــوونی کــرد و هەوڵــی دا، دروشــمی یەک نەتەوە، یەک زمــان و یەک دەوڵەت، بەکردەوە بەرجەستە بکات. بەڵام ســەرباری ئەو هەمــوو زوڵــم و ستەمەی تورک، ئەوە ســەدەی بیســت و یەکە و هەم کــورد مــاوە و هەمیش دەستبەرداری ویست و داوای ئــازادی و ســەربەخۆیی نەبووە و تورکیاش سەرباری زەبروزەنگ و پەلامارە ســەربازیی و پـــلانە سیاســـــی و گەمـــــارۆدانە ئـــــابووریی و سیاســــــەتە ڕۆشــنبیرییەکەی هێشــتا، خەونەکــانی بــۆ نەهــاتۆتە دی و ئــارام و ئۆقرەی لــێ هەڵگیــراوە. د. عرفــان، لەســەر ئەم تێزەش بەدرێژیــی دەڕوات و بە لقوپۆپەکانیدا شۆڕ دەبێتەوە و پێی وایە :

**" ئەوەی خەڵکی نــاو سنوری سیاســی دەوڵەتێکی مۆدێرن دەکاتە ئەندامی ناو کۆمەڵگا مۆدێرنە نەتەوەییەکەی ناو دەوڵەت،**

**شێوە کەلتورییەکەی، کەلتورە مۆدێرنەکە نییە، بەڵکو خودی کەلتورە مۆدێرنەکە خۆیەتی".٥٨٤.**

نووسەر لێرەدا هەروەها ئاماژە بە دوو توخم دەکات: یەکەم: شێوەی ئەو کولتورەیە و موڵکی یەکێکە لە کۆمەڵگاکان و دووەم: کەلتورە مۆدێرنەکەیە، کە موڵکی کەسیان نییە، بریتین لە گەوهەری ئەو کولتورە نەتەوەییە کە نەتەوەخوازی لە کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگاکانی ناو سنووری سیاسی و کولتوری مۆدێرنە جیهانیەکە دروستی دەکات و دەوڵەتەکەی پێ دەکات، بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی.

**"ئەوەی مۆدێرنیزم و نەتەوەخوازی لەناو کۆمەڵگاکاندا وەک باوەڕێک دروستیان کردووە لەگەڵ ئەوەی کە لەواقعی ئەم کۆمەڵگایانەدا هەیە جیاوازە، واقعی کۆمەڵگاکانی ناو دەوڵەتی نەتەوە ئەوە نیشان دەدات کە نەتەوەخوازی بە دروستکردنی دەوڵەتە نەتەوەییەکە هەر کەلتورە مۆدێرنەکەی نەکردووە بە موڵکی ئەو کۆمەڵگا ئەتنیکییەی کە خاوەنی شێوەی ئەو کولتورەیە دەوڵەتەکەی پێکراوە بە دەوڵەتی نەتەوەیی، بەڵکوو دەوڵەتەکەشی کردووە بە دەوڵەتی ئەو کۆمەڵگایە".٥٨٥**

ڕاستییەکان ئەوەندە بەرچاون، ئەوە دەبینین ئەو کۆمەڵگایەی توانی لە ڕێگەی زمان و شێوە کولتورەکەیەوە، بەسەر کەلتورە نەتەوەییەکەی دەوڵەتی نەتەوەیی دا زاڵ بێت، سیاسەتی نەخشکرد، ئەوە ئەو دەوڵەتە دەبێتە هی ئەو گرووپە یان ئەتنیکەیە و ئەو لایەنە دەبێتە خاوەنی و ڕۆڵی لە چارەنووسی ئەوانی دیکەدا دەگێڕێ.

بەڵام مۆدێرنیزم و نەتەوەخوازی دەیانەوێ پێمان بڵێن، کە هەم دەوڵەت و هەم نەتەوەی دروست بوو، موڵکی هەموو

لایەنەکـانی نـاو سـنوری سیاسـی دەوڵەتەکەیە. واتە دەوڵەت و نەتەوەکە لە کۆی پارچەکانی هەموو لایەنەکان دروست بووە و سەرجەمیان یەکسانن تێیدا و بەشداری و توانا و دەرفەتی وەک یەکیـان بـۆ ژیـان بە ڕوودا کـراوەتەوە. بەڵام گەر بێـت و لە نەخشـەی جیهـان بـڕوانین و سـەرنجی وڵاتگەلێکـی وەک بەریتانیـای مەزن و ئیسـپانیا و تورکیـا و ئێـران و عێـراق و سـووریا... هتـد بـدەین، هەر زوو بە زوو دەکەویـن بەسـەر ئەو ڕاستییەدا، ئەو دەوڵەتانە کەموزۆر، مۆری ئینگلیز و ئیسپانی و تورک و فارس و عەرەبییان پێوەیە و هی ئەوانە. وەک دەزانین، سـکۆتی و وێڵـزی و کاتـالانی و باسـکی و کـورد و بەلـوج و ئـارەزی لە پـلەی دوو و هەرە دامێنـی دەوڵەتەکەدا جێییـان بەرکەوتووە/نەکەوتووە. خۆ گەر وانییە، ئەوا بۆچی ئەم نەتەوانە هەوڵ و خەباتیان بۆ بوونی نەتەوەیی خۆیان دەکرد؟. تەماشای نمـوونەی بـارودۆخی کـورد بکەیـن، وا لە پەراوێزیشـدا، نـابینرێتەوە. بەم پێـیە زمـان و کولتـوری ئەوانەی خـاوەن دەوڵەتەکە نین، سست و لاواز و کەم بڕشتە، لەچاو ئەوانەی خـاوەنی دەوڵەتەکەن، کە دەوڵەتێـک بە هەمـوو ئیمکـانیتییەوە خراوەتە خزمەتیانەوە. لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە تا زانکۆ و سەدان پەیمانگا و دەزگای تر، لە ڕادیۆ و ڕۆژنامە و تیڤییەوە، تـاوەکو چەنـدان دەسـتاوێژ و میکـانیزمی تر...تـاد. نووسـەر لە لاپەڕەکانی دوایی ئەم باسەدا، نموونەیەکی بەهێز لەسەر پەردە لادان لەسـەر ئەم بۆچـوون و ڕاسـتییەدا دەخـاتە بەرچـاو و دەنووسێ:

**" بۆ نموونە کەسێک دەیەوێ لە زێر پەیکەری سوکرات دروست بکات، دەبێت شێوەکەی سوکرات لە سوکرات وەرگرێت**

**و مـــادەکەش لەو زێـــڕە وەرگرێـــت کە خـــاوەنی شـــێوەیەکی دیاریکراو نییە و شێوەکەی سوکرات بدات بە زێڕە بێ شێوەکە و بەمە زێڕەکە لە زێڕێکی شـێوە نادیـارەوە بکـات بە زێڕێکی شێوە دیار.ئەو پەیکەرسازەی بەم کارە شێوەکەی نەکردووە بە موڵکی زێڕەکە، بەڵکو زێڕەکەی کردووە بە موڵکی شێوەکە. ئەو دروســــــــــتکراوە نــــــــــوێیەی کە ئەو پەیکەرســـــــــــازە دروســـــتیکردووە.زێڕێکی پەیکەریـــــن نیـــــیە و پەیکەرێکـــــی زێڕینە.زێڕەکە بەوەی چووەتە پێکهاتەی پەیکەری سوکراتەوە، شوناسی خۆی بزر کردووە. بەڵام شێوەکەی سوکرات بەوەی کە چـووەتە نـاو ئەو پەیـکەرەوە شوناسـەکەی خـۆی و هەر خـۆیەتییەکەی پاراسـتووە و نەبـووە بە شـێوەیەکی تـر یـان کەسێکی تر، بەڵام زێڕەکە بەوەی چووەتە ناو پێکهاتەی ئەو دروستکراوەوە  لەوە کەوتووە پێی بووترێت زێڕ، زێڕەکە لەناو پەیکەرەکەدا تەنها خاسیەتێکە لە خاسییەتەکانی پەیکەرەکە و بوون و شوناسی خۆی لەدەستداوە و ئەوەی کە هەیە و لەو دروستکردنە کەوتووە پەیکەرە نەک زێڕ".٥٨٨ -٥٨٩**

ئایا بەم شێویە د.عرفان دەچێتە بنج و بناوانی مەسەلەکە و بە دێڕێکی تژی لە مانا، هەموو ئەو بۆچوونە ڕواڵەتی و ساکار و بـێ بنچینـــانە دەداتە دواوە، کە پێیـــان وایە، مـــۆدێرنزم، دوا وێستگە و تاکە ڕوانگەی تەماشاکردنی جیهانە و دەڵێ:

**" وێناکردنی کەلتوری مۆدێرن بە کولتورێکی تەواو، جگە لە وەهمێک هیچی تر نییە".٥٩٠.**

کولتوری مۆدێرنە دەبوایە شێوازێکی سەربەخۆی هەبوایە، نەک لە ئەتنیکەکـانەوە، زمـان و کولتـور وەربگیرێـت.  هەڵـبەت مۆدێرنە سـوورە لەسـەر ئەوەی، ئەو شـتەی خـۆی دایهێنـاوە و

هێناویەتە کایەوە لە زمان و کەلتور، دیاردە و شتێکی نوێی هاوچەرخە و پێشوەخت نەبووە. بەڵام ئەم بانگاشەیە بەتاڵە، چونکە هەردوو کەرەسەی زمان و کولتورەکەی، مۆدێرنە لە بنچینەدا، لە زمان و کولتوری ئەتنیکەوە وەرگیراوە، بە پرۆسێسی جیاوازدا براوە، تا کراوەتە ئەو قاڵبەی خاوەن مۆدێرنیزم مەرامی بووە و مەرامێتی.

**"بە پێی ئەم بیروباوەڕە راستە کۆمپیوتەر لەو مادە سروشتیانە دروست دەکرێت کە پێشتریش لەناو سروشتدا هەبوون، بەڵام ئەو مادانە جارێکی تر دەبێت بە دروستکردندا ببرێن، تا ببن بەو مادە شیاوانەی کە کۆمپیوتەرەکەی لێ دروست دەکرێت. بۆیە ئەو مادە شیاوانەی کە کۆمپیوتەرەکەیان لێ دروست دەکرێت کە لەناو ئەو مادە دروستکراوانەدا شێوە دەگرێت، پێشتر بوونی نەبووە بەرهەمی مۆدێرنە".٥٩٢**

هەرچۆنێک بێت، گومانم نەماوە لەوەی ڕاستی و دروستی مەسەلەکان، لە خوێنەر شاراوە نییە، و باش لەو ئامانجە سیاسییە، حاڵی دەبێت، کە لە پشت مۆدێرنزمەوەیە. بانگاشەی مۆدێرنیزم کە هەموو دیاردە نوێیەکانی سەر گۆی زەوی، دەگێڕنەوە بۆ ئەو چرکەساتەی، مۆدێرنە تێیدا هاتۆتە کایەوە و مۆدێرنیزم بە دایکی هەموو شت و داهێنانەکان و تەنانەت مرۆڤەکانیش دادەنێت. بەڵێ دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان، کە لە ڕێگای نەتەوەخوازییەوە، دەوڵەتیان بۆ خۆیان دروست کردووە، گەشە بە زمان و کولتوری خۆیان دەدەن، چ هەڕەشەیەکی توانەوەیان لەسەر نییە و لەژێر سێبەری مۆدێرنەدا بە ئارامی دەژین، هەر دەبێت داکۆکی لەم دیاردەیە بکەن. چونکە هەر لادان و دوورکەوتنەوە و پەراوێزخستنێکی ئەم پرنسیپە،

بەزیـــانی کوشـــندەی خۆیـــان تەواو دەبێـــت، تـــا ڕادەی هەڵوەشـــانەوەی ئەوەی پێکیـــان هێنـــاوە و کـــورد وتەنـــی "ریسەکەیان لێ دەبێتەوە بە خوری".

**" لەراستیدا مۆدێرنیزم جگە لە باوەڕێکی هەڵە بەو دنیایەی کە مرۆڤی ئێستا تیایدا دەژی هیچیان لەبارەی ئەو دنیا نوێیەوە پێی ناڵێت.مۆدێرنیزم دەیەوێت کوێرانە بڕوا بەوە بهێنین کە هەرچی لەناو ئەم دنیایەدا هەیە تەنانەت بە مرۆڤەکانیشەوە بوونەوەری نوێن و خوایەکی تر دروستی کردوون کە ئەو خوایە  نییە بوونەوەرەکانی دنیای بەر لە مۆدێرنەی دروست کردوون".٥٩٣**

ئەو چرکەساتەی مۆدێرنە دەکرێتە، کلاورۆژنە و تەماشای دنیای لێوە دەکرێ و دەکرێتە خاوەن و دروستکەری هەموو دیاردەکان، ئەوە هەڵەکە لێرەوە دەست پێدەکات. جا بنۆرە ئینگلیـــز بە نمـــوونە هەر ســـوود لە ســـەروەت و ســـامانی ســـکۆتلەندی و ســـامانی مرۆیـــی نـــاگرێ، بەڵکـــو زمـــان و کولتورەکەشـیان، وەک مـــاددە/ هیـــولایەکی هەمیشـــە ئامـــادە بەدەست، بە سانایی خستۆتە خزمەتی خۆیەوە.

کێشـەی کـوردیش لەگەڵ چـوار نەتەوەخـوازییە زاڵەکەدا، کە زمـان و شـێوازی کولتـورەکەی خۆیـان بەخشـیوە بە کولتـورە مـۆدێرنەکە و هاوکـات ئەم کولتورەیـان کـردووە بە مـوڵکی کۆمەڵگا ئینیکییەکەی خۆیان، ئەوەیە رازی بن بەوەی کوردیش لەناو ئەو دەوڵەتەدا زمان و شێوازی کەلتوری خۆی بدات بە کەلتورە مۆدێرنەکە و وەک کۆمەڵگا زاڵەکانی ناو ئەو دەوڵەتانە کەلتـوورە مـۆدێرنەکە بکـات بە مـوڵکی خـۆی و نەتەوەخـوازی

زمان و کەلتورەکەی نەگۆڕێت بۆ کەرەستەیەکی خاوی زمان و کەلتوری دروستکراوی ئەو کۆمەڵگا زاڵانە. وەک کورد دەبێ وەک تورک و عەرەب و فارس بیر بکاتەوە، هەڵسوکەوت بکات و ناسنامەکەی هاوجووت بکاتەوە. نەتەوەخوازی دەرکەوتە و دیئاردەیەکی سیاسی دنیای مۆدێرنەیە، بەدەست خاوەن دەسەڵاتە بەهێزەکانەوەیە، بۆ هێنانەدی ئامانجی سیاسی و ئابووریی و کولتووریی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی...تاد.

" **مۆدێرنیزم چۆن لەدروستکردنی شێوەی کەلتورەکەی خۆیدا شکستی هێناو، لە دروستکردنی بوونی نەتەوەیی کوردیشدا شکستی هێناوە و نەیتوانی کورد وەک میللەتانی تر بە پرۆسەی دروستکردندا بەرێت و بیکات بە بوونەوەرێک لە بوونەوەرەکانی دنیا دروستکراوەکەی خۆی.بەڵام لەبەرامبەر ئەمەشدا کورد بەرگری لەوە کردووە کە لە پرۆسەی دروستکردنی بوونەوەرەکانی ئەودا بگۆڕێت بۆ مادەیەکی خاو و ببێت بە خۆراکی ئەو چوار بوونەوەرەی کە مۆدێرنیزم لەناو ئەو چوار دەوڵەتەدا وەک چوار نەتەوەی دروستکراوی دەستی خۆی دروستیکردن. کێشەی ڕاستەقینەی کورد لەگەڵ ئەو چوار بوونەوەرە دروستکراوەدا نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو بنەمایەدایە کە مۆدێرنیزم و نەتەوەخوازی نەتەوەکانی خۆیان پێ دروستکردووە.واتە کێشەکە لە بنچینەدا کێشەی کوردە لەگەڵ خواوەند و دروستکەری ئەو دنیا نوێیەدا کە ناونراوە دنیای مۆدێرن".(٥٩٥)**

کاتێ مۆدێرنیزم دەبێتە کلاوڕۆژنەی ئەو نووسەرە کورد و بێگانانەی سەرقاڵی دۆزی کوردن، ئیدی بێ بنچینانە و شەلم

کوێرم، دەست ناپارێزن لە هۆنینەوەی تۆمەت و زەقکردنەوەی ئاوەڵنـاو و سـیفەتی پاشـڤەڕۆیی لەسـەر کـورد، هۆکـارەکەی ئەوەیە کورد بەو ستاتووەی بەدرێژایی بوونی خۆی و بەتایبەت لەسـەردەمی سـەرهەڵدانی مـۆدێرنیزمەوە و زۆر بەتـایبەت لە میانەی قوتکردنەوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریای مۆدێرنەوە، بۆتە بەربەست و هەبوویەکی ناوازە و هەڵاوردە، لەو یاسا و ڕێسایەی ئەوانە بەهەموو هێزی خۆیـانەوە، بانگاشـەی بـۆ دەکەن و لە هەوڵـی ئەوەدان بەهەر نرخێک بێت، سەرکەوتنی بۆچوونەکانیان بە سەلماندن بگەێنن. بەڵام وەک دەبینـین و دەزانـین، کـورد لە هەمـوو ڕەهەنـدەکانی بوون و بەرگری و مانا و پێناسەی خۆیدا، تێکڕای تیۆرییەکەی مۆدێرنی بەدرۆ خستۆتەوە. ئا ئەمەیە بۆتە هۆکاری ئەو نەفرەتە قورسەکەی مۆدێرنیزم لە دۆزی کورد.

**"کێشەی کورد و بزووتنەوە کوردییەکان لەگەڵ مۆدێرنیزم و نەتەوەخوازیدا کێشەیەکی ئایدۆلۆجییە و کێشەیەکی پراکتیکی نییە. واتە کێشەکە ئەوە نییە کە بۆچی مۆدێرنە لە دروستکردنی بوونی نەتەوەیی کورد دا شکستی هێناوە و نەیتوانیوە وەک تورک و فارس و عەرەب بیکات بە بوونەوەرێکی دروستکراوی ناو جیهانەکەی خۆی، بەڵکو کێشەکەی لەوەدایە کە وێناکردنی بۆ بوونی خۆی لەناو جیهانە مۆدێرنەکەدا وێناکردنیەتی بۆ بوونەوەرێک کە هەیە و دەیەوێت لەناو ئەو دنیا مۆدێرنەشدا پەرە بە بوونی خۆی بدات بەبێ ئەوەی هیچ بوونەوەرێکی تر بە هۆی بوونی ئەوەوە بگۆڕێت بۆ مادەیەکی خاو و بوونی خۆی وەک بوونەوەر لەدەست بدات. بەمانایەکی تر کورد خۆی لەناو جیهانە مۆدێرنەکەدا دەبینێتەوە وەک بوونەوەرێک کە دەبێت و**

**پەرەدەسێنێ، نەک وەک بوونەوەرێک کە دروست دەکرێت و پەرەی پێ دەدرێت".٥٩٥ ـ ٥٩٦**

ئەی ئەوە نییە لە عێراق و تورکیا بەناوی (انفال و فتح)ەوە دەکوژرێین و نابێ بیر لە خوێندن و فێربوون و پەروەردە بە زمانی دایک بکەینەوە. ئاخر کورد چۆن، بڕوا بەو بانگاشەی مـــۆدێرنە بکـــات!، کەوا تـــورک و فـــارس و عەرەب، وەک بـــوونەوەرێکی نـــوێ نیشـــان بـــدات و گـــوایە لەســـەر دەســـتی مـۆدێرنەدا دروستکراون بە کولتـوری مـۆدێرنە بەخێـوکراون و چەکدار بوون. نەخێر ئەمانە هەمان ئەو بوونەوەرانەی پێشترن، لە رۆژگاری تەتەر و مەغۆلی جەنگیزخان و هۆلاکۆ و کۆرش و قاجـار و پەهـلەوی و حەجـاجی سـەقەفی و خالیـدی کـوردی وەلیدەوە و لە سەردەمانی خەلافەتەوە هەڵگری هەمان عەقڵێت و کولتوور و کاراکتەرن. کورد چۆن باوەڕ بەوە بهێنێ دەوڵەتی تورکیـا و ئێـران و عێـراق و سـوریا، ئەو بەهەشـتە بەریـن و فـــراوانەیە، کە لە ســـایەیدا بەخـــتەوەر و ئاســـوودە ژیـــان بگوزەرێنێ؟!داخۆ چۆن لە هەواری ئەواندا، هەست بە حەسانەوە و دەرەتـــانی ژیـــانی کـــورد باشـــتر دەبێـــت. بەم دروشـــم و بانگاشـــانەوە هەزاران ڕۆڵەی کـــورد بە کوشـــت دراون و کوردستان کاول بووە، کەچی تیرێژێکی دیموکراسی هەڵنەهات. د.عرفـانیش دەنووسـێ، کێشـەی کـورد لە بنچیـنەدا لەگەڵ ئەو نەتەوەخـوازییە نیـیە، کە بەردەوام بە عەسـای مـۆدێرنیزم و نەتەوەخـوازی، کـورد سـەرکوت دەکەن، بەڵکـو لەگەڵ خـودی مۆدێرنێزم و نەتەوەخوازیدایە.

**"بۆیە هەڵەیە گەر پێمان وابێت ئەو چوار دەوڵەتە لە رووی سیستەمی سیاسییەوە گەر وەک دەوڵەتە ئەوروپاییەکانیان لێبێت ئیتر کێشەی کورد چارەسەر دەبێت".٥٩٦**

خەونێکی زۆر هەیە، پێی وایە گەر بێت و دەوڵەتە داگیرکەرەکان، دیموکراتیزە بکرێن و وەک ئەوروپا، سویسرا و بەلژیکایان لێ بکرێت، ئەوا بارودۆخی کورد باشتر دەبێت. ئاخر نازانن لە ئەورووپاش لەم رۆژگارەدا، هێشتا وڵاتی داگیرکەر بە مانای نەتەوەی زاڵ و سەردەستە و نەتەوەی بندەست و چەوساوە بەرچاو دەکەون، تەماشای رووسیا بکە، چی بە کریم و ئۆکرانییەکان دەکات. ئەوە ئینگلیزە، ئیرلەندی و وێلزی و سکۆتی خستۆتە خوار خۆیەوە. ئیسپانی کاتالانی و باسکی گالیزی، کردووە بە ژێر گالیسکەکەی خۆیەوە. هەموو ئەمانە بەڵگەی ئەوەن کە هێشتا لەم کیشورە هەرە پێشکەوتووەی جیهانیش دا، کێشە نەتەوەییەکان بە تەواوی چارەسەر نەکراون، ئەم هەسارەیەش ئەو بەهەشتە نییە، کە مۆدێرنیزم بەردەوام بانگاشەی بۆ دەکات و بێ وچان خەریکە مکیاجی ڕووخساری دەکات و دەیەوێ بیکاتە نموونەی هەرە باڵا. هەڵبەتە نابێت ئەوە لەبەرچاو نەگرین، وڵاتانی ئەوروپا بە هەموو کەماسی و کێشەکانیانەوە هێشتا پێشڕەوی سەرگۆی زەوین.

**"لە راستیدا گەر کورد لەناو جەرگەی ئەورووپاش بوایە هەر هەمان چارەنووسی ئێستای دەبوو و کێشەکەی هەروەک خۆی دەمایەوە. دەبێت کێشەی کورد لەوێوە سەیر بکرێت کە کێشەیە لەگەڵ ئەو خودایەدا کە بوونەوەرەکانی ئەم جیهانەی دروست کردووە.(...) کێشەی ئەم خودایە لەگەڵ کورددا ئەوەیەو کە نە دەتوانێت دروستی بکات و نە دەتوانێت بیکاتەوە بە خۆڵ.ئەوەی**

**ئەم خودایە دەتوانێت لە بەرامبەر کورد دا بیکات، تەنها ئەوەیە کە لە بەهەشتەکەی خۆی وەک شەیتان مەحرومی بکات و بە یەکجاری نەفرینی لێ بکات".٥٩٦-٥٩٧**

د. عرفان باس لە تاکە ڕێگەیەک دەکات لە نێوان کورد و خواوەندی مۆدێرنیزمەدا بۆ چارەسەری کێشەی کورد، ئەویش مۆدێرنیزم لەگەڵ کورد دا بکەوێتە **ناو پەیمانێکەوە**، وەک ئەوەی کە شەیتان، دوای دەرکردنی لە بەهەشت لەگەڵ خودا بەستی. ئاخر داوا و داخوازی سەرەتا و کۆتایی کورد، لەوانی دیکە، **پەیڕەوکردنی دیموکراسی** و هەریەک لە کورد و ئەوانی دیکە سەربەخۆ بژین و بە یەکسانی خاوەنی قەوارە و دەسەڵاتی خۆیان بن، و دەیەوێ وەک شەیتان لەگەڵ **جێنشینە دروستکراوەکانی ئەودا** دیالۆگ بکات، تا بوونی خۆی و ڕەوایی دۆزەکەی بسلەمێنێ و ئەوان دەستهەڵگرتن لە کوشتن و بڕینی کورد و لە کورد بگەڕێن لەم جیهانەی دەستکردی خواوەندە، بە ئازادی وەک هەموو بوونەوەرەکانی دیکە، سەرفرازانە موماردسەی بوون و ژیانی خۆی بکات.هەر وەک ئەوەی خودا کردی لەگەڵ شەیتان دا.

**"کورد وەک شەیتانی ناو بەهەشتە دروستکراوەکەی مۆدێرنیزم تەنها یەک داوای لەم خواوەندە و دەست و پێوەندەکانی هەیە، ئەویش ئەوەیە لە بەرامبەریدا پەیڕەوی هەمان ئەو دیموکراسیەت و ئازادییە بکەن کە خوا لە نێوان خۆی و شەیتاندا پەیڕەوی دەکات و رازی دەبێت بەوەی تا رۆژی رەستاخیز ئازاد بێت لەوەی کە خۆی دەیەوێت بیکات گەرچی ئەوەی کە دەیکات گومڕاکردنی ئەو دروستکراوە**

**نوێیانەش بێت کە خوا بۆ جێنشینکردنی خۆی لەسەر زەوی دروستی کردوون".٥٩٧**

هیچ گومانی تێدا نییە، قەبارەی زوڵمەکەی مۆدێرنخوازەکان لەسەر کورد، هێندە کوشندەیە، نووسەر بە بەخشندەیی و شەیتانی نەفرەت لێبووی دەچوێنێ. کورد ئامادەیە، خۆی بە شەیتان بداتە قەڵەم، داواکارە لە دەسەڵاتە داگیرکەرەکان، کە خۆیان بە نوێنەری خواوەندی سەرزەوی دادەنێن، بەو هەموو دەسەڵاتەی هەیانە، دەست لە چەوساندنەوەی کورد هەڵگرن و لێگەڕێن کوردیش رۆڵی خۆی سەربەخۆ بگێڕێ و لەسەر خاکی خۆی، هەناسە بدات و سەرقاڵی گوزەراندنی ژیانی خۆی بێت. خوا چەند بە بەزەییی و بەخشندە و میهرەبانە، تەنانەت بە بوونەوەرێکی وەک شەیتانی لادەر و نەفرەت لێبوو، با ئەم دەسەڵاتە داگیرکەر و دوژمنانەی کوردیش، پەڕۆیەک لەم نموونەیە دادڕن و، دەرەتانی هەناسەدانێک بە شێوەیەکی دیموکراسی یاخود بەهەر شێوازێکی تر ساز بدەن و گفتوگۆی ئاشتیانە، مرۆڤانە، برایانە، لەگەڵ کورد دا ساز بدەن، چیدی ئاگر و ئاسن نەبارێنن بەسەریدا و نکۆڵی بوونی نەکەن.

ئەم چوار دەسەڵاتە داگیرکەر و دوژمنکارە. دەستبەرداری سیاسەتی کوشتن و بڕین و لەسێدارەدان و سوتماککردنی کورد و کوردستان بین. ئاخر نەهامەتییەکە لەوەدایە دەیان نووسەر و لێکۆڵەرمان هەیە، جگە لە مۆدێرنیزمە و بنەماکانی، چاویان هیچ شتێکی تر نابینێ و ئەقڵیان دەرک بە هیچی تر ناکات و دەست هەڵناگرن لە لاسایی کردنەوە و جووینەوەی ناشییانە و نەزانانەی چەمک و زاراوەکانی ئەوروپا و جیهان. کورد خۆی

دەتوانێ سەربەخۆیانە، بای باڵی خۆی لە ئاسمانی بەرینیدا بدات و کوردیش وەک ئەوانی دیکە، توانای فڕینی هەیە و حەز دەکات بە ناسنامە و تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە، ئامادەگی لە هەموو کار و پێشکەوتنەکاندا هەبێت.

**بوونی نەتەوەیی کورد لە نێوان تیۆری عەقڵی و تیۆری دروستەییدا**

**"تیوری دروستەیی لەسەر بنەمایەک دامەزراوە کە بنەمای دروستکردنە، بەپێی ئەم تیۆرە هەر شتێک لەسەردەمە مۆدێرنەکەدا لەلایەن ویستی خواوەندانەی مرۆڤەوە دروست نەکرا بێت، ناتوانین وەک بوونەوەرێک باس لە بوونی بکەین.(...) هەر لەم روانگەیەوە زمان و کولتور و نەتەوە بەوە بوون پەیدا دەکەن کە ئەو ویستە خواوەندانەی مرۆڤ لە زمانە سروشتییەکان و ئەتنیکە سروشتییەکانەوە دروستی کردبن".٥٩٨**

ئێمە لە باسەکانی پێشوودا، جەختمان لەسەر تیۆرییە دروستەییەکە کردەوە، کە پێی وایە لەسەردەمی مۆدێرنەتدا، بە پێی یاسا و ڕێسای ئەم دیاردەیە، هەر شتێ دەستکردی مرۆڤی سەردەم نەبێت، وا بوونی نییە. ئەم نکۆڵی ڕاستی و واقعییە، لە ڕاستیدا پێشێلکردن و سەربڕینی هەقیقەتێکە، کە سروست و مێژووی بوونی دیاردەکانە. هەروەها خواوەندی مۆدێرنە پێی وایە، هەر شتێ تا ئێستا دروست نەکرابێ، وا هەر وەک کەرەسە و ماددەیەکی دروستکردن وایە. پاش ئەوەی ئەم کەرەسانە، بە پرۆسەی دروستکردندا تێدەپەڕن، ئەوسا دەبنە بوونەوەر و ناسنامە وەردەگرن. دیاردە سروشتییەکانی وەک بوونی زمان و

کولتـــور و نەتەوە، بەر لە هەر شـــتێکی دیـــکە، دەبـــنە قوربـــانی دەســـتی ئەم تیـــۆرییە دروســـتەییە. چـــونکە ئەمـــانە ڕســـکاوێکی سروشـــتین و لە ئاکـــامی پـــێکەڵ پێـــک بـــوونی هەزاران ســـاڵی گۆڕانکاری هاتوونەتە بوونەوە. گەر زمـانێکیش بە ستانداردکراو نەکرابێت، وا زمـانی وەک زمـانێکی ڕاستەقینە تەماشـا نـاکرێ، و بە کەرەســـەی خـــاوی دروســـتکردنی زمـــان دادەنرێـــت. تیـــۆریی دروســـتەیی و دیـــاردەی مـــۆدێرن، نکـــۆڵی لەم ڕاســـتییە دەکـــات و دەیەوێ خـــۆی بکـــاتە جێگـــری هێـــزی سروشـــت. ئەمـــانە زادەی سروشـــتین و مـــرۆڤ و خواوەنـــدەکەی مـــۆدێرنە، هـــیچ ڕۆڵێـــک نابینن و هۆکارێک نین لە دروست بوونیان.

د. عرفـــان لەســـەر ئەم خـــاڵە درێـــژە بە باســـەکە دەدات و دەچێـــتە ســـەر کـــرۆک و چەقەکەی، لە ســـایە و ســـێبەری مـــۆدێرنزمەدا، کـــراوەتە تۆمەتێـــک و لە ملـــی کوردبوونیـــان ئاڵاندووە. بە پێـی ئەم تیـۆرییە، نە کـورد نەتەوە و نە زمـانی کـوردی زمـانە. چـونکە هیچیـان بە پرۆسـەی دروسـتکردندا، لە لایەن مـــــرۆڤەوە، نەتەوەخـــــوازییەوە، بە ســــــتانداردکردنی جیاوازییەکـــانی زمـــانی کوردیـــدا تێنەپەڕیـــون و کەوتـــوونەتە، دەرەوەی یاسـا و ڕێسـای چەسـپاوی تیـۆرە باسـکراوەکەوە. بە واتـــایەکی دیـــکە، زمـــانەکە، هێشـــتا هەر کەرەســـە و مـــاددەی دروستکردنە.

**" لە ڕوانگەی مۆدێرنیزمەوە زمـانە سروشـتییەکان یـان بە پرۆســـەی بە ســـتانداردکردندا بـــراون و بـــوون بە زمـــانێکی راســـتەقینە، یـــان وەک مـــادەی خـــاوی زمـــانێکی راســـتەقینە ماونەتەوە و بوونێکی راستەقینەیان نییە"(٥٩٩)**

ئەمە حـــوکمی گـــران و بـــێ بەزەییـــانە و دوژمنکـــارانەی مـــۆدێرنیزمە، بەرامـــبەر بە زمـــانی کـــوردی، هەر لەبەرئەوەی جیاوازییەکـانی نێـوانی مـاون و لە ڕێـگەی بـزاڤ و گـۆڕانی نەتەوەخـوازییەوە، بە سـتاندارد نەکـراوە. کەچـی هەر وەک د. عرفان، لێوەشاوانە ڕوونی کردۆتەوە، حاڵ و باری کورد، ئەوە نیشـان دەدات، زمـانی کـوردی، نە دروسـتکراوە و هێشـتا هەر هەیە و ئیدی هەر کەرەسـەی خاوە بۆ دروسـتکردن. هەروەک چۆن ئاماژەمـان بە دۆخـی زمـانی کـوردی، لە دەرەوەی یاسـا و تیۆرییە دروستەییەکەدا، بە هەمان شـێوە، کتومـت ئەم حاڵەتە لە کۆمەڵگای کوردیدا لەسەر کولتورەکەی پێڕەو دەکرێ. کۆمەڵگای کـوردی، ئەو مـاددە و کەرەسـە سـەرەتایی و خـاوە نیـیە، بـۆ دروسـتکردنی نەتەوە بخـرێتە کـارەوە. بەڵکـو کـورد، بـۆ خـۆی نەتەوەیە، بـێ ئەوەی بە پرۆسـەی دروسـتکردندا لە ڕێـگەی نەهێشـتنی جیاوازییەکـان و زاڵبـوونی بەشـێکی بەسـەر هەمـوو بەشەکانی دیکەیدا بێتە، نەتەوە.

**"ئەو حـاڵەتە ئەنتۆلـۆجییەی کە کـورد لە سـەردەمە مۆدێرنەکەدا تێی کەوتووە، تیۆرە دروستەییەکە ناتوانێت لێکی بداتەوە، چوونکە تیۆرە دروستەییەکە تەنها دەتوانێت حاڵەتی ئەو کۆمەڵگایە لێکبداتەوە کە خۆیان و زمانەکەیان بوونەتە مـادەیەکی خـاو بـۆ نەتەوەیەکـی دروسـتکراو لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەدا کە خۆیان و زمانەکەیان دروستکراون. مۆدێرنیزم لە دەرەوەی ئەم دوو حاڵەتەدا توانای ئەوەی نییە لە حاڵەتی سێیەم تێ بگات و لێی بکۆڵێتەوە".٥٩٩**

وەک لەسەرەوە باسکرا، کورد حاڵەتێکی ناوازە و ریزپەڕ و تـایبەت بە خـۆی هەیە و بـۆ دروسـت بـووە. بە هـیچ جـۆرێ

ناکەوێتە بەر حوکمی بێ ڕوحمەکانی مۆدێرنیزمەوە، ئەوانەی لە پشت ئەم دیاردەیەوە، کوێرانە، کەوتوونەتە، وێزەی کورد. کە بەداخەوە ئەم حاڵەتە، بەشی هەرە زۆری لێکۆڵەرانی کورد و بێگانە دەگرێتەوە. هەر لەم روانگەیەوە، سالانێکە ئەوانەی دەرکیان بەم راستییە کردووە، هاوار و بانگەواز دەکەن و تکاکارن، کەس بە قسەی ناو کتێبە دەق ئەستوورەکان و باقوبریقی فەلسەفە چەورونەرمەکان و گەز و مقەستی مۆدێرنیزمە، مامەڵە لەتەک پرسی کورد و ڕەهەند کۆمەلایەتی و مێژوویی و سیاسییەکەیدا نەکەن و ناکرێ. بەلام مخابن ڕۆشنبیرانێک، کە خاڵین لە زانین و شارەزایی و پێشخانی ئاگادارین، لەمەڕ هەڵکەوتی کورد و تایبەتمەندییە ناوازەکانی، کورد و کوردبوونەوە، ئەوانەی تەنیا لەیەک کلاورۆژنەوە، کە فێری بوون، نەک لێی حاڵی بوون، دەڕواننە پرسی کورد.

**"حاڵەتی سێهەمیش حاڵەتی ئەو کۆمەڵگایەیە کە خۆی و زمانەکەی بە پرۆسەی دروستکردن و ستانداردکردندا نەبراون و بەلام هەموو ئەو ئەرکانەش جێبەجێ دەکەن کە کۆمەڵگا دروستکراوەکان و زمانەکانیان لە ئەستۆیانە".**٥٩٩-٦٠٠ د. عرفان باش بۆ پرسەکە چووە، هەر شتێکی دروستکراو، گەر خاوەنەکەی، دروستکەرەکەی لێ بسەندرێتەوە، نامێنێ. وەک نموونەی چاو و چاویلکەکە، گەر چاویلکە دەستکردەکەمان لابرد، وا چاوەکە، ناتونێ ئەرکی پێویستی خۆی لە بینیندا ئەنجام بدات. لە ئێستادا/٢٠١٧ دەوڵەتانی عێراق و سوریا، دەسەلاتی ناوەندی خۆیان لە دەست داوە و ناتوانن رۆڵی دەوڵەتێکی ناوەند بەهێز، بە داموەزگاکانیانەوە بگێڕن. دەبینین

شتێ نەماوە بەناوی گەلی عێراق، یاخود گەلی سوری..سبەی چارەنووسی توركیا و ئێرانیش، هەمان شت دەبێت. بەس كورد لە دوای دەسەڵاتی مادەوە دەكوژرێ و ڕاودەنرێ و دەربەدەر دەكرێ و ژینۆسایدی دەكرێ و وڵاتی خاپوور و سوتماك دەكرێ، دەوڵەت و دەسەڵاتیشی نییە. لێ چونكە ڕەسەنە و وەك شەقڵێ، لەسەر ڕەگی خۆی هەڵساوە، بە زۆردارەكی خۆڕسكی دروست بووە، ماوە و سەرسەختانە بەرگری لە ناسنامە و بوون و هەبوونی خۆی دەكات. نووسەر وەك جەنگاوەرێكی بەجەرگی مەیدانی زۆرانبازی، بە لەخۆڕازیبوونەوە لەگەڵ پرسەكاندا، درێژە دەدات بە باسەكانی بەرەو شاڕێی و دەڵێ:

**"دوو جۆر لە نەتەوە هەیە: یەكەمیان ئەو نەتەوەیەیە كە نەتەوەخوازییەك وەك دروستكەرێكی دەرەكی بەرنامە بۆ دروستكردنی دادەڕێژێت و وەك ئامێرێك لە ئامێرەكان دروستی دەكات.**

**دووەمیان ئەو جۆرەیە لە نەتەوە كە بەبێ ئەوەی نەتەوەخوازییەك بەرنامەی بۆ دروستكردنەكەی دارشتبێت و كاری لەسەر دروستكردنی كرد بێت، دروست بووە و وەك هەر نەتەوەیەكی دروستكراو بوونی هەیە"(٦٠٠)**

ئالێرەدا بۆ بڕینی هەر بیانوویەكی بەرەی مۆدێرنخوازەكان و ڕوونكردنەوەی باشتری باسەكە. د. عرفان نموونە لەسەر زمان دێنێتەوە. زمانێكی كە لە ڕێگەی نەهێشتنی جیاوازییەكانەوە، بە ستانداردكراوە و زمانێكی وەك زمانی كوردی، هێشتا بە چەند شێوەزارێك خۆی دەنوێنێ، دروست بووە، پرۆسەیەكی سروشتی و نەتەوەخوازی لە قاڵبی نەداوە. نووسەر، باسێكی

چــڕ و پــڕی ئەم دیــاردەیە بە چەنــدین نمــوونە دەکــات و بە سەلیقەوە بە شیکردنەوەیانەوە سەرقاڵ دەبێت. هەر هەموو خۆ تەرخــانکردنەکەش، لە پێنــاوی ئەوەدایە، بیســەلمێنێ، زمــانێکی سروشــتی، وەک زمــانی کــوردی، بە بــوونی ئەو جیاوازییــانەی هەیەتی، هێشتا کار و ئەرکەکانی خۆی وەک زمانێکی ستاندارد بــوو، دەکــات و ڕەنــگە هەراشــتریش چــووبێتە پێشــەوە و گەر دەرفەتــی لەبــاری بــۆ بڕەخســایە، بەرهەمــی زێتــری بەدەســتەوە بــدایە. "**زمــانی سروشــتی ئەو زمــانەیە کە لە زمــانێکی تــر کەوتووەتەوە، بەبێ ئەوەی ویست و ئاگایی مرۆڤ هیچ ڕۆڵێکی لەوەدا هەبووبێت لەو زمانە بکەوێتەوە**"(٦٠٠)

کەواتە وەک نووســەریش ئامــاژەی پێــداوە و سەرســەختانە داکۆکی لێ دەکات، تۆ ناتوانی شتی سروشتی بهێنی و هەوڵ بــدەیت لە ڕێــگەی ویســتێکی خــۆتەوە دەســتکاری بکەیــت و گۆڕانکــاری تێــدا بکەیــت، لەتەک ئەوەشــدا بــتەوێ، هەمــان ڕۆڵ بگێڕێ و هاومانا بێت.

لە ڕاستیدا هەر دەستکاری و دەستێوەردانێک، لەم دیاردانە، لە مــاوەیەکی دوور یــاخود نێزیکــدا، پــێچەوانە دەبێــتەوە، دەبێــتە مــایەی نابەکــام بــوونی هەوڵەکــان. هەر دیــاردە و بــوونەوەر و ڕاســتییەکی دیــکە، گەر دەســتکاری کــراو، هەوڵ درا، خەسڵەتە سروشتیی و ئاساییەکەی خۆی لەدەست بدات، وا لە ئاکامدا بە زیــان دەشــکێتەوە. ئایــا تــۆ دەتــوانی منــداڵێک، پرۆســەی گەشەســەندنی ٣ ســاڵی، بە ســاڵێک تەواو بکەیــت؟. چاوێــک کورتبین بێت، تۆ ناتوانی ئەم دەردە، دەستکاری بکەیت، تەنانەت بە نەشــتەگەری. مەگەر تەنیــا لە ڕێــگەی چــاویلکەوە. ئەوســا

چاوێکی بەهێزی چاویکەدار، باشتر دەتوانێ کاری خۆی ئەنجام بدات، چاویلکەکە لابە، ڕۆڵی چاوەکە پاسیڤ دەبێتەوە.

**"نەتەوەی دروستکراو وەک هەر ئامێرێک بنەمای بوون و پەرەسەندنی لەناو دروستکەرەکەیدایە و بەبێ بوونی دروستکەرەکەی توانای مانەوەی نابێت و تیادەچێت.ئەو نەتەوانەی کە دروستکراون بە نەمانی دەوڵەتەکانیان ئەوانیش بوونیان دەپووکێتەوە و ناتوانن بە خۆیان پەرە بە بوونی خۆیان بدەن. بەڵام کاتێک نەتەوەیەک بنەمای بوون و پەرەسەندنەکەی لەناو کۆمەڵگادایە، بەبێ بوونی دەوڵەتیش دەتوانێت پەرە بە بوونی خۆی بدات، ئەم جۆرە لە نەتەوە بە نەمانی دەوڵەت تیاناچێت، کاتێک تیادەچێت کە کۆمەڵگاکەی بوونی نەمێنێ".٦٠٢**

کورد نەتەوەیەکی میللییە، نەک سیاسی. د.عرفان، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی لۆجیکییەوە، بیسەلمێنێ، کورد نەتەوەیەکی میللییە و پێویستی بە دروستبوونی دەوڵەت نییە، واتە دەرویێشی نییە. سەرنج لە زمان و کولتوری کوردی دەگرێ و پێی وایە، مادامێکی زمان و کولتوری کوردی لەناوخۆیدا و لەناو ئەو دامودەزگای، ئەو دەسەڵاتەدا نییە، کە بۆ چاودێری کولتور و زمانەکەی دروستکراوە. کەواتە کورد نەتەوەیەکی میللییە، نەک سیاسی. دواتر قسە لەسەر دەسەڵاتێکی کوردی، وەک ئەوەی ئێستا لە باشووری کوردستاندا، بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە دەکات و بەراوردی دەکات، بەو باسەی لەسەرەوە، ئاماژەمان پێ دا و نووسەر، ژیرانە، بەدواداچوونی بۆ دەکات. دواجار نووسەر بیروڕایەکی سەرنج

ڕاکێش دەردەبڕێ، کە شایانی ئەوەیە، ئێستێکی لەسەر بکەین و لە کۆمەڵێ گۆشەنیگاوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ و دەڵێ:

**"گەر لە زمانی کوردی و کولتورەکەی ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێت کورد نەتەوەیەکی میللییە و نەتەوەیەکی سیاسی نییە، بۆیە بۆ بوونی پێویستی بە دەوڵەت نییە. کورد وەک نەتەوە بنەمای بوون و پەرەسەندنەکەی لەناو ئەو کۆمەڵگا میللیەدایە کە لە شێوەی نەتەوەدا خۆی شێوەگیرکردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ بنەمای بوون و پەرەسەندنەکەی لەناو خۆیدایە و بەپێی ئەو سەردەمەی کە تیایدا بوون پەیدا دەکات، هەموو ئەو خاسیەتانەی کە نەتەوە دروستکراوەکان هەیانە دەرکەوتیان دەکات.بۆ نموونە خاوەنی زمانێکە کە پێی دەنووسرێت و پێی دەخوێندرێتەوە، خاوەنی هونەرێکی سەردەمیانە و کولتورێکی میللی سەردەمیانەیە".٦٠٤**

کورد نەتەوەیەکی میللییە و بنەمای پەرەسەندنەکەی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە.بۆ سەلماندنی بوونی پێویستی بەدەوڵەت نییە، واتە کورد بۆ خۆی بێ بوونی دەوڵەتیش نەتەوەیە و بە مەکینەی دەوڵەت دروست نەکراوە و نەبووە. ئەم جۆرە لە نەتەوە بە نەبوون یان تیاچوونی دەوڵەت نافەوتێن و لەناوناچن و دەتوانن پەرە بەبوونی خۆیان بدەن. نووسەر شرۆڤەیەکی وردی زمانی کوردی و پرسە هەرە هەستیار و گرنگەکەی یەککگرتن یاخود بە ستانداردکردنی زمانی کوردی لە سایەی "حکومەتی هەرێمی کوردستان"وەک دەسەڵاتێکی کوردی دەکات.د. عرفان پێی وایە هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ بە ستانداردکردنی زمانی کوردی دەدرێت لە بنەڕەتدا دەکاتە مراندنی زمانی کوردی، چونکە کاتێ لە زمانە کوردییەکان زمانی

ستاندارد دروست دەکرێت، کە بنەمای پەرەسەندنەکەی ناوخۆی لێ دەربهێنرێت و زمانەکە بخرێتە بەردەست کۆمەڵێ پسپۆڕ و چاودێر و دەزگای حکومییەوە تا لە قالبی بدەن و کۆنترۆڵی بکەن.

بەدیدی نوسەر کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگا زمانییە جیاوازەکانە و ئەم خەسڵەتە ڕێگرە لەبەردەم هەوڵی بەستانداردکردنی زمانی کوردی دا، چونکە زمانی ناوبراو نایەوێت بنەماکەی ناوخۆی لەدەست بدات. ئەوەی لێرە جێی سەرنجە، نووسەر شێوەزارەکانی کوردی، کە زۆرینەی شارەزا و پسپۆڕەکانی زمان و مێژووی کورد لەسەری هاوڕان، لای ئەو دەبێتە (زمان) و زمانی کۆمەڵگایەکی جیاوازی کوردی. زمانی کوردی دەیەوێ بەپێی ڕەوتە سروشتییەکەی خۆی پەرەبسێنێ، نەک لە ڕێگای دامودەزگاکانی حکومەتەوە.ئاخر زمانی کوردی بوونی بەندە بە کۆمەڵگای کوردییەوە. نووسەر پاشان لەسەر پرسگەلی ئیملای کوردی و بەستانداردکردنی دیالێکتی سۆرانی و بادینی، یەک ستاندارد یاخود جووت ستاندارد سەرنجەکانی خۆی دەردەبڕێ و کۆمەڵێ بیرۆکەی نوێی هەستیار فڕێ دەداتە نێو کایەی ئەم پرسە هەرە گرنگ و هەستیارەوە. سەرلەنوێ و بە مانا و هێمایەکی ترەوە گۆمەکە دەشڵەقێنێ.

سەبارەت بە جووت ستاندارد، بەپێی یاسای ستانداردکردن لەگەڵ بنەمای زمانی کوردیدا ناگونجێ، بەرامبەر بە یەک ستانداردیش لە نێوان دەسەڵاتی کوردی بە دامودەزگا و پسپۆڕەکانییەوە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە خودی کۆمەڵگای

کوردییەوە بەرەنگاربوونەوە هەیە، چونکە تا کۆمەڵگای کوردی ڕەوایەتی بەم هەنگاوە نەبەخشێ و ئۆکەی/Okay نەداتێ، ئەم هەوڵە سەرناگرێ و هیچ ئاکامێکی نابێت. تا ئێستا نەتوانراوە کۆنسێپتێکی تێروتەسەل و بڕواپێهێنەر وەک کارنامە بخرێتە بەردەست! پاشان لەمەڕ بارودۆخی زمانی کوردییەوە، تیشک دەهاوێژێتە سەر بارودۆخی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و قوتابخانە و زانکۆکان دەڵێ"**ئەوەی وایکردووە زمانی کوردی ئەم حاڵەی هەبێت ئەوەیە کە زمانی کوردی تائێستا زمانی کۆمەڵگایە و زمانی دەسەڵات نییە و کعمەڵگای کوردی بەستوشت ڕێگە نادات زمانی کوردی بەناوی ستانداردکردن و پاراستنییەوە دەسەڵاتێکی کوردی بیکات بە زمانی خۆی".**(٦١١)

کەواتە زمانی کوردی زمانی کۆمەڵگای کوردییە، بەبێ دەسەڵاتی کاتی یان درێژخایەنی کوردی و دەتوانێ لەسەر پەرەسەندنی خۆی، هەر بەردەوام بێت. گەر بێتوو تەنانەت دەسەڵاتەکەی ئێستاش لە باشووری نیشتماندا نەمێنێ، زمانی کوردی لە گەشەسەندن و بەرەوپێشچوون ناکەوێت. دیارە ئەم تێبینییە هەستیارە، گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێ و پێویستە ناوەندەکانی ڕۆشنبیریی و کەسە خەمخۆرەکان بە پەرۆشەوە وەریگرن و دانوساندنی لەسەر بکەن. د. عرفان، دوای ئەو هەموو باس و نموونانەی لەسەر زمان خستوویەتە بەردەستمان، پێی وایە، هەمان دەستوور، بۆ پرسی کولتوریش، شیاوە و بەسەریدا جێبەجێ دەبێت.

**"لە ڕێگەی ئەو دوو جۆرە لە زمان و کولتورەوە، دەتوانین باس لە دوو جۆر لەنەتەوەش بکەین، ئەو نەتەوەیەی کە بنەمای بوون و پەرەسەندنی زمان و کولتورەکەی کەوتووەتە دەرەوەی**

**خۆی و کۆمەڵە دەزگایەکی ناو دەوڵەت دەستیان بەسەر ڕۆحی ئەو زمـان و کولتـورەدا گرتـووە و بەپێـی بەرژەوەنـدییەکانی دەوڵەت و دەسەڵات بوونیان ئاڕاستە دەکەن، لەگەڵ ئەو جۆرە لە نەتەوە کە زمان و کەلتورەکەی ئازادن و بنەمـای بـوون و پەرەسەندنەکەیان لەناو خۆیاندایە و بە شێوەیەکی سروشتی و بەبێ چـاودێری دەسـەڵات و دەوڵەت، پەرە بەبـوونی خۆیـان دەدەن و پێداویستیەکانی ئەو نەتەوەیە دەستەبەر دەکەن. ئەو نەتەوەیەی کە زمـــان و کەلتوورەکەیزمـــان و کەلتـــورێکی وابەستەیە بەدەوڵەتەوە، نەتەوەیەکی دروستکراوە و بەردەوام بـــوون و پەرەســـەندنەکەی لەژێـــر چـــاودێری و کـــۆنترۆڵی دەوڵەتدایە و بەبێ بوونی دەوڵەت بوونی نامێنێ. ئەم نەتەوەیە نەتەوەیەکە دەوڵەت بـوونی پێدەدات و دروسـتی دەکـات، گەر دەوڵەت نەبێت ئەویـش بـوونی نابێت، چـوونکە بـوونی بەنـدە بەبـــــوونی دەوڵەتەوە و مـــــاهیەتەکەی لەنـــــاو دەوڵەت خۆیـــــدایە.ئەمەش وای کـــــردووە لە لێکـــۆڵەرانی بـــواری نەتەوەخـوازی دەوڵەت بە پێشـمەرجی بـوونی نەتەوە بزانن و بگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە بەبێ بوونی دەوڵەت ناتوانرێت باس لە بوونی نەتەوە بکرێت"(٦٠٢)**

وەک پێشـــتریش ئاماژەمـــان بەم خـــاڵە گـــرنگە داوە، شـــتی دروسـتکراو، کـاتێ دروسـتکەرەکەی نـامێنێ یـاخود خـاوەنەکەی تیـــادەچێ ئەویـــش تەفروتوونـــا دەبێـــت، ئـــاخر بنەمـــای پەرەسـەندنەکەی لەکار دەکەوێ و سـەرەونگوم دەبێت . ئەمەش ڕاسـتییەکە لە حـوکمی بەڵگەنەویسـتدایە و بـواری مشـتومڕ بە کەس نادات.

**"ئەوەی رێگرە لەبەردەم ئەوەدا زمانی ستانداردی کوردیێ دروست بکرێت، کۆمەڵگای کوردییە، کۆمەڵگای کوردی، زمانی کوردی لەناوخۆیدا دەهێڵێتەوە رازی نابێت هیچ دەسەڵاتێک بەناوی پاراستنی ئەو زمانەوە زمانەکە بخاتە ژێردەسەڵاتی خۆی و بیکات بەزمانێکی دروستکراو و کۆمەڵگا زمانییەکان ناچار بکات بەو شێوەیە بدوێن کە دەسەڵات دەیەوێت"(٦١٠)**

بەر لە هەر شتێ دەربڕینی ئەم بۆچوونە، لە ئازایەتییەوەیە.هاوکات دەبێت پشت بە زەمینە مێژوویی و فەرهەنگی و سیاسی و نەتەوەییەکە، شرۆڤەکاری بۆ بکریێ، چونکە بابەتێکە شایانی کار لەسەر کردنە. نووسەر بە تێڕوانینێکی گەشەوە سەیری دیاردەی زمانی کوردی و ئەو دۆخەی هەیە و تێیدایە، دەکات و قسە لەسەر ئەو هۆکارە سروشتییە دەکات، کە لە پشت زمانی کوردییەوە، کە سروشتی تایبەتی زمانی کوردی و کۆمەڵگاکەیە. ئالێرەدا بەراورد لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا، دەکات و ئاماژە بۆ هۆکاری دەسەڵاتە مەزهەبییەکە(ئیسلام)، دەکات وەک پاڵپشتێک بۆ زمانی عەرەبی، کە توانیویەتی ببێتە زمانێکی ستاندارد.

**" کورد وەک نەتەوە، نەتەوەی دروستکراوی ناو دەوڵەتێک نییە و بوون و نەبوونی نەبەستراوە بە بوون و نەبوونی دەوڵەتێکی مۆدێرنەوە، ئەمەش هۆکەی ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کورد لەسەردەمە مۆدێرنەکەدا نەبووە بە خاوەنی دەوڵەت، بەپێچەوانەوە کورد بۆ ئەوەی لە نەتەوەیەکی میللییەوە نەبێت بە نەتەوەیەکی دروستکراوی دەستی نەتەوەخوازیەک .قبوولی ئەوەی نەکردووە دەوڵەتی هەبێت، ئەم کۆمەڵگایە قبوولی ئەو جۆرە لە دەوڵەت دەکات کە پێویستی بەوە نەبێت دەست بەسەر**

**زمان و کولتورەکەیدا بگرێت و لە زمان و کولتوری کۆمەڵگاوە بیکات بە زمان و کولتورێک بەدەست ئەو دەسەڵاتە سیاسیانەوە کە بەردەوام لەناو دەوڵەتدا دەگۆڕدرێن و زمانەکە بەو ئاڕاستەیە پەرەپێدەدەن کە دەسەڵاتەکەیان دەیخوازێت"٦١٢**

هۆگری کورد بۆ زمان و کولتوریی و داکۆکی و پارێزگاری لە مانا و بوونەکەیان، هێند بەرز و نرخدارە، ئەو میللەتە چ جارێ ئامادە نییە، سەرەڕۆییان پێوە بکات و بۆ هیچ مەبەست و ئامانجێ دەستبەرداریان بێت. دەوڵەتێ بۆ کورد شیاوە، کە بوونە میللییەکەی لە زمان و کولتوردا بپارێزێ، نەک دەوڵەتێ لە ڕێگەی دروستکردنی زمان و کولتووری فەرمییەوە قووت بکرێتەوە و سیمایەکی سیاسی پێ ببەخشرێ!!. چونکە زمان و کولتوری دروستکراو، هەردەم شیاوی وشکبوون و هەڵوەرینە .

کەواتە دەبێ لەو سیستەمە تێبگەین، کە لەناو هەناوی کۆمەڵگای کوردیدا، چالاک و بزوێنەرە و حوکم دەدات.چونکە سیستەمە باوەکەی جیهان کە دەوڵەتی نەتەوە دروستکراوەکان کاری پێ دەکەن، بەدەردی کورد ناخوات، ئاخر کورد نەتەوەیەکی دروستکراو نییە و بگرە سروشتیی و ڕسکاوی پرۆسەیەکی بوونە نەتەوەیە. بۆ شارەزابوون و تێگەیشتن لەم بوونەوەرە ناوی نەتەوەی کوردە، گەرەکە لەو یاسا و ڕێسایانە تێبگەین، کە بوونەتە سیستەمی حوکمی پەرەسەندی زمان و کولتووری کوردیان لە چنگ دایە. هەر خوێندنەوە و هەوڵ و فەلسەفە لێدانێک لەم بوارەدا بە پێوودانگی تیۆرییە دروستکراوەکانەوە، بێ تێگەیشتن لەو میکانیزمەی ئاماژەمان پێدا، دەچێتە خانەی نەزۆکی و خۆبەخۆ پووچەڵ

دەبێتەوە.کەواتە هەر دەبێت کار لەسەر ئەوە بکەین د. عرفان وتەنی"**ئەو حاڵەتە ناوازەیەی کورد تیۆریزە بکەین کە لەناو جیهاندا هەیەتی نەک تیۆر و میتۆدانە لەسەر حاڵەتی جیبەجێ بکەین، کە بەرهەمی تیۆریزەکردنی حاڵەتی ئەو نەتەوانەیە کە نەتەوەخوازی دروستی کردووە(...) واتە ئێمە بۆ تێگەیشتن لە بوونی نەتەوەیی کورد پێویستمان بە تیۆریزەکردنی تیۆرێکە بۆ نەتەوە و پێویستمان بەوە نییە کە بە تیۆر و میتۆدی لێکدانەوەی بوونە دروستکراوەکەی نەتەوەکانی جیهان بوونی نەتەوەییی کورد لێکبدەینەوە و لێی تێبگەین، ئەمەش لەبەر هۆیەکی سادەیە، ئەویش ئەوەیە کورد نەتەوەیەکی میللییە و نەتەوەیەکی سیاسی نییە".٦١٣**

بەم شێوەیە، وەک نووسەر دەڵێ: گرنگ ئەوە نییە، ئێمە لەوە حاڵی دەبین، تیۆری نەتەوەخوازی و مۆدێرن، چی دەڵێ و داخوازی چییە، بەڵکوئەوەی جێی بایەخە، ئەوەیە تێبگەین، کە ئەو حاڵەتە کوردییەی لە پەرەسەندنی خۆیدا بۆی دروست بووە و پێی ڕەسیوە، لەم ڕێگایەوە دەگەینە، ئەو وێستگەیەی، کە کورد بوونێکی میللی هەیە، نەک سیاسی. هەڵکەوت و پێکهاتەیەکی سروشتی هەیە، نەک دروستکراو و دەستکرد. د. عرفان، بەم پەیامە جوانە کۆتایی بە خوێندنەوەکەی بۆ بوونی نەتەوەیی کورد دێنێ.

ئەوەی وای کردووە، تا ئێستا ئاسۆی تێگەیشتن و تێڕوانمان بۆ چەمکی کوردبوون، تەسک و لێڵ و ناڕۆشن بێت، نەبوونی سەرچاوەگەلێکە، لەسەر ئەم پرسە هەستیار و چارەنووسسازە. ڕەنگە ئەم کارە شاکار و بێهاوتایەی د. عرفان، کە پێشینەی

هەتا هەنووکە، لە کتێبخانەی کوردیدا بەرچاو ناکەوێ، دیسان نەیتوانی بێت دەرگا بەڕووی ئەم مژارە قووڵ و هەستیارەدا بۆ هەتاهەتایی بکاتەوە و بڵێین تەواو، بە کۆتایی خوێندنەوە و تێگەیشتن لەمەڕ کوردبوونەوە گەیشتووین. بەڵام بەوپەڕی دڵنیاییەوە گەورەترین وەرچەرخانی لەم بوارەدا هێناوەتە گۆڕێ و دەبێت لێرە بەدواوە، ئەم کارە بکرێتە سەرەتای دەست پێکردنەوە و مشتومالڵدانی ئەوەی تا ئێستا بەرهەممان هێناوە. پێویستە، سەرلەنوێ لەم ڕوانگەیەوە جارێکی تر خوێندنەوەیەکی قووڵ و بەدیقەت، بۆ پرسگەلەکان بکرێتەوە. گەرەکە ڕاشکاوانە لە خۆمان بپرسین: داخۆ لەم بوارەدا چیمان بەرهەمهێناوە و چی ماوە گەلاڵەی بکەین و بیخەینە بەردەست؟. دەبێ ئەوەش بڵێم مەرج نییە، ئێمەش کوتومت لەگەڵ تەواوی بۆچوونەکانیدا هاوڕا بین، بەڵام چ گومانی تێدا نییە، کەوا بەرهەمەکەی د. عرفان ڕێگای هەزاران میلی بۆ کورت کردووینەتەوە و زۆر بابەتییانە و بە چڕیی و شارەزایانە، خوێندنەوەیەکی قووڵی بە هەناسەیەکی فەلسەفی و سۆسیۆپۆلەتیکییەوە خستۆتە بەردەستمان و نێزیکتر بە کوردبوونی ئاشناکردینەوە.

پرسگەلی نەتەوە و نەتەوە چییە و لە چی پێکدێ و چۆن دروست دەبێ و قوتابخانە هزریی و فەلسەفەکان و کارکردنیان لەم کایەدا و، بایەخ و ڕۆڵی، زمان و کولتور، لەم بوارەدا و کاری نەتەوەخوازی و هەبوونی مۆدێرنە و پێگەی دۆزی کورد، لە ڕەهەندە ئاڵۆزەکانی ئەم هاوکێشەیە و مەیدانی کۆمەلایەتی و سیاسیدا، چییە و چۆنە. لەم بەرهەمەدا هەمووی خراوەتە ڕوو.

هاوکــات لەم بەرهەمەدا، د. عرفــان، کــۆمەڵێ داوە تیشــکی رووناک کەرەوەی خستۆتە سەر لایەنە تاریک و شاراوەکانی کوردبــوون. تەقەلایەکــی باشــی داوە، ویستــتگە بە ویستــتگە، بمــانگێڕێ بەنــاو دنیــای فــراوان و مشــتومڕ هەڵگــری پرســی کوردبوون و نەتەوەدا، بە ئامانجی نەخشاندنی چوارچێوەیەکی چەسپاو لەسەر زەمینەیەکی ڕەسەن و واقیعی، بۆ **"ناسنامەی کوردبوون"**.

د. عرفــان مســتەفا، بە پەرۆشــەوە، سەراســۆیی لەتەک ئەم بابەتەدا کردووە و دوا تنۆکی هەست و هۆشی خۆی گوشیوە، لە پێناوی ئەوەی هەموو ڕەهەندکانی، ئەم پرسە ئالۆز و فرە بابەتە، ڕوون بکاتەوە. دەرئەنجام پوختەی کارەکە بریتییە، لە کۆمەڵێ تێز، کە دەمانخەنە بەردەم ڕوانگەیەکی تری بیرکردنەوە و خوێندنەوەی کێشەی کورد.

ماوەتەوە بڵێم، بەگەرمییەوە دەستخۆشی لە بەڕێز د. عرفان دەکەم، بۆ ئەم شاکارە بەرزە و ئومێدەوارم هەوڵ و تەقەلای، لە ڕێگای قەڵەمە بە بڕشت و توانا گەورەکەیی و کارە سەنگین و بەهادارەکانی و بیرە تیژ و وردەکەیەوە، بەردەوام بێت، لەسەر خزمەتکردن و پڕکردنەوەی کەلێنەکانی دیکەی ئەم چەمک و پرسە گرنگ و بایەخدارانە. ئاخر، کورد هێندەی نان و ئاو، پێویستی بەم بژێوییە مینۆکییانە هەیە و کتێبخانەی کوردیش، لەم مەیــدانەدا زۆر هەژارە. بەهەقەت ئەم کتێــبە ســەرەتای ئاسۆیەکی نوێی ئەو پرسگەلەی خستۆتە سەر گازەرای پشت و هیوادارم بە بێدەنگی بەسەر ڕۆشنبیراندا تێنەپەڕێ و بایی بەها و نرخــی کوردبــوون دانوســاندنی بــابەتی و زانســتی لەســەر بکرێت.

**ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم نووسینە سوودیان لێ وەرگیراوە:**

١ـ مەسعوود محەمەد: مرۆڤ و دەوروبەر
٢ـ مەسعوود محەمەد: حاجی قادری کۆیی
٣ـ مەسعوود محەمەد: ژیان جیهانبینی بەرلین ١٩٩٩
٤ـ مەسعوود محەمەد: دەمودووی هزر
٥ـ فەرهاد عەبدولحەمید پاڵەوان: زەردەشت و ئاڤێستا و فەلسەفەی یەکتاپەرستی
٦ـ د. ئیسماعیل بێشکچی: کورد و مەسەلەی کورد. و. لاس
٧ـ نەتەوە و نەتەوایەتی ١٩٨٩، دەزگای ڕاگەیاندنی ناوەندی پارتی سۆسیالیستی کورد(پاسۆک)
8-Hagen Schulze, Staat und Nation in der europäschen Geschichte
9- Otto Dann ,Nation und Nationalismus in Deutschland 1770-1990
10-Dorothea Weidinger , Nation Nationalismus Nationale Identität
11-Christian Jansen ,Henning Borggräfe, Nation Nationalität Nationalismus
12-Rolf-Ulrich Kunze Nation und Nationalismus
13- Christian P.Scherrer,Ethno-Nationalismus in Weltsystem
14-Christian P.Scherrer,Ethno-Nationalismus im Zeitalter der Globalisierung
15-Nationalismus in der Welt von heute.Heinrich.A. Winkler
16-PeterAlter Nationalismus
17-HannahVogt, Nationalismus Gestern und Heute
18- D.Langewiesche Nation,Nationalismus, Nationalstaat

# پاشکۆ

## هەڤپەیڤینێکی کراوە لەتەك
## د. عرفان مستەفادا

سـەرجەم ئەو پرسـیارانەی ئاڕاسـتەی بەڕێـز د. عرفـان مستەفام کرد، نەک هەر بڕیارمان وا بوو کاک دکتۆر وەرامی یەک بەیەکیان بداتەوە و وەک پاشکۆیەک یاخود بەشی دووەمی کتێبەکە بڵاوی بکەمەوە. بەڵکو بەنیازبووم لەسەر وەرامەکانیش دیسان پرسیاری پێویست بکەمەوە، تاوەکو بە هەوڵی هەردوو لا، پـوختەیەکی تێروتەسـەلی هەمەلایەن لەسـەر تەواوی ڕەهەندەکانی ئەم پرسگەلانە، پێشکەش بە خوێنەر بکەین و ئەم بەرهەمە بکەیـنە سـەرەتایەکی بەپێـز بـۆ چـوونە نێـو دنیـای کوردبوون و مۆدێرنەوە. بەداخەوە لەبەر هەر هۆکارێک بێت، کە بۆ من ڕوون نەبۆوە لەبەرچی!، کاک دکتۆر بۆی نەکرا یان نەیویست درێژە بەکارەکە بدات.! دکتۆر عرفان توانی تەنیا وەرامـی ٣ پرسـیار بـداتەوە، لەژێـر ناونیشـانی "**کـورد و مۆدێرنیتی**"دا.

من لێرە بەدواوە تەنیا باڵ مامەوە. بڕیارم دا سەرلەنوێ بە کـارەکەدا بچـمەوە و ئەوەی پێویسـت بێـت بـیکەم. هەر لەوسـەروبەندەدا، چـاپی دووەمـی کتێـبەکە دەرچـوو. هەنـدێ گۆڕانکـاریی تێـدا کـرا بـوو، سـوودم لـێ وەرگـرت، لەگەڵ

پڕکـردنەوەی کەلـێن و هەڵەچنـی وردتـر. ئەمەش هـانی دام و ناچـاریش بـووم سـەرتاپای کـارەکە لە نـووکەوە دەسـت پـێ بکەمەوە. ئەم هۆکـارانە دەرفەتیـان دروسـت کـرد، بە پشـوو و هەناسـەیەکی درێژتـرەوە، لەتەک ئەم بەرهەمەدا هەڵسـوکەوت بکەم و گەلێ زانیـاریی نـوێم بـۆ خوێنـدنەوە و هەڵسـەنگاندنەکە زیاد کردووە.

+ ئەم ستاتووەی کورد، بۆی هەڵکەوتووە و تێیدا دەژی، یاخود تێی ئاخنراوە. نە کۆیلەیەتی قبووڵ دەکات و ناشتوانێ ببێتە سەردار، بۆ وایە؟. ئەمە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە و ڕێگا چارەی دەربازبوون لەم دۆخە چۆنە؟ لە کاتێکدا ئێوە، کورد بە بەهێزترین نەتەوەی نێو ئەم هاوکێشە ئاڵۆز و پێچەڵ پێچە دادەنێن.

+ ئایا مۆدێنیزم، وەک سیستەم و دیاردە، خۆی دزێو و زاڵمە، بەو یاسا و ڕێسایانەی هەیەتی و پێڕەوی لێ دەکات، بەرامبەر بە دۆخێکی وەک کورد بە نموونە؟ یاخود ئەوە نەزانی و لێنەهاتوویی، ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی کوردە، کە ئیمانی تەواویان بە مۆدێرنیزمە هێناوە و تەنیا لەم کلاورۆژنەیەوە سەیری دۆزە نەتەوەییەکەیان دەکەن و کوێرانە و ناشییانە، لاسایی و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی مۆدێرنە دەکەن؟ چونکە ئێوە دەڵێن کورد کێشەی لەگەڵ دەوڵەتەکانی داگیرکەراندا نییە، هێندەی شەڕێتی لەگەڵ سیستەمەکەی کە مۆدێرنە دایمەزراندووە.

+ ئەو خوێندنەوە قوڵە فەلسەفی و سۆسیۆپۆلەتیکەی ئێوە، لە کتێبە شاکارەکەتاندا(بوونی نەتەوەیی کورد)دا، بۆ دۆخی نەتەوەی کوردتان کردووە، بەرەو پرسیارێ کێشمان دەکات بپرسین: ئایا سیزیفی کورد، چی بکات و چۆن بکات، باشە، بۆ ئەوەی بەردەکەی لێ خلۆر نەبێتەوە و بیگەێنێتە سەر لوتکەی چیا؟

+ نەتەوە بیرۆکەیەکە، لەناو کولتورێکدا یەکبوونێک بخولقێنێ، کە ویستی نەتەوە بیخوازێ و ئەو جیاوازییانەش، بپارێزێ کە سروشتی نەتەوە گەرەکێتی؟. دەکرێ ئەم داوایە ڕوونتر بکەنەوە؟.

+ بـــۆ ئەوەی کـــورد لە نەتەوەیەکـــی میللیـــیەوە نەبێـــتە نەتەوەیەکـی دروسـتکراو، دەسـتبەرداری دەوڵەت بـووە. چـونکە کـورد دەوڵەتێکـی دەوێ، دەسـت بەسـەر زمـان و کولتورەکەیـدا نەگرێ و زمان و کولتورەکەی نەکەوێتە دەست دەسەڵاتی سیاسی؟ ئەم مەرجە قورس و گرانە و هەڵبژاردە دانسقەیەی نەتەوەی کورد لە چییەوە هاتووە؟ ئەی ئەو گومانە گەورەیەی ئێوە لە دەسەڵاتی سیاسـی هەتـانە بـۆ هێنـدە ئەسـتوورە؟ یـاخود کە دەسـەڵاتی رۆشنبیریی کـارا و خـاوەن دامەزراوە نەبـوو، ئەی کـێ بـایەخ بە زمان و کولتورەکەمان بدات؟.

+ بـۆ کۆمەڵگـای کـوردی خـۆی رێگریـی لە یەکگرتنـی زمـانی کـــوردی دەکـــات؟ داخـــۆ هێشـــتنەوە و پاراســـتنی فرەیـــی و جیاوازییەکـــان، نیشـــاندانی ئەوپەڕی هۆشـــیارییە بە بـــووە سروشتییەکان؟ یـان وێڵـی چ ئامـانجێکی تـرە؟. ئایـا بـێ یەکێتـی زمان، یەکێتی نەتەوەیی شیاوی هاتنە دییە؟ ئایـا نـاکرێ لەتەک زمانێکی یەکگرتوو، یـان سـتاندارد، یـاخود فەرمیـدا، کە هەمـوو کورد فێری بێـت و لێـی تـێ بگـات، ئەو دیالێکتـانەش هەبـن و لە دەڤەرەکانی خۆیاندا مومارەسەی بکەن، یاخود ئەوسا پێویستمان بەو هەمـــوو شـــێوەزارە نەبـــێ، وەک ئەوەی زمـــانی ئەڵمـــانی کردوویەتی و ئێستاش پێڕەوی لێ دەکات؟.

+ دەوڵەتـانی داگیـرکەری کوردسـتان، گەر وەک ئەوروپاشـیان لـێ بێـت چارەسـەری کێشـەی کـورد نـاکەن؟. ئەمە بۆچـوونێکی ئێوەیە. کەچی گەلێ حیزبی کورد هەن دروشمی دیموکراسییان بۆ ئەو وڵاتانە بەرز کردۆتەوە و خەبات دەکەن و خەون بە سیستەمی بەلجیکـا و سویسـراوە لە تورکیـا و ئێـران و عێـراق و سـوریادا دەبینن؟. ئێوە چ دەڵێن لەم ڕووەوە؟

+ لە کـــڵاوڕۆژنەی بیروبـــاوەڕی ئێـــوەوە: دەبێـــت بـــزوتنەوە کوردییەکـــان لە دەرەوە و نـــاوەوەی دەوڵەتێکـــی کوردیـــدا

ئۆتۆنۆمیخــواز بــن، چــونکە ئۆتۆنۆمیخــوازی دەرکەوتەیەکــی کوردبوونە. ئەو ئۆتۆنۆمییەی ئێوە مەبەستتانە چییە و چۆنە؟ ئایــا نــاکرێ بزووتنەوەیەکــی کــوردی نەتەوەخــواز، ئامــانجی رزگاری و سەربەخۆیی بێت؟ یاخود وا باشتر و ڕاستتر نییە پاش ســەربەخۆیی و بــوونە دەوڵەت، لە ناوخۆمانــدا لەســەر بنەمــای کوردبــوون، ئۆتۆنۆمیخــواز بــین و هەر هەرێــم و شــێوەزارێک تایبەتمەندێکانی خۆی بپارێزێ و گەشەی پێ بدات؟.

+ بە دیــدی ئێــوە، بــزووتنەوە مۆدیرنەکــانی لەنــاو کــورددا هەڵدەکەون ناتوانن لە یەک کاتــدا نەتەوەخــواز و بزوتنەوەیەکــی کــوردیش بــن. لــێ ئەگەر ئامــانجی بزوتنەوەیەکــی نەتەوەخــوازی کــوردانە، پاراســتنی یاســای فرەیــی و جیاوازییەکــانی زمــان و کولتوری دەڤەرەکان بێ و هاوکات بــۆ بــوونە دەوڵەت تێبکۆشــێ، نەک دروستکردنی نەتەوە، ـ چونکە ئەو مەسەلەیە بڕاوەتەوە کە کــورد نەتەوەیە ـ ئایــا بزوتنەوەیەکــی لەم چەشــنە بە شــیاو و گونجاو یاخود مەحاڵ دەبینن؟

+ زمان و ئاین و مێژوو ئەدەب و ڕۆشــنبیریمان بە دوو یــاخود زیــاتر ڕێنــووس و شــێوەزار نووســراوەتەوە و دەنووســرێتەوە. هەمــوو خــوێنەوار و ڕۆشــنبیرەکانمان، نیــوە یــان چــارەکە رۆشنبیرن. ئاخر ئاگامان لە نیوەکەی تر نیــیە و تێیــان نــاگەین. ئایــا ئەمە زوڵمێکــی گەورە نیــیە لە نەتەوەی کــورد، بە نــاوی ڕێگەدان بە فرەشوناسییەوە دەکرێ؟

+ کــورد پەیــڕەوی لە یاســاکانی فــرە شوناســی کــردووە و بە هوشیارییەوە هەوڵی پاراستنی ئەم پلــورالیزمەی داوە. ئایــا ئەمە هۆکار و دەردێک نییە، کە بەدرێژایی مێژوو کــورد قەت دەســەڵاتی نەبووە و نەبۆتە خاوەنی؟ هەڵبەت دیارە بێدەسەڵاتی چ مانایەک دەبەخشــێ؟. لە ڕوانــگەی ئێــوەوە، ئەمە بە قــازانجی یــاخود بە زیانی شکاوەتەوە؟ وەک دەبینی کورد ئیمرۆ دەوڵەتــی نییە و لە

کـۆڕە نێودەوڵەتییەکانـدا دەدان بە هەبـوون و بونیـدا نـانێن و بەردەوام هەڕەشەی قڕکردن و توانەوەی چوار دەوڵەتی داگیرکەری لەسەرە؟ .

+ بزووتنەوە کوردییەکان لە دەوڵەتە نا کوردیەکانـدا بـن یـان لە دەوڵەتی کوردیدا بن بـۆئەوەی بزووتنەوەیەکـی نەتەوەیـی بـن دەبـێ نەتەوەخـواز بـن. بەڵام بـۆ ئەوەی لە بزووتنەوەیەکـی نـاو دەوڵەتە مـۆدیرنەکەدا بزووتنەوەیەکـی نەتەوەیـی بـن، دەبـێ نەتەوەخـواز بـێ. دەکرێـت تیشـکێکی زیـاتر بـخەنە سـەر ئەم هاوکێشەیە؟

+ ڕەنـگە بەرژەوەنـدیی تەسـکی نـاوچەیی و حیزبـی، ڕێـگە نەدات، یەکگرتنێکی سروشتی و ئارەزوومەندانە، لە نـاو کـورد دا بێـتە ئـاراوە. ئایـا ئەی نابێـت، کـورد یەکگرتـوو بێـت لە چوارچێـوەی قەوارەیەکـدا، تـا بتوانێـت، بەرەنگـاری دوژمنـان و تـرس و هەڕەشـەکان بێـتەوە و بە ئـارامی ژیـان بەسـەر بەرێ و ئامادەگی لە نێو کۆڕی میللەتاندا هەبێت؟.

+ ئایا جیاوازی نێوان زمان و کولتوری دەڤەر و پێکهاتەکـانی وەک هەورامی و زازایی، گەرمیان و موکریان، بۆتـان و سۆران، هێنـدە زەق و گەورەن، تـا هاوچارەنووسـی و هـاوخوێنیێ و هاونیشتمانی و هاومێژوویيان، نەچێتە ژێر چەتری کوردبوونەوە و هەژماری بۆ نەکرێت و ناسنامەی هەر یەکەیـان بە جیـا بێـتە ناساندن؟

+ ئایـا نەتەوەکـانی وەک ئەڵمـان و ئینگلیـز و فەرەنسـی ئیتـالی، گەر خـاوەنی زمـانی ستاندارد نەبوونـایە، وەک ئێسـتا دەبوون، کە هەن؟.

+ ئایین، وەک فاکتێکی یەکجار گرنگ بۆ چارەنووسی نەتەوە، لای کورد ئەم دیاردەیەش دەبێتە قوربانی فرەیی و جیاوازی و بە چەنـدین شـێوە دەنووسـرێتەوە، دەرئەنجـام نـابێتە هەوێنـی

یەکگرتن. ئەم خەسڵەت و ئارەزووی فرەییەی کورد بۆ هێندە تایبەت و ریزثەڕە لە مێژووی گەلاندا؟

+ باس لە رۆح دەکەن، کە لەبوونەوە بەرەو هێز دەچێ و دواتریش بۆ بوون بە کردە. بە دەربڕنێکی تر، لە رۆحەوە بۆ ماهییەتەکەی کە ئازادییە و پێویستی بە ئیرادەیە. رۆحی نەتەوەی کورد ها لە کوێ؟.

+ بۆ گروپێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێ لە یەک کاتدا، هەڵگری دوو شوناس بێت؟ واتە کوردێک، کوردستانی و تورکیایی، ئێرانی، عێراقی یاخود سوریایی بێت؟ پارادۆکسی ئەم هاوکێشەیە لە چیدایە، لە کاتێکدا داوای دیموکراسی و هاوڵاتی بوون، لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، دروشمی بەشی هەرە زۆری پارتە کوردییەکانە؟

+ تا ئێستا بزریی یەک شوناسی کوردی لە زمان و کولتور و گوتاردا، نیشانەی هەرە دیار و نەرێنی ژێرکەوتن و دۆڕاندن و شکستی کورد و بزووتنەوەکانێتی. کەچی بەڕێزتان بۆ یەکەم جارە، ئەم دیاردەی فرەیی و جیاوازیانە بۆ بەهێزیی و تایبەتێتی کورد و بزووتنەوەکانی دەگێڕنەوە و بە ئەرێنی دەبینن. ئەمە مانای چییە؟.

+ بە خوێندنەوەی ئێوە، مۆدیرنە لە ڕێگەی پەیڕەوکردن لە یاسا و سیستەمی یەک شوناسی و تۆتالیتاریتی لە فەرهەنگدا، دەبێتە بزووتنەوەیەکی نەتەوەخواز. بزووتنەوە کوردییەکان خۆشیان مۆدێرنەن، کەچی لە کۆت و بەندی بنەمای (کوردبوون)، ڕزگاریان نابێت . ئایا کوردبوون، ئەم چارەنووس و قەدەرە، سەرچاوەی نەهامەتییەکانە، یاخود بە پێچەوانەوە؟ دەوڵەت کۆت و بەندە، ئایا فریادڕەسە؟

+ بۆ نابێت، له سنووری سیاسی دەوڵەتی مۆدێرندا به دوو زمانی جیاواز بۆ نموونه کوردی عەرەبی، کوردی تورکی، یاخود کوردی فارسی، کولتووره مۆدێرنەکه بڵاو بکرێتەوە؟

+ به هۆی شکسته بەردەوامەکانی بزوتنەوه کوردییەکانەوە، ڕوانینێکی باو بۆته ستڕۆتایپ، کەوا ئەو بزووتنەوانه نەتەوەخوازی نەبوون. لێ ئێوه نەک ناتانەوێ ئەو بزووتنەوانه نەتەوەخوازبن، بەڵکو دەڵێن، بزووتنەوه کوردییەکان نەک نەتەوه خوازنین، تەنانەت ئاستەنگی گەورەن لەبەردەم نەتەوەخوازیدا. ئەم بیرورا پێچەوانه و قەناعەته، سەرچاوەکەی بۆ کوی دەگەڕێتەوە؟

+ هاوبیرانی نەتەوەیی له کوردستان دا، فەلسەفەی تێکۆشانیان لەسەر چوارکوچکەی: ئازادی، یەکسانی، سەربەخۆیی و دیموکراسی دارشتووه. باوەڕی ئێوه لەم ڕووەوه چۆنه؟

+ به باوەڕی من ئازادییەکی بەرکەماڵ، یەکسانییەکی ڕاستەقینه، سەربەخۆییەکی مسۆگەر و دیموکراسییەکی چەسپاو، تەنیا له سایەی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا، شیاوی هێنانەدی و پێڕەو کردنه. له کلاورۆژنەی تێڕوانینی ئێوەوه. ئایا دەزگای دەوڵەت ئەو ڕۆڵ و بایەخەی هەیه.

به کورتی پێناسەی ئەمانه:

کوردبوون، کوردایەتی، باوەڕ، هەست، پێوەندارێتی/ ئینتیما، گەل/ میللەت، نەتەوه، ڕۆح، ڕۆحی نەتەوه و ئیراده، ئازادی وەک ماهییەتی ڕۆح، ڕۆحی نەتەوه و دەرکەوتەکانی، دەوڵەت.

# کورد و مۆدێرنیتیێ

**هەڵۆ بەرزنجەیی:**

**- ئەم ستاتووەی کورد، بۆی هەڵکەوتووە و تێیدا دەژی، یاخود تێی ئاخنراوە. نە کۆیلەیەتی قبووڵ دەکات و ناشتوانێ ببێتە سەردار، بۆ وایە؟. ئەمە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە و ڕێگا چارەی دەربازبوون لەم دۆخە چۆنە؟ لە کاتێکدا ئێوە، کورد بە بەهێزترین نەتەوەی نێو ئەم هاوکێشە ئاڵۆز و پێچەڵ پێچە دادەنێن.**

**د. عرفان مستەفا:**

+ گەیشتن بەو بیرۆکەیەی کە کورد نە لە میللەتە سەردەستەکانی مێژووە نە لە میللەتە بندەستەکانە، دەگەڕێتەوە بۆ سالانێک لەمەوبەر. بۆ یەکەمجاری لە ساڵی ۲۰۰۳ لە دوو سیمیناردا لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین لێکدانەوەیەکی سەرتایم بۆ کوردو مێژووەکەی پێکرد. لە دوای راپەڕینەوە شەپۆلێکی نوێی رۆشنبیری سەری هەڵداو لە گوتاری ئەو رۆشنبیرییەدا کورد وەک کۆمەڵە خێڵێک پێناسەدەکرا کە هێشتا قۆناغی سروشتییان تێپەڕ نەکردووەو ئەوەی کە حوکمی ژیانی ئەوان دەکات سروشتە نەک ئیرادە، بەپێی ئەو بۆچوونە ئەوان بەهۆی ئەمەوە هێشتا نەهاتوونەتە ناو مێژوو و ژیانیان لە خوار ئاستی ژیانی کۆیلەکانەوەیە .

ئەم بۆچوونە لە ئەنجامی تێگەیشتنێکی خراپەوە لە لێکدانەوەکەی هیگڵ لە کتێبی <فینۆمینۆلۆجیای روح>دا بۆ دروستبوونی کۆیلە و سەردار هاتووە، لەم تێگەیشتنە خراپەوە

ئەوان گەیشتوون بەوەی کە کورد لە مێژوودا شیاوی ئەوەش نەبووە ببێت بە کۆیلە و لە ئاستێکی خوارتر لە ئاستی کۆیلە ژیان دەگوزەرێنێ. بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەوە بوو کە کۆیلە بوونێکی مێژوویی هەیەو سەرچاوە لەو ڕێکەوتنەوە دەگرێت کە لەگەڵ سەردارەکاندا هەیەتی، بەڵام کورد نە توانیویەتی لە جەنگەکەدا بباتەوەو ببێت بە سەردار و نەتوانیویشیەتی وەک ئەوەی کە لە جەنگدا دەبەزێت، بۆ هیشتنەوەی بوونی خۆی ببێت بە کۆیلە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە هوشیارە بۆیە نەبووە بەکۆیلە، بەڵکو لەوێوەیە کە ناهوشیارە وەک هەر زیندەوەرێکی تری ناو سروشت کە بەهۆی ناهوشیارییەوە سروشت حوکمی دەکات و هیچ ئیرادەیەکی لە ژیان و چارەنوسی خۆیدا نییە. هەتا ئێستاش ئەو ڕۆشنبیرانە لەو پێناسەیەی خۆیان دڵنیان و هێشتا هەر بڕوایان وایە کورد لەدەرەوەی مێژوو ژیان دەگوزەرێنێ .

ئەو پێناسەیەی ئەوان بۆ بوونی کورد لە مێژوودا کردوویانە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو بەداوداچوونێکی ڕاستەقینە نییە، لە باشترین حاڵەتدا کاریگەربوونە بەو باسخواسانەی کە ڕۆژهەڵاتناسەکان لە کتێبەکانی خۆیان لە بارەی کوردەوە تۆماریان کردوون . لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێناسەیەی ئەوان بۆ کورد هیچ بنەمایەکی زانستی نەبوو، بەڵام لەو سەردەمەدا بۆ من گرنگی خۆی هەبوو. گرنگی ئەو پێناسەیە بۆمن لەوەدابوو دەرک بەوە بکەم کە بوونی کورد هەڵگری لوغزێکە پێویستی بە کردنەوە هەیە . کورد ناکرێت وەک ئەو خێڵە سەرتاییە داخراوە پێناسە بکرێت کە لە ناوچە دوورەدەستەکانی دنیادا نزیک لە ژیانی زیندەوەرەکانەوە دەژی و ئەو نەریتەی بۆ ژیان هەیەتی

بەدرێژایی چەندەها سەدە وەک خۆی ماوەتەوەو گۆڕانێکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەبینیوە. دەکرێت ئەم خێڵە دوورەدەستانە وا پێناسە بکرێنەوە کە بوونیان لە دەرەوەی مێژووە، گەر لیکۆڵینەوەش لە بارەیانەوە بکرێت نابێت لێکۆلینەوەکە مێژوویی بێت، چونکە ئەو خیڵانە مێژوویان نییەو ئەوەی هەیانە نەریتێکە بەبێ هیچ گۆڕانێک بۆ چەندەها سەدە بە نەگۆڕی ماوەتەوە ژیانی نەوەیەکی لە نەوەیەکی دوای خۆیدا دووپاتکردووەتەوە .

لێکۆڵینەوە لە خێڵێکی ئاوا هەر دەبێت لێکۆڵینەوەیەکی سانکرۆنیکی و ئێستایی بێت و تەنها لەوە بکۆڵێتەوە ئەو نەریتە چۆن دەگوازرێتەوەو چۆن پەیوەندی نێوان تاکەکانی ئەو خێڵە رێک دەخات. بەڵام کاتێک ئێمە لە کورد رادەمێنین ئەوە هەر لەمیدییەکانەوە کە زۆرێک لە مێژوونوسان رەچڵەکی کوردیان بۆ دەگەڕێننەوە هەتا دەگاتە سەدەی بیست و دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا، کورد وەک میللەتێک دەبینین کە لەو شوێنەدا مێژوو بەرەو بنبەست و وەستان رۆشتوو، رۆڵیکی گرنگی هەبووە لەو رووداوانەدا کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی گەلانی دەوربەرەکەیدا. بۆیە بەهیچ شێوەیەک ناکرێت کورد وەک ئەو خێڵە سەرتاییانە پێناسە بکرێتەوە کە هیچ ئامادەییەکان لەناو رووداوەکانی ئەو جیهانە مۆدێرنەدا نییەو ئەنترۆپۆلۆجیستەکان رێگایەکی دووررودرێژیان بڕیوەو ژیانی خۆیان خستووەتە مەترسییەوە تا لە سوچێکدا بەرچاویان کەوتونو هەوڵیانداوە لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکەن، بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەوانەوە بگەن بەوەی کە مرۆڤ بەر لە پەیدابوونی ژیارەکان چۆن ژیاوە .

کورد میللەتێکە لە پێش چاومانەو وەک میللەتە سەردەستەکانی سەردەمی بەر لەدروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن خاوەنی ئەدەبیاتی نوسراوی بالای خۆیەتی و بەهەمان ئەو ژیانە ژیاوە کە میللەتە سەردەستەکان پێی ژیاون و تەنها ئەوەندەیە کە وەک ئەوان ئیمپراتۆریەتی دروستنەکردووەو میللەتەکانی تری نەخستووەتە ژێر دەسەڵات و رکێفی خۆیەوە. لەسەردەمی مۆدێرنیشدا کوردەکانی ناو رێکخراوی ئیتحادوتەرەقین زەمینە خۆشدەکەن بۆ ئەو گواستنەوە مێژووییەی کە ناوچەکە پیایدا تێدەپەرێت. بۆیە شوبهاندنی کورد بەو خێڵە سەرەتاییانەی کە بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆجیستەکانە هەر لە بنچینەوە شوبهاندنێکی هەڵەیەو ئەو ئەنجامەش کە لەو شوبهاندنەوە بەدەستهێنراوە کە کورد بوونێکی مێژووی نییە ئەویش بەهەمان شێوە وەک شوبهاندنەکە هەڵەیە.

ئەمە ئەو بۆچوونەبوو کە لەسەرتای بیرکردنەوەم لە بوونی کوردو کێشەکەی وایکرد زیاتر لەم کێشەیە وردببمەوە. هەتا زیاتر لە لێکۆڵینەوەو بیرکردنەوە لە کێشەکە دەچوومە پێشەوە زیاتر ئەوەم بۆ رۆشن دەبوویەوە ئەو تێروانیانەی لە بارەی بوونی کورد لە مێژوودا هەیە لەسەر بنەمایەکی راستەقینە دانەمزراون و ئەوە کە لەوبارەیەوە وتوویانە سەرچاوەی لە رواڵەتی کێشەکەوە گرتووە .

رەخنەکردنی ئەو بۆچوونانەی کە لە بارەی کوردەوە هەبوون بۆ من بوویە دەستپێکی لێکۆڵینەوەم لە کورد و کێشە سەختەکەی، هەر لەوکاتەوە دەرکم بەوە کرد کە هۆکاری ئەوەی کورد لەسەردەمی مۆدێرندا نەیتوانیووە وەک میللەتەکانی

دەوربەری خۆی دەوڵەتی خۆی دروست بکات ئەوە نییە کە کورد هیچ هوشیارییەکی بە بوونی خۆی و مێژوو نەبووە، بۆیە نەیتوانیووە لەسەر تەختی شانۆی مێژووی جیهان دەرکەوێت، بەڵام میللەتەکانی تر خاوەنی هوشیاری بوون بە بوونی خۆیان و بە مێژووش بۆیە توانیوویانە وەک کارێکتەرێک لەسەر تەختەی شانۆوی مێژوو دەرکەون. بەڵکو هۆکارێکی تر لە پشت ئەمەوە هەیەو بەبێ بیرکردنەوەیەکی قووڵ و ورد ناتوانین دیاری بکەین .

کاتێک سەیری ڕووداوەکانی سەدەی بیست دەکەین ئەوە دەبینین کە چۆن کورد شۆڕشەکانی خۆی بەرپا دەکات و شێخ مەحمود یەکەم حوکومەتی مۆدێرن لە ناوچەکەدا لە سلێمانی دادەمەزرێنیو یەکەم ڕێکخراوی مۆدێرن لە ناو جەرگەی خەلافەتی عوسمانیدا کوردەکان بە ناوی <ئیتحادو تەرەقی> دروستی دەکەن و هەر ئەوان ڕۆڵێکی کاراشیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری مۆدێرن لە ناو خەلافەتی عوسمانیدا . کاتێک ئەمانە دەبینین لەوە دڵنیا دەبینەوە کە هۆکاری ئەوەی کورد دەوڵەتی خۆی دروست نەکردووە ئەوە نییە کە هوشیار نەبووە بە بوونی خۆی و ئەو جیهانە نوێیە کە لە دروستبووندایەو مێژوویەکی نوێ دەهێنێتە ئاراوە، بەڵکو هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ شتانێکی تر کە زۆر نادیارن و بە ئاسانی ناتوانین دەرکیان پێ بکەین. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ئەو بنەمایەی کورد بۆ هەڵسوکەوتی خۆی لە مێژوودا پەیڕەوی کردووە هەمیشە بنەمایەکی جیاوازبووە لەو بنەمایەی کە ئەوانی تر لە هەڵسوکەوتی خۆیاندا لە مێژوودا پەیڕەویان کردووە .

لـه مێـژوو كـوردا ئـەوە دەخوێنینـەوە كـە میـری میرنشـینێكی كوردی توانیویەتی پایتەختی خەلافەت داگیر بكات، بـەبێ ئـەوەی وەك جـــەنگاوەرە خێڵەكییـــەكانی میللەتـــەكانی تـــر دوای داگیركردنەكـەی ببێـت بـە سـوڵتانی خەلیفـە. واتـە كـورد لـەو سـەردەمەدا وەك ئـەو میللەتانـەی كـە پایتـەختی خەلافـەت داگیـر دەكـەن و دواتـر دەبـن بـە سـوڵتانی خەلیفـە، خـاوەنی هێزێكـی سەربازی لەو جۆرە بوون كە بتوانن هەمان كار بكەن، بـەڵام لـە بەرامبەر ئەوەدا قبوڵی ئەوەیان نـەكردووە كـە ببن بـە سـوڵتانی خەلیفە .

سـەلاحەدین توانـای ئـەوەی هـەبوو پایتـەختی خەلافـەتی عەباسی بگرێت و نوردەین زەنكی وەك سوڵتانی ئـەو خەلافەتـە لابات و خۆی بچێتە شوێنەكەی، بەڵام ئـەو كـارە ناكـات و نابێت بە سوڵتانی خەلیفـە. هـەر بەهـەمان شـێوە كـەریم خـانی زەند لـە ئێرانـدا دەتوانێت ببێت بـە شـای ئێران بـەڵام ئـەم كـارە ناكـات و خۆی نـاودەنێ بریكـاری رەعیەتـەكان. ئەمانـە هـەمووی ئـەوەمان نیشـاندەدەن كـە كـورد وەكـو فـارس وعـەرەب و تـورك توانـای دامەزرانـدنی ئـەو جۆرە لـە ئیمپراتۆریـەتی هـەبووە كـە نـاونراوە خەلافەت، بەڵام خۆی نەیویستووە دایمەزرێنێ .

بێگومـــان دامەزرانـــدنی ئیمپراتۆریـــەتێكی ئـــاوا پێویســـتی بەداگیركردن و ملكەچكردنی ئەوانی ترە بۆ خۆ. ئـەوەی رێگرە لەبـەردەم ئـەوەدا كـە كـورد خەلافـەت دروسـت بكـات سیسـتەمی دروسـتكردن و پاراسـتنی خەلافەتـە كـە پشـت بـە داگیركردنـی ئەوانی ترو زاڵبوون بەسەریاندا دەبەستێت.

ئیبن خەلدوون لە شاكارەكەی خۆیدا زۆر بـە وردی دەوڵـەتی خەلافەت شیدەكاتەوەو بنەمای بوونی ئەو دەوڵەتە بـە زاڵیـەتی و

دەمارگیری پێناسە دەکات و پێی وایە بنەمای بوونی دەوڵەت لەو سەردەمەدا ئاین نییە، بەڵکو ئەو دەمارگیریەیە کە هەمیشە داوای داگیرکردنێکی زیاتر و زاڵبوونێکی زیاتر لەوەی کە هەیەتی دەکات .

کاتێکیش بنەمای بوونی دەوڵەت زاڵبوونێکی زیاتر بوو ئەو کاتە دەبێت زاڵ و بەزیو هەبێت. ئەو میللەتەی کە لەو پرۆسەیدا زاڵ دەبێت، دەبێت بە میللەتی سەردارو ئەوانەش کە زاڵبووە بەسەریاندا دەبن بە رەعیەت. هۆکاری ئەوەی کە کورد لەو سەردەمەدا وەک عەرەب و فارس و تورک ئیمپراتۆریەتی خۆی دروست ناکات ئەوە نییە کە هێزی دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی نەبێت، بەڵکوو ئەوەیە کە رازی نییە بەو سیستەمەی کە بە بنەمای زاڵیەتی کاردەکات و ناچاری دەکات یان ببێت بە میللەتێکی هەمیشە زاڵ بەسەر میللەتانی ترەوە یان ببێت بە یەکێک لەو میللەتانەی کە رەعیەتەکانی ئەو میللەتە زاڵە پێکدەهێنن . دانەمەزراندنی خەلافەتێکی کوردی لەسەر بنەمای زاڵیەتی بۆ میرە کوردەکان دەست نادات، چوونکە میرە کوردەکان نە قبوڵیانە ناوچەکەیان داگیربکرێت و ببن بە رەعیەتی دەوڵەتی خەلافەت، نە قبوڵیشیانە ببن بە سوڵتان و ئەو میللەتانە بکەن بە رەعیەتی خۆیان کە لە کاتی داگیرکردن ناوچەکانیاندا دەدۆڕێن و قبوڵی فەرمان رەوایەتییەکەیان دەکەن.

هەر قبوڵنەکردنی بنەمای زاڵیەتییە لە حوکمڕانیدا وا لە کورد دەکات نموونەی میرنشینی لە دەوڵەتداریدا پێ باشتر تر بێت لە نموونەی دەوڵەتی خەلافەت. میرنشینە کوردییەکان لە ئەنجامی ئەوەدا دروستدەبن کە کورد قبووڵی ئەوەی نەکردووە ببێت بەسەرداری هیچ میللەتێک و قبوڵی ئەوەشی نەکردووە ببێت بە

ڕەعیەتی هیچ میللەتێک. تەنانەت لە ناو خۆیشیدا قبوولّی ئەوەی نەکردووە پێکهاتە جیاوازەکانی خۆی لە ڕێگەی زاڵبوونی یەکێکیان بەسەر ئەوانی تریاندا لە یەک میرنیشندا کۆبکاتەوە. ئەمەش وایکردووە لە یەک کاتدا چەند میرنشینێکی کوردی جیاواز هەبن. کاتێکیش لەگەڵ یەکدا تووشی پێکدادان هاتوون هیچیان مەیلی زاڵبوونی نەبووە بەسەر ئەوی تریانداو ئەوەی تریانی نەکردووە بە ڕەعیەت بۆ خۆی. بوونی میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی بەر لە دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرندا ئەو شیوازە لە حوکمڕانییە کە کورد لەو سەردەمە مێژووییەدا بۆ خۆی هەڵیدەبەژێری .

هەڵبژاردنی ئەم جۆرە لە حوکمڕانی لەلایەن کوردەوە لەو سەردەمەدا بەهۆی ئەوەوە نەبووە کەخاوەنی هێز نەبووەو نەیتوانیووە ئەوە بکات کە فارس و تورک و عەرەب کردوویانە، بەڵکو ئەمە هەر لە بنچینەدا ئەوەمان پێدەڵێت کە کورد ئەو سیستەمەی قبول نییە کە دەوڵەتی خەلافەت و سەڵتەنەت لەسەری دامەزراوە . هۆی ئەمەش ئەوەیە بنەمای ئەم جۆرە لە دەولەت زاڵیەتی و دەمارگیرییەو ئەویش نە دەیەوێت زاڵ بێت بەسەر هیچ میللەتێکی ترداو نە ڕێگەش دەدات هیچ میللەتێکی تر زاڵ بێت بەسەریدا. بەڵام ئەو میللەتانەی کە لەناو ئەو مێژوودا دەرکەوتووە چۆن زاڵیەتی ئامانجیانە ئاواش لە کاتی لاوازبووندا بەزیوی و بندەستەیی قبوولّدەکەن .

کورد ئەو دەولّەتەی بەر لەوەی بۆ ئەوانی تر قبولّنەبێت بۆ خۆی قبولّی نییەو لە ناو خۆیشیدا هیچ پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی کار لەسەر ئەوە ناکات زاڵبێت بەسەر پێکهاتەکانی ترداو لەگەڵ خۆیدا بیانکاتەوە بەیەک و دەولّەتێکی لەو جۆرە بۆ

پێکهاتەکانی خۆی دروست بکات. هەر ئەمەشە وادەکات ئەو پێکهاتانە بەرەو جۆرێکی تر لە حوکمڕانی بڕۆن کە لە فۆرمی میرنشینە کوردییەکاندا دەردەکەوێت. میرنشینە کوردییەکان ئەو فۆرمەی حوکمڕانیین کە ئەو بنەمایە دەیخوازێت: نە قبوڵی ئەوە بکە سەردار بیت و نە قبوڵی ئەوە بکە کۆیلە بیت .

کاتێک ئیمپرتۆریەتەکان کۆتاییان پێدێت و دەوڵەتی مۆدێرن جێگەیان دەگرێتەوە، ئەوە کە گۆڕانی بەسەردا دێت لە راستیدا بنەمای دەوڵەتداری نییە، بەڵکو فۆرمی دەوڵەتدارییە. بوونی دەوڵەتی مۆدێرن بەهەمان شێوەی دەوڵەتە مەزهەبییەکانی سەردەمی بەر لە مۆدێرن ئەویش لەسەر بنەمای زاڵیەتی دادەمەزرێت و ئەوە لە جەنگەکەدا دەباتەوە دەوڵەت دادەمەزرێنێ و ئەوەش لە جەنگەکەدا دەبەزێت دەبێت قبوڵی ئەو دەستورەی دەوڵەت بکات کە زاڵەکە بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی دایناوە .

دەوڵەتی مۆدێرن بە هەردوو تایپەکەیەوە واتە تایپە سۆشیالیستییە رۆژهەڵاتییەکەی و تایپە ناسیونالیستییە رۆژئاواییەکەی لەسەر هەمان بنەمای زاڵیەتی دادەمەزرێن. تایپە رۆژهەڵاتییەکە لە رێگەی سوشیالیزمەوە تاکە ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسی لە ناو دەوڵەتدا سەردەخات و زاڵی دەکات بەسەر هەر ئایدیۆلۆجیایەکی ترداو تایپە رۆژئاواییەکەش لە رێگەی ناسیونالیزمەوە کەلتورێکی پەروەردەی پیشەشەیی بە تاکە زمانێک زاڵ دەکات بەسەر هەر جۆرە کەلتوریکی پەروەردەییدا کە لە سنوری سیاسیی ئەو دەوڵەتەدا بە هەر زمانێکی تر خەڵکی پێ پەروەردە بکرێت. واتە تایپە رۆژهەڵاتییەکە پەیڕەوی لە زاڵبوونی ئایدیۆلۆجی و تایپە رۆئاواییەکە پەیڕەوی

لە زاڵبوونی کەلتوری و زمانی دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ دەوڵەتی مۆدێرن نەیتوانیووە لە بنەمای زاڵیەتی خۆی دەرباز بکات، ئەوەی کردوویەتی تەنها گواستنەوەی بنەمای زاڵیەتییە لە زاڵیەتی هێزی جەنگ و سوپاوە بۆ زاڵیەتی کەلتوری و ئایدیۆلۆجیا .

خەلدوون لە بارەی دەوڵەتی بەر لە مۆدێرنەوە لە شیکردنەوەکەی خۆیدا دەگات بەو دەرئەنجامەی: ئەوەی کە دەوڵەت دروستدەکات دەمارگیرییە نەک ئاین، دەمارگیریش بە هێزی زاڵبوونێکی زیاتر پێناسە دەکات. گەر ئێمە لە رواڵەتەکانی دەوڵەتی مۆدێرن دەرچین دەتوانین هەمان زاڵیەتی لە فۆرمێکی تردا لە دروستکردنی دەوڵەتی مۆدێرندا ببینین. کورد لەناو ئەم مێژوودا هەمیشە دەرخەری ئەو راستییە بووە کە دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر زاڵیەتی کولتوری و زمانی و ئایدیۆلۆجی دامەزراوە. مێژووی مۆدێرنی کورد هەمووی بەرگرییە لە بەرامبەر ئەو هێزی زاڵیەتییەی دەوڵەتی مۆدێرنداو ئەو دۆخەی لە ناو ئەم مێژوودا هەیەتی ئەوە نیشاندەدات کە نە خۆی قبوڵی ئەوە دەکات زاڵیەتی بکات بە بنەمای حوکمڕانی نە قبوڵی ئەوەش دەکات بچێتە ژێر رکێفی ئەو دەوڵەتانەوە کە لەسەر زاڵیەتی کولتوری و ئایدیۆلۆجی دامەزراون. ئەمە گەر شتێکمان پێ بڵێت ئەوە ئەوەیە کە کورد بە هیچ شێوەیەک قبوڵی ئەوە ناکات زاڵیەتی -ئیتر لە هەر فۆرمێکدا بێت- ببێت بە بنەمای دامەزراندنی دەوڵەت.

لەسەردەمی دەروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن لە رۆژهەڵاتی ناوەراست کورد لە دۆخێکی زۆر تایبەتدا دەژی. سیستەمە نێودەوڵەتییەکە ئەوەی سەپاندووە کە هیچ میللەتێک یان گروپێک

نابێت لـه دەرەوەی دەوڵـەتێکی مـۆدێرن بژی چوونکـه پەیوەندی هەر میللەتێک لە میللەتەکان لە ڕێگـەی دەوڵەتـەوە گرێدەدرێتـەوە بـەو سیسـتەمە نێودەوڵەتییـەوە. لەبـەر ئـەوە دەوڵـەتی مـۆدێرن لەسـەر بنـەمای زاڵیـەتی کـەلتوری یـان ئایـدۆلۆجی یـان زمـانی دامەزرێت، کوردیش لەناو خۆیدا پێکهاتە جیاوازەکانی قبوڵی ئـەم زاڵیەتـە ناکـەن و ئەمـەش وا دەکـات نـەتوانێت دەوڵـەتی خـۆی دامەزرێنێ. بەهەمان شێوە لەگەڵ میللەتەکانی دەرەوەی خۆیشدا قبـوڵی ئـەوە ناکات دەوڵـەت لەسـەر بنـەمای زاڵیـەتی دامـەزرێت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئـەو دۆخـە ناوازەیـە دروسـت ببێت کە کورد لەم سەد ساڵەی دوایدا پێیدا تێپەڕیوە. هەر لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەوە شـێخ مـەحمود حکومـەتێکی بـێ دەوڵـەت لـە سلێمانی دروست دەکات. ئەمەش بـە هـیچ شـێوەیەک لەگـەڵ ئـەو سیسـتەمە نێودەوڵەتیـەدا نایەتـەوە چوونکـە ئـەو سیسـتەمە نێودەوڵەتییە دەخوازێت حکومەت لە ناو دەوڵەتێکدا بێت و ڕێگـە نادات حکومـەتێک بـەبێ دەوڵـەت بـوونی هـەبێت. بەهـەمان شـێوە قازی موحەمـەد لـە مـەهاباد حکومـەتێکی کۆمـاری بـەبێ دەوڵـەت دروست دەکات. ئەمانە هەمووی نیشانەی ئەوەن کە کورد ئـەو فۆرمـەی دەوڵـەتی مـۆدێرنی بـۆ حـوکمڕانی قبـوڵ نییـە، چوونکـە دەرکەوتەیەکە لە دەرکەوتەکانی بنەمای زاڵیەتی. کورد هـەر لـەو سەرەتایەوە بە شوێن فۆرمێکی حوکمڕانیدا دەگەڕێت کـە لەسـەر بنەمای زاڵیـەتی دانەمـەزابێت. بـەڵام تـا ئـەم ساتەوەختەش کورد نـەیتوانیوە بگـات بـە دۆزینـەوەی ئـەو فۆرمـە لـە حـوکمڕانی کـە لەهەمان کاتدا لەسەر بنەمای زاڵیـەتی دانەمـەزرابێت و سیستەمە نێودەوڵەتییەکـەش ڕێگـەی بـەوە دابێـت لـە دەرەوەی خۆیـەوە بوونی هەبێت .

ئەمە هەموو ئەوە نیشاندەدات کە کورد دەیەوێت دەوڵەت لەسەر بنەمایەکی جیاواز لە بنەمای زاڵیەتی دامەزرێنە، واتە دەیەوێت دەوڵەت ئەو هێزە نەبێت کە لە ناوخۆیدا ڕەوایەتی بە زاڵبوونی پێکهاتەیەک بەسەر پێکاتەکانی تردا بدات. ئەو دەوڵەتێکی دەوێت کە تیادا پێکهاتەکان لەگەڵ یەکدا بمێننەوە بەبێ ئەوەی پەیوەندییەکەیان پەیوەندی زاڵ و بەزیو بێت. ئەمەش وایکردووە ئەو دۆخە بۆ کورد دروست ببێت کە نە بتوانێت خۆی دەوڵەتی خۆی هەبێت و نە بشتوانێت وەک توخمێک لە توخمە بەزیوەکان بچێتە ناو دەوڵەتەکانی ترەوە کە توخمە زاڵەکەی ئەوانی ترن .

کورد لە سنوری سیاسی دەوڵەتەکانی ئەوانی تردا بە بێ رازیبوون بە بەزیویەتی ماوەتەوە، ئەمەش وایکردووە شتێک بێت لەناو ئەو دەوڵەتانەدا بەلام بەبێ ئەوەی وەک توخمێکی بەزیو چووبێتە ناو پێکهاتەکەیانەوە رەوایەتی بە بوونی توخمە زاڵەکەی ناو پێکهاتەکە دابێت. کورد تا ئەم ساتە وەختەش بە شوێن ئەودا دەگەڕێت وەک سەردەمی بەر لە مۆدێرن لەسەر بنەمای نازاڵیەتی فۆرمێک بۆ حوکمڕانی خۆی بدۆزێتەوە. لەسەردەمی بەر لە مۆدێرندا کورد دەتوانێت لەسەر بنەمای نازاڵیەتی فۆرمێک بۆ حوکمڕانی بدۆزێتەوە کە فۆرمی میرنیشنە، بەلام لەم سەردەمەدا جارێ نەگەیشتووە بە دۆزینەوەی ئەو فۆرمە کە سیستەمە نێودەوڵەتییەکە بەلایەنی کەمەوە گەر رەوایەتی بە دامەزراندنیشی نەدات رێگر نەبێت لەبەردەم دامەزراندنیدا.

کوردبوون لە پێکهاتە کوردییە جیاوازەکان دەخوازێت کە لە نێوان خۆیاندا لەسەر سیستەمێک لە حوکمڕانی رێکەون بنەمای

ڕێککەوتنەکەی نازاڵیەتی بێت. چون کوردبوون ئەمە لە پێکهاتە جیاوازەکانی خۆی دەخوازێت بەهەمان شێوە ئەوەش لە هەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی دەخوازێت کە - دەیەوێت بە کوردبوونی خۆیەوە بمێنێتەوە- نەچێتە ناو ڕێککەوتنەوە لەگەڵ پێکهاتەیەکی غەیرە کوردی بۆ دامەزراندنی فۆرمێکی حکومڕانی گەر بنەماکەی نازاڵیەتی نەبێت .

هەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتە کوردییە جیاوازەکان قبووڵی ئەوە بکات لەگەڵ هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەیی غەیرە کوردا بچێتە ناو ڕێککەوتنێکەوە بۆ دامەزراندنی فۆرمێک لە فۆرمەکانی حوکمڕانی کە بنەماکەی زاڵیەتی بێت، ئەوە لە کوردبوون دەکەوێت با ڕێکەوتنەکەش ئاوا بێت ئەو پێکهاتە زاڵەکەی ناو سیستەمی حکومڕانییەکە بێت. بۆیە کوردبوون وەک بنەمای نازاڵیەتی بۆ کۆبوونەوەی ئەو پێکهاتە جیاوازانەی کە خۆیان بە کورد دەزانن کۆسپە ڕاستەقینەکەیە لە بەردەم ئەوەدا کورد لە پێکهاتەکانی خۆی دەوڵەتێکی مۆدێرن بۆ خۆی دروست بکات یان لەگەڵ غەیری خۆیدا بچێتە ناو پێکهاتەی دەوڵەتێکی مۆدێرنەوە .

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە دەتوانین حاڵەتی کورد لە دەوڵەتی عێراقدا شی بکەینەوەو ئەوە بە ڕوونی ببینن کە بۆچی کورد لە ناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا وەک توخمە پێکهێنەرەکانی تری ئەو دەوڵەتە ناچێتە ناو ئەو ڕێککەوتنەوە کە دەوڵەتەکەی لەسەر دامەزراوە .

ڕێککەوتن لەسەر بنەمای زاڵیەتی بۆ دروستکردنی فۆرمێک لە فۆرمەکانی حوکمڕانی بە یەکێک لە تایپەکانی دەوڵەتی مۆدێرن، ئەوە دەخوازێت کە ئەو توخمە جیاوازانەی دەکەونە

ناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەوە کە سیستەمە نێودەوڵەتیەکە ڕەوایەتی پێداوە، بچنە ناو ناسنامەیەکی هاوبەشەوە. لە ڕێگەی ئەو ناسنامە هاوبەشەوە قبوڵی ئەو فۆرمە لە حوکمڕانی بکەن کە لەسەر بنەمای زاڵیەتی توخمێک لە توخمەکان و بەزیویەتی توخمەکانی تر لە بەرامبەر توخمە زاڵەکەدا دامەزراوە. بەڵام ئەو ناسنامە هاوبەشە کە بەرزکراوەتە دەبێت توانای ئەوەی هەبێت ئەو زاڵی و بەزیوییەی کە پەیوەندی نێوان ئەو توخمانەی ڕێکخستووە کە چوونەتە ناو ڕێککەوتنەکەوە، داپۆشێت .

هەر لەسەرتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقدا بەهۆی ئەوەوە کە ناسنامەیەکی هاوبەشی لەو جۆرە لە نێوان پێکهاتەکانی سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتەدا نەبووە کە بتوانێت ئەو زاڵی و بەزیوویەی نێوان توخمەکان بپۆشیت، ئەو دەوڵەتە بە دانەمەزراویی تا ئێستاش ماوەتەوە. لەناو ئەو سنورە سیاسییەدا کە دەوڵەتی عێراقی لەسەر دامەزاروە، دوو ناسنامەی هاوبەش بۆ سێ توخمی جیاواز هەن. دوو ناسنامەکە یەکیان ناسنامەی نەتەوەیی-زمانییەو ئەوی تریان ناسنامەی مەزهەبییە. سێ پێکهاتە جیاوازەکەش سوننەو شیعەو کوردن. سونەو شیعە لە ناسنامە مەزهەبیەکەدا جیان و لە ناسنامە نەتەوەیی-زمانییەکەدا هاوبەشن. سونەو کورد لە ناسنامە نەتەوەیی-زمانییەکەدا جیان و لە ناسنامە مەزهەبییەکەدا هاوبەشن. شیعەو کورد هەم لە ناسنامە مەزهەبیەکەو هەم لە ناسنامە نەتەوەیی-زمانییەکەدا جیان و هیچ ناسنامەیەکی هاوبەش لە نێوانیاندا نییە .

گەر هەریەک لەو دوو ناسنامەیە کە ناسنامەی هاوبەشن، ریککەوتنەکەیان لەسەر بکرێت، ئەوە یەکێک لە سێ توخمەکە دەچێتە دەرەوەی ڕێککەوتنەکەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی

کە ناسنامەیەکی هاوبەشمان نەبێت توخمە زاڵ و بەزیووەکان بخاتە ناو ڕێککەوتنەوە. دەوڵەتێکیش کاتێک دەتوانێت دامەزرێت و جێگیر بێت گەر ناسنامەیەکی هاوبەشی بۆ کۆی توخمەکانی هەبێت .

دەوڵەتی عێراقی بۆ ئەوەی دامەزرێت پێویستی بە دوو ناسنامەی هاوبەشە. بوونی دوو ناسنامەی هاوبەشیش بۆ سێ توخمی جیاواز، پێکهاتە سیاسییەکە بە بەهێزی ڕاناگرێت، چوونکە یەکێک لەو سێ توخمە کە ناسنامەی هابەشی لە گەل دوانەکەی تر هەیە دەتوانێت لە پەیوەندی زاڵبووندا بێت لەگەڵ دوو توخمە بەزیوەکەدا، بەڵام دوو توخمە بەزیووەکە بەهۆی نەبوونی ناسنامەی هاوبەشەوە لە هیچ پەیوەندیەکدا نابن. بەڵام ئەمە تاکە ڕێگایەکیشە کە لەسەرتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە بۆ دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە هەیەو هەر ئەمەش عەرەبی سوننە بۆ دامەزراندنی فۆرمی حوکمڕانی دەوڵەتەکە لەسەر بنەمای زاڵیەتی دەکات بە توخمی زاڵی ناو ئەو ڕێککەوتنەی کە توخمەکان دەیکەن.

عەرەبی سوننە لەو سنورە سیاسیەدا لەگەڵ کوردی سوننە لە ناسنامەی مەزهەبیدا هاوبەشن، بەڵام لەم هاوبەشەیەدا عەربی سوننە زاڵە بەسەر کوردی سوننەدا، چوونکە مەزهەبەکە مەزهەبێکی عەرەبییە نەک کوردی. عەربی سوننە لەگەڵ عەرەبی شیعە لە ناسنامە نەتەوەیی-زمانییەکەدا هاوبەشن، هەر بەهەمان شێوە لەو ناسنامە نەتەوەیی- زمانیەشدا عەرەبی سوننە زاڵە چونکە عەرەبی شیعە بەهۆی ناسنامە مەزهەبیەکەیەوە ناسانامە نەتەوەیی-زمانییەکەی لاوازترە. هۆکەشی ئەوەیە فارس توانیویەتی شیعە وەک ناسنامەیەکی مەزهەبی بۆ خۆی قۆرخ

بکات و رابەرایەتی ئەو ناسنامە مەزهەبییە لە ئاستێکی نێونەتەوەییدا بکات .

بۆ ئەوەی بنەمای زاڵیەتی کاری خۆی بکات توخمی زاڵ لە سنوری سیاسی دەوڵەتی عێراقدا پێویستی بە ناسنامەیەکی هاوبەشی دووسەرەیە. ئەوەش کە شیانی ئەوەی تیایە هەڵگری ئەو ناسنامە دووسەرە بێت عەرەبی سوننەیە. بەڵام ئەمە پێکهاتەی حوکمڕانی عێراق بە شلۆقی و نەمەیوی دەهێڵێتەوە. چوونکە دوو توخمی پێکهێنەری ئەو پێکهاتەیە هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە نییە، هیچ ناسنامەیەکی هاوبەشیان نییە، ئەوەی هەیە تەنها ئەوەیە هەردووکیان لە پێکهاتەکەدا توخمی بەزیووبن، تەنانەت لەمەشدا توخمی بەزیوی ناو هەمان ناسنامەی هاوبەش نین. کورد توخمی بەزیوی ناو ناسنامە مەزهەبیەکەیەو شیعە توخمی بەزیوی ناو ناسنامە نەتەوەیی-زمانییەکەیە. ئەمەش پێکهاتەکە لە خۆیدا دوولەت دەکات و ئەو یەکبوونەی کە بنەمای زاڵیەتی دەیخوازێت نایێتە ئاراوە .

ئەمە حاڵەتی دەوڵەتی عێراقە کە پێکهاتەکانی ناو سنورە سیاسییەکەی لەبەر ئەوەی هیچ حسابێکیان بۆ نەکراوە دەوڵەتەکەیان کردووە بە دەوڵەتێکی شلۆق و نەمەیو. دەکرێت ئەم جۆرە لە دەوڵەت کە پێکهاتەکانی یەک ناسنامەی هابەش کۆیان ناکاتەوە بە دەوڵەتی شلۆق یان نەمەیو ناویان بەرین.

ئێستا بۆ زیاتر رۆشنکردنەوەی بنەمای زاڵیەتی و نازاڵیەتی سنوری سیاسی دەوڵەتی عێراق بگۆڕین بۆ سنورێک کە تەنها دوو توخم لەو سێ توخمە بگرێتەخۆ. ئایا دەوڵەتی عیراق ئەوکاتە دەبێت بە دەوڵەتێکی مەیو؟ گەر سنورە سیاسییەکەی دەوڵەتی عێراق تەنها عەربی سوننەو عەرەبی شیعەی لەخۆ

بگرتایەو کورد لە دەرەوەی ئەو سنورە بوایە، ئەو کاتە دەوڵەتەکە چۆن دەبوو؟.

ئەو کاتە ئێمە لە بەردەم دوو توخمدا دەبووین کە ناسنامەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی-زمانییان هەیە لەگەڵ ناسنامەیەکی مەزهەبی جیاواز. لەم حاڵەتەدا یەکێک لەو دوو توخمە دەیتوانی لە ڕێگەی ناسنامە هاوبەشەکەوە کە ناسنامە نەتەوەیی-زمانییەکەیە ناسنامە جیاوازەکەی خۆی کە ناسنامەیەکی شاراوەیە بە شێوەیەکی شاراوە زاڵ بکات بەسەر ناسنامەی مەزهەبی ئەوی تریانداو بەهۆی ناسنامە نەتەوەییە-زمانییەکەوە ڕەوایەتی بۆ ئەم زاڵبوونە دروست بکات .

زاڵکردنی ناسنامەی مەزهەبی لە ژێر پەردەی ناسنامەی هاوبەشی نەتەوەیی-زمانی کە بەهۆی هاوبەشییەکەیەوە زاڵیەتی و بەزیویەتی تیا دەرناکەوێت دەکرێت هەریەک لەو دوو توخمە ئەنجام بدەن. بۆ نموونە گەر عەربی سوونە لەناو سنورە سیاسییەکەدا زاڵبوایە بەسەر عەرەبی شیعەدا وەک ئەوەی کە لەسەرتای دروستبوونی دەوڵەتی عیراقی بۆ دروستکردنی دەوڵەتێک کە هەرسێ توخمەکە بگرێتەوە پێویست بوو، ئەوە ئەو کاتە سوننەو شیعەی عێراق لە ناسنامە عەرەبییە هاوبەشەکەدا دەبوونەوە بەیەک. بەڵام سونە ناسنامە مەزهەبیەکەی خۆی بەسەر ناسنامەی مەزهەبیەکەی شیعەدا زاڵدەکرد، بە ڕەوایەتی ئەوەی مەزهەبی سوننە گوزراشتێکی راستەقینە لە عەربیەتی عەرەب دەکات تا مەزهەبی شیعە . ئەو کاتە گەر شیعەکان بیانەوێت کێشە بۆ ناسنامە نەتەوەییەکەیان دروست نەبێت و گومانی نەکەوێتەسەر، دەبێت ئەو زاڵبوونە مەزهەبییەی سوننە لەسەر خۆیان قبوڵ بکەن. بێگومان

قبوڵیشیان دەکرد ئەگەرچی زۆرینەشن، چونکە ئەو کاتە بەهۆی ناسنامە عەرببیەکەیانەوە لە رووی سایکۆلۆجییەوە هەستیان بە بەزیویەتی نەدەکرد. یان هەر هەستیان پێ بکردایە خۆیان لە ناسنامە نەتەوەییەکەدا دەبینییەوە تا ئەو فشاری زاڵبوونە لەسەرخۆیان نەهێڵن .

شیعەکان ئەو کاتە لە عێراقدا بە ناسنامە نەتەوەییەکەیانەوە دەیانتوانی وەک سوننەکان بەشداری لە حوکمڕانی ئەو وڵاتەدا بکەن بەڵام بە مەرجێک بەزیویەتی ناسنامە مەزهەبیەکەیان قبوڵ بکەن. لێرەدا عێراق لەسەر بنەمای زاڵیەتی وەک دەوڵەت دادەمەزرا، ئیتر ئەو ناسنامە مەزهەبییە زاڵەی کە لەژێر پەردەی ناسنامە هاوبەشەکەوە کاری خۆی دەکرد، ناسنامەی سوونني بوایە یان شیعی ئەوە بنەمای زاڵیەتی کاری خۆی دەکردوو دەوڵەتی عێراق دەبوو بە دەوڵەتێکی دامەزراو و مەیو .

بەڵام گەر بەرژەوەندی هێزە چارەنوسازەکانی ئەو کاتە سنوری سیاسی عیراقیان وا دیاری بکردایە کە تەنها عەرەبی سوننەو کوردی سوننە بگرێتەوە، ئەوە لەگەڵ بوونی ناسنامەیەکی مەزهەبی هاوبەشدا لە نێوان هەردوو توخمەکەدا دەوڵەتی عێراقی لەسەر بنەمای زاڵیەتی دادەمەزارو عێراق دەبوو بە دەوڵەتێکی مەیو یان هەر بە شلۆقی دەمایەوە؟ گەر ببوایە بە دەوڵەتێکی مەیو توخمە زاڵەکە عەرب دەبوو یان کورد؟ گەر نەشبوایە بە دەوڵەتێکی مەیو هۆکارەکەی چی دەبوو؟

باجارێ بە شوێن ئەوەدا بڕۆین لەسەر بنەمای زاڵیەتی کە دەوڵەتی مۆدێرنی لەسەر دادەمەزرێت وێنای عیراق بەو دوو توخمەوە بکەینەوە کە ناسنامەیەکی هاوبەشی مەزهەبییان هەیە

لەگـەڵ ناسـنامەیەکی جیـاوازی نەتـەوەیی-زمـانی. جـارێ بـاوا دابنێـین عـەربی سـوننە وکـوردی سـوننە لـە نـاو ئـەو سـنورە سیاسیەدان کە رەوایەتی پێدراوە ببێت بە دەوڵـەت، ئایا دەبێت چیبکەن تا بچنە ناو پێکهاتەی سیستەمی حوکمڕانی ناو ئەو سنورە سیاسییەوە؟ .

دەبێـت هـەردوو توخمەکـە ناسـنامە هاوبەشـەکەی خۆیـان بەرزبکەنـەوە کـە سـوننی بوونیانـە، بـەڵام ئـەوەی رەوایەتیـەکی زیاتری بۆ خاوەنداریکردن لەو ناسنامەیە هەیە عـەربی سـوننەیە، چونکە ئـەو ناسنامەیە لـە بەرامبەر ناسـنامەی شـیعیدا رەنگێکـی عـەرەبی زیـاتر وەردەگرێـت تـا رەنگێکـی کـوردی یـان تـا هـەر رەنگێکی تر تەنانەت گەر ئەو رەنگە تورکییش بێت. کورد لە ناو ئەم پێکهاتەی حوکمڕانییەدا ئەو ناسنامە هاوبەشە مەزهەبییەی قبوڵـە بـەڵام بـە مـەرجێک رەوایـەتی لێـوە وەرنـەگیرێت بـۆ سەرکوتکردنی ناسنامە نەتەوەیی-زمانییەکەی .

ئـەوەی کـە لەسـەردەمێکدا نـاونراوە برایـەتی کـوردو عـەرەب لەراستیدا برایەتییەکی مەزهەبییەو کورد قبوڵی کردووە بەڵام بە مەرجی ئەوەی ناسنامە عەربیەکەی سوننەی عەرب لە رێگەی ناسنامە مەزهەبیەکەوە زاڵنەکرێت بەسەر ناسنامە کوردییەکەدا. بە مانایەکی تر عێراق نابێت عێراقێکی عەرەبی بێت و دەبێت ناسنامە دەوڵەتیەکەی جیاواز بێت لە دەوڵەتە عەرەبیەکان. ئەمە جگە لەوەش کە دەبێت ناسنامە عەربیەکە بەهیچ شێوەیەک بەشداری لەوەدا نەکات ناسنامە سوننیەکە دابەش بکات بۆ ناسنامەیەکی لاوازو ناسنامەیەکی بەهێز. گەر ئەمەش رووبدات ئەو کاتە دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێکی عەرەبی نابێت و ناتوانێت خۆی وەک یەکێک لە دەوڵەتە عەربیەکان پێناسە بکاتەوە .

بێگومان گەر ئەمە وابووایە سوننەی عەرب بەهیچ شێوەیەک بەمە رازی نەدەبوون چوونکە ئەوان کاریان بە بنەمای زاڵیەتی دەکردو ناسنامە هاوبەشەکەیان بۆ زاڵکردنی ناسنامە جیاوازەکەیان کە ناسنامە نەتەوەییەکەیە بەکاردەهێنا. بەڵگەشمان بۆ ئەمە حوکمڕانی چەندساڵەی عەرەبی سوننەیە لە عێراقداو ئەو کیشەو ململانێیانەیە کە بەهۆی قبوڵنەکردنی زاڵبوونی ناسنامە جیاوازەکەیان بە رەوایەتی وەرگرتن لە ناسنامە هاوبەشەکە دروستبوون .

قبوڵنەکردنی ئەو زاڵیەتییەیە کە کورد ئەو ئۆتۆنۆمییەی قبوڵ نییە کە ناسنامە جیاوازەکەی عەرەب لە ژێر پەردەی ناسنامە مەزهەبییە هاوبەشەکەدا دەشارێتەوە. ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە لەسەر بنەمای زاڵیەتی عەربی سوننە لە عێراقدا دەیدا بە کورد، کورد بە ئۆتۆنۆمی ساختەی دەزانی و داوای ئۆتۆنۆمیەکی راستەقینەی دەکرد. ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە سیاسیەکانی کورد ناویان نابوو ئۆتۆنۆمی راستەقینە ئەو مەرجانەی پێویستبوو کە باسکران. واتە ئۆتۆنومییەکی دەخواست کە لەسەر بنەمای زاڵیەتی و زاڵبوونی ناسنامەکان نەبێت. ئەمەش ئەوەی دەخواست دەوڵەتی عێراق لەوە بکەوێت دەوڵەتێکی عەربی بێت و تەنها ئەوە قبوڵبکات کە دەوڵەتێکی سوننی بێت و ناسنامە نەتەوەییەکەی هەردوو توخمەکە بەهیچ شێوەیەک تێکەڵ بە ناسنامە هاوبەشە مەزهەبیەکە نەکرێت و تای تەرازووی هیچیان لە ناسنامە هاوبەشەکەدا لاسەنگ نەکات. بێگومان ئەمە بۆ سوننەی عەرەب جێگای قبووڵکردن نەبوو، چوونکە ئەوان دەوڵەتیان لەسەر بنەمای زاڵیەتی قبوڵە نەک نازاڵیەتی. هەر

ئەوەشبوو وای کردبوو سەدام بڵێت: کوردەکان دەوڵەتیان لە ناو دەوڵەتدا دەوێت.

ئێستا با بەشوێن ئەو ئەگەرەدا بڕۆین کە کورد لە ناو ئەو سنورە سیاسیەدا کە تەنها عەربی سوننەو کوردی سوننەی تیایە ببێت بە توخمە زاڵەکە، بزانین ئەوکاتە چی روویدەدا؟. کورد لەناو پێکهاتەی ئەو حوکمڕانییە لە ناو خۆیدا توشی لێکدژی دەبوویەوە، چونکە خۆی قبوڵی ئەوەی نەدەکرد کوردیەتییەکەی لەژێر پەردەی سوننیەتەوە حوکمی عەربیەتی عەرب بکات. لەهەمان کاتیشدا نە دەبوو رێگە بدات ناسنامە نەتەوەیی-زمانییەکەی عەرب خۆی وەک زمانی ئەو مەزهەبە پێناسە بکاتەوەو بەناوی ئەوەوە کە زمانی مەزهەبەکەیە ببێت بە زمانی پەروەردەو فێرکردنی ناو ئەو دەوڵەتەو رێگری بکات لە زمانی کوردی کە بۆ کوردەکان ببێت بە زمانێکی فەرمی لە پەروەردەو فێرکردندا .

گەر ناسنامە سونییەکە لە ناسنامە نەتەوەیی-زمانییەکە بە تاڵبکرێتەوە ئیتر ئەو هێزەی نامێنێ گوزارشتێکی سیاسی لە دەوڵەتەکە بکات. ئەو کاتە کورد بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر رکێفی بنەمای زاڵیەتی ناچار دەبوو دەوڵەتەکە بکات بە دوو ئۆتۆنۆمی نامەرکەزی. ئەو کاتە دەوڵەتەکەش بوونی نەدەما. تەنها دوو حوکومەتمان هەبوو لە سنورێکی سیاسی هاوبەشدا بەبێ ئەوەی دەسەڵاتێکی سیاسی هاوبەش بوونی هەبێت. ئەمەش لە راستیدا تیۆرەکەی خەلدوون لەبارەی دەوڵەتەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە مەزهەب نابێت بە بنەمای دروستکردنی دەوڵەت، مەزهەب تەنها وسیلەیەکە بۆ بەهێزکردنی ئەو دمارگیری و زاڵیەتییە کە دەوڵەتەکەی لەسەر دامەزراوە .

کورد لەبەر ئەوەی ناتوانێت ئەوە لە خۆی قبوڵ بکات لە ڕێگەی ناسنامە مەزهەبییە هاوبەشەکەی لەگەڵ سوننەی عێراقدا ناسنامە نەتەوەیی-زمانییەکەی خۆی زاڵبکات بەسەر ناسنامە نەتەوەیی زمانییەکەی عەربی سوننەداو ناچاریان بکات دەستبەرداری ناسنامەکەی خۆیان ببن و بە ناسنامە کوردییەکەوە کاری خۆیان بکەن، بۆیە ناچێتە ناو ئەو ڕێکەوتنە هاوبەشەوە کە ناسنامە مەزهەبیەکە دەیهێنێتە ئاراوە .

ئێمە ناتوانین بیر لەوە بکەینەوە کوردی ناو دەوڵەتی عێراق لە ئەگەرێکی ئاوادا کارێکی ئاوا بکات لە کاتێکدا دەبینن لە دوای ڕاپەڕینەوە کە لەو پێکهاتە دەوڵەتییەی عێراق هاتووەتە دەرەوە، لە نێوان پێکهاتە ناوچەییەکانی خۆیشیدا نەیتوانیووە ناسنامەیەکی زمانیی-ناوچەیی زاڵبکات بەسەر ناسنامە زمانییە ناوچەییەکانی تری خۆیداو بیکات بە ناسنامەی هاوبەش بۆ هەموویان، ئیتر چۆن دەتوانێت ناسنامە زمانییە کوردییەکە بەسەر نەتەوەیەکی تردا بسەپێنێ. بێگومان بۆ ئەوەی ئەمە بکات دەبێت بە بنەمای زاڵییەتی کار بکات. بۆ ئەمەش یەکەمجار دەبێت لەناو پێکهاتە جیاوازەکانی خۆیدا بەو بنەمایە کاری کردبێت جا دەتوانێت ناسنامە زاڵەکەی ناوخۆی بەسەر ناسنامەیەکی عەربیدا زاڵبکات .

لە دوای ڕاپەڕین جەنگ لە نێوان پێکهاتە کوردییەکاندا بەرپابوو هێزە دەوڵەتیەکانی دەوروبەر کە بەرامبەربوون هەریەکەیان پشتگیری یەکێک لە پێکهاتەکانی دەکرد بۆ ئەوەی زاڵ ببێت بەسەر ئەوی تریاند، ا بەڵام ئەم زاڵبوونە لە نێوان هەردوو هێزە سیاسییەکەی هەریمێ کوردستاندا سەری نەگرت و ڕێککەوتنێک هاتەئاراوە کە ڕێککەوتنی نێوان زاڵ و بەزیو

نەبوو، بەڵکو ڕێککەوتنی نێوان دوو هێزبوو کە هیچیان لەجەنگەکەدا نەیتوانی زاڵ ببێت بەسەر ئەوی تریاندا. ئەمەش وایکرد هەرێمی کوردستان بەرەو دوو ئیدارەیی بڕوات و دوو حوکومەت بێنەئاراوە. ئەوەی کەوای کرد بارودۆخەکە ئاوا بڕوات قبوڵنەکردنی بنەمای زاڵیەتییە لە حوکمڕانیدا لە نێوان دوو پێکهاتەی کوردی جیاوازدا .

ئەمەی سەرەوە هەمووی ئەوە ڕۆشن دەکاتەوە کە کوردبوون خۆی وەک ناسنامەیەکی هاوبەشی کۆمەڵە پێکهاتەیەکی جیاواز کە هەریەکەیان هەڵگری ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆشیەتی لەسەر بنەمای نازاڵیەتی دامەزراوە .

بەمانایەکی تر دەتوانین کوردبوون بەوە پێناسە بکەین کە بنەمای نازاڵیەتییە. واتە ئەو بنەمایەیە ئەو پێکهاتە جیاوازانەی لە ژێر چەتری کوردبووندا کۆبوونەتەوە لە پەیوەندی نێوان خۆیاندا لە هەموو بارودۆخێکی مێژوویدا پەیڕەوییان کردووە. هەرکام لەو پێکهاتە جیاوازانەش کە هەڵگری ناسنامەی هاوبەشی کوردبوونە لە هەر قۆناغێکی مێژوویدا لەگەڵ پێکهاتە کوردیەکانی ترو تەنانەت لەگەڵ پێکهاتە ناکوردیەکانیشدا ویستبێتی پەیڕەوی لە بنەمای زاڵیەتی بکات ئەوە لە کوردبوون کەوتووە. بنەمای نازاڵیەتی ئەو دۆخەی لە مێژوودا بۆ سازکردووە کە قبوڵی بنەمای زاڵیەتی نەکات و لە گەڵ غەیری خۆیدا نەچێتە ناو ئەو ڕێکەوتنەوە کە ڕەوایەتی بە زاڵبوونی یان بە بەزینی دەدات. دوای ئەوەی کە ئەمەمان بۆ ڕۆشن بوویەوە دەتوانیین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە کورد بۆچی قبوڵی هیچ ڕێکەوتنێک ناکات کە تیایدا ببێت بە سەردا یان ببێت بە کۆیلە؟ وەڵامی ئەوەی بۆچی کورد ئاوایە بێگومان دەبێت

ئەوەبێت چونکە کوردبوون لەسەر بنەمای نازاڵیەتی دامەزراوە. کاتێک ئەو پێکهاتە جیاوازانەی کە ناسنامەی کوردبوون کۆی کردوونەتەوە تەنانەت گەر لە نێوان خۆشیاندا بیانەوێت کوردبوون وەک ناسنامەیەکی هاوبەش بەکاربهێنن بۆ ئەوەی ناسنامە جیاوازەکەی خۆیان بەسەر ئەوانی تردا زاڵبکەن ئەوە لە کوردبوون دەکەون .

بۆ نموونە کرمانجی بەناوی ئەوەوە کە زازاکیش وەک ئەوان کوردن و کوردبوون ناسنامەی هاوبەشیانە بیەوێت بە هەر بیانوێیەک بێت ناسنامە کرمانجییەکی خۆی بەسەر ناسنامە زازاکیەکەی ئەواندا زاڵ بکات ئەوە زازاکیەکان ناسنامە کوردییەکەی خۆیان بۆ پاراستنی ناسنامە زازاکیەکەی خۆیان هەڵدەوشێننەوە، لە بەرامبەر کرمانجەکاندا ناسنامەی زازاکییەت بەرزدەکەنەوە. کە ئەمەشیان کرد کرمانجەکان بەتەنیا ناتوانن کوردبن، ئەوان بەتەنیا کرمانجن، چونکە کوردبوون ناسنامەی هاوبەشی چەند پێکهاتەیەکی جیاوازەو ناسنامەی یەک پێکهاتە نییە .

هەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتە کوردییەکان کوردبوونی وەک ناسنامەیەک قبوڵ نییە کە لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا کە هەمان ناسنامەیان هەیە ناسنامە تایبەتییەکەی ببێت بە ناسنامەیەکی بەزیوو یان ناسنامەیەکی زاڵ، کوردبوون بۆ هەریەکەیان ئەو ناسنامەیە کە ئەوان لەگەڵ یەکتریدا دەخاتە ناو پەیوەندییەوە بەبێ ئەوەی هیچ یەکێک لەوان لەو پەیوەندیەدا دۆخی زاڵیەتی یان دۆخی بەزیوەیەتی وەرگرێت. ئەوان تا ئەوکاتە یەکن و یەک ناسنامەی هاوبەشیان هەیە کە خۆیەتیەکەیان پارێزراو بێت، کاتێک خۆیەتیەکەیان لەلایەن هەر پێکهاتەیەکەوە کە لە

ناسـنامەی کوردبوونـدا لەگەڵیانـدا هاوبەشـە دەکەوێتـە ژێـر هەڕەشـەوە، قبـوڵی ئـەو ناسـنامە هاوبەشـە ناکـەن و ناسنامە تایبەتەکەی خۆیان دەپارێزن .

کوردبوون بۆ هەموو پێکهاتەکان کاتێک قبووڵە کە ناسنامە تایبەتەکەیان بەهیچ ناسنامەیەک بە ناوی ناسنامەی هاوبەشەوە نەفینەکرێتەوە. کوردبوون هەر خۆی لەوانە دەخوازێت کە کوردن قبوڵی هیچ رێککەوتنێک نەکەن کە لەسەر بنەمای زاڵیەتی بێت. کوردبوون خۆی رێککەوتنە لەسەر بنەمای نازاڵیەتی. بۆیە ئەو دۆخەی هەریەک لە پێکهاتەکان لە مێژودا هەیانە، دەرەوە پێی نەداون و هیچ شتێک ناچاری نەکردوون وابن جگە لە کوردبوون خۆی نەبێت .

کاتێک ئێمە دەپرسین کورد بۆ وایە؟ ئەوە پرسیارەکەمان بەوردی نەکردووە، بۆ ئەوەی پرسیارەکە بە وردی بکەین دەبێت بڵێین بۆ پێکهاتە کوردیەکان ئاوان؟ ئەو کاتە وەڵامەکە ئەوە دەبێت گەر ئاوا نەبن کورد نیین، چوونکە کوردبوونی ئەوان ئەوەیە کە ئاوابن و بەشێوەیەکی تر نەبن. بەشی دووەمی وەڵامی پرسیارەکە کە لە بارەی ئەوەوەیە کورد چۆن لەو دۆخە دەردەچێت؟ ئەم پرسیارەش گەر بە وردتر بیکەین ئەوە دەبێت بڵێین پێکهاتە کوردییەکان چۆن لەو دۆخە دەردەچن؟ ئەوکاتە وەڵامەکە ئەوەیە ئەو کاتە لەو دۆخە دەردەچن کە لە کوردبوون دەکەون. ئەو کاتەش لە کوردبوون دەکەون کە قبوڵی بنەمای زاڵیەتی دەکەن .

کورد دەبێت چی بکات؟ لە راستیدا دەبێت فۆرمێکی حوکومڕانی لە دەرەوەی دەوڵەتی مۆدێرن بۆ خۆی بدۆزێتەوە، ئەمەش بەوە دەکرێت کە لەو دۆخەی خۆی قوڵبێتەوەو زیاتر

هوشیاری پێ پەیدا بکات تا دەگات بەو فۆرمەی حوکمڕانی کە بنەمای نازاڵیەتی لەفۆرمێکی سیاسیدا بەرجەستە دەکات، لە هەمان کاتیشدا دەبێت بتوانێت ئەو دۆخەی خۆی بە رۆشنی نیشانی جیهان بدات و بکەوێتە رێکەوتن لەگەڵ ئەو هێزە چارنوسازانەدا کە رۆڵیان هەیە لە رەوایەتی دان بە هەر فۆرمێک لە فۆرمەکانی دەوڵەتی مۆدێرن کە لە جیهاندا هەیە، تا رێگەی پێبدرێت بەو فۆرمە تایبەتی خۆی سیستەمی حوکمڕانی خۆی دامەزرێنێ .

کورد لە سەردەمی دەوڵەتی خەلافەتدا توانی ئەو فۆرمی حوکمڕانییە بۆ پێکهاتەکانی خۆی بدۆزێتەوە کە حوکمڕانییە لە فۆرمی میرنیشنەکاندا، توانیشی ئەو هێزە چارەنوسازانەی ئەوکات رازی بکات بەوەی کە نەچێتە ناو سیستەمی خەلافەتەوەو لە دەرەوەی ئەو سیستەمە وەک کۆمەڵە میرنشینێکی سەربەخۆی بمێنێتەوە. من پێم وان نییە هیچ پێکهاتەیەک لە پێکهاتە کوردیەکان شانسی دروستکردنی دەوڵەتی مۆدێرنیان هەبێت تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە ئەو دەوڵەتە دەوڵەتی پێکهاتەیەکی کوردی بێت کەلە کوردبوون کەوتبێت، لەو حاڵەتەشدا ئەو دەوڵەتە ناسنامەی پێکهاتەکە هەڵدەگرێت نەک ناسنامەی کوردبوون، چونکە لەسەر بنەمای کوردبوون دانەمەزاروە .

**هەڵۆ بەرزنجەیی:**

**ـ ئایا مۆدێنیزم، وەک سیستەم و دیاردە، خۆی دزێو و زاڵمە، بەو یاسا و ڕێسایانەی هەیەتی و پێڕەوی لێ دەکات، بەرامبەر بە دۆخێکی وەک کورد بە نموونە؟ یاخود ئەوە نەزانی و**

**لێنەهاتوویی ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی کوردە، کە ئیمانی تەواویان بە مۆدێرنیزمە هێناوە و تەنیا لەم کلاورۆژنەیەوە سەیری دۆزە نەتەوەییەکەیان دەکەن و کوێرانە و ناشیانە، لاسایی و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی مۆدێرنە دەکەن؟ چونکە ئێوە دەڵێن کورد کێشەی لەگەڵ دەوڵەتەکانی داگیرکەراندا نییە، هێندەی شەڕێتی لەگەڵ سیستەمەکەی کە مۆدێرنە دایمەزراندووە.**

**د. عرفان مستەفا**

+بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت هەر لەسەرتاوە جیاکاریەک بکرێت لە نێوان ئەو چەمکانەدا کە لەو شەی (مۆدێرن- modern)وە رۆنراون، واتە (مۆدیرنیتیَ- modernhty) و (مۆدێنایزیشن- modernization) و (مۆدێرنیزم- modernism) دوای ئەوە دەتوانین ئەوە روونبکەینەوە مەبەستی ئەو رۆشنبیرانە لە مۆدێرنە یان نوێخوازی چییە؟ ئایا مەبەستی ئەوان لەم وشەیە مۆدیرنیزمە یان مۆدێنیتییە یان مۆدێرنایزەیشنە. وشەی (مۆدێرن- modern) ی ئینگلیزی لە وشەی (مۆدوس- modus ) ی لاتینییەوە هاتووە بە مانای پێوەر یان نەریت، وشەیەکە تەواو پێچەوانەی ئەوە دەگەینیَ لە سەردەمی نوێدا وشەی مۆدێرنی بۆ بەکاردەهێنرێت کە مانای دژبوون بە نەریت و پێوەرە کۆنەکانەکان دەگەینیَ کە لە مێژووییەکی دوورو درێژدا لە دووپابوونەوە نەکەووتوون .

بەلام وشەی مۆدێرن لەلایەکەوە هەرمانای نەریت و پێوەرێک دەگەیێنیَ کە لە بەرامبەر ئەو نەریت و پێوەرەدا وەستاوەتەوە کە خۆی دووپات دەکاتەوە، ئەوەی جیای

دەکاتــەوە لــەو نــەریــت و پێــوەرە کۆنــە ئەوەیــە رێگــە بــە بەســەرچوونی خـۆی و هـاتنی نـەریت و پێوەرێکی تـر لـە دوای خۆی دەدات. واتـە نـوێ بـەم مانایـە ئـەوە نییـە کـە جێگـەی کـۆن بگرێتـەوەو دوای ئـەوە کـە کـات بەسـەریدا تێپـەڕی و کۆنبـوو رێگری بکات لەوەی  نەریت و پێوەرێکی نوێ هـەڵی وەشـێتەوە، بەڵکو دەبێت شیانەی ئـەوەی لـە خۆیدا هـەڵگرتبێت کـە نـەریتێکی تــرو پێــوەرێکی تــر لــە دوای خــۆی پەیــدا ببێــت و لــەو دووپاتبوونەوەیە رزگاری بکات کە نەریتە کۆنەکەی پێش خۆی کۆنیەتی خۆی پێ دەپاراست .

واتـە ئـەوەی مۆدێرنـە هـەر ئـەوە نییـە کـە بـەپێی ئـەو پێوەرو نەریتە نەهاتووەتـە ئـاراوە کـە کۆنـە و بـەپێی نـەریت وپێوەرێکی نـوێ هاتووەتـە ئـاراوە، بـەڵکو ئەوەشـە کـە لـە سـەردەمێکدا دەردەکەوێت و دوای ئەوە خۆی دووپات ناکاتەوەو رێگە دەدات نوێیــەکی تــر بێتــە ئــاراوەو بــەکۆتایی هێنــان بەنوێکــەی پــێش خۆیشـی رێگـە دەگرێـت لـەوەی ئـەوەی کـە کۆنبـووە درێـژە بـە ژیانی خۆی بدات و بمێنێتـەوە. کەواتـە مۆدێرن ئـەو نوێیەیـە کـە کۆتـایی بـە کۆنێـک هێنـاوەو بـەر لـەوەی خۆیشـی کـۆن ببێـت لەلایەن نوێیەکی ترەوە کۆتای پێ دەهێنرێت.

ئەم بنەمایە کە بنەمایەکە مرۆییەو لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا بوونی هەیە، نـەک هـەر ئـەوە ئەمـە ئـەو بنەمایەیـە کـە مـرۆڤ لـە زینــدەوەرەکانی تــر جیادەکاتــەوە. بنــەمای گــۆڕینی نەریتــە مرۆییــەکان بنەمایەکــە ئۆنتۆلۆجییــەو مرۆڤیــەتی مــرۆڤ لــەو بنەمایەدا پەنهانە. ئەم بنەمایە هەر لە مرۆڤدا کاری خۆی ناکات لــە سروشتیشــدا کــاری خــۆی دەکــات. شــێوەی مرۆڤــەکان شــێوەیەکی دووپاتنەبوەوەوەیــەو هــەر مرۆڤێــک بەشــێوەیەک

هاتووەتـه بـوون کـه شـێوەیەکی ناوازەیـەو جیـاوازە لـه شـێوەی هەموو ئەو مرڤانەی کە لەسـەردەمەکەی خۆیـدا هـەن و جیـاوازە لە شێوەی هەموو ئـەو مرۆڤانـەی کـە لـە پێش خۆیدا هـەن و لـە دوای خۆیشـــەوە دێـــن. هـــەر مرۆڤێـــک بـــۆ خـــۆی تابلۆیـــەکی سەربەخۆیە .

بۆیە گەر مۆدێرنیتیٚ ئەو بنەمایە بێت لـە بـوونی بایلۆجیانـەی مرۆڤدا ڕێگە بگرێت لەوەی لە پەیدابوونی هەر مرۆڤێکدا شێوەی مرۆڤێکی تر دووپات ببێتـەوەو وا بکـات ئـەو مرۆڤـەی دێتـەبوون شێوەکەی دووپاتبوونەوەی شێوەی هیچ مرۆڤێکی پێش خـۆی و دوای خۆیشی نەبێت، ئەوە دەتـوانین بڵێین مـۆدێرنیتیٚ بنەمایەکە کە لە بوونی سروشتیانەی مرۆڤدا هەیەو ڕێگـرە لـەوەی شـێوەی هیچ مرۆڤێک لە مرۆڤـەکان خـۆی دووپاتبکاتـەوەو ئـەو مرۆڤـەش کە دێتەبوون لەگـەڵ هاتنـەبوونی خۆیـدا شـێوەیەکی نـوێی لەگـەڵ خۆیـدا دەهێنـێ کـە شـیانی دووپاتبوونـەوەی لـە پەیـدابوونی هـیچ مرۆڤێکی تردا نییە .

ئەو بنەمایـەی کـە لـە پەیـدابوونی سروشـتیانەی مرۆڤدا بـەبێ ویسـت و ئاگـایی مـرۆڤ و بـە شـێوەیەکی جـەبری کـاری خـۆی دەکـات، بەهـــەمان شـــێوە لـــە پەیـــدابوونی ئـــەو نەریتانەشـــدا بـــە شـێوەیەکی ئیختیـاری کـاری خـۆی دەکـات کـە مـرۆڤ لـە ژیـانی خۆیـدا بـۆ کردنـی کارێـک پـەیڕەوییان لێدەکات. لەوانەیـە زمـانی مرۆیی وەک نەریتی قسـەکردنی مـرۆڤ یـەکێک بێت لـە باشـترین نموونـــەکانی کـــارکردنی ئـــەو بنەمایـــەی کـــە بنـــەمای داهێنـــانی شێوەکان و نەریتەکانە .

لە سـەرتای پەیدابوونی مرۆڤایەتیدا دەتوانین گریمانـەی یـەک نـــەریتی زمـــانی بکـــەین کـــە مرۆڤایـــەتی لەســـەرەتای پەیـــدابوونی

خۆیدا دایهێناوەو قسەی پێکردووە. گەر ئەوەش لەبەر چاوبگرین لە شوێنە جیاجیاکانی گۆی زەویدا لە سەرتادا چەند مرۆڤێک پەیدابوون، ئەوە دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین لە هەر شوێنێک لەو شوێنانەدا ئەو مرۆڤانە نەریتێکی زمانییان بۆ قسەکردنی خۆیان داهێناوە. بەڵام هەریەک لەو گروپانە دوای تێپەڕینی کات و زۆربوونیان ئەو نەریتە زمانییەی کە بۆ قسەکردن دایان هێناوە وەک خۆی نەماوەتەوەو لە نەریتێکی زمانییەوە بووە بە چەند نەریتێکی زمانی جیاواز، تا وای لێهاتووە ئەو هەموو زمانە جیاوازە پەیدابن کە مرۆڤایەتی لەم سەردەمەدا وەک نەریتی قسەکردن بەکاریان دەهێنێ و هەریەکەشیان نموونەیەکە لە داهێنانی نەریتێکی زمانی نوێ .

بەڵام گەر ئەو نەریتە دەنگییە وەرگرین کە لە زیندەوەرەکانی تردا هەیە ئەوە دەبینین وەک نەریتی زمانیی مرۆڤ ئەو بنەمای نەریتداهێنانە لە پشتییەوە نییە تا بە درێژایی ئەو مێژووەی کە ئەو جۆرە لە زیندەوەر تیادا ژیاوە نەریتی دەنگی جۆراجۆر دابهێنێ. بۆ نموونە چۆلەکەکان لەوەتەی هەن هەر بەهەمان نەریت دەجریوێنن .

گەر لە دروستکردنی شوێنی ژیانی مرۆڤ لە سەردەمە جیاجیاکاندا رامێنین، ئەوە دەبینن مرۆڤایەتی نەریتی جیاجیای بۆ بیناسازی داهێناوەو لە هەر سەردەمێکدا و لەناو هەر میللەتێکدا نەریتێکی بیناسازی جیاواز دەبینن بەڵام چۆلەکەکان لەوەتەی هەن هەر بەهەمان نەریت هێلانەکانیان دروست دەکەنەوە. بنەمای داهێنانی نەریت لە مرۆڤدا کاری خۆی دەکات و هەر لەو بنەمایەوە ئەم هەموو نەریتە جۆراوجۆرانە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هاتوونەتە ئاراوە .

ئەم بنەمایە لە ناو مرۆڤایەتیدا تا ئێستاش هەر کاری خۆی دەکات و نەریتی نوێ دادەهێنێ، ئیتر ئەو نەریتانە نەریتی قسەکردن بن یان نەریتی بیرکردنەوە بن یان نەریتی خواناسی بن یان نەریتی کۆمەڵایەتی. بۆیە گەر ئەوەی ناونراوە مۆدێرنیتێ ئەو بنەمایە بێت، ئەوە بنەمایەکە هەر لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا هەیە و کاری خۆی دەکات و بنەمایەک نییە کە پیشتر لەناو مرۆڤدا کاری نەکردبێت و مرۆڤی رۆژئاوایی ئەو بنەمایەی لە مرۆڤدا دۆزیبێتەوەو چالاکی کردبێت.

ئەو بنەمایە لە داهێنانی شێوەی نوێ ئەو مرۆڤانەدا کە پەیدا دەبن بەبێ ویستی مرۆڤ کاری خۆی دەکات و هەمیشە لە کاردایە. بەڵام ئەو بنەمایە لە داهێنانی نەریتێک لە نەریتە مرۆییەکانی ناو میللەتێک ئیتر نەریتەکە زمانی بێت یان هونەری بێت یان ئاینی ..هتد خۆی بە شێوەیەکی سروشتی کارا نییەو هەمیشە لە کاردا نییە، کارابوونی ئەو بنەمایە بۆ داهێنانی نەریتێکی نوێ وابەستەیە بە هوشیاربوونەوەی مرۆڤ بەخۆی و بیرکردنەوەی لە بوونی خۆی ئەو نەریتانەی کە بۆ ژیان لە دەرەوەی خۆی وەریگرتوون .

مانەوەو دووپاتبوونەوەی نەریتێکی دیاریکراو بەهۆی کارانەبوونی ئەو بنەما نەریتداهێنەوەیە کە لەناو ئەو میللەتەدا هەیە، هۆکاری کارانەبوونەکەشی ئەوەیە ئەو میللەتە یان ئەو خێڵە هوشیاریان بە بوونی خۆیان نییەو نەکەوتوونەتە ناو بیرکردنەوە لەوەی کە ئەوەی لە ژیانی خۆیاندا دەیکەن چییەو بۆ دەیکەن. ئەوان هەر خەیاڵیان لای ئەوەیە چۆن بتوانن پێداویستیەکانی مانەوەیان دابین بکەن .

ئەو مرۆڤانەی کە ژیان تەنها لە بەدەستهێنانی پێداویستییە سروشتی وبایلۆجیەکانی خۆیاندا دەبینن ژیانیان لە ژیانی مرۆیی دوور دەکەوێتەوەو لەلایەکی تریشەوە لە ژیانی زیندەوەرەکانی تر نزیک دەکەوێتەوە کە سروشت ناچاری کردوون بەو نەریتە بژین کە بۆی داناون. ئەو مرۆڤانەی کە ژیانیان بەو شێوەیە بەسەر دەبەن ئەو نەریتانەی لە باوانەکانیانەوە بۆیان ماوەتەوە بە نەگۆڕی دەمێننەوەو هیچ گۆڕانێک بە خۆیانەوە نابینن. ئەو نەریتانە تەنها نەوە بە نەوە لەپرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیدا وەک خۆیان دەگوازرێنەوەو خاسیەتی ئەو نەریتە سروشتییە وەردەگرن کە نەریتی زیندەوەرەکانە .

ئەمە لەو خێڵە سەرتاییانەدا کە لە سەدەی بیستدا دۆزراونەتەوەو ئەنترۆپۆلۆجستەکان لێکۆڵینەوەیان لە بارەوکردوون دەبینرێت. ئەو خێڵانە نەریتەکەیان وەک نەریتی سروشتیی زیندەوەرەکان وەک خۆی بۆ ساڵانێکی زۆر ماوەتەوەو هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەبینیووە. ئەمەش بەهۆی کارانەبوونی ئەو بنەمایەوەیە کە لە مرۆڤدا نەریتەکان دادەهێنێ. ئەو خێڵانەی لەودۆخە دەردەچن و هوشیاری بە بوونی خۆیان پەیدا دەکەن و دەکەونە بیرکردنەوە، بنەمای نەریتداهێنان لە ناویاندا کارا دەبێت و نەریتی نوێ لە ژیانی خۆیاندا دادەهێنن و نەریتە کۆنەکان جێ دەهێڵن. بەڵام ئەو خڵاینەی کە ناکەونە ناو هوشیاری بە بوونی خۆیان و بیرکردنەوە لەوەی کە دەیکەن، ئەو بنەمایە لە ناویاندا کارا نابێت و بەهۆی ئەمەشەوە ئەو نەریتەی کە لە باوانە

دێرینەکانیانــەوە بۆیــان ماوەتــەوە هــەر وەک خــۆی پــەیڕەوی دەکەن و هەتا مردنیان پێیەوە پابەند دەبن .

میللەتە زیندووەکانی ناو مێژووی مرۆڤایەتی ئەو میللەتانەن کــە بــەهۆی هوشــیاربوونەوەیان بــە بــوونی خۆیــان و بیرکردنەوەیان لەوەی کە ئەو ژیانەی پێی دەژین ژیانی خۆیانەو تەنها خۆیان لێی بەرپرسیارن ئەو بنەمایە لە ناویاندا کارابووەو نەریتی نوێیان بۆ ژیانی خۆیان داهێناوەو جاری واش هەبوو ئــەو نەریتانــە لەلایــەن میللــەتانی دەوربــەرەوە وەرگیــراون و پــەیڕەوکراون بەمەبەستی ئــەوەی کــە خۆیــان بەرزکەنــەوە بــۆ ئاســتی ئــەو میللەتــەی کــە نەریتەکــەی داهێنــاوە. لــە کاتێکــدا وەرگرتنی ئەو نەریتە داهێنراوانە بۆ ئەوان نەک هەر ئەو بنەما نەریتداهێنەی ناوخۆیان کاراناکات بەڵکو وای لێدەکات کە لە کارکردنی خۆیشی بکەوێت .

رۆژئاواییــەکان لــە قۆنــاغێکی مێــژووی دیــاریکراودا ئــەو هوشیارە بەبوونی خۆیان لە ناویاندا سەرهەڵدەدات و ئەو سەردەمەش کە ئەو هوشیارییە لێیەوە دەستپێدەکات بە ســــەردەمی رێنســــاس ناویدەبــــەن، ئەمــــەش بــــەهۆی دەرچوونیانەوەیە لە نەریتی رۆمانی و گەڕانەوەیان بۆ نەریتە ناوچەییەکانی خۆیان و گەشەپێدانیان. سەردەمی مۆدێرن هیچ نییە جگە لە کارابوونی ئەو بنەمایە لە ناو میللەتە ئەوروپیەکاندا بەهۆی ئەو هوشیارییەوە کە لەو سەردەمەدا بە خۆیان پەیدای دەکــەن و لــە نەریتــە زمانییــە لاتینیەکــەو نەریتــەکانی تــری رۆمانیەکان دەردەچن و بە شوێن دۆزینەوەی نەریتێکی تایبەت بە خۆیان دەگەڕێن .

گەر مۆدێرنیتێ ئەو بنەما نەریتداهێنەو کارابوونی ئەو بنەمایە بێت لە ناو میللەتێکدا بۆ داهێنانی نەریتەکانی خۆی و پەرەپێدانیان، ئەوە سەردەمی مۆدێرن کە سەردەمێکی رۆژئاواییە کارابوونی ئەو بنەمایەیە لە ناو میللەتە رۆژئاواییەکانداو ئەمەش لە ناو مێژووی مرۆڤایەتی یەکەمجار نییە ئەو بنەمایە لە ناو میللەتێکدا یان چەند میللەتێکدا کارا ببێت، بەڵکو بەر لە سەردەمی مۆدێرن ئەو شارستانیەتانەی کە هەبوون بە شارستانیەتی رۆمانییشەوە هەموویان بەرهەمی کارابوونی ئەو بنەمایەن لە ناو ئەو میللەتەدا کە ئەو شارستانیەتە بەوەوە ناسراوە. بۆیە مۆدێرنیتی وەک بنەمای داهێنانی نەریتی نوێ تایبەت نییە بە میللەتانی رۆژئاوا بەڵکو بنەمایەکی مرۆییە و چۆن لە بوونی مرۆڤێکی رۆژئاوایدا هەیە ئاواش لە بوونی مرۆڤێکی ناو ئەو خێڵە سەرتایانەشدا بە چالاک نەکراوی هەیە کە ژیانیان بەپێی کۆمەڵە نەریتێک دەگوزەرێنن کە تەمەنیان هەزارساڵ زیاترە .

بەهۆی ئەو هوشیارییەوە کە لەسەدەی شانزەو حەڤدە لەلای میللەتە رۆژئاواییەکان سەرهەڵدەدات ئەو بنەمای داهێنانی نەریتە لەناویاندا کارا دەبێت و کۆمەڵە نەریتێکی نوێ دادەهێنن کە بەر لە هەموویان نەریتی بیرکردنەوەیەو لە مرۆڤ و لە جیهان .

دیکارت و فرانسیس بیکۆن ئەو دوو بیرمەندە ئەورپییەن کە بەهۆی هوشیاریان بە بوونی خۆیان هەریەکە لەلای خۆیەوە دەیەوێت لە نەریتی گریکی بەلاتینی کراو سەدەکانی ناوەراست دەرچێت و نەریتێکی نوێ بۆ بیرکردنەوە بهێنێتە ئاراوە . کارابونی ئەم بنەمایە لەناو میللەتە رۆژئاواییەکانداو داهێنانی

نــەریتێکی نــوێ بــۆ بیرکردنــەوە  لــە دوای کــارابوونی ئــەو بنەمایـەوە دێـت لـە نـاو میللەتـە گریکیەکانـداو داهێنـانی فەلسـەفە وەک نەریتێکی بیرکردنەوە کە بەر لە خۆیان بوونی نەبووە .

بۆیـە کـارابوونی ئـەو بنەمایـە بـۆ داهێنـانی نەریتـەکان و بـەر لـە هەمووشـیان نـەریتی بیرکردنـەوە، تـەنها پەیوەنـدی بـە میللەتـە رۆژئاواییەکانـەوە نییـەو بـەر لـەوانیش لـەناو میللەتـەکانی تـری جیهانـدا بـەهۆی هوشـیاربوونەوە بـە بـوونی خۆیـان ئـەو بنەمایـە کارابووەو نەریتێکی بۆ بیرکردنەوەیان داهێنـاوەو دوای داهێنـانی ئــەو نەریتــە نەریتــەکانی تــریش داهێنــراون و بــە نــاو ئــەو میللەتانەشدا بڵاو بوونەتـەوە کـە خۆیـان داهێنـەری ئـەو نەریتانـە نەبوون. بۆ نموونە نەریتی بیرکردنەوەی گریکی لـە گـەردوون و لـە مـرۆڤ و لـە کۆمـەڵگا نەریتێکـە کـە دواتـر لەلایـەن میللەتـە موسڵمانەکان و میللەتـە مەسـیحیەکانی رۆژئـاوەوە وەردەگیرێت، بەرهـەمی کـارابوونی ئـەو بنەمایەیـە لـەناو گریکەکانـدا. ئـەوەی لـە ســـەدەی شـــانزەدا لـــەناو میللەتـــە رۆژئاواییـــە ئەورپییەکانـــدا روودەدات گــۆڕینی نەریتــە گریکییەکــەی بیرکردنەوەیــە بــە نــەریتێکی نــوێ کــە دواتــر زانســتە ئەورپیــەکانی ســەردەمی مۆدێرنی لێدەکەوێتەوە.

دەتـوانین بڵێـین یەکـەمجار لـەلای رۆژئاواییـەکان ئـەو بنـەما نەرتداهێنـە بووەتـە جێگـەی بیرکردنـەوەو تێڕامـان. بـەڵام تـا ئـەم سـاتە وەختـەش تێگەیشـتنێکی وەرد لـە بـارەی کـارابوونی ئـەو بنەمایـەو چۆنیـەتی داهێنـانی نەریتەکانـەوە لـەلایان بـوونی نییـەو هــەتا ئــەو بنەمایــەش لێکۆڵینــەوەی وردی لــە بــارەوە نــەکرێت تێگەیشـتن لـە مـۆدێرنیتێ و مـۆدێنیزم و مۆدێنایزەیشـن هـەر بـە لێڵی دەمێنێتەوە.

لـه کتێبی (بـوونی نەتـەوەیی کـورد) و دواتـریش لـە وانـەکانی (ئایـــدیای نەتـــەوە لــــە فەلەســــەفەی ئەڵمانیـــدا) ئـــەوەم ڕۆشنکردووەتەوە ڕۆژئاواییەکان لەسێ ڕەوانگەی جیاوازەوە لـە نەتـەوە دەڕوانـن، هـەر ڕانگەیـەک لـەو ڕوانگانـە مەحکومـە بـە بنەمایـەک. فەیلەسـوفانی ئـەڵمان لـە عەقڵـەوە بیـر لـە نەتـەوە دەکەنەوە ولە بیرکردنەوەی ئەواندا نەتـەوە بەرهـەمی دیـالێکتیکی نێوان عەقڵ و سروشتی ئەو خەڵکەیە کە دەبن بە نەتـەوە. بـەڵام بیرمەنـدە فەرنسـیەکان لـە سروشـتەوە بیر لەنەتـەوە دەکەنـەوەو نەتەوەش بە بەرهەمی دیالیکتیکی نێوان سروشت ومـادە دەبینن. بـەڵام بیرکردنـەوەی ئەنگلۆساکسـۆنی لـە مـادەوە بیر لـە نەتـەوە دەکاتەوە و نەتەوە لەلای دروستدەکرێت و بەرهـەمی دیـالێکتیکی نێـوان مـادەو سروشـتە. بـەڵام هەریـەک لـە عـەقڵ و سروشـت و مادە لەلای هیچیان بەجیاکردنەوەیەکی ورد جیانەکراونەتەوە .

لای هیگڵ عەقڵ و سروشت بە تێکەڵی باسـدەکرێن و ئـەوەش کـە لـە دیالیکتیکەکـە دەکرێتـە دەرەوە مادەیـە .لای بیرمەنـدێکی فەرنســی وەک گۆســتاف لۆبــۆنیش یــان لای ڕۆســۆ مــادەو سروشـت بـە تێکـەڵی باسـکراون و جیاکردنـەوەیان لـە یـەکتری ئاســان نییــە. لای هەردووکیشــیان عــەقڵ دەخرێتــە دەرەوەی دیالێکتیکەکـە. بیرکردنـەوەی ئەنگلۆساکسـۆنیش لـە نەتـەوە کـە دواتـر لـە تیـۆری ناسـیۆنالیزمدا بـۆ نەتـەوە دەردەکـەوێت، کـە گوزارشـتە لـە زاڵبـوونی ئـەوەی کـە مـادی وتەکنیکییـە بەسـەر ئـەوەدا کـە سروشـتیی و هونەرییـە. لـەم تیـۆرەدا هـەم ئـەوەی سروشـتییە دەردەکرێـت هـەم ئـەوەی عەقڵییـە دەردەکرێـت. ئـەو جیاوازییە ریشـەییانە کە لـە بیرکردنـەوەی ڕۆژئاواییدا هـەن هـەر

لە بیرکردنەوە لە نەتەوە دەرناکەوێت بەڵکولە بیرکردنەوە لە مۆدێرنیتێش دەردەکەوێت.

کاراکردنی ئەو بنەما نەریتداهێنەی ناو میللەتەکان پەیوەندی بەو سێ توخمەوە هەیە واتە عەقڵ و سروشت و مادە. عەقڵ سەچاوی ئەو فرمانانەیە کە بەو نەریتە نوێیە جێبەجێ دەبن و سروشت سەرچاوەی ئەو چۆنییەتیانەیە کە بۆ جێبەجێبوونی فرمانەکانی عەقڵ دایاندەهێنێ و مادەش ئەو فرمانەی کە عەقڵ دەیدات و سروشت چۆنیەتی وەدیهاتنەکەی بۆ دادەهێنێ لە خۆیدا شێوەگیری دەکات و لەواقعدا بەهۆی ئەمەوە جێبەجێ دەبێت. کاتێک یەکێک لەو سێ بنەمایە لە پرۆسەی داهێنانی نەریتەکەدا ئامادەیی نییە یان ئامادەییەکی تەواوی نییە ئەوە نەریتەکە لەواقعی ئەو میللەتەدا پەیدا نابێت. بۆیە بۆ تێگەیشتن لەو بنەمایەو بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی پەیدابوونی نەریتە نوێکان دەبێت رەچاوی هەرسێ بنەماکەی پەیدابوونی نەریتەکە بکرێت. هابرماس بە پشت بەستن بە هیگڵ مۆدێرنیتێ وا پێناسە دەکات کە پرۆژەیەکی هەمیشە تەواونەکراوە، ئەمەش بۆ رەتکردنەوەی بۆچوونی بیرمەندە فەرەنسیەکانبوو کە پێییان وابوو مۆدێرنیتێ کۆتایی پێهاتووەو ئێستا لە سەردەمێکی تردایین کە سەردەمی پۆست مۆدێرنیتێیە .

هابرماس بۆ ئەمەش پشت بە وانەکانی فەلسەفەی مێژووی هیگڵ دەبەستێت کە باس لە گەشتی روحی جیهان دەکات و پێی وایە روحی جیهان لە ئێرانەوە هەڵهاتووەو لە سەردەمی گریکدا لەلای گریکیەکان گەیشتووەتە ناوەراستی پەرەسەندنی خۆی و لە مەسیحەیەتی ئەورپیشدا گەیشتووەتە کۆتایی گەشتەکەی. بەڵام هابرماس لە باسکردنی مۆدێرنیتێ لای هیگڵ تەنها باسی

قۆناغی سێهەمی دەرکەوتنی روح دەکات کەدەرکەوتنیەتی لە ناو جیهانی مەسیحی-جەرمەنیدا. ئەوەی کە کێشەی بۆ هابرماس دروستکردووە ئەوەیە بۆ باسکردنی مۆدێرنیتێ گەڕواتەوە بۆ وانەکانی فەلسەفەی مێژوو لە کاتێکدا باسکردنی ئەو بنەمایە لای هیگڵ لە راستیدا لە کتێبی مێژووی فەلسەفەدا بە رۆشنی دەردەکەوێت. ئەویش لەو شوێنەدا کە هیگڵ باس لە فەلسەفە جیاوازەکان و یەکبوونی فەلسەفە دەکات. ئەو لەو کتێبەدا ئەوە رۆشن دەکاتەوە کە هەر فەلسەفەیەک هی سەردەمەکەی خۆیەتی و فەلسەفە جیاوازەکانیش هەر هەموویان یەک فەلسەفەن .

لێرەدا هەوڵدەدەم ئەو روون بکەمەوە کە لێکدانەوە هیگڵ و بۆدلێر بۆ مۆدێرنیتێ هەر جیاوازیەکەی لەوەدا نییە کە هیگڵ وەک کاراکردنی ئەو بنەما نەریتداهێنە لە ناو مێژوودا باس لە مۆدێرنیتێ دەکات بەڵام بۆدلێر باسی هەمان بنەما دەکات لە ناو هونەرو شیعردا، بەڵکو لێکدانەوەی ئەم دوانە بۆ ئەو بنەمایەو کاراکردنی جیاوازیەکی ریشەیی هەیەو ئەم جیاوازییە ریشەییەش هەر لە لێکدانەوەی هیگڵ و بۆدلێردا نییە بۆ بابەتێک کە مۆدێرنیتێیە، بەڵکو جیاوازیەکی ریشەییە لە نێوان بیرکردنەوەی فەرنسی وئەڵمانیداو ئەمەش لە بیرکردنەوە هەردوو لادا بۆ بابەتەکانی تر دیارە بۆ نموونە بۆ بابەتی نەتەوەو بابەتی زمان . هتد .

هێگڵ کە باسی فەلسەفە دەکات پێی وایە هەر لە سەرتای سەرهەڵدانی فەلسەفەوە کە لێکدانەوەی جیهانە بەپێی بنەمای عەقڵ تا کۆتایی فەلسەفە یەک فەلسەفە بوونی هەیەو ئەو فەلسەفەیەش ئەوەیە هەموو فەلسەفە جیاوازەکان تیایدا یەکن.

واتە لەناو هەر فەلسەفەیەکی بەشەکیدا کە پەیوەستە بە زەمەنی خۆیەوە فەلسەفەیەک بوونی هەیە کە وەک ئەو فەلسەفە بەشەکییە پەیوەست نییە بە زەمەنەوەو فەلسەفەیەکی رەهایە لە زەمەن و لە فەلسەفەی هەر سەدەمێکیشدا هەرخۆیەتی و لەشوناسدایە لەگەڵ خۆی و وەک فەلسەفە بەشەکییەکان بوونێکی راگوزەرو بەسەرچووی نییە.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ هەر فەلسەفەیەکی سەردەمی کە فەلسەفەیەکی نوێیە پێکهاتەیەکە لەوەی کە هەر دەمێنێتەوەو هەتاهەتاییە لەگەڵ ئەوەی کە نوێیەو هی ئەو سەردەمەیەو بەسەرچوو و راگوزەرە. گەر لە لێکدانەوەکەی بۆدلێریش بۆ مۆدێرنیتێی هونەری رامێنین لە رواڵەتدا هەمان ئەوە دەبینین کە هیگڵ لە بارەی مۆدێرنیتێی فەلسەفییەوە باسی دەکات، بەڵام گەر بە قووڵی لێی وردببینەوە ئەوەمان بۆ رۆشن دەبێتەوە مۆدێرنیتێی فەلسەفی کە بەرهەمی بنەمای داهێنانی نەریتەکانی بیرکردنەوەی عەقڵییە لە دیالێکتیکی نێوان عەقڵ و سروشت دەکەوێتەوە کە تیایدا عەقل و سروشت بەبێ نەفیکردنەوەی یەکتری هەردووکیان دەکەونە ناو درەوشانەوەی خۆیان و فەلسەفە جیاوازەکان وەک کۆمەڵە نەریتێکی عەقڵی جیاواز بۆ بیرکردنەوە دەهێننەئاراوە . ئەوەی لە هەموو فەلسەفەکاندا یەکە ئەوەیە کە عەقڵییەو ئەوەی لە هەموویاندا جیاوازە ئەوەیە کە سروشتییە، واتە ئەو چۆنیەتییەیە کە هەمان ئەوە شێوەگیردەکاتەوە کە پێشتر بەچۆنیەتی جیاواز شێوەگیرکراوەو دواتریش بە چۆنیەتی جیاواز شێوەگیردەکرێتەوە. واتە ئەوەی لەو فەلسەفە جیاوازانەدا یەکە فرمانەکانی عەقڵن ئەوەش کە لەو

فەلسـەفانەدا جیـاوازە نـەریتی وەدیهێنـانی ئـەو فرمانـە عەقڵییـەن. نەریتەکە سروشت دایدەهێنی بۆ وەدیهاتنی فرمانە عەقڵییەکە .

فەلســـەفە جیاوازەکـــان لـــە لێکدانـــەوەی هیگڵـــدا بەرهـــەمی دیـالیکتیکی عــەقڵ و سروشــتن، عــەقڵ ئـەوە دەبەخشـیت بـەو فەلســـەفانە کــــە دەیانکاتـــەوە بەیـــەک و سروشـــتیش ئـــەوە دەبەخشێت پێیان کە جیایان دەکاتەوە لەیەک.

بـۆدلێریش کاتێـک باسـی مـۆدێرنیتیَ دەکـات باسـی هـەمان بنـەمای نەریتخوڵقانـدن دەکـات. لای ئـەویش کـاری هونـەری دوولایەنی هەیە لایەنێکی راگوزەرو گۆڕاو و بەسـەرچوو لەگـەڵ لایەنێکی هەتاهەتایی و نەگۆڕ. ئەوەی راگورزەرە لای بۆدلێریش هـەر هـەمان ئەوەیـە کـە لای هیگڵ راگـوزەرو جیاوازو گۆڕاوەو وابەســـتەیە بـــە ســـەردەمەوە، ئـــەوەش کـــە هـــەردووکیان بـــە راگـوزەرو بەسـەرچووی دەزانـن هـەر ئەوەیـە کـە سروشـت دەیدات، واتە چۆنیەتییەکانی وەدیهاتنی فرمانەکانن. بەڵام ئەوەی لە ناو ئەو راگوزەرو بەسەر چووەدا هەر خۆیەتی و هەتاهەتایی و نەگۆڕە لای هەریەکەیان شتێکی جیاوازە .

لای هیگڵ ئەوەیـە کـە عەقڵییـە بـەڵام لای بـۆدلێر ئەوەیـە کـە مادییـەو ئـەو یاسـا نەگۆڕانەیـە کـە حـوکمی لایـەنی مـادی کـارە هونـەرییـەکان دەکـەن. بۆیـە لای بـۆدلێر مـۆدێرنیتیَ کـە بنـەمای خوڵقانـدنی نـــەریتێکی نوێیـــە بـــۆ نیشـــاندانی جـــوانی بەرهـــەمی دیـالیکتیکی ئەوەیـە کـە مادییـە لەگـەڵ ئـەوەی کـە سروشـتییە. ئەوەش کەمادییە لە هەموو کارە هونەریەکانـدا نـەگۆڕەو ئـەوەش کـە سروشـتییە لـە نـاو کـارە هونەرییەکانـدا ئەوەیـە کـە گـۆڕاو راگوزەرەو دەبێت جێگە بۆ ئەوە چۆڵ بکات کە لە دوای خۆیەوە دێت.

بـۆدلێر بـاس لـە دوو جـۆر لـە هونەرمەنـدی سـەردەمەکەی خـۆی دەکـات، یـەکیان بـۆ ئـەوەی کـارێکی هونـەری بـۆ خـەڵک نمـایش بکـات دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو کـارە هونەریانـەی کـە لـە سەردەمە کۆنەکاندا بە تـەکنیکێکی هونـەری بـەرز کراون و دێت سـەر لـە نـوێ وێنـەیان دەکێشـێتەوەو نمایشـی دەکـات. خـەڵکی لەبـەر ئـەوەی ئـەو کـارە کۆنانـەیان نـەبینیووە کـاری ئـەم هونەرمەنـدە کـە کارێکی تەقلیدییـەو کێشـانەوە کارێکی هونـەری ترە، بە نوێ دەزانن. نوێیە چونکە جیاوازە لەو کارە هونەریانـەی کـە وێنەکێشـەکانی ئـەو سـەردەمە خۆیـان کێشـاویانن. هونەرمەندێکی تر هەیە ناگەڕێت بە شوێن کاری هونـەری ئەو هونەرمەندانی کە بە نەریتێکی رۆمانی یان نـەریتێکی رۆژهـەڵاتی جوانییـان لـە نیگارەکانیـدا نیشـانداوە، بـەڵکو هەوڵـدەدات بـەو نەریتـەی نیشـاندانی جـوانی کـە لـە سـەردەمەکەی خۆیـدا هەیـە جـوانی لـە نیگارەکانیـدا نیشـان بـدات. ئـەم هونەرمەنـدە وەک هونەرمەندەکـەی تـر بـە شـوێن ئـەو نیگارانـەدا ناگـەڕێت کـە بـە نەریتە کۆنەکانی نیشـانی دانـی جوانی کێشـراون تـا وەک خۆیـان بیانکێشـێتەوە، ئـەو دەگـەڕێت بـە شـوێن شـتێکدا کـە دەکرێـت لەمـەودوا نـاوی مـۆدێرنیتێی لـێ بنرێـت. مـۆدێرنیتێ بـۆ ئـەو هونەرمەنـدە پوختـەکردنی ئەوەیـە کـە شـاعیرانەیە لـە چوارچێوە مێژووییەکـەی ئـەو نیگارانـەدا کـە لەسـەردەمەکانی پێشـوودا کێشراون. کە ئەمەش پوختەکردنی ئەوەیە کە هەتاهەتاییە لەوەی کە راگوزەرە .

ئەمە ئەوە نیشاندەدان کە بۆدلێر مۆدێرنیتێ دەگەڕێنێتـەوە بۆ ئەو توخمـەی کـە لـە هونـەردا هەتاهەتاییـە بـەڵام لەلایـەکی تـرەوە مـۆدیرنیتێ دەگەڕێنێتـەوە بـۆ توخمـە راگوزەرەکـە. واتـە جارێـک

مـۆدێرنیتیٚ بـەوە دەزانێـت کـە هەتاهەتاییـەو جـارێکیش بـەوەی دەزانێت کە راگوزەرە، بەڵام دواتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەوەی کە راگوزەرە دەبێت بە مۆدێرنیتیٚ ناو ببرێت نەک ئـەوەی کە هەتاهەتاییە .

دەبێت لێردا بپرسین بۆچی بۆدلێر جارێک ئەوە دەکات بە بنـەما بـۆ کـارێکی مـۆدێرن کـە لـە کـاری هونەریـدا هەتاهەتاییـەو جارێکیش ئەوە دەکات بە بنـەما کـە راگـوزەرە؟ ئەمـە بـە رواڵـەت لێکدژییە لە بۆچوونەکەی ئەودا بەڵام گەر زیاتر وردبینەوە لـەوە تێدەگـەین مەبەسـتی بـۆدلێر لـەوەی کـە هەتاهەتاییـەو بنـەمای بوونی مۆدێرنیتێی هونەرییە ئەوەیە کە لـە مامەڵـەکردنی لەگـەڵ کارە هونەریـەکانی سـەردەمەکانی پێشـوودا دەبێـت لـەوە رامێنـیٚ کە لەواندا هەتاهەتاییە نەک لەوەی کە راگوزەرە بەڵام بۆ ئـەوەی نیگارەکـانی خـۆی بکیشـێت دەبیـت هـەموو خـەیاڵی لای ئـەوەبێت کــە راگــوزەرو ســەردەمییە نــەک ئــەوەی کــە هەتاهــەتایی و ناسـەردەمییە .

بۆیە لای ئەو مـۆدێرنیتیٚ ئەوەیانـە کـە لـە کـارە هونەرییەکـەدا راگــوزەرو لــە دەســتچوو و بەســەرچووە نــەک ئــەوەی کــە هەتاهەتاییـە. ئـەوەی هەتاهەتاییـە نـە کۆنـە نـە نوێیـەو نـە کۆنیش دەبێت و نەخۆیشی نویٚ دەکاتەوە، بەڵام ئـەوەی راگـوزەرە کۆن دەبێـت و شـیاوی ئـەوەی تیایـە تازەیـەک شـوێنی بگرێتـەوە. ئەوەش کە راگوزەرە ئەو نەریتەیە کە بنەمای نەریتداهێنانی ئـەو میللەتـە لـەو سـەردەمەدا لـە رێگـەی هونەرمەنداکانییـەو بـۆ نیشـاندانی جـوانی لـەو سـەردەمەدا دایـدەهێنیٚ. ئەمـەش ئـەوە دەگەیێنیٚ کە لای بۆدلێر لەو دیالێکتیکەدا کە مۆدێرنیتیٚ لـە کاری هونەریـدا دێنێتـەبوون دەبێت ئـەوەی راگـوزەرە بەسـەر ئـەوەدا

سەرکەویت کە هەتاهەتاییەو لە ناو خۆیدا نەفی بکاتەوە. ئەوەش لە دیالێکتیکەکەدا راگوزەرەکە لێیەوە سەرچاوە دەگرێت سروشتە بەو مانایەی کە سەرچاوی بە خشینی نەریتەکانە .

بەلام ئەوەی کە هەتاهەتاییە لای بۆدلێر چییە؟ عەقلە یان مادەییە؟ واتە دیالێکتیکەکە لە نێوان عەقڵ و سروشتدایە یان مادەو سروشتدا؟ بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە لای بۆدلێر هەتاهەتاییە هەر دەبێت بگەڕێینەوە بۆ خۆی. ئەو لە بارەی ئەوەوە هونەرمەند دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کارە هونەرییانەدا بکات کە بە نەریتە کۆنە بەسەرچووەکان کێشراون دەڵێت: ئەوە شتێکی باشە لە کاری هونەری نیگارکیشە کۆنەکان بکۆڵرێتەوە بەڵام لە پێناو فێربوونی نیگارکێشاندا. چونکە نیگارە کۆنەکان کۆمەکی نیگارکێشانی سەردەم ناکەن لە کێشانی وێنەی ئەو جلوبەرگانەدا کە لەو سەردەمەدا باون. لێکۆڵینەوەو بەدواچوون بۆ هونەری کۆن لای ئەو تەنها دەبێت بۆ هونەرێکی پوخت و ریگای گشتی وێنەکێشان بێت. ئەو هونەرمەندەی زیاتر لەوە بچێتە ناو کارە هونەرییە کۆنەکانەوە ئەوە ئەو یادەوەرییەی لە ئێستای خۆیدا هەیەتی و پەیوەندی بە سەردەمەکەی خۆیەوە هەیە لە دەستی دەدات .

ئەوەی بۆدلێر ناوی دەنێت هەتاهەتایی و هونەری پوخت تەکنیکە نەک هونەر. تەکنیکی بۆ نموونە نیگارکیشان ئەوەیە کە دەتوانین نیگاری هەرشتێکی پێ بکێشین ئیتر هەرچییەک بێت و هەر چۆنێک بێت، واتە ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا کامێرایەکی فۆتۆ لە گرتنی وێنەکاندا دەیکات . گەر ئەمە هونەری پوخت بێت ئەوە کارێکی ئامێرییەو ئامێرەکان ئەوکارە باشتر لە هەر هونەرمەندێکی تر دەکەن. بەپێی ئەو دیاریکردنەی بۆدلێر بێت

نیگارکێشان لە ئێستادا پێویستی بە مرۆڤ نییە چوونکە مرۆڤ ئامێرێکی دروست کردووە لە خۆی باشتر دەتوانێت وێنەی ئەوە بکێشێت کە لەسەردەمەکەی خۆیدا هەیە .

ئەوەی کە ئامێرێک دەیکات ئەوەیە کە مادییەو مەحکومە بە یاسا نەگۆڕەکانی مادە. لە نیگارکێشاندا پەیڕەوکردن لەو یاسایانە وا لە نیگارکێشێک دەکەن کە بۆ کێشانی وێنەی هەر شتێک بزانێت چۆن ڕەنگەکان بەپێی یاسا فیزیکیەکانی تیشک و تیشکدانەوە دابەش بکات بۆ ئەوەی ئەوەی تیا دەرکەوێت کە هەیە. بەڵام ئەوەی کە بۆدلێر پرسیاری لە بارەوە ناکات بابەتی نیگارەکەیە، واتە ئەوەی کە نیگارکێشێک وێنەی دەکێشێت. ئەو هیچمان لە بارەی ئەوەوە پێناڵێت نەریتەکانی نیشاندانی جوانی لەسەردەمە جیاجیاکاندا چۆن پەیدا دەبن. ئەو نەریتە لە کوێوە هاتووە کە ژنێکی سەردەمی ڕۆمانەکان جوانی خۆی لە ڕێگەیەوە نیشاندەدات، ئەی ئەو نەریتە لە کوێوە هاتووە کە ژنێکی فەڕەنسی لە نیشاندانی جوانی خۆیدا پەیڕەوی دەکات. واتە ئەو بە هیچ شێوەیەک باس لەوە ناکات ئەو هەموو نەریتە جیاوازانەی نیشاندانی جوانی لە کوێوە هاتوون و هونەرمەند ڕۆڵی چییە لە پەیدابوونیاندا .

گەر هونەرمەند لەوێوە کارەکەی بە مودێرن باسبکرێت کە نیگاری ژنەکانی سەردەمی خۆی بکێشێت ئەوە هیچ جیاوازیەکی نابێت لەگەڵ ئەو هونەرمەندەدا کە نیگاری ژنەکانی ئەو سەردەمە کۆنانە دەکێشێت کە نیگارکێشەکانی ئەو سەردەمە لە نیگارەکانیاندا کێشاویانن. چونکە هەردووکیان تەقلیدی ئەوە دەکەنەوە کە هەیەو هیچیان نەریتێکی نوێی بۆ نیشاندانی جوانی دانەهێناوە. ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەیە ئەوەی لای بۆدلێر

هەتاهەتاییەو لە دیالێکتیکدایە لەگەڵ ئەوەی کە راگوزەرو مادییە نەک عەقڵی .

هونەرمەند بەپێی دیالێکتیکەکەی هێگڵ بێت بەشداری لە داهێنانی ئەو نەریتە راگوزەرەدا دەکات کە دەبێت بە نەریتی سەردەمەکەی خۆی. ئەو نەریتەش لە دیالێکیتکی نێوان مادەو سروشتەوە پەیدا نابێت بەڵکولە دیالێکتیکی نێوان عەقڵ و سروشتەوە پەیدا دەبێت .

گەر ئەوەی هەتاهەتاییە تەکنیکی وێنەکیشان بێت و ئەوەی راگوزەرە نەریتی نیشاندانی جوانی بێت، ئەوکاتە ئەو توخمەی کە نەریتی سەردەمێک دەگۆڕێت و نەریتێکی تر دەخاتە شوێنەکەی، لە دیالێکتیکەکەدا بەشدار نییە، بۆیە ئەوەی کە لە بەرەوپێشچوونێکی هەمیشەییدایە ئەوە نابێت کە راگوزەرو سروشتییە بەڵکو ئەوە دەبێت کە مادی و تەکنیکییە. ئەو کاتە هونەرمەندەکانیش بۆ ئەوەی کارە هونەریەکەیان بەرەوپێش ببەن دەبێت تەکنیکی وێنەکێشانیان بەرەوپێش بەرن و وردتر لەوەی کە پیشتر وێنەی شتێکیان پێ کێشاوە وێنەکان بکێشنەوە.

هونەرمەند لێرەدا هەموو بایەخدانێکی دەبێت بەوەی کە چۆن وردتر لەوە نیگاری ئەو شتانە بکێشێت کە کێشاویەتی، بۆ ئەمەش دواجار هەر دەبێت ئامێرێک دروست بکات کە وردتر لە خۆی بتوانێت نیگاری شتەکان بکێشێت و ئەوە فەرامۆش بکات کە لای بۆدلێر راگوزەرەو لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت. لە دیالیکتیکی مادەو سروشتدا گەر ئەوەی مادییە زاڵ ببێت بەسەر ئەوەدا کە سروشتییە، هونەر هونەریەتی خۆی لە دەستدەدات و دەبێت بە تەکنیکێکی رووت.

تـەكنیكی رووت لای بـۆدلێر هونـەری رووتـە. ئـەو كاتـە ئـەوەی گرنگە ئەوە نییە كە راگوزەرە .

ئـەوەی دەبێت لەسـەردەمێكەوە بـۆ سـەردەمێكی تـر بگۆڕێت هونەر هیچ پەیوەندیەكی پێوە نامێنێ، ئەمـەش وا دەكات ئـەوەی نـەگۆڕە زاڵ ببێت بەسـەر ئـەوەدا كـە گـۆڕاوەو ئـەوەش گـۆڕاوە خاسـیەتی ئـەو نـەگۆڕە وەرگرێت و ئـەو نەریتـەی كـە هـی ئـەو سـەردەمەیەو دەبێت بگۆڕێت وەک خـۆی بمێنێتـەوە ببێت بـەو نەریتە نەگۆڕەی كە رێگرە لە بەردەم پەیدابوونی هـەر نـەریتێكی نوێدا . گـەر ئـەوەش راگـوزەرە زاڵ بێت بـە سـەر ئـەوەدا كـە تەكنیكییـە كـاری هونــەری بابەتەكـەی خـۆی لەدەسـت دەدات، ئــەوەی دەمێنێتــەوە تــەنها تێكــەڵكردنی رەنگەكانــە یــان دەبێتــە كـاركردن لەسـەر تێكشـكاندنی وێنـەكان و ئـەوەی كـە واقعییـە. ئەمەش لە راستیدا وا ناكات نەریتێكی نوێ بۆ نیشـاندانی جوانی بێتە ئاراوە. گەر مـۆدێرنیتێ بـە مانـا بۆدلێرییەكەی وەربگیرین و توخمـە هەتاهەتاییەكـە بـە تـەكنیكی هونـەری بـزانیین، ئـەوە لـە راستیدا ئەو بنەمایە نەفیدەكەینـەوە كـە بنـەمای داهێنـانی نەریتـە نوێكانـەو ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی كـاركردن بـە نـەریتێكی دیـاریكراو بـە مـۆدێرنیتێ نـاو ببرێت و ئـەوەش كـە بـەپێی ئـەو نەریتـە كـار نـەكات كارەكـەی بخرێتـە دەرەوەی ئـەوەوە كـە بـە مۆدێرنیتێ ناو دەبرێت .

بـە مانایـەكی تـر مـۆدێرنیتێ لێرەدا دژی ئـەوە دەبێتـەوە كـە خـۆی بانگهێشـتی بـۆ دەكـات و لـە بـری ئـەوەی رێگـا بـدات ئـەو نەریتە زمانی و هونەری و ئاینی و سیاسیەو كۆمەڵایەتیانەی كە هەن لـە گـۆڕان نەكـەون و نەریتـە نوێكانیـان شـوێنی كۆنـەكانیان بگرنـەوە، نـەریتێک خاسـیەتی ئـەوە وەردەگرێت كـە تەكنیكییـەو

وەک تاکە نەریتێک خۆی نیشاندەدات کە مۆدێرنەو ئەوەش بەو نەریتە کار نەکات ئەوە کارەکەی کارێکی نامۆدێرنە. لێرەوە مۆدێرنیتێ دەگۆڕێت بۆ دژەکەی خۆی و لە هێزێکی نەریتگۆڕەوە دەبێت بە هێزێکی نەریتپارێز. مۆدێرنیزم لە کتێبی (بوونی نەتەوەیی کورد) دا مەبەست لێێ مۆدێرنیتێیە لە کاتی دژبوونەوەی لەگەڵ خۆیدا .

مۆدێرنیتێ وەک ئەوەی لای هیگڵ هەیە کە بەرهەمی دیالێکتیکی نێوان روح و سروشتە، ئەوە بنەمای خوڵقاندنی نەریتی نوێ لە رێگەیەوە چالاک دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەریتەکانی میللەتێک بە جێگیری نەمێننەوەو لە گۆڕانێکی بەردەوامدا بن و ئەو میللەتە بۆ هەرسەردەمێکی نەریتەکانی خۆی دابهێنێ کە جیاوازبن لە نەریتەکانی سەردەمەکەی پێش خۆی .

بەلام کاتێک مۆدێرنیتێ بە دیالێکتیکی نێوان ئەوەی مادییە لەگەڵ ئەوەی سروشتییە پێناسە دەکرێت ئەوە لە بری ئەوەی بنەمای خوڵقاندنی نەریت لەو میللەتەدا بە کارایی بمێنێتەوە، لە کارابوونی خۆی دەکەوێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو نەریتەی کە ئەو میللەتە دایهێناوە خاسیەتە تەکنیکییەکانی مادە وەرگرێت و لە بری ئەوە رێگە بەوە بدات نەریتێکی نوێ لەدوای خۆی جێگەی بگرێتەوە رێگە لە پەیدابوونی هەر نەریتێکی نوێ دەگرێت و تەنها رەوایەتی بەوە دەدات بوونی هەبێت کە لەگەڵ خۆیدا رێکدەکەوێتەوە .

لێرەدا ئیتر خاسیەتی ئەو تەکنیکە مادییە هەتاهەتاییە وەردەگرێت. کاتێک نەریتی هونەری خاسیەتی نەریتی تەکینیکی وەردەگرێت ئەو کاتە شتێک بە ناوی نەریتگۆڕین بوونی نامێنێ،

ئەوەی هەیە تەنها ئەوەیە چۆن بە دیقەتێکی زیاترەوە ئەوەی هەیە پەیڕەوبکرێت وجێبەجێ بکرێت. لێرەشدا مۆدێرنیتێ لە گەڵ خۆیدا دژدەبێتەوە . باشترین نموونە لە سەردەمی مۆدێرندا بۆ روونکردنەوەی گۆڕانی مۆدێرنیتێ بۆ دژەکەی کە مۆدێرنیزمە نەریتی قسەکردنە کە زمانە. نەریتی زمانیی میللەتێک چۆن نەریتی قسەکردنی رۆژانەیەتی ئاواش لە ریگەی ئەدەبیات و هونەرکەیەوە نەریتی دەربڕینی هەست و سۆزیەتی .

لە دەوڵەتی مۆدێرندا مۆدێرنکردنی هەر زمانێک رێک پێچەوانەی ئەوەیە کە مۆدێرنیتێ وەک بنەمای داهێنانی نەریتە نوێکان دەیخوازێت. چونکە زمانێک بە زمانێکی مۆدێرن دەزانرێت کە لە بنەمای داهێنانی نەریت دوور خرابێتەوەو ئەوەی لێی گیرابێتەوە لەو پرۆسەیەدا پەرەبسێنێ و وەچەی نوێ بخاتەوەو بگۆڕێت بۆ چەند نەریتێکی زمانی جیاواز کە بە دیالێکت ناسراون .

زمانی مۆدێرن زمانێکی بەستانداردکراوە، واتە ئەو زمانەیە لەلایەن ئەوانەوە کە بنەمای داهێنانەکەیان لێ دەرهێناوە رێزمانی بۆ دانراوەو خەڵکی دەبێت بە ئاگاییەوە بەکاری بهێنن و هەڵەی تیا نەکەن. کاتێک نەریتێکی زمانی لە ناو دەوڵەتێکی مۆدێرندا ستاندارد دەکرێت واتە ئەوەی کە تیادا هونەرییەو زمانەکە دەخاتە ناو پەرەسەندنێکی سروشتییەو لەکاردەخرێت و ئەوەی لەزمانەکەدا گرنگی پێدەدرێت تەکنیکە. تەکنیکیش لە جیاتی ئەوەی جیاوازی دروست بکات یەکبوون دروست دەکات، لە جیاتی ئەوەی شتێک والێبکات بگۆڕێت و ببێت بە شتێکی نوێ، شتەکە وا لێدەکات زیاتر جێگیر بێت و خۆی لە گۆڕان بپارێزێت .

گەر مۆدێرنیتێ بنەمای پەیدابوونی نەریتە نوێکان بێت ئەوە پرۆسەی بە مۆدێرنکردنی زمان لە ڕێگەی ستانداردکردنیەوە تەواو دژی مۆدێرنیتێیە. لێرەدا مۆدێرنێتێی رۆژئاوایی دژی خۆی دەبێتەوەو ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە عەقڵ لە دیالێکتیکەکە دەرکراوەتە دەرەوەو دیالێکتیکەکە کەوتووەتە نێوان مادەو سروشتەوەو مادە لە دیالێکتیکەکەدا زاڵبووە بەسەر سروشتداو یەکبوون جێگەی جیاوازی گرتووەتەوە. مۆدێرنیتێ لەم حاڵەتەدا لە بری ئەوەی نەریتگۆڕ بێت نەریتپارێزە. شارستانیەتی رۆژئاوایی لە بری ئەوەی وەک شارستانیەتیەکانی بەر لە خۆی نەریتەکانی خۆی نەسەپێنێ و ڕێگەش بە گۆڕانیان بدات ئەویش هەمان ڕێڕەوی شارستانیەتەکانی بەر لە خۆی هەیەو لە ڕێگەی سەپاندنی نەریتەکانی خۆی بەسەر دەرەوەی خۆیدا ئەوەی کە هی خۆیەتی و راگوزەرو بەسەرچووە کردوویەتی بەوەی کە هەتاهەتایی و هەمیشەییە .

هەژموونی زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانەکانی تری جیهان هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ هەژموونی زمانی لاتینی لەسەر زمانەکانی تری رۆژئاوا لەسەردەمی رۆمانیەکاندا، هیچ جیاوازیەکیشی نییە لەگەڵ هەژموونی زمانی عەرەبی بەسەر زمانەکانی ترەوە لەسەردەمی خەلافەتە ئیسلامیەکاندا. گەر رێنسانس و گەرانەوەی میللەتانی رۆژئاوایی بۆ نەریتە زمانییە لۆکاڵییەکانی خۆیان و پەرپێدانیان، بەرهەمی مۆدێرنیتێ بێت، ئەوە دەستبەرداربوونی خەڵکی لە سەردەمی مۆدێرندا لە زمانەکەی خۆیان و وەرگرتنی زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی نیشانەی کۆتایی هاتنی مۆدێرنیتێی رۆژئاواییە. هەر

لەمەشـــەوە کـــە دەتـــوانین بڵێـــێن مـــۆدێرنیزم هەڵگەرانـــەوەی مۆدێرنیتێیە دژی خۆی.

مـۆدێرنیتێ بنەمایەکـە کـە راسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە بـوونی مرۆڤانەی مرۆڤەوە هەیەو جیای دەکاتەوە لە زیندەوەرەکانی تر لـــەوێوە کـــە توانـــای داهێنـــانی نەریتـــە نوێکـــانی هەیـــەو لـــە زیندەوەرکانی تردا ئەمە بوونی نییە .

لەگـــەڵ پەیـدابوونی مرۆڤـدا مـۆدێرنیتێ بـوونی هـــەبووە و پەیدابوونی ئـەو هـەموو زمانـە جیاوازانـەو ئـەو هـەموو نەریتـە کۆمەڵایەتییـە جیاوازانـەو ئـەو هـەموو نەریتـە ئـاینی وهونەرییـە جیاوازانە کە بە درێژای مێژووی مرۆڤایـەتی لـە پەیدابوونێکی بەردەوامدا هاتوونەتە ئاراوە، هەمووی بەرهەمی مۆدێرنیتێن .

بۆیـە بـەم مانایـە مـۆدێرنیتێ بنەمایـەکی مرۆییـەو رۆژئـاوا چـۆن ئـەو بنەمایـە تیـادا کـارابووەو نـەریتی نـوێی بـە هـۆی کارابوونییـەوە داهێنـاوە، میللەتـەکانی تـریش لـە کـۆن ونوێـدا نەریتەکانی خۆیان بەهۆی کارابوونی هـەمان بنـەماوە داهێنـاون. بۆیـە بـەم مانایـە نـاتوانێن بڵێین مۆدێرنیتێ تـەنها بەرهەمێنـەری شارستانیەتی رۆژئاواوە، بەڵام جان بۆدریار لـە (ئینسکلۆپیدیای گشـــتی) دا ئـــەم بنەمایـــە تایبـــەت دەکـــات بـــە شارســـتانیەتی رۆژئاواوەو دەڵێت: مۆدێرنیتێ چـەمکێکی نـە سۆسیۆلۆجییە ونـە سیاســییەو نــە بــە تــەواوەتی مێژووییشــە. بــەڵکو شــێوازێکی شارستانی تایبەتـە کـە دژ دەبێتـەوە لەگـەڵ شێوازی کۆنـدا، واتـە دژ دەبێتەوە لەگەڵ هـەموو ئـەو کـەلتورە تەقلیدیانـەدا کـە بـەر لـە خـۆی هـەبوون. لەگـەڵ بـوونی فرەرەنگـی جوگرافی و رەمزیشـدا لـەو کولتورانـەدا بـەڵام مـۆدێرنیتێ خـۆی وەک شـتێکی یـەکرەنگ

دەسەپێنێ و روناکی خۆی لە رۆژئاواوە بەسەر هەموو جیهاندا بڵاو دەکاتەوە.

ئەم پێناسەیەی بۆدریار کە تا ئاستێکی زۆر پێناسەیکی قبوڵکراوە بۆ مۆدێرنیتێ و گوزراشتێکی وەردە لە بە رۆژئاوایکردنی مۆدێرنیتێدا. ئەو بەم پێناسەیە دەیەوێت ئەوە بڵێیت کە رۆژئاواییەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ یەکەمجار توانیان نەریتێکی نوێ دابهێنن کە جێگە بە نەریتە کۆنەکانی رۆژئاواو هەموو نەریتە کۆنەکانی جیهان لێژبکات و خۆی بچێتە شوێنەکەیان .

ئەم دیاریکردنەی بۆردیار بۆ مۆدێرنیتێ گرفتی زۆری تیایە بەهۆی ئەوەوە کە بنەمای داهێنانی نەریتی تایبەتکردووە بە رۆژئاواییەکان. رۆژئاواییەکان بە پێی ئەم پێناسەیە بێت شێوازێکی نوێییان لە ژیان بە کۆی نەریتەکانییەوە داهێناوەو لەلای خۆیان بەو شێوازە لە ژیانییە نوێییەو نەریتەکانی رووبەرووی هەموو ئەو شێوازە ژیانییە تەقلیدییە لۆکاڵیانەی رۆژئاوا نەریتە جیاوازەکانیان بوونەتەوەو ژیانێکی چونیەکیان بە کۆمەڵە نەریتێکی چون یەکەوە بۆ هەموو رۆژئاوا هێناوەتە ئاراوەو دوای ئەوەش ئەو شێوازە لە ژیان و نەریتەکانیان داوە بە میللەتەکانی دەرەوەی رۆژئاوا تا ژیان و نەریتە کۆنەکانی خۆیان فڕێبدەن و بەو نەریتە نوێیانە جێگەیان بگرنەوە .

ئەمەی کە بۆردریار لە بارەی مۆدێرنیتێی رۆژئاواییەوە دەیلێت دەکرا ئیبن خەلدوونیش لە سەردەمەکەی خۆیدا لە بارەی ئیسلامەوە بیلێت و بڵێت: ئیسلام چەمکێکی نە سۆسیۆلۆجییەونە سیاسییەو نە بە تەواوەتی مێژووییشە. بەڵکو

شێوازێکی شارستانی تایبەتە کە دژ دەبێتەوە لەگەڵ شێوازی کۆندا، واتە دژ دەبێتەوە لەگەڵ هەموو ئەو کەلتورە تەقلیدیانەدا کە بەر لە خۆی هەبوون. لەگەڵ بوونی فرەرەنگی جوگرافی و رەمزیشدا لەو کولتورانەدا بەڵام ئیسلام خۆی وەک شتێکی یەکرەنگ دەسەپێنێ و رونـاکی خـۆی لـە نیوەدوورگـەی عەرەبییەوە بەسەر هەموو جیهاندا بڵاو دەکاتەوە.

گەر ئەمە بۆ مۆدێرنتێ راست بێت، بێگۆمان بۆ ئیسلام و مەسیحیەت و شارستانیەتەکانی تریش هەر هەمان شتەو لە ناومیللەتێکی دیاریکراودا ژیانێکی نوێ بە کۆمەڵە نەریتێکی نوێوە دێتە ئاراوەو کۆتایی بە شێوازی ژیانە تەقلیدییە لۆکاڵیەکان و نەریتە جیاوازەکانیان دەهێنێ و دواتریش میللەتەکانی تر ئیتر بە جەنگ بێت یان ئاشتی ئەو شێوازە لە ژیان وەردەگرن و دەیخەنە شوێنی شێوازی ژیانە لۆکاڵییەکەی خۆیان. لەوانەیە بوترێت بەڵام ئەو شێوازە لە ژیان کە مۆدێنیتێ هێناویەتی جیاوازە لەو شێوازانە لە ژیان کە لە شارستانییەتەکانی تردا بڵاو بووەتەوە. بێگومان جیاوازەو هەردەبێت جیاوازیش بێت بەڵام ئەوە هیچ لەوە ناگۆڕیت ئەو شێوازە لە ژیان کە لەناو میللەتێک یان چەند میللەتێکدا پەیدا دەبێت و دواتر خۆی جیهانی دەکاتەوە لە جیهانیبوونەوەکەیدا هەمان رێڕەوی نەبووبێت .

کاتێک نەریتە داهێنراوە نوێکان دەکەونە ناوئەم دۆخەوەو بەهۆیەوە دەگۆڕێن بۆ نەریتیکی تەقلیدی پیرۆز ئیتر گۆڕینیان بە نەریتی نوێ وەک مەحاڵی لێدێت. بۆیە ئەم پرۆسەی بە جیهانیبوونەی شێوازە لۆکاڵیەکانی ژیانی میللەتێک هەر خۆی پرۆسەیەکە دژی ئەو بنەمایە کە بە هۆی کارابوونییەوە ئەو

نەریتـە لۆکاڵییـە پەیـدابووە. واتـە بـەم پرۆسـەیە مـۆدێرنیتیٚ دەگۆڕێـت بـۆ دژەکـەی. لێرەدا شـێوازێک لـە ژیـان بـە کۆمەڵـە نەریتێکەوە ریشـە دادەکوتیٚ و خـۆی جێگیردەکات و بۆ ئـەوەی تاهەتایە بمێنێتەوە .

بۆدریـار مـۆدێرنیتی وەک بنـەمای داهێنـانی نەریتـە نوێکـان لەگەڵ ئەو نەریتەی کە لـەو بنەمایـەوە پەیدا دەبێت جیاناکاتـەوە. مـرۆڤ لـە هەرشـوێنێک و هـەر سـەردەمێکدا بووبێت ئـەو هێـزە نەریتداهێنـە لـە بوونیـدا هـەبووەو ئـەوەی کـە هـیچ مرۆڤێـک لێـی بێبەش نییە ئەو هێزەیە .

بەڵام ئەو هێزە کـە لـە سـەردەمێکدا لـەناو کەسـانی میللەتێکدا کـارا دەبێـت و نـەریتێک بـۆ سـەردەمەکەی خـۆی دادەهێنـیٚ، ئـەو نەریتەی دایدەهێنیٚ تەنها بۆ ئـەو میللەتـەو بـۆ ئـەو سـەردەمەشـە، بۆیە بەرهەمی ئەم هێزە وەک بوونی خـۆی بـوونێکی هەمیشـەیی نابێت و لە سـەردەمێکەوە بۆ سـەردەمێکی ترو لە میللەتێکەوە بـۆ میللەتێکی تر دەگۆڕێت.

بۆیـە ئـەوەی ئـەو هێـزە نەریتداهێنـە هەمیشـەییە دایـدەهێنیٚ هەمیشـەیی نییـەو بـۆ سـەردەمێکی دیـاری کـراو و میللـەتێکی دیـاریکراوە. کاتێـک ئـەو هێـزە نەریتداهێنـە لـە نـاو میللەتێکـدا و لەسەردەمێکی دیاریکراودا نەریتێک دادەهێنیٚ، کاتیک ئـەو میللەتـە ئـەو نەریتـە وا دەبینـیٚ کـە بـۆ هـەموو میللەتـەکان و بـۆ هـەموو سـەردەمەکانە، ئـەوە نەریتەکـەی تـەماهی پێکـردووە لەگـەڵ هێـزە نەریتداهێنەکەدا تا خاسیەتی هەمیشەییبوونی ئەو هێزە داهێنـەرە بدات بە بەرهەمەکەی کە بوونێکی کاتی و ناهەمیشەیی هەیە .

بۆدریـار کاتێـک ئـەو نەریتـە رۆژئاواییـەی کـە بـە مـۆدێرنیتیٚ نـاوی دەبات و بـە نـەریتێکی جیهانی دەبینی و پێـی وایـە دەبێـت

هەموو میللەتەکانی جیهان وەریگرن و نەریتە کۆنەکانی خۆیانی پێ نەفی بکەنەوە، بەمە بەرهەمی هێزە نەریتداهێنەکە کە نەریتێکی ناهەمیشەیی و لۆکاڵییە گۆڕیوە بۆ بەرهەمێک کە هەمیشەیی و جیهانییە.

ئەو بەم لێکدانەوەیەی کە بۆ نەریتە رۆژئاواییەکە کردوویەتی ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەو هێزە نەرتیداهێنە کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتیدا لە داهێنانی نەریتی نوێ نەکەوتووە دواین نەریتی خۆی لە رێگەی میللەتە رۆژئاوایەکانەوە داهێناوەو دوای ئەوە ئیتر هیچ نەریتێکی تر داناهێنێ بۆیە دەبێت هەموو میللەتەکانی جیهان ئەو نەریتە وەرگرن و نەفی هەمووئەو نەریتە کۆنانەی خۆیانی پێبکەنەوە کە پیشتر ئەوهێزە نەریتداهێنە لە ناو ئەواندا دایهێناون .ئەم تێڕوانینەی بۆدریار بۆ مۆدێرنیتێ وەک ئەو تێڕوانینە وایە کە ئیسلامی وەک دواهەمین ئاین پێناسە کردووەتەو ئەوەی سەپاندووە میللەتەکان هەموویان ئاینی ئیسلام وەرگرن و نەفی ئەو نەریتە ئاینیانەی خۆیانی پێ بکەن کە بەر لە پەیدابوونی ئیسلام بوونیان هەبووەو دەبێت ئەوەش قبووڵکەن ئەو هێزە نەریتداهێنە نەریتەکانی خواناسی لە ناو مرۆڤایەتیدا داهێناوە، ئیسلام دواهەمین وکۆتا نەریتە کە دایهێناوە و دوای ئەوە ئیتر ئەو هێزە هیچ نەریتێکی خواناسی نوێ لە ناوهیچ میللەتێکی تردا داناهێنێ .

بۆدریار لیرەدا هەستی پێکردبێت یان هەستی پێنەکردبێت ئەوخاسیەتانی کە هی ئەوهێزە نەریتداهێنەیە گواستونیەتەوە بۆ بەرهەمی ئەو هێزەو بەمەش نەریتە ئەوروپییەکانی لە کۆمەڵە نەریتێکی راگوزەرەوە کردوون بە نەریتی پیرۆز و هەتاهەتایی .

وەک چـۆن دیکـارت دەڵێـت عـەقڵ ئەوەیـە کـە لـە هـەموو مرۆڤێکدا هەیـە، بنـەمای داهێنـانی نـەریتیش لـە هـەموو مرۆڤێکدا هەیەو شیانی چالاکبوونە. کاتێکیش چالاک دەبێت ئـەو مرۆڤـە لـە بەرامبەر ئەو شیوازە لە ژیان و نەریتەکانی کە لـە منداڵییـەوە لـە ناویـــدا چێنـــراون هەســـت بـــە نـــامۆبوون بکـــات و بکەوێتـــە بیرکردنـەوە لـەوەی ئـەو نەریتانـە لـە کوێـوە هـاتوون؟ ئایـا ئـەو دەتوانێت نەریتێک بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خـۆی دابهێنـێ؟ مـرۆڤ لە هەر شوێنێک بێت بکەوێتـە نـاو ئـەو نامۆبوونـەوە لەگـەڵ ئـەو ژیانـە تەقلیدیـەو نەریتـە ناعەقڵانیەکانیـدا، ئـەوە ئـەو بنەمایـە لـە ناویدا کارا دەبێت کە نەریتە نوێکان لێیەوە پەیدا دەبن .

گـەر مـۆدێرنیتێی ئـەوروپی بـەو ئاراسـتەدا بڕۆشـتایە کـە دیکـارت و فەیلەسـوفانی ئـەڵمان نەخشـەیان بـۆ کیشـابوو، ئـەوە دەکـرا بڵێـین شارسـتانیەتی رۆژئـاوا رەوتێکـی مێژوویـی تـەواو جیاوازی هەیە لەگەڵ رەوتی بۆ نموونە شارستانیەتی مەسـیحیدا یـــان شارســـتانیەتی ئیســـلامیدا. چونکـــە ئـــەو کاتـــە ئـــەو هێـــزە نەریتداهێنــە کــە لەســەردەمی دیکارتــدا لــە نــاو رۆژئاواییەکانــدا کارابووە و کەوتە داهێنانی نەریتە نوێکانی خـۆی، ئـەوە هـەر بـە کارایی دەمایەوەو ئەو کاتە لەبری ئـەوەی نەریتـە نوێکـانی خـۆی وەک نـەریتی پیـرۆزو هەتاهـەتایی بەسـەر میللـەتانی دەرەوەی خۆیـدا بسـەپێنێ، کۆمـەکی ئـەو میللەتانـەی دەکـرد تـا ئـەوانیش ئـەوهێزە نەریتداهێنـە لـە خۆیانـدا کارابکـەن و نەریتـە نوێکـانی خۆیان دابهێنن وکۆتای بە نەریتە کۆنەکانیان بهێنن. نەریتی نـوێ بـۆ هـەر میللـەتێک ئـەو نەریتانـەن ئـەو هێـزە نەریتداهێنـەی نـاو خۆی دایان دەهێنێت نـەک ئـەو نەریتانـەی کە لـە میللـەتێکی تـری وەردەگرێت و دەیانخاتە شوێنی نەریتە کۆنەکانی خۆی .

نەریتی نوێی هیچ میللەتێک بۆ میللەتێکی تر نویٚ نییە، نەریتی نویٚ تەنها بۆ ئەو میللەتە نوێیە کە خۆی بۆ خۆی دایهێناوە، چونکە تەنها ئەو نەریتانە لەگەڵ ئەو هوشیارییەدا هەمئاهەنگن کە بە بوونی خۆی هەیەتی. بۆیە هەموو نەریتێکی نویٚ هەردەبێت لۆکاڵی بێت و نابێت جیهانی بێت .

هەر نەریتێک بیەوێت خۆی جیهانی بکاتەوە ئەوە دەیەوێت لە نەریتیکی راگوزەری سەردەمێکەوە خۆی بکات بە نەریتێکی هەمیشەیی و هەتاهەتایی. ئەمەش لە راستیدا بەرهەمی پەککەوتنی ئەوهێزە نەریتداهێنەیە کە سەرچاوەی پەیدابوونی ئەو نەریتەیە .

کاتێک میللەتێک نەریتە داهێنراوەکانی خۆی جیهانی دەکاتەوە و میللەتانی تر ناچار دەکات بە وەرگرتنیان یان رێگری ناکات لەوەی میللەتەکانی تر ئەو نەریتانە وەربگرن ئەوە هەم ئەو هێزە نەریتداهێنە لە خۆیدا لە کار دەخات و هەم لەو میللەتانەششدا لە کاری دەخات کە نەریتەکەی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنیٚ.

پاراستنی کارایی ئەو بنەمایە کە میللەتێک لە تازبوونەوەیەکی هەمیشەیدا دەهێڵێتەوە، لەو میللەتە دەخوازێت ئەو نەریتانەی خۆی وەک کۆمەڵە نەریتێکی تایبەت بە خۆی ببینێت و وەک نەریتێک نەیان بینیٚ کە باشن بۆ میللەتەکانی تر. واتە ئەو بنەمایە لێی دەخوازێت وا نەریتەکانی خۆی ببینیٚ کە لۆکاڵین و جیهانی نیین، بۆیە دەبێت خۆی رێگری لەوە بکات کە جیهانی بکرێنەوە .

ئەو میللەتە لە بری ئەوەی بانگهێشتی میللەتەکانی تر بکات بۆ گواستنەوەی نەریتەکانی خۆی دوا لە میللەتەکانی تر دەکات کە ئەوانیش ئەو هێزە نەریتداهێنە لە ناو خۆیاندا کارا بکەن و

نەریتە نوێکانی خۆیان دابهێنن. ئەمە لەراستیدا مانەوەیە لە ناو مۆدێرنیتێدا. ئـەوەی کـە مۆدێرنـە نـە ئەوەیـە کـە لـە داهـاتوودا هەیەو نە ئەوەیە کە لە رابردوودا هەیە بەڵکو ئەوەیە کە ئەو میللەتە لەو سەردەمەی خۆیدا وەک نەریتێکی نوێ دایدەهێنێ بۆ خـۆی و نـەوەکانی دواتـر گەشـەی پێـدەدەن تـا کامـڵ دەبێـت و کۆتـایی پێـدێت. مـۆدیرنیتێ بـەم مانایـە بـوونی لـە نـاو ژیـانی نەوەیـەکی میللەتێکدایـە کـە خـۆی هـەم بەشـدارە لـە داهێنـانی نەریتـەکانی ئـەو ژیانـەو هـەم بەشـدار لـە کارپێکردنیانـدا. بـە مانـا کانتییەکەی هەم یاسادارێژەرەو هەم جێبەجێکاری یاساکانیشە .

بـە بـێ ئامـادەبوونی ئـەوهێزە نەریتداهێنـە هـیچ میللـەتێک ناکەوێتـە نـاو مـۆدێرنێتێی راسـتەقینەوە بـا ئـەو نەریتانـەش کـە ژیانیـان پێـدەکات لـە کۆمەڵگایـەکی سـەرووەمرۆیی وەرگـرتبن. لەمەی سەروە دەگەین بەوەی بیرمەندە فەرنسیەکان مانایەکی رەگەزییان داوە بە مۆدێرنیتێ و بەوەی دەزانن کە شێوازێکە لە ژیان کە رۆژئاواییەکان دایانهێناوەو ئەم شێوازە لە ژیان دوایین شێوازی ژیانـە و کامڵترینیشـیانە، بۆیـە دەبێـت هـەموو میللەتـە جیاوازەکانی جیهان واز لەو شێوازە لە ژیان بهێنن کە خۆیان داینهێناوە بۆ خۆیان و ئەو شێوازە بۆ ژیان لە رۆژئاوا وەرگرن کە لە دواییەوە مرۆڤایەتی هیچ شێوازێکی تر بۆ ژیان داناهێنێ .

بەڵام فەیلەسوفانی ئەڵمان مانایەکی تریان بە مۆدێرنیتێ داوە کە رەگەزی نییە، ئەویش ئەوەیە: لە ناو هەموو میللەتێکدا هێزێک بۆ نەریتداهێنان هەیە و هەتا مرۆڤایەتیش مابێت ئەو هێزە لە باریدا هەیە نەریتی نوێ بۆ ئەو میللەتە دابهێنێت و مۆدیرنیتێش ئەوەیـە کـە هـەر میللـەتێک لـە رێگـەی ئـەوهێزە نەریتداهێنـەی خۆیـەوە خـۆی نەریتـەکانی خـۆی دابهێنـێ و هـەر خۆیشـی

جێبەجێیان بکات. لەمەوەیە کە کانت دەڵێت مرۆڤ خۆی دەبێت لە هەمان کاتدا داڕێژەری یاساکان و جێبەجێکاری یاساکانیش بێت.

دوای رۆشنکردنەوەی ئەم دوو مانایەی مۆدێرنیتێ دەتوانین وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە. پرسیارەکە دەکرێت بەم شێوەیەش بکرێت: کێشەیە لە نێوان کوردوو مۆدێنێتیدا هەیە ئایا خەتاکە هی مۆدێنێتییە یان خەتاکە هی کوردە؟ لە کاتێکدا رۆشنبیرانی کورد خەتاکە بە هی کورد دەزانن و رەخنە لە کورد دەگرن بەوەی کە بۆ نەریتەکانی مۆدێرنیتیی رۆژئاواییە دەستبەرداری نەریتە کۆنەکانی خۆی نابێت، هەر ئەمەشە وایکردووە کە دەوڵەتی نەبێت و لە دەرەوەی مێژوو بێت.

ئەو بۆچوونە کە ئۆباڵی بێدەوڵەتی و نەبوونی کورد لە ناو مێژوودا دەخاتە ئەستۆی کورد لە دوای نەوەدەکانەوە لە باشور سەرهەڵدەدات. ئەو رۆشنبیرانەی باشور کە کوردیان وا پێناسە کردەوە میللەتێکی کێوییەو هەر بە یاساکانی سروشت ژیان دەگوزەرێنی نایەوێت بێتە ناو ژیانی مۆدێرنەوە، پشتیان بەپێناسەکردنەکەی بیرمەندانی فەرەنسی بۆ مۆدێرنیتە بەستووە. تا ئێستاش ئەوان گوێزەرەوەیەکی خراپی ئەو تێروانینە فەرنسیەن کە بۆ مۆدێرنیتێ و پۆست مۆدێرنێتێ هەیە. هەر بەهۆی ئەمەشەوە وا پەیوەندی نێوان کوردو مۆدێرنێتییان لێکداوەتەوە کە کورد دژی مۆدیرنیتییەو بەهیچ شێوەیەک نایەوێت دەستەبەرداری نەریتەکانەکانی خۆی ببێت و نەریتە رۆژئاواییە مۆدێرنەکان وەرگرێت تا بێتە ناو مێژووەوە، بۆیە مەحکومە بەوەی هەر لە دۆخە کێوییەکەی خۆیدا بمێنێتەوە کە ئەوان ناویان نابوو دۆخی مانەوە .

ئەوان سەرتا بانگێهیشتیان بۆ مۆدێرنیتێی ئەدەبی دەکرد و پێیان وابوو ئەو ئەدەبیاتە کوردییە مۆدێرنە کە بەر لەوان هەیە ئەدەبیاتێکی مۆدێرن نییەو بەرهەمهێنەرانی ئەو ئەدەبیاتە ئەدەبیاتەکەی خۆیان وا پێناسەکردووەتەوە کە مۆدێرنە. هێرشەکەشیان بۆسەر ئەو شاعیرانە بوو کە لە هەشتاکاندا سەدەی پێشوودا لە ژێر ناوی مۆدێرنیتێ هەوڵی تازکردنەوەی شیعرو ئەدەبیاتی کوردییان لە باشور دابوو .

بەپێی بۆ چوونی ئەو رۆشنبیرانە ئەو ئەدەبیاتەی لە کۆتایی حەفتەکان و سەرەتای هەشتاکاندا بەناوی مۆدێرنیتێوە نوسراوە ناکەوێتە ناو مۆدێرنێتەوەو ئەو شیعرانەی ئەوان بەرهەمی مۆدێنیتێیەکی ساختەن. بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەوە بوو کە ئەو ئەدەبیاتە سنورە ناوچەییەکەی خۆی کە شاری هەولێرە تێنەپەڕاندووە نەیتوانیووە وەک ئەدەبیاتی مۆدێرن زاڵ ببێت بەسەر شێوازە ئەدەبییە ناوچەییەکانی تردا و یەکڕەنگیەک لە شێوازی ئەدەبیاتی کوردیدا دروست بکات .

لێرەدا پێوەری ئەوان بۆ مۆدێرنیتێی ئەدەبی زاڵبوونی شێوازێکی ئەدەبی بوو بەسەر هەموو شێوازە ئەدەبییەکانی ناوچەکانی تری کوردستاندا. ئەمەش دووپاتکردنەوەی هەمان بۆچوونی رەگەزخوازانەی بیرمەندە فەرنسیەکانی وەک بۆدریارە بۆ مۆدێرنێتێ .

مۆدێرنیتێ لای ئەم رۆشنبیرانە دەچێتە دۆخێکی رەگەزییەوە بۆ سەپاندنی شێوازی ئەدەبی خۆیان نەک بەسەر شێوازە ئەدەبییەکانی باشوردا بەڵکو بەسەر شێوازە ئەدەبیەکانی پارچەکانی تری کوردستانیشدا، هەر بۆ سەرگرتنی ئەو پرۆژەیە ئەو رۆشنبیرانە لە سالانی پێشوودا کەمپینێکیان بۆ

ستانداردکردنی ئەو زمانە ئەدەبییە کرد کە خۆیان پێیان دەنوسی تا لە ڕێگەی حکومەتەوە بکرێت بە زمانی خوێندن ونوسین نەک هەر لە باشوردا بەڵکو لە سەرانسەری کوردستاندا .

ئەوان هەم لەوەدا شکستیان هێنا کە شێوازە ئەدەبیەکەی خۆیان کە شێوازێکی ناوچەیی بوو لە شێوازێکی ناوچەییەوە بکەن بە شێوازێکی سەرتاسەری هەم شکستیان هێنا لەوەد ئەو زمانەی پێیان دەنوسی ستاندارد بکرێت و لە ڕێگەی هێزەوە بکرێت بە زمانی خوێندن و نوسینی ناوچە جیاجیاکانی باشور. شێوازە ئەدەبیەکەی ئەوان هەر لە چوارچێوەی شاری سلێمانیدا وەک شێوازێکی ناوچەیی ئەدەبیاتی کوردی مۆدێرن مایەوە و شێوازە ئەدەبیەکەی هەولێریش درێژەی بە تەمەنی خۆیدا، وەک زمانی نوسینیش ئەو زمانەی ئەوان ئەدەبیاتەکەی خۆیان پێیدەنوسن هەر لە سنورە ناوچەییەکەی خۆی مایەوەو بادینانیش کە بە بادینی دەیانخوێندو دەیانوسی هەر لەسەر خوێندن و نوسین بە زمانەکەی خۆیان بەردەوام بوون .

شکستهێنانی ئەو ڕۆشنبیرانە لە پرۆژەی سەپاندنی نەریتە زمانی و ئەدەبیەکەی خۆیان بەسەر ناوچەکانی تردا مانای ئەوە نییە کە ئەوان لە کارە ئەدەبیەکانی خۆیاندا شکستیان هێناوەو نەینتوانیووە دەقی ئەدەبی سەرکەوتوو بنوسن، ئەشێ هەر بەرهەمێکی ئەدەبێ کە سەر بە نەریتێکی ناوچەیی ئەدبیاتی مۆدێرن بێت لە کوردستانداو وەربگێڕێت بۆ زمانەکانی جیهان و نۆبڵیش بەدەست بهێنێ، بە بوونی بە ڕۆمانێکی جیهانی ئەمە ئەوە ناگەینێ کە نەریتی زمانی و ئەدەبی ئەو ڕۆمانە جیهانییەو ناوچەیی نییە، گەر نەریتەکانی پەیدابوونی ئەو ڕۆمانە جیهانی

بن دەبێت ئەو نەریتە زمانییەی کە ڕۆمانەکەشی پێ نوسراوە جیهانی بێت لە کاتێکدا نەریتە زمانیەکە نەریتێکی ناوچەیی کوردییەو تەنانەت نەریتێکی نەتەوەیی و سەرتاسەریش نییە. نوسینی ڕۆمانێک یان شیعرێک بە تەکنیکێکی بەرز نە جیهانبینی ڕۆمانووسەکە لە جیهانبینیە ناوچەییەکەی خۆی دەردەکات نە ئەو زمانەش کە پێی نوسیووە لەزمانێکی ناوچەییەوە دەیکات بەزمانێکی سەروناوچەیی .

شکستهێنانی ئەو پرۆژەیەی ئەوان لای ئەوان شکستهێنانی مۆدێرنیتێ نەبوو بەڵکو شکستهێنانی کوردبوو لەبەردەم مۆدێرنیتێدا، چونکە ئەوە ناوچە کوردییەکانن هەریەکەیان دەستی بە زمان و شێوازە ئەدەبیەکەی خۆیەوە گرتووەو قبوڵی ئەوە ناکان زمان و شێوازێکی سەرتاسەری جێگەی زمان و شێوازە ناوچەییەکان بگرێتەوە .

گەر مۆدێرنیتێ زاڵبوونی نەریتێکی زمانی وئەدەبیی ناوچەیی بێت بەسەر نەریتە زمانی و ئەدەبیەکانی ناوچەکانی تردا ئەوە واقعی کورد پێمان دەڵێت: کورد بە هەر ناوێکەوە بێت قبوڵی ئەم یەک نەریتییە ناکات و پەیڕەوی لە فرەنەریتی دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کورد دژی مۆدێرنیتێیە بە مانا ڕەگەزخوازییە فەرەنسیەکەی ئیتر مۆدێرنیتێی ئەدەبی و هونەری بێت یان مۆدێرنیتێتێی سیاسی و کولتوری . ڕۆشنبیرەکان لەودا ڕاستن کە کورد قبوڵی ئەو مۆدێرنیتێیە ناکات کە ئەوان خەونیان پێوە دەبینی، بەڵام ئەمە مانایا ئەوە نییە کە قبووڵی مۆدێرنیتێ بە مانا مرۆییە نارەگەزییەکە ناکات. بەڵام کورد چەند دووربێت لە مۆدێرنیتێی ڕەگەزییەوە، ئەوەندە نزیکە لە مۆدێرنیتێی مرۆییەوە.

بۆ روونکردنەوەی ئەمە دەبێت بە شێوەیەکی تر ئەو دوو مەبەستە کە لە ڕێگەی وشەی مۆدێرنیتێوە دەردەبڕێن داڕێژینەوە. مۆدێرنیتێی ڕەگەزی پێمان دەڵێت: دەستبەرداری نەریتە کۆنەکەی خۆت ببە و ئەو نەریتە نوێیە جێبەجێبکە کە لە ململانێێ نەریتەکاندا زاڵترینیانە. بەڵام مۆدێرنیتێی مرۆیی پێمان دەڵێت: ئەو نەریتە نوێیە جێبەجێ بکە کە خۆت داتهێناوە .

با بزانین کورد لە مێژودا پەیڕەوی لە کام لە دوو فرمانە کردووە؟ کاتێک ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی پەرەسەندنی نەریتە کوردییەکان و مامەڵکردنی کورد لەسەردەمە جیاجیاکاندا لەگەڵ نەریتە زاڵەکانی ئەو سەردەمانەدا لەوە تێدەگەین کورد هەمیشە بەلای ئەودا ڕۆشتووە بەپێی فرمانی مۆدێرنیتێی مرۆیی هەڵسوکەوت بکات واتە ئەو فرمانەی کە دەڵێت: ئەو نەریتە نوێیە جیبەجێ بکە کە خۆت داتهێناوە.

**بەشی دەیەم مۆدێرنە**

میدیەکان کە واناسراون کورد لەوانەوە پەیدابووە بە پەیڕەوکردنیان لەو فرمانە کە دەڵێت ئەو نەریتە لە ژیانی خۆتا جێبەجێ بکە کە خۆت داتهێناوە، وەک تاکە میللەتێکی ناوچەکە ئەوە ڕەتدەکەنەوە ئەو نەریتەی حوکمڕانی ئاشوورییەکان قبوڵبکەن کە داهێنراوی ئەوانە، لەبەر ئەوەی ئەو نەریتەیان قبوڵنەکردووە چەندەهاجار لەلایەن ئاشوورییەکانەوە هێرشکراوەتە سەریان و ئەوانیش لە ناو شاخەکاندا بێ سەروشوێن بوون و جارێکی تر گەڕاونەتەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان هەتا ئەوکاتە کە دیاکۆ لە ناویاندا هەڵدەکەوێت و هوشیاریان دەکاتەوە بەو فرمانەو دەوڵەتی میدی وەک

دەوڵـــــەتێکی فرەنـــــەریت دادەمـــــەزرێنێ و دوای ئـــــەوەش ئاشــوریەکان لــە بەرامبەریانــدا شکســت دەهێــنن و کۆتاییــان پێدەێت .

دیاکۆ خێڵە میدیەکان هوشیار دەکاتەوە بەو فرمانەی کە داوا دەکات هەر خێڵێک ئەو نەریتە جێبەجێ بکات کە خۆی دایهێناوە، ئــەو نابێــت نــەریتی خێڵەکــەی خــۆی بەســەر خێڵــەکانی تــردا بســەپێنێ ئــەو تــەنها هەمئاهــەنگی لــەنێوان نەریتــە جیاوازەکانــدا ســازدەکات و هــەر خێڵێــک بــەوە هوشــیار دەکاتــەوە کــە ئــەو نەریتــەی هەیــەتی نــە خراپتــرەو نــە باشــترە لــە نەریتــەکانی تــرو هــەرخێڵیک لــە خێڵــەکانی نــەریتی خــۆی بــۆ خــۆی باشــە بۆیــە هەریەکـەیان بـە نەریتەکـەی خۆیـەوە دەبێت بمێنێتـەوە پـەیڕەوی لەو فرمانە بکات کە دوا دەکات ئەو نەریتـە جێبـەجێی بکـەیت کـە هێزە داهێنەرەکەی نەریت لە خۆتدا بۆ خۆتی داهێناوە. ئەمـەش بنەمای راستەقینەی ئازادییەو هەر لەمەشەوەیە کە هیرۆدۆت لـە بـارەی میدیەکانـەوە دەڵێت: ئـەوان خـەڵکیان فێری ئـازادی کـرد. واتـە فێری ئـەوەیان کـردن نـەریتی ئـەوانیتر قبـوڵ نەکـەن و ئـەو نەریتانـە جێبـەجێ بکـەن کـە ئـەو هێـزە نەریتداهێنـە لەوانـدا بـۆ ئەوانی داهێناوە .

کورد لـەدوای میدیەکانـەوە ئـەوە فەلسـەفەکەی بـووە کـە ئـەو نەریتانە لە ژیانیدا جێبـەجێ بکـات کـە خـۆی بـۆ خـۆی دایهینـاوە. ئەم بنەمایەش بەوە پەیڕەو ناکرێت کە نەریتێکی ناوچەیی لە نـاو کوردا لـە ڕێگـەی زاڵبوونـەوە ئەو رەوایەتییە وەربگرێت خـەڵکی ناوچـــەکانی تـــر بـــەهۆی زاڵبوونەکەیـــەوە وەریبگـــرن و دەستەبەرداری ئەو نەریتانەی خۆیان ببن کـە خۆیـان بـۆ خۆیـان دایانهێناوە .

هەر لەمەشەوە لەناو کوردا لەبری یەک نەریتی زاڵ چەندەها نەریتی جیاوازی ناوچەیی هەیە کە تا ئیستاش پارێزگاری لە خۆیان دەکەن و قبووڵی ئەوە ناکەن  نەریتی زاڵ لە ناو خۆیاندا سەرهەڵبدات و کۆتایی بە نەریتە ناوچەییە جیاوازەکان بهێنێ .

کورد چۆن ئەم فرمانە لە نێوان نەریتە ناوچەییەکانی خۆیدا جیبەجێ دەکات ئاواش بۆ نەریتە زاڵەکانی دەرەوەی خۆی جیبەجێی دەکات و نەریتە زاڵەکانی میللەتانی تر کە خۆیان وەک نەریتی جیهانی پێناسە دەکەنەوە قبوڵناکات. پەیڕوکردنی ئەم فرمان لە هەموو نەریتەکانیدا دیارە هەر لە نەریتی ئاینییەوە بیگرە تا نەریتی هونەری و ئەدەبی و نەریتی سیاسی و حوکمڕانی.

بە هاتنی ئیسلام نەریتێکی نوێ بۆ ژیان و خواناسی لە نیوە دوورگەی عەربیدا پەیدا دەبێت کە جیاوازە لە نەریتی خواناسی مەسیحی و یەهودی و نەریتەکانی  تر. ئەو نەریتە لەماوەی چارەکە سەدەیەکدا نەبێت بە نەریتی نوێی ئەو عەربانەی کە لە نیوەدوورگەی عەربی دەژین و دواتر بۆ دەرەوەی خۆی بە ناوی ئاینێکی نوێوە پەلوپۆ دەهاوێت. ئەو نەریتە لە ڕێگەی میللەتەکانی ترەوە سیستەماتێک دەکرێت و لە دوای دوو سەدە مەزهەبەکان دەردەکەون کە کاریان ئەوەیە ئەو نەریتە لە نەریتێکی ئاینی ناوچەییەوە بەرزبکەنەوە بۆ نەریتێکی هەمیشەیی و هەتاهەتایی. مەزهەبەکان کاریان ئەوەیە ئەوەی کە سەردەمییەو راگوزەرە بیگۆڕن بۆ ئەوەی کە هەتاهەتاییە. دوای ئەوەش وەک نەریتێکی ئاینیی نوێ لە ڕێگەی هێزەوە بیسەپێنن بەسەر میللەتەکانی دەوربەرداو ناچاریان بکەن واز لە نەریتە ئاینییە کۆنەکانی خۆیان بهێنن .

کورد لە بەرامبەر ئەو نەریتە ئاینییەدا کە لە ڕێگەی مەزهەبەکانەوە گۆڕاوە بۆ نەریتێکی هەتاهەتایی و بووە بە نەریتی زاڵ هەڵوێستێکی تری هەیە کە جیاوازە لە هەڵویستی ئەو میللەتانەی کە دەستبەرداری نەریتەکانی خۆیان دەبن بۆ نەریتی زاڵی ئەو سەردەمە .

کورد لە جیاتی ئەوەی وەک میللەتەکانی تر سەرقاڵبێت بەوەوە ئەو نەریتە زاڵە وەربگرێت لە ناوچە جیاجیاکاندا چەند نەریتێکی خواناسی جیاواز بۆ خۆی دادەهێنی. لە هەورامان نەریتی خواناسی یارسانی سەرهەڵدەدات و دواتریش نەریتێکی تری خواناسی پەیدا دەبێت بە ناوی ئێزیدی جگە لەم دوانەش نەریتی خواناسی تر پەیدا دەبن. پەیدابوونی ئەم نەریتانەی خواناسی لە ناو کوردا و قبوڵنەکردنی نەریتە مەزهەبییەکانی ئیسلام ئاماژە بەوە دەدات کە کورد دەستی لەو فرمانە بەرنەداوە کە داوای لێدەکات پەیڕەوی لەو نەریتە بکات کە خۆی دایهێناوە .

ئەو نەریتە ئاینیانە هیچیان نەریتی یەکجارەکەی نین و لەناو خۆشیاندا پەیڕەوی لە نەریتگۆڕکێیەکی بەردەوام دەکەن. لە ئاینی یارساندا ڕێنماییەکانی هیچ دەوریەک کەڵکی دەوریەکی تریان نییەو ڕێنمایی ئاینی جێگیر نین و هەر دەورەیەکی نوێ کە دێت نەریتێکی نوی لەگەڵ خۆیدا دەهێنی و دەبێت لەو دەورەیەدا پەیڕەوی لەو نەریتە بکرێت. بۆنموونە نەریتەکانی دەورەی شاخۆشینی لوڕستانی بەکەڵکی دەورەی باباناوسی سەرگەتی نایێن و لە دەورەی باباناوسدا دەبێت پەیڕەوی لە نەریتەکانی ئەو دەرورەیە بکرێت کە لەو سەردەمەدا پەیدابوون.

بۆیــە نــەریتێکی جێگیــری مەزهــەبی لــە دەورە یارســانییەکاندا بوونی نییە .

ئیمە گەر سـەیری نەریتـە ئیسـتاتیکییەکانی کـورد بکـەین هـەر ئەوە دەبینین کە پەیڕەوی لە فرمانە مۆدێرنیتێی مرۆیـی کـردووە کــە داوا دەکــات بــەو نەریتانــە جــوانی نیشــانبدات کــە خــۆی دایهێنـاون بۆخـۆی. گـەر سـەیری میللەتـەکانی دەوربـەر بکـەین ئـەوان لـە نـەریتی ئیسـتاتیکیدا پـەیرەوییان لـە نـەریتی ئیسـتاتیکی زاڵ کــردووە. نــەریتی ئیســتاتیکی زاڵ لــە شــیعرو ئەدەبیاتــدا لەسەردەمی ئیسـلامدا نـەریتی عەرووزییە کـە نـەریتێکی عەرببیـە بــۆ شــیعر نوســین و بــەر لــە هــاتنی ئیســلام عەرەبــەکانی نیوەدوورگـەی عـەرەبی شـیعریان پێنوسـیووە، ئـەم نەریتـە کـە نەریتێکی ئیستاتیکی ناوچەییە لە ڕێگەی دانانی ڕێورەسمەوە بە نـاوی عـەرزو روانبێژییـەوە لـە نـەریتێکی ئیسـتاتیکی ناوچەییـەوە بەرزدەکرێتــەوە بــۆ نــەریتێکی ئیســتاتیکی ســەروناوچەییە، میللەتـەکانی تـری جگـە لـە عـەرەب ناچـار دەکـرێن بـەو نەریتـە ئیستاتیکییە گوزراشت لـەو جوانییـە بکـەن کـە هەسـتی پێدەکەن. لەناو ئـەو میللەتانـەدا ئـەو نەریتـە ئیسـتاتیکییە دەبێت بـە نـەریتی ئەدەبیاتی باڵای ئەوان و نەریتەکانی خۆیان لە دەستدەدەن .

وەرگرتنـی ئـەم نەریتـە لەلایـەن کـوردە جگـە لـەوەی دەرنـگ دەکــەوێت بــەڵام کــاتێکیش کــە دەێتــە نــاو نــەریتی ئیســتاتیکی کوردییەوە نابێت بە تاکـە نـەریتێک بـەڵکو دەبێت بـە نـەریتێک لـە نەریتەکان. کورد وەک میللەتەکانی تری ڕۆژهەڵات واز لە نەریتە ئیسـتاتیکییەکەی خـۆی نـاهێنێ و بـە چەنـد نـەریتێکی جیـاوازی ناوچەیی گوزارشت لە جوانی دەکات.

لە هەورامان نەریتێک هەیە کە گۆرانی شاعیر بە نەریتی خۆماڵی ناوی دەبات و جیای دەکاتەوە لە نەریتی عەروزی و باس لەوە دەکات کە بۆ تازەکردنەوەی شیعری کوردی لەگەڵ شێخ نوری شێخ ساڵحدا گەڕوانتەوە بۆ ئەو نەریتە. ئەو نەریتە ئەدەبیاتێکی بەرزی پێ نوسراوەتەوەو نەریتەکەش نەریتێکی ناوچەیی ناو کورد خۆیەتی. جگە لەوەش نەریتی ناوچەیی تریشمان هەیە کە ئەدەبیاتێکی باڵای پێ نوسراوەتەوە ئەوە جگە لەو نەریتە ناوچەییانە کە ئەدەبیاتی فلۆکلۆری پێ نوسراوەتەوەو خاوەنی تێکستەکانیان دیار نییە. بۆیە لە بواری ئیستاتیکیشدا نەریتی زاڵ کە لەلایەن کوردەوە وەرگیراوە لە ناوخۆیدا نەیتوانیووە ببێت بە نەریتێکی زاڵی سەرتاسەری و وەک نەریتێکی ناوچەیی ماوەتەوە. واتە خراوەتە ژێر حوکمی ئەو فرمانەی کە داوای فرەنەریتی دەکات نەک تاک نەریتی. ئەمە بۆ زمانیش هەمان شتە. گەر لە نەریتی حوکمڕانی کوردی لە سەردەمی خەلافەتە ئیسلامیەکاندا رامێنین، بەهەمان شێوە ئەوە دەبینن کە کورد نەریتێکی لە حوکمڕانی پەیڕەوکردووە کە نەریتی میرنشینەکان. نەریتی میرنشینەکانیش رێگە بەوە دەدات هەر ناوچەیەک بە نەریتی خۆی حوکمڕانی خۆی بکات و نەریتی زاڵ لە حوکمڕانیدا بوونی نەبێت .

ئەمانە هەموو ئەوەمان بۆ رۆشن دەکەنەوە کورد پەیڕەوی لە مۆدێرنیتێی مرۆیی دەکات کە لێی دەخوازێت ئەوهێزە نەریتداهێنە لە خۆیدا لە کار نەخات تا بۆ هەر سەردەمێک نەریتی نوێی تایبەت بەو سەردەمەی بۆ دابهێنێ. بەڵام لەلایەکی ترەوە دژی مۆدیرنیتێی رەگەزییە کە داوای پەیڕەویکردنی نەریتی زاڵ دەکات. بۆیە دەکرێت وەڵامی پرسیارەکەت ئاوا

بدرێتەوە. ئەو رۆشنبیرانەی کە مۆدێرنیتیێ بە وەرگرتنی نەریتی زاڵ پێناسە دەکەن لەوەدا راستن کە کوردیان بە دژی مۆدێرنیتیێ داناوە، بەڵام گەر مۆدێنیتیێ وەرگرتنی نەریتی زاڵ نەبێت و خوڵقاندنی نەریتی نویێ بێت بۆ خۆت، ئەوە کورد نەک هەر دژی مۆدێرنیتیێ نییە بەڵکو تاکە میللەتێکی ناوچەکەیە کە قبوڵی نەریتی زاڵ ناکات و دەیەوێت پەیڕەوی لەو نەریتانە بکات کە خۆی بۆ خۆیان دادەهێنیێ .

ئەوەش کە وایکردووە دەوڵەتی خۆی دروست نەکات هەر ئەوەیە کە قبووڵی ئەوە ناکات بە نەریتی زاڵ دەوڵەتەکەی خۆی دروست بکات ودەیەوێت خۆی نەریتێکی بۆ دەوڵەتداری خۆی دابهێنیێ. ئەمەش لە جیهانی مۆدیرندا ڕێگەپێدراو نییە چوونکە دەوڵەت دەبێت بەو نەریتە دامەزرێت کە نەریتی دروستکردنی دەوڵەتە رۆژئاواییەکانە کە دروستکردنی دەوڵەتە لە ڕێگەی نەریتێکی زاڵەوە. کورد دژی تەکنیکی دەوڵەتداری مۆدێرن نییە دژی نەریتی دەوڵەتداری مۆدێرنە چونکە داوای نەهێشتنی فرە نەریتی دەکات لە ڕیگەی زاڵکردنی نەریتێکەوە .

لەرێگەی ئەم روونکردنەوەیەوە دەتوانین بچینە سەر باسکردنی مۆدێرنیزم. مۆدێرنیزم بە ئایدیۆلۆجیاکردنی مۆدێرنیتێی مرۆییەو گۆڕینیەتی بۆ مۆدێرنیتێیەکی رەگەزخواز. بە مانایەکی تر دەتوانین بڵێین مۆدێنیزم مۆدێرنیتێیەکی راسیستییە. نەریتی مۆدێرن بەوە پێناسە دەکات کە زاڵە نەک نوێیە. واتە زاڵیەتی بنەمای پێناسەکردنیەتی بۆ هەموو ئەوەی کە بە مۆدێرنی دەزانێت. واتە زاڵبوونی هەمیشەیی دەخاتە شوێنی نوێبوونەوەی هەمیشەیی. مۆدێرنیزم وەک چەمکێکی تەمومژای تا ئێستاش ماوەتەوەو بە وردی دیاری نەکراوە. مۆدێرنیزم

وەک ئایدیۆلۆجیایەک کە مۆدیرنێتێ ئەورپی دەگۆڕێت بۆ ژیانێکی ئایدیالّی و هەمیشەیی شتێکە و مۆدێرنیزم وەک بە ئایدیالّکردنی ژیانی رۆژئاوایی و نەریتەکانی لەلایەن رۆشنبیرانی ناڕۆژئاواییە شتێکی ترە .

**بەشی ١١ مۆدێرنە**

ئەوەی لە کتێبی (بوونی نەتەوەیی کورد)دا رەخنەکراوە مۆدێرنیزمی رۆژئاواییە نەک مۆدێنیزمی نارۆژئاوایی کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ژیانی رۆژئاوایی و نەریتەکانی بکات بە ژیانێکی ئایدیالّی ونموونەیی بانگهێشت بۆ ئەوە بکات مرۆڤ تەنها ئەو کاتە بە ژیانێکی راستەقینە دەژێ کە بەو ژیانە رۆژئاواییەو نەریتەکانی بژی. مۆدێرنیزم لێرەدا هیچ نییە جگە لەو ئایدیۆلۆجیایەی کە لەمیللەتە نارۆژئاواییەکان دەخوازێت واز لە نەریتەکانی خۆیان بهێنن و لە ژیانی خۆیاندا تەقلیدی ژیانی رۆژئاوایی بکەنەوە .

ئەم جۆرە لە مۆدێرنیزم هەولّە بۆ داڕشتنی بەرنامەیەک بۆ بە سیستەمکردنی تەقلیدکردنەوەی ژیانی تاکی رۆژئاوایی مۆدێرن لە ناو میللەتە نارۆژئاواییەکاندا. مۆدێنیزم لێرە هەمان رۆلّی ئەو مەزهەبانە دەگیرێت کە بە ناوی مەزهەبەکانی ئیسلامەوە سەریان هەلّداو سیستەمێکیان بۆ دووپاتکردنەوەو تەقلیدکردنەوەی ئەو ژیانە هێنایە ئاراوە کە موحەمەد و هاوڕێکانی پیی ژیابوون. مۆدێرنیزمی نارۆژئاواییش بەهەمان شێوە داڕشتنی سیستەمێکە بۆ تەقلیدکردنەوەو دووپاتکردنەوەی هەموو ئەوەی کە تاکێکێکی رۆژئاوایی لە ژیانی خۆیدا دەیکات.

چۆن موسـڵمانێکی مەزهـەبی بـۆ ئـەوەی موسڵمان بێت لـە هەموو شتێکیدا دەبێت تەقلیدی ژیانی ئەو کەسانە بکاتەوە کە لـە ســـەردەمی موحەمــــەدا ژیـــاون، بـــەپێ ئـــەم ئایـــدیۆلۆجیا نارۆژئاواییـەی مـۆدێرنێتی کەسـێکی مـۆدێرن کاتێـک مۆدێرنـە ئـەوەی تـاکێکی رۆژئـاوایی لـە وڵاتەکـەی خـۆی دەیکات ئـەویش هەمان شت دووپات بکاتەوە. ئەمە ئەو جۆرەیە لە مۆدێرنیزم کە بۆدریـار بــە خواســتێکی کاریکاتۆریانــە بــۆ بــە مــۆدێرنکردن پێناسەی دەکات .

گـەر ئیسـلام و ژیـانی یەکـەمی موسـڵمانان بـە پرۆسـەی بـە مەزهەبکردنـدا رۆشـتبێت و بووبێـت بـە سیسـتەمێک کـە توانـای ئـەوەی هـەبێت ئـەوەی کـە لـە ژیـانی ئێسـتادا هەیـەو لـە ژیـانی نــەوەی یەکــەمی موســڵمانادا نــەبووە لــە ڕێگــەی پێوەرێکــەوە بتوانێـت بیباتــەوە نـاو رابـردووەو بیخاتــە نـاو ژیـانی نــەوەی یەکەمــەوەو لەرێگـەی ئەمــەوە ئـەو چۆنیەتییـە بـۆ مامەڵـەکردن لەگـەڵ ئـەو شـتەدا دیـاری بکـات، ئـەوە مـۆدێرنیزم لەلایـەن ئـەو مۆدێرنیستە نارۆژاواییانەوە تەنانـەت نـەبووە بـە سیسـتەمێک بـۆ ئــەوەی ئــەوەی لــە ژیــانی خۆیانــدا هەیــە بیبەنــە نــاو ژیــانی رۆژئاواییەکانەوەو ئەو چۆنیەتییەی پێ بدۆزنـەوە گـەر لـە ژیـانی ئەواندا هەبواییە ئەوانە بەو چۆنیەتییە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد .

مۆدێرنیزمی نائەورپی زیاتر لەو ئیسلامە سەلفییە دەچێت کە مەزهــەب رەتدەکاتــەوە و راســتەوخۆ دەیــەوێت ژیــانی نــەوەی یەکــەمی ئیســلام وەک خــۆی دووبــات بکاتــەوە، بــۆ ئەمــەش هەوڵــدەدات لــە بــری ئــەوەی وەک ئیســلامی مەزهــەبی ئــەو چۆنیەتییە دیاری بکات بۆ مامەڵـەکردن لەگـەڵ ئـەو شـتانەدا کـە لـەم سـەردەمەدا هـەبوون و لەسـەردەمی سـەرهەڵدانی ئیسـلامدا

نەبوون هەموو ئەو شتانە لە ژیانی خۆی دوور دەخاتەوە کە لەو سەردەمەدا نەبوون و هەموو ئەو شتانەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ناو ژیانی خۆی کە لەو سەردەمەدا هەبوون لە سەردەمەکەی خۆیدا نین .

ئەم جۆرە لە مۆدێرنیزم کە بۆدریار بە مۆدێرنازەیشنێکی کاریکاتۆری ناوی دەبات دەکرێت بە مۆدێرنیزمێکی سەلەفی ناوببرێت. هەم مۆدێنیزمی سەلەفی و هەمی ئیسلام ومەسیحیەتی سەلەفیش حاڵەتێکی دۆنکیشۆتی دروست دەکات و دەیەوێت هەموو ئەوەی کە لەم سەردەمەدا هەیە وەک ئەوە وێنای بکاتەوە کە لە سەردەمی کۆنەکاندا هەبووەو لە ڕێگەی حکایەتەکانەوە گوێزراوەتەوە.

لە کتێبی (بوونی نەتەوەیی کورد) ئەم جۆرە لە مۆدێرنیزمی کاریکتۆری ڕەخنە نەکراوە هەرچەندە ڕەخنەکردنی گرنگی خۆی هەیە. ئەو جۆرە لە مۆدێرنیزم کە ڕەخنەکراوە بە ئایدیۆلۆژیکردنی مۆدێرنێتیی ڕۆژئاواییە لەلایەن ڕۆژئاوا خۆیەوەو بۆ خۆی. ئەویش داهێنانی نەریتێکی پیشەییەو سەراپاگیرکردنی ئەو نەریتەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەمەش خۆی پەکخستنی ئەو هێزە نەریتداهێنەیە کە هیچ نەریتێک دووبارە داناهێنێتەوەو هەمیشە ئەو نەریتەی دایدەهێنێ نەریتێکی نوێی و نادووپاتبووەوەیە .

مۆدێرنیزم ئایدیۆلۆجیایەکە سیستەمی کارکردن زاڵدەکات بەسەر سیستەمی بوون و پەرەسەندندا، ئەوەیە کە تەکنیک زاڵ دەکات بەسەر هونەردا و هەموو ئەوەی هونەرییە دەیگۆڕێت بۆ تەکنیک و بەمە ڕێگە دەگرێت لەو هێزە نەریتداهێنەی کە دریژە بە داهێنانی نەریتی نوێ بۆ ژیانی میللەتەکان بدات .

مۆدێرنیزم هەوڵە بۆ پێناسەکردنەوەی هەموو ئەوەی لە جیهاندا هەیە بەپێی بنەمای دروستکردن و لەڕێگەی ئەمەشەوە سەراپاگیرکردنی هەموو ئەو نەریتە رۆژئاواییانەیە کە لە سەردەمی مۆدێرندا لە رۆژئاوا هاتوونەتە ئاراوە. مۆدێرنیزم بە ناوی تەکنیکەوە کە بوونێکی جیهانی هەیە نەک ناوچەیی، نەریتە ناوچەییەکانی رۆژئاوا جیهانی دەکاتەوە .

مۆدێرنیزم بانگهێشت بۆ ئەوە دەکات ژیانی رۆژئاوایی و نەریتەکانی ئەو ژیانە نموونەییەیە کە مرۆڤایەتی لەسەرتای پەیدابوونییەوە بە شوێنیدا وێڵبووەو رۆژئاواییەکان توانیان پێی بگەن، دەبێت هەموو میللەتەکانی دنیاش وەک رۆژئاوییەکان پێی بگەن، چوونکە عەقڵی مرۆیی ناتوانێت بگات بە ژیانێکی شیاوتر لەو ژیانەو نەریتەکانی. بۆ نموونە ئەو نەریتەی دەوڵەتداری ئەو هێزە نەریتداهێنە رۆژئاواییە دایهێناوە بەپێی مۆدێرنیزم دواهەمین نەریتی دەوڵەتدارییە کە عەقڵی مرۆڤ پێی گەیشتبێت و لەهەموو نەریتەکانی دەوڵەتداری کە مرۆڤ لە مێژوودا دایهێناون ئەمەیان ئەو پەڕینیانەو عەقڵی مرۆیی ئیتر لە توانایدا نییە نەریتێکی شیاوتر و باشتر بۆ دەوڵەتداری دابهێنێ.

رەخنەی من لەم جۆرە لە مۆدیرنیزم لە راستیدا لە هەمان کاتدا بەرگریکردن لە عەقڵ و سروشتی مرۆیی لەوێوە کە هێشتا لە توانایدا ماوە لە رێگەی سروشتی میللەتەکانەوە نەریتی نوێ بۆ دەوڵەتداری بهێنێتە ئاراوەو جگە لەوەش هەر نەریتێکی دەوڵەتداری تەنها بۆ ئەو میللەتە باشترینە کە خۆی دایهێناوەو بۆ ئەوانەی کە بە تەقلید ئەو نەریتە وەردەگرن و خۆیان نەریتی خۆیان داناهێنن لێکدژی لە نێوان ژیان وسروشتیاندا

دروستدەکات و ئەمەش ئەوە دەگەینێ کە بۆ ئەوان شیاوترین وباشترین نییە .

مۆدێرنیزم ئایدیۆلۆجیای گشتگیرکردنی ئەو نەریتەیە کە هێزی نەریتداهێنی رۆژئاوایی و بەهۆی خواستە مولکخوازانەکەیەوە دایهێناوە بۆ داهێنانی ئامێرەکان. ئەوەی کە رۆژئاواییەکان کردیان و هیچ میللەتێک لە میللەتەکان بەر لەوان نەیکرد داهێنانی ئامێر بوو. ئەوان توانیان ئامرازەکانی کارکردن بگۆڕن بۆ ئامێر لە ڕێگەی چاندنی نەریتی کارکردنەوە لە ناو مادەدا. مۆدێرنیزم کار بۆ ئەوە دەکات کە چۆن هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە ڕێگەی چاندنی نەریتەوە بگۆڕێیێت بۆ هەڵسوکەوتێکی وردو پیشبینیکراوی وەک ئەو هەڵسوکەوتە وردو پێشبینیکراوەی کە لە ئامێرە دروستکراوەکانیدا هەیە .

بۆ ئەوەی لە مۆدێنیزم تێبگەین دەبێت لە ماهیەتەکەی بکۆڵینەوە، ماهیەتی مۆدێرنیزم خواستە بۆ ئەوەی هەرشتێک کە هەیە و نییە دروستی بکات و سنورێک دابنێ لە نێوان ئەوەی کە خۆی هەیەو ئەوەی کە دروستدەکرێت. ئەوەی کە خۆی هەیە هیچ رەوایەتیەکی لە ناو جیهاندا نییە تا ئەو کاتەی کە دروستدەکرێت. زمانەکانی جیهان و میللەتەکان و هونەرەکان و هەموو ئەوەی کە ئەو هێزە نەریتداهێنە مرۆییە لە جیهانە مرۆییەکەدا هێناویەتییەبوون هیچیان مرۆڤ دروستی نەکردوون و هەموویان لە ڕێگەی مرۆڤەوە پەیدابوون. بەلام ئەمانە بۆ ئەوەی بوونیان هەبێت دەبێت لە شتانێکەوە کە خۆیان هەن بکرێن بە شتانێک کە بە دروستکردن هەن .

دروستکردن داهێنانانی نەریتی نوێ نییە بەلکو کۆنترۆلکردنی ئەو نەریتانەیە کە هەن و چاندنەوەیان بە

شێوەیەکی دەستکرد لە ناو مادەدا. لەم پرۆسەی دروستکردنەدا ئەوەی دەبێتە قوربانی ئەو هێزە نەریتداهێنەیە کە ئەو نەریتە لە کاتی گواستنەوەیدا لە مادەیەکەوە بۆ مادەیەکی تر گۆڕانی بەسەردا دەهێنی و دەیکات بە نەریتێکی جیاواز .

کاتێک ئەم پرۆسەی گواستنەوەی نەریتە بە سروشتی روودەدات و نەریتەکە لە مادەیەکی لەناوچووەوە دەگوازێتەوە بۆ مادەیەکی نوێ، گۆڕان لە نەریتەکەدا پەیدا دەبێت، بەڵام کاتێک بە ڕێگایەکی دەستکرد ئەم گواستنەوەیە ئەنجام دەدرێت نەریتەکە وەک خۆی دەمێنێتەوەو هیچ گۆڕانێک بە خۆیەوە نابینێ. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە لە گواستنەوەی نەریتدا بە ڕێگایەکی سروشتی ئەو هێزەی نەریتەکەی داهێناوە لەگەڵ گواستنەوەی نەریتەکەدا دەگوازرێتەوەو بەهۆی ئەمەشەوە گۆڕان لە نەریتەکەدا دەهێنێتە ئاراوە، بەڵام کاتێک بە ڕێگایەکی دەستکرد ئەو نەریتە دەگوازرێتەوە ئەوانەی دەیگوازنەوە بە جۆرێک دەیگوازنەوە کە ئەو هێزە نەرتیداهێنە کاری خۆی نەکات تا نەریتەکە بە جێگیری بمێنێتەوەو نەگۆڕێت. ئەم پرۆسەی دروستکردنە لە بەرژەوەندی نەگۆڕانی نەریت و مانەوەیەدایە وەک خۆی و ڕێگرە لەبەردەم ئەو گۆڕانە هەمیشەییەدا کە ئەو هێزە نەریتداهێنە لە کاتی گواستنەوەیەکی سروشتیانەی ئەو نەریتەدا دەیکات.

گێلنەر لە باسکردنی گواستنەوەی نەریت بە شێوەیەکی دەستکرد لەگەڵ گواستنەوەی نەریت بە شێوەیەکی سروشتی نموونەی ئەو ڕووەکانە دەهێنێتەوە کە لە کەشوهەوایەکی سروشتیدا بە شیوەیەکی ناسیستەماتیک گەشە دەکەن و ساڵانە خۆیان نوێدەکەنەوە لەگەڵ هەمان ئەو ڕووەکانەدا کە لە ماڵە

شوشەیەکاندا کەشوهەوایەکی دەستکردیان بۆ دروستدەکرێت و هەمیشـه لـه ژێـر چاودێریـدان تـا بـەو شـێوەیە گەشـه بکـەن کـه پێشتر وەک پلانێک بۆیان دانراوە .

ئەمـەش لـه ڕێگـەی ئـەوەوە دەکرێـت کەشـوهەوای نـاو ماڵـه شوشـەییەکان و ئـەو خۆراکـەش کـه ئـەو ڕوەکانـه وەریـدەگرن دوای تاقیکردنەوەیەکی زۆر بکرێت بە پلانێک بۆ ژیانی ڕۆژانـەی ڕوەکەکان. ڕەوەکەکان دەبێت بـەپێی ئەوپلانـه بژین کـه دانـراوە. هـەر لادانێـک لـەو پلانـه کیشـه بـۆ سیسـتەمەکه دروسـتدەکات و دەبێت چارەسـەر بکرێت.

گێلنەر ئەم نموونەیە بۆ ئـەوە دەهێنێتـەوە تـا نـەریتی مـۆدێرن کە بە دەستکرد دەگوازرێتەوە جیای بکاتەوە لە نەریتی کێوی کە بە شێوەیەکی سروشتی دەگوازرێتـەوە. بـەپێی ئـەم دیاریکردنـەی گێلنـەر نـەریتێک بـەوە مـۆدێرن نییـه کـه لـەناو میللەتێکـدا تـازە پەیـدابووەو پێشـتر بـوونی نـەبووە، بـەڵکو نـەریتی مـۆدێرن هـەر نـەریتێکی کۆنـەو لـه بـری ئـەوەی بـه شـێوەیەکی سروشـتی و ئازادانە بگوازرێتەوە بـه شێوەیەکی دەسـتکردو سیسـتەماتیککراو دەگوازرێتەوە.

بـۆ ڕوونکردنـەوەی زیـاتر ئەمـه دەتـوانین لـه بـری ڕوەکـی باخچـه شوشـەییەکانی گێلنـەر زمـان وەک یـەکێک لـه نەریتـه مرۆییەکان وەرگرین و ئـەوە ڕۆشـن بکەینـەوە کـه چ زمانێـک بـه پێی مۆدێرنیزم زمانێکی مۆدێرنه. بۆ ئەمه دەکرێـت زمـانی عبـری مۆدێرن وەرگرین کە دەوڵەتی ئیسرائیل لە ئێسـتادا وەک زەمـانی دەوڵـەت کـاری پێدەکات. زمـانی عبـری نـەک هـەر زمـانێکی نـوێ نەبوو بەڵکو زمانێک بوو کـه قسـەپێکەری سروشـتی نـەبوو، ئـەم زمانه کـه نـەریتێکی قسـەکردنەو لـه سـەردەمێک لەسـەردەمەکانی

گەشەکردنی سروشتی خۆیدا قسەکەرە راستەقینەکانی خۆی لە دەستداوەو تەنها لە ناو نوسراوەکاندا ماوەتەوەو تەنها چەند کەسێکی ئاینییش بەهۆی پاراستنی تێکستە ئاینییەکانەوە دەیزانن، لە گۆرەکەی دەردەهێنرێتەوەو دەکرێت بە زمانی قوتابخانە مۆدێنەکان و لە ناو مندالانی ئەو جولەکانەی کە هەر گروپێکیان لە شوێنێکی جیای دنیا بە نەریتێکی زمانیی جیاوازەوە هاتوون دەچێنرێت و دەکرێت بە زمانێکی مۆدێرن و ئەو زمانەناش کە هەر گروپێک لەو گروپانە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی لە قوتابخانەکاندا فێربوونی قەدەغە دەکرێت و وەک زمانی ناوماڵەکان بۆ قسەکردنی ناوماڵ و ناو گروپەکە دەمێنێتەوە .

زمانی عیبری لەبەر ئەوەی بە گواستنەوەیەکی دەستکردو چاودێری کراو لە کتێبەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ مێشکی منداڵە جولەکەکان و بەردەوامیش لە ژێر چاودێریدایە تا بەهۆی ئەو هێزە نەریتداهێنەی کە لەو منالانەدایە لادان لە زمانەکە روونەدات و زمانەکە بەو شێوەیە بمێنێتەوە کە چێنراوەو دواتریش بە شێوەیەکی دەستکرد لەو نەوەیەوە بگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی ترو بەبێ ئەوەی رێگە بدرێت هیچ لادانێکی تیا دروست ببێت .

گەر ئەو زمانە لەڕێگەی دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە چاودێری پرۆسەی گواستنەوەکەو بەکارهێنانەکەی نەکرێت و رێگە بدرێت بە سروشتی بگوازرێتەوە ئەوە لە دوای چەند نەوەیەک بەهۆی ئەو هێزە نەریتداهێنە جیاوازەی کە لە ناو گرووپە جولەکە جیاوازەکاندا هەیە دەگۆڕێت بۆ چەند زارێکی جیاواز و وەک خۆی نامێنێتەوە، بەلام بەهۆی ئەو چاودێرییەوە کە دەوڵەت بۆ

گواستنەوەو بەکارهێنانی لەلایەن تاکەکانەوە دایناوە ئەو زمانە دوای هەزار ساڵیش بێت وەک خۆی دەمێنێتەوەو هیچ گۆڕانێک تیایدا روونادات .

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە بەپێی مۆدێرنیزم ئەو نەریتەی مۆدێرنە ئەوە نییە کە جیاوازە لەو نەریتە کۆنەی کە پێشتر هەبووە، بەڵکو ئەوەیە کە لە پرۆسە سروشتییەکەی گواستنەوەو بەکارهێنانی دەرهێنراوەو کراوە بە نەریتێک کە هەموو نوێبوونەوەیەکی لێ قەدەغەکراوە.

مۆدێرنیزم لێرەدا تەواو دژدەبێتەوە لەگەڵ مۆدێرنیتێ وەک بنەمایەک کە دەخوازێت هەموو میللەتێک خۆی نەریتەکانی خۆی دابهێنێ و هەرخۆیشی کاریان پێ بکات. چونکە مۆدێرنیزم داوا دەکات ئەو نەریتەی بە سروشتی هەیەو لە گەشەکردنی سروشتیانەی خۆیدا دەگۆڕێت لە رێگەی دروستکردنەوەیەوە گواستنەوە سروشتییەکەی کە گۆڕان لە نەریتەکەدا دروست دەکات و ناهێڵێت وەک خۆی بمێنێتەوە بگۆڕێت بۆ گواستنەوەی دەستکرد  کە رێگرە لەبەردەم هەر گۆڕانێکدا کە لەو نەریتەدا روودبدات .

لێرەدا مۆدێرنیزم دەبێت بە دژێکی راستەقینەی مۆدێرنیتێ و ئەوەی بەپێی بنەمای مۆدێرنیتێ نوێیە بەپێی بنەمای مۆدێرنیزم کێوی و نامۆدێرنە، ئەوەی بەپێی بنەمای مۆدێرنیزمیش نوێیە بەپێی بنەمای مۆدێرنیتێ کۆنە.

گەر بەپێی ئەو بنەمایە لە زمانی عەرەبی رامێنین کە بەر لە سەردەمی مۆدێرن گواستنەوەکەی لە گواستنەوەیەکی سروشتییەوە بووە بە گواستنەوەیەکی دەستکرد، ئەوە بە

روونی ئەوەی کە بەپێی بنەمای مۆدێرنیزم مۆدێرنە دەتوانین جیای بکەینەوە لەوەی کە بەپێی بنەمای مۆدێرنیتیٚ مۆدێرنە .

بەپێی بنەمای گواستنەوەی دەستکردی نەریتەکان بێت زمانی عەرەبی بەر لە هەموو زمانە رۆژئاواییە مۆدێرنەکان بە پرۆسەی بە مۆدێرنکردندا براوەو گواستنەوە سروشتییەکەی گۆڕاوە بۆ گواستنەوەیەکی دەستکرد. بۆیە بە پێی بنەمای مۆدێرنیزم زمانی عەرەبی هەزرا ساڵ زیاترە زمانێکی مۆدێرنە، بەڵام ئەو زارە عەرەبیانەی وەک میسری وجەزائیری و عێراقی و..هتد کە بەهۆی لادان لە گواستنەوە دەستکردەکەی زمانی عەربی ستانداردە پەیدابوون و کۆمەڵە زمانێکی تازەن و لە گەشەکردنی سروشتی خۆیاندان ئەمانە زمانی کێوین و مۆدێرن نین، ئەمانە بەرهەمی لادانن لەو بنەمایەی کە زمانێک وەک زمانێکی مۆدێرن رادەگرێت .

بەڵام بەپێی بنەمای مۆدێرنیتیٚ زارە عەرببیە ناوچەییەکانی نیشتمانی عەرەبی زمانی نوێن و زمانی عەربی ستاندار هەر ئەو زمانە کۆنەیە کە عەرەبی نیوەدوورگەی عەرەبی هەزارو پێنج ساڵ لەمەوبەر بەکاریان هێناوەو تا ئێستاش وەک خۆی بەبیٚ هیچ گۆڕانێک لە نەریتەکەیدا ماوەتەوە. ئەمە ئەوە دەگەیێنیٚ مۆدێرنیزم خواستێکی هەمیشەییەی بۆ نەریتپارێزی و هێشتنەوەی نەریتەکان وەک خۆیان، واتە خواستێکی کۆنەپارێزە نەک نوێخواز. بە پێچەوانەوە مۆدێرنیتیٚ خواستێکی هەمیشەییە بۆ نوێبوونەوەی نەریتەکان و دەخوازێت نەریتە کۆنەکان شوێن بۆ نەریتە نوێکان چۆڵ بکەن .

گەر سەیری پرۆسەی گەشەکردنی نەریتە کوردییەکان بکەین ئەوە بە روونی دەبینین ئەو نەریتانە بەشێوەیەکی سروشتی

دەگوازرێنـەوەو گەشـەی خۆیـان دەکـەن و لـە هـیچ قۆنـاغێکی مێژوودا پرۆسەی گواستنەوەکەیان لە پرۆسەیەکی سروشتییەوە نـەگۆڕاوە بـۆ پرۆسـەیەکی دەسـتکردو چـاودێریکراوە. ئەمـەش ئـەوە دەگـەینێ کـورد وەک نەتەوەیـەک هـیچ مـەیلێکی بـۆ گواستنەوەی دەستکردی نەریتـەکان نییـەو دەیـەوێت نەریتـەکانی بـە شـێوەیەکی سروشـتی و زینـدوو بگوازرێنـەوە. هـەر ئەمـەش وایکـردووە لەگـەڵ مۆدێرنیزمـدا دژ بێـت و لەگـەڵ مۆدێرنیتێـدا هەمئاهەنگ بێت.

گـەر لـە مێـژووی نەریتـە کوردییـەکان رامێنـین ئیتـر نەریتـە زمانییـەکانی بـن یـان نەریتـە ئایینییـەکانی یـان نەریتـە هونـەری و ئیستاتیکییەکانی ئەوەی تێدا دەبینین کـە مـەیلێکی بـەردەوامی بۆ نوێبوونـەوەی نەریتـەکانی هەیـەو هـەر ئـەم مەیلەشـە وایکـردووە بـەردەوام لـە نەریتەکانیـدا گـۆڕان رووبـدات و نـەریتێکی کـۆنی نـەبێت کـە گواسـتنەوەیەکی دەسـتکرد گواسـتبێتییەوەو بۆ هـەزرا ساڵ مابێتەوە . لە رێگەی مەسەلەی گواسـتنەوەی دەسـتکردانەی نەریتـەکان و گواسـتنەوەی سروشـتیانەی نەریتـەکان بـە ئاسـانی دەتوانین لـەوە تێبگـەین کـە بـۆچی عەربـەکان و ئـەو میللەتـە بـە عەرەبکراوانـەی کـە ئینتمایـان بـۆ زمـانی عـەربی سـتاندارد و کولتـوورە مەزهەبییـە گوازراوەکـەی هەیـەو فارسـەکان و تورکـەکانیش بـە ئاسـانی دەوڵـەتی مـۆدێرنی خۆیـان دروسـت دەکەن بـەڵام کورد تـا ئێسـتاش بـەبێ دەوڵـەت ماوەتـەوە. ئـەوان دەوڵـەتی مـۆدێرنی خۆیـان دروسـتدەکەن چونکـە بـەر لـە دروسـتکردنی دەوڵەتەکانیشـیان ئـەوەیان قبـوڵکردووە کـە بـەو نەریتانە ژیانی خۆیان بگوزەرێنن کـە پرۆسـەی گواستنەوەکەیان

لە پرۆسەیەکی سروشتی نەریتگۆڕەوە کراوە بە پرۆسەیەکی دەستکردی نەریتپارێز .

گەر نەریتی زمانی وەرگرین ئەوە دەبینین عەربەکانی ناو دەوڵەتی مۆدێرن هەر هەمان ئەو زمانە لە دامودەزگا دەوڵەتیەکانی خۆیاندا پەیڕەو دەکەن کە هەزارو دووسەد ساڵە لە پرۆسەی گواستنەوە سروشتییەکەی خۆی خراوەو بە شێوەیەکی دەستکردوو چاودێریکراو بە نەگۆڕی گوێزراوەتەوە بۆ ناو سەردەمە مۆدێرنەکە. گەر سەیری زمانی فارسی ستانداریش بکەین هەر ئەو زمانە دەبینین کە هەزارساڵ لەمەوبەر بووە بەزمانی ئەدەبیاتی بالای فارسی و بە گواستنەوەیەکی دەستکرد نەوە بە نەوە تا ئیستا گوازراوەتەوەو وەک خۆی ماوەتەوە. ئەمە بۆ نەریتە زمانییە تورکییەکەش هەمان شتە .

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە بەر لە سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم ئەو میللەتانە لە گواستنەوەی نەریتدا پەیڕەوییان لە گواستنەوەی دەستکردی نەریتەکان کردووە نەک گواستنەوەی سروشتی. ئەمەش وایکردووە لەگەڵ مۆدێرنیزمدا کە ئایدیۆلۆجیای دروستکردنی دەوڵەتی مۆدێرنەو داوای ئەو نەریتانە دەکات کە بە دەستکرد دەگوازرێنەوە، بە ئاسانی و بەبێ کێشە دەوڵەتەکەی خۆیان بەو ئایدیۆلۆجیایە دامەزرێنن .

**بەشی ١٢ مۆدێرنە**

بەلام کورد لەبەر ئەوەی لە گواستنەوەی نەریتەکانیدا پەیڕەوی لە گواستنەوەی دەستکرد نەکردووەو نەریتێکی زمانی یان مەزهەبی نەگۆڕو گوازراوەی نەبووەو پرۆسەی

گواســتنەوەی نەریتــەکانی لــە دۆخــە سروشــتیەکەی خۆیــدا هێشـتووەتەوە، ئەمـە بووەتـە رێگـر لـە بـەردەم ئـەوەدا بتوانێـت دەوڵەتی مۆدێرنی خۆی دروست بکات.

گەر ئێمە لە پرۆسەی گواستنەوەی نـەریتی زمـانی لای کـورد رامێـنین ئـەوە بـە ئاسـانی دەبیـنین ئـەو نەریتـە زمانییـەی کـە لـە سـەردەمی بەر لە مۆدێرنـدا شـیعری کلاسیکی خـۆی پێنوسـیووە لەبـەر ئـەوەی پرۆسـەی گواسـتنەوەکەی پرۆسـیەکی سروشـتی بـووەو دەسـتکرد نـەبووە وەک زمـانی نوسـین نەماوەتـەوەو لەگـەڵ هـاتنی سـەردەمی مۆدێرنـدا زمـانی نوسـین گـۆرانی تیـا دروست دەبێت و دەبێت بە زمانێکی تر .

ئەو زمانەی گۆرانی شاعیر شیعری پێی نوسـیووە ئـەو زمانـە نییە کـە نـالیٚ شـیعری پێـی نوسـیووە بـەڵام شـاعیرێکی مـۆدێرنی عەرەب و شـاعیرێکی کلاسیکی عەرەب بە هـەمان نـەریتی زمـانی شــیعرەکانی خۆیــان نوســیووە، ئەمــە بــۆ شــاعیرانی فــارس وتورکیش هەمان شتە. ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتـەوە کــە ئــەو میللەتانــەی تــر قبــوڵی ئــەوەیان کــردووە پرۆســەی گواســتنەوەی نــەریتی زمــانی لــە پرۆســەیەکی سروشــتییەوە بگۆڕێــت بــۆ پرۆســەیەکی دەســتکردو نــەریتێکی زمــانی بــۆ هەزارسـاڵ بـەبێ هـیچ گۆڕانێـک بهێڵێتـەوە، بـەڵام کـورد قبـوڵێ ئـەوەی نـەکردووە نەریتـە زمانیـەکانی لـە پرۆسـە سروشـتیەکەی گواستنەوەیان بخات و بە شێوەیەکی دەستکرد بیانگوێزێتـەوە تـا وەک خۆیان بمێننەوەو هیچ گۆڕانێک تیایاندا روونەدات. ئەمە بۆ نەریتی ئاینیش هەمان شتە .

کێشـەی کورد و مۆدێرنیزم لەوێوە دەست پێدەکات کـە کـورد پەیڕەوی لە بنەمای مۆدێرنیتیٚ دەکات و مەیلی بۆ ئەوە هەیە کـە

پرۆسـەی گواسـتنەوەی نەریتـەکانی نـەگۆڕیت بـۆ پرۆسـەیەکی دەستکردو ڕێگە بە نەریتەکانی بدات لـە گواسـتنەوەی سروشـتی خۆیاندا گۆرانیـان تیـا درووسـت ببێت و بـە جێگیـری نەمێننـەوە. مـۆدێرنیزم کـە ڕەوایتیـدەر بـەوەی میللـەتێک دەوڵەتەکـەی خـۆی دروست بکات، ئەو مەرجەی کە بۆ ئـەو ڕەوایتیدانـە هەیـەتی، بـۆ کـورد مـەرجێکی سـەختەو تـا ئـەم سـاتەوەختەش ئـەو مەرجـەی تێـدا نییـە. مەرجەکـەش ئەوەیـە کـە پرۆسـەی گواسـتنەوەی نەریتەکانی لە پرۆسەیەکی سروشتییەوە کە نـەریتگۆڕە بکـات بـە پرۆسەیەکی دەستکرد کە نەریتپارێزبێت و نەریتەکە بـە جێگیـری و بەبێ هیچ گۆڕانێک بهێڵێتەوە .

کاتێک دەوترێت کورد لـە ناوخۆیـدا یـەک نییـە بۆیـە ناتوانێت دەوڵەتەکـەی دروسـتبکات هۆکارەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی نـەریتێکی نییـە کـە بـە گواسـتنەوەیەکی دەسـتکرد بیگوازێتـەوە تـا ببێت بەو نەریتە سـەرتاسەرییە تا هـەموو کورد پێکـەوە پـەیڕەوی بکـەن و لـە هـەمان کاتـدا بیکـەن بـە نـەریتێکی پیـرۆزی دەسـت لێنەدراو و نـەگۆڕ. عەرەبـەکان لـە ناوخۆیدا یـەک نـەبوون بـەڵام لەبەر ئـەوەی نـەریتێکی زمانییـان هـەبوو کـە بـە گواسـتنەوەیەکی دەسـتکرد دەگوازرێتـەوەو بـە نـەگۆڕی دەمێنێتـەوە ئـەوە لـەو نەریتەدا توانیوویانە ببنەوە بەیەک. ناسنامەی عەربیانـەی ئـەوان ناسنامەیەکی زمانییەو ئەو زمانە پێیداون کە قبوڵیان کـردووە بـە گواستنەوەیەکی دەستکرد بگوازرێتەوە تا ببێت بەو نەگۆڕەی کـە لە هەموو کاتێکدا نەگۆڕەو لە سـەرتاسـەری ئـەوەی کـە نـاونراوە نیشتمانی عـەرەبی پارێزگاری لە نەگۆڕیەتیەکەی دەکرێت.

کورد لەبەر ئەوەی قبوڵی ئەوەی نـەکردووە هـیچ نـەریتێک لـە نەریتـەکانی بـە گواسـتنەوەیەکی دەسـتکرد بگوازرێتـەوەو لای

هـەموو کوردێـک ببێـت بـەو نـەگۆڕە پیـرۆزە، هـیچ نـەگۆڕێکی پیرۆزی نییـە کـە ناسنامەکەی دیاری بکات. ئەمـەش وایکردووە ئـەو مەرجـەی تیـا نـەبێت کـە مـۆدێرنیزم لەرێگەیـەوە رەوایـەتی پێدەدات دەوڵەتەکەی خۆی دروست بکات.

دەوڵـەتێکی مـۆدێرن کـە دروسـت دەکرێـت بـۆ هەتاهـەتایی دروسـت دەکرێـت و سیسـتەم جیهانییەکـەش لـە دروسـتکردنی دەوڵەتی نوێدا بەخشندە نییە. ئەو دەوڵەتـەی کـە دروستدەکرێت دەبێـت بپارێزرێـت تەنانـەت گـەر پارچەیەکیشـی لـێ ببێتـەوەو ببێتبـە دەوڵـەتێکی سـەربەخۆ دەبێـت وەک خـۆی بمێنێتـەوە، تەنانـەت ئـەو دەوڵەتانـەش کـە بـەهۆی کۆدەتـاوە تایپەکـەیان دەگۆرێت دەبێت وەک خۆیان بمیننەوە .

مانەوەی ئەم دەوڵەتانەش بەندە بەو نەریتە نەگۆڕەوە کە لە گواسـتنەوەی دەسـتکردانەی نەریتەکانـەوە پەیـدا دەبێـت. دەوڵەتەکان گەر بەهۆی کۆدەتایـەکی سـوپایی یان سیاسیشـەوە تایپەکـەیان بگۆڕێـت دەبێـت نەریتـە نەگۆڕەکـەیان بـە نـەگۆڕی بمێنێتەوە .

بـۆ نموونـە دەوڵـەتی مـۆدێرنی ئێـران کـە لـە پاشـایەتییەکی عەلمانییەوە بەهۆی کۆدەتاوە دەگۆرێت بۆ کۆمارییەکی مەزهـەبی ئـەوە لەگـەڵ ئـەو گۆڕانـەدا ئـەو نـەگۆڕەی کـە یەکـەمجار دەوڵەتەکـەی لەسـەر دامـەزراوە -واتـە ئـەو نەریتـە زەمانییەیـە جێگیرەیـە بـە گواسـتنەوەیەکی دەسـتکرد دەگوازرێتـەوە- هـەر وەک خۆی ماوەتەوەو نەگۆڕاوە .

دوڵەتی پاشایەتی ئێران چۆن بەرگری لەو نـەگۆرەی دەوڵـەت دەکرد بەهـەمان شـێوە کـە دەوڵەتەکـەش بـوو بـە کۆمـاری هـەر بـەرگری لـەو نـەگۆڕەی دەوڵـەت دەکـات. بۆیـە دامەزرانـدنی

دەوڵەت پێویستی بە نەگۆڕێکی ئاوا هەیە کە هەر گۆڕانێک لە دەوڵەتەکەدا رووبدا ئەو هەر بە نەگۆڕی بمێنێتەوەو خەڵکی ناو ئەو دەوڵەتە پارێزگاری لە مانەوەو نەگۆڕانی بکەن. کورد قبوڵی ئەوە ناکات نەگۆڕێکی ئاوای هەبێت تا دەوڵەتەکەی لەسەر دامەزرێنێ، بەبێ بوونی نەگۆڕێکی ئاواش رەوایەتی بۆ دروستکردنی دەوڵەت وەرناگیرێ.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە کێشەی کورد لەوەدا نییە کە کۆنەپارێزەو نایەوێت نەریتەکانی خۆی بگۆڕێت بەڵکو بە پێچەوانەوە کورد لە بەر ئەوەی نەریتێکی نەگۆڕو پیرۆزی نییە و قبوڵی ئەوە ناکات نەریتەکانی بە گواستنەوەیەکی دەستکرد بگوازرێنەوە تا ببن بە نەریتی نەگۆڕ بۆیە رەوایەتی ئەوەی پێنادرێت کە دەوڵەتی خۆی دروست بکات .

بە مانایەکی تر کورد ناتوانێت ئەو لێکدژییە لە خۆیدا کۆبکاتەوە کە لە نێوان مۆدێرنیتێ و مۆدێرنیزمدا هەیە کە یەکەمیان بنەمایەکە دەخوازێت نەریتەکان نەبن بە نەریتی نەگۆڕو پیرۆزو هەمیشە لە گۆڕاندا بن، دووەمیشیان بە پێچەوانەوە بنەمایەکە دەخوازێت نەریتەکان بە گواستنەوەی دەستکرد لە نەریتێکی گۆڕاوەوە ببن بە نەریتێکی نەگۆڕو پیرۆزە. ئەمە لێکدانەوەیە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە نەکورد میللەتێکی کێوییەو نە مۆدینیزمیش داوای نوێبوونەوەی هەمیشەیی نەریتەکان دەکات. دوای ئەوەی ئەوەمان رۆشنکردەوە کە رەوتی مێژووی کورد رەوتێکە بەپێی بنەمای مۆدێرنیتی دەگوزەرێ و لەگەڵ بنەمای مۆدێنیزمدا دژ دەبێتەوە، دەکرێت بپرسین ئایا رەوتی مێژووی کورد لەگەڵ پرۆسەی بە

مـــۆدێرنکردن (مۆدێرنایزیشـــن-modernization)دا چـــۆن دەگوزەرێ؟ ئایا رەوتێکی دژە ئاراستەی هەیە یان هاوئاراستە؟.

بـۆ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە سـەرتا دەبێـت لـەوە تێبگـەین بەمۆدێرنکردن چییەو ئەوەی کە شیانی بە مۆدێنکردنی تیایە کامەیە؟. مۆدینایزەیشن راستەوخۆ پەیوەندی بە بەرهەمی ئەو داهێنانە ناوازەیەی عەقڵی رۆژاواییەوە هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی دابڕانێکی ژیاری بهێنێتە ئاراوەو ببێت بەو مۆرکەی کە ژیاری رۆژئاوایی لە هەموو ژیارەکانی تر جیا بکاتەوە .

ئـەو داهێنانـە ناوازەیـەی کـە ئـەو عـەقڵ دەیکـات داهێنـانی ئامێرەکانـە. مـن ئـامێر لـە ئـامراز بـەوە جیادەکەمـەوە ئـامراز سیستەمی کارپێکردنەکەی لە کارپێکەرکەیدایە وەک داسێک کە بۆ دروێنە بەکاردەهێنرێت دەبێت دەستێک هەبێت کاری پێ بکات و سیستەمی جوڵانەوەی ئەو داسەش کە دروێنەکەی پێدەکرێت لە داسەکەدا نییەو لەو دەستەدایە کە دروێنەکەی پێدەکات. بۆیە سیستەمی کارکردنەکەی دەکەوێتە دەرەوەی خـۆی، بـەڵام ئـامێر سیسـتەمی کارکردنەکـەی لـە دەسـتی بەکارهێنەرەکەیـدا نییـەو لـە نـاو ئامێرەکـە خۆیدایـە، ئـەوە مەکنیەیەی کە دروێنەی پێ دەکرێت سیستەمێکی بۆ کارکردن لە خۆیدا هەڵگرتووەو ئەوەی کە ئەو ئامێرە کار پێدەکات تەنها ئامێرەکە ئاراستە دەکات بۆ ئەو شوێنەی گەنمەکەی لێیەو ئیتر ئامێرەکە خۆی دروێنەی گەنمەکە دەکات .

پەیدابوونی ئەم ئامێرانە لەو کاتەوەیە کە عەقڵی رۆژئاوایی پـەی بـەوە بـرد ئـەو سیسـتەمی کارکردنـەی کـە لـە دەسـتی کرێکارێـک یـان جوتیارێکدایـەو لەڕێگەیـەوە کـار بـە ئامرازێـک دەکـات، دەکرێـت بخرێتـە نـاو ئامرازەکـە خۆیـەوەو ئیتـر بـۆ

کـارکردنی پێویسـتی بـە کرێکارەکـە نـەمێنێ و تـەنها ئەوەنـدە پێیوستی پێی هەبێت کە بەرەو کارەکە ئاراستەی بکات .

واتـە ئامراز ئامێرێکە کـە سیسـتەمی کارکردنەکـەی لـە خۆیدا نییـەو بـەڵام ئـامێر ئامرازێکـە کـە سیسـتەمی کارکردنەکـەی لـە خۆیدایـە. ئـەم پەیبردنـەی عـەقڵی ئـەورپێ بـەوەی کـە لـە توانـادا هەیە سیستەمی کارکردن لـە مرۆڤـەوە بگوازرێتـەوە بۆ نـاو ئـەو ئامرازەی بەکاری دەهێنێ گۆڕانێکی ڕیشـەی لـە بـواری پیشـەیی وکارکردنـدا دەهێنێتـەئاراوەو ئەمـەش کاردەکاتـە سـەر گـۆڕانی سیسـتەمی دابەشـکردنی کـارو پیشـەکان و فێربوونیـان. ئـەم کاریگەرییـە لـە رۆژئـاوادا هـەر لـە بـواری پیشـەیدا ناوەسـتێت و کاردەکاتە سەر سیسـتەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیـەکان و گۆڕان لەوانیشدا دەهێنێتـەئاراوە. پرۆسـەی بـە مۆدێرنکرد پەیوەندیـەکی راسـتەوخۆی بـەم داهێنانـە رۆژئاواییـەوە هەیـە . مـرۆڤ بـەوە جیادەکرێتـەوە لـە زینـدەوەرەکانی تـر جگـە لـەو هێـزە داهێنـەرە سروشتییەی کە وەک هەر زیندەوەرێکی تر لـە ناویـدا کاردەکات بـۆ داهێنانـەوەی جۆرەکـەی خـۆی کـە لـەو نەوەیـەدا خـۆی دەبینێتەوە کە لێی دەکەوێتـەوە، خـاوەنی هێزێکی داهێنـەری تـرە کـە ئـازادە لـەوەی ئـەو بوونەوەرانـەی پێ دابهێنـێ کـە ئـەو هێـزە داهێنـەرە بەشـێوەیەکی سروشـتی دایـان نـاهێنێ و هـەردەبێت مرۆڤ خۆی دایان بهێنێ .

مـرۆڤ بـەوهێزە داهێنـەرە جیـا لـە هـەموو زینـدەوەرەکانی تـر هەر لە کۆنەوە توانیوویەتی دوو جـۆر لـە بوونـەوەر دابهێنێ کـە دەکرێـت بـە بوونـەوەری کـەلتوری و بوونـەوەری تـەکنیکی یـان پیشـەیی ناویـان بـەرین. زمـان و هونـەرو ئـاین و ...هتـد لـە بوونـەوەرە کلتوریـەکانن بـەڵام پـاچ و خاکـەناز و داس لـە

بوونـەوەرە تەکنیکییـە پیشـەییەکانن. بوونـەوەرە کلتوریـەکان لـە پەیەوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤدا کاری خۆیان دەکـەن و تـەواو مرۆڤانـەن بـەڵام بوونـەوەرە تەکنیکیـەکان لـە پەیوەنـدی نێـوان مرۆڤ ئەو بوونەوەرەنەدا کاری خۆیـان دەکـەن کە مرۆڤ بۆ بژێوی خۆی پێویستی پێیانە .

ئـەو بوونـەوەرە تەکنیکیانـەی کـە مـرۆڤ بـۆ کـارو پیشـەکان دروسـتی کـردوون لـە بـەر ئـەوە بـە یاسـا فیزیکییـە نـەگۆڕەو ناچاریەکان کاردەکەن کە لە هەموو شوێنێک هەمان یاسا حوکم دەکات، جیهانیبوونـەوەیان ئاسـانەو دەکرێت ئـەو ئامێرانـەی کـە میللـــەتێک دروســـتیکردوون بـــۆ کـــارکردن، میللەتـــەکانیتر لـــە هەرشـــوێنێک بـــن بـــەکاریان بهێـــنن. چونکـــە یاســـا سروشـــتیە ناچاریەکان کە حوکمی ئەو ئامێرانـە دەکـەن لـە هـەموو شـوێنێک هەمان یاسان و ناگۆڕێن .

بـۆ نموونـە یاسـای سروشـتی بـە هـەڵمبوونی ئـاو لـە هـەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا هەمان یاسایەو ئەوە نییە کە لـە شـوێنێک ئاو بەهۆی گەرمییەوە بێت بە هەڵم و لە شـوێنێکی تر نـەبێت بە هەڵم، بەڵام ئەمە بۆ زمانی میللـەتێک یـان هونـەری میللـەتێک یان نـەریتی ئـاینی و کۆمەڵایـەتی میللـەتێک هـەمان شـت نییـە. ئـەو نەریتانەی کە میللەتێک بۆ پەیوەندیەکانی نێوان تاکەکانی هەیـەتی هـەمان ئەو نەریتانـە نین کـە میللـەتێکی تـر بـۆ پـەیوەنـدی نێـوان تاکـــەکانی خـــۆی هەیـــەتی. یاســـا کولتوریـــەکان وەک یاســـا تەکنیکییەکان نەگۆڕ وناچارانە نین بەڵکو گۆڕاو ئازادانەن .

بۆ جیاکردنەوەی ئەو نەریتە نەگۆڕەی کە ئامێرێک لـە کردنـی کارێکدا هەڵسوکەوتی پێدەکات لەگـەڵ ئـەو نەریتانـەی کـە مـرۆڤ لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ مرۆڤەکانـدا کاریـان پێدەکات وەک نـەریتی

هونـەری و زمـانی و ئـاینی کـە نـەریتی ئازادانـەو گـۆڕاون و لـە میللەتێکــەوە بــۆ میللــەتێکی تــر دەگــۆڕێن دەتــوانین نموونـــەی جوتیـارێکی خــەڵکی هــەورامان وەرگــرین کـە چەنـد دەیەیـەک لەمەوبـەر گـاجووتی بـۆ کێڵانـی زەویـەکانی بـەکارهێناوە بـەڵام بــەهۆی ئــەوەوە کــە ئینگلیزەکــان مەکینەیــەکییان بــۆ کێڵانـــی زەویـەکانیان دروسـتکردووەو وازیـان لـە گاجوتـەکانیان هێنـاوەو ئـــەم مەکینەیـــە گەیشـــتووەتە هـــەورامان و جوتیارەکـــەی هــەورامانیش وازی لــە گاجووتەکــەی هێنـاوەو زەویەکـەی بـەو مەکینەیە دەکێڵێت، ئیتر ئەمـە ئـەوە ناکاتـە ناچـاری ئـەم جوتیـارە مـادام لـەکاتی جوتکردنـدا گاجووتەکە بـەرکار ناهێنێت و مەکینـە دروســتکراوەکەی ئینگلیزەکــان بــەکاردەهێنێ دەبێــت لــە کــاتی کێڵانـی زەویەکەیـدا لـە بـری ئـەوەی سـیاچەمانە بڵێـت گـۆرانی ئینگلیزەی بڵێت و لـە جیاتی ئـەوەی بە جلوبەرگە هەورامیەکـەی خۆیـەوە زەویەکـە بکڵێـت بـە جلوبـەرگی ئینگلیزییـەوە زەویەکـە بکێڵێت و لـە بـری ئـەوەی بـە هـەورامی قسـە بکـات بـە ئینگلیـزی قســە بکــات و لــە بــری ئــەوەی ڕێورەســمە ئاینیــەکانی خــۆی جێبەجێ بکات ڕێورەسمە ئاینیەکانی ئینگلیزەکە جێبـەجێ بکـات و کە چووەیە ماڵەوەش لە بری ئەوەی بـە نەریتـە کۆمەڵایەتیەکـەی خـــۆی هەڵســـوکەوت لەگـــەڵ مـــاڵ و منداڵەکـــەی خـــۆی و دەوربەرەکـەی خۆیـدا بکـات بـە نـەریتی دروسـتکەری ئامێرەکـە هەڵسوکەوت بکات .

کاتێـک وا بیردەکەینـەوە ئـەو جوتیـارە بـە گـۆڕینی ئـامێری کارکردنەکەی بە ناچاری دەبێت نەریتە کولتورییـەکانیش بگۆڕێن بۆ نەریتە کولتورییەکانی ئەو میللەتەی کە ئامێری کارکردنەکـەی داهێنـاوە ئــەوە وێنەیـەکی کاریکـاتۆری لـە خەیاڵمانـدا دروسـت

دەبێت. ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کە نەریتە مرۆییەکان لەو نەریتە سروشتییانە جیاوازن کە ئامێرێک کاریان پێدەکات. ئەمەش لەهەمان کاتدا جیاوازی نێوان هونەرو تەکنیکە. هونەر ئەوەیە کە لە نێوان میللەتەکاندا نەریتەکەی گۆڕاوە بەڵام تەکنیک ئەوەیە کە لە نێوان میللەتەکاندا نەریتەکەی نەگۆڕە .

نیگارکێشەکان ئیتر لە هەر سەدەمێکدا بن و سەر بە هەر میللەتێک بن هەمان نەریتی تەکنیکی بۆ کێشانی نیگارەکانیان بەکار دەهێنن بەڵام ئەوەی بەو تەکنیکە وەک کارێکی هونەری دایدەهێنن هەمان کار نییە. بۆیە ئەوەی تەکنیکییە لە بەر ئەوەی نەریتەکەی نەگۆڕو ناچارانەیە لە هەموو شوێنێک هەمان نەریتەو شیانی گۆڕانی تیا نییە بەڵام ئەوەی هونەرییە بەوە هونەرییە کە نەریتەکەی گۆڕاوەو ئەو نەریتەی نیگارکێشێک هەیەتی نیگارکێشێکی تر نییەتی. ئەمە بۆ نەریتە زمانی و ئەدەبیەکانیش وایە. ئەوەی تەکنیکیە نەگۆڕەو ئەوەی هونەرییە گۆڕاوە. بۆیە ئامێرێک کە بە یاسا فیزیکییە نەگۆڕەکان کاری خۆی دەکات بۆ کارکردنی پێویست ناکات بەکارهێنەرەکانی نەریتە مرۆییە ناسروشتییەکانی خۆیان بگۆڕن بەو نەریتانەی کە دروستکەری ئەو ئامێرە هەیەتی .

ئامێرەکان چۆن بە دەستی ئامێر دروستکەرەکەیان کاردەکەن کە هەڵسوکەوتی لە بوارە کولتوری مرۆییەکەدا بە کۆمەڵە نەریتێکی تایبەت بە میللەتەکەی خۆیەتی، ئاواش بەدەستی هەر بەکارهێنەرێکی تریش کار دەکەن با نەریتە کولتورییەکانی جیاوازبن لە نەریتە کولتوریەکانی دروستکەری ئامێرەکە. دروستکەری ئامێرەکان و ئەوەی پیشەییە لەگەڵ گواستنەوەی ئامێرە دروستکراوەکەیدا بۆ ئەو بەکارهێنەرانەی کە سەر

بەکولتورەکەی ئەو نیین، پێویستی بەوە نییە نەریتە کولتوریەکانی خۆیشی لەگەڵیدا بنێرێت تا ئامێرکە لە دەستی بەکارهێنەرەکەی کار بکات، چونکە هیچ پەیوەندیەکی ناچارانە لە نێوان نەریتی ئاکاری و کولتوری مرۆڤەکان و نەریتی تەکنیکی و پیشەیی کارکردنی ئامێرەکان وبەکارهێنایاندا نییە .

**بەشی ١٣ مۆدێرنە**

ئەوە هەڵەیەی کە مارکیسیزم تێی دەکەوێت ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان نەریتە پیشەییەکان و نەریتە ئاکارییەکان بە پەیوەندیەکی ناچارانە دەبینێ و وادەبینێ گەر ئامێرەکانی کارکردن گۆڕان ئەوە پەیوەندییە ئاکاری و کولتوری و ئاینییەکانیش دەگۆڕین، لە کاتێکدا پەیوەندێەکی دیالێکتیکی ناچارانەی لەو جۆرە لە نێوان ئەو دوو نەریتەدا نییە. گەر هەبواییە دەبوایە ئەو خەڵکەی کە بەکارهێنەری ئەو ئامێرانەن وازیان لە نەریتە زمانی و هونەری وکۆمەڵایەتیەکانی خۆیان بهێنایەو نەریتەکانی دروستکەرکەیان وەرگرتایە تا ئامێرەکە بە دەستیانەوە کاری خۆی بکات .

گەر پەیوەندییەکە بەو شێوەیە بێت ئەوە ئامێرەکان بە دەستی بەکارهێنەرەکانیانەوە کاریان نەدەکرد تا بە زمانی دروستکەری ئامێرەکان قسەیان نەکردایە. لە راستیدا هیچ پەیوەندیەکی ناچارانە لە نێوان یاسا نەگۆڕەکانی ئەوەی کە تەکنیکییەو مرۆڤ هێناویەتییە ئاراوە لەگەڵ یاسا گۆڕاوەکانی ئەوەی کە کولتورییەو مرۆڤ هێناویەتیە ئاراوە بوونی نییە .

مۆدێرانایزەیشن لەو شوێنەدا بۆ هەر کۆمەڵگایەکی سەردەمی مۆدێرن پێویستە کە پەیوەندی بە ژیانی پیشەیی و

تەكنیكی ئەو كۆمەڵگایەوە هەیە، بەڵام كاتێك مۆدێنایزەیشن لە بوارە پیشەییەكەوە سەر دەكێشێت بۆ بوارە كۆمەڵایەتی كولتورییەكەو مەرجی گۆڕانی كۆمەڵگایەكی تەقلیدی بە كۆمەڵگایەكی مۆدێرن بەوە دیاریدەكات كە دەبێت چۆن نەریتە پیشەییەكەو ئامێرەكانی كاكردنی خۆی گۆڕیوە ئاواش نەریتە كولتورییەكانی خۆی بگۆڕێت بە نەریتەكانی نەتەوەی سەردەست، ئەوە مۆدێرانایزەیشن بۆ بەرزكردنەوەو زاڵكردنی كولتوریكی رەگەزی دەبێت بەسەر كۆمەڵە كولتورێكی رەگەزی تردا، لێرەدا ئەوەی لەم پرۆسەیە دەكەوێتەوە هیچ نییە جگە لە رەگەزپەرستیەكی نەرم. ئەوەی كورد وەك میللەتێكی بێ دەوڵەت لە بەرامبەریدا دەوەستێتەوە مۆدێرنایزەیشنی بوارە كولتورییەكەیە نەك بوارە پشەییەكەی .

بەر لەوەی قوتابخانە مۆدێرنەكانی فێركردنی پیشەیی بێنە ناو رۆژهەڵاتی ناوینەوە تەنها قوتابخانە ئاینیەكان هەبوون، ئەوانیش بۆ گواستنەوەی نەریتی ئاینی دامەزرابوون. لەگەڵ هاتنی قوتابخانە پیشەییەكانی رۆژئاوادا بۆ ناوچەكە گەر پیاوانی ئاینی ناو میللەتەكانی تر دژایەتیەكی گەورەی هاتنی خوێندنی پیشەیی قوتابخانە مۆدێرنەكانیان كردبێت ئەوەی پیاوانی ئاینی حوجەرەكانی كوردستان بە پێچەوانەوە پێشوازیەكی زۆریان لە هاتنی ئەو قوتابخانە پیشەییانە كردووەو ئەو زانستەی كە لەو قوتابخانانە فێری قوتبیان كراوە بە زانستێكی شەیتانی سەیریان نەكردووە، نەك هەر ئەوە تەنانەت رۆشتنی ژنان بۆ ئەو قوتابخانە پیشەییانە بە كافربوون نەزانراوە .

لە ناو ئەدەبیاتی كوردی ئەو سەردەمەدا ستایشێكی زۆری ئەو قوتابخانە مۆدێرانانە كراوەو لەلایەن ئەو شاعیرانەوە كە

خۆیان مامۆستای قوتابخانە ئاینیەکان بوون. لەوانەیە باشترین نموونەی ئەو پیاوە ئاینیانە مەلای گەورەی کۆیە بێت. ئەوەی کورد لەو سەردەمەدا رووبەڕووی دەبێتەوە مۆدێرنایزەیشنی کایە کولتورییەکانە نەک کایە پیشەییەکان، هۆی ئەم بەرامبەربوونەوەیەش ئەوەیە کورد دیارە هوشیاربووە بەوەی بۆ فێربوونی ئەو زانستە پیشەییانە پێویست ناکات بە زمانی تورکی یان عەرەبی یان ئینگلیزی منداڵەکانیان فێربکرێن چونکە دەکرێت بە زمانی کوردیش ئەو زانستانە فێری منداڵانیان بکرێت. کورد لێرەدا جەنگی ئەوە ناکات قوتابخانەی مۆدێرن لە کۆمەڵگای کوردیدا دروست نەبێت، بە پێچەوانەوە جەنگی ئەوە دەکات ئەو دەوڵەتانەی بەسەریاندا دابەشکراوەو ناوچە کوردییەکانیان لە قوتابخانە مۆدێرنەکان بێبەشکردووە لە ناوچە کوردییەکانیش خوێندنی مۆدێرن پەرەی پێ بدرێت .

کورد سەرسەختانە داوای مۆدیرانایزەیشنی کایە پیشەییەکانی کۆمەڵگاکەی دەکات. مۆدیرنایزەیشنی کایە پیشەییەکانیش دوای ئەوە دەست پێدەکات کە دەوڵەت هەبێت، بەلام کورد لە گەڵ ئەوەشدا دەوڵەتی نەبووەو لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا کە بەسەریاندا دابەشکراوە لەجەنگێکی بەردەوامدابوو، قوربانی زۆری لەپێناو مۆدێرنایزەیشنی کایە پیشەییەکان داوەو کاتێکیش کە رێکەوتن لە نێوان بزوتنەوە کوردیەکان حکومەتەکاندا کراوە خوێندنی کوردی لە ناوچە کوردیەکاندا بە مەرجی سەرەکی گیراوە.

مۆدێرنایزەیشنی پیشەیی بەبێ بوونی دەوڵەت کارێکی سەخت و ئەستەمە، کاتێک میللەتێک خۆی خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبێت و خرابێتە ناو دەوڵەتێکەوە کە هی میللەتێکی ترەو

ئەو قوتابخانە پیشەییەکان و سیستەمی پەروەردەکردنی پیشەیی داناوە ناچارە لە ناو ئەو قوتابخانەنەداو بەو زمانە بێگانەیە کە هی ئەو میللەتە سەردەستەیە بخوێنێت و دەبێت واز لە زمانەکەی خۆی بێنێ و کار بۆ ئەوە نەکات بیکات بە زمانی ئەو زانستانەی کە مۆدێرنایزەیشنی پێشەیی پێ ئەنجام دەدرێت .

میللەتێک لە دۆخێکی ئاوادا بێت دەکەوێتە ناوکێشەیەکی گەورەوە ئەویش ئەوەیە دەبێت لە بەرامبەر ئەوەدا کە پەروەردەیەکی پیشەیی دەکرێت دەبێت واز لەناسنامە نەتەوەییەکەی خۆی بێنێ و ناسنامەی نەتەوە سەردەستەکە هەڵگرێت. ئەمەش بۆ میللەتێکی وەک کورد کە دەستی بە ناسنامە نەتەوەییەکەی خۆیەوە گرتووە کارێکی سەخت دەبێت، سەختیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە پەروەدەی پیشەیی و پەروەردەی نەتەوەیی کراوەتەوە بەیەک و ئەوەی بیەوێت لەو قوتابخانانەدا بە پەروەردەیەکی پیشەیی پەروەردە بکرێت دەبێت قبووڵی ئەو پەروەردە نەتەوەییەش بکات کە کەسەکە وەک تاکێک بە کەلتورێکی نەتەوەیی پەروەردەی دەکات کە بێگانەیە بە بوونی نەتەوەیی ئەو تاکە.

لەناو قوتابخانە مۆدێرنەکانی دەوڵەتی مۆدێرندا ئەوەی تەکنیکییەو بە یاسا سروشتییە نەگۆڕە گەردوونییەکان کاردەکات لەگەڵ ئەوەی کە هونەری و ئاکارییەو نەریت و یاساکانی لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر جیاوازە پەیوەستکراون بەیەکەوە. کەسێک کە دەیەوێت منداڵەکانی لە داهاتوودا ببن بە خاوەنی پیشەیەک دەبێت بیانێرێتە ئەو قوتابخانانەی کە چۆن پەروەردەیەکی پیشەیی و تەکنیکی تواناکانی دەکەن ئاواش پەروەردەیەکی زمانی وهونەری و ئاینی وکۆمەڵایەتی بەو

نەریتانــە دەکــەن کــە نەریتــەکانی نەتــەوەی سەردەســتی ئــەو دەوڵەتەن و نامۆن بە نەریتەکانی نەتەوەییەکانی ئەو تاکەی کە سەر بە نەتەوەی سەردەست نییە .

لـەو قوتابخانانـەدا کـە کەسێک پـەروەردە دەکرێت لـە دوای تــەواوبوونی پرۆســەی پەروەردەکردنەکــەدا بــە تــەنها نابێتــە خــاوەنی ناســنامەیەکی پیشــەیی بــەڵکو دەبێــت بــە خــاوەنی ناســنامەیەکی نەتــەوەیش کــە هــی خــۆی نییــەو هــی نەتــەوە سەردەستەکەی ئەو دەوڵەتەیە. واتـە هـی ئـەو نەتەوەیەیـە کـە بـە زمانەکەی خۆی و بە ڕێگایەکی پەروەردەکردنی تایبەت بە خـۆی و بە نەریتە نەتەوەییەکانی خۆی ئەو تاکە پەروەردە دەکات .

گـەر خێزانێـک سـەر بـە نەتـەوەی سەردەسـتی ئـەو دەوڵەتـە نەبێت کە سیستەمە پەروەردەییەکەی بۆ مۆدێرانایزەیشنی بـوارە پیشــەییەکان دامەزرانــدووەو منداڵــەکانی بــەو مەرجــە بنێرێتــە قوتابخانـە پیشـەییەکانی ئـەو دەوڵەتـە کـە تـەنها ئـەوەی پیشـەییە فێری بکەن و ئەو وانانە نەخوێنێت کە پیشەیی نیین وەک مێژوو و ئـاین و زمـان و هونـەرو ئاکـارو پـەروەردەی نەتـەوەیی.. هتـد، ئەوە بەهیچ شێوەیەک لەو قوتابخانانەدا وەرینـاگرن. چونکـە لـەو قوتابخانانەدا ئەو چۆن پەروەردەیەکی پیشـەیی دەکرێت تـا ببێت بەخاوەنی ناسنامەیەکی پیشەیی ئاواش پەروەردەیەکی نەتـەوەیی دەکرێت تاببێت بـە خـاوەنی ناسـنامەیەکی نەتـەوەیی ئیتـر ئـەوە گرنــگ نییــە ئــەو ناســنامە نەتەوەییــە ناســنامەی نەتــەوەیی نەتەوەکـەی خۆیـەتی یـان هـی نەتەوەیەکـە کـە ئـەو سـەر بـەو نەتەوەیە نییە.

بـۆ ڕوونکردنـەوەی زیـاتری ناسـنامەی پیشـەیی و ناسـنامەی نەتەوەیی جوتکردنی ئەم دوو ناسنامەیە لە دەوڵەتی مۆدێرندا بە

نـاو مۆدێرنایزەیشـنی پیشـەییەوە، دەتـوانین کـورد خـۆی وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ لـە نـاو دەوڵـەتێکی مـۆدێرنی وەک تورکیا وەربگـرین کـە تـورک نەتـەوەی سـەردەسـتی ئـەو دەوڵەتەیـەو سیستەمی پـەروەردەکردنی تاکـەکانی نـاو ئـەو دەوڵـەتـەی بـەبێ هـیچ حیسـابکردنێک بـۆ جیـاوازی کولتـورە نەتەوەییـەکانی نـاو سـنوری سیاسـی ئـەو دەوڵەتـە دانـاوەو تاکـەکانی سـەر بەنەتەوە جیاوازەکانی ناو ئەو دەوڵەتە ناچارن بۆ ئەوەی ببنبە خاوەنی ناسنامەی پیشەیەکی مۆدێرن، دەبێت قبوڵی ئەوە بکەن لەگـەڵ پـەروەردە پیشـەییەکەدا بـەو کولتـورە نەتەوەییـەش پـەروەردە بکـرێن کـە لـە کۆتایـدا دەیانکـات بـە خـاوەنی ناسنامەیەکی نەتـەوەیی تورکی. ئەمـەش سـەر ناگرێت گـەر ئـەو تاکە لەگەڵ پەروەردەکردنی بەو کولتورە نەتەوەییە تورکییە کە دەیکات بە خاوەنی ناسنامەیەکی تورکی ناسنامە نەتەوەییەکەی خۆی لـە دەسـت نـەدات. دەکرێت کەسێکی ئـەمریکی و کەسێکی یابانی و کەسێکی تـورک و کەسێکی کـورد هـەموویان خـاوەنی یـەک ناسـنامەی پیشـەیی بـن و ئەنـدازیار بـن. بـەڵام ناکرێـت هەموویان خاوەنی یەک ناسنامەی نەتەوەیی بن .

ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە ناسـنامەی پیشـەیی ناسـنامەیەکی تەکنیکییەو ئەوەش تەکنیکییە، جیهانییەو بۆ هەمووان یەکە بەڵام ناسنامەی نەتـەوەیی ناسنامەیەکی جیهانی نییـەو لۆکاڵیـەو کۆی ئەو نەریتانە لە خۆدا کۆدەکاتەوە کە هەر لە کۆنەوە ئەو میللەتە دایهێنـاون و پـەرەی پێداون، وەک نـەریتی زمـانی و هونـەری و کۆمەڵایـەتی و ئـاینی و سیاسـی. ئـەم ناسنامەیە پەیوەنـدی بـەو نەریتانەوە هەیە کە مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی سروشتی کردووە بـە کۆمەڵـە میللـەت و نەتەوەیـەکی جیـاوازەوە کـە هەریەکـەیان

خاوەنی نەریتی زمانی وهونەری و کۆمەڵایەتی وئاینی جیاوازی خۆیەتی .لە دەوڵەتی مۆدێرندا سیستەمی پەروەردە وارێکخراوە ئەوەی کولتورییەو بوونێکی لۆکاڵی هەیە وەک ئەوەی لێبکرێت کە تەکنیکییەو بوونێکی جیهانی هەیە. ئەمەش ئەو لێکدژیانەی لە ناو دەوڵەتی مۆدێرندا دروستکردووە کە سەرچاوەی ئەو هەموو ناکۆکی و جەنگانەیە کە لە گەڵ دروستبوونی یەکەم دەوڵەتی مۆدێرندا تا ئێستا بەردەوامی هەیە. لە تورکیادا دوای دروستکردنی دەوڵەتی مۆدێرنی تورکی سیستەمێکی پەروەردەیی مۆدێرن دادەمەزرێت و قوتابخانە پیشەیی مۆدێرنەکان شوێنی قوتابخانە ئاینییەکانی مزگەوتەکان دەگرنەوە. هەر خێزانێک بیەوێت منداڵەکانی بۆ گوزەرانی خۆیان لە داهاتوودا پیشەیەکیان هەبێت دەبێت بیانێرنە ناو ئەو قوتابخانانەوە تا فێری ئەو پیشەیە ببن کە دەیانەوێت .

لە ناو ئەم قوتابخانانە تەنها ئەو کولتورە پیشەییەی پەروەردەکردنی پیشەیی بوونی نییە کە زانستە تاقیکاریی و تەکنیکییەکانی وەک فیزیا و کیمیاو بایلۆجیا وماتماتیک..هتد لە خۆی دەگرێت بەڵکو کولتورێکیش بۆ پەروەردەکردنی نەتەوەیی دانراوە کە پەیوەندی بەو نەریتە لۆکاڵیانەوە هەیە میللەتێک لە میللەتەکان هەیەتی، ئەم کولتورەش لە ناو ئەو زانستانەدا رێکخراوە کە بە زانستە مرۆییەکان ناودەبرێن وەک: زمان و ئەدەبیات و هونەرو مێژوو و ئایین و جوگرافیاو زانستەکانی تر.

دەوڵەتی تورکیا کە تیایدا نەتەوەی تورک سەردەستە ئەو کولتورە لۆکاڵییەی نەتەوەییەی کە هەر تاکێکی لەناو قوتابخانەکاندا پێ پەروەردە دەکرێت -ئیتر کولتورەکەی نەتەوەییەکەی بنەماڵەکەی هەرچیەک بێت- دەبێت بەو کولتورە

نەتــەوەیی تورکییــە پــەروەردە بکرێــت کــە بڕیــار دراوە لــە قوتابخانەکانـدا پـەروەردەی نەتـەوەیی تاکـەکانی سـنوری ئـەو دەوڵەتەی پێبکرێت. کە ئەویش خۆی لە فێرکردنی زمانی تورکی و مێژووی تورک و ئەدەبیاتی تورکی و هونـەری تورکی و ئەو جوگرافیایی کە میللەتی تورک وای دیاریکردووە کە بە درێژایی مێژووی خۆی ژیانی تیا بەسەربردووە دەبینێتەوە .

کاتێک کوردێک بەم پەروەردە نەتەوەیی تورکییە پەروەردە دەکرێت و وانـەی مێژوو دەخوێنێت، ئەو مێژووەی فێردەکرێت کە مێژووی تورکەکانەو کوردیش لەناو ئەو مێژوودا جگە لە دوژمنێک هیچی تر نییە. کاتێکیش هونەرو موزیک دەخوێنێ ئـەوەی تەکنیکییـە فێـری دەکرێـت بـەڵام ئـەوەی هونەرییـەو لـە ڕێگەی ئـەو تەکنیکەوە دەبێت نیشانی بدات نابێت هونەرەکەی خۆی بێت بەڵکو دەبێت سەر بەو هونەرەبێت کەپێی دەوترێت هونەری تورکی .

ئـەو زمانـەی دەبێت بیخوێنێت و فێری بێت تا کولتورەکەی پێوەرگرێت زمانی تورکییە. ئەو ئەدەبیاتەی دەینوسیت دەبێت بە زمـانی تـورکی و ئـەو جیهانبینییـەوە بینوسـێت کـە ئـەو زمانـە هەیــەتی و دواتــریش کارەکــانی لــە نــاو مێــژووی ئــەدەبیاتی نەتەوەکـەی خـۆی تۆمارنـاکرێن بـەڵکو دەچنـە نـاو مێـژووی ئەدەبیاتی تورکییەوە .

بە کورتی ئەم منداڵە کوردە لە ناو ئەم قوتابخانەیەدا هەر توانــا پیشــەیەکانی پــەروەردە نــاکرێن بــەڵکو وەک تــاکێکیش پەروەردە دەکرێت بەو نەریتانە هەڵسوکەوت بکات کە نەریتی تورکین و لە ڕێگەی زانستە مرۆییەکانەوە لە ناویدا چێنراون. ئەم دەوڵەتە بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی پەروەردەکردنی

تاکەکانی ناو سنورە سیاسییەکەی خۆی مەحروم دەکات لەوەی کە بە کولتورە نەتەوەییەکەی خۆیان پەروەردە بکرێن و وەک تاکێکی سەر بە نەتەوەکەی خۆیان بمێننەوە .ئەوان بۆ ئەوەی پەروەردەیەکی پیشەیی بکرێن دەبێت ئەو کولتورە نەتەوەییە تیایاندا بچێنرێت کە هی نەتەوەی سەردەستە. کاتێک منداڵێکی کورد بەو کولتورە نەتەوەیی تورکییە پەروەردە دەکرێت، جیهانبینی نەتەوەیی خۆی لە دەستدەدات و تورکانە جیهان دەبینی و پێناسەی دەکاتەوە نەک کوردانە. کاتێک دەچێت مێژوو بەو جیهانبینییە تورکییە دەخوێنێتەوە میللەتەکەی خۆی وەک تورکێکی کێوی و نامۆدێرن دەبینێ و بەهۆی ئەمەشەوە هەست بە نامۆبوون دەکات لە بەرامبەر بوونی کوردانەی خۆی لە مێژوودا .دەوڵەتی مۆدێرن لەرێگەی مۆدێرانایزەیشنی بوارە پیشەییەکەوە دانامەزرێت بەڵکو لە رێگەی مۆدێنایزەیشنی بوارە نەتەوەییەکەوە دادەمەزرێت. مۆدێرنایزەیشنی بوارە نەتەوەییەکەش وەک مۆدێرنایزەیشنی بوارە پیشەییەکە نییە، چونکە لە مۆدێرنایزەیشنی بوارە پیشەییەکەدا ئامرازەکان دەگۆڕین بەو ئامێرە تەکنیکییە مۆدێرنانەی کە بە یاسا فیزیکییە ناچارییەکان کار دەکەن و رەوایە هەر میللەتێک لە میللەتەکان واز لە ئامرازە کۆنەکانەکانی خۆی بهێنێت و لە بری ئەوان بە ئامێرە تەکنیکیەکان کار بکات. چونکە ئەوەی تەکنیکییە جیهانییەو لۆکاڵیی نییە .

بەڵام کاتێک مۆدێرانایزەیشن لە بوارە پیشەییە تەکنیکیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ بوارە کولتوری و نەتەوەییەکە ئەو کاتە نەتەوەی سەردەست کولتورە نەتەوەییەکەی خۆی بەرزدەکاتەوە بۆ کولتورێکی سەروونەتەوەیی و بەمەش

مۆدێرانایزیشن  لە نەتەوە ناسەردەستەکانی دەوڵەتی مۆدێرێن دەخوازێت واز لەزمان و کولتوری نەتەوەیی خۆیان بهێنن بۆ زمان و کولتوری نەتەوەیی دەوڵەتی سەردەست. واتە چۆن ئەوان رازیبوون دەست لە گاجووتەکانیان هەڵگرن و بۆ کیڵانی زەویەکانیان و مەکینە بەکاربهێنن، دەبێت ئاواش واز لە زمانە نەتەوەییەکانی خۆیان بهێنن و بەو زمانە بخوێن و بنوسن کە دەوڵەت بڕیاری لەسەرداوە .

دەوڵەت لە رێگەی مۆدێرانایزەیشنی بوارە پیشەییەکەوە رەوایەتی وەردەگرێت بۆ سەپاندنی نەریتە نەتەوەییەکانی نەتەوەیی سەردەست بەسەر ئەو نەتەوانەدا کە لە دەوڵەتەکەدا سەردەست نین. ئەمەش مۆدیرانایزەیشن لە پرۆسەیەکی پیشەییەوە دەگۆڕیت بۆ پرۆسەیەکی رەگەزپەرستانە، کە هەر لە مرۆڤ ناخوازێت ئەو ئامرازە کۆنانەی کە کاری پێکردون بگۆڕێت بۆ ئامێری تەکنیکی نوێ بەڵکو لێشی دەخوازێت دەستبەرداری زمان و هونەرو هەموو نەریتە نەتەوەییەکانی خۆی ببێت و نەریتە نەتەوەییەکانی نەتەوەیەکی تر وەرگرێت و لە پەیوەندی نێوان خۆی و کەسانی دەوربەرەکەیدا کاریان پێبکات .

مۆدێرنایزەیشن لێرەدا هەر وەک مۆدێرنیتێ لە پرۆسەیەکی مرۆیی و جیهانییەو دەگۆڕێت بۆ پرۆسەیەکی رەگەزپەرستانە، لەو پرۆسەیەدا کۆمەڵە رەگەزێکی نەتەوەیی کۆمەڵە رەگەزێکی نەتەوەیی جیا لەخۆیان قەلاچۆ دەکەن وکۆتاییان پێدەهێنن .

دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر مۆدیرانایزەیشنی مرۆیی دانەمەزراوە کە تەنها داوای بەمۆدێرنکردنی بواری پیشەو کار دەکات بەڵکو لەسەر مۆدێرانایزەیشنی رەگەزی دامەزراوە کە

داوایی ئەوە دەکات نەتەوەی سەردەست ڕەگەزە نەتەوەییەکەی خۆی بسەپێنی بەسەر ئەوانی تردا و کۆتایی بە ڕەگەزە نەتەوەییەکەیان بێنێ. هەر ئەمەشە وایکردووە کورد لەلایەکەوە جەنگی لەگەڵ ناسیونالیزمی سەردەستی ئەو دەوڵەتانەدا کەبەسەریاندا دابەشکراوە لەسەر ئەوەبێت کە ئەو ناسیونالیزمە سەردەستانە بەربەستن لە بەردەم مۆدێرنایزەیشنی بوارە پیشەییەکەی ناوچە کوردییەکاندا، لەلایەکی تریشەوە بەرگری لەوە دەکات ناسیونالیزمی سەردەست بە ناوی مۆدێرنایزەیشنەوە نەریتەکانی کولتوری نەتەوەیی نەتەوەی سەردەست بە ناوی مۆدێرنایزەیشنەوە بەسەر نەریتە کولتورییە نەتەوەییەکانی خۆیدا بسەپێنێت .ئەوەی کورد لەو سەد ساڵەی دروستبوونی ئەو دەوڵەتانەدا کە بەسەریاندا دابەشکراوە ڕووبەڕووی بووەتە مۆدیرانایزەیشنی بوارە پیشەییەکە نییە بەڵکو مۆدێرانایزەیشنی ڕەگەزییە کە نەریتەکانی کولتورە نەتەوەییەکانی نەتەوەی سەردەست بە مۆدێرن و باڵا پێناسە دەکاتەوەو لە بەرامبەریشدا نەریتە کولتورییەکانی نەتەوەکانی تری ناو سنوری ئەو دەوڵەتە بە نەریتی کۆن و کێوی و نزم پیناسەدەکاتەوە تا وایان لێبکات دەستبەرداری کولتورە ڕەگەزییەکەی خۆیان ببن بۆ کولتورە ڕەگەزییەکە نەتەوەی سەردەست. کورد دژی ئەو ڕەگەزپەرستییەی نەتەوە سەردەستەکانی دەوڵەت جەنگ دەکات و داوای ئەوە دەکات بە ناوی مۆدیرانایزەیشنی بوارە پیشەییەکەوە کولتوری ڕەگەزیی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەکانی تردا لە ڕێگەی هێزو ناچارکردنەوە نەسەپێنرێت.

**بەشی ١٤ مۆدێرنە**

**هەڵۆ بەرزنجەیی:**

**– نەتەوە بیرۆکەیەکە، لەناو کولتورێکدا یەکبوونێک بخوڵقێنێ، کە ویستی نەتەوە بیخوازێ و ئەو جیاوازییانەش، بپارێزێ کە سروشـــتی نەتەوە گەرەکێتـــی؟. دەکـــرێ ئەم داوایە ڕوونتـــر بکەنەوە؟.**

**د. عرفان مستەفا:**

+ کاتێک باس لە نەتەوە دەکەین دەبێت بزانین ئەوە دەبێت بە نەتەوە چیبووە، چونکە نەتەوە شتێک نییە پێشینەیەکی نەبێت و وەک دەڵێن قارچک نییە کە بەبێ هیچ گەشەکردنێکی پێشینە هەڵتۆقێت. مۆدێرنیزم دەیەوێت نەتەوە واپێناسە بکات هەر لە خۆیـــەوە پەیـــدابووەو لـــە شـــتێکی تـــرەوە پەیـــدا نـــەبووەو پەرەسەندێکی مێژووییانەی جۆرێکی تر لە کۆبوونەوەی مرۆیی نییە. نەتەوە لە کۆمەڵە تاکێک پەیدا دەبێت کە پێشتر سەر بەهیچ پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی نەبوون .

واتە وا پێناسەی نەتەوە دەکات کۆمەڵگای ئەو منالانەیە بێ دایک و باوک و بنەماڵەو رەچڵەکن و لەگەڵ یەکدا کۆبوونەتەوەو کۆمەڵگایەکیان دروستکردوو کە بنەماکەی جیاوازە لە هەموو ئـــەو کۆمـــەڵگا مرۆییانـــەی پێشـــتر هـــەبوون. ئـــەم تێڕوانینـــەی مۆدێرنیزم بۆ نەتەوە زیاتر لە تێڕوانینێکی ئەفسانەیی دەچێت تا واقعـــی. ئێمـــە بـــۆ تێگەیشـــتن لـــە کۆبوونـــەوەی مرۆیـــی لـــە پێکهاتەیەکی نەتەوەیدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو پەرەسەندنەی لە کۆبوونەوەی مرۆیدا بە درێژایی مێژووی خۆی روویداوەو لە نەتەوەدا گەیشتووەتە لوتکەی خۆی. یەکەم یەکەی کۆبوونەوەی

مرۆڤـەکان خێزانـە کـە پەیوەندیـەکی بـایلۆجی کۆیـان دەکاتـەوە، کاتێک ئەو خێزانە گەورە دەبێت و نەوەکان نەوەی تر دەخەنـەوە خێزانەکـە دەگۆڕێـت بـۆ بنەماڵـەو لـە پەرەسـەندنێکی زیـاتردا دەگۆڕێت بۆ خێڵ کە کۆکەرەوەی ئەو بنەماڵانەیە لـە یـەک بـاوان کەوتوونەتەوە .

بۆ ئـەوەی خێزانێـک ببێت بـە بنەماڵـەو بنەماڵەیـەک ببێت بـە چەنـد بنەماڵەیـەک و چەنـد بنەماڵەیـەک ببن بـە خێڵێک بەلایـەنی کەمەوە سەدو پەنجا ساڵ تـا دووسـەد سـاڵی دەوێت. پەیوەنـدی خێڵەکی نێوان کۆمەڵـە مرۆڤێک پەیوەندیـەکی تـەواو بایلۆجییـەو لەوەوەیـە کـە هـەموو تاکـەکانی ئـەو خێڵـە لـە یـەک باوانـەوە هـاتوون. گـەر هـاتوو ئـەو خێڵـە خێڵێکی کۆنی سـەرتایی بێت و پەیوەندییـە بـایلۆجی وخوێنیـەکانی خـۆی پاراسـتبێت، بێگومـان زمانێکیـان بـۆ قسـەکردن هەیـەو چەنـد نـەریتێکی سادەشـیان بـۆ پێکەوەژیان هەیە .

ئـەم جـۆرە لـەخێڵی پوخـت خێڵێکـی داخـراوەو خـوێنی خـۆی دەپارێزێت و نـاهێڵێ لـە ڕێگـەی ژنخوازییـەوە خـوێنی باوانـەکانی لەگەڵ خوێنی بێگانەکاندا تێکەڵ ببێت. ئەوەی خێڵەکەی ڕاگرتـووە زمـان و نەریتـەکانی پێکـەوەبوون و نەریتـەکانی کـارکردن نییـە، بـەڵکو خـوێنی باوانەکانـە کـە بـە جەسـتەی هـەموو ئەندامەکانـدا دەگـەڕێت. ئـەوەی لای ئـەم خێڵـە پیـرۆزەو پێویسـتە هـەموو تاکەکانی ئەو خێڵە لە گیانی خۆیان زیاتر بیپارێزن ئـەو خوێنەیـە کە بەدەمارەکانیاندا دەڕوات و دەبێت هـەر بـەو پاکییـە بچێتـە نـاو نەوەکانی دواییەوە.

دەکرێت ئەم خێڵە بە خێڵێکی بایلۆجی ناوبەرین چونکـە ژیـانی ئـــەم خێڵـــە ئـــەوەی گرنگـــی پێـــدەدات پرۆســـە سروشـــتییە

بایلۆجییەکـــەی خســـتنەوەی نـــەوەکان و پاراســـتنی خوێنـــەی باوانەکانە. هەر ئەمەش وادەکات پێویستی بەوە نەمێنێ بیر لـەوە بکاتــەوە نەریتــەکانی پێکــەوەژیان و نەریتــە پیشــەییەکانی کــار بگۆڕێــت و نــەوە بەنــەوە وەک کۆمەڵــە نــەریتێکی نــەگۆڕ بیانگوازێتەوە .

خێڵــی بــایلۆجی وەک مێرولــەکان و هەنگــەکان نەریتــەکانی بــەجێگیری دەمێننــەوە، ئەمــەش وادەکــات پەرەســەندنەکەی لــە ئاســـتی خێڵـــدا بوەســـتێت و نـــەگۆڕێت بـــۆ پەرەســـەندنێکی سەروخێڵەکی. لەم خێڵانە نەک هەر نەتەوە دروست نابێت بەڵکو ئــەو کۆمــەلگا ســەرووخێڵەکییەش دروســت نابێــت کــە بــەر لــە دروســتبوونی نەتــەوە دەبێــت هــەبێت. خێڵێکــی ئــاوا نــەریتێکی ســادەی نــەگۆڕی کــارکردن و دابەشــکردنی کــاری هەیــەو بــە پرۆســـــەیەکی بۆمـــــاوەیی نزیـــــک لـــــە پرۆســـــە بۆماوەییـــــە سروشــتییەکەی پەیــدابوونی نەوەکانــەوە دەگوازرێتــەوە بــەبێ ئــەوەی ئەندامــەکانی ئــەو خێڵــە بیــر لــە گــۆڕانی ئامرزەکــانی کــارکردن و نــەریتی دابەشــکردنی کارەکــان بکەنــەوە. لەمەشــدا پەیڕەوی لەو جۆرە لە نەریتی کارکردن دەکەن کە بە شێوەیەکی سروشتی لەناو هەنگاکان و مێروولەکاندا هەیە .

ئەمە بۆ نـەریتی هونـەری وئـاینی و زمـانیی و نەریتـەکانی تر کـە نـەریتی پیشـەیی نین و پەیوەندی نێوان تاکـەکانی ئـەو خێڵـە ڕێکدەخــەن، هــەر راســتە.. ئــەوان زمــانێکی ســادەیان هەیــە کــە وشـەکانی زۆر دیـاریکراون و تـەنها بـەکاردەهێنرێت بـۆ فرمانـدان وڕێنمــاییکردن، زمانێــک نییــە بــۆ گوزارشــتکردن لــە جــوانی و خۆشـەویستی نێـوان دوو دڵـدار لـە نـاو شـیعرو داسـتانەکاندا، چونکـە ئـەوان نـازانن خۆشـەویستی چییـە، ئـەوان تـەنها دەزانـن

سێکس چییەو زاوزێکردن چییە. بۆیە زمانەکەیان زمانی شیعرو داستان و ئاین نییەو تەنها زمانی کارکردنە. واتە زمانەکەیان زمانێکی تەکنیکییە نەک هونەری .

بەهەمان شێوە لەبەر ئەوەی بیر لەوە ناکەنەوە کە بۆ هەن و بۆ ئاوا هەن و بە شێوەیەکی تر نین، یان ئەم گەردوونە بۆ هەیەو چیی لە پشت دروستبوونییەوە هەیە، نەریتێکی ئاینیی باڵایان نییەو نەریتە ئاینیەکەیان تەنها چەند ڕێورەسمێکی سادەی ناشتنی مردووەکانیانە یان ڕێوەڕەسم و تەقسێکی سادەیە کەبۆ پاراستنی خۆیان لە ڕووداوە سروشتیەکان جێبەجێی دەکەن. واتە ئاین لای ئەوان بەرهەمی لێکدانەوەیان نییە بۆ پەیدابوونی گەردوون و پەیدابوونی خۆیان چارەنوسیان، بەڵکو چەند تەقس و ڕێورەسمێکی سادەن و نەوە بە نەوە بەبێ هیچ گۆڕانێک دەگوازرێنەوە. شتێکیشیان بەناوی نەریتی هونەرییەوە نییە ئەوەی هەیانە لە کاتی دڵخۆشیدا سەمایەکی سادەیە بە دەوری ئاگرداو هاتووهاوارێکی بەرزە لە سەر ریتمێکی دیاریکراو کە ئەویش بە نەگۆڕی دەگوازرێتەوە. لەناو ئەم جۆرە لە خێڵدا شتێک بە ناوی بیرکردنەوە بوونی نییە تا ببێتە هۆی ئەوەی نەریتەکانی پێکەوەژیانیان بکەونە ناو پەرەسەندن و گۆڕانێکی سروشتییەوە. بۆیە ئەوان کۆمەڵگاکەیان لە ئاستی خێڵدا دەمێنێتەوەو لەوە زیاتر پەرەناسێنێ .

لە وەڵامی پرسیارەکەی پیشودا باسمان لەوە کرد هێزێکی نەریتداهێن لە مرۆڤدا هەیە مرۆڤی پێ جیادەکرێتەوە لە زیندەوەرەکانی تر و ئەمەش هۆکاری پەیدابوونی جیاوازییە لە نەریتە ناپیشەییەکانی وەک زمان و ئاین و هونەرو هتد. ئەم هێزە نەریتداهێنەش بە شێوەیەکی سروشتی و ناچارانە کار

ناکات و مرۆڤ گەر هوشیاری بە بوونی پەیدا نەکات و ئەو هوشیارییە نەریتی نوێ بۆ پێکەوەژیان نەخوازێت، ئەو هێزە نەریتداهێنە کاری خۆی ناکات و جیاوازی ناخاتە ناو ئەو نەریتانەوە .

بەپێی ئەمە بێت ئەو خێڵە بایلۆجیانە کە نەریتەکانیان بۆ سەدەها ساڵ بەبێ هیچ گۆڕانێک وەک نەریتی زیندەوەرەکان دەمێننەوەو نەوە بە نەوە دەگوازرێنەوە، هۆکارەکەی ئەوەیە هوشیار نەبوونەتەوە بە بوونی خۆیان و وەک هەر زیندەوەرێک کە سروشت ئەوەی لێی مەحرومکردووە هوشیاری بەوە پەیدا بکات بۆ هەیە، ئەمانەش خۆیان ئەو هوشیارییەیان لە خۆیان قەدەغەکردووە کە سروشتیانە لێیان قەدەغە نەکراوە، بەهۆی ئەمەشەوە بوون بە بوونەوەرێکی تەواو بایلۆجی. بوونەوەری بایلۆجیش نەریتەکانی دەبێت جێگیربن و نابێت لەگەڵ گۆڕانی نەوەکاندا گۆڕانیان بەسەردا بێت. نەریتەکانیش تا چەند جێگیربن ئەوەندە سادەو ساکاران و زیاتریش رێکوپێک و تەکنیکین.

ئەمجۆرە لە خێڵ لە یەکبوونێکی رەهادایەو مەیلێکی گەورەی بۆ یەکبوون هەیە تەنانەت لە دۆخە بایلۆجیەکەشیدا. ئەوان کاتێک لە رووی پەرەسەندنی بایلۆجییەوە لە یەک باوانەوە هاتوون و نایانەوێت خوێنیان تیکەڵ بە خوێنی خێڵەکانی تر ببێت، ئەو جیاوازیانەش کە ئەوهێزە خوڵقێنەرە شێوە گۆڕە کە رێگرە رەنگ و رووی باوانەکان لە نەوەکاندا دووپات ببێتەوە بەهۆی ئەو داخرانە بایلۆجییەی نەوەخستنەوەوە روخساری تاکەکانی ناو ئەو خێڵە جیاوازی کەم بە خۆیەوە دەبینێ و رەنگ و ڕوویان زۆر لە یەکەوە نزیکە. ئەوان بەهۆی ئەو داخرانە بایلۆجییەوە تەنانەت سنوریان بۆ ئەوهێزە بایلۆجییە داناوە کە

شێوە بایلۆجیەکەیان لە یەکتری دوور بخاتەوە. ئەم جۆرە لە خێڵی بایلۆجی مەیلێکی ڕەهای بۆ یەکبوون هەیەو بە هەموو شێوەیەک ڕێگری لەو هێزە دەکات لە بوونە بایلۆجییەکەی مرۆڤ و بوونە مرۆییەکەی مرۆڤدا جیاوازی و فرەیی بخاتە ناو یەکبوونە ڕەهاکەیەوە.

کاتێک باس لە یەکبوون و نەهێشتنی جیاوازی دەکەین خێڵی بایلۆجی باشترین نموونەیە بۆ نزیکەوتنەوەی تەواو لە یەکبوون و دوورکەوتنەوەی تەواو لە جیاوازی. بێگومان نزیکەوتنەوە تەواو لە یەکبوون و نەهێشتنی تەواویی جیاوازیەکان بوونەوەرەکان بەرەو عەدەمیەت و نەمانێکی یەکجارەکی دەبات. چونکە کاتێک جیاوازیەکان نەمان و تەنها ئەوە مایەوە کە یەکەو جیاواز نییە، ئەوە ئەو یەکە جگە لە عەدەم هیچی تر نییە .

کاتیک حکایەتی نەتەوە لای تیۆریزەکارانی ناسیونالیزم دەخوێنینەوە، باس لە دروستکردنی کۆمەڵگایەک دەکەن کە خێڵە بایلۆجیەکانت دەهێنێتەوە یاد. ئەوەی خێڵێکی بایلۆجی و ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییە کە گێلنەرو هۆبزباوم خەونی پێوە دەبینن لە یەکتر نزیک دەکاتەوە مەسەلەی یەکبوونە. کۆمەڵگای نەتەوەیی لای ئەوان کۆمەڵگایەکە بەهۆی نەهێشتنی جیاوازییە کەلتورییەکانەوە دێتەئاراوەو دواتریش گەشە دەکات بۆ کۆمەڵگایەکی جیهانیی سەروونەتەوەیی و ئەو کاتە لەسەرانسەری دنیادا یەک زمان پێویستە، ئەویش بۆ بەڕێکردنی کارەکان کە زمانێکی زۆر سادەیە وەک گێلنەر دەڵێت فەرهەنگێکی گیرفانی بەسە بۆ ئەوەی لە هەموو دنیادا قسەی پێ بکەیت و کاروبارەکانی خۆتی پێ جێبەجێ بکەیت .

بەپێی ئەم خەونە نەک کۆمەڵگا نەتەوەییە دروستکراوەکان بەڵکو ئەو کۆمەڵگا جیهانییە پیشەسازییە کە ئەوان وێنای دەکەن ئەوەی پێویستیەتی تەنها نەریتە پیشەییەکانی کارکردنن و هیچ پێویستییەکی بەو نەریتانە نامێنێ کە بۆ پێکەوەژیانی نێوان مرۆڤەکانە، وەک نەریتەکانی بیرکردنەوەو نەریتە زمانییەکان و نەریتە ئاینییەکان و نەریتە ئەدەبییەکان . ئەو زمانەی لەو کۆمەڵگا پیشەسازییە جیهانیەدا بەکاردەهێنرێت زمانێکی سادەی تەکنیکییەو زمانی کارە نەک زمانی شیعرو ئەدەبیات و هونەرو ئاین و خۆشەویستی و هتد .

ژیان لە ناو کۆمەڵگای پۆستناسیونالیستیدا ژیانێکی تەواو بایلۆجیانەیەو هەر وەک ژیانی ناو خێڵە بایلۆجییەکان وایە کە هەموو شتێک تیایدا سادەو دووپاتبووەو نەگۆڕەو ئەو هێزە شەیتانییەی کە لە ناو مرۆڤدا جیاوازی لە نەریتە مرۆییەکاندا دروستدەکات کراوەتە دەرەوەی مرۆڤ و مرۆڤ گەیشتووە بە یەکبوونێکی سەرتاسەری. مرۆڤێک لەو پەڕی دنیادا چۆن بیردەکاتەوەو چۆن کار دەکات و چۆن دەدوێت لەمپەڕی دنیاش هەر بەهەمان شێوە بیردەکاتەوەو کاردەکات و دەدوێت. بەهۆی ئەمەشەوە هیچ بەر بەستێک لەبەردەم مرۆڤدا بۆ پەیوەندیکردن بە هەر مرۆڤێکی تری ئەم جیهانە نەماوەو ئەو شەیتانەی کە بەهۆی دروستکردنی جیاوازییە نەریتیەکانەوە وای لە مرۆڤەکان کردبوو دابەش بین بەسەر گروپی جیاجیاداو بەهۆی جیاوازی نەریتەکانیانەوە نەتوانن لە یەکتر تێبگەن مرۆڤ دەستی پێی گەیشتوو کۆتایی پێهێنا .

تیۆریزەکارانی ناسیونالیزم هەر بەوەوە ناوەستن کە نەریتە مرۆیەکان لە سنوری دەوڵەتدا بکەن بە یەک نەریتی نەگۆڕ،

بەڵکو خەون بەوەوە دەبینن ئەو نەریتانەش ئەوان بە نەریتی نەتەوە ناویان دەبن بەرەو چونیەککردنێکی سەرتاسەری ببرێن و کۆتایی بە نەتەوە دروستکراوەکانیش بهێنرێت و یەکبوونێکی جیهانی لە نەریتە مرۆییەکاندا بێتەئاراوە، هەر مرۆڤێک لە هەر شوێنێک بێت خاوەنی تاکە یەکناسنامەی جیهانی بێت و هیچ جیاوازیەکی نەتەوەیی بوونی نەمێنێ. لە راستیدا ئەم بیرکردنەوە لە پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگای مرۆییە بیرکردنەوە لە سەر بنەمای خێڵە بایلۆجییەکان و بە ئایدڵکردنی خێڵە بایلۆجییە بچوکەکان و بەرجەستە کردنەوەیەتی لە ناوجەستەی کۆی مرۆڤایەتیدا بۆ دروستکردنی ئەو کۆمەڵگا پیشەسازییە پۆستناسیونالیستییەی ئەوان خەونیان پێوە بینییووە .

کاتێک باسی یەکبوون و نەهێشتنی جیاوازییە نەریتیەکانی ناو کۆمەڵگا دەکەین دەبێت بزانین ئەم ئایدیای یەکبوونە بنچینەکەی چییەو بەرەو کوێش مل دەنێ. ئایدیای یەکبوون و نەهێشتنی جیاوازییە نەریتیەکان بەر لەوەی بیرکردنەوەیەکی ناسیونالیستی بێت بیرکردنەوەیەکی تەوراتییەو ریشەکەی لەناو حکایەتی پەیدابوونی تەوراتیدایە کە باس لەوە دەکات مرۆڤایەتی سەرەتا خاوەنی یەک نەریت بووەو بەیەک نەریتی زمانیش دواوە، ئەم یەکیەتییە نەریتییە هێزێکی گەورە بە مرۆڤایەتی بەخشیوەو وای لێکردووە بیر لە داگیرکردنی ئاسمان بکاتەوە، بەڵام رۆژێک کە خەبەریان بووەتەوە، جیاوازی کەوتووەتە ناو یەکبوونە زمانییەکەیانەوە، ئەمەش وایکردووە دابەشببن بۆ چەند گروپێکی جیاوازی ئاوا کە هیچ گروپێکی زمانی لە گروپە زمانیەکانی تر تێنەگات، ئەوان ئەمە ناچاریان دەکات دەست لە کارە پێکەوییەکەیان هەڵگرن و هەریەکەیان بەلایەکدا بچێت. بە

پێی حکایەتەکە زمانە جیاوازەکان بەم شێوەیە لەیەک زمانەوە پەیدابوون. نەریتە پیشەییەکانی بواری کارکردن و ئامێرەکانی کارکردن دەکرێت جیهانی ببنەوەو ئەو ئامێرەی کە لەو پەری دنیا جوتیارێک بە نەریتێکی تەکنیکی بۆ چاندنی تۆو لە کێڵگەکەیدا بەکاری دەهێنێ لەمپەڕی دنیاش جوتیارێکی تر بەهەمان نەریت هەمان ئامێر بەکاربهێنێ .

یەکبوون لە نەریتی پیشەییەدا کە نەریتی بەکارهێنانی ئامێرەکانە سروشتی کۆبوونەوەی مرۆیی ڕێگەی پێدەدات. کێ ئەوەی پێخۆش نییە ئەو خەڵکە ئەفریقاییەی کە نانێکی رۆژانەی دەست ناکەوێت بیخوات، دەستی بەو ئامێرانە بگات و ئەو خاکەی هەیەتی شیاوی بکات بۆ کشتووکاڵ وکۆتایی بە نەهەمەتیەکانی برسیەتی خۆی بهێنێ. بەلاّم گەڕاندنەوەی نەهامەتیەکانی مرۆڤ بۆ جیاوازیی لە نەریتە جیاوازەکانی کولتورەکان کە بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ ومرۆڤ هەن نەک بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئامێر، جگە لە گێلیەتییەکی گەورە هیچی ترنییە. ئەو گێلیەتیەش لەراستیدا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ بەهەمان پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئامێر بینراوەو هەر ئەمەش وایکردووە مرۆڤەکان وا لەگەڵ یەکتردا مامەڵە بکەن هەریەکەیان ئامێرەکە بە دەست ئەوی تریانەوە تا ئەو کارەی هەیەتی پێی بکات .

جیانەکردنەوەی نەریتەکانی ڕێکخستنی پەیوەندی مرۆڤ و ئامێرە پیشەییەکان لەگەڵ نەریتەکانی ڕێکخستنی پەیوەندییە مرۆیەکانی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ بووەتە هۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ کە چارەنوسی راستەقینەی

مـرۆڤ تیایـدا پەنهانـە تـا ئەوپـەڕی لاوازی ببرێـت و لەڕێگـەی یەکبوونی نەریتە کولتورییەکانەوە کار لەسەر نەهێشتنی بکرێت .

کۆمەڵگای سەرووخێڵەکی کە توخمی پێکهێنەری نەتەوەیە، بە نەریتی پیشەیی پێناسە ناکرێت، نەتەوەش ئەوە نییە کە نـەریت و وەسـیلەکانی کـارکردنی هـی کۆمـەڵگای کشـتوکاڵین یـان هـی کۆمــەڵگای پیشەســازین -بـۆ نموونــە گــەر هــی ســەردەمی کشـتوکاڵی بـوون ئـەوە نەتـەوە نییـەو گـەر هـی سـەردەمی پیشەسازیبوون ئەوە نەتەوەیە- چونکە نەریتەکانی کارکردن بە وەسیلەکانی کار پێناسەی ژیانی پیشـەیی سـەردەمێک دەکـەن بـە هەموو کۆمەڵگا جیاوازەکانەوە کە لەو سەردەمەدا هەن .

کوردێک بەر لە چەند سەدەیەک ئاشی دروستکردووەو کاری پێکردووە جوتیارێکی ئـەورپیش بـەر لـە چەنـد سـەدە هـەر خـۆی ئاشـی داهێنـاوەو بەهـەمان نـەریتی جوتیـارە کوردەکـە کـاری پێکـردووە. هەردووکیشـیان ئاویـان بـەکارهێناوە بـۆ گـەڕانی ئاشـەکەو نـەریتی کـارکردن وکـارپێکردنی هـەردوو ئاشـەکەش هەمان نەریت بووە، چوونکە جووڵەی ئاشەکە مەحکومە بە یاسا فیزیکیەکان ویاسا فیزیکیەکانیش ناچارین و لـە هـەموو شـوێنێک هەمان یاساو هەمان نەریتن .

بـــەکارهێنانی ئـــەم ئاشـــە لەوســـەردەمەدا واینـــەکردووە ئەورپییەک و کوردێک یـەک نەتـەوە بن تـەنها لەبـەر ئـەوەی کـە هەردوکیان ئاشی ئاو بەکار دەهێنن. بۆیـە نـەریتی پیشـەیی نـەک هەر پێناسەی نەتەوەکانی پێ ناکرێت بەڵکو هیچ پەیوەندیەکیشـی بـەو نەریتانـەوە نییـە کۆمـەڵگا سـەروخێڵەکییەکانی پـێ پێناسـە دەکرێـت، واتـە نەریتـە ناپیشـەییەکان کـە مـرۆڤ بـۆ پەیوەنـدی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ دایهێناون و بەردەوامیش لـە گۆڕانـدان و

لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێن و تەنانەت لە نێوان نەوە یەک لە دوای یەکەکانی یەک ئیتنیکشدا گۆرانیان بەسەردا دێت و وەک خۆیان نامێننەوە.

بەر لە هەزارەها ساڵ هەتا چەند سەدەیەک لەمەوبەر هەزارەها نەریتی زمانی وئاینی و هونەری و فەلسەفی لەناو کۆمەڵگاکاندا پەیدابوون بەلام وەسیلەکانی کارکردن و وەسیلەکانی جەنگ لەناو کۆمەڵگاکاندا هەر ئەو ئامرازە سەرتاییانە بوون هەر کۆمەڵگایەک بۆ خۆی دایهێناون و جەنگی پێکردوون. جەنگەکان تا چەند سەدەیەک لەمەو بەریش هەر بە شمشیرو رم و تیر ومەنجەنیق دەکران. بەهەمان شێوە وەسیلەکانی کارکردنیش کۆمەڵە وەسیلەیەک بوون هەموو کۆمەڵگا جیاوازەکان بۆ خۆیان دایان هێناون و کاریان پێکردوون. بەلام بە درێژایی ئەو چەند هەزار ساڵە هەزارەها نەریتی زمانی و هونەری و ئاینی و ئەدەبی و هزری هاتووەنەتە ئاراوە .

ئەمە ئەوە دەگەیێنێ نەریتە پیشەییەکان بە تەواوەتی جیاوازن لە نەریتە کولتورییەکان و بەهۆی ئەوەشەوە کە نەریتە پیشەییەکان بەهۆی سروشتە فیزیکییە مادییەکەیانەوە جیهانین وناوچەیی نین، ناکرێت بەهیچ شێوەیەک پێناسەی نەتەوەکانیان پێبکرێت، ئەوەی کە پێناسەی کۆمەڵگا سەرووخێڵەکییەکانیان پێدەکرێت کە نەتەوە پێکدەهێنن نەریتە ناپیشەییەکانی وەک زمان و ئاین و هونەرو ئەدەبیات و ..هتد. کە نەریتی گۆڕاون و سروشتێکی فیزیکییان نییەو مەحوکم نین بە دەوربەرە سروشتییەکە .

خێڵـی بـایلۆجی خێڵێکـە گوزراشـت لـە قونـاغێ منداڵیـەتی کۆمـەڵگاو مانـەوە لـە نـاو ئـەو منداڵیەتییـەدا دەکـات. خێڵێکـە کـە هوشـیاری بـە بـوونی خـۆی نییـەو هەڵسـوکەوتەکانی بـە توندی بەسـراوەتەوە بـە پێداویسـتە بایلۆجیـەکانی و ئـەو ژینگـە سروشتییەی کە بابەتی ئەو پێداویستیانەی پێدەبخشێت. مرۆڤی نـاو ئـەم جـۆرە لـە خێـڵ هـەر هـەمان ئـەو منالەیـە کـە لەسـکی دایکیدایـەو خـۆراک لـە دایکەکـەوە وەردەگرێت و جیاوازیەکـەی تەنها ئەوەیە لە سکی دایکییەوە گوازراوەتەوە بۆ نـاو ئـەو ژینگە سروشـتییەی تیایـدا لـەدایکبوو بـەڵام پەیوەندیـەکانی بـە ژینگـە سروشـتییەکەیەوە هـەر هـەمان ئـەو پەیوەندیانـەن کـە لـە سـکی دایکیدا بە دایکییەوە دەیبەستێتەوە .

تـاکی ئـەم کۆمەڵگایـە لـە دۆخـی منالیـدا دەمێنێتـەوەو گـەورە نابێت تا هوشیاری بە بوونی رەهاو ئازادانەی خـۆی پەیدا بکات. پاراسـتنی ئـەو دۆخـەش سـەرچاوە لـەوەوە دەگرێت کـە بیـر لـە بـــوونی خـــۆی ناکاتـــەوەو هوشـــیار نابێتـــەوە بـــەوەی وەک بوونـەوەرێکی سـەربەخۆ و ئـازاد لـە پەیوەندییـە بایلۆجیـەکان، پێناسـەی خـۆی بکاتـەوە و واخـۆی ببینێ کـە خـۆی بـە تـەنیا لـە ژیاندا هەیەو بوونی ئەو بە دایک و باوک و ئەو باوانـە پێناسـە ناکرێت کە لە رووی بایلۆجییەوە لەوان کەوتووەتە.

لەم دۆخـە بایلۆجییـەی ژیـانی مـرۆڤ و کۆمەڵگاکەیدا بـوونی بایلۆجی مرۆڤ بوونی راستەقینەی مرۆڤەکەیەو هـەر لادانێک لـە بـــوونی بـــایلۆجی لادانـــە لـــەو ژیانـــەی کـــە وادەبینـــێ ژیـــانی راستەقینەی خۆیەتی. لـەناو ئـەم جـۆرە لـە خێڵدا کۆمەڵگایـەکمان هەیـە لـەناو یـەکبوونێکی رەهادایـە لـە گـەڵ خۆیـداو ناتوانێـت جیاببێتەوە لە خۆی و لە خۆی رامێنێ تـا لەگـەڵ خۆیدا بکەوێتـە

نـاو جیاوازییـەوە. بـەڵام کاتێـک لـە سـاتەوەختێکی مێژوویـدا مرۆڤێـک لـە مرۆڤـەکانی ئـەو خێڵـە بـە بـوونی خـۆی هوشـیار دەبێتـەوەو دوای هوشـیاربوونەوەی بـە بـوونی لـە بـوونی بایلۆجیانەی خێڵەکەی جیادەبێتەوەو جۆرێک لە نەریت بۆ ژیان خـۆی دەدۆزێتـەوە کـە تـەواو جیـاوازە لـەو نەریتـەی ژیـانی خێڵەکـەی لەسـەری دەڕوات، ئەمـەش وای لێدەکات ژیانی لەگەڵ خێڵەکەی خۆیدا وەک مەحاڵی لێبێت و بەرەو ئەوە بڕوات تـەواو بـە خێڵەکـەی خـۆی نامۆببێتـەوەو بیـر لـەوە بکاتـەوە دەبێـت خێڵەکەی ئەو کە بەو ژیانە ئەو دەژین لە کوێ بن و لە کوێ بۆیان بگەڕێت .

ئـەو مرۆڤـە کاتێـک هوشـیار بـەوە پەیـدادەکات جگـە لـەو پەیوەندییـە بایلۆجییـە خوێنییـەی کـە ئـەو دەبەسـتێت بـە باوانەکانییەوە دەکرێت بکەوێتە ناو پەیوەندی لە گەڵ کەسانێکدا کـە لەیـەک بـاوان نیـین و پەیوەندیەکـەیان هـاوخوێنی حـوکمی ناکات. ئـەوە هوشـیار بووەتـەوە بـە بـوونی عەقڵییـەی خـۆی، بـە هۆی ئەم هوشـیارییە عەقڵییەشـەوە جیاوازی دەکەوێتـە نـاو ئـەو یەکبوونەوە کە لە خێڵە بایلۆجیەکەدا هەیە .

کاتێـک هوشـیاری بـەم بوونـە پەیـدابوو ئـەو کاتـە جگـە لـە پێداویسـتیە بایلۆجیـەکان مـرۆڤ هەسـت بـەوە دەکـات کـە پێداویسـتی تـری هەیـەو ئـەو پێداویسـتیانە جیـاوازن لـەو پێداویستییە بایلۆجیانەی کە توانای مانەوەی پێدەبەخشن .

کاتێک خێڵێکی بایلۆجی ئەو هوشیارییە لە ناویدا پەیدا دەبێت و لەوە تێدەگات ئەو وەکو زیندەوەرەکانی تر تـەنها لێرە بوونی نییـە بـۆ ئـەوەی بمێنێتـەوەو نەوەیـەکی وەک خـۆی بـۆ مانـەوەی جۆرەکەی بخاتەوە، ئـەو کاتـە ئـەو هێزە عەقڵییـەی بیرکردنـەوەو

ئـەو هێـزە نەریتداهێنـە سروشـتییەی کـە جیـاوازی دەخاتـە نـاو نەریتە کولتورییەکانییەوە کارا دەبێت و بەهۆی ئەمـەوە نـەریتی قسـەکردنەکەی لـەو سـنورە تەسـکەی کـارکردن تێدەپـەڕێت و بـەهۆی ئـەو هوشـیارییەوە پەردەسـێنێ و دەبێـت بـە زمـانی ئەدەبیات و هونەرو بیرکردنەوە لە گەردوون و بوونی خۆی لـە ناو گەردووندا .

هـەر بـەهۆی ئـەم هوشیاریەشـەوەیە نەریتـە کولتوریـەکانی خێڵەکـە دەسـت بـە پەرەسـەندنی خۆیـان دەکـەن و لـەو قۆناغـە بایلۆجییـەوە بـەرەو قۆنـاغێکی نـوێ لـە ژیـان دەڕوات کـە پێداویستییە بایلۆجیەکانی مانەوە تاکە پێداویستیەک نین بۆ ژیـان بەڵکو شتانێکی تر دەکەونە ناو ژیانەوە کە بۆ ژیانی ئـەو قۆناغـە گـەر زیـاتر لـە پێداویسـتیی بایلۆجیـەکانی پێویسـت نـەبن کـەمتر پێویسـت نـین. ئـەو پێداویسـتیانەش پێداویسـتییە سـایکۆلۆجیی و عەقڵیـەکانی مـرۆڤن. کاتێـک ئـەم خێڵـە لەودۆخـە داخـراوە بایلۆجییەی ژیان دەردەچێت و هوشیاری بـە بـوونی خـۆی پەیـدا دەکـات لـە خیڵـەوە دەگۆڕێـت بـۆ ئیتنیـک. ئیتنیـک تـەنها کۆبوونەوەیـەکی بـایلۆجی نییـە بـەڵکو کۆبوونەوەیـەکی کولتوریشە. هەر ئیتنیکێک بەوە ئیتنیکە توانیوویـەتی بـەهۆی ئـەو هوشـیارییەوە کـە بـە بـوونی خـۆی پەیـدایکردووە نەریتێکـەکانی خۆی دابهێنێ .

ئیتنیک خـاوەنی زمـانێکی بـەرزە کـە تـەنها زمـانی کـارکردن و گـوزەرانی رۆژانـە نییـە کـە رۆڵـی هـەمان زمـان دەگێڕێـت زیندەوەرەکانی تری جگـە لـە مـرۆڤ هەیانـەو هـەر بـە نـەگۆڕیش نەوە دوای نەوە دەمێنێتەوە. زمانی ئیتنیک زمانی گوزارشـتکردنە لەوەی لە مرۆڤدا مرۆییەو جیای دەکاتەوە لە زیندەوەرەکانی تـر.

زمـــانی گوزراشـــتکلردنه لـــه پاڵەوانیـــەتی پاڵەوانـــەکانی، زمـــانی گوزراشتکردنه له خۆشەویستییەک کە خوێن دیاری نەکردووە خۆشەویستییەک که له نێوان دوو خۆشەویستیدا سەر بە دوو خێڵی بایلۆجی جیاوازن و قەدەرێک توشی یەکی کردوون تا لە دەرەوەی یاســـــاکانی یـــــەکبوونی خێڵـــــی بایلۆجییـــــەوە کۆبوونەوەیەکی نوێ بهێننەئاراوە کە خوێنێ خێڵێک تیایدا تێکەڵ دەبێت بە خوێنێ خێڵێکی ترو ئەو حەرامە دەشکێنرێت خێڵەکان بۆ پاکڕاگرتنی خوێنێ خۆیان دایناوە .

زمانی ئیتنیک هەر زمانی خێڵە بایلۆجییەکەیە بەڵام بەهۆی چالاکبوونی پێداویستییە عەقڵی مرۆڤانەکانی مرۆڤەوە سنورە تەسکەکەی خۆی تێپەڕاندووەو کەوتووەتە ناو پەرەسەندنەوە. ئیتنیک خاوەنی نەریتێکی تایبەتی بیرکردنەوەیە کە جیهانبینی ئەو خەڵکە دیاری دەکات سەر بەو ئیتنیکەن. ئیتنیک خاوەنی نـــەریتێکی هونەرییـــە لـــە ڕێگەیـــەوە گوزارشـــت لـــەو هەســـت و سۆزانە دەکات کە لە ژیانێکی بایلۆجیدا بوونیان نییە. خاوەنی نەریتێکی تایبەت بە خۆیەتی بۆ خواناسی و گەردوون ناسی، خاوەنی نەریتێکی تایبەتە بۆ بیناسازی و دروستکردنی شوێنێ نیشتەجێبوونی خۆی. دوای پەیدابوونی ئەو هوشیارەییە لەناو خێڵدا، هێزی داهێنـەری نەریتـەکان لـە سروشـتی مرۆڤـەکانی ئەوخێڵانـەدا چالاک دەبێت و یەکبوونـە خوێنییـە بایلۆجییەکـەی ئەو خێڵە هەڵدەوەشێتەوە و خێڵە بایلۆجیەکان خوێنیان تێکەڵ بە یەکتر دەبێت و جیاوازیەکان پەیدا دەبن .

ئەو جیاوازیانەی لەو هوشیارییە عەقڵییە دەکەونـەوە، وا لـەو کۆمەڵگایە دەکات پێویستی بە یەکبوونێکی نوێ بێت. بەڵام تازە ئەو یەکبوونە خوێن و ڕەچڵەکی خوێنی نییە. تاز ئیتر تاکەکان

ناسنامەکەیان خوێنەکەیان نییە، چونکە دوای ئەو تێکەڵبوونە ئەو خێڵانـەی کـە خوێنیـان تێکـەڵ بـە یـەکبووە ناسـنامە خـوێنی و ڕەچڵەکیەکەیان نەماوە. نەوەیەک هاتووەتـە ئاراوە کە بەرهـەمی تێکـەڵبوونی خـوێنی چەنـد خێڵێکـی بـایلۆجی جیـاوازە، ئەمـەش وایکردووە کە ئەو کۆمەڵگایە یەکبوونی خۆی لەدەست بدات. تـازە گەڕانـەوە بۆ خـوێن و ڕەچڵـەکیش ناتوانێت ئەو ئەو خێڵـە بگەڕێنێتـەوە بـۆ ئـەو دۆخـی یەکبوونـە پەتییـە بایلۆجییـەی کـە پێشـتر تیایـدا بـووە. ئـەم پەرەسـەندنە لـە کۆمـەڵگا خێڵەکییـە بایلۆجیەکاندا یەکبوونێکی نوێ دەخوازێت و دەبێت بگەن و بەو بنەماییـەی کـە ئـەو جیاوازییـە ڕەچڵەکیانـەی لـە نـاو یـەکبوونی ڕەچڵـەکی خێڵـە بایلۆجیـەکانا هاتووەتـە ئـاراوە لـە یـەکبوونێکی نوێدا کۆبکاتەوە.

دوای ئـەوەی خێڵـە بایلۆجیـەکان بـەهۆی کرانـەوەیان بەسـەر یەکدا یەکبوونە ڕەچڵەکییەکەیان لە دەست دەدەن، لە ناو خۆیاندا ناسنامە کۆییە ڕەچڵەکییەکەیان نامێنێ. جگە لـەوەش ئـەو خێڵانـە لـە پرۆسـەیەکی دیالێکتیکیـدا نەریتـەکانیان لـە نەریتـە سـادەکانی کـارەوە گـۆڕاون بـۆ نـەریتێکی کولتـوری، زمانـە سـادەکەی کارکردنیان گۆڕاوە بۆ زمانێک کە گوزراشت لە هەست و سۆزو و توانـاو بەهرەمەندیـە ئاکارییـەکانیان دەکـات وخەریکـە لـەناو هەموویانـدا کۆمەڵـە نـەریتێکی هاوبـەش دێنـەئاراوە. خەریکـە زمانێـــک لـــە هـــەموو زمانـــە ســـادەکانەوە پەیـــدادەبێت بـــۆ گوزراشـتکردن لـەو پەیوەندییـە نوێیـەی کـە هاتووەتـە ئـاراوەو پەیوەندییـــەکی تـــەواو جیـــاوازە لـــەو پەیوەندییـــە بایلۆجییـــە ڕەچڵەکییەی کەپێشتر هەبووە. خەریکە هونەرێک پەیدادەبێت کە هەموویان مەیلییان بۆی هەیەو هەست بەوە دەکەن گوزراشت

لەوە دەکات کە لە دڵی هەموویاندایەو بەڵام هەموویان ناتوان بەو دەربڕینە دەری بڕن کە کەسێکی هونەرمەندی ناو خۆیان دەری دەبڕێت .

ئەو نەوە تێکەڵەی کە لەو رەچڵەکە جیاجیانە دەکەویتەوەو ئەو نەریتانە لە ریگەی تاکە هۆشیارەکانییەوە دادەهێنیَ و دەبێت بە نەریتێکی کۆییە یەکبوونی خۆی لەونەریتە کۆییەدا دەدۆزێتەوە. لەمەوە نەریتی زمانی و ئاینی و هونەری و ئەدەبیەکەی و نەریتەکانی تریش کە دایهێناون ئەو ناسنامەیە بۆ ئەوان دروست دەکەن کە لە لەلایەکەوە ناسنامە خوێنییە رەچڵەکییەکی باوانەکانیان نەفیدەکاتەوە لەلایەکی ترەوە دەبێتە ناسنامەیەک بۆ جیابوونەوەیان لەو ئیتنیکانەی تر کە لە دەوروبەری ئەوان دروستبوون و ئەوانیش خاوەنی کۆمەڵە نەریتێکی جیاوازن کە خۆیان بۆ خۆیان داینهێناون و لە ڕێگەیەوە کۆمەڵە خێڵێک بوونەتەوە بەیەک. قۆناغە ئیتنکییەکەی کۆمەڵگاکان ئەو قۆناغەیە کە لە کۆمەڵگادا هوشیاری بە ئازدای دێتە ئاراوەو بەهۆی ئەمەوە نەریتە کولتوریەکان پەرەسەندێکی باش بە خۆیانەوە دەبینن و ئیتنیکەکان دەبنە خاوەنی ئەدەبیات و سیاسەت و ئاین و هونەری سیستەمی بەڕێوەبردنی تایبەت بە خۆیان .

هەرچەندە ئیتینک خاوەنی ئەو نەریتە کولتوریانەیە بەڵام لە قۆناغەدا هێشتا نەتەوە نەهاتووەتەئاراوە. نەتەوە پێویستی بە کۆبوونەوەیەکی نویَ و یەکبوونێکی نویَ هەیە کە یەکبوونی نەریتە کلتورییەکان نییە. ئیتنیکە جیاوازەکان کاتێک هەوڵی یەکبوون دەدەن بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی نویَ کە کۆمەڵە ئیتنیکێک لە خۆی بگرێت دەکەونە بەردەم دووریگا، ریگایەکیان

بــەرەو یــەکبوونێکی دەمارگیرانەیانــە دەبــات پەرەســەندنەکەیان دەوەستێنێ، ئـەوی تریـان بـەرەو یـەکبوونێکی عـەقڵییان دەبـات و لە ناو پەرەسەندندا دەیاهێڵێتەوە.

خێڵێ بایلۆجی لە بەر ئەوەی ئامانجی تەنها مانەوەیە لـە ڕێگـە دەسـتەبەرکردنی ئـەو پێداویسـتیە بایلۆجییانـەوە کـە لـە ژیانـدا دەیان هێڵێتەوە، بوونیان گوزراشت لە مادەیەکی پەتی دەکات کە بـەرگری لـەوە دەکـات لـە ڕێگـەی وەرگرتنـی فـۆرمی جیـاوازەوە لەگـــەڵ خـۆیـــدا بکەوێتـــە نـــاو جیاوازییـــەوەو یەکبوونەکـــەی هەڵوەشێتەوە. هەر ئەوەش وایکردووە ئەو هێزە نەریتداهێنە کە بەهۆی هوشیاری مرۆڤ بە بوونی چالاک دەبێت و دەبێتە هـۆی گـۆڕانی ئـەو شـێوە نـەگۆڕەی کـە خێڵـێ بـایلۆجی دەیپارێزێـت، چالاک نەبێت و جیاوازی نەخاتە ناو نەریتە نەگۆڕەکانیەوە .

خێڵی بایلۆجی هیچ مەیلێکی بۆ فۆرمە نوێکان نییەو دەیـەوێت هەر لەو فۆرمەدا بوونی خۆی بهێڵێتەو کە هـەر لـە کۆنـەوە نـەوە بـە نـەوە بـوونی خـۆی تیـا شـێوەگیر کـردووە. خێڵـی بـایلۆجی ڕاستە هەڵگری کۆمەڵە نەریتی تایبەت بە خۆیەتی بەڵام بـە هـۆی ئـەوەوە کـە ئـەو نەریتـە نـەگۆڕە لـە نـەوە جیاجیاکانـدا خـۆی دووپاتدەکاتەوە ئەوەی کە سروشـتییە لـە دیالێکتیکەکەیـدا لەگـەڵ ئەوەی کە مادییە نەفیکراوەتـەوەو خاسـیەتی مـادەی وەرگرتـووە. ئەوەی سروشـتییە کەوتـە نـاو دووپاتبوونـەوەوە لـەوە دەکەوێتـە سروشـتییە چونکە لـە نـاو یەکبووندایـە لەگـەڵ خۆیـدا لـە ڕێگـەی ئــەوەوە کــە لــە نەوەیەکــەوە بــۆ نەوەیــەکی تــر وەک خــۆی دەمێنێتەوە هیچ گۆڕانێک تیایدا ڕوونادات. لێرەدا خاسـیەتی مـادە وەردەگرێت چونکە مـادە بـەوە مادەییـە کـە لـە یەکبوونـدا لەگـەڵ

خۆیدا دەمێنێتەوەو ڕێگرە لەوەی جیاوازی بکەوێتە ناوی و خۆی لە خۆی جیابکاتەوە .

گەر خێڵ گوزراشت لەوە بکات کە لە کۆبوونەوەی مرۆیدا مادییەو ئەوەی سروشتییە لەو کۆبوونەوە مرۆییەدا بەهۆی جیانەبوونەوەی لە خۆی گۆڕابێت بۆ مادده، ئەوە ئێتنیک بەپێچەوانەوە بەرهەمی دیالیکتیکی سروشت و مادایە بەڵام لەم دیالێکتیکەدا ئەوەی لەو کۆبوونەوەیەدا خاسیەتی ئەوی تریان وەردەگرێت مادەیە نەک سروشت .

مادە لەم دیالێکتیکەدا دەکەوێتە ناو جیابوونەوە لە خۆی و بەهۆی ئەو فۆرمانەشەوە کە سروشت دیدات بەو مادە یەکبووەو جیانەبووەوەیە هەر وا لە مادە ناکات یەکبوونەکەی هەڵوەشێتەوەو لە خۆی جیاببێتەوە بەڵکو واش دەکات ئەو پارچانەی کە لە نەمانی یەکبوونەکەی لە گەڵ خۆیدا جیابوونەتەوە هەر جیا نەبن لە یەکتری بەڵکو بەهۆی ئەو شێوە جیاوازانەش کە هەریەکەیان وەریگرتووە جیاوازیش بن لە یەکتری. هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەکبوونە مادییەی کە لە خێڵی بایلۆجیدا هەیە، پەیدابوونی نەریتە جیاوازەکانی لێدەکەوێتەوە. ئەو خێڵانەی بەهۆی تێکەڵبوونەوە یەکبوونە بایلۆجیەکەیان هەڵوەشاوەتەوە دەبن بە خاوەنی کۆمەڵە نەریتێکی کولتوری هاوبەش و ئەمجار ئەوەی کۆیان دەکاتەوە ئەوەیە کە لە کۆبوونەوەکەی ئەواندا سروشتییە نەک مادی .

پەیدابوونی نەریتە کولتورییە جیاوازەکان وەک نەریتی ئەدەبی وهونەری و زمانی و ئاینی و کۆمەڵایەتی وسیاسی .هتد کە لە خێڵی بایلۆجیدا بە هیچ شێوەیەک بوونیان نەبووە جیاوازیان خستووەتە ناو یەکبوونی ڕەچڵەکی و خوێنی

تاکەکانی خێڵی بایلۆجییەوە بەڵام یەکبوونیان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا نوێیەکەدا دروستکردووە کە کۆمەڵگایەکی ئیتنیکییە .

یەکبوونەکە لەوەدایە لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە نەریتێکی جیاوازی کولتوری هەن بەڵام هەموو تاکەکانی ئەو ئیتنیکە پەیڕەوی لە هەموویان دەکەن چونکە جیاوازی نێوان نەریتەکانی کولتورەکە جیاوازی نییە لە نێوان نەریتەکانی دوو کولتوری جیاوازدا بەڵکو جیاوازی نەریتەکانی ناو هەمان کولتورە. نەریتەکانی کولتورێک لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ یەکدا جیاوازن بەڵام پەیڕەوکەرانیان دەکەنەوە بەیەک. ئەو یەکبوونەش کە لە پەیڕەوکەرانی نەریتە جیاوازەکانی هەمان کولتوردا دروست دەبێت بەهۆی ئەو هێزە نەریتداهێنەیە کە جیاوازیەکانی لە یەکبوونە نەریتییە سادەکەی خێڵدا دروستکردووە و گۆڕیویەتی بۆ کۆمەڵە نەریتێکی جیاواز.

ئیتنیک لەگەڵ ئەوەشدا کۆبوونەوەیەکی سروشتییەو عەقڵی نییە بەڵام ئەوەی عەقڵییە لە خۆیدا هەڵیگرتووەو شاردوویەتییەوە. ئەوەی عەقڵییە ئەو کاتە دەردەکەوێت کە کۆمەڵە ئیتنیکێکی جیاوازو سەربەخۆ بیر لەوە دەکەنەوە لە کۆمەڵگایەکی سەرووئیتنیکی وەک نەتەوەدا کۆببنەوە. بەڵام ئایا هەموو کۆبوونەوەیەکی ئیتنیکە سەربەخۆکان لە یەکەیەکی گەورەتر لە خۆیان، دەکرێت ناوبنرێت نەتەوە یان نەتەوە بەرهەمی کۆبوونەوەی کۆمەڵگا ئیتنیکیەکانە لە کۆمەڵگایەکی سەرووئیتنیکیدا لەسەر بنەمایەکی دیاریکراو و بە شێوەیەکی دیاریکراوە؟ ئایا جگە لە نەتەوە جۆرێکی تر لە کۆمەڵگامان هەیە بە کۆبوونەوەی کۆمەڵە ئیتنیکێکی جیاواز هاتبێتە ئاراوەو نەتەوە نەبێت؟ وەڵام ئەم پرسیارانە دەمانگەیێنێ بەوەی بۆچی نەتەوە

بە رهـەمی یەکبوونـە لـە نـاو جیاوازیـداو بەرهـەمی بەیـەککردنی جیاوازەکان نییە.

کاتێـک خێڵــە بایلۆجیــەکان جیــاوازی رەچڵــەکی لــە نێــوان تاکەکانیانـدا دروسـت دەبێت و یەکبوونەکـەیان هەڵدەوەشـێتەوە، لێرەدا ناسنامەی رەچڵەکی لە یەک ناسنامەوە دەبێت بە کۆمەڵـە ناسـنامەیەکی جیـاوازو کۆمـەڵگا خێڵەکییەکـە ئـەو یەکبوونـە لـە دەســـتدەدات کـــە ناســـنامەی رەچڵـــەکی بـــۆ کۆمەڵگاکـــەی دروســتکردبووە. دوای ئــەوەی ئــەو هێــزە نەریتداهێنــە خێڵــی بـایلۆجی لــە زینـدانی جەسـتەی ئـازادی دەکـات و دەیکـات بــە خـاوەنی کۆمەڵـە نـەریتێکی نـوێ، کەسـە رەچڵـەک جیاوازەکـان بوونی خۆیان لەو نەریتانەدا دەبیننەوەو نەریتە تازەکان دەبنە بە ناسنامەی کەسە رەچڵەک جیاوازەکان .

لێرەشـدا یـەکبوون لـە خـوێن و جەسـتەوە دەگوازرێتـەوە بـۆ یـەکبوون لـە کولتورێکـدا کـە خـاوەنی نـەریتی زمـانی و نـەریتی هونەری ونەریتی ئاینی ....هتد تایبەت بـە خۆیـەتی. دوای ئـەوەی کۆمـەڵگا بنەمایـەکی نـوێ بـۆ یـەکبوونی خـۆی دەدۆزێتـەوە ئیتـر ناگەڕێتـەوە بـۆ یەکبوونـە خـوێنی وجەسـتەیەکەو پێویسـتی پێـی نامێنێ. ئەمەش وادەکات لەو کۆمەڵگایەدا یەک رەچڵەکی بگۆڕێت بۆ فرەڕەچڵەکی و جیاوازی رەچڵەکی لە کۆمەڵگاکەدا قبوڵبکرێت. ئێتنیک لە رەچڵەکدا پەیڕەوی لـە فرەیی و دەکات و لـە کولتـوردا پـەیڕەوی لـە یـەکبوون دەکات. لێرەدا یـەکبوونی کولتـوری لـەناو جیـاوازی رەچڵـەکی وخوێنیـدا پەیـدا دەبێت. واتـە ئێتنیـک خـۆی بەرهــەمی یەکبوونــە لــە نــاو جیاوازیـدا بــەڵام یەکبوونەکـە لـە کولتوردایەو جیاوازیەکەش لە رەچڵەک و خوێندایە .

لە ئیتنیکدا ڕەچڵەکە جیاوازەکان بە جیاوازییەکانی خۆیانەوە دەچنە ناو یەکبوونێکی کولتوری و زمانییەوە بەبێ ئەوەی ئەم یەکبوونە کولتورییە دەرگا لەسەر زیادبوونی ڕەچڵەکی نوێ دابخات. هەر خێزانێک ئازادە ژنخوازی لەگەڵ هەر خێزانێکی تردا بکات با لە ڕەچڵەکی خێڵەکییەوە لە یەکتریش جیاوازبن. ئەمەش ڕەوتی سروشتی پەرەسەندنی کۆمەڵگایەکی خێڵەکییە بۆ کۆمەڵگایەکی پەرەسەندوو تر کە کۆمەڵگای ئیتنیکییە. ئەوەش بنەمای ئەو پەرەسەندنەیە سەرتا هوشیاریی عەقڵییە ودواتر ئەو هێزە نەریتداهێنەیە کە نەریتەکانی لە نەریتی سادەی خێڵە بایلۆجیەکانەوە گۆڕیوە بۆ نەریتێکی پەرەسەندووی جیاواز کە نەریتەکانی ئیتنیکەکەیە.

بەر لەوەی باس لەوە بکەم کە کۆمەڵگای ئیتنیکی چۆن پەرەدەسێنێ بۆ کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی، پێم باشە جۆرێکی تر لە یەکبوونی خێڵە بایلۆجیەکان ڕوون بکەمەوە کە تیایدا خێڵە بایلۆجیەکان لەگەڵ ئەوەشدا لە پێکهاتەیەکی گەورەتردا دەکرێنەوە بەیەک بەڵام یەکبوونە ڕەچڵەکیەکەیان نەک هەر هەڵناوەشێتەوە بەڵکو ئەوەندەی تر بە پارێزراوی دەمێنێتەوە. ئەم جۆرە لە یەکبوونی خێڵەکان یەکبوون نییە لە ناو جیاوازیدا بەڵکو یەکبوونە لەناو یەکبووندا.

ڕوونکردنەوەی ئەمە دواتر کۆمەکمان دەکات بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵگای نەتەوەیی لە کۆمەڵگای نانەتەوەیی کە هەردووکیان کۆمەڵگای سەرو ئیتنیکین. ئیتنیک کە جیاوازی ڕەچڵەکی لە یەکبوونی کولتوریدا دەیهێنێتە ئاراوە، هەم جیاوازییە ڕەچڵەکییەکە بەرهەمی ئازادییەوهەم یەکبوونە کولتوریەکەش یەکبوونێکی ئازادانەیە. بەڵام جۆرێکی تر لە

پێکهاتــە هەیــە کــە وەک ئیتنیــک کۆبوونــەوەی کۆمەڵــە خێڵێکــی بــایلۆجی دەیهێننــە ئــاراوە بــەڵام ئیتنیــک نییــە چونکــە بــەهۆی جیاوازی رەچڵەکی لـە یـەکبوونی کولتوریـدا نەهاتووەتـە ئاراوەو هیچ کـام لـە خێڵـە بایلۆجیەکانی ئـەو پێکهاتەیـەش دەستبەرداری یەکبوونــە رەچڵەکییەکــەی خــۆی نــەبوون و هــیچ کولتــورێکیش پەیدانـــەبووە بـــۆ ئـــەوەی یەکبوونەکـــە لـــە نێـــوان رەچڵەکـــە جیاوازەکاندا بهێنێتە ئاراوە .

لێرەدا پێناسـەی ئیتنیک بەوە دەکـەین: جیاوازی رەچڵەکییە لـە نـاو یـەکبوونی کولتوریـدا. ئەمـەش ئـەوە دەگـەیێنێ گـەر کۆمەڵـە خێڵێکی بایلۆجی پێکەوە لە ناو پێکهاتەیەکی گەورەترە لـە خۆیـان کۆبوونـــەوەو کۆبوونەوەکـــەیان لـــە جیـــاوازی رەچڵـــەکی لـــەناو یەکبوونی کولتوری نەکەوتبوویەوە ئەوە ئیتنیک نییە .

لـە نـاو مێژوودا ئـەو جـۆرە لـە یـەکبوونی خێڵـە بایلۆجیـەکان دەبینـــین کـــە یەکبوونەکـــەیان بەرهـــەمی پەرەســـەندنی خێڵـــە بایلۆجیەکان نییە بۆ کۆمەڵگایـەکی بـاڵاتر لـە کۆمـەڵگای خێڵـەکی. ئەم جۆرە لەخێڵ کە دەچێتە ناو ئەو پێکهاتە سـەروخێڵەکییەو بە یەکبوونـە خوێنییەکـەی خۆیـەوە دەمێنێتـەوەو هـیچ هوشـیارییەک بـــە بـــوونی خـــۆی لـــەلای ســـەری هەڵنـــەداوەو ئـــەو هێـــزە نەریتداهێنـەش لـە ناویـدا چـالاک نـەبووە تـا نەریتـە سـادەکانی کارکردنی رۆژانەی بگۆڕێت بۆ کۆمەڵە نـەریتێکی بـاڵای زمـانی و ئەدەبی وهونەری و ئاینی .هتد. ئـەم خێڵـە لەگـەڵ خێڵـەکانی تـری وەک خۆیـــدا پێکهاتەیـــەکیان پێکهێنـــاوە بـــەبێ ئـــەوەی بـــەو پەرەسەندنە مێژوویەدا تێپەڕێت کە لە خێڵەوە دەیکات بە ئیتنیک. بۆ ئەوەی ئەم جۆرە لە پێکهاتەی سەروو خێڵەکی لە ئیتنیک جیـا بکەینەوە دەبێت چەند خێڵێکی بایلۆجی بهێنینـە پـێش چاومـان کـە

هەریەکەیان لە جیهانی خۆیدا دەژی و هیچ پەیوەندیەک نایان بەستێت بەیەکەوەو هەریەکەشیان رەچڵەک وخوێنی خۆی دەپارێزێت و بەو ژیانە بایلۆجییە سادەیە دەژی کە کورتبووەتە لە بەدەستهێنانی پێداویستییە بایلۆجییەکانی. ئەمەش تەنها ژیانە بە ژیانێکی زیندەوەرانە .

ئەم خێڵانە هەریەکەیان دوور لەوی تریان لە جیهانەکەی خۆیدا ژیانی زیندەوەرانەی خۆی بەسەردەبات تا ئەو کاتەی یەکێک لە خێڵەکان بەهۆی ئەوەوە کە ژمارەیان زیادی کردووەو ئەو پێداویستییە بایلۆجیانەی مانەوەی لە سنورەکەی خۆیدا بۆ دەستەبەرنابێت، بۆ بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی مانەوەشی پەلاماری خێڵەکانی تر دەدات و لە پەلاماردانەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت و ئەوەی کە خێلەکانی تر بۆ خۆیان بەدەستیان هێناوە زەوتی دەکات و لەمەوە هەست بە بەهێزی خۆی و لاوازی ئەوانی تر دەکات .

ئەم هەستکردنەی بەهێزی خۆی غەریزەی زاڵیەتی لە ناویدا چالاک دەکات و وای لێدێت لە رێگەی هەستکردنی بەو هێزەی کە هەیەتی زاڵببێت بەسەر خێڵەکانی تردا و خێڵەکانی تر بکات بە ژێردەستەی خۆی. لێرەدا کۆمەڵە خێڵێکی بایلۆجی لە ململانێی هێزدا دەبنە کۆمەڵە خێڵێکی بەزیووی بۆ هەمان خێڵی زاڵ. لێرەدا بەزیوەکان دەکەونە ناو یەکبوونەوە لەناو ئەوەدا کە زاڵە بەسەر هەموویاندا. لێرەدا پێکهاتەیەک لە خێڵە بایلۆجیەکان دێتەئاراوە کە لەسەر بنەمای جیاوازی رەچڵەکی لەناو یەکبوونی کولتوریدا نەهاتووەتە ئاراوە. چونکە لێرەدا نە جیاوازی رەچڵەکی لەناو خێڵە بایلۆجیەکاندا دروستبووەو نە کولتوریش وەک کۆمەڵە نەریتێکی نوێ هاتووەتە ئاراوە .

ئـەم پێکهاتـە خێڵەکییـە لەبـەر ئـەوەی لـە بنچینـەدا بـەهۆی هوشـیاری بــە بــوونی مرۆڤانــەی مرۆڤــەوە پەیــدا نــەبووەو پاڵنەرەکەی هـەمان پاڵنـەری بایلۆجییە، هـیچ گۆڕانێکی مێژوویی لـەناو خێڵەکاندا ناهێنێتـەئاراوەو هـیچ جیاوازیـەک لـە نەریتەکانـدا دروسـت ناکـات و نەریتـە سـادەکانیان ناگۆڕێـت بـۆ کۆمەڵـە نـەریتێکی کولتـوری کـە بەرهـەمی هوشـیاریبوونەوەی مرۆڤـە بـە بوونی خۆی لە جیهاندا .

ئـەم خێڵانـە لـە کۆبوونەوەکەیانـدا هـەر سـەرقاڵن بەهـەمان کـاری خۆیانــەوە. ئــەوەی جیـاوازە تــەنها ئەوەیـە کـە دەبێـت بــەزیوەکانیان هێــزی خۆیــان بــەکاربهێنن نــەک تــەنها بــۆ بەدەسـتهێنانی پێداویسـتیەکانی خۆیـان، بـەڵکو بـۆ بەدەسـتهێنانی پێداویسـتیەکانی خێڵـە بایلۆجییـە زاڵەکـەش. ئەمـەش وا ناکـات خێڵەکان بە زاڵ و بەزیووەوە لە یەکبوونە رەچڵەکیەکەی خۆیان بکەون. بە پێچەوانـەوە خێڵـە زاڵەکـە بـۆ ئـەوەی وەک خێڵـی زاڵ بمێنێتـەوەو خێڵـەکانی تـریش وەک خێڵـی بـەزیو بهێڵێتـەوە، هـەر دەبێت پـاکی خـوێنی خـۆی بپارێزێـت و لەلایـەکی تریشـەوە رێگـە بگرێت لـەوەی کـە خێڵـە بـەزیوەکان خوێنیـان بـە یـەکتری تێکـەڵ ببێـت، بـۆ ئــەوەی هاوســەنگی هێـز لــە نێـوان خـۆی و خێڵــە بەزیوەکان بەهۆی تێکەڵبوونی خوێن و رەچڵەکـەوە تێـک نـەچێت و زاڵنەبن بەسـەریدا. خێڵە بایلۆجیەکان لـەناو پێکهاتەیـەکی ئـاوادا کـە بـەهۆی هوشـیارییەکی عەقڵییـەوە نەهاتووەتـەئاراوەو بـەهۆی کـارابوونی غــەریزەی زاڵبوونــەوە هاتووەتــە ئــاراوە لــە دۆخــە داخراوەکـەی خۆیانـدا دەمێننـەوەو هـیچ پەرەسـەندنێکی مێژوویـی راسـتەقینە لـە ناویانـدا روونـادات تـا بـەرەو ئـەوەیان بـەرێت لـە خێڵێکی بایلۆجییەوە ببن بە ئیتنیک .

ئەم جۆرە لە پێکهاتەی خێڵەکی کە بە ناچارانە دروست بووە و بە حوکمی یاساکانی هێز کە یاسای فیزیکن هاتووە ئاراوە ڕێگرە لەبەردەم دروستبوونی جیاوازی ڕەچڵەکی و نەریتیدا. بۆیە ئەوەی لێرەشدا هەیە تەنها یەکبوونە بەبێ جیاوازی. ئەم پێکهاتەیە بەرهەمی یەکبوونی هێزە لە ناو یەکبوونی ویستدا، هێز لە ناو جەستەی هەموو خێڵەکاندا بە زاڵ و بەزیووە هەرخۆیەتی و تەنها ئەوەندەیە کە لە هەرخێڵێکدا بە جیا لەوی تریان کاری خۆی دەکات. هێز لە ناوخۆیدا لە ناو جیاوازیدا نییە چونکە هێز مادەیەو ئەوەی کە جیاوازی دروستدەکات ئەو فۆرمەیە کە هێز لە جوڵەی خۆیدا وەریدەگرێت. ئەو خێڵەی لە ناو پێکهاتەکەدا زاڵە ئەوەی لە خێڵە بەزیووەکاندا دەیەوێت، ئەو هێزەیە کە بەجیا لە جەستەی هەرخێڵێک لە خێڵەکاندا لەژێر ڕکێفی ویستی سەربەخۆی هەریەک لە خێڵەکاندا کاری خۆی دەکات .

خێڵە زاڵەکە بۆ ئەوەی ئەو هێزەی خێڵە بەزیووەکان هەیانە لەگەڵ هێزی ناو جەستەکەی خۆی بیکاتەوە بەیەک دەبێت ئەو هێزە لەژێر ڕکێفی ویستی هەریەک لە خێڵە بەزیووەکان دەربهێنێ و بیخاتە ژێر ڕکێفی ویستی خۆی و لە ژێر ڕکێفی ویستی ئەودا کاری خۆی بکات. لێرەشدا یەکبوونی هێزە جیاکان لە یەکبوونی ویستدا دێتەئاراوە. ئەمەش یەکبوونە لە ناویەکبووندا، واتە نەفیکردنی ئەوەیە کە جیایی لە هێزدا دروستکردووە، ئەوەش جیایی دروستکردووە ئەو ویستە جیا جیایانەن کە هەریەک لە خێڵەکان بۆ ڕکێفرکردنی هێزی جەستەی خۆیان هەیانە. لەبنچینەدا لەم یەکبوونەدا شتێک بە ناوی جیاوازییەوە نییە

ئەوەی هەیە جیاییە نەک جیاوازی. هێز و ویست لە خێڵەکاندا لە جیایی ودابڕاندان نەک لە جیاوازیدا .

بنەمای زاڵیەتی ئەم جیاییە لە هێزو لە ویستدا ناهێڵێ و هەم هێز دەکاتەوە بەیەک بە وەرگرتنی، هەم ویست دەکاتەوە بەیەک بە دەرکردنی. خێڵە زاڵەکە هێزی خێڵە بەزیوەکان دەهێنێتە ناوخۆیەوەو ویستەکەشیان لە هێزەکەیان دەردەکات و بەمەش هەموو هێزەکە لەژێر رکێفی یەک ویستدا کۆدەکاتەوە کە ویستی خۆیەتی. ئەوەش کە پەیوەندی بە ویست و هێزەوە نییە وەک نەریتەکانی کارکردن و زمانی کارکردن و رێورەسمە خێڵەکیەکانی تر، وەک خۆیان دەمێننەوەو مانەوەشیان لە خزمەتی مانەوەی خێڵە زاڵەکەیە لە دۆخی زاڵیەتیداو مانەوەی خێڵە بەزیوەکانە لە دۆخی بەزیویەتی خۆیاندا .

ئەمە لێکدانەوەی سەرەوە دەمانگەیێنی بەوەی خێڵە بایلۆجیەکان بۆ ئەوەی لە پێکهاتەیەکی گەورەتر لە خێڵ کۆببنەوە، یان عەقڵ کۆیان دەکاتەوە یان غەریزەی زاڵیەتی. یان ئازادانە کۆدەبنەوە یان ناچارانە. ئیتنیک کە کۆبوونەوەی جیاوازەکانە لەناو یەکبووندا کۆبوونەوەیەکی هەم ئازادانەیەو هەم عەقڵیانەو مێژوویانەشە، چونکە بەرهەمی دیالێکتیکی نێوان سروشت و عەقڵە، بەڵام کۆبوونەوەی خێڵەکان لەسەر بنەمای زاڵیەتی کۆبوونەوەیەکی ناچارانەو غەریزی و نامێژووییەو بەرهەمی دیالێکتیک و پەرەسەندنێکی مێژوویی نییەو کۆبوونەوەیە لە پێناو مانەوەیەکی زیاتردا. ئیتنیک کۆبوونەوەی ئازادانەی خێڵەکانە و بەرهەمی جیاوازیی رەچڵەکییە لە ناو یەکبوونی کولتوریدا. لە بەرامبەریشیدا کۆبوونەوەیەکی

ناچارانـەی خێڵـەکان هەیـە کـە بەرهـەمی یـەکبوونی مادییانـەی خێڵەکانە لە ڕێگەی زاڵیەتییەوە.

چۆن خێڵە بایلۆجییە جیاوازەکان بۆ ئەوەی ببنەوە بەیەک لـە بـەردەم دوو ڕێگـادان ڕێگایـەکیان عـەقڵی وئازادانەیـەو دەیانکـات بـە ئیتنیـک، ڕێگاکـەی تریـان غـەریزی و ناچارانەیـەو نایانکـات بـە ئیتنیک، ئەوە ئیتنیکە جیاوازەکانیش بەهەمان شێوە بۆ ئـەوەی لـە کۆمەڵگایـــەکی ســـەرووئیتنیکدا ببنـــەوە بەیـــەک دوو ڕێگـــا لەبەردەمیانــدا هەیــە: ڕێگایــەکی عــەقڵی و ئازادانــە، ڕێگایــەکی غـەریزی و ناچارانـە. ڕێگـا عەقڵییـە ئازادانەکـە بـەرەو ئـەوەیان دەبات ببن بە نەتەوە بەڵام ڕێگا غـەریزی و ناچارانەکە نایانکات بە نەتەوە بەڵکو زاڵەکەیان وەک ئیتنیک دەهێڵێتـەوەو بـەزیوەکان ناچـار دەکـات ببنـەوە بـەخێڵ. ئـەو کۆمـەڵگا سـەرووئیتنیکیانەی ناســیونالیزم لـــە دەوڵەتـــە مۆدێرناکانـــدا دروســـتیکردوون و ئیتنیکـەکانی پـێ کردوونەتـەوە بەیـەک، بنـەمای یەکبوونەکـەیان زاڵیەتییە نەک  ئازادی. ئازادی وەک بنـەمای یـەکبوون، یـەکبوون لــە نــاو جیاوازیــدا دروســت دەکــات و بەرهــەمی پەیوەنــدی ئازادانەی نێوان ئیتنیکەکان نەک پەیوەندیەکی ناچارانە .

گەر بنەمای ئەو یەکبوونە کە ناسیونالیزم لـە نێوان کۆمـەڵگا ئیتنیکیەکانـدا لـە ڕێگـەی سـەپاندن و هێـزەوە بـۆ دروسـتکردنی کۆمەڵگایـەکی سـەرووئیتنیکی دەیهێنێتـە ئـاراوە دەیـاری بکـەین، ئەوە هەر هەمان ئەو بنەمایە دەردەچێت کە خێڵە بایلۆجیەکان لە ڕێگـەی زاڵیەتییـەوە دەکاتـەوە بەیـەک و ڕێگـە لـەوە دەگرێـت بکەونە ناو پەرەسەندنی مێژووی خۆیانەوەو ببن بە ئیتنیک .

ڕەخنەی ئێمە لە ناسیونالیزم و دەوڵەتی مۆدێرن ڕەخنەیـە لـە بنـەمای زاڵیـەتی کـە ناسـیونالیزم کـاری پێـدەکات بـۆ ئـەوەی

کۆمــەڵگا ئیتینیکیــەکانی پــێ بکاتــەوە بەیــەک و کۆمەڵگایــەکییان پێدروست بکات کە تیایدا ئیتنیکێک لە ئیتنیکەکان ببێت بە ئیتنیکی زاڵ و نەریتەکانی کولتورەکەی ببن بەو نەریتانەی کە ناسنامەی کۆمەڵگاکـــە دیاریدەکـــەن، نەریتـــەکانی کولتـــوری ئیتنیکـــە بـــەزیوەکانیش نـــەک هـــەر لەپەرەســـەندی مێژوویانـــەی خۆیـــان ناخات بەڵکو ناچاریان دەکات بگەڕێنەوە بۆ دواوە و ببنـەوە بە نـەریتی زارەکـی سـادەو سـاکاری خێڵـە بایلۆجییـەکان. کێشـەی کـورد لەگـەڵ دەوڵـەتی مۆدێرنـدا ئەوەیـە ئیتنیکـەکانی دەخـوازن بکەونـە نـاو یـەکبوونێکی ئازادانـەی ئـاواوە کـە ڕێگـرە لـەوەی هیچیان ببن بە ئیتنیکی زاڵ یان ئیتنیکی بەزیو. ئەمـەش جۆرێکی تـر لەیـەکبوونی نێـوان ئیتنیکـەکان دەخوازێـت کـە یـەکبوونێکی ئازادانەیەو بە بنەمای یەکبوون لە ناو جیاوازیدا دێتەئاراوە.

ئەو پرسیارەی کە پێویستە بکرێت و نـەکراوە، ئەوەیە: گـەر نەتــەوە بەرهــەمی دیــالێکتیکێکی مێژوویــی بێــت کــە کۆمــەڵگا ئیتنیکیــەکان لــە کۆمەڵگایــەکی پەرســەندووتردا دەخاتــە نــاو یـەکبوونێکی بـاڵاتر لـە یـەکبوونی کولتورییـەوە کـە ئیتنیکـەکانی لێکەوتووە، ئەوە ئەو یەکبوونـە دەبێت یـەکبوونێکی ئازادانـە بێت وەک یەکبوونی ئازادانی خێڵەکان لە پەیدابوونی ئیتنیکەکاندا یان دەبێت یەکبوونێکی ناچارانەی وەک ئـەو یەکبوونـە بێت کـە خێڵـە بایلۆجیـەکان لـە یەکبوونـە ڕەچڵەکییەکـەی خۆیـان دەهێڵێتـەوەو ناهێڵێت بکەونە ناو پەرەسـەندنێکی مێژووییـەوەو بەرزببنـەوە بۆ ئیتنیـــک تـــا هاوســـەنگی هێـــز لـــە نێـــوان خێڵـــە زاڵەکـــەو خێڵە بەزیووەکاندا تێکنەچێت؟.بـە مانایـەکی تـر نەتـەوە بەرهـەمی یـــەکبوونی ئازادانـــەی ئیتنیکەکانـــە یـــان بەرهـــەمی یـــەکبوونی ناچارانـەی ئیتنیکـەکان؟ ئایـا دەوڵـەتی مـۆدێرن ڕەوایـەتی لـە

یەکبوونی ئازادانی ئیتنیکەکانەوە وەردەگرێت یان یەکبوونی ناچارانەی ئیتنیکەکان؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە بۆچی بنەمای پەیدابوونی مێژوویانەی نەتەوەکان یەکبوونە لەناو جیاوازیدا. بەر لەوەی باس لە ناسیونالیزم و دروستکردنی ئەو کۆمەڵگایە بکەم کە بە ناوی نەتەوەوە دروستی دەکات دەمەوێت باس لەوە بکەم چۆن نەتەوە لەو پەرەسەندنە مێژووی و عەقڵییەدا کە ئیتنیکە جیاوازەکان تێی دەکەون وەک کۆمەڵگایەکی سەرووئیتنیکی لەوانەوە پەیدادەبێت .

بەر لەوەی نەتەوە هەبێت دەبێت کۆمەڵە ئیتنیکێکی جیاواز هەبن کە لە جیاوازی رەچڵەکی خێڵەکان لەناو یەکبوونێکی کولتوریدا پەیدابووبن. بەبێ بوونی کۆمەڵە ئیتنیکێکی لەو جۆرە مومکین نییە ئەو پەرەسەندنە مێژوویی رووبدات کە کۆمەڵە ئیتنیکێکی جیاواز بەرزدەکاتەوەو دەیان کات بە نەتەوە. بۆیە بوونی کۆمەڵە ئیتنیکێکی لەو جۆرە پێشمەرجی پەیدابوونی نەتەوەن. دروستبوونی هەر کۆمەڵگایەکی تری سەرووئیتنیکی بەبێ بوونی کۆمەڵە ئیتنیکێکی جیاوازی لەو جۆرە بێتەئاراوە، ناکرێت بە نەتەوە ناوببرێت .

خێڵە بایلۆجیەکان دوای هوشیاربوونەوەیان بە بوونی خۆیان جیاوازی لە یەکبوونە بایلۆجی و رەچڵەکییەکانیاندا دروست دەبێت و پێویستیان بە یەکبوونێکی نوێیە، بۆ ئەم یەکبوونەش کلتورێکی باڵا لە نێوانیاندا بەهۆی هوشیاربونەوەیان بە بوونیان پەیدادەبێت و جیاوازییە رەچڵەکییەکان لە یەکبوونێکی کولتوریدا دەکاتەوە بەیەک بەبێ ئەوەی جیاوازییە رەچڵەکییەکان و زیادبوونیان راگرێت و نەفی بکاتەوە. بەهۆی ئەمەشەوە ئیتنیکەکان پەیدادەبن وهەر ئیتنێک لە ئیتنیکەکان کۆکەرەوەی

ڕەچڵەکە جیاوازەکانە لە ناو یەکەیەکی کولتوریدا کە جیاوازە لە کولتوری ئیتنیکەکانی تری دەوروبەری .

دوای پەیـــدابوونی ئیتنیکـــەکان وەک کۆمەڵـــە یەکەیـــەکی کولتوری جیاواز گەر هوشیاریەکی زیاتر لە ناو ئەو ئیتنیکانە بێتە ئاراوە، ئەوە پێویستیان بە یەکبوونێکی باڵاترە لەو یەکبوونە ئیتنیکییەی یەکبوونی کولتور دروستی کردووە. بەڵام ئەوان کاتێک دەچنە ناو ئەو یەکبوونە باڵایەوە بۆ ئەوەی بە جیاوازییە کولتورییەکانی خۆیانەوە بمێننەوە دەبێت ئەوەی دەیانکاتەوە بەیەک شتێکی تری جیا لە کولتور بێت، تا یەکبوونەکە یەکبونێکی ئازادانەی ئیتنیکەکان بێت نەک ناچارانە. یەکبوونی ئازادانەی ئیتنیکەکان دەبێت یەکبوونی کولتورە جیاوازەکان بێت لە ناو ئەوەدا کە نە کولتورەو نە ڕەچڵەکە .

ئەوەی کە لێرەدا دەبێت پرسیاری لە بارەوە بکرێت ئەوەیە ئەوەی کە ئیتنیکەکان بە جیاوازییە کولتورییەکانی خۆیانەوە تیایدا دەبن بەیەک چییە؟ بێگومان ڕەچڵەک نییە چونکە یەکبوونی ڕەچڵەکی خێڵی بایلۆجی دێنێتەئاراوە، کولتوریش نییە چونکە یەکبوونی کولتوری ئیتنیک دێنێتە ئاراوە، نەتەوە یەکبوونیکی تری پێویستە بۆ ئەوەی وەک کۆمەڵگایەکی سەروخێڵەکی وسەروئیتنیکی بێتەئاراوە. ئەو یەکبوونەش یەکبوونی زەینییە کە یەکبوونە لە جیهانبینیدا. خێڵ گوزارشتە لە یەکبوونی مادیی مرۆڤەکان کە خۆی لە یەکخوێنیدا دەبینێتەوە، ئیتنیک گوزارشتە لە یەکبوونی سروشتی مرۆڤەکان کە خۆی لە نەریتە کولتورییەکاندا دەبینێتەوە کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە ڕێگەیانەوە هەڵسوکەوتە عەقڵی و زمانی و هونەری و ئاینی و سیاسییەی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆی پێیان ڕێکدەخات. بەڵام

نەتــەوە یــەکبوونی زەینــی مرۆڤەکانــەو خــۆی لــە یــەکبوونی جیهانبینیدا دەبینێتەوە .

گـەر یـەکبوونی خێڵـەکی یـەکبوونی مـادی تاکـەکانی کۆمـەڵگا بێت و یـەکبوونی ئیتنیکی یـەکبوونی ئـەو فۆرمانـە بێت لـەوەدا شـێوەدەگرن کـە مادییـە، ئـەوە یـەکبوونی زەینـی یەکبوونـە لـەو وێناکردنانـەدا کـە بـە فۆرمـە جیاوازەکـان لـە مـادە جیاوازەکانـدا شـێوەدەگرن . نەتــەوە کۆبوونــەوەی ئیتنیکـە جیاوازەکانـە لـە نیشــاندانی ئــەو وێناکردنانــەی کــە بــۆ هــەموویان یەکــەو لای هەریەکەشــیان بــە ڕەنگێکــی جیــاواز گوزارشــتیان لێــدەکرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ بۆ گەیشتن بە نەتـەوە مرۆڤـی کۆمـەڵگای ئیتنیکی پێویستی بە هوشیارییەکی زیـاتر هەیـە تـا لـەوە تێبگـات لەپشـت کولتـورە جیاوازەکـانی ئیتنیکەکانـەوە هـەمان جیهـانبینی هەیـە کـە هـەڵگری ئـەو وێنـاکرن و تێگەیشـتنانەیە کـە کولتـورە جیاوازەکانیــان بــە فــۆرمی جیــاواز شــێوەگیری دەکــەن. هــەتا تاکـەکانی ئیتنیکـەکان نەگـەن بـەو هوشـیارییە باڵایـەی کـە دەیـان گــەیێنێ بــەو وێناکردنانــەی چەنــد ئیتنیکێــک بــە کولتــورە جیاوازەکانی خۆیان شێوەگیریان کردوون، ناتوانن بگـەن بـەوەی کـە ئیتنیکـەکان بـە جیاوازییـە کولتوریـەکانی خۆیانـەوە لـە خۆیـدا دەکاتەوە بەیەک و نەتەوەیان لێ دەهێنێتە ئاراوە .

واتـە گـەر یـەکبوونی ئیتنیکی یـەکبوونی نەریتـە کولتوریـەکان بێـت ئــەوە یــەکبوونی نەتــەوەیی یــەکبوونی ئــەو وێنــاکردن و تێگەیشـتنانەیە کـە لـە ڕێگـەی ئـەو نەریتانـەوە شـێوە دەگـرن و ئاشـکرا دەبـن. ئـەو یەکبوونـەش دەکرێـت بـە یـەکبوونی زەینـی نـاوی ببــەین. کەواتــە نەتــەوە بەرهــەمی کۆبوونــەوەی کولتــورە جیاوازەکانە لە ناو یەکبوونێکی زەینیدا. یەکبوونە لە وێناکردن و

تێگەیشـتندا نـەک لـە شـێوازی نیشـاندانی ئـەوەی کـە زەینیانـە وێناکراوە. یەکبوونی زەینی یەکبوونی ئەو مانا زەینیانەیە کە بە چەند زمانێکی جیاواز دەکرێت گوزارشتیان لێبکرێت. ئـەوەش کە بـە چەنـد زمـانێکی جیـاواز دەوترێـت، لـەناو جیهـانی زەینیـی ماناکانـدا هــەمان شـتەو جیـاواز نییــە. کۆمەڵــە ئیتنیکێــک کــە جیهـانبینی و زەینیـەتیان یەکـە ئـەوەی بـە زمانـە جیاوازەکـانی خۆیـان دەیلـێن یەکـەو هـەمان شـتە، ئـەوەی جیـاوازە تـەنها ئـەو فۆرمە زمانیانەن کە ئەو مانایانەیان پێ دەردەبڕێت .

ئەمـە ئـەوە نیشـاندەدات ئـەو ئیتنیکانـە هـەمان جیهانبینییـان هەیەو هەمان ئەو راستیانەی کە لە جیهانی ماناکانی یەکێکیاندا هەیە لە جیهانی ماناکانی ئەوانی تریشیاندا هەیەو هەریەکەیان کە بە نەریتە جیاوازەکەی دەربڕینی خۆی مانایەک لە ماناکان دەردەبڕیت هەمان ئەو مانایە دەردەبڕێت کە ئەوانی تریان بە نەریتە زمانییە جیاوازەکانی خۆیان دەریدەبڕن. کاتێک لە نێوان کۆمەڵە ئیتنیکێکدا هوشیاری بەوە پەیدا دەبێت جیهانی ماناکانیان هەمان جیهانەو ئەوەی لە نێوانیاندا جیاوازە تەنها ئەو زمانانەیە کە ئەو مانایانەیان پێدەردەبڕن، ئـەو کاتـە هوشیار دەبنـەوە بەو یەکبوونەی کە لە نێوانیاندا هەیە .

دەکرێت بڵێین نەتـەوە یـەکبوونی کولتـورە جیاوازەکانی چەند ئیتنیکێکی جیاوازە لە جیهانبینی و ئەو ماناو وێناکردنانەی کە لـە جیهـانی مانـاو وێناکـانی ئەوانـدا هەیـە، کۆمەڵـە ئیتنیکێک لەگـەڵ ئەوەشدا کە هـەر یەکـەیان کولتـورێکی جیاوازی تایبـەت بـەخۆی هەیـە بـەڵام ئـەو وێنـاکردن و تێگەیشـتنانەی کـە یـەکێکیان لای خۆیەوە دەرکی پێکردوون و ئـەوانی تریش هـەمان وێنـاکردن و تێگەیشـتنیان بۆیـان هەیـە و بـە هـەمان تێگەیشـتنەوە دەرکیـان

پێکـردوون، کاتێـک هەریـەک لـەو ئیتنیکانـە لـە پەیوەنـدی بـە ئیتنیکەکانی ترەوە ئەوەی بۆ ڕۆشن دەبێتەوە ئیتنیکـەکانی تـریش هەمان تێگەیشتن و وێـناکردنی بۆ جیهـان هەیـە هوشـیاری بـەوە پەیدا دەکات کە لەگەڵ ئەوانی تردا لەو وێناکان و تێگەیشتنەکاندا یەکـە و ئەمـەش مـەیل بـۆ یـەکبوونێکی ئازادانـە لـە جیهانبینیـدا دێنێتەئاراوە .

گـەر زمـانی ئـەو ئیتنیکانـە وەربگـرین کـە لـەو پەرەسـەندنە مێژووییەدا دەبن بە نەتەوە، ئەوە زمانەکەیان لە مانادا یەکەو لە وشەدا جیاوازە. واتە زمانی نەتەوەیی فۆرمێکی زمانی دیـاریکراو نییـە بـەڵکو جیـاوازی فۆرمـە زمانییەکانـە لـە نـاو یـەکبوونی ماناکانـدا. ئـەوەی کـە لـە نێوان ئـەو زمانـە جیاوازانـەدا یەکـە ئـەو ماناییانەن کە هەریەکە لەو زمانانە بە کۆمەڵە فۆرمێکی دەنگی جیـاواز دەریـان دەبـڕن. کاتێـک وتراوێـک بـە زمـانی ئیتنیکێیـان دەوترێت و مانایەک دەگەیێنێ گەر بە زمـانی ئیتنیکێکی تریشـیان وترا هەمان مانا دەگەیێنێ .

ئەمـەش ئـەوە دەگـەیێنێ کـە زمـانی ئـەو ئیتنیکانـە هەرچەنـد لەگـەڵ یەکدا جیـاوازن بـەڵام ئـەوەی کـە لـە ڕێگـەی ئـەو زمانـە جیاوازانـەوە دەردەبرێـت هـەمان شـتە. ئەمـەش یـەکبوونی ئـەوە نیشـاندەدات کـە لـە فەلسـەفەی زمانـدا بـە جیهـانبینی زمـانیی ناسـراوە. کاتێک منداڵێک زمـانێکی بێگانـە فێردەکرێت و زمانەکـە لـە ناویدا دادەمـەزرێت و بـەو زمانـە بیردەکاتـە ئـەوە ئـەو زمانـە تـەنها هەڵسـوکەوتە زمانییەکـەی کۆنترۆڵناکـات بـەڵکو واشـی لێدەکات جیهـان بـەو شـێوەیە وێنـا بکاتـەوە کـە جیهـانبینی ئـەو زمانە دەیخوازێت .

تاکە نەتەوەییەکان ئەوانە نیین کە هەمان زمان بەکاردەهێنن بەڵکو ئەوانەن کە کۆمەڵە زمانێکی جیاوازیان هەیە بەڵام جیهانبینی ئەو زمانانە یەکەو کاتێک هەریەکە بە زمانەکەی خۆی بیردەکاتەوە هەمان ئەوە لە بیرکردنەوەیدا ئامادە دەبێت کە تاکە نەتەوەییەکەی تر لە کاتی بیرکردنەوەیدا بە زمانەکەی خۆی لە بیرکردنەوەیدا ئامادە دەبێت .

ئەوەی یەکە لە نێوان ئەم زمانانەدا زمان خۆی نییە بەڵکو جیهانبینی زمانییە. ئەوەی یەکە جیهانی وشەکان و دەنگەکان نییە جیهانی ماناکانە. زمانی نەتەوە بەرهەمی یەکبوونە لە جیهانی ماناکانداو جیاوازبوون لە جیهانی وشەکاندا. لە ناو ئەم یەکبوونە ماناییەدا هەر ئیتنیکێک بە جیاوازییە زمانییەکەی خۆیەوە لە ناو یەکبوونی ماناکاندایە لەگەڵ ئیتنەکانی تردا. بۆیە زمانی نەتەوە ئەو یەکبوونە دەیهێنێتە ئاراوە کە لە ماناکاندا دێتە ئاراوە نەک لە وشەکاندا. زمانی نەتەوە یەکبوونە لە جیهانبینیی و جیاوازبوونە لە نەریتە کولتورییەکاندا .

دوو تاکی نەتەوەیی ناو دوو ئیتنیکی جیاواز بەوە هەست بە هاوشوناسی دەکەن کە تێگەیشتنیان بۆ نموونە بۆ خۆشەویستی و بۆ ئازایەتی و بۆ خودا و هتد یەکە بەڵام هەریەکەیان بە زمانێکی جیاواز گوزارشتی لێدەکات. یەک خەم دەکەن بە گۆرانی بەڵام هەریەکە بە ئاوازە جیاوازەکەی خۆی. ئەمە هەر تەنها بۆ جیهانبینی زمانیی ئاوا نییە بەڵکو بۆ جیهانبینی سیاسی و ئاینی و هونەری و ئەدەبیش هەر هەمان شتە. واتە نەتەوە یەکبوونی زەینی ئیتنیکەکان لە کولتورە جیاوازەکانی خۆیاندا. کاتێک یەکبوونەکە لە زەین و جیهانبینیدا بوو ئەو کاتە هەریەک لە ئیتنیکەکان بە کولتورە جیاوازەکەی خۆیەوە لەناو

پەرەسەندنی مێژووییانەی کولتورەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە. کەواتە نەتەوە یەکبوونە لە جیهانبینیداو جیاوازییە لە کولتوردا، یان دەکرێت بوترێت یەکبوونە لەوەی کە زەینییەو جیاوازییە لەوەی کە سروشتییە.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە کە یەکبوونی جیهانبینییە دەتوانین باس لە نەریتە ئاینییەکانی ئیتنیکە کوردییەکان بکەین. نەریتی ئاینی یارسانەکانی هەورامان و ناوچەکانی تر کە تێکستە ئاینیەکانیان زۆربەی بە هەورامی نوسراوە لەگەڵ نەریتی ئاینی یەزیدیەکان کە تێکستەکانیان بەکرمانجی نوسراوە لەگەڵ نەریتی ئاینی زازاکیەکان لە جیهانبینیدا یەکن و لە شێوازی گوزارشتکردن لەو جیهانبینییەو ئەو نەریتانەی کە هەیانن جیاوازن. بە هەمان شێوە تەریقەتی نەقشبەندی کە بە ناو ئیتنیکە کوردییەکاندا بڵاو بووەتەوە لە جیهانبینیدا یەکە بەڵام لە رێورەسم و نەریتدا جیاوازە. کوردییەتی ئاینەکوردیەکان و تەریقەتە کوردیەکان لە تێگەیشتنی هاوبەشدایە بۆ مانەکان و دەربڕینیانە بە رێگای جیاواز.

ئەمە بۆ نەریتە هونەریەکانی ئیتنیکە کوردییەکانیش هەر دروستە کە فۆرمی جیاجیا گوزارشتکردنن لە هەمان ئەو شعورە ئیستاتیکیانەی کە لە شعوری هەموویاندا هەمان شتن و یەکن بەڵام لە دەربڕینە ئیستاتیکیەکانیاندا جیاوازن. کوردیەتی ئەو نەریتە کولتورییە جیاوازانەی ئیتنیکە کوردییەکان لە جیهانبینیی و زەینیەتی ئیتنیکەکاندایە نەک لە کولتورە جیاوازەکانی هەریەکەیاندا. کولتورە جیاوازەکان یەکبوونی ئیتنیکیانەی ئەوان لە خۆیاندا نیشاندەدات و جیهانبینییەکەش کە هەموویان تیایدا یەکن یەکبوونی نەتەوەیی ئەوان نیشاندەدات .

بۆ پاراستنی یەکبوونی جیهانبینی لە جیاوازیی کولتوریدا هەریەک لە ئیتنیکەکان لە خۆیدا یەکبوونی کولتوری خۆی دەپارێزێت و لە نەتەوەشدا یەکبوونی جیهانبینیەکەی لەگەڵ ئیتنیکە کوردییەکانی تردا دەپارێزێت. ئەوەی کە ئیتنکە کوردییەکانی بەو هەموو جیاوازییەوە وەک نەتەوەیەک راگرتووە سەرچاوەی لەو تێگەیشتنە هاوبەشەوە گرتووە کە هەریەکەیان بۆ نەتەوە هەیەتی وەک یەکەیەکی سەرووئیتنیکی. هەریەک لەم ئیتنیکانە لەوێوە خۆی وەک کورد دەبینێ کە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ ئیتنیکەکانی تردا بەبێ ئەوەی جیاوازییە ئیتنیکیەکانی خۆی لە دەست بدات، بێ ئەوەی بکەوێتە ناو پەیوەندی زاڵبوون و بەزینەوە لەگەڵ ئیتنیکەکانی تردا.

هەریەک لەو ئیتنیکانە بە کولتورەکەی خۆیەوە کوردەو کوردیەتی کولتورەکەشی لە کولتورەکە خۆیدا نییە بەڵکو لەو جیهانبینییەدایە کە لە رێگەی نەریتە کولتورییە جیاوازەکەی خۆیەوە راستیەکانی شێوەگیردەکات و هوشیارە بەوەش کە ئیتنیکە کوردیەکانی تریش لە رێگەی نەریتە کولتورییە جیاوازەکانی خۆیانەوە تێگەیشتن و وێناکردنەکانی هەمان جیهانبینی لە ژیانی خۆیاندا شێوەگیردەکەن .

وێناکردن و تێگەیشتنەکانی زەینیەتی نەتەوەیی لە کۆمەڵە رەنگێکی کولتوری جیاوازدا خۆیان ئاشکرا دەکەن. بەبێ بوونی کۆمەڵە کولتورێکی جیاواز جیهانبینی نەتەوەیی بوونی نییە. گەر جیهانبینییەک لە رێگەی نەریتەکانی یەک کولتورەوە راستیەکانی ئاشکرا بکرێن ئەو جیهانبینییە جیهانبینییەکی ئیتنیکییە نەک نەتەوەیی، چونکە جیهانبینی نەتەوەیی جیهانبینی چەند ئیتنیکێکی جیاوازەو نەتەوەش یەکبوونی جیهانبینی ئەو ئیتنیکانەیە لەناو

جیاوازە کولتورییەکانیاندا. بە یەک ئیتنیک نەتەوە نایتەبوون و بۆ بوونی نەتەوە پێویستە کۆمەڵە ئیتنیکێکمان هەبێت کە خۆیان لە کولتوردا جیاوازبن و لە جیهانبینیدا یەک بن. ئەمەش بەرهەمی پرۆسەی پەرەسەندنی مێژووییانەی ئیتنیکەکانە بۆ یەکەیەکی مرۆیی بالاتر لە خۆیان کە نەتەوەیە. ئەمەی کە لەسەرەوە باسمکرد پەرەسەندنە راستەقینە مێژووییەکەی بوونی کۆمەڵە ئیتنیکێکە بە کولتورە جیاوازەکانی خۆیانەوە بە نەتەوە کە هوشیارییەکی بالاتری لەو هوشیارییە دەوێت کە کۆمەڵە خێلێک بۆ ئەوەی ببن بە ئیتنیک پێویستیانە. ئەو هوشیارییە کە یەکبوونی ئیتنیکی دەهێنێتەئاراوە هوشیارییە بە سروشتی مرۆیی بەڵام ئەو هوشیارییەی کە نەتەوە دروست دەکات هوشیارییە بە زەینی مرۆیی و جیهانبینیەکەی.

رێگاکەی تریان رێگای ناسیونالیزم و دەوڵەتی مۆدێرنە بۆ بەرزکردنەوەی ئیتنیکەکان بۆ کۆمەڵگایەکی سەرووئیتنیکی کە کۆمەڵە ئیتنیکێک لە خۆی بگرێت. ئەم رێگایەش هەرگیز رێگایەکی ئازادانە نەبووە، چونکە ئەوەی ئەو کۆمەڵگا سەرووئیتنیکییەی لەسەر دامەزراوە بنەمای زاڵیەتییە. ئیتنیکە جیاوازەکانی ناو هەر دەوڵەتێکی مۆدێرن لە ناو ئەو کۆمەڵگایەدا کە بە کۆمەڵگای مۆدێرن یان بە نەتەوە ناو براوە لەگەڵ یەکدا لە کۆبوونەوەیەکی ناچارانەدان .

ئەوەی وادەکات کۆبوونەوەی کۆمەڵە ئیتنیکێک لە رێگەی هێزو ناچارکردنەوە نەکرێت بە نەتەوە ناوببرێت ئەوەیە نەتەوە کۆبوونەوەی ئازادانەی کۆمەڵە ئیتنێکێکە کە بەر لە کۆبوونەوەیان لە ناو نەتەوەدا خاوەنی هەمان جیهانبینین و لە ئەنجامی ئەوەدا کە هوشیاردەبنەوە بەوەی هەمان جیهانبینییان

هەیە ئازادانە پێکەوە وەک نەتەوەیەک کۆدەبنەوە بەبێ ئەوەی هیچیـــان کولتورەکـــەی ونەریتـــەکانی لـــە دەســـتبدات و لـــە گەشـەکردنی خـۆی رایگرێـت. کۆبوونـەوەی ناچارانـەی کۆمەڵـە ئیتنیکێک لەو سنورە سیاسیانەدا کە ناونراوە دەوڵەتی مۆدێرن گـەر کۆبوونـەوەی چەنـد ئیتنیکێـک بێـت کـە هـەمان جیهـانبینی هاوبەشیشیان هەیە بەڵام هوشیارییان بەوە نەبێت کە هـەمان جیهانبینیان هەیەو ئەو هوشیارییە کۆیان نەکاتەوە، ئەوە نەتـەوە نین .

بـابزانین ئـەو دەوڵەتـە مۆدێرنانـە چـۆن دروسـتبوون و ئـەو پێکهاتانـەی نـاونراون نەتـەوەو ناسـنامەی نەتـەوەیان هـەڵگرتووە ئایا نەتەوەن یان شتێکی ترن و ناویان نراوە نەتەوە؟ بۆ وەڵامـی ئەم پرسیارە دەبێت هـەر لەسـەرتاوە دوو جۆر لـە خێڵ و دوو جۆر لە کۆمەڵگای سەرووخێڵەکی هەن لەیەکتریان جیابکەینەوە.

یەکـەمیان: خێڵـە سروشـتییە بـێ کولتورەکـان و ئـەو پێکهاتـە خێڵەکیانـەن کـە بـەو پەرەســەندنە مێژوویـەدا نەڕۆشـتوون کـە دەیانگۆڕێت بۆ کۆمەڵە ئیتنیکێکی خاوەن کولتـور، ئەوانە بنـەمای کۆبوونەوەکەیان هێزو زاڵیەتییە. ئـەم جـۆرە لەپێکهاتـەی خێڵێکی کـە بـەو پەرەســەندنە مێژووییـەی گـۆڕانی خێڵـەکان بـۆ ئیتنیـک دروسـت نـەبوون، خـاوەنی کولتـورنین و ئـەوەی کـە لـە ژیـانی خۆیانـدا پێیـەوە سـەرقاڵن تـەنها تێرکردنـی غـەریزە بایلۆجیـەکانی خۆیانـە لەگـەڵ غـەریزەی زاڵبـوون کـە لەڕێگەیـەوە پێکهاتەکـە لەســـەر بنـــەمای خێڵێکـــی و زاڵ وکۆمەڵـــە خێڵێکـــی بـــەزیو دروستبووە.

دووەمیان: خێڵە پەرەسـەندووەکان کـە لەسـەر رێگـای ئـەوەن بـبن بـە ئیتنیـک لەگـەڵ ئیتنیەکەکانـدا، ئەوانـە لـە پەرەسـەندنی

مێژوویی کۆمەڵگاوە پەیدابوون و بوون بە خاوەنی زمان و کولتوری باڵای خۆیان. ئەو دەوڵەتە مۆدێرانانەی کە لە ئێستادا هەن لە هیچیاندا رەچاوی ئەوە نەکراوە ئەوەی کە کەوتووەتە ناو سنوری سیاسیەکەیان کامیان خێڵی بایلۆجین و کامیان پێکهاتەی خێڵەکین و کامیان خێڵی پەرەسەندوون و کامیان ئیتنیکن. ئەوەی کە بۆ ئەو هێزانە گرنگبووە کە دەوڵەتەکانیان دروستکردوون تەنها ئەوە بووە چۆن ئەوانەی لە سنورە سیاسییە دیاریکراوەکەی دەوڵەتدا هەن بکرێنەوە بە یەک بێ رەچاکردنی ئەوەی کە کامیان خێڵی ناپەرەسەندووەو کامیان خێڵی پەرەسەندووە، کامیان پێکهاتەی خێڵەکییەو کامیان ئیتنیکە، هەموو ئەمانە بۆ ئەوهێزە بەیەکخەرە لە پرۆسەی بەیەککردنەکەدا یەکسانن و هیچ جیاوازێکیان نییە، ئەوان بۆ ئەوهێزە جگە لە مادەییەکی خاو بۆ دروستکردنی کۆماڵگایەکی نوێ هیچی تر نیین . دەوڵەتی مۆدێرن گۆڕی بە کۆمەڵی خێڵە پەرەسەندووەکان و ئیتنیکەکانە، بوونی خۆیشی لەسەر راگرتنی ئەو پەرەسەندنە مێژووییەی دامەزراندووە کە خێڵەکان دەکات بە ئیتنیک و ئیتنیکەکان دەکات بە نەتەوە. هۆی ئەمەش ئەوەیە بنەمای کۆبوونەوەی ئەو پێکهاتانەی کە خەتێکی سوریان وەک سنوری سیاسی دەوڵەتێک بەدەوردا کێشراوە زاڵیەتییەو هەر دەبێت ئەوەی کە بەهێزە، ویستی ئەوانی تر نەفی بکاتەوەو ئەوەی کە هەیانە بیخاتە ژێر رکێفی ئەو ویستەی کە خۆی هەیەتی .

ئەوەی لە ناو ئەو سنورە کیشراوەدا بەهێزترینیانە دەبێت زاڵ بێت بەسەر هەموو ئەوانی تردا، ئیتر ئەوە گرنگ نییە ئەوانەی زاڵ دەبێت بەسەریاندا خێڵی ناپەرەسەندوون یان

پێکهاتــەی خێڵــەکی ناپەرەســەندوو، خێڵــێ پەرەســەندوون یــان ئیتنیکن و خاوەنی کلتوری خۆیانن. لەم پرۆسەی بەیەککردنەی پێکهاتەکاندا ئەوەی کە لەناودەچێت خێڵە ناپەرەسەندووەکان و پێکهاتە خێڵەکییە ناپەرەسەندووەکان نیین، ئەوەی لەناودەچێت خێڵە پەرەسەندووەکان و ئیتنیکەکانن .

ئــەوەی کــە ڕێگــری لێــدەکرێت و دەوەســتێنرێت ئــەو پەرەسەندنە مێژووییەیە کە خێڵە پەرەسەندووەکان دەکات بە ئیتنیک و ئیتنیکەکان دەکات بە نەتەوە. بۆیە ناسیونالیزم کە پرۆسەی بەیەککردنەکە ئەنجام دەدات نەک هەر نەتەوە دروست ناکات بەڵکو پرۆسەی بەئیتنیکبوونی خێڵە پەرەسەندووەکان و پرۆسەی بە نەتەوەبوونی ئیتنیکەکان بە یەکجاری رادەگرێت وناهێڵێت نەتەوەکان دروست ببن. ناسیونالیزم لە بنچینەدا دژی پەیــدابوونی نەتەوەکانــەو بــۆ ڕێگــرتنیش لــە دروســتبوونی ئیتنیکەکان و نەتەوەکان ئەو هێزە بەکاردەهێنێ کە دەوڵەتەکە هەیەتی. بابزانین چۆن ناسیونالیزم لە ناو سنوری دەوڵەتدا بەو هێزەی کە دەوڵەت پێی دەدات لە بری ئەوەی نەتەوە دروست بکات ڕێگری دەکات لە دروستبوونی ئیتنیکەکان و نەتەوەکاندا، بابزانین چۆن ناسیونالیزم قەلاچۆی ئیتنیکەکان دەکات و ئەو بنچینەیە دەڕووخێنێ کە نەتەوە لەسەری دادەمەزرێت.

بەپێی تیۆری ناسیونالیزم نەتەوەکان بەر لە سەرهەڵدانی کۆمەڵگای پیشەسازی بوونیان نەبووەو تەمەنی نەتەوەکان دوو سەدە تێپەڕ ناکات. واتە لە دوای کۆتایهاتن بە ئیمپراتۆریەتەکانی ڕۆژهــەلات و ڕۆژئــاوا نەتــەوەکان پەیــدابوون و پێشــمەرجی دروستبوونی هەر نەتەوەیەکیش بەر لە هەمووشتێک بوونی دەوڵەتــە. ئــەوەی کــە دەوڵــەتی نییــە بــا لــە نــاو دەوڵەتیشــدا

هەرچییەک بێت، بیەوێت و نەیەوێت بەشێکە لەو نەتەوەیەی کە لەو دەوڵەتەدا هەیە. بۆ بەدواداچوونی ئەم مەسەلەیە نەتەوە لە ناو دوو کەوانەدا دادەنێین بۆ ئەوەی جیای بکەینەوە لەو نەتەوەیەی کە لە پەرەسەندنە مێژوویەکەی کۆمەڵە ئیتنیکێک دەکەوێتەوە.گێلنەر دەڵێت چۆن لە مەسیحیەتدا پیاوێک یەک ژنی هەیە بۆ هەموو دەوڵەتێکیش دەبێت یەک <نەتەوە> هەبێت. بەڵام سەیری واقعی دەوڵەتەکان بکەین دەبینین دەوڵەت هەیە سێ <نەتەوە> یان زیاتری هەیەو <نەتەوە>ش هەیە زیاتر لە چوار دەوڵەتی هەیە وەک <نەتەوە>ی عەرەب کە یەک <نەتەوە>یەو خاوەنی بیست و دوو دەوڵەتە. ئەوەی کە گێڵنەر تێبینی نەرکردبوو، ئەوەیە کە مەرجی دابەشبوونی <نەتەوە>یەک بەسەر چەند دەوڵەتێکدا ئەوەیە کە <نەتەوە>کە دابەشنەکات بۆ چەند <نەتەوە>یەکی جیاواز و مەرجی بوونی چەند <نەتەوە>یەکیش لەناو دەوڵەتێکدا ئەوەیە کە دەوڵەتەکە دابەشنەکات بۆ چەند دەوڵەتێک. واتە دەکرێت دەوڵەت یەک بێت و چەند <نەتەوە>یەکی تێدا بێت، وەک سویسرا بەڵام ئەو <نەتەوانە> نابێت بە هۆی بوونیان لە دەوڵەتێکی تردا کولتورە نەتەوەییەکەیان لە <نەتەوە>کەی خۆیان کە دەوڵەتی خۆی هەیە جیابکەنەوە . بۆ نموونە نابێت ئەڵمانەکانی سویسرا کە لە دەوڵەتێکدان دەوڵەتی ئەڵمان نییە، وەک <نەتەوە> لە ئەڵمان جیاببنەوەو ببن بە <نەتەوە>یەکی تر ئیتر هەناوێکی هەبێت، لەهەمان کاتدا لە دەرەوەی دەوڵەتی ئەڵمانیشبن. فەرنسیەکانی سویسراش بە هەمان شێوە نابێت لە <نەتەوە>ی فەرنسی جیاببنەوەو ببن بە <نەتەوە>یەکی سەربەخۆ، لەکاتێکدا لە دەوڵەتێکدان نین کە وەک دەوڵەتی فەرنسایە کە خاوەنی

سەربەخۆی و سەروەری خۆیەتی .ئەوەی ڕێگەی بە فەرنسیەکانی سویسراو ئەڵمانەکانی سویسرا داوە لەیەک دەوڵەتدا کۆببنەوە ئەوەیە کە هەریەکەیان سەر بە<نەتەوە>یەکە دەوڵەتی خۆی هەیەو بۆی نییە ببێت <نەتەوە>یەکی سەربەخۆ و لە <نەتەوە> کەی خۆی جیاببێتەوە. جیابوونەوەی یەکێکیان لە <نەتەوە> کەی خۆی و بوونی بە <نەتەوە>یەکی سەربەخۆ کۆتایی بە پێکەوەبوونیان لە ناو یەک دەوڵەتدا دەهێنێ و دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتەکە. واتە ئەوەی حوکمی ئەوان لەم مەسەلەیەدا دەکات دەوڵەتی سویسرا نییە بەڵکو نەتەوەی ئەڵمانی ونەتەوەی فەرەنسییە. بەهەمان شێوە گەر لە دەوڵەتە عەرەبیەکان رامێنین کە دەوڵەتی یەک <نەتەوە>ن لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەوڵەتێک لە دەوڵەتەکانی ئەو <نەتەوە>یە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، بەڵام خەڵکی ناو هیچ دەوڵەتێک لەو دەوڵەتانە ناتوانێت ببێت بە <نەتەوە> یەکی سەربەخۆ، واتە لە دەوڵەتدا سەربەخۆن و وەک <نەتەوە> وابەستەن .

بۆ نموونە میسرییەکان کەعەرەبن و لە ناو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیاندان ناتوانن لە ناو ئەو دەوڵەتەدا کە خۆیان تیایدا سەروەرن ببن بە <نەتەوە>یەکی سەربەخۆ لە <نەتەوە>ی عەرەب، هەر ئەمەشە ڕێگە نادات زارەکەی خۆیان بکەن بە زمانی خوێندن و نوسینی خۆیان و مێژووی خۆیان وەک میسریەکان زیندوو بکەنەوەو بیخەنە شوێنی مێژووی عەرەبی. ئەمەی سەرەوە ئەوە دەگەیێنێ کە سیستەمی دەوڵەتی مۆدێرن ڕێدەدات بەوەی چەند <نەتەوە>یەک لە دەوڵەتێکدا هەبن بەڵام بە مەرجێ یەکبوونی <نەتەوە>یی خۆیان لەگەڵ ئەو <نەتەوە>یەدا بپارێزن کە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی

خۆیەتی و ئەوان لە ناویدا نین. دەوڵەتی سویسری لە ریگەی ئەم ریپێدانەی سیستەمەکەوە هەیە .

سیستەمەکە رێدەدات بەوەش کە <نەتەوە>یەک چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبێت بە مەرجێک یەکبوونەکەی خۆی لەناو دەوڵەتەکانیدا بپارێزێت و ریگەبگرێت لەوەی نەتەوەکەی لە ناو دەوڵەت جیاوازەکانیدا هەڵوەشێتەوە بۆ چەند نەتەوەیەک. دەوڵەتە عەربیەکان بەپێی ئەم ریپێدانەی سیستەمەکە رەوایەتی بە بوونیان دراوە کە دەوڵەتی هەمان نەتەوەبن .

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ سیستەمی دروستکردنی دەوڵەتی مۆدێرن لە بنچینەدا کێشەی لەگەڵ ئەوەدا نییە دەوڵەتی نوێ لە هەڵوەشانەوەی دەوڵەتە کۆنەکانەوە پەیدا ببن بەڵکو کێشەکەی ئەوەیە <نەتەوە>دروستکراوەکەی ناو دەوڵەتەکان هەڵوەشێتەوە ببێت بە چەند نەتەوەیەک. واتە ئەو سیستەمە لەڕێگەی پاراستنی یەکبوونی <نەتەوە> ساختەکانەوە ریگە لەوە دەگرێت لە دەوڵەتە تازەکان دەوڵەتی نوێ پەیدابێت، ئەم ریگە گرتن لە بنچینەدا بۆ دوولەتبوونی نەتەوەیە نەک دوولەتبوونی دەوڵەت. واتە کێشەکەی ئەوە نییە دەوڵەتێک ببێت بە دوو دەوڵەت بەڵکو کێشەکەی ئەوەیە <نەتەوە>یەکی دروستکراو ببێت بە دوو <نەتەوە>. دەوڵەتەکان خۆیان پاسەوانی یەکبوونی نەتەوەیی <نەتەوە> دروستکراو و ساختەکانن.

<نەتەوە> لە دەوڵەتی مۆدێرندا لە ریگەی دەوڵەتەوە پێناسە دەکرێت. کوردی باشور لە عێراقدا نەتەوەیەکی سەربەخۆ نیە بەڵکو سەر بەو نەتەوەیەن کە لە دەوڵەتەکەدا حاکمە. ئێستا لە عێراقدا کێشەی سیستەمی دروستکردنی دەوڵەت و پاراستنی دەوڵەت لەوەدا نییە کە دەوڵەتی عێراقی ببێت بە دوو دەوڵەت

بـەڵکو لەوەدایـە ئـەو نەتـەوە سـاختەیەی نـاوعێراق کـە کـورد بەشـێکە لێـی ببێـت بـە دوو نەتـەوەو کـوردانی باشـور بـبن بـە خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان .

گەر دەوڵەت لە عێراق هەڵوەشێتەوە بۆ دوو دەوڵەت و بـەڵام نەتەوەکـە هەڵنەوەشـێتەوە بـۆ دوو نەتـەوە سیسـتەمەکە رێـی پێدەدات. بـەڵام گـەر ئەمـە رووبـدات. تـەنها دەوڵـەتێکی عـەرەبی نـوێ زیـاد دەکـات و هیچـی تـر. ئـەوەی لێـرەدا تێبینـی دەکرێـت ئەوەیـە ئاسـاییە دەوڵـەتێک ببێـت بـە دوو دەوڵـەت، بـەڵام بـە مـەرجێک <نەتـەوە>یـەک نـەبێت بـە دوو <نەتـەوە>، کولتـورو زمانێک نـەبن بە چەند کولتورو زمانێکی جیاواز. ئەمـەش ئـەوە دەگەیێنێ قەدەغەکردن لەسـەر زیـادبوونی دەوڵەتـەکان دانـەنراوە بەڵکو قەدەغکردن لەسەر زیادبوونی <نەتەوە> کان دانراوە .

ئـەوەی کـە ناسـیونالیزم لـەناو دەوڵەتـدا بـە نـاوی نەتـەوەوە دروسـتی دەکـات ئایـا نەتەوەیـە یـان پێکهاتەیـەکی ئیتنیکـی دروستکراوە؟ گەر لە پرۆسـەی دروسـتکردنی <نەتـەوە>کـان لـە نـاو دەوڵەتـدا لـە رێگـەی ناسـیونالیزمی ئـەو دەوڵەتـەوە رامێنـین ئـەوە بـە ئاشـکرا دەبینـین ئـەوەی بـە نـاوی نەتـەوەوە دروستدەکرێت نەتـەوە نییـەو پێکهاتەیـەکی ئیتنیکیـە کـە لەرێگـەی هێزو ناچارکردنەوە دروستکراوە. لە کاتێکدا نەتـەوە یـەکبوونێکی ئازادانەی کۆمەڵە ئیتنیکێکە کە لە جیهانبینیدا یەکن و لە کولتوردا جیـاوان و هەریەکـەیان لـە نـاو ئـەو یەکبوونـە زەینییـەدا لـە نـاو جیاوازییەکی کولتوریدایە لەگەڵ ئـەوانی تـرداو خـاوەنی کولتـورو زمانی دەربڕینی تایبەتی خۆیەتی .

پێشـتر ئـەوەم روونکـردەوە کـە خێڵـە پەرەسـەندووەکان لـە پەرەسـەندنێکی مێژوویـدا یەکبوونـە خوێنییـە مادییەکـەیان

تێکدەشـــێکێت و دەرگـــا لەســـەر جیاوازییـــە رەچڵیەکییـــەکان دەکرێتـەوەو جیـاوازی رەچڵـەکی لـە نێـوان خێڵەکانـدا دروسـت دەبێت و ئەمەش وادەکات ئەو یەکبوونەی کە لەدەستیان داوە بە شـوێنیدا بگـەڕێن، بـۆ ئەمـەش کولتـور وەک بنـەمای یـەکبوونێکی نوێ کە یەکبوونی نێوان چەند خێڵێکی پەرەسەندووە بدۆزنـەوەو جیاوازییـە رەچڵەکیـەکانیان بخەنـە نـاو یـەکبوونێکی کولتورییـەوە کـە یـەکبوونێکی بـاڵاترە لـە یـەکبوونی رەچڵـەکی. بـەڵام لـە پـاڵ ئەوانیشـدا ئـەو خێڵـە پەرەنەسـەندووانە هەیـە کـە یـەکبوونـە رەچڵەکیەکەیان وەک خۆی ماوەتەوە و بەهێزەکـەیان زاڵ دەبێت بەسـەر بێهزەکانیانـدا و پێکهاتەیـەکی خێڵـەکییان بـە ناچـارکردن لێدەروسـتدەکات بـۆ گەیشـتن بـە هێزێکـی زیـاتر، ئەمەشـمان بـە یـەکبوونی ویسـت لـەناو یـەکبوونی هێـزدا پێناسـەکرد . پێکهاتـەی ئیتنیکی کە ناسیونالیزم بە نەتـەوە نـاوی دەبـات وەک نەتـەوە لـە پەرەسـەندنێکی مێژوویـدا پەیـدا نابێـت، بـەڵکو لـە رێگـەی ئـەو هێزەی کە دەوڵەت هەیەتی بەشێوەیەکی ناچارانە دروستدەکرێت و هـەموو ئـەو توخمـە جیاوازانـەی کـە لـە سنوری سیاسـی ئـەو دەوڵەتەدا هـەن  بە ناچـارکردن پێکهاتەیـەکییان لێدروسـتدەکرێت و ئەو پێکهاتەیە ناو دەنرێت نەتەوە .

ئـەو پێکهاتـە ئیتنیکییـە کـە بە ناچارانـە لـەو توخمـە جیاوازانـە دروسـتدەکرێت هـەر بەهـەمان شـێوەی پێکهاتـە خێڵەکییـەکان لـە رێگـــەی هێـــزوو زاڵیەتییـــەوە دروســـتدەکرێت، بـــەڵام ئـــەمجارە یەکبوونەکـە یـەکبوونی ویسـت نییـە لـە یـەکبوونی هێـزدا، بـەڵکو یەکبوونی جیهانبینییە لە یەکبوونی کولتوریدا. لـە کاتێکدا نەتـەوە لـە پەرەسـەنەدنە مێژووییەکـەی خۆیـدا یـەکبوونی جیهانبینییـە لـە جیاوازی کولتوریدا .

نەتــەوە بــە مانــا راســتەقینەکەی یــەکبوونێکی هوشــیارانەو بەویستانەی کۆمەڵە ئیتنیکێکە کە هەریەکەیان خاوەنی کولتوری جیاوازی خۆیەتی و هیچیان کولتورو زمانەکەی خۆی زاڵناکات بەســەر کولتــورو زمــانی ئــەوانی تریانــدا تــا ویســتی مانــەوەو گەشــــەکردنیان بکوژێــــت و جگــــە لــــەوەش ئــــەوەی لــــە کولتورەکەشیاندا هەیەو خۆی نییەتی لێیان بسێنێ و بیخاتـە ژێر رکێفی نەریتە کولتوریەکانی خۆیەوە .

گــەر نەتــەوە یــەکبوونێکی ئازادانــەو بــە ویســتانەی کۆمەڵــە ئیتنیکێک بێت، ئەوە ئـەوەی کـە ناسـیونالیزم نـاوی نـاوە نەتـەوە نەتــەوە نییــەو شــتێکی تــرە بــەڵام نــاونراوە نەتــەوە، دەکرێـت بـە ئیتنیکێکی هەڵئاوساوی ناپەرەسەندوو ناوی بەرین .

گێڵنەرو هاوبیرەکانی ئەو راستییەیان نەشاردووەتەوە ئەوەی ناسـیونالیزم بـە بـەکارهێنانی هێـزی دەوڵـەت دروسـتی دەکـات نەتەوە نییەو شتێکی ترە. ئەمەش لە وتـە دیارەکـەی گیلنـەردا کـە دەڵێت: (ناسـیونالیزم بـە نـاوی نەتـەوەوە خـەریکی دروسـتکردنی کۆمەڵگای پیشەسازییە) وەک راستیەک گوزارشتی لێکراوە. بۆیە ئەوەی ناسیونالیزمی دەوڵەتی دروسـتی کـردووەو ناسـیونالیزمی نادەوڵــــەتیش هــــەوڵ بــــۆ دروســــتکردنی دەدات، بــــە مانــــا راستەقینەکەی نەتەوە نەتـەوە نییـە، بۆیـە دەتـوانین بڵێین نەتـەوە بـە مانـا راسـتەقینەکەی لـە نـاو هـیچ دەوڵـەتێکی مۆدێرنـدا بـوونی نییە. بەڵام ئـەو پرسـیارەی کـە نـەکراوەوە دەبێت بکرێت ئەوەیە ئەوەی کە ناسیونایزم لـە دەوڵەتدا دروستیکردووەو نـاوی نـاوە نەتــەوە چییــە؟ وەڵامــی ئــەم پرســیارە دەمانگــەیێنێ بــەوەی کــە بـۆچی نەتـەوە یەکبوونـە لـە نـاو جیاوازیـداو یـەکبوون نییـە لـە یەکبووندا. کە دەوڵەت هەبوو، دەبێت ناسیونالیزمێکی دەوڵەتییش

دروست ببێت تا کولتورێکی پەروەردەیی و زمانێک دیاری بکات و سیستەمێکی پەرەوەردەکردن بۆ تاکەکانی سەرانسەری سنوری ئەو دەوڵەتە دابنێ، بەو کولتورو زمانەش دەست بە پەروەردەکردنی تاکەکانی ناوسنوری سیاسی ئەو دەوڵەتە بکات و ناچاریان بکات بە فێربوونی ئەو زمانەی کە بڕیاریان لەسەرداوە زمانی <نەتەوە>کە بێت، لەرێگەی ئەو زمانەشەوە ئەو کولتورەیان تیا بچێنن کە بڕیاری لەسەردراوەو تا ئەو جیهانبینییەیان بۆ دروست بکات کە ئەو کولتورو زمانە هەیانە. ئەمەش لەپێناو ئەوەدایە لەسەرانسەری دەوڵەتەکەدا هەموویان هەمان جیهانبینییان هەبێت. ئەوەی لە دەوربەریاندا هەیە هەموویان بەهەمان بینین بیبینن و هەمان تێگەیشتنیان بۆی هەبێت، لە کاتی پەیوەندیکردنیشیان لەگەڵ یەکدا بە هەمان ئەو نەریتە زمانیی و هونەری و ئەدەبی و سیاسی و.. هتد دەری ببڕن کە کولتورەکە هەیەتی .

ناسیونالیزم لە رێگەی بەیەککردنی کولتوری وزمانییەوە یەکبوون لە جیهانبینیدا دروست دەکات. لەمەشدا رەچاوی ئەوە ناکات بەم کارەی دەیکات چۆن قەلاچۆی ئیتنیکەکان دەکات و رێگەیان لێدەگرێت بە پەرەسەندنی مێژووی خۆیاندا بڕۆن تا ئەوانەیان کە کولتوریان جیاوازەو جیهانبینییان یەکە لە پەرەسەندنە مێژوویەکەیانەدا کۆببنەوەو ببن بە نەتەوە . ناسیونالیزم بەو کارەی کە دەیکات هەر ئیتنیکەکان لە پەرەسەندن راناگرێت و کولتورەکەیان نەفیناکاتەوە بەڵکو توانای بوون بە نەتەوەشیان لێدەسێنێتەوەو بە هەموو شێوەیەک دژی ئەوە دەبێتەوە بە شێوەیەکی ئازادانە بکەونە ناو پرۆسەی بە نەتەوە بوونەوە . ئەمەش ئەوە دەگەینێ ناسیونالیزم و

دەوڵەتەکەی دروستکەری نەتەوە نیین بەڵکو بکوژی توانای بە نەتەوەبوونی ئیتنیکەکانەو ڕێگرە لەبەردەم ئەوەدا ئیتنیکەکان لە کۆبوونەوەیەکی ئازادانەدا ببن بە نەتەوە.با دەوڵەتێکی وەک بەریتانیا وەربگرێن و بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمی کە سنورە سیاسییەکەی دیاریکراوەو دەبێت ناسیونالیزم لەو سنورە سیاسیەدا بە پشت بەستن بەو هێزەی کە دەوڵەت هەیەتی لەو ئیتنیکانەی نەتەوەیەک دروست بکات کە بەرێککەوت کەوتوونەتە ناو ئەو سنورە سیاسییەوە. ئیتنیکەکانیش ئینگلاندی و ئیرلەندی و سوکوتی و وێلزین کە هەریەکەیان خاوەنی کولتورێکی ئیتنیکی تایبەت بە خۆیەتی. ئایا کاتێک ناسیونالیزم ئەمانە لەیەک پێکهاتەدا کۆدەکاتەو ناویان دەنێ نەتەوە لە ڕێگەی هێزی دەوڵەتەوە بەناچارکردن دەیان کات بە نەتەوە یان بە پەرەسەندنێکی مێژوویدا دەڕۆن و لە ڕێگەی ئەو جیهانبینیە هاوبەشەوە کە هەیان هەریەکەیان بە جیاوازییە کولتورییەکانی خۆیەوە دەچەنە ناو ئەو یەکبوونە زەینیەوەو هەریەکەیان گوزراشت لە تێگەیشتنەکان و وێناکانی ئەو جیهانبینییە بە نەریتە جیاوازەکانی خۆی دەکات؟ ئایا بەمە زمان و کولتوری هەموویان لە پەرەسەندنە مێژووییەکەی خۆیدا بەردەوام دەبێت و هەریەکەیان نەریتەکانی کولتورەکەی خۆی پەرەپێدەدات یان ئیتنیکە بەزیوەکان بەرو پوکانەوەیەکی ئیتنیکی دەڕۆن؟.

بێگومان گەر سەیری واقعی حاڵی دەوڵەتی بەریتانی بکەین کە یەکێکە لەو دەوڵەتانەی لەسەرتای دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرنەوە لە رۆژاوا دروستبووە، ئەوە بە روونی دیارە کە ناسیونالیزمی ناو ئەو دەوڵەتە بە ناچارکردن ئەو ئیتنیکانەی کردووەتەوە بەیەک و ڕێگری کردووە لەو پەرەسەندنە

مێژووییەی کە دەبێت ئەو ئیتنیکانە بە خۆیانەوە بیبینن تا ئازادانەو بە ویستی خۆیان لەگەڵ چەند ئیتنیکێکی تردا کە لە جیهانبینیدا یەکن بکەونە ناو پرۆسەی بەنەتەوەبوونەوە .

ناسیونالیزمی ئەو دەوڵەتە بەو کارەی کە دەیکات نەک هەر کۆمەکی پرۆسەی بەنەتەوەبوونی ئەو ئیتنیکانە ناکات بەڵکو لە ئیتنیکبوونیشیان دەخات و ئەوەی کە ناسنامەی ئیتنیکی ئەوان دیاریدەکات بەهەموو شێوەیەک ڕێگەی لێدەگرێت کە گوزارشت لە بوونی خۆیان و ئەو جیهانبینییە بکات کە هەیانە. خەڵکی ئەو ئیتنیکانە لەلایەن ناسیونالیزمەوە لە ڕێگەی وەرگرتنی زمان و کولتوری ئیتنیکی ئینگلاندییەوە ناچار دەکرین بەوەی کە هەمان جیهانبینیی ئینگلاندەکانیشیان هەبێت .ناسیونالیزم بەم کارەی بە کولتورو زمانی ئینگلاندی هەرنەفی کولتور و زمانی ئیتنیکەکانی تر ناکات بەڵکو نەفی جیهانبینی و تێگەیشتن و وێناکردنی ئەو ئیتنیکانەش دەکات .واتە لەڕێگەی سەپاندنی زمان و کولتوری ئینگلاندییەوە ناچاریان دەکات هەموو ئەوەی کە لە دەوربەرەکەیاندا هەیە ئاوا وێنای بکەنەوەو لێی تێبگەن کە ئینگلاندییەک وێنای دەکاتەوەوە لێی تێدەگات نەک ئاوا کە خۆیان وێنای دەکەن و لێی تێدەگەن .ئەم پرۆسەی چاندنی کولتورو زمان و جیهانبینییە لە قۆناغی منداڵییەوە لە ڕێگەی ئەو پەروەردە سەرتاسەرییەوە بەو کولتورو زمانەی کە ناسیونالیزمی ئەو دەوڵەتە دیاریکردووە جیهانبینییەکی هاوبەش بۆ ئەندامانی هەموو ئیتنیکەکان دروستدەکرێت کە لە بنچینەدا جیهانبینی ئینگلاندەکانە کە دەکرێت هەمان جیهانبینی ئیتنیکەکانی تریش بێت یان هەمان جیهانبینی ئەوان نەبێت .

لێرەدا جیهانبینی یەکێک لە ئیتنیکەکان کراوە بە جیهانبینی هاوبەشی هەموو ئیتنیکەکانی تر. جگە لەوەش دەربڕینی تێگەیشتنەکان و وێناکردنەکانی جیهانبینییە ئینگلاندییەکەش بە نەریتە جیاوازەکانی کولتوری ئیتنیکەکانی تر قەدەغەکراوە. واتە هەردەبێت بەو نەریتە کولتورییانەی ئینگلاندەکانیش گوزارشتیان لێبکەن نەک نەریتە کولتوریەکانی خۆیان. ئەمەش یەکبوونی کولتوری لە یەکبوونی جیهانبینیدا دەسەپێنی .ئێمە شتێکمان لە بەریتانیادا نییە بە ناوی نەتەوە، ئەوەی هەیە هەلئاوسانێکی ئیتنیکی کولتوری ئینگلاندەکانە بەهۆی سەپاندنی بەسەر ئیتنیکەکانی تردا. ئەمەش تەنها پێکهاتەیەکی ئیتنیکی ناپەرەسەندوو دروست دەکات کە هەم رێگرە لەبەردەم ئەوەدا ئیتنیکە زاڵەکە بکەوێتە ناو پەرەسەندنی خۆیەوەو وەک ئیتنیکێکی پەرەسەندوو بمێنێتەوە هەم رێگرە لەبەردەم ئەوەدا ئیتنیکەکانی تریش لە پەرەسەندنە مێژووییەکەی خۆیاندا بمێننەوەو لە گەڵ ئەو ئیتنیکانەدا بکەونە ناو پرۆسەی بەنەتەوە بوونەوە کە خاوەنی هەمان جیهانبینین. نەتەوە گەر لە پەرەسەندنی مێژوویی ئیتنیکەکان بکەوێتەوەو یەکبوونێکی ئازادانەی ئیتنیکەکان بێت، ئەوە بەبێ یەکبوون لە ناو جیاوازیدا پەیدا نابێت. ئەوەی ناو نراوە نەتەوەوەو بە یەکبوون لە ناو جیاوازیدا پەیدانەبووە لە راستیدا نەک هەر نەتەوە نییە بەڵکو لەو جۆرە لە ئیتنیکیش نییە کە شیانی ئەوەی تیایە لە لەگەڵ چەند ئیتنیکێکی تر بکەوێتە ناو پرۆسەی بوون بە نەتەوەوە .

ئەوەی پەرەسەندنی مێژوویی ئیتنیکەکان دروستینەکردووەو ناونراوە نەتەوە دروستکردنی ئیتنیکێکی گەورەی ناپەرەسەندووە لە خوێن و گۆشتی کولتوری ئیتنیەکەکانی تر.

ئەمەش لە ڕێگەی زاڵبوونی بە هێزیکانەوە بەسەر لاوازەکاندا پەیدابووە. واتە ئەوەی کە ئەنجامدراوە نەفیکردنی کۆمەڵە ئیتنیکێکە لەلایەن ئیتنێکیکەوە کە هێزی لەوان زیاترە بۆ گەورەکردنی جەستەی ئیتنیکیانەی خۆی. ئەمەش بەیەککردنی جیاوازەکانە لەناو یەکێکیاندا. لێرەدا یەکێک نییە کە هەموو بێت، لێرە یەکێک هەیە کە هەمووی نەفیکردووەتەوە تەنها خۆی ماوەتەوە. واتە ئەمە یەکبوونی ئیتنیکەکان نییە بەڵکو یەکبوونی ئیتنیکێکە لە ناو ئیتنیکەکانی تردا لەگەڵ خۆیدا. هەموو ئەو کوشت و کوشتارەی کە لە ناو دەوڵەتی مۆدێرندا هەیەو کورد پشکی شێری لەو کوشتوبڕە بەرکەوتووە بەرهەمی ئەم یەکبوونەیە کە کەیەکبوونی تاکە ئیتنیکێکە لەگەڵ خۆیدا نەک یەکبوونی کۆمەڵە ئیتنیکێک لەگەڵ یەکدا. ئەمە پرۆسەی بەیەککردنی ناچارانەی ئیتنیکەکانە لە ئیتنیکێکیاندا نەک پرۆسەی یەکبوونی ئازادانەی ئیتنیکەکان لە نەتەوەدا کە جیهانبینی کولتورە جیاوازەکان تیایدا دەبێتەوە بەیەک.کەواتە لەمەوە دەگەین بەوەی چۆن یەکبوون یەکێکە لە بنەماکانی پەیدابوونی نەتەوە لە ئیتنیک ئاواش جیاوازی بنەمایەکی تری ئەو پەیدابوونەی نەتەوەیەو کوشتنی جیاوازییە کولتورییەکانی ئیتنیکەکان بە هەر ناوێکەوە بێت ڕاگرتنی پرۆسەی سروشتیی بە نەتەوەبوونی ئەو کۆمەڵە ئیتنیکەیە کە لە جیهانبینیدا یەکن و لە کولتوردا جیاوازن. نەهێشتنی جیاوازییە کولتورییەکانی ئیتنیکەکان لە باربردنی ڕاستەقینی ئەونەتەوەیە کە یەکبوونی خۆیان لە ناویدا دەبیننەوە.